مێژووی ئەدەبی کوردی

بەرگی سێیەم

دوکتۆر مارف خەزنەدار

مێژووی ئەدەبی کوردی

ئەم بەرهەمە هێنانەدی پرۆژەی نووسینەوەی
مێژووی ئەدەبی کوردییە لە سەرەتاوە
تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم

بەرگی سێیەم

نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم

١٨٠١ - ١٨٥٠

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. مارف خەزنەدار
مێژووی ئەدەبی کوردی – بەشی سێیەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠١١
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٢٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٣١ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: ناسح ساڵح
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد، نسار عەبدوڵڵا
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ناوەرۆک

پێشـەکی 11
بەشی یەکەم – نەخشەی جوگرافی کوردستانی باشوور و میرنشینی بابان 15
نەخشەی جوگرافی کوردستانی باشوور 15
میرنشینی بابان 17
بەشی دووەم –ژیانی ئابووری–کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری... 25
ژیانی ئابووری – کۆمەڵایەتی 25
ژیانی ڕۆشنبیری – خوێندەواری 29
بەشی سێیەم – بزووتنەوەی سۆفیزم لە میرنشینی باباندا 33
سۆفیزم چییە؟ 33
تەریقەتی قادری 35
تەریقەتی نەقشبەندی 38
کاریگەری دەروێشی لە ژیانی کۆمەڵایەتی – سیاسیدا 41
ڕەنگدانەوەی سۆفیزم لە ئەدەبدا 44
بەشی چوارەم – ڕینیسانسی شیعری کوردی لە باشووری کوردستاندا 47
ئەدەبی کوردی پێش ڕینیساس 47
پەیدابوونی شیعری عەرووزی 54
ڕوخساری شیعری کوردستانی باشوور 56
ناوەرۆکی شیعری کوردستانی باشوور 57
بەشی پێنجەم – نالی 61
وشەی نالی مانای چییە؟ 61
نالی کێیە؟ 63
کێ نالی ناسیوە؟ 66
نالی چۆن شاعیرێکە؟ 73
بەشی شەشەم – ڕوخساری شیعری نالی 77
ڕوخساری شیعری نالی لە ڕووی بابەتەوە 77

تەرکیبی ناوەوەی شیعری نالی 79
کێشی شیعری نالی 81
قافیەی شیعری نالی 82
بەشی حەوتەم – ناوەرۆکی شیعری نالی 85
یادی نیشتمان 85
شیعری کۆمەڵایەتی 87
دڵداری 93
وەسف 97
شانازی (فەخر) 107
شیعری کراوە 114
بەشی هەشتەم – گەشتی بەهەشتی شیعرایەتی نالی 116
نەعتی پێغەمبەر 116
قوربانی تۆزی ڕێگەتم 119
پاشا دەمرێ پاشا دەژی 12
کچ کردگاری پەرستگای ناو دڵی نالییە 130
مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بەحیسابێ 134
پاسەوانی تایبەتیی پاشا لە سوپای میرنشیندا 142
کەرەکەی نالی 145
دەروونی لیداریلشارەزووری 148
بەشی نۆیەم – سالم، ژیان و شیعری 155
ژیانی شاعیر 155
شیعری سالم 157
بەشی دەیەم – ناوەرۆکی شیعری سالم 167
وەسف و دڵداری 167
شیعری کۆمەڵایەتی 178
شیعری داشۆرین (هەجوو) 184
شیعری شین و شەپۆڕ و ماتەم 187
بەشی یازدەم – شیعری کۆمەڵایەتی و نیشتمانی سالم 191
جەنگی ڕووخانی میرنشین و داگیرکردنی سلێمانی 191

شێری میرنشین عەزیز بەگی بابان 202
سالم بەشیعر وەرامی نالی دەداتەوە 208
بەشی دوازدەم – کوردی 215
ژیانی کوردی 215
ڕوخساری شیعری کوردی 217
ناوەرۆکی شیعری کوردی 221
بەشی سێزدەم – گوڵبژێری دیوانی کوردی 223
سەدای کاروانی فیرقەت 223
وەسفی یار 224
موناجات 230
پەرێشانی و پاڕانەوە 235
دووری لە یار 237
عیشق و عاشق 241
بەزمی ڕەندان و کۆڕی عاشقان 243
لە سایەی نالیدا 245
وەسیەت و ماتەمنامە و ماڵاوایی 247
بەشی چواردەم – پێوەندی لە نێوان دوو دیالێکتی زمانی کوردیدا 251
دیالێکتی گۆرانی 251
پەیدابوونی نالی 253
زۆرانبازی لە نێوان دوو دیالێکتدا 254
بەشی پازدەم – غولام ڕەزا ئەرکەوازی 261
ژیانی شاعیر 261
شیعری ئەرکەوازی 264
گەشتی دیوانی ئەرکەوازی 267
موناجاتی خودا 267
موناجاتی عەلی 274
باوەیال – ١ 283
باوەیال – ٢ 294
غوربەت، ئاوارەیی 297

زولەیخـام ژە چین 303
بەشی شازدەم – شەفیع 309
ژیانی شاعیر 309
شیعری شەفیع 310
یانەی دڵداری سۆفیزم 312
پیرەدار 315
غەم و دڵتەنگی 318
زلێخام چون حوور 320
بەشی حەڤدەم – سەیدی 329
ژیانی سەیدی 329
شیعری سەیدی 331
نموونەی شیعری سەیدی 340
بەشی هەژدەم – سەید براکە 375
ژیانی سەید براکە 375
شیعری سەید براکە 377
نموونەی سروودی سەید براکە 378
بەشی نۆزدەم – کۆماسی 393
ژیانی کۆماسی 393
لیریکی کۆماسی 394
گڵکۆی تازەی لەیل 404
بەشی بیستەم – مەلای جەباری 419
ژیانی شاعیر 419
شیعری مەلای جەباری 421
گەشتی دیوانی مەلای جەباری 422
بەشی بیست و یەکەم – مەولەوی 433
ژیانی مەولەوی 433
دیوانی شیعری مەولەوی 436
بەشی بیست و دووەم – گەشتێک لە گوڵزاری دیوانی مەولەوی دا 446
باوەڕ و بینین 447

دڵداری و سروشت 456
خۆشەویستی و مرۆڤایەتی 464
فرمێسک و زام 471
مرۆڤ و کردەوە 4
ئێش و ئازار 481
بەشی بیست و سێیەم–کوردستانی باکوور لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا 487
بەشی بیست و چوارەم – وەداعی 493
ژیانی وەداعی 493
شیعری وەداعی 494
شیعری وەداعی لە ڕووی ڕوخسارەوە 494
هەڵبژاردەی شیعری وەداعی 498
لیستی ناوی کەسان 518
لیستی ناوی جوگرافیا 526
بیبلیۆگرافیا 532

پێشەکی

پێشەکیی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە گشتی بوو بۆ هەموو بەرگەکان لە سەرەتای پەیدابوونی ئەدەبی کوردییەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم. ئەو پێشەکییانەی بۆ بەرگەکانی دیکە نووسراونەتەوە لە بەرگی دووەمەوە تایبەتین بەو بەرگانەی بۆیان تۆمار کراون. لە پاشانا دەکرێ هەموو پێشەکییەکان لە بەرگی یەکەمەوە تا کۆتایی بدرێنە پاڵ یەک و، دەبن بەپێشەکییێکی گشتی بۆ هەموو بەرگەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی.

بەرگی سێیەمی ئەم کتێبەی لە بەردەستی خوێنەر و خوێندەواری کورددایە باس لە مێژووی ئەدەبی کوردی دەکا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا. بەهەموو حسێبێک ئەو ماوەیە نیو سەدە دەگەیەنێ، واتە پەنجاساڵی نێوان (١٨٠١ – ١٨٥٠). ئەم دەستنیشانکردنە ئەوە ناگەیەنێ باس لە بەرهەم و خاوەنی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەکرێ ئەوانەی لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەدا لەدایکبوون و، هەر لەو ماوەیەشدا کۆچی دواییان کردووە، بەڵکو نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم ماوەیێکی زۆر لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم و نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم وەردەگرێ، ئەمە جگە لەوەی کە باس لە خاوەنی بەرهەمی ئەدەبی دەکرێ ماوەی ٢٠ تا ٢٥ ساڵ دەخرێتە سەر تەمەنی لە دوای لەدایکبوونی، چونکە لەو تەمەنەدا کەسایەتی ئەدەبی و هونەری دروست دەبێ، بەم پێیە هەندێ لەو کەسانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم لەدایک دەبن و لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم کۆتایی بەژیانیان دێ لە کەسانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم دەژمێررێن. ئەوەی لێرەدا گرنگ بێ ئەوەیە خاوەنی بەرهەمی ئەدەبی و بەرهەمەکەی زۆرترین سەردەمی ژیانی لەو پەنجا ساڵەدا وەرگرتبێ کە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمی پێ دەڵێن (١٨٠١–١٨٥٠).

لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا کە ناوی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم دەبرێ

بیری هەموو خوێندەوارێکی هوشیار ڕوو دەکاتە ناوچەی سلێمانی لە باشووری کوردستان و دروستکردنی شاری سلێمانی وەکو پایتەختێک و یادگارێکی میرنشینی مۆدێرنی بابان. لەم کۆمەڵی شارستانییە تازەیەدا، هەموو هۆیێکی دامەزراندنی دەسەڵات لە ناوەوە بوو، گرنگترینی ئەم هۆیانە لایەنی خوێندەواری بوو، بەتایبەتی بزووتنەوەی ئەدەبی. لە میرنشینی بابان بلیمەتێکی وەکو نالی تێیدا پەیدا بوو، کابرایێکی شارەزووری کەڵاش خوار بەفریای ئەو کردارە گەورەیە کەوت، لەسەر بنیادی مەشقی هەزار ساڵەی ئەدەبی ئیسلامەوی (عەرەبی، فارسی، تورکی عوسمانی، قوتابخانەی مەلای جزیری لە کوردستانی باکوور) بابەتێکی نوێی ئەدەب بێنێتە ناو ئەدەبی کوردستانی باشوورەوە، لە دواییدا بەچەند ناوێک پێناسە کرا، وەکو: قوتابخانەی غەزەل و قەسیدە، شیعری عەرووزی و یەکێتیی قافیە، شیعری قوتابخانەی کلاسیکی ئیسلامەوی و هی دیکە.

نالی و سالم و کوردی بناغەی بتەوی ئەم قوتابخانەیان لە ناوچەی سلێمانیدا چەسپ کرد. لە ڕۆژانی داهاتوودا واتە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە نوێیە لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی باشوور بڵاو بووەوە، لە موکریان و ئەردەڵان و سۆران و گەرمیان، بەدرێژایی ڕۆژگار پەلی هاوێشت تا گەیشتە ڕادەیێک بزووتنەوە ئەدەبییەکە گەلێ لە ناوچە و هەرێمەکانی گۆرانزەمینی گرتەوە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی دیالێکتەکانی کرمانجیی باشوور و گۆرانی لە یەکتری نزیک دەبنەوە. بەم ڕەنگە بەهێزبوونی قوتابخانەی نالی لەسەر حسێبی لاوازبوون و نەمانی دیالێکتی گۆرانی بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەدەبی کلاسیکی گۆرانزەمین وەرگەڕاوەتە سەر دیالێکتی کرمانجیی خواروو، ئەدەبی میللیی سەر زار وەکو خۆی ماوەتەوە.

پەرەسەندن و گۆڕان و پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی لە کوردستانی باشووردا لە پاشانا لەسەر ئەو بنیادە بوو کە نالی و هاوڕێکانی دایان مەزراندبوو بەدیالێکتی کرمانجی باشوور لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بۆ دووەمین جار دابەشکردنی خاکی کوردستان لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی. لەو ڕۆژگارەدا کوردستانی عیراق دەوری گرنگی هەبوو لە پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی و پەیدابوونی زۆربەی بابەت و مەبەس و هونەرە ئەدەبییەکانی هەموو گێتی لە شیعر و پەخشان لە

ئەدەبی کوردیدا و بوونی بەئەدەبێکی عالەمی.

لەبەر گرنگی ئەو ڕینیسانسەی لە کوردستانی باشووردا سەری هەڵدا، دەبوو بایەخ بەجوگرافیا و مێژوو و ئەتنۆگرافیا و ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی ناوچەی سلێمانی بدرێ. ئەگەرچی ئەوەی لەم بەرگەدا کراوە دەبوو زیاتر بێ، بەلام لە ترسی ئەوەی مێژووی ئەدەب نەبێ بەمێژووی گشتی بەکورتی باس لە مەسەلەکە کراوە.

وەک ئاشکرایە قوتابخانەی نالی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم لە سلێمانی پەیدا بوو، ئەدەبێکی بەرزی گۆرانزەمین لە ناوەوە بوو، ئەم بزووتنەوە تازەیە دەستی بەوە کردبوو جێگە بەئەدەبی تەمەن هەزار ساڵەی گۆرانزەمینی کوردستان لەق بکا، بەلام هەر چۆنێ بێ لەو ڕۆژگارەوە بەرەو کزی دەڕۆیشت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ماوەیە ناوێکی پرشنگداری شاعیرانی گۆرانزەمینمان بۆ دەور دەکاتەوە لە سەرووی ئەمانە هەموویانەوە شاعیرێکی گەورەی وەکو مەولەوی، لەبەر ئەوە لەم بەرگەدا هەوڵ دراوە وێنەی ڕاستەقینەی بەرهەمی شیعری گۆرانزەمینی کوردستان بخرێتە پێش چاو.

ئەوەی پێوەندی بەئەدەبی کوردستانی باکوورەوە هەیە ئەوەیە لە سەدەکانی شازدەم – هەژدەم قوتابخانەی هەریری – جزیری – خانی گەیشتە لووتکە، لە سەدەی نۆزدەمدا لەبەر گەلێ هۆی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو گوڕەی کۆنی هەندێ نیشتەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەکە بەکزی بەردەوام بوو، هەروەها لە ناوچەی جزیری بۆتان و هەکاری چووە دەرەوە و گەلێ لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانی باکووری گرتەوە، وەک ناوچەی بادینان، بەلام بزووتنەوەکە لە پلەی دەستپێکردنەکەی سەدەی شازدەم نەبوو. لە پاشانا بەهۆی دابەشکردنی کوردستان بۆ جاری دووەم لە دوای جەنگی دووەمی گێتی ئەدەبی کوردستانی سەروو لە زۆربەی ناوچەکانیدا کوژابووەوە، نموونەی پاراستنی ئەو ئەدەبە دەتوانرێ لەناو کوردانی قەفقاسی ڕووسیا و کوردانی سووریا و ناوچەی بادینانی کوردستانی عیراق ببینرێ.

ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بەلای ئێمەوە سنووری دانان و چەسپبوونی ئەدەبی کوردییە، لە دوای ئەوە پەرەسەندن و گۆڕان و تازەکردنەوە دەست پێ دەکا،

ئەمـەیان هـەوڵ دەدرێ لە بەرگـەکانی داهاتووی (مێژووی ئەدەبی کوردی) تیشکی زانستی بخرێتە سەر.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم پێشەکییە بهێنم بەئەرکی سەر شانمی دەزانم لە ڕووی دڵسۆزی و وەفاوە سوپاسی بێ پایانی برای بەڕێزم بەدران ئەحمەد حەبیب بکەم، چونکە بەڕاستی هاندەرێکی کاریگەر بوو بۆ بەردەوامبوون و هێنانە دی ئەم پرۆژە فراوانە. هەروەها بەپێویستی دەزانم سوپاسی بێ سنوورم پێشکێش بە هاوڕێی بەڕێزم قـەرەنی جـەمـیل بکەم بۆ ئەو وێنە هـونەرییـە بەنرخـانەی، بەتایبـەتی بۆ شاعیرانی ئەم بەرگە کێشای و کتێبەکەی پێ ڕەنگین کرد.

هەولێر: مەڵبەندی ڕووناکی مارف خەزنەدار

بەشی یەکەم

نەخشەی جوگرافی کوردستانی باشوور و میرنشینی بابان

نەخشەی جوگرافی کوردستانی باشوور

خاکی کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا بەشێوەیێکی گشتی کەوتبووە ناو دەوڵەتی عوسمانی و فارسەوە. لە ئەنجامی جەنگی چاڵدێران (١٥١٤) لەنێوان عوسمانی و فارس و سەرکەوتنی عوسمانییان کوردستان بوو بەدوو پارچە و بەدرێژایی ڕۆژگار لە پاش جەنگی چاڵدیرانەوە میرنشینی سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆی کوردی لە ناوەوە بوون لە هەردوو کوردستانی ژێر دەستی عوسمانی و ئێران.

بەهۆی سیاسەتی داگیرکردن کە هەردوو دەوڵەتە دەرەبەگەکە پێڕەوییان دەکرد ئاژاوە لەناو میرنشینەکانی کورددا لە ناوەوە بوو، بەتایبەتی لەناو ئەو میرنشینانەی لەسەر یا نزیکی سنووری سیاسی هەردوو دەوڵەتەکەدا بوون.

لە سەرەتای دروستبوونی کورد وەک نەتەوەیێک کولتووری نەتەوەیی لەسەر بنچینەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە پەرەسەندن و گۆڕاندا بووە. ئەگەر سەرنجێکی قووڵ بدەینە نەخشەی نەتەوایەتی کورد لە ڕووی زمان و دیالێکتەکانیەوە دەبینین دابەشبوونی دیالێکتەکان بەپێی دروستبوونی ناوچە جوگرافییەکان هەڵکەوتووە، واتە کە دەوترێ کوردستانی باشوور، ئەمە زۆربەی زۆری ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردی بەکار دێنن، وە ژمارەیێکی کەم بەدیالێکتەکانی دیکە قسە دەکەن وەک دیالێکتی گۆرانی.

بەم پێیە دەبینین کوردستانی باکوور کە ئێستاکە بەشی هەرە زۆری کەوتۆتە ناو دەوڵەتی تورکیاوە و هەندێ پارچەی کەوتۆتە عیراق و سووریا و ئێران و قەفقاسی ڕووسیا ناوچەی دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردییە. وە

کوردستانی باشوور کە ئێستاکە کەوتۆتە وڵاتی ئێران (باکووری ڕۆژئاوای ئێران تا دەوروبەری کرماشان) و عێراق (هەولێر، سلێمانی، بەشی زۆری کەرکووک) ناوچەی دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردییە. ئەوەی شایانی باس بێ لەم ناوچەیەدا لە هەندێ شوێنا دیالێکتی گۆرانی لە ناوەوەیە. وە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە ئێستاکە کەوتۆتە ڕۆژئاوای ئێران، ناوچەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی ڕۆژهەڵاتە، وەکو لوڕی و بەختیاری و دیالێکتە بچووکەکانیان، لە هەندێ شوێنا دیالێکتی گۆرانیش بەرچاو دەکەوێ.

کوردستانی باشوور ڕووداوێکی جوگرافییە لەسەر نەخشەی نەتەوەیی میللەتی کورد، لەم هەرێمەدا خەڵکی بەدیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردی دەدوێن. ئەم زەمینەیە پارچە خاکێکی یەک سنوورییە ئێستاکە کەوتۆتە وڵاتی ئێران و عێراقەوە. لە سەدەی نۆزدەمدا ئەم خاکە دەورێکی باڵای بووە لە پێشخستن و گۆڕانی کولتووری نەتەوەی کورد، وەکو چۆن هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ناوچەکانی کوردستانی باکوور بەدیالێکتی کرمانجیی سەرووی زمانی کوردی ناوچەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی کولتووری کورد بوون. پێش ئەمەش هەورامان و ناوچە گۆران نیشینەکان دەوری باڵایان هەبوو لە دروستبوونی ئەدەبی کوردی و پەرەسەندن و پێشکەوتنیدا. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم، لە کوردستانی باشووردا، چوار میرنشینی کورد لە ناوەوە بوون:

١- میرنشینی ئەردەڵان (پایتەختی سنە) لەساڵی ١٨٦٧ لە ئەنجامی هێرشی بەهێزی ناسرەدین شای قاجار ڕووخێنرا بەلابردنی دوا والی (میر) ئەمانوڵڵا خان و دانانی فەرهاد میرزای مامی وەکو فەرمانبەری ناوچەکە بەناوی ئەردەڵان یا کوردستانەوە.

٢- میرنشینی موکریان (پایتەختی سابڵاغ «مەهاباد»)، ئەویش هەر لە دەوروبەری فەرمانڕەوایی ناسرەدین شا ڕووخێنرا.

٣- میرنشینی سۆران (پایتەختی ڕواندز و هەریر) لە ساڵی ١٨٥٨ لە لایەن عوسمانییەکانەوە ڕووخێنرا بەلابردنی دوا میری ڕەسووڵ پاشا و ئەم ناوچەیە کەوتە ژێر فەرماندەی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی عوسمانی.

٤- میرنشینی بابان (پایتەختی سلێمانی) لە ساڵی ١٨٥٠ لە لایەن

عوسمانییەکانەوە ڕووخێنرا.

ئەم میرنشینانە و گەلێ لە میرنشینەکانی تری کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵات سەرەتای دامەزراندنیان دەگەڕێتەوە سەدەکانی ناوەڕاست. ئەمانە لەسەر بنکەیێکی دەرەبەگی قەومی دامەزرا بوون، بەناوی کوردەوە فەرمانڕەواییان دەکرد، سیاسەتی ناوەوەیان بەگشتی چەوساندنەوەی جووتیار و ڕەنجبەری کورد بوو، وە بۆ پاراستنی چاکە و بەرژەوەندی چینایەتییان میرانی کورد ملیان بۆ یەکتری شۆڕ نەدەکرد، هەندێ جار لە ڕووی دەسەڵاتی تورک و عەجەمیش دەوەستان، بۆیە خاکی ئەم میرنشینانە بووبوونە گۆڕەپانی زۆرانبازی لە نێوان تورک و عەجەمدا، ئەمانە هەمیشە خەریکی دانانی پیلان بوون بەمەبەسی نانەوەی تەنگوچەڵەمە لە نێوان گەورە پیاوانی بنەماڵەی بەڕێوەبەر، لە پێناوی بێ هێزکردن و سووککردنیان بۆ ئەوەی بەسەریانا زاڵ بن، لەبەر ئەوە هەرگیز هێمنی لەسەر سنووری ئەم میرنشینانە نەبوو، ئەمانە هەموویان بووبوونە هۆی ئەوەی ئەم میرنشینە کوردانە یەک نەگرن، بۆیە لە ئەنجاما لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم ئێران توانی میرنشینەکانی ئەردەڵان و موکریان لەناو ببا و عوسمانیش هەردوو میرنشینەکانی سۆران و بابان برووخێنێ.

میرنشینی بابان

زۆربەی خاکی بابان دەکەوێتە لیوای (پارێزگای) سلێمانی و کەرکووک لە کوردستانی عیراقی ئێستادا. جێگەی ئەم ناوچەیە بەم دەوروبەرە جوگرافییانە دیاری دەکرێ؛ لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتدا شارستانی سنە و سەقز لە ئوستانی پێنجەم (کوردستانی ئێران، ئەردەڵان). لە ڕۆژئاوادا دەشتی حەویجە لە کەرکووک. لە باکوور و باکووری ڕۆژئاوا لیوای هەولێر (سۆران)، لە باشووردا شاخی حمرین.

لەناو قەوارەی کوردستانی باشووردا، خاکی بابان دەکەوێتە لای باشووری ڕۆژئاوایەوە، میرنشینی بابانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم لە شار و شارۆچکەکان، ئەمانە دەگرێتەوە: لە قەزاکانی لیوای سلێمانی، هەڵەبجە، پێنجوین، شارباژێر، پشدەر، چوارتا، بەرزنجە. قەزاکانی کەرکووک: چەمچەماڵ، کفری، تووزخورماتوو، حەویجە.

د. مارف خەزنەدار. ب٣ (٢)

ناوچەی سلێمانی یەکێکە لە لانکەکانی شارستانی مرۆڤایەتی، لە ڕۆژگارێکی گەلێ کۆنەوە مەڵبەندی ژیانی ئادەمزاد بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ: (شاخی پیرەمەگروون ئەگەر بهاتایە زمان و ئەوی دیویە بۆی بگێڕاینایەوە، لە سەرگوزەشتی حەقیقیی ئەم وڵاتە زۆر باش حاڵی ئەبووین، بەڵام ئەمە تەمەننیی مەحاڵە...). لە کۆتایی ڕۆژانی سەدەی هەژدەمەوە ئەم ناوچەیە بوو بەنیشتمانی فەرمانڕەوایی بابانەکان و وشەی (بابان) بوو بەزاراوەییەکی نوێ بۆ ناوی ئەو شوێنە، لە پاشانا ناونرا سلێمانی. ئەوەی ڕاستی بێ بۆ یەکەمین جار وشەی (بابان)، لەم کاتە و لەم ناوچەیەدا سەری هەڵنەداوەتەوە، بەڵکو ناوی بنەماڵەی (بابان) دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و لە ناوچەی سلێمانیش دەچێتە دەرەوە، وەکو شەرەفخانی بدلیسی لە شەرەفنامەدا باسی لێوە کردووە.

لە دوا سالانی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم، ناوی بابان وەکو بنەماڵەیێک لە ناوچەی سلێمانی کەوتە ناوەوە. مێژووی پەیدابوونی ئەم بنەماڵەیە ئاسایی نییە و لەناو لاپەڕەکانی مێژووی کورددا هەندێ گیروگرفتی تێدایە. ئەو باس و خواسانەی لەم بابەتەوە دەگێڕڕێنەوە زیاتر لە ئەفسانە دەکەن لەوەی لە ڕاستیی مێژوو نزیک ببنەوە.

هەر چۆنێ بێ ناوی بابانەکانی ناوچەی سلێمانی بەفەقێ ئەحمەدی دارەشمانەوە بەستراوە، گۆیا لە دەوروبەری پشدەردا پەیدا بووە، بەڵام لەقەبی (بابان) و دامەزراندنی میرنشین لەم ناوچەیەدا بەڕاستی لە سلێمان بەبەی کوڕی فەقێ ئەحمەدەوە دەست پێ دەکا. یەکەمین هێرشی سلێمان بەبە ئەوە بوو کە بۆ سەر موتەسەریفی کەرکووک دلاوەر پاشای برد، لەم شەڕەدا موتەسەریف کوژرا، ڕێگە بۆ سلێمان بەبە خۆش بوو دەست بکا بەڕێکخستنی وڵات. لە لای ڕۆژهەڵاتیشەوە بەچاوێکی دووربین و ورد تەماشای ئەردەڵانییەکانی دەکرد و هەرگیز فەرامۆشی نەدەکردن تا لە ساڵی ١٦٩٤م هێرشی بردە سەریان و هەندێ جێگەی لێ داگیرکردن، بەڵام سلێمان خانی ئەردەڵان بەهۆی یارمەتی ئێرانەوە ئەو ناوچانەی وەرگرتەوە. لە لایێکی دیکەوە بابانەکان دەسەڵاتی عوسمانییان خستبووە گومان و مەترسییەوە، لەبەر ئەوە سوپایێکی گەورەیان ناردە سەر سلێمان بەبە و لە ساڵی ١٦٩٩م بەسەریدا زاڵ بوون.

دەسەڵاتی عوسمانییان لەم ناوچەیەدا زۆری نەخایاند، لە دەوروبەری فەرمانڕەوایی بەکر بەگی بابان دەسەڵاتی عوسمانییان لەم ناوچەیەدا لەناوچوو. بەکر بەگ هەوڵی فراوانکردنی سنووری وڵاتی دا، تا گەیشتە ئەوەی سەرەتای لە لای خوارووی لە زێی سیروان (دیالە) دەست پێ بکا و دوایی لە لای سەروو بگاتە زێی بچووک (کۆیە)، لەم ماوەیەدا فەرمانڕەوایی بەهێز بوو و دەیتوانی بەسەربەرزی بەرامبەر بەئەردەڵانییەکان بوەستێ، ئەگەر دەستدرێژییان بکردایە، بەڵام چاوەنۆڕی ئەوە نەدەکرا، چونکە پێوەندییان لەگەڵ یەکتریدا خراپ نەبوو.

بەکر بەگ دەستی لە چاکسازی و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا هەبوو، لەوانە کێڵگەی بەکرەجۆ لە سەرچنار و ئاوەدانکردنەوەی گوندی بەکراوە لە نزیک هەڵەبجە لە کردەوەکانی ئەو بوون. لە دوای مردنی بەکر بەگ (١٧٠٣م) خانە پاشا لە جێگەی دانیشت. ئەمە یەکێک بوو لە پاشا گەورەکانی بابان. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا میرنشینی ئەردەڵان داگیر کرا، ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی خانە پاشا بەڕێوەی دەبرد، خالید پاشای براشی سەرداری میرنشینی بابان بوو، بەڵام لەساڵی ١٧٣٠م کە نادر شا تەختی ئێرانی داگیر کرد، فەرمانڕەوایی بابان لە ئەردەڵانا کۆتایی هات.

لەو کاتەی نادر شا جەنگی بەرپا کرد لە دژی دەوڵەتی عوسمانی ئامانجی گەورەی ئەوە بوو وڵاتی بابان داگیر بکا کە هاوسێی نزیکی عوسمانییان بوو، بەڵام خالید پاشای بابان کە لە پاش خانە پاشا دەسەڵاتی گرتە دەستی خۆی لە ناوچەی سەردەشت ڕێگەی لە نادر شا گرت، بەڵام بێ سوود بوو نەیتوانی خۆی لە بەریدا بگرێ.

نادر شا سوودێکی گەورەی لە ناخۆشی و دوژمنایەتی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی بابان وەرگرت. سەلیم پاشای بابانی ڕاکێشایە لای خۆی و بەهۆی ئەوەوە نێوەندەی میرنشینی لە قەلاچۆلان داگیر کرد، هەر بەهۆی ئەویشەوە هەندێ لە میرەکانی بابان بەچاوێکی دڵسۆزییەوە تەماشای ئێرانیان دەکرد. هەرچی عوسمانییەکانیش بوون بەفەرماندەیی والی بەغدا ئەحمەد پاشا کەوتنە خۆ و بیروباوەڕی دەمارگیری ئایینزایی (مەزهەبی)یان کردە بەڵگە و هەندێ لە مەلا و شێخەکانیان ڕاکێشایە لای خۆیان و لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٧٤٧م بەسەر

بابانیان دادا و لەم هێرشەدا سەرکەوتن و سلێمان پاشایان کردە میری بابان.

لەم ماوەیەدا ناکۆکی بنەماڵەیی زۆر توند و کاریگەر بوو لە نێوان میرەکانی باباندا، برا و ئامۆزا و خزمانی گرتبووەوە، لە ڕاستیشدا لەو ڕۆژگارەدا پاشایێکی بەدەسەڵاتی ئەوتۆ لە ناوەوە نەبوو شایانی ئەوە بێ هەموو پاشاکانی تر ڕێزی بگرن و سەری بۆ دانوێنن، تا بۆ یەکەمین جار ئەحمەد پاشا توانی دەسەڵات بگرێتە دەستی خۆی، بەڵام فەرمانڕەوایی ئەم پاشایە زۆری نەخایاند و ئیبراهیم پاشا لە شوێنی دانیشت.

ئیبراهیم پاشای بابان لە ساڵی ١٧٨٤م لە نزیک گوندی مڵکەندی بینای شاری سلێمانی تەواو کرد. لە گوندی قەلاچوالانەوە پایتەختی میرنشینی گواستەوە بۆ شاری تازە. ئەم شارە یادگارێکی گەلێ بەنرخی بابانەکان بوو بۆ نەتەوەی کورد.

عەبدولڕەحمان پاشای بابان جێگەیێکی دیاری هەبوو نەک تەنیا لە مێژووی سەردەمی دوایی فەرمانڕەوایی بابانەکان و ناوچەی سلێمانی، بەڵکو لە سەرانسەری مێژووی نەتەوەی کورددا. ئەم پاشا بەهێز و ژیرە لە ساڵی ١٧٨٩ تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٨١٣ شەش جار دەسەڵاتی میرنشینی لە دەست خزم و کەسوکاری خۆی دەرهێنا.

پاشاکانی بابان بەپیلانی عوسمانی و عەجەم هەڵدەخەڵەتان و بگرە و بەردە و ئاژاوە لەم ناوچەیەدا دەکەوتە ناوەوە و هەمیشە دەبوو بەهۆی بێ هێزی دەسەڵاتی میرنشین.

لەم بەینەدا عوسمانی و عەجەم بەهەموو هێزێکیانەوە هەوڵیان دەدا هەموو میرنشینەکانی کورد لەناو بەن، سەرۆکە دڵسۆزەکانی کوردیش بێ وچان لە لایێک بەرهەڵستی دوژمنی ناوەوەیان دەکرد، ئەوانەی چاویان بڕیبووە تەختی پاشایەتی و لە لایێکی تریشەوە بەرامبەر هێرشی عوسمانی و عەجەم دەوەستان بۆ پارێزگاری سەربەخۆیی وڵات.

عەبدولڕەحمان پاشا لە ساڵانی ١٨٠٦–١٨٠٨ بەهەموو توانایەوە بەرهەڵستی هێرشی سوپای عوسمانی کردبوو، بەڵام لە وزەیدا نەبوو بەسەر دوژمنانیدا زاڵ بێ، ئەمانە پشتگیری دەوڵەتی عوسمانییان دەکرد، بەم جۆرە زیانی زۆریان بەمیرنشین دەگەیاند، بەڵام لە دەرەوەی میرنشین لە جێیێکی وەکو ڕواندز

ڕاپەڕینێک دەستی پێ کرد بەفەرماندەیی مەحموود پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشا. سوپای ڕاپەڕینەکە لە توانایدا بوو شوێنە هەرە گرنگەکانی باکووری میزۆپۆتامیا داگیر بکا و شارانی گەورەی وەکو هەولێر و کەرکووک بگرێ.

سەرچاوە مێژووییەکان و گێڕانەوەی ناو خەڵکی کورد لە حیکایەت و بەیتی ئەدەبی میللی نەنووسراو (فۆلکلۆر) ئەوە دەگەیەنن عەبدولڕەحمان پاشا میرێکی بەهێز و لە ڕوو بووە، دەسەڵاتی بەسەر هەموو لایێکی وڵاتدا شکاوە، سەلیم ئاغا بۆ ڕۆژهەڵاتناس فرایزەری گێڕاوەتەوە: لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەبدولڕەحمان پاشا، ئەگەر هەموو شت لە زێڕ بووایە کەس دەستی بۆ نەدەبرد. لەم سەری وڵاتەوە سەفەرت بکردایە بۆ ئەو سەری تووشی هیچ جۆرە گیروگرفتێک نەدەبووی، بەڵام ئێستاکە وەزع شێواوە بەهۆی ناکۆکی ئەم دوو برایە بۆ قۆزتنەوەی دەسەڵات. عەجەم ئەمەی بەهەل زانیوە بۆ داگیرکردنی وڵات. نەخۆشی و برسیەتی بڵاوبوونەتەوە خەڵکەکە لەناو دەبەن و دوژمن دەهێڵنەوە. ئێستا پاشای بابان ناتوانێ هیچ شتێک بکا، چونکە سەربازی نییە بۆ ئەوەی ئەم دز و جەردە و ڕێگرانە لەناو بەرێ.

لەدوای مردنی عەبدولڕەحمان پاشا، شەڕی بنەماڵەیی لەنێوان مەحموود پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشا و عەبدوڵڵا پاشای برای عەبدولڕەحمان پاشا دەست پێ دەکا. وەکو محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ: لە ساڵی ١٨٢٣ جەنگی بنەماڵەیی بەشێوەیێکی وەختی کۆتایی پێ هات بەوەی مەحموود پاشا بوو بەمیری سلێمانی بۆ جاری سێیەم و عەبدوڵڵا پاشا کرا بەکارگێڕی کۆیە.

پاشای کورد لەگەڵ ئەوەی هەوڵیان دەدا سەربەخۆیی میرنشینەکەیان بپارێزن و سەر بۆ عوسمانی و عەجەم دانەنوێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆپەرستی و بەرژەوەندیی کەسێتی بەسەریاندا زاڵ بوو، هەر کەسە هەوڵی دەدا ببێ بەخاوەن دەسەڵات. میرەکان خۆشیان هەستیان بەمە دەکرد، یەکێ لە میرەکانی بابان لە بابەت دواکەوتن و پەژمردەیی وڵاتەوە بەرێچ دەڵێ: بەرچاو تەنگی لە نێوان میرەکانمان هۆی سەرەکی دواکەوتنی وڵاتی بابانە کە بێ گومان بەرەو نەمان دەیبا، ئەگەر ئەمە نەبووایە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و عەجەم نەیاندەتوانی داگیرمان بکەن.

بەبێ پسانەوە شەڕوشۆڕ لەنێوان میرنشینی بابان و هاوسێکانیان لە ناوەوە بوو، لە ڕۆژهەڵاتدا ئەردەڵان، لە باکووری ڕۆژئاوادا سۆران، دەوڵەتی عوسمانی و عەجەم بۆ چاکەی خۆیان میرنشینە کوردەکانیان هان دەدا لە دژی یەکتری بوەستن و، ڕێز لە یەکتری نەنێن لە پێناوی بێ هێزکردنی دەسەڵاتیان. نموونەی ئەم ئاژاوەیە لە فەرمانڕەوایی بابان دەتوانرێ لەم شانۆیەدا ببینرێ.

لە ساڵی ١٨٢٧دا مەحموود پاشای بابان هێرشی بردە سەر هەریر، جەنگ گەیشتە پۆپە لەگەڵ محەمەد پاشا (میری کۆرە)ی میرنشینی سۆران، لەدوای کوشتارێکی زۆر مەحموود پاشا گەڕایەوە، تا ئەو خەریکی جەنگ بوو لەگەڵ سۆرانەکاندا، سلێمان پاشای برای بەسەر سلێمانی دادا و داگیری کرد و دەسەڵاتی لە دەست برا گەورەکەی دەرهێنا بۆ خۆی. مەحموود پاشا هانای بۆ میرەکانی (والییەکانی) ئەردەڵان برد، لە پاش شەڕ و کوشتارێکی زۆر سلێمان پاشا سەرکەوت.

سلێمان پاشا پیاوێکی هوشیار و زۆرزان بوو، فرایزەر دەڵێ: پاشا وەک پیاوێکی چاک و ڕۆشنبیرێکی شارەزا کەوتە بەرچاوم، بۆ کورد سەردارێکی خراپ نەبوو. گەلێ پرسیاری لێ کردم لە بابەت وەزعی ئەورووپا و پێوەندی دەوڵەتە گەورەکان بەیەکترییەوە، بەتایبەتی پێوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی رووس و فەرمانڕەوایی محەمەد عەلی پاشای میسر. دیار بوو شارەزاییێکی تەواوی لە هەڵسوکەوتی ئەمەریکا هەبوو لە ڕووی سیاسەتی نێو دەوڵەتییەوە.

لەپاش مردنی سلێمان پاشا (١٨٣٨) ئەحمەد پاشای کوڕە گەورەی لە جێگەی دانیشت. ئەم میرە یەکێک بوو لە میرە هەرە ژیر و زیرەکەکانی میرانی بابان. هەوڵێکی بێ وچانی دا بۆ دامەزراندنی سوپایێکی بەهێز و ڕێک و ئۆردووگایێکی تایبەتی لە قەراغ شاردا دروست کرد بۆ مەشقی عەسکەری، هەروەها بایەخێکی زۆری بەتیپی تۆپ و تۆپخانە دا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی عوسمانی و عەجەم لێی بکەونە گومانەوە. ترسێکی زۆریان لە پرۆگرامەکانی ئەحمەد پاشا هەبوو. لە ڕاستیشدا ئەم پاشایە ئامادە بوو بچێتە جەنگەوە لەگەڵ عوسمانی و عەجەمدا، لەو ماوەیەدا هەست بەوە دەکرا ئەحمەد پاشا سەربەخۆییێکی تەواوی

ڕەخساندووە لەناو کۆمەڵی میرنشینی باباندا.

شێخ ڕەزا لە قەسیدە بەناوبانگەکەیدا دەڵێ:

لە بیـــرم دێ سلێـــمـــانی کـــە دارولـولکی بابان بـوو
نە مەحکوومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

ئەم ئاژاوە و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتییە لە ناوچەی سلێمانی بەڕاستی دەسەڵاتی عوسمانی خستبووە مەترسییەوە، لەبەر ئەوە والی بەغدا نەجیب پاشا بەکوڵ هەوڵی دەدا میرنشینی بابان لەناو ببا، بۆ ئەم مەبەستە بەسوپایێکی گەورەوە هێرشی بردە سەر سلێمانی، هێزی کورد نەیتوانی بەرامبەر بەهێزی عوسمانی خۆی بگرێ و لە ئەنجامدا سلێمانی داگیر کرا، ئەگەرچی جەنگاوەری کوردی بابانیش بەهەموو توانایان بەرگرییان لە شارە خۆشەویستەکەیان کرد گەلێ قوربانییان دا، وەکو لە شیعری شاعیرانی ئەو قۆناغەی سلێمانی دەردەکەوێ. لەدوای داگیرکردنی شاری سلێمانی ئەحمەد پاشا ناچار بوو ڕوو بکاتە ئێران، لە پاشانا بەدیلی ناردیانە ئەستەمووڵ. کە سلێمانی داگیر کرا و کەوتە دەست سوڵتانی عوسمانی، ئەم دەسەڵاتە قازانجێکی زۆری کرد و سوودێکی فرەی لە بێ هێزی کورد بینی. دواکەوتن و نزمبوونی پلەی ئابووری و دارایی لەناو کۆمەڵ و برسیەتی و نەبوونی چەک و ناکۆکی لە نێوان میرەکانی بنەماڵەی بابان و نەبوونی میرێکی بەتوانا هەموو ئەم دیاردانە بووبوونە هۆی ئەوەی عوسمانییەکان ناوی (بابان) بسڕنەوە. بەم جۆرە شاری سلێمانییان کرد بەقایمەقامییەت و عەبدوڵڵا پاشای برا بچووکی ئەحمەد پاشایان کرد بەقایمەقامی قەزای سلێمانی بەناوی دەسەڵاتی عوسمانییەوە. لە پاشانا حامیەیێکی سەربازی عوسمانییان لە ئۆردوگای سلێمان پاشا دانا. ئەم قایمقامە کوردە بۆ ماوەیێکی کەم فەرمانڕەوایی کرد.

لە ساڵی ١٨٥١ نامیق پاشای والی بەغدا عەبدوڵڵا پاشای قایمەقامی بانگ کردە بەغدا، لەوێ دەست بەکەلەپچە ناردیە ئەستەمووڵ، لە شوێنی ئەودا میر میرانی عوسمانی ئیسماعیل پاشا لەسەر تەختی دوا میری بابان دانیشت. لەم لایەنەوە لۆنگریک ڕاست دەکا کە دەڵێ: بەم جۆرە ڕۆژی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی کوردی بابان لە کوردستاندا ئاوا بوو. ئەم بنەماڵەیە نزیکەی دوو سەد ساڵێک لەم

ناوچە فراوانەدا دەسەڵاتێکی بەهێز و بەناو بوو، ئیتر ماوە خۆش بوو کار بکەوێتە دەست مـووچەخـۆری ترسنۆکی بەرتیلخـۆر ئەوانەی دەکـرِرێن و دەفـرۆشـرێن، هەروەها قـانوون لەسـەر کاغـەز بمێنێتـەوە بەبێ ئەوەی بچێـتە ناو پراکتـیکەوە، سەرباری ئەم هەموو نالەبارییە چەوساندنەوەی خەڵکی رەشورووت و بێ دەسەڵات و باوبوونی زمـانی تورکی نـامۆ و نەبیـسـتـراو. سلێـمـانی لەناوەراستی سـەدەی نۆزدەمـەوە تا پاش جـەنگی یەکـەمی گێتی لە بن دەستی دەسـەڵاتی عـوسـمـانی مایەوە، لە پاشـانا لە لایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانییـەوە داگیر کرا، ئەوجا راپەرین و هەڵسانەکانی شێخ مەحموود و لە بیستـەکانی سەدەی بیستەمدا وەکو بەشێک لە ویلایەتی مووسڵی کۆن بوو بەلیوایێک (موحافەزەیێک) لە عیراق.

یەکێ لە رووداوە گرنگەکانی مێژووی کورد لەم دەوروبەرەدا، رووداوی (دوازدە سـوارەی مـەریوان) بوو، ئەم دوازدە سـوارەی بابانە لـە قـەڵای مـەریوان سـوپایێکی گـەورەی ئێـرانیـان شکاند. قـارەمـانیـەتی ئەم دوازدە سـوارەیە رەنگی لـە ئەدەبی مـیللی (فـۆلکلۆری) کـوردی داوەتەوە، بەتایبـەتی لە ناوچەی سلێـمـانی. وا بوو شاعیری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستـەم پیرەمێرد ئیلهامی لەم حیکایەتە میللییە وەرگرت و چیرۆکێکی لێ دروست کرد بەناوی (دوازدە سوارەی مەریوان).

بەشی دووەم

ژیانی ئابووری - کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری - خوێندەواری میرنشین لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا

ژیانی ئابووری – کۆمەڵایەتی

ناوچەی سلێمانی وەکو ناوچەکانی تری کوردستانی ئێران و عوسمانی بەدرێژایی ڕۆژگار لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بووبووە گۆڕەپانی شەڕوشۆڕ، لەنێوان سەرکردەکانی کورد خۆیانەوە ئینجا چاوچنۆکی دوو دەوڵەتە گەورەکە. ئەم ئاژاوە و شەڕوشۆڕە بێ دوایی بوو، وڵاتی خستبووە دواکەوتوویی و تەنگوچەڵەمەوە. یاسای دەرەبەگی گەورەی عوسمانی و عەجەم بەسەر یاسای دەرەبەگی بچووکی کورددا زاڵ بوو، ئەگەرچی میرنشینە کوردییەکان هەوڵیان دەدا بەرگری لە سەربەخۆیی و ئازادی وڵاتیان بکەن، بەڵام ئاژاوە و برسیەتی و هەژاری ڕێگەی لە هەموو جۆرە پێشکەوتن و گۆڕانێکی تەبیعی گرتبوو، لەم لایەنەوە گەڕۆکی ئینگلیز بیلی فرایزەر لە ساڵی ١٨٣٤ لە سلێمانی بووە، چاوی بەکەلاوەی خانووە قوڕینە ڕووخاوەکانی شار کەوتووە، سەری سوڕماوە لەوەی چاوی پێ کەوتووە، بەڵام توانای ئەوەی هەبووە وێنەی ئەدگاری پێشووی شاری سلێمانی بێنێتە سەر پەردەی خەیاڵی.

ئەمە لە ساڵی ١٨٣٤م، بەڵام لە ساڵی ١٨٢٠م کە کلۆدیۆس ریچ لە سلێمانی دەبێ هەمووی ٣٦ ساڵ بەسەر دروستکردنی شار تێپەڕی بوو، کەچی ریچ دەڵێ: کە قسەم لەگەڵ مەحموود پاشای بابان کرد لە بابەت خانووە ڕووخاوەکانی شاری سلێمانییەوە دەستبەجێ ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: بێ گومان تۆ باوەڕ بەقسەکانی من دەکەی، ئێمە ئەگەر بزانین ماوەمان بۆ دەرەخسێ بەئاسوودەیی لە نیشتمانی خۆماندا بژین دەتوانین خانووبەرەی یەکجار جوان دروست بکەین و ئەوەی ڕووخاوە جوانتر بینای بکەینەوە. لای ئێمە ئەگەر میرێک بگۆڕێ و میرێکی دیکە لە جێی دابنیشێ لە ئەندامانی بنەماڵەی بابان، میری تازە دەستە و دایەرە و

پیـاوانی خـۆی دێنـێ، ئێـمـە دەربەدەر دەکـەن و ئـەوان دەبنە خـاوەن مـاڵ، ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی کارەسات و پەژمردەیی و هەژاری بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە.

لە کـۆمـەڵی سلێـمـانی دوو چینی سـەرەکی بەدی دەکـرا لە ڕووی دەسـەڵات و دارایـیـیـەوە. یەکـەمـیـان چینی سـەرەوە لە دەرەبەگ و مـیـر و پاشـا و بەگ و کـاربەدەسـتـان و بازرگـانان و دەست ڕۆیشـتـووە دەوڵەمـەندەکـانی ناو شـار؛ دووەمـیـان چینی ژێرەوە بریتی بوو لە جـووتـیـار و پاڵە و هەژار و بێ کـارانی شـار، ئەمـانە جگە لە کار و کاسـبی خـۆیان هێزی چەکـداری مـیـرنشین بـوون. خـەباتی چینـایەتـی لەنێـوان ئـەم دوو چینـەدا دەتوانین بڵـێین نـەبوو، چونکە دەرەبەگـێکی بەهێـزتر لە دەرەبەگی کـورد کە دەسـەڵاتی عوسـمـانی و عـەجـەم بوون، بێ وچان هـەمـیـشە داویـان دەنایەوە کۆمەڵی کورد بخـەنە ژێر دەسـتی خـۆیانەوە و سـوود لە خـاکی ئەو وڵاتە وەربگرن، لەبەر ئەوە دەبینین جووتیاری کورد بۆ دەرەبەگی کورد دەجـەنگا، بەناوی سـەربەخـۆیی دەسـەڵاتی مـیـری کـورد بۆ ئەوەی سـەرانە نەدا بەدەرەبەگی عـوسـمـانی و عـەجـەم، چونکە ئەوان ئەگەر وڵاتیـان داگیـر بکردایە بێ گومان دەرەبەگی کورد سەرانەی خۆی هەر وەردەگرت.

شەڕوشـۆڕی ناوەوە گەلێ زیانی بەجووتیار و چینی خوارەوە دەگەیاند، زۆرجار وا ڕێک دەکەوت بۆ ماوەیێکی درێژ عوسمانی یا عەجەم وڵاتیان داگیر دەکرد، ئیتر جـووتـیـاری کورد ناچار دەبوو سـەرانە بەداگیرکەر و مـیـرەکـانی خـۆی بدا، ئەگـەر سـەرانـەکە لە ڕێگەی مـیـری کـوردەوە بدرایە دوو داگـیـرکـەرەکە، ئەو کـاتە دەبوو سـەرانەکە زۆر بێ بۆ ئەوەی لە بەشی ئاغای کورد کەم نەبێتەوە.

جـووتـیـاری کورد لە گـوندەکـاندا خـەریکی کشـتـوکاڵ بوو، ناوچەکـانی ڕۆژئاوای سلێـمـانی دانەوێڵەی زۆری هەبوو لە گـەنم و جـۆ و برنج. لەو کـاتەی کە کلۆدیۆس ڕیچ لە کـەرکـوکـەوە بەرەو سلێـمـانی دەکـەوێـتـە ڕێ، لە بابـەت کشـتـوکاڵەوە دەڵێ: لەدوای ئەوەی دەربەندی بازیانمان بەجێ هێشت، تاسلووجەش کـەوتە پشتمانەوە، کـە لە سـەرچنار نـزیک بووینەوە لـە ڕێگە تووشـی پـەرێزی گـەنم و جـۆ و کـێـڵگەی مـەرەزە بـووین، هـەروەهـا شـیـوی تانجـەڕۆ تـا سـیـروان (دیالە) سـەوز بوو، لۆکە و تووتنیش لەو ناوەدا شین دەبوو.

کەلوپەلی هێنانەدی بەرهەمی کشتوکاڵی جووتیاری کورد بریتی بوو لە گاسن و هـەوجـاڕ و داس و هـەندێ وردە ئـامـێری دیکە لەگـەڵ ئاژەڵی جـووتکردن. هـەندێ لە

جووتیاران بەشێ لەم ئامێرانەیان نەبوو، ناچار دەبوون بەکرێ لە جووتیارانی تر وەریان دەگــرت. بەدرێژایی بەهار و هـاوین خـــەریکی ئیش دەبوون و بۆ ئەوەی زەخیرەی زسـتـان دابین بکەن، لەدوای دەرکردنی سـەرانە و باج و سەلەم شتێکی ئەوتۆیان بۆ نەدەمایەوە کە بەتەواوی بتوانن زیندەگانی پێ بکەن.

لەم نـاوچەیـەدا جگە لـە دانەوێڵــە، بـەرهـەمی مــیـــوە و ســـەوزە و شــینـایـی لەو شـــوێنانەی ئـاوی هـەبوو گــەلێ زۆر بوو و بازاڕێکی بەهەرمــێنی هـەبوو، بۆ بەڵگە سلێـمـانی هـەمـوو جۆرە مـیـوەجـاتێکی بۆ کـەرکـووک ڕەوانە دەکـرد، ئەم شـارە بازاڕێکی گرنگ بوو میوەجاتی ناوچە کشتوکاڵییەکانی سلێمانی، ئاشکرایە کە گوێزی هـەورامـانی سلێمـانی بەزۆری و چاکی ناوی دەرکردبوو، جگە لە کـەرکووک بەرهـەمـی کشـتـوکـاڵ و باغ و باغـاتی سـلێـمـانی دەگـەیشـتـە مـووسـڵ، هـەروەها هـەنگوینی چاکی کوردستانیش بازاڕێکی گرنگی لە دەرەوە هـەبوو.

باغ و باغاتی میوە لە ناوچەی سلێمانی، بەزۆری موڵکی میرەکانی بابان بوون، جـووتیـار و کرێکاری کشـتوکاڵی تایبـەتییـان هـەبوو لەو باغـانەدا کاریان دەکرد. باغـی مـیــوە لە هـەمــوو ئاقـاری ناوچەکـانی سلێـمـانـی هـەبوو، تا لـە دەوروبەری شــاریش دەبینـرا. لە لای باشـــووری شــار ئەو باغــەی بەناوی (چواربـاغ)ەوە بوو، یەکێک بوو لە باغـە گـەورەکانی مـیرانی بابـان. ئەم چوارباغـە لە دوای ڕووخـانی مـیـرنشـینی بابان هێـشـتـا هـەر مـابوو، بەڵام لـەپـاشـانا لـەناوچوو، لەو کـاتـەی کـە شاری سلێمـانی فراوانتر بوو، ئیتر جێگەی چوارباغ بوو بەخانووبەرە، گـەڕەکەکە تا ئێستا بەناوی گەڕەکی چوارباغەوەیە.

کێڵگە گەورەکانی دیکەی لۆکە و توتن و مەرەزەی برنج بەهـەمـوو لایێکی وڵاتدا بڵاو بووبوونەوە، وەکو کێڵگەی بەناوبانگی سەرچنار لە موڵکەکانی یونس بەگ بوو و مـەحـمـوود پاشـای بابان پێی بەخشی بوو. جووتیـاریش تا ڕادەیێک زەوی خـۆی هـەبوو، بەڵام زۆر کەم بوو، ئەمەش دیارە تەنیا لە دێهاتەکاندا.

زسـتـانان بـازرگـانەکـانی ناو شـاری سلێـمـانی هـەتا هـی دەرەوەی ئەویش وەکو کـەرکـووک بەناو جـووتیـارە هـەژارەکـانا دەگـەڕان، بەسـەلەم پارە یا شـتـومـەکی پێـویسـتـیـان دەدانـێ، بەرامـبـەر بەمـە لە بەرهـەمی داهـاتوو شـتـێکی زۆریان لێ دەسەندن، لەپاش قەرز دانەوە و سەرانە شتێکی وایان بۆ نەدەمایەوە.

لە لایەن پـیـشـەسـازییـەوە، دیاردەی هـەرە گـرنگ لە شـاری سلێـمـانی هێنانە

بەرهەمی سابوون بوو، تا ئێستاش لە شاردا گەڕەکی سابوونکەران ماوە. سابوونکەران ئەو گەڕەکەیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا لە هەر ماڵێکا کارخانەیێکی سابوون هەبوو، ئەم کارخانانە تایبەتی بوون بەماڵەکان. بەتێکڕایی شاری سلێمانی ساڵی (٥٠٠) تەن سابوونی دەهێنایە بەرهەم، وە بازرگانییێکی فراوان و بەهەرمێنی هەبوو، بۆ بەغدا و کەرکووک و مووسڵ و سنە و سەقز و شوێنی دیکە لە ولاتانی عوسمانی و عەجەم دەنێررا، ساڵی نزیکەی ١٥ تا ٢٠ کاروان سابوون لە سلێمانییەوە دەردەچوو، هەر کاروانەی ٩٠ تا ١٠٠ ولاغی هەبوو.

بەرهەمی ماڵەکان لە سابوون لەلایەن بازرگانەکانەوە دەکرا و هەمووی کۆ دەکرایەوە، ئینجا بەکاروان بۆ دەرەوە دەنێررا، لە دوای فرۆشتنی بەپارەکەی شەکر و چا و قاوە و پێلاو و مس و ئاوریشمیان دەکڕی و هەر بەو کاروانانە دەیانهێنایەوە بۆ شار. لە شارا پێنج کاروانسەرا هەبوو ئەمانە خان و ئوتێل بوون بۆ کاروانچییە بێگانەکان ئەوانەی لە دەرەوەی شارەوە کوتاڵ و ماڵی بازرگانیان دەهێنا بۆ دانیشتووانی شار و ناوچەکە. بێ گومان بوونی پێنج کاروانسەرا لە شارا فراوانی و گەورەیی ناوچەکەی پیشان دەدا. بەزۆری کاروانچییانی بێگانە کاروانیان بەباری برنج و هەنگوین و مازوو و کەتیرە و گەزۆ و بنێشتە تاڵ و شتی دیکە بار دەکرد لەو کاتەی کە دەگەڕانەوە ولاتی خۆیان.

لە ناوچەی سلێمانی وەکو ناوچەکانی تری کوردستان بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە هەندێ بەرهەمی پیشەسازی دروست دەکرا، وەکو قاپوقاجاغی ناوماڵ و کەلوپەلی نان دروستکردن، قوماش بۆ جلوبەرگ و نوێن، فەرش و بەڕە و لباد بۆ ڕاخستن. ئەم کارگانە بچووک بوون، بەتەنیا یەکێک بەڕێوەی دەبرد، بەزۆری کارگەکەی لە ماڵەوە یا لە دوکانێکی تایبەتیدا دەبوو، شاگردێکی منداڵ یا کوڕێکی وەستا خۆی یارمەتی دەدا.

پیشەسازی هونەری سووک و ورد تا ڕادەیێک پێشکەوتوو بوو، وەکو چەقۆ و جۆرەکانی و ئامێری تری برین، تا ئێستاش دێی تەوێڵە لەم لایەنەوە ناوبانگی دەرکردووە. هەروەها دروستکردنی خەنجەری کوردی. چەخماغسازانی سلێمانی تفەنگ و دەمانچە و شیریشیان دروست دەکرد، بەڵام بەڕادەیێکی وا نەبوو بەشی میرنشین بکا، ئەوەی بەبێ پشوودان لە ناوەوە خەریکی خۆکوژی و لە دەرەوە لە

دژی عوسمانی و عەجەم لە جەنگدا بوو.

بەرهەمی پیشەسازییە بەرتەسکەکە تا ڕادەیێک بەشی دەکرد و پێویستییەکانی ناوەوەی دابین دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دەرەوە ماڵی عەتاری و قوماش و کەلوپەلی چایی، سەماوەر و قۆری و ئیستیکانی بۆ دەهات. جگە لەمە ناوچەی سلێمانی دەیتوانی گۆشت و مەڕوماڵات بدا بەهەموو هاوسێکانی کورد. مەڕوماڵاتی کوردستان دەگەیشتە بەغدا و ئەستەموول و وڵاتی شام. لەو وڵاتانەوە ئاوریشم و قوماش و بەردی بەنرخ و بۆیاغ و شەکر و گەلێ ماڵی بازرگانی دیکەی بۆ دەهات.

بەم جۆرە لەم زانیارییانەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ تا پلەیێک پێوەندیی ئابووری لە نێوان کورد و هاوسێکانیدا لە ناوەوە بووە. دەوڵەمەندیی خاکی کوردستان هانی دوو دەوڵەتە چلێسەکانی عوسمانی و عەجەمی داوە هەمیشە چاو ببڕنە ئەو خاکە پیرۆزەی بەرەکەتێ لێ دەچۆڕێتەوە. ئەگەر ئەم وەزعە ناهەمواره نەبووایە زرووفێکی کۆمەڵایەتی – ئابووری و هوشیاری سیاسی و کوردایەتی یاریدەی ئەوەی دەدا ئەم ناوچەیە سەربەخۆ بێ.

ژیانی ڕۆشنبیری – خوێندەواری

یەکەمین مەڵبەندی خوێندەواری لەناو نەتەوە موسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مزگەوت بوو، خوێندن لەو دەسگایەدا بەشێوەیێکی گشتی بەزمانی عەرەبی و لە بابەت زانستییە عەرەبی و ئایینییەکانی ئیسلامییەوە بوو. لە کوردستان و وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکەدا مزگەوت وەک جێگە و نێوەندێک بۆ مەبەسی پەرستن و عیبادەت بینا دەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر مزگەوت بوو ئەو خوێندەوارانەی پێ دەگەیاند کە بایەخیان بەکولتووری نەتەوەیی خۆیان دەدا، ئەوە مەرج نەبوو هەر کەسێکی لە حوجرە بیخوێندایە دەبوو ببێ بەمەلا، بۆیە دەبینین هەر مەبەسی عیبادەت و خوێندنی زمانی عەرەبی و زانستییە ئیسلامییەکان بوو دەیبرد بۆ ئامانجێکی دیکە ئەویش پێگەیاندنی کەسی خوێندەوار بوو.

بەڕاستی دەتوانین پایەی خوێندەواری لە هەر وڵاتێک لە دەورانی پێش سەدەی بیستەم بەپێی زۆری و کەمی مزگەوت بەراوورد بکەین، هەر وەکو لە سەردەمی

ئێستاماندا قوتابخانە نیشانەی خوێندەوارییە و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵێکی ئادەمزاد بەژمارەی قوتابخانە بەراوورد دەکرێ.

لە شاری سلێمانیدا گەلێ لە یادگاری بەنرخی پاشاکانی بابان تا ئێستا ماونەتەوە، ئەو یادگارانە لەو مزگەوتانە دەبینرێن کە دروستیان کردوون. هەر لەو مزگەوتانەدا گەلێ شاعیری کورد پێگەیشتوون، ئەمەش وەنەبێ تەنیا لە شار بوو بێ، بەڵکو لە هەموو ناوچەکانی وڵاتی سلێمانی. مزگەوتەکانی شار و ناوچە لە لایەن پاشاکانی بابانەوە سەرپەرشتی دەکران و لە خەزێنەی میرنشین هەرچی پێویست بووایە پێیان دەبەخشرا. ئێمە لەم ماوەیەدا باس لە شیعر و ئەدەب ناکەین، چونکە ئەم کتێبە تەنیا بۆ ئەم مەبەسە تەرخان کراوە.

شاری سلێمانی یەکێکە لەو ئاوەدانیانەی کوردستان، خەڵکەکەی بەهەوەس و چاو بەبزە و پێکەنین، حەز بەبەزم و ڕەزم و ئاهەنگ و گۆرانی و مۆسیقا و ڕابواردن دەکەن. گەلێ ئاوازی شیرین و گۆرانیی میللی سەر زاری کوردەواری لەوێ سەری هەڵداوە. قسەی نەستەقێک لەناو کۆمەڵی کورددا هەیە، دەڵێ: (گۆرانی لە سابلاغ (مەهاباد) لە دایک دەبێ و لە سلێمانی پێ دەگا). پاشاکانی بابان بایەخێکی زۆریان بەگۆرانی و مۆسیقا دەدا و بەچاوێکی گرنگ تەماشایان دەکرد، لە دیوەخانی خۆیاندا کۆڕی مۆسیقا و گۆرانییان دەبەست و پیاوماقووڵیان بانگ دەکرد بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا، ئامێری مۆسیقا لەو سەردەمەدا بریتی بوو لە شمشاڵ، بلوێر، نای، دەهۆڵ، زوڕنا، دەف، تەپڵ و دووزەلە. لە ئاهەنگێکدا کلۆدیۆس ڕیچ ئامادە بووبوو، لەم لایەنەوە دەڵێ، ئەو گۆرانییانەی لەو ئاهەنگەدا بیستبوونی وشە و ئاوازی هەموویان وێنەی غەم و نالەباری و جیگەر سووتان بوون. هەروەها شاعیری نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم مستەفا بەگی کوردی لە قەسیدەیێکیدا ناوی هەندێ ئاوازی مۆسیقا و گۆرانیبێژەکان دەبا. هونەری گۆرانی و مۆسیقای میللی لەبەر ئەوەی خزمەت نەکراوە هەر بەشێوە فۆلکلۆری و خۆڕسکییەکەی خۆی ماوەتەوە.

هونەری شانۆگەری لە سلێمانی بەشێوەیێکی سەرەتایی لە ناوەوە بوو، بێ گومان ئەمەش پێشکەوتنێک بوو بەرامبەر ئەوەی لەناو کۆمەڵی نەتەوە موسوڵمانەکاندا هەندێ لە هونەرە جوانەکان ڕێیان لێ دەگیرا و قەدەغە دەکران.

له بەهارانا لە سلێمانی هەر هەفتەی سنفێک لە سنفەکانی بازاڕی شار بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک سەیرانی دەرەوەی شاریان دەکرد، وەکو سنفی بازرگانان و ئاسنگەران و سابوونکەران... هتد. ئەم تاقمانە یاسایێکی وەختییان بۆ ئەم چەند ڕۆژە دادەنا. یەکێک دەبوو بەشا و جلی شایان لەبەر دەکرد، وەزیر و کاربەدەستانیان بۆ دادەنا، ئەوانیش بەجلوبەرگی تایبەتی وەزیرییەوە. بۆ هەر ڕۆژێکی سەیران پرۆگرامێکیان دادەنا. تاوانکردن لە کۆمەڵەدا ڕووی دەدا، دادگایان بۆ دەبەست. شانۆی شایی و زەماوەند و ژنهێنان پیشان دەدرا، جگە لەوە ڕمبازی و تەراتێن و سوارچاکی و وەرزین و یارییە فۆلکلۆرییەکان جێگەی دیاری خۆیان هەبوو.

وەرزینە جۆراوجۆرەکان، بەتایبەتی زۆرخانە پێشکەوتوو بوو، بۆ ئەم مەبەسە عومەر ئاغا سالۆنێکی بۆ مەبەسی زۆرخانە دروست کردبوو. کلۆدیۆس ڕیچ دەڵێ: ئەو مەشقە نایابانەی لەوێ دەکرا، لەو مەشقانە کەمتر نەبوون کە لە شیراز دەکران.

جگە لە زۆرخانە شیربازی و خەنجەر وەشاندن و تاقیکردنەوەی هێز و توانای لەش و ماسوولکەکان و زۆرانبازی لە هونەرەکانی وەرزین بوون.

هونەری دەرهێنانی دەسنووس لە ناوچەی سلێمانی لەکن فەقێ و مەلاکان پێشکەوتوو بوو، لێرەدا مەبەس لە دەسنووس تۆمارکردنی زانستییەکانی زمانی عەرەبی و ئایینی ئیسلامی نییە کە زاناکانی کورد لەم لایەنەوە کاری زانستی بەنرخیان هەیە، بەڵکو دەرهێنانی هونەری دەسنووسەکەیە، بەتایبەتی لەو کتێبانەی ناوەرۆکەکانیان چەند پەراوێزێکیان هەیە، هەر پەراوێزەی بریتییە لە کتێبێکی سەربەخۆ، لە ئەنجامدا هەموو لاپەڕەیێکی دەسنووسەکە بەجۆرێک دابەش دەکرێ جێی هەرسێ یا چوار کتێبەکەی لێ ببێتەوە. ئیتر داهێنانی هونەری بەرزی نووسەری دەسنووسەکە لە ئەندازیاریی بیناسازییەوە مۆزاییکێکی جوانی هونەراوی دەخاتە ڕوو، ئەوەی زیاتریش ڕەونەق بەدەسنووسەکە دەدا خەتخۆشی خاوەنەکەیەتی. لەم ماوەیەدا نموونەیێک لەم هونەرە جوانە بڵاو دەکەینەوە.



لاپەڕەیێک لە دەسنووسی (الشرح الشمسیە فی علم المنطق) بەدەست و قەڵەمی کەسێکی کورد مستەفا کوڕی ئەحمەد لەناوچەی ئالان لە ڕۆژی پێنج شەمووی ١ی شەوالی ١٢٨٣ی هیجری (بەرامبەر بە ٦ی شوباتی ١٨٦٧ مەسیحی) لە نووسینی دەسنووسەکە بۆتەوە.

بەشی سێیەم

بزووتنەوەی سۆفیزم لە میرنشینی باباندا

سۆفیزم چییە؟

زانستی فەلسەفە لە سەرەتادا بۆ ئەوە پەیدا بووە بەشوێن کردگارا بگەڕێ تا دەیدۆزێتەوە، ئەمە کارێکی عەقلّی و لۆجیکییە، بەلاّم بێ گومان ئەگەر سۆفیزم لەگەلّ زانستی فەلسەفە سەری هەلّنەدا بێ لە دوای ئەو پەیدا بووە و بەهیچ جۆرێ پێش ئەو نەکەوتووە.

ئەگەر فەلسەفە لەگەلّ عەقلّ و لۆجیک قسە بکا لەو کاتەی لە کردگار دەگەڕێ، سۆفیزم بەدوای خەیالّ دەکەوێ بەدلّ و بەگیان لە کردگار نزیک دەبێتەوە لەدوای بڕینی چەند قۆناغێک بەخەون، لەدوا قۆناغدا دەگاتە کردگار و تێکەلّی دەبێ و دەبن بەیەک.

مەسەلەی دۆزینەوەی گیانی کردگار لە قالّبێکی مەتریالیدا کۆنە، لە هەندێ لە ئایینە ئاسمانییەکانی وەکو مەسیحی بەدی دەکرێ، هەروەها لە هەندێ لە ئایینەکانی دیکەی ڕۆژهەلاّتدا وەکو ئایینی هیندۆسی و زەردەشتی و مانەوی و هەندێکی لای خۆمان وەکو ئێزدی و ئەهلی هەقی یارسان.

سۆفیزم لەدوای بلاّوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بەئاشکرا لای یارسانانی کورد دیار بوو، لای ئەوان یەکێتی کردگار و ئادەمزاد بوو. لێرەدا ئەم جۆرە سۆفیزمە بوو بەئایین، بەناوی ئایینی ئەهلی هەقی یارسان.

لەناو کۆمەلّی عەرەب لەدوای بلاّوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، هەر لە دەوروبەری سەردەمی پێغەمبەرەوە دیاردەی (زوهد) لە کۆمەلّی ئیسلامیدا پەیدا بوو، ئەم بزووتنەوەیە ڕێی خۆش کرد بۆ سۆفیزم وەک ئیدیۆلۆجییەتێکی تیۆری، لەو کاتەی لە تیۆرییەوە بوو بەپراکتیک لەگەلّ پراکتیککردنی شەریعەتی ئیسلام لە لایەن

د. مارف خەزنەدار. ب٣ (٣)

دەستــە و دایەرەی خـەلیفـەکـانەوە لەدوای ڕاشـیـدین و ئومـەوی تا ســەردەمی فـەرمـانڕەوایی عـەباسـییەکـان لە بەغدا وەک بزووتنـەوەیێکی فـیکری و ئـیدیۆلۆجی لەناو کۆمەڵدا بڵاو بووەوە.

ئەوەی ئاشکرا و زانراوبێ ئەوەیە دۆزینەوەی کـردگار مـەبەسـی سـۆفیەکـان بوو، بەڵام ئـەوەی نـهــێنـی و نەزانـراو ئەوە بـوو ســۆفــیــزم شــۆرشــێک بـوو لە دژی فـەرمـانڕەوایی بیـرۆکراتی و تۆتالیـتـاری خـەلیفـەی بەغدا لەسـەر بنچینەی ئەوەی شـەریعەت بڕیاری خودای دەستنیشـان کردووە لە ئەزەلەوە تا ئەبەد، بەڵام سۆفیزم باوەڕی بـەتازەکـردنـەوە و داهێنان هـەبوو، لەبـەر ئەوە وەک ڕێبــازێکی فــەلســەفی کەوتە ناوەوە.

خـەلیفـە و لایەنگرانی شـەریعـەت واتە مـەلا و زانایانـی ئایین کـە دەمـڕاسـتی خـەلیفە بوون دەستـیان بە بەربەرەکـانییێکی ئەوتۆی سـۆفیـزمی ئیسلامی کـرد تا گـەیشـتـە ئەوەی سـۆفـیـیـەکـان بکوژن و پێسـتـیـان بگروون و سـەریان لە دەروازەی شــاردا هەڵواسـن، ئەمــە بووە هۆی ئـەوەی سـۆفـیـیـە گـەورەکـان ڕێکخـراویان (تەریقەتیان) بکەن بەنهێنی.

سـۆفـیـزم وەک بزووتنەوەیێکی ئـیدیۆلۆجی پراکـتیکی دوای ئەوەی بەرهـەمـێکی ئەدەبی بەرزی عـالەمی هێنایە کایەوە لە جـمـوجۆڵی کـەوت و وەک تیـۆرییێک لەناو لاپەڕەکانی کـتێب مـایەوە. ئەمـە مـاوەیێکی لەبار بوو بۆ خـەلیـفـە و کـاربەدەست و مـەلاکـانی پارێزەری شـەریعەت بزووتنـەوەکە بکەن بـەداردەست و لەگەڵ شـەریعـەت بیگونجێنن، کەچی سـۆفیزم (تەریقەت) لەگـەڵ (شـەریعەت) لە حەقیـقەتدا دوو شتی جیـاوازن. بەم جـۆرە ئەم دوو شـتـەی پێچـەوانەی یەکـتری بوون، تێکەڵ بەیەکـتری کران. زۆر ئاسـایی بوو پارێزەری ئایینی ئیسـلام (مـەلا) ببێ بە(شـێخ)یش، واتە مەلایەتی وەک ڕێبـەری شـەریعەت و شـێخیەتی وەک ڕێبەری تەریقـەت لە یەک کەس کۆبووەوە کە مەلایە.

ئێمـە ئەم جـۆرە سـۆفـیـزمـەمـان ناو ناوە (دەروێشـیـزم)، ئەمـە لایـەنی ڕەشـبـینی (سـەلبی) سۆفـیزم دەخاتە پراکتیکەوە، لە ڕێکخراوی جیاوازدا خـۆی پیشان دەدا، بەناوی ئەو شێـخانەی بەرنامەیان داناوە بۆ ڕێکخراوەکانیان، وەکو تەریقـەتەکانی ریفاعی، خەلوەتی، شازلی، قادری، نەقشبەندی... هتد.

ئەم دەروێشـیـزمـە بـوو بەداردەست لە لای دەسـەڵاتی هەمـوو ئەو دەوڵەتانەی بەناوی ئیسلامەوە فەرمانڕەواییان کردووە لە ڕۆژگارانی خەلافەتی عەباسییەوە تا عوسمانی و سەفەوییەکان و تا ئێستاش باوی ماوە. دەسەڵاتدارانی وڵاتە موسوڵمانەکان بۆ بەرژەوەندی کاربەدەستان و چینەکانی سەرەوە بەکاری دێن. ئەم بەکارهێنانە موتلەق نییە، بەکەسێتی شێخی تەریقەتەکە (سەرۆکی ڕێکخراوەکە) دەگۆڕێ. لای ئێمە لە کوردستان پێویستە هەڵسوکەوتی هەر تەریقەتێک لە سەردەمێکی دیاریکراودا لێی بکۆڵرێتەوە و بڕیاری لەسەر بدرێ.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم ڕێکخراوی سۆفیزم بەشێوەی دەروێشیزم لە سلێمانی پەیدا بوو. بێ گومان پێش ئەو ڕۆژگارە سۆفی لە کوردستاندا بووە، وەکو لە بەرهەمی شاعیرانی کوردی پێش سەدەی نۆزدەم دەردەکەوێ، بەڵام ڕێکخراویان نەبووە، لەوانەیە شێخێک باوەڕی بەتەریقەتێکی سۆفیزمی بووبێ و چەند مرید و دەروێشێک لە دەوری کۆبووبنەوە، یا مەلایێکی کورد دوور بەدووری خۆی بەدەروێشی یەکێ لە شێخەکانی دەرەوەی کوردستان زانیبێ، بەڵام وەک لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە بزووتنەوەی دەروێشیزم وەکو ڕێکخراوێک لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا بەناوی تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندی لە سلێمانی دروست بوو.

تەریقەتی قادری

کە دەبینین تەریقەتی قادری زۆر جێگەی ئاسیا و ئەفەریقای گۆی زەوی گرتۆتەوە، پێویستە شێخ عەبدولقادری گەیلانی بناسین چونکە ئەو تەریقەتەکەی داهێناوە، بۆ بڵاوبوونەوەشی لە ناوچەی سلێمانی و لە پاشانا لە هەموو کوردستاندا پێویستە ئاگاداری بەسەرهاتی شێخ مارفی نۆدێ بین.

دامەزرێنەری تەریقەتی قادری ناوی عەبدولقادری کوڕی ساڵحی کوڕی محیەدینە، لە ساڵی ١٠٧٧م لە گوندی نایف لە ناوچەی گەیلان لە باشووری زەریای قەزوین لەدایک بووە و بەنەژاد بنەماڵەی سەر بەیەکێ لە میللەتانی ئێران بووە، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا لە ساڵی ١٠٩٥م بۆ خوێندن ڕووی کردۆتە بەغدا، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی حوجرەی تەواو کردووە، لە دوایيدا ژنی هێناوە و ئینجا چووە بۆ حەج.

له ساڵی ١١٣٠م تەریقەتی سۆفیزمی له ئەبولخەیر محەمەد وەرگرتووە و شێخەکەی نازناوی (بازی ڕەش) (الباز الأشهب)ی پێ بەخشیوە. لەدوای ئەوە دەستی کردووە بەوەعز و ئیرشاد. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گوێگرانی بەژمارە زۆرتر دەبوون، ڕەمزی دیاری تەریقەتەکەی لەبەرکردنی جلی شڕی کۆنە بوو، لەبەر ئەوە دەروێشەکانی بە(خەرقەپۆش) ناسرابوون. نێوەندی ئیرشاد و وەعزی سۆفیزم و شەریعەتی شێخ عەبدولقادر لە تەکیەیێک بوو لە دەرەوەی شار، تا لە ساڵی ١١٣٣م تەکیەیێکی بۆ بینا کرا خۆی بەڕێوەی دەبرد و لە ڕۆژانی هەینی و ئێوارانی دووشەموو خوتبە و وەعزی بۆ خەڵکی دەدا و لە ڕۆژانی یەکشەمووانیش لە مزگەوت خەریکی ئیرشاد دەبوو.

هەندێ لە قوتابی و مریدانی شێخ عەبدولقادر گەیشتنە پلەی وەزیری دەوڵەت و والیی ویلایەت، لەناو خەڵکی ڕێزی لێ دەنرا و هەندێ جار خەلیفە و وەزیر و والییەکان پرسیان پێ دەکرد و گوێیان شل دەکرد بۆ ئامۆژگارییەکانی.

شێخ عەبدولقادر نووسینی زۆرە، کتێبەکانی لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی تیۆرییەکانی سۆفیزم دەدوێن، بەتایبەتی تەریقەتەکەی خۆی. دەم لە سەختترین مەسەلەکانی شەریعەت دەدا بۆ ئەوەی لەگەڵ تەریقەتی سۆفیزم بیانگونجێنێ.

لە سەرچاوەکاندا ئەوە هاتووە کە شێخ عەبدولقادر چل و نۆ منداڵی بووە، بەڵام ئەو زانیارییەش لە ناوەوەیە گۆیا ئەوانەی دیارن و ناویان لە ناوەوەیە پازدە کوڕن.

شێخ عەبدولقادر هەموو ژیانی لە بەغدا بردۆتە سەر و لە ساڵی ١١٦٥م هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە و لە مزگەوتەکەی خۆیدا نێژراوە. ئەو گەڕەکەی مزگەوت و ئارامگای شێخی لێیە لە بەغدا ناوی (بابولشێخ)ە. مزگەوتەکە ئێستا نێوەندێکی ئایینی و سۆفیزمی گەلێک گرنگە، حوجرەی خوێندنی زانستییەکانی زمانی عەرەبی و ئایینی موسوڵمانی تێدایە لەگەڵ نامەخانەیێکی گەورە، خوتبەی شەریعەتی ئیسلام و زیکر و تەهلیلەی تێدا دەکرێ، لە هەموو لایێکی گێتیی ئیسلامی سەر ڕووی زەوی دەروێش و مریدی تەریقەتی قادری بۆ پیرۆزی ڕووی تێ دەکەن.

شێخ مارفی نۆدێ تەریقەتی قادری بۆ یەکەمین جار وەکو ڕێکخراوێک لە کوردستانا دامەزراند، ئەم زانا گەورەیە ناوی محەمەد مەعرووف لە نەوەی شێخ

محەمەدی نۆدێیە. باپیری سێزدەمی سەید عیسا بەرزنجی کوڕی سەید بابا عەلی هەمەدانییە، لەوێوە هاتووە بۆ شارباژێڕ و تێیدا ژیاوە. شێخ مارف لە ساڵی ١٧٦٦م لە گوندی نۆدێی شارباژێڕ لەدایکبووە. سەرەتای خوێندنی لە قەلاچۆلان و لەدواییدا لە هەزارمێرد بووە، زانستییەکانی ئایینی ئیسلامی لەسەر دەستی مەلا محەمەدی ئیبنولحاج وەرگرتووە، پێوەندی لەگەڵ زانای گەورە و ناودار مەلا عەبدوڵلای بێتووشی بووە.

جگە لە کتێبێکی یەکجار زۆر لە زانستییەکانی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی لە شیعر و ئەدەبی عەرەبیشدا بالادەست بووە. بەشێکی زۆر لە دانراوەکانی بەهۆنراوەن، لەوانە فەرهەنگۆکی (ئەحمەدی) هەیە بریتییە لە هەندێ وشەی کوردی لەگەڵ وەرگێرانی عەرەبی، لە بنجدا ئەم کتێبەی بۆ کاکەحمەدی کوڕی داناوە بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببێ.

شێخ مارفی نۆدێ لە ساڵی ١٨٣٦م لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لەسەر گردێک نێژراوە لە دواییدا بەناوی گردی شێخ مارف ناسراوە.

بێ گومان دەتوانین شێخ مارفی نۆدێ لە سلێمانی بەدامەزرێنەری یەکەمی تەریقەتی قادری دابنێین لە ڕووی تیۆرییەوە، هەروەها دەستێکی بالای بووە لە پەرەسەندنی تەریقەتەکە لە ڕووی پراکتیکەوە، لە دواییدا ڕێکخراوی قادری بوو بەدەسگایێکی لێکۆڵینەوە لە شەریعەت و تەریقەت و خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەوە. شێخ مارف ئەم هەموو سامانە گیانی و ڕۆشنبیرییەی بۆ کاکەحمەدی شێخی کوڕی بەجێ هێشت، ئەمە و هاودەم لەگەڵ زیرەکی خۆی کاکەحمەد بوو بەگەورەترین ڕێبەری تەریقەتەکە لە کوردستاندا و پلەی ڕێزلێنانی گەیشتە پلەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە.

کاکەحمەدی شێخ کە بەحاجی کاکەحمەدیش ناسراوە، ناوی ئەحمەد و کوڕی شێخ مارفی نۆدێیە، لە ساڵی ١٧٩٢م لە سلێمانی لەدایکبووە، لای شێخ مارفی باوکی خوێندنی تەواو کردووە، وەک زانایێکی پێشکەوتوو ناوبانگی لە گێتیی ئیسلامیدا دەنگی داوەتەوە. کە سوڵتان عەبدولحەمید بەمەی زانیوە ئارەزووی ئەوەی کردووە چاوی پێی بکەوێ، بەلام بۆی نەکراوە ڕوو بکاتە ئەستەموول، لەباتی خۆی سەید محەمەدی مفتی ناردووە وەک نوێنەرێکی.

له جەنگی عوسمانی و ڕووس له ساڵانی ١٨٧٥-١٨٧٦م کاکەحمەد هێزێکی له مرید و دەروێش و پیاوانی خۆی بەسەرۆکایەتی شێخ سەعیدی کوڕەزای نارد بۆ جیهاد، واته شەڕی نێوان گاوور و موسوڵمانان، ئەنجامی ئەمە ئەوە بوو سوڵتان پێنج گوندی دەستنیشان کرد بۆ خەرجی پێشکێشی بکرێ.

کاکەحمەد له زانستییەکانی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی بێ هاوتا بوو، نووسینی بەزمانی فارسی و عەرەبی بوون، بەڵام زیاتر وەک ڕێبەرێکی تەریقەتی قادری ڕێزی لێ دەنرا و تەماشا دەکرا، لایەنی سۆفیزمییەکەی بەسەر لایەنی مەلایەتییەکەیدا زاڵ بوو.

کاکەحمەد له ساڵی ١٨٨٧م له تەمەنی سەرووی نەوەد ساڵی له سلێمانی کۆچی دوایی کرد و له مزگەوتی گەورە بەخاک سپێررا، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئارامگای کاکەحمەد زیارەتگای خەڵکی سلێمانی و دەرەوەی شار و هەندەرانه و کاکەحمەد بووە بەجەوهەرێک له جەوهەرەکانی بوونی نەتەوایەتی کورد.

تەریقەتی نەقشبەندی

دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندی که هەموو گێتیی ئیسلامی گرتۆتەوە شێخ محەمەدی نەقشبەندییە. بۆ یەکەمین جاریش دامەزراندنی تەریقەتەکە یا تازەکردنەوەی؛ وەکو خۆیان دەڵێن له کوردستاندا لەسەر دەستی شێخ خالیدی شارەزووری نەقشبەندییە.

جاری بەسەرهاتی دامەزرێنەر.

شێخ محەمەد کوڕی محەمەد بەهائەدینی بوخارییە، لەبەر ئەوە نازناوی (نەقشبەند)ی دراوەتێ چونکه له ڕووی هێزی ڕووحییەوە توانای ئەوەی بووە وێنەی بەڵگەی زانستی ئیلاهییات بکێشی، واته ئەو بەڵگانه لەناو دڵدا بنەقشێنێ.

شێخ محەمەدی نەقشبەندی که بەشای نەقشبەندیش ناسراوە له ساڵی ١٣١٧م له گوندی (کۆشکی هیندوان) له نزیک شاری بوخارا لەدایکبووە. له تەمەنی هەژدە ساڵیدا سەرەتا و دەستوورەکانی سۆفیزمی له محەمەد بابا ساماسی وەرگرتووە، له گوندی ساماس که له نزیک بوخاراوە بووە.

لەپێش ئەو سەردەمە بەپێی دەستوور و نەریتی محەمەد بابا ساماسی زیکر و

تەهلیلە بەئاشکرا و دەنگی بەرز دەکرا، لەو کاتەدا شێخ محەمەدی نەقشبەندی مریدی شێخی خۆی ساماسی بوو، بەپێی ئەمە لەدوای مردنی خۆی بوو بەخەلیفە و جێگری.

شێخ محەمەدی شای نەقشبەند لە پاش مردنی شێخی ڕێبەری ڕووی کردە سەمەرقەند، لەدوای ماوەیێک چوو بۆ بوخارا، لەوێ زۆر نەمایەوە و گەڕایەوە گوندەکەی خۆی، ئینجا ماوەی چەند ساڵێک خەریکی وەرگرتنی سلووک و دابونەریتی تەریقەت بوو، لەدوای ئەمە لە سوڵتان خەلیل نزیک بووەوە، ئەم سوڵتانە داوای سەڵتەنەتی دەکرد و لە سەمەرقەند دادەنیشت.

لەپاش سەرنەکەوتنی سوڵتان خەلیل و بێ بەش بوونی لە فەرمانڕەوایی سەڵتەنەت، شای نەقشبەند لە ساڵی ١٣٤٦م ڕووی کردە گوندی زوارتون لە نزیک شاری بوخارا، خەریکی کاری کۆمەلایەتی و گوزەرانی خۆی و خەڵکی بووە، تا گەیشتۆتە ئەوەی ماوەیێکیش خەریکی کردنەوە و چاککردنی ڕێگەوبان ببێ. شای نەقشبەند پێش مردنی گەڕاوەتەوە دێی خۆی و لەوێ لە ساڵی ١٣٨٨م کۆچی دوایی کردووە و لە گوندی باوەدین نێژراوە، ئەم گوندە لە نزیک شاری بوخاراوەیە.

شێخ خالیدی شارەزووری نەقشبەندی یەکەمین کەس بوو تەریقەتی نەقشبەندی وەکو ڕێکخراوێک هێنایە کوردستانەوە. شێخ خالید دامەزرێنەری ئەم تەریقەتەیە لە ناوچەی سلێمانی و هەموو کوردستان، کوڕی کەسێکە لە تیرەی مکاییلی عەشرەتی جاف، نازناوی زیائەدینە، لە ساڵی ١٧٧٩م لە قەرەداغ لەدایکبووە، زانستی ئایینی لە زانا گەورەکانی ئەو سەردەمە لە قەرەداغ و سلێمانی و شاری سنەی ئەردەلان وەرگرتووە، لە ساڵی ١٨٠٥م چووە بۆ حەج بەڕێگەی مووسڵ و شام، لە دوای حەج گەڕاوەتەوە سلێمانی.

لە کاتێکدا میرزا ڕەحموڵڵا کە بەدەروێش محەمەد خۆی بەخەڵکی ناساندبوو لە سلێمانی پەیدا بوو، ڕێگەی بۆ شێخ خالیدی شارەزووری خۆش کرد و شێخ بەڕێبەری ئەو و لەگەڵیدا لە ساڵی ١٨٠٧م ڕووی کردە هیندستان بۆ لای شا عەبدوڵڵای دهلەوی، ئەمە یەکێک بوو لە شێخە گەورەکانی تەریقەتی نەقشبەندی لە هیندستان.

شـێخ خـالیـد سـاڵێک لای شـا عـەبدوڵڵا مـایەوە، لەو مـاوەیەدا هـەمـوو پێویستییەکانی وەرگرتنی تەریقەتی بەجێ هێنا و لەسەر دەستی شا عەبدوڵڵا تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرت و ڕێی بۆ خۆش بوو ببێ بەمورشید و شێخی تەریقەتەکە و ڕێکخراوی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا دابمەزرێنێ. لە ڕێی گەڕانەوەیدا بۆ سلێمانی شێخ خالید لای دایە شاری سنە و ماوەیێک خەریکی بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە بوو، توانی مامۆستای خۆی شێخ محەمەد قەسیم بێنێتە سەر تەریقەت و بیکا بەمورشید لەو ناوچەیەدا، ئەوجا هاتەوە سلێمانی، بەڵام زۆر نەمایەوە و ڕووی کردە بەغدا، ماوەیێکیش لەوێ ژیانی بردە سەر، ئینجا هاتەوە سلێمانی و دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی تەریقەت، خەڵکی لە دەوریدا کۆبوونەوە، چونکە باوەڕیان بەبیر و بۆچوونەکانی هەبوو.

کە کەسایەتی شێخ خالید زیاتر بڵند بووەوە بەهۆی ئەوەی هەندێ مرید و سۆفی کردیان بەشێخی خۆیان، دەروێشی قادری لێی کەوتنە تەقە، ناخۆشی کەوتە ناوەوە. لەو ماوەیەدا شێخ مارفی نۆدێ بەهێزتر بوو، ئیتر شێخ خالید بەناچاری سلێمانی بەجێهێشت و بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ. لەو سەردەمەدا مەحموود پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە بەغدا بوو، تکای لە شێخ خالید کرد بگەڕێتەوە سلێمانی، بەقسەی ئەو گەڕایەوە و خانەقایێکی بۆ دروست کرد و کەوتە ئیرشاد. تەریقەتەکە پەرەی سەند، مرید و سۆفی زۆر بوون، ئەمە بووە هۆی ئاژاوە و دوژمنکاری لەنێوان زانایانی ئایینی و خوێندەواران. میرەکانی بابان و دەوڵەمەند و کاربەدەستان و خەڵکی ناوشار بوون بەدوو بەرە بەپێی بەرژەوەندی و چاکەی کەسایەتی، تا وای لێ هات هەوڵی کوشتنی شێخ خالید بدرێ. لەو سەردەمەدا مەحموود پاشا نێوانی لەگەڵ والی بەغدا خۆش نەبوو، هەروەها حەزی بەوە نەدەکرد شێخ خالید بەدەسەڵات و دەستڕۆیشتوو بێ، سەرەڕای ئەمانە دووبەرەکی نانەوە لەناو کۆمەڵی میرنشینی بابان جێی ڕەزامەندی خەڵکی شار و میرەکانی بابانیش نەبوو. ئیتر شێخ خالید هەستی بەوە کرد ناتوانێ بەرهەڵستی ئەم دژایەتییە بکا و لەو هێرش و هەڵمەتە خۆی بپارێزێ. ناچار بوو بەیەکجاری سلێمانی بەجێ بێڵێ و ڕوو بکاتە بەغدا، لەوێ لە خانەقای خالیدی دادەنیشێ و شێخ ئەحمەدی ئەربیلی دەنێرێتە شام بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی تەریقەتی نەقشبەندی.

وا دەردەکەوێ قادرییەکان بەغداشیان بەنزیک دەزانی پێیان خۆش نەبوو لەوێ بژی، لەبەر ئەوە لەوێش سەغڵەتیان کردبوو و بۆی نەدەکرا بەئاسوودەیی بژی، بۆیە بەغدای بەجێ هێشت و بەرەو شام کەوتە ڕێ و لە شاری دیمەشق نیشتەجێ بوو. لە پاش ماوەیێکی کەم بەنەخۆشی ڕشانەوە لە ساڵی ١٨١٣م کۆچی دوایی کرد.

شێخ خالید دەستی شیعری هەبوو، نازناوی شیعریی (نووری) بوو، شیعری فارسی زۆر بوو، لە پلەیێکی بەرزدا بوو، بەڵام شیعری کوردی (دیالێکتی گۆرانی) زۆر کەم بوو و لە پلەی شیعرە فارسییەکانیدا نەبوو. ئەو بناغەیەی شێخ خالید بۆ تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا دروستی کرد زوو پەرەی سەند لە هەموو ناوچەکاندا مورشید و مرید و سۆفی پەیدابوون، ئەگەرچی خۆشی ماوەیێکی کەم لە کوردستان مایەوە.

لەدوای شێخ خالید نێوەندی ئیرشادی نەقشبەندی لە هەموو کوردستاندا بڵاو بووەوە، بەڵام نێوەندی هەرە گرنگی تەریقەتەکە لە بیارە و تەوێڵە بوو. مریدە هەرە دیارەکانی ئەمانە بوون: شێخ عوسمانی تەوێڵە (سەراجەدین) (١٧٧٥م–١٨٦٧م)، شێخ محەمەدی تەوێڵە (بەهائەدین) (١٨١٩م–١٨٨٠م)، شێخ عومەری تەوێڵە (زیائەدین) (١٨٣٩م–١٩٠٠م).

کاریگەری دەروێشی لە ژیانی کۆمەڵایەتی – سیاسیدا

لە شاری تازەی سلێمانی کۆمەڵێکی مۆدێرن پەیدا بوو، خۆی لە شێوەی دەوڵەت پیشان دەدا، دەسەڵاتی سیاسی بەدەست پاشاکانی بابانەوە بوو، دەسەڵاتی ئایینی بەدەست شێخ مارفی نۆدێیەوە بوو، شێخ مارف زانایێکی ئایینی ئەوەندە پڕ زانستی بوو، کەس نەیدەتوانی خۆی لە قەرەی بدا، یا بەربەرەکانی بکا، ئەویش ڕێگەی ئەوەی نەدەدا کەس خۆی وەک ئاوزەی ئەو یا لەو گەورەتر حسێب بکا.

لەنێوەندی مەلایانی ئایینی ئیسلامی لەو سەردەمەدا لە سلێمانی بیروڕا و بۆچوونی پێچەوانە لە ناوەوە نەبوو لە بابەت پراکتیککردنی تیۆرییەکانی ئایینی ئیسلام (شەریعەت)، چونکە ئەو مەلایانە بەئایینزا هەموویان سوننی بوون؛ زیاد

لەسەر ئەمە پێڕەوی مەزهەبی شافعییان دەکرد، لەبەر ئەوە چەندوچوون لەم مەیدانەدا نەبوو، ئەوە نالێم یەک دوو مەلا لەوانە بوو بکەوتنایە زۆرانبازی لەسەر ئەوەی کامەیان لە ئەوی دیکە مەلاترە.

لەو ڕۆژگارەدا تەنیا لە بیروڕا و بۆچوونی سۆفیزمدا دەتوانرا دووبەرەکی بکەوێتەوە، بۆیە شێخ مارفی نۆدێ بەناوی تەریقەتی قادرییەوە ڕێگەی نەدەدا لە دەسەلاتی ئایینیدا یەکێکی تر ئاوکوفی بێ یا موونافەسەی بکا، لەبەر ئەوە کارێکی ئاسایی بوو کە شێخ خالید لە سلێمانی ویستی بەرامبەر بەشێخ مارف بچێتە مەیدانەوە شێخ ڕێگەی پێ نەدا. وە ئەوەی بووە هۆی سەرکەوتنی ئەوە بوو شێخ مارف بناغە و بنکەیێکی بتەوی لە سلێمانی هەبوو وەک مەلایێکی گەورە و شێخێکی تەریقەتی قادری و سەییدێکی ئەولادی پێغەمبەر بەئاسانی جێی لەق نەدەکرا، ئیتر شێخ خالید ناچار بوو سلێمانی بەجێ بێلێ بەرەو بەغدا بەڕێ بکەوێ لەوێشەوە بۆ شام.

لە پاش دەرچوونی شێخ خالید لە سلێمانی و نیشتەجێبوونی لە شام و لە دوای ماوەیێکی کەم کۆتایی هاتنی ژیانی بەمەرگێکی لەپڕ تەریقەتی نەقشبەندی لەناو نەچوو، بەپێچـــەوانەوە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بابانەکان لە سلێمانی خانەقای شێخ خالید (لە دواییدا بەخانەقای مەولانا ناوبانگی دەرکرد) بوو بەنێوەندی ئیرشادی تەریقەتەکە، مەسەلە تەنیا سلێمانی نەبوو هەموو کوردستانی گرتەوە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییان لە سلێمانی دەسەلاتی سوڵتان ڕێزی لە هەردوو تەریقەتەکە دەنا و یارمەتی دەدان لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆی، بەلام هەر چۆنێ بێ دەسەلاتی عوسمانی لە مورشیدانی کاکەحەمەدی شێخەوە نزیکتر بوو، ئەم حاڵەتە لە ئەنجامی بیروباوەڕێکی ئایینییەوە ڕەنگی لە سیاسەتی هەڵسان و ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود دابووەوە لە دژی ئەمپریالیستی بەریتانی.

تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لە سەردەم و جێگە و ناو میللەتانی جیاواز پەیدابوون، بلاوبوونەوە و پەرەسەندنیان ماوەیێکی زۆری خایاند، لە حەوسەد ساڵەوە تا هەزار ساڵێک.

تەریقەتی نەقشبەندی لە ئاسیای ناوەڕاست لە ولاتی ئەودیو ڕووبار (ما وراء

النهر) یا خاکی توورانیان لەناو تورک و مەغۆل پەیدا بوو لە پاشانا هەموو ئێرانی گرتەوە، لە دواییدا گەیشتە ولاتی گەورە و فراوانی هیندستان کە لە پێشانا سەدان ساڵ هۆڵەندە و ئینجا فرەنسە و ئەوجا ئینگلیز فەرمانڕەواییان تێدا کردووە، بەمەش نەوەستا لە هەموو گێتیی ئیسلامدا بڵاو بووەوە. تەریقەتی قادری کەسێکی ئێرانی لە ناوچەی گەیلانی نزیک زەریای قەزوین دروستی کرد و لەوێوە سەری هەڵدا، بەڵام شێخ عەبدولقادر لە بەغدا گەورە بووە و هەموو ژیانی لەوێ بووە و هەر لەو شارەشدا کۆچی دوایی کردووە. ماوەی زیاتر لە چوارسەد ساڵ مزگەوت و تەکیەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەژێر سەرپەرشتی سوڵتانەکانی عوسمانی بووە. گەلێ سەراودەراوی دیوە بەناوی دووبەرەکی سوننە و شیعەوە. لە جەنگەکانی نێوان ئێرانییانی سەفەوی و قاجار لە لایێک و عوسمانی لە لایێکی دیکەوە بەناوی ئایینزاوە مزگەوت و تەکیە ڕووخێنراوە، ئازاری ئارامگە دراوە.

بەسەرهاتی ئەو دوو تەریقەتە گەلێ نەریتی تایبەتی دروست کردووە، هەریەکەیان قاڵبێکی وای گرتووە، ئەدگارێک دەخاتە ڕوو تایبەتییە بەخۆی، لەبەر ئەوە بەدرێژایی مێژوو لە کاتی دیاریکراودا بگرەوبەردە و گیروگرفت کەوتۆتە نێوانیانەوە، گەلێ جاریش لە لایەن زلهێزەوە بەکارهێنراون بۆ بەرژەوەندی خۆیان، ئەمانە هەموو دەوڵەتە موسوڵمانەکان دەگرنەوە، لە عەباسییەکانەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە شای عەجەم و سوڵتانی عوسمانی و لە دواییدا زلهێزە ئەوروپاییەکان لەم دووسەد ساڵەی دواییەدا، واتە سەدەی نۆزدەم و بیستەم.

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێکخراوەکانی تەریقەتی قادری لە کوردستاندا بەزۆری لەناو شارەکاندا بەرچاو دەکەون، بەپێچەوانەوە نەقشبەندی زیاتر لە گوند و دێهات و ئاوەدانییە کشتوکاڵییەکاندا لەناوەوەن. هەریەکە لەو دوو تەریقەتە زاراوەی خۆیانیان هەیە بۆ ناوی پەرستگا و ناوی ئەندامی ڕێکخراوەکانیان، بۆ بەڵگە لای قادرییان بەجێی کۆبوونەوەیان دەڵێن (تەکیە)، بەئەندامی ڕێکخراوی تەریقەت دەڵێن (دەروێش)؛ نەقشبەندی بەجێی کۆبوونەوەیان دەڵێن (خانەقا)، بەئەندامی ڕێکخراوی تەریقەتیان دەڵێن (سۆفی).

ئەم وردە دیاردانە ئەگەرچی زۆر گرنگ نین بەڵام دەوریان هەیە لە دوورخستنەوەیان لە یەکتری.

لە کۆمەڵی کوردەواریدا مەرج نییە هەموو کەسێک دەروێش یا سۆفی بێ، تەریقەتی لەسەر دەستی شێخێک وەرگرتبێ. دەروێش و سۆفی خاوەن ئیجازە ئەوانەی مارگریان پێ دەڵێن ژمارەیان کەمە و بەزۆری نەخوێندەوار و بێ سەوادن، بەڵام ئەو کەسانەی هەر بەناو سەر بەتەریقەتن لە کۆمەڵی کوردەواریدا ژمارەیان زۆرە. ئەمانە پێڕەوی نەریت و شەعائیری تەریقەت ناکەن، بەڵام لەبەر هەر هۆیێک بێ: خزمایەتی، برادەرایەتی، هاوسێیێتی، خۆشویستنی شێخێک خۆیان لە تەریقەتێکی دەروێشیزم نزیک دەکەنەوە و لارییان لەوە نییە خەڵکی بەدەروێش یا سۆفی بیانژمێرن.

لەگەڵ ئەوەشدا کەسی وا هەیە بەئارەزوو لە پێناوی سوود و چاکە و بەرژەوەندی خۆی لە هەردوو تەریقەتەکە نزیک دەبێتەوە، ئیجازەی هەردووکیان لەسەر دەستی شێخێکیان وەردەگرێ.

تەریقەتی قادری هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆی هەیە لە شاعائیری کۆبوونەوە و زیکر و تەهلیلە و یاهوو، ئەمانە بەپێچەوانەی نەقشبەندییان زیکر و تەهلیلەیان ئاشکرایە، وەکو حاڵگرتن و ئاگرخواردن و زەرگ وەشاندن، جگە لەمە ئەندامی ڕێکخراوی قادرییان ڕدێن و سمێڵ و پرچ بەردەدەنەوە، بایەخ بەجلوبەرگ نادەن، ژیانیان درشتە، خواردنیان ساکار و کەمە.

دەتوانین بڵێین لە کوردستانا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی دەوری بالآیان بوو لە ژیانی سیاسی – کۆمەڵایەتی. کردەوەیان لایەنی چاکە و خراپەی بووە، تا ئێستاش ئەم تەریقەتانە دەوری کۆمەڵایەتی و سیاسییان ماوە، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە کەم بۆتەوە.

ڕەنگدانەوەی سۆفیزم لە ئەدەبدا

کارکردنی سۆفیزمی کوزمۆسی بەگشتی و سۆفیزمی ئیسلامی بەتایبەتی لە ئەدەبی کوردیدا لە سێ شێوەدا دەبینرێ، ئەمانە ئەگەرچی لە ئەنجامی

بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی سۆفیزمدا هاتوون، بەڵام جیاوازییەکی تەواو لە ڕووی هونەری و ئیستێتیکییەوە لە نێوانیاندا هەیە.

١- شیعری سۆفیزم (عیرفانی)

ئەم جۆرە شیعرە لووتکەی داهێنانە، ئیلهام لە (یەکێتیی بوون) وەردەگرێ بەڕێگەی ڕەمز و هەناسەی ڕۆمانتیکییەوە. ئەم جۆرە شیعرە لە سەرووی ئایین و قەومیەتەوەیە، کێشەی چینایەتی و چەوساندنەوەی ئادەمزادی تێدا نییە، شاعیر تەنیا ئیلهام لە سێ شت وەردەگرێ: کردگار و ئادەمزادی بێ کەموکووڕی (کامڵ، سووپەرمان) و سروشت.

هەریەکە لەمانە ئازاد و سەربەخۆیە، بەڵام هەرسێکیشیان یەکێکن. شاعیری ئەم بابەتە شیعرە هیچ ئیلتیزامێکیان نییە، شەریعەت و تەریقەتیان لەگەڵ یەکتری نەگونجاندووە کە دوو شتی جیاوازن، بەڵام شیعرێکی ئەوتۆیان هێناوەتەوە بەهیچ جۆرێ تەعبیر لە ئایین ناکا کە هەمووی دەستوور و قانوونە، کەچی لەگەڵ داهێنانی ئازادی و سەربەستی و داهێنانی نەمری و هەمیشەیی و بێ کۆتاییە.

٢- شیعری وەسفی سۆفیزم

شیعری وەسفی سۆفیزم وەسفێکی ڕووکەشی خوو و ڕەوشت و کردەوە پراکتیکییەکانی دەستووری سۆفیزمە، هەندێ جار خەریکی لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕاستی و زانیاری و زانستییەکانی سۆفیزمە و تیۆری و دەستوورەکانی دەخاتە ڕوو، هەندێ جاریش دەم لە مێژووی سۆفیزم دەدا. بۆ ئەم ئامانجە پەنا دەباتە بەر زاراوە و تەعبیر و لێکسیکۆنی سۆفیزم، وە بەشێوەی شیعری تەعلیمی (دیداکتی) بیروڕاکانی دەگەیەنێتە خوێندەواران.

٣- شیعری دژی دەروێشیزم

دەروێشیزم لایەنی پراکتیکی ڕەشبینی سەلبی سۆفیزمە، خەریکی لاپەڕە تاریکەکانیەتی. دەروێشیزم بوو بەدیاردەیێکی کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتی دەوڵەت بەتایبەتی عوسمانی کردبووی بەداردەست، بۆ ڕاووڕووت و بەنجکردنی خەڵکی ناو کۆمەڵ. شیعری دژی دەروێشیزم دوو شێوازی وەرگرتووە.

یەکەمیان دیاریکردنی هەندێ کار و کردەوەی خراپی دەروێشیزم و

بەراووردكـردنی لەگـەڵ كـەمـوكـووڕی و ناگزووری كـۆمـەڵایەتی بەشـێـوەیێكی هـونەری؛ دووەمـــــیـــــان هـێـــرش بـردنە بـۆ ســــەر خـــــووورەوشت و دیاردە پراكتیكییەكانی دەروێشـیـزم وەكو ڕووداوێكی دواكەوتوو و كۆنەپەرست لەناو كۆمەڵی كوردەواریدا .

بەشی چوارەم

رینیسانسی شیعری کوردی لە باشووری کوردستاندا

لە ناوچەی سلێمانی (بابان) و کەرکووک (گەرمیان) و هەموو ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان، سنە (ئەردەڵان) ، سابڵاغ = مەهاباد (موکریان) و هەولێر و ڕواندز (سۆران) لە سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم ئەدەبێکی میللی سەر زاری دەوڵەمەند بەشیعر و پەخشانەوە لە ناوەوە بوو. ناوچەی سلێمانی لەو ڕۆژگارەدا لە هەموو لایێکەوە دیالێکتی گۆرانی دەورەی دابوو و ئەدەبێکی کلاسیکی نووسراو و میللی تۆمار نەکراو لە ناوەوە بوو، مەشق و تاقیکردنەوەی سەدان ساڵی بەخۆوە دی بوو.

لای باکووری سلێمانی سەر بەدیالێکتی گۆرانی نەبوو، ئەودیو شاخی ئەزمر و گۆیژە ناوچەی شارباژێر لە سەرووتر لەگەڵ ناوچەی موکریان یەکتری دەگرنەوە، لەم جێیانەدا دیالێکتی کرمانجیی زمانی ڕەسمی خەڵکەکە بوو. ئەم دوو دیالێکتە گۆرانی و کرمانجیی خوارووی کاریان لە یەکتری دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگاری و مانەوەی بوونی خۆیانیان کردبوو، ئەگەرچی ڕۆژگاریش لە چاکەی دیالێکتی کرمانجیی خوارووی بوو، چونکە میرنشینی بابان زەمینەیێکی خۆش کرد ئەو دیالێکتە پێش بکەوێ و شاعیری گەورەی لێ پەیدا ببێ، ئەمە هەمووی لەسەر حسێبی دیالێکتی گۆرانی بوو. ئەوی ڕاستی بێ لەگەڵ دامەزراندنی میرنشینی مۆدێرن لە پایتەختی تازە شاری سلێمانی و پەیدابوونی شیعری کلاسیکی تازە لەسەر دەستی نالی دیالێکتی گۆرانی کەوتە لێژییەوە ئەم دیاردەیە بەردەوامە تا ئێستاش و دیالێکتی کرمانجیی خوارووی هەموو ناوچەکانی دیالێکتی گۆرانی داگیر نەکردووە.

ئەدەبی کوردی پێش رینیسانس

ئەدەبی کوردی لەپێش سەدەی نۆزدەم و سەرەتای ئەو سەدەیە و پێش

پەیدابوونی نالی لە دوو شێوەدا دەبینرێ، یەکەمیان شیعری میللی سەرزار و دووەمیان ئەو شیعرە کەمانەی کە خاوەنیان خوێندەوارییان بووە.

شیعری میللی سەرزار

ئەدەبێکی میللی سەرزاری بەنرخ بەدیالێکتی کرمانجیی خواروو لە ناوەوەیە مێژووی دەگەڕێتەوە سەدەکانی پێش سەدەی نۆزدەم. ئەگەرچی زۆربەی بەرهەمی ئەدەبی میللی خاوەنیان دیار نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی ئەدەب ناوی شاعیرێکی میللی دەور دەکاتەوە کە عەلیی بەرداشانی بووە، ئەم شاعیرە لە ڕۆژگارانی فەرمانڕەوایی عەبدولڕەحمان پاشای بابان ژیاوە و گەلێ شیعری بەسەر ئەو پاشایە و میرنشینەکەی هەڵداوە، جگە لەوە شیعری میللی نەنووسراوی ناوچەیی بەقەوارە زۆر بوو، ناوی هەندێ لە خاوەنەکانیان پارێزراون، بەڵام بەزۆری خاوەنی شیعرەکان گوم ناون. هەندێ لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی میللی لەسەر ئەو باوەڕەن بەرهەمی ئەم جۆرە ئەدەبە نابێ خاوەنەکانیان ناسراو بن.

شیعری میللی خۆماڵی تۆمارکراو

بەڵگەیێکی کەم و هەندێ جار گومان لێ کراو بەدەستەوەیە، لە سەدەی هەژدەمدا هەندێ بەرهەمی ئەدەبی وا بدۆزینەوە فۆلکلۆر ئامێز بێ و خاوەنیان هەبێ. ماوەی دۆزینەوە و لەپاشانا لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردیدا گەلێک فراوانە، کاری بەکەڵک و ڕووناکی دیوە، بەڵام نە بەقەلەمی درشت و نە بەقەلەمی ورد هەوڵێکی وا نەدراوە تیشک بخرێتە سەر کون و قوژبنەکانی ئەدەبی کوردی، ئەم کەلێنانە گەلێ زۆرن، لە بەرهەمی شاعیران و ناو و نازناویان، بەسەدان ناوی نووسەر و زانایانی کورد لە دەسنووس و کتێب هاتووە، لە سەدەکانی هەژدەم و نۆزدەم ژیاون کەچی بەرهەمیان لە گێتیی ڕۆشنبیری کوردیدا ئاشکرا نییە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەرهەمە کەمەی کە ژێر دەستمان دایە و ئەوانەی شارەزاییمان لێیان هەیە، دەتوانین بڵێین تیشکێکی کز لە ئەدەبی کوردیدا بەدیالێکتی کرمانجیی خواروی سەدەی هەژدەم لە ناوەوەیە.

لە ناوچەی سلێمانی لە سەدەی هەژدەمدا لە گوندی هەزارمێرد مەلا محەمەدی ئیبنولحاج مامۆستای شێخ مارفی نۆدێ و مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی بووە خاوەنی حەوت هەشت کتێب بەزمانی عەرەبی لە بارەی ئایینی ئیسلامەوە.

تەنیا یەکێک لە دانراوەکانی بەزمانی کوردییە و بەشیعر هۆنراوەتەوە، ئەم بەرهەمە چیرۆکێکی شیعرییە بەناوی (مەهدی نامە)وە، لە ١٥٧ چوارین پێکهاتووە کە دەکاتە ٦٢٨ نیوە دێڕ شیعر. وەکو دانەر خۆی لە چوارینێکیدا دەڵێ لە ساڵی ١٧٦٢م چیرۆکەکەی تەواو کردووە. دانەری چیرۆک بەشیعر ئەو حیکایەتە دەگێڕێتەوە کە لە گێتیی ئیسلامدا یەکێکە لەو حیکایەتانەی دەچنە ناو میتۆلۆجیای ئایینەوە.

نویشکی حیکایەتەکە لەوە دەدوێ، ڕۆژی قیامەت نزیک دەبێتەوە، بەڵگەکانی ئاخر زەمان دەردەکەون، خەڵکی لە نزیکبوونی سەردەمی پەیدابوونی دەججال دەدوێن، لە پاشانا محەمەدی مەهدی دەردەکەوێ و گێتی دەکەوێتە خۆشی و بەختیارییەوە. زۆری پێ ناچێ دەججال هەڵدەستێ، ئاژاوە دەکەوێتەوە، خەڵکێکی زۆر بەدوای دەکەون، ئینجا عیسای مەسیح لە ئاسمان دێتە خوارەوە و دەججال دەکوژێ، لەدوای ئەو یاجووج و ماجووج پەیدا دەبن، فیتنە و فەساد لەگەڵ خۆیانا دێنن. ئەوجا ڕۆژ لە ڕۆژئاوا هەڵدێ و قورئان بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان و دوکەڵ گێتی دادەگرێ، لەدوای ئەوە گەردەلولێکی تیژ و بەتین لە شامەوە هەڵدەکا و دوایی بەژیانی هەموو ئادەمزادێک و گیانلەبەرێک دێنێ و کۆتایی بەژیانی سەر ڕووی زەوی دێ، لە دواییدا خەڵکی زیندوو دەبنەوە بۆ دادگای ڕۆژی قیامەت.

هەندێ لە چوارینەکانی چیرۆکەکە ئەمانەن:

یا ڕەب تۆیی ساحیب هودای
وەقتێ دەبین فیتنە بەدای
حیفزن بکەی (یا ذا الندا)ی
بەئیسمی تۆ بیدایەتێ

***

بیدایەتم بەئیسمی تۆ
لە زیکری فیتنەی خەلقی تۆ
ویفقی حەدیس نەبیی تۆ
زانیومە بەئیرسیەتێ

***

د. مارف خەزنەدار. ب٣ (٤)

ئـەهلـی مـــەککە دەبـن ســـورروور
دەکـەن شـوکـری ڕەببی غـەفـوور
خــەسف کـران ئەهـلـی شــورروور
دەزانـین ئـەو عـــــەلامـــــــەتـێ
***
مـــەهـدی لـە مـــەککەیـێ دەردێ
ئـالآی نـەبـیــــــــیی لـە بـۆ دێ
دوازدە هــەزاری لـەگــــــەڵ دێ
(أو عـــشـــر مـع خـــمـــســـتـێ)
***
لـە وەقـــــتـی خــــەلقـی ئادەمـێ
نـەبووە فـــیـــتـنە بـەو ئەعـــزەمـێ
یا ڕەب هـەر تۆی مـــونتــەقـیـمـێ
حـیــفـزن بکەی لەو فــیـتنـەتـێ
***
هـەر لـە نـووحـێ بـەپـاشـــــــەوە
چی پێــغـەمــبــەرێ کــە بووە
ئوممـەتـی ئاگــــاهـ کـــــردووە
دا بزانـن ئـەو عـــــەلامــــــەتـێ
***
نـەفــــخـی دووەم گــــەرا دەبـێ
هـەمــوو ئینســـان قـــایم دەبـێ
لـەســــــەر قــــەبرێ هـایم دەبـێ
لـەبەر حـــیــــرەت و دەهـشــــەتـێ
***
دەیان ئـاژۆن بۆ مـــەحـــشــــەرێ
بـۆ جــەزایی خــێــر و شـــەڕێ

هەر کــەس غــەمی دێتــە بەرێ
دەکــێــشێ ئاه و حــەســرەتێ
***
خــەتمی عــەلامــەتان تەمــام
ئەوجــا کــۆتا بکەین کــەلام
ئەرجــو لە (رب ذی الانعــام)
خــەلاسن کــا لە قــیــامــەتێ
***
نەزم کــــرا بەناخـــۆشی
دڵ پڕ لە غــەم و بێــهــۆشی
لە تەئریخی حــەفــتــا و شــەشی
(بــعـــــد ألــف و مــــأتــێ)
***
نەزمم کــرد بەقــەولی ســەحــیح
بەلەفــزی کــوردی نافــەســیح
بۆ مــونسیــفــان (لا للشــحــیح)
بۆ ئینتــیــفــاعی عــاممەتێ
***
ئەزم مــحــەمــەدی دڵڕێش
حــاڵم وەکی حــاڵی دەروێش
پەردەی غــەمــان دایم لەپێش
لەبەر خــۆفی عــاقــیــبــەتێ
***
وەقــــتی دەچینە ژێر گڵێ
غــــەمم زۆرن لەســــەر دڵێ
وەک مــەنجــەڵی پڕ دەکــوڵێ
لە خــوای دەخــوازین ڕاحــەتێ

ئەوەی لە خوێندنەوەی هەموو چیرۆکە شیعرییەکە و ئەم برە شیعرەدا دەبینرێ و هەستی پێ دەکرێ لە ڕووی ڕووخسارەوە ئەوەیە ئەم شاعیرەی ناوچەی سلێمانی کاریگەری شیعری میللیی نەنووسراوی دیالێکتی کرمانجیی سەرووی پێوە دیارە. ئەم بەرهەمە لەم ڕووەوە لە هەندێ لە چیرۆکە شیعرییەکانی فەقێ تەیران دەکا بەتایبەتی لە ڕووی کێشی سیلابی خۆماڵی و قافیەوە، دێڕی چوارەمی هەموو چوارینەکان لە سەرەتاوە تا دوایی لەسەر یەک قافیە دەبن، جگە لەوە زمانەکەشی تێکەڵاوە، سوودی لە دیالێکتە بچووک و ناوچەییەکانی وڵاتی سلێمانی و موکریان و سۆران و ئەردەڵان وەرگرتووە.

لە چوارینێکی پێش دوو چوارینی دوایی شاعیر دەڵێ شیعرەکەی (بەقەولی سەحیح...) هۆنیوەتەوە، (بەلەفزی کوردی نافەسیح...) (بۆ ئینتیفاعی عاممەتێ...) مەبەسی ئەوەیە کوردییەکەی لە ڕووی دەستووری زمانەوە ڕاستە و هەڵەی تێدا نییە. بەڵام لەفزە کوردییەکە نافەسیحە، مەبەسی ئەمە ئەوەیە بەدیالێکتی میللی شەعبی یا کوردی جلفە و زمانی ناو بازاڕ نووسیویەتییەوە، زمانی بەرزی شیعر و پەخشانی نایاب و گفتوگۆی بێ خەوشی ڕۆشنبیر و زانایانی بەکار نەهێناوە، واتە (زمانی ئەدەبی)، ئەم چیرۆکە شیعرییەی بۆ خەڵکی بێ سەواد و نەخوێندەوار نووسیوەتەوە، بۆ ئەوەی بەئاسانی تێی بگەن. ئەمە تێبینییێکی ژیرانەیە لە نرخی هونەری و جوانکاری چیرۆکەکە کەم ناکاتەوە.

لە ناوچەی کۆیە لە سەدەی هەژدەمدا پێش پەیدابوونی نالی و سەرهەڵدانی تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی لەسەر دەستی شێخ مارفی نۆدێ و شێخ خالیدی شارەزووری لە وڵاتی کۆیە مەلایێک هەبوو ناوی شێخ مستەفا بوو و لەدواییدا کە شامی کردووە بەمەڵبەندی ژیانی بە(قوتبی شام) ناسراوە. دەڵێن شێخی تەریقەت بووە، دەکرێ دەروێش یا سۆفیی تەریقەتێک بوو بێ بەڵام قادری و نەقشبەندی وەکو ڕێکخراو لە کوردستانا دروست نەبووبوون. وا باوە پەرستگای لە جێی مزگەوتی (کۆنە جومعە)ی ئێستای کۆیە بووە. ناکۆکی و تێکچوونی شیرازەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆیە بووە هۆی ئەوەی شار بەجێ بێڵێ و ڕوو بکاتە وڵاتی شام.

ساڵی مردن و ژیانی قوتبی شام نەزانراوە، لەناو خەڵکی وا باوە لە شام نەگەڕاوەتەوە و هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

شێخ مستەفا چیرۆکێکی شیعری هەزار بەیتی نووسیوەتەوە، لە مەسەلەکانی ئایین و کردەوەکانی کردگار و ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنەکانی سۆفیزم بەگشتی دەدوێ.

سەرەتای چیرۆکە شیعرییەکە بەم جۆرەیە:

ئەڵڵا هەبوو قەت کەس نەبوو
بوونی بوو نەبوونی نەبوو
ئەزەلی بوو ئەبەدی بوو
فەرد و ئەحەد سەرمەدی بوو
زاتی لە غەیران غەنی بوو
(ألآن کان کما کان)

ئەوەی شایانی باس بێ ئەوەیە ئەم چیرۆکە شیعرییە تا ئێستاکە بڵاو نەکراوەتەوە. بینای ئەندازیاری لەسەر بنچینەی کوپلێت ڕێکخراوە و کێشی سیلابی خۆماڵییە، وەکو لە ناوەرۆک و شێوەی دارشتنی دەردەکەوێ دەبێ فەقێیانی مزگەوت بەگۆرانی بەیتەکەیان چڕی بێ. بێ گومان ئەم یادگارە ئەدەبییە لە ئەدەبی میللی (فۆلکلۆر)ەوە نزیکترە لەوەی لە ئەدەبی کلاسیکیی نووسراو.

شیعری عەرووزی

لە بارەی شیعری کێشی عەرووزییەوە لەپێش ڕینیسانسی نالی غەزەل و پارچە و تاکە دێری شیعر لە ناوەوە هەیە، هەندێ جار پەنجە بۆ ناوی شاعیرەکانیشیان درێژ کراوە، بەڵام بە ڕاستی نە لە ڕووی ڕەخنەی ناوەوە و نە لە ڕووی ڕەخنەی دەرەوە متمانە بەو شیعرانە ناکرێ لە سەردەمی پێش نالی بەدیالێکتی کرمانجیی خواروو وترا بن.

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە دێرە شیعرێکی نازدارمان لە بەردەستدایە، سەرچاوەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی ئەوە دەردەبڕن کە ئەم شیعرە لە بەرهەمی نووسەری کوردی ناودار مەلا عەبدوڵڵای بێتووشییە (١٧٤٧-١٨٠٦):

لە دیباجەی کیتابی حوسنی عالەم هەر وەرەق لادەم
دەبینم مەبحەسی وەسفت لە هەر فەسڵێ و لە هەر بابێ

ئەم دێڕە شیعرەی بێتووشی لە لایەن کێش و قافیەوە نموونەی ئەو شیعرانەیە کە قوتابخانەی شیعری کوردستانی باشووریان پێک هێناوە.

پەیدابوونی شیعری عەرووزی

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا میرنشینەکانی بابان و سۆران و ئەردەڵان لە باشووری کوردستاندا لە ژیانا بوون، خەباتیان لە دژی دەوڵەتەکانی عوسمانی و عەجەم گەیشتبووە لووتکە. تاقیکردنەوەیێکی باش بەسەر کۆمەڵی کورددا تێپەڕی بوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەشێوەیێکی تر هەستی نیشتمانپەروەری لە مێشک و دڵ و دەروونیدا بجووڵێ، لە ئەنجامی ستەم و زۆرداری عوسمانی و عەجەم بۆ ماوەیێکی دوورودرێژ ئادەمزادی کوردیان چەوساندبووەوە و خاکی کوردستانیان داگیر کردبوو. ئەو دەسەڵاتە تۆتالیتاریانە بەهیچ جۆرێ ماوەی ئەوەیان نەدەدا کۆمەڵی کورد بەئاسوودەیی و بەختیاری بژی، ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە بێزاریی دروست کردبوو لای خەڵکی لەگەڵ ئەوەی کورد سامانێکی نەتەوەیی هەبوو لە وێنەی ئەدەبێکی میللی سەرزاری دەوڵەمەند خۆی دەنواند، لەولاشەوە شیعرێکی کلاسیکی باڵا بەدیالێکتی کرمانجیی سەروو و گۆرانی لە ناوەوە بوو، ئەم دیاردانە بوونە هۆی ئەوەی بزووتنەوەیێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا بەرپا ببێ.

ئەم بزووتنەوە نوێیە لەسەر بنچینەی هەوڵ و تەقەلای پێشووتر سەری هەڵدایەوە و پەرەی سەند. شاعیرانی ئەم ڕۆژگارە لەبەر ئەوەی خوێندەواری باشیان هەبوو لە زانستییەکانی ئەو سەردەمە و زۆر چاک لە شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی (عەرەبی – فارسی – تورکی عوسمانی) گەیشتبوون، وا بوو هەر لەسەر ڕێگە و شوێن تاقیکردنەوەکانی ئەو دەسگایە شیعری کوردی نوێیان دامەزراند، بەشێوەیێکی وا کە وێنەی کۆمەڵی کورد بگرێ و چاکە و خراپە و جوانی و ناشیرینی ئەو کۆمەڵە تێیدا ڕەنگ بداتەوە. بەڕاستی ئەو ئەدەبە وەرنەگیراوە و بەواسیتە دروست نەکراوە، بەڵکو دیاردەیێکی ڕەسەنە و لەدواییدا بەشداری لە دروستبوونی شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی کردووە و بەرهەمەکەی خۆشی چۆتە ناو ئەوەوە.

ئەدەبی کوردی ئەو سەردەمە ناوی چەند شاعیرێکی کوردمان بۆ دەور

دەکـاتەوە، بەڵام لـەبەر ئەوەی ئـەو شـیـعـرانەی لـەبەر دەسـتـمـانن زۆر کـەمن و نەگـەیشـتـوونەتە پلەی شـاعـیریـەتی سێ شـاعـیـرە بەناوبانگەکـە نالی و سـالم و کـوردی، بۆیە تەنیـا بەرهـەمی ئەم سێ شـاعـیـرە دەبێـتـە بناغـە بـۆ نووسـینەوەی مێژووی شیعری کوردی لە نیـوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا لە ناوچەی سلێمانی. لە ڕاستیشدا ئەم سێ مامۆستایە دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیەن و بەشێوەیێکی گشتی بزووتنەوەکە بەهۆی بەرهەمی شیعری سێ شاعیرەکە دروست بووە.

بێ گـومـان بەرهـەمی هـەر شـاعـیـرێک لەم سێ شـاعـیـرە سـوودی لـە ئەوانی تر وەرگـرتـووە، چونکە لە یـەک مـەڵبـەندا ژیاون و یەکـتـریشـیـان ناسـیـووە، بەڵام بەرهـەمی هـەریەکێکیانیش سیما و ئەدگاری تایبـەتی خۆی هەیە، بەزۆری لە ڕووی ناوەرۆکی شـیـعـرییـەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا دەبینین هـەر لەو سـەردەمـەدا نالی بەمـامـۆسـتـای شـیعر لە قـەڵەم دراوە و دەنگوباسی گـەیشـتـۆتە ئەوروپا، بەڕێزەوە سالم ناوی بردووە و بەمـامۆستای خـۆی زانیوە، هـەروەها شـاعیرانی نەوەی دووەم نالییان بەمامۆستای خۆیان داناوە، لەم لایەنەوە حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

نـالی ئوسـتـادێکی چا بـوو
خـدری ئـاوی حـەیاتی مـەعنا بوو

بەلای ئێـمـەوە تـەنیـا بەرهـەمـی شـیـعـری بێ وێنەی نالی نەبۆتە هـۆی ئەوەی بەمامـۆستـای شیعـر دابنرێ، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشـدا تەمەن کارێکی گەورەی هـەیە، بەتایبـەتی لەناو کـوردەواریدا، جـا ئەو تەمـەنە بـا نالی سێ چوار سـاڵ لە سـالم گـەورەتر بێ، لەبـەر ئەوە ئەم وەسـتـایەتی و تـەمـەنە بوونەتە هـۆی ئەوەی نـالی بەمـامـۆسـتـا و دامـەزرێنەری شـیعری کـوردسـتـانی باشـوور دابنرێ، ئەگینا ئەگەر بێتو تەمـاشـای ناوەرۆکی شـیعری نالی و سـالم و کوردی بکەین لەوانەیە شـیـعری سـالم پێوەندی لـەگـەڵ نیـشـتـمـانپـەروەری و وەزعی کـورد و ڕەنگدانەوەی کۆمـەڵی سلێـمـانی و ڕووخـانی مـیـرنشـین زیاتر بێ لە نـاوەرۆکی شـیـعـری نـالی، هەروەها کـولانی سـۆزی دەروونی لە هـەندێ شـیـعـری مـسـتـەفـا بەگی کوردی کـەمـتـر بێ لە ناوەرۆکی شیعری نالی.

بەم جــۆرە دەبیـنین لـە نیــوەی یەکــەمی ســەدەی نۆزدەمــدا لەبـەر ڕۆشـنـایی تاقیکردنەوەی ئەدەبی کـۆنی کوردی و ئەدەبی ئیـسـلامـەوی (عـەرەبی - فـارسـی -

تورکی عوسمانی) له ناوچەی سلێمانیدا ئەم بزووتنەوه نوێیه سەری هەڵدا. شاعیرانی ئەم دەوره نالی و سالم و کوردی بوون بەدامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیه. ئەم ڕینیسانسه مەزن و گرنگه له دواییدا بوو بەسەرچاوەیێک بۆ گۆڕان و پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی له هەموو کوردستانی باشووردا.

ڕوخساری شیعری کوردستانی باشوور

بەرهەمی شیعری نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم له ناوچەی سلێمانی بریتییه له پارچه شیعرێکی لیریکی، ژمارەی دێڕه شیعرەکانی له پێنج دێڕه شیعرەوه دەگاته سەد و زیاتریش. له ئەدەبی کوردیدا هەموو پارچه شیعرێک تا شازده دێڕ له ڕووی ڕوخسارەوه (غەزەل)ی پێ دەڵێن. جیاوازییێکی ئەوتۆ لەنێوان غەزەل و قەسیدەدا نییه له ڕووی ناوەرۆکەوه، تەنیا ئەوه نەبێ قەسیده زیاتر بۆ مەبەسەکانی موناجات و نەعت و سوارچاکی، یا وەسفی جەنگ، یا بۆ نووسینی نامەی شیعری بەکار دەهێنرێ.

له ڕووی کێشەوه شیعری کوردی بەغەزەل و قەسیدەوه هەریەکەی لەسەر کێشێک دەهۆنرێتەوه، واته دێڕی یەکەمی شیعرەکه بەچی کێشێک دەست پێ بکا هەر بەو کێشەش کۆتایی پێ دێ، ئەم قسەیه بۆ قافیەش دەست دەدا، کەوابێ هەموو دێڕه شیعرەکان بەوشەیێک کۆتاییان دێ لەسەر یەک کێش و یەک دوو تیپی دواییان لەسەر یەک دەنگ دەبن. ئەمه و نیوه دێڕی یەکەمی هەموو شیعرێک پێویسته لەسەر قافیەی نیوه دێڕی دووەم و هەموو شیعرەکه بێ.

بێ گومان ڕەوانبێژی عەرەبی (بەلاغه) بەتایبەتی وشەییەکان کارێکی گەورەیان کردۆته سەر شیعری کوردی ئەو ڕۆژگاره، ئەم جوانکارییه له شیعردا هەندێ جار بەوشەی کوردی دەخرێنه ڕوو، هەندێ جاری دیکەش بەوشەی عەرەبی، بەڵام ئەو وشانەی کورد بەکاریان دێنێ شتێک نین دوور بن له چێژی کوردی، وەکو ئەوەی وشەیێک که یەک دوو جار دووباره دەکرێتەوه و هەر جارەی مانایێک دەدا و ڕستەکەی پێ جوان دەکرێ.

شاعیری ئەو ماوەیه دەبوو فەرهەنگی زمانی کوردی ئەو سەردەمه بەکار بێنێ، فەرهەنگەکه هەمووی ئەو وشانه بوون که له بنجدا کوردی بوون یا وەرگیرا بوون، واته وشەکان بێگانه بوون.

لە شـیـعـری کوردیدا بەکارهـێنانی وشـەی بێگانە بەتایبـەتی لەو سـەردەمـەدا کارێکی گەلێک ئاسـایی و باو بـوو، بەڵکو پێویست بوو. ئەگەر شـاعیرێک وشـەی عـەرەبی یا فـارسی بەکار نەهێنایە، بەتایبـەتی ئەو وشـانەی لە شـیـعـردا بەکـار دەهێنران، یاخود ئەو وشـە و زاراوانەی پێوەندییـان بەئایین یا سۆفیـزمەوە هەبوو، دەڵێین ئەگەر ئەو وشـانەی بەکار نەهێنایە بەشـاعیـرێکی گەورە لە قـەڵەم نەدەدرا، هـەروەها ئەم خـاسـیـەتە لە شـیـعری فارسی و تورکی عـوسـمانیشـدا هـەیە، ئەگینا خۆ لە ڕاستیدا ئەو وشە عەرەبی و فارسییانەی شاعیرانی کورد بەکاریان دەهێنا وەنەبێ لە زمـانی کـوردیدا نـەبوو بن، بەڵکو هـەندێ جـار زۆر بەئاسـانی دەتوانرێ هـەندێ وشـەی عـەرەبی و فـارسـی لە شـیـعرەکانا دەربهـێنرێن و لـە شـوێنی ئەوانا وشـەی کوردی دابنرێن بـەبێ ئەوەی شـیـعرەکە لەنگ ببێ. ئەو وشـانەی بەکـاریان دەهێنا ئەو وشـانە بـوون کـە خـوێندەواری کـورد خـۆی شـارەزایان بـوو. ئەوەی شـایانی باس بێ مـامـۆسـتـامـان ڕەفـیق حـیلمی لە (شـیعـر و ئەدەبیـاتی کوردی)دا تەقەلایێکی زۆری داوە لە پێناوی ڕەخنەگرتن لەو شـاعیرانەی وشـەی بێگانەیان لە شـیعرەکانیـانا بەکارهێناوە و، گەلێ جار ئەو وشانـە بەدەستـەوە دەگرێ و دەڵێ: دەبوو شاعیر لە باتی ئەو وشە بێگانانە ئەم وشە کوردییانە بەکار بێنێ!.

هـەر چۆنێ بێ ئەو وشـە بێگانانـەی شاعیری کورد لە شیعردا بەکاری هێناون (عـەرەبی، فـارسـی، تورکی عـوسـمـانی) ئەگـەر بـخـرێنە نـاو فـەرهـەنگۆکـێکەوە، دەتوانین ناوی بنێین فـەرهـەنگۆکی وشـەی بێگانە لە شـیـعری ئیـسلامـەوی نەتەوە موسوڵمانەکاندا.

ناوەرۆکی شیعری کوردستانی باشوور

لە بنجـدا شـیـعر بۆ مـەبەسـی گۆرانی دادەنرێ، کاری شـیـعری ئەم سـەردەمـە دەربڕینی هـەسـتی دڵدارییـە، بیـری فـەلسـەفی قـووڵ و خـەیاڵی نـاسک و ئاوازی ڕەوان شیعرەکە جوان دەکەن.

نالەباری ژیانی ئادەمـزاد لە کـۆمـەڵی دەرەبەگـیی کۆندا هـەمـیـشـە شـاعـیـری خستۆتە گێتییێکی سـایکۆلۆجی ئەوتۆ ڕەشـبینی دڵ و دەروونی داگیـر بکا، نرخ بەدوارۆژ نەدا، هـەروەها سـۆزی ئایینی لە لای بەهێز دەبێ. وەزعی ئابووری کۆمەڵ کارێکی وا دەکاتە سەر شـاعیر بەچاویلکەی ڕەشبینییـەوە تەماشای ژیان بکا، ئەم

دیاردەیە لە دڵداریدا ڕوون و ئاشکرایە تا ئەگەر شاعیر لە پێوەندی خۆشەویستیشدا سەرکەوتوو بێ، شیعرەکانی بەپێچەوانە نائومێدی و ڕەشبینییان لێ دەتکێ.

شاعیران وا خۆیان پیشان دەدەن لە یارەکەیان دوورن و هەرگیز دەستیان ناگاتە گەردنیان. ئەم جۆرە شیعرە گەلێ زۆرترن لەو جۆرە شیعرانەی گەشبینی دەپژێنن، یاخود هیچ نەبێ ڕاستی دەردەبڕن لە بابەت ئەوەی لە دڵداریدا سەرکەوتوون.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕاستییە لە شیعرەکانیاندا بەرچاو دەکەوێ کە بەشێوەیێکی جوان و سەرکەوتوو شاعیران باس لە ناگزووری ناو کۆمەڵ دەکەن، بیر لە نیشتمان دەکەنەوە، خاکی مەڵبەندی ژیانیان لە هەموو شتێک خۆشتر و جوانترە. لە هەموو جێیێک دڵگیرترە، بەهەشتی سەر ڕووی زەمینە، ڕق و کینیان بەرامبەر دوژمنانی کورد، تورکی عوسمانی و عەجەم، برینێکە بەئاسانی سارێژ نابێ.

قوتابخانەی شیعری کوردستانی باشوور بەڕاستی لە دەوروبەری ژیانی سێ شاعیرەکە نالی و سالم و کوردی گەلێک پێشکەوت، بەتایبەتی لە لایەن ڕوخساری هونەری شیعرەوە، لێرەدا ئەو شیعرە بۆی هەیە وەک داهێنانێکی پێگەیشتوو و کامل بکەوێتە بەرچاو. بەڵام لە ناوەرۆکیدا لە بابەت هونەرییەوە لە پلەیێکی زۆر بەرزدایە کەچی لە ڕووی مەبەس و بابەت و هونەرەکانی شیعرەوە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە. بۆ بەڵگە ئەو مەبەسە بنچینەییانەی کە دەبوو لە شیعری کوردیدا ببینرێن، وەکو لە ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عەرەب و عەجەم و تورکی عوسمانی) جێگەی شیاویان هەیە، داشۆرین و پێدا هەڵدان و شانازیکردن لە ئەدەبی کوردی ئەو ڕۆژگارەدا کەمە.

ڕاستە نالی گەلێ شانازی بەخۆیەوە کردووە، بەڵام بەبنەماڵەی خۆی و خەڵکی تری نەکردووە، بەڵکو شانازی بەوەوە کردووە کە شاعیرێکی گەورە و بێ هاوتایە. یا سالم کە مەدح دەکا، مەدحی خۆی ناکا، بەڵکو بەسەر پاڵەوانانی جەنگ و گەورە پیاوانی کورد هەڵدەڵێ، ئەوانەی نەبەردانە دژی دوژمن دەجەنگان بۆ ئەوەی سەربەستی و ئازادی نیشتمان بپارێزن.



نالی

بەشی پێنجەم

نالی

١٨٠٠-١٨٥٦

له جیگەر گۆشەیی شیعرم مەده مەعنایی خەراپ
بێ خەتا کەس نییە ڕازی کە لە ئەولادی درێ
من له ئیحرامی ئەدەب دام و ئەتۆش سەیدی حەرەم
موددەعی هەر وەکو سەگ بۆچی بە ئێمە دەوەڕێ

وشەی (نالی) مانای چییە؟

خدر کوڕی کەلاش خوارێکی هەژاری نەناسراوی شارەزووری، کە بووە بەشاعیر ناوی (نالی) لە کوێ دۆزیوەتەوە و کردوویەتی بەنازناوی شیعری خۆی؟

١- وشەی (نالی) لە دیالێکتی زەردەشتیانی ناوچەی کرمانی ئێران وەک لە (فرهنگ بهدینان) هاتووە، ئەم مانایانەی گرتۆتە خۆ: دۆشەک، نوێن، ڕایەخی نوستن، ئەو چەرچەفەی لەسەر دۆشەک ڕادەخرێ، ئەو تەختەی بۆ نوستن بەکار دەهێنرێ.

٢- وشەی (نالی) نیسبەتە بۆ وشەی (نال)، ئەمە لە کۆمەڵێک فەرهەنگی جیاوازدا، بەتایبەتی لە (برهان قاطع) و (مكمل عثمانلی لغتی) بەم مانایانە هاتووە: قامیشێک ناوی بۆش بێ، قەڵەمی نووسین، ئەو تاڵە باریکانەی لەناو قەڵەمی قامیشدایە، هەروەها بەو قامیشە ناو بتەوەش دەڵێن کە تیری لێ دروست دەکرێ، قامیشی شەکر، جۆگەلە، زێی بچووک و گەورە، ناوی باڵندەیێکی بچووکە دەنگ و ئاوازی خۆشە، ئەو قامیشەی قەڵەمی لێ دروست دەکرێ، نووکی قەڵەم، شمشاڵ، نای، دووزەلە.

٣- ئەگەر وشەی (نالی) لە (نالە)وە دروست کرا بێ وەک نیسبەت ئەمەیان بەپێی دەستووری زمان ڕاست نییە، چونکە نیسبەتی (نالە) (نالەیی) دەبێ. شاعیری ئێمە ناوی خۆی نەناوە (نالەیی) بەڵکو (نالی). لەگەڵ ئەمەشدا (نالە) لە زمانەکانی بنەماڵەی ئێرانی لە مەسدەری (نالین)ەوەیە، هەروەها لە زمانی پەشتووی ئەفغانستان بەمانای شیوی تەسک، بەست هاتووە. لە (فرهنگ کاتوزیان)دا بەمانای قامیشی شەکر، نووکی قەڵەم، زێی گەورە و بچووک، وەک ناوی باڵندەیێکی خۆش ئاواز هاتووە.

ئەمە لە بارەی وشەکانی (نال) و (نالە) و (نالی)یەوە، بەڵام وشەی (نالی) و (نالە) وەک ناو و نازناوێک جگە لە خەدری خەڵکی شارەزووری ئێمە؛ چەند کەسێکی دیکەش هەن ئەم وشانەیان وەک ناو یا نازناو هەڵگرتووە، لەمانە:

١- پیر نالی مۆردینی بەپێی کتێبی سەرەنجام یەکێکە لە حەفتاودوو یارانی سوڵتان سەهاک، لە گوندی مۆردین لە دایک بووە، لە گوندی شێخان ماوەیێک لە لای سوڵتان سەهاک لەنێوان سەدەی سێزدەم و چواردەمدا ژیاوە. هەندێ لە شیعری ئایینی یارسان دەدرێتە پاڵ پیر نالی مۆردینییەوە.

٢- نالی قۆنەوی، ناوی محەمەدی کوڕی عوسمانی قۆنەوی ڕۆمی حەنەفییە، نازناوی (نالی) بووە. لە ساڵی ١٧٧٢م کۆچی دوایی کردووە، دەسنووسێکی هەیە بەناوی (تحفەء امثال نالی).

٣- نالە، نازناوی مەلا محەمەد ئەفەندییە، ئەم زاتە خەڵکی بەغدا بووە، لە ئەستەمووڵ ژیاوە، هەندێ وەزیفەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا دیوە، لە ساڵی ١٨٢١ ڕووی کردۆتە هیندستان و لە شاری لکهنۆ زیندەگانی کردووە، لە شاعیرە چاکەکانە، شیعری لە (صبح گلشن)دا هەیە.

٤- نوێنەری شاری موناستیری بەشی ئەورووپی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەنجومەنی مەبعووسان (پەرلەمان)ی عوسمانی لە ئەستەمووڵ ناوی ترایان نالی ئەفەندی بووە، وێنەی لە کۆواری (رسملی کتاب)ی عوسمانی لە ١٠ی تەممووزی ١٣٢٥ بڵاو کراوەتەوە.

شاعیری ئێمە ڕەنگە ئەم هەموو زانیارییانەی لە بابەت وشەی (نالی)یەوە نەزانی بێ، بەڵام بێ گومان ئاگاداری ئەوە بووە کە وشەی (نال) پێوەندی

بەزانیـاری و خـەیاڵ و چێـژ و مـۆسـیـقـاوە بووە، لەبەر ئەوە (نالی) بۆ نازناوی هەڵبژاردووە.

نالی کێیە؟

ئەو زانیارییانەی لە بارەی ژیانی نالییەوە تۆمار کراون، ئێستا هەمووی کە بەسەریەکەوە تەماشا دەکرێ، وەک کۆمەڵێک ئاگا و ڕووداوی بێ سەروبەر و پێچەوانەی یەکتری دەکەونە بەرچاو. ژیانی شاعیر لەناو تەمومژی نەبوونی سەرچاوەی ڕەسەن و تاریکایی کەمی زانیاریی باوەڕ پێ نەکراو ون بووە. شیعری نالی سەرچاوەی یەکەم و هەرە گرنگی دۆزینەوەی کەسایەتی خاوەنەکەیەتی، ئەم شیعرەش وەکو ژیانی شاعیر ئەوەندە لە گێتیی نهێنی و ڕەمز و داخراوی وشە و گەمەی ڕەوانبێژیدا نوقوم بووە تەنیا مەگەر تروسکاییێک بەردەممان ڕووناک بکاتەوە و بتوانین چۆرێک لە ژیان و فەلسەفەی ئەم شاعیرە بگەین.

ئەو برە ئاگا و هەواڵانەی لە بابەت ژیانی نالییەوە لە ناوەوەن بێ گومان شتێکی زۆر کەمن. لە ئامـۆژگا و خـوێندنخـانەکـانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپا هێشـتـا ناوبانگی تەواوی دەرنەکردووە. ئەوەی بەکوردیش لەسەری نووسراوە هێشتا هەر وەکو سەرەتایێک دەکەوێتە ڕوو بۆ ناسینی نالی. ناوبانگی شاعیر لە کوردستانا وەنەبێ هۆی لەو نووسینانەوە هاتبێ کە لەسەری نووسراون، بەڵکو شیعری نالی پلە و پایەیان بڵند کردووە و بووە بەیەکێک لە هەرە خۆشەویستەکانی میللەتی کورد.

ئێمە لەم ماوەیەدا هەوڵ دەدەین لە ئێستگە گرنگەکانی ژیانی نالی بوەستین، دوور لە موبالەغە و بۆچوونی نالۆجیکی، بەپێی ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستدان، بەزۆریش قسەکانی خۆی کە لە هەندێ لە شیعرەکانی خۆیدا دەری بڕیوون.

نالی ناوی خدر کوڕی ئەحمەد شاوەیسە، لە تیرەی ئالی بەگی مکاییلی عەشرەتی جاف، لە گوندی خاک و خۆڵ، لەناو جەرگەی شارەزوور، لە نزیک ڕووباری تانجەرۆ لە ساڵی ١٨٠٠م لەدایکبووە. باوکی ڕەنجبەرێکی عەشرەتی جاف بووە، لە بنەماڵەیێکی بەدیمەن و ناودار نەبووە. هیچ زانیارییێک لە بابەت دایکییەوە لەناوەوە نییە، وا دەردەکەوێ تاقانەی باوک و دایکی بوو بێ. باوکی زوو مردووە و دایکی بەبێوەژنی تاقانەکەی پێگەیاندووە. لەناو کوردەواریدا ئەوە باو

بووە دایکی بێوەژن نێرینەی تاقانە بخاتە بەر خوێندن. بەم پێیە سەرەتای خوێندنی حوجرەی لە خاک و خۆڵ بووە، دەبێ ماوەی منداڵیی لەوێ بردبێتە سەر، چونکە یاد و بیرەوەری هەیە لەگەڵ مەڵبەندی لە دایکبوونی، بەخۆشەویستی و سۆز و شەوقەوە ناوی دەبا.

لە سەردەمی لاویەتیدا شاعیر چووە بۆ قەرەداغ، لەو ڕۆژگارەدا ئەو ناوچەیە نێوەندێکی گرنگی زانستییەکانی ئایینی ئیسلامی و زمانی عەرەبی بوو. مەلای کوردی چاکی لێ بووە، لەناو کوردەواریدا بەناوبانگ بوون. وا دەگێڕنەوە گۆیا شاعیر لە قەرەداغ حەزی لەکەنیشکێک کردووە ناوی (حەبیبە) بووە، ئەو کیژە ناوی لە شیعری نالیدا هاتووە، بەڵام بەجۆرێک ناوی هێناوە، دەکرێ کیژێک بێ ناوی (حەبیبە) بێ، هەروەها دەکرێ وشەکە وەک وشەیێکی عەرەبی (حەبیبە) وەرگێڕانە کوردییەکەی (خۆشەویست) یا (دلبەر) بێ و شاعیر بەخەیاڵ وەک بووکی شیعر دروستی کردبێ. هیچ بەڵگەیێک بەدەستەوە نییە حەبیبەی هێنا بێ، یا هەر ژنیشی هێنا بێ، بەڵام ئەوە هەیە شاعیر شارەزاییێکی تەواوی لە ئەندامە نهێنی و شاراوەکانی ژن هەیە، بەهیچ جۆرێ ناکرێ ئەگەر لە نزیکەوە تێکەڵی ژن نەبووبێ ئەو شتانە بزانێ. ئەمە و لە گەشتە دوورودرێژەکانی کە لەدواجار لە ئەستەمووڵ نیشتۆتەوە ژنی لەگەڵدا نەبووە.

نالی بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوو دەکاتە سلێمانی، لە مزگەوتی سەید حەسەن لە لای زانای بەناوبانگ مەلا عەبدوڵڵای ڕەش خوێندنی تەواو دەکا و ئیجازەی دوازدە عیلمی وەردەگرێ، وە ئاموشۆی خانەقا دەکا، کە بەخانەقای مەولانا ناسرا بوو وەک خۆی لە شیعریدا دەری دەبڕێ. لەوانەیە وەکو نەریتی ئەو سەردەمە نالیش هەندێ شوێنی کوردستان گەڕابێ بۆ خوێندن، بەڵام هیچ بەڵگەیێک بەدەستەوە نییە و ناوی هیچ جێگەیێکیش نەهاتووە سەری دابێ یا ماوەیێک بەشێک لە خوێندنەکانی تێدا بردبێتە سەر. وەکو لە سەرچاوەکاندا دەردەکەوێ، نالی لەدوای ئیجازە وەرگرتن لە مزگەوتی سەید حەسەن بەمەلایی ماوەتەوە، هەتا دواڕۆژی ژیانی لە سلێمانی لە حوجرەی ئەو مزگەوتە بووە. مەلا محەمەدی قزلجی ئەو شایەتییە دەدا و ئەوە دەگەیەنێ کە شاعیری بەناوبانگی کورد مەلا خدری نالی لە مزگەوتی سەید حەسەندا ژوورێکی تایبەتیی خۆی هەبووە، پاش ئەو نەگبەتییەی بەسەر بابانەکاندا هات لە سلێمانی دەرچوو و نەگەڕایەوە.

دیارکردنی کاتی ئەم نەگبەتییە کارێکی ئاسان نییە، ئەگەر مەبەس لەم نەگبەتییە تێکچوونی میرنشینی بابان و ئاوارەکردنی ئەحمەد پاشای بابان بێ لە میریەتی، ئەمە لە ساڵی (١٢٦٠ھ/١٨٤٤م) ڕوویداوە، خۆ ئەگەر مەبەس لە ڕووخانی میرنشینی بابان بێ بەلەناوچوونی بەتەواوی و دانیشتنی فەرمانبەری عوسمانی لە سلێمانی لەباتی کورد وەکو قەزایێک لە ویلایەتی مووسڵ یا شارەزوور ئەو مێژووەش دەکاتە (١٢٦٧ھ/١٨٥٠-١٨٥١م). بەلای ئێمەوە نالی دوای ساڵی ١٨٤٤م لە پاش لابردنی ئەحمەد پاشا و دامەزراندنی عەبدوڵڵا پاشا لە جێگەی ئەو لە لایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە هێشتا لە سلێمانی بووە و بۆ هیچ لایێک باری نەکردووە، بەڵکو لەو کاتەی دەسەڵاتی عوسمانی عەبدوڵڵا پاشای لابردووە و پیاوی خۆی لە جێی داناوە، واتە لە ساڵی ١٨٥٠-١٨٥١ نالی لە سلێمانی دەرچووە. لەپێشانا ڕێگەی حەجی گرتووە و لەپاشانا گەڕاوەتەوە شام و ماوەیێک لەوێ ماوەتەوە. شیعرە بەناوبانگەکەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم...)ی بۆ هاوڕێیان و خەڵکی سلێمانی نووسیوە، لەو کاتەی کە سوپای عوسمانی داگیری کردبوو.

کە وەرامی شیعرەکەی لە خەڵکی سلێمانی بەناوی شیعرێکی سالم (جانم فیدای سروەکەت...) وەردەگرێتەوە و بۆی دەردەکەوێ سلێمانی پەرێشان و شپرزەیە، یەکسەر پشت دەکاتە شام و ڕێی ئەستەمووڵ دەگرێ و تێیدا بزر دەبێ.

لە بابەت ژیانی نالییەوە لە شام ڕۆژهەڵاتناسی رووس مامۆستای ئەدەبیاتی سلاڤی لە ئامۆژگای فرەنسا ئەلێکساندر خۆدزکۆ لەو سەردەمەدا لە پاریس دەژی، لەم لایەنەوە زانیاری بەنرخ بەدەستەوە دەدا. خۆدزکۆ لە پاریس خەریکی نووسینەوەی باسێک دەبێ لە بابەت دیالێکتی کرمانجیی خوارووی ناوچەی سلێمانی لە ڕووی زمانەوانییەوە. ئەحمەد پاشای بابان لەو ماوەیەدا بەنەخۆشی لە پاریس لەسەر پزیشک دەبێ. خۆدزکۆ بۆ مەبەسی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکەی خۆی ناسیاوی لەگەڵ ئەحمەد پاشادا پەیدا دەکا. لە ساڵی ١٨٥٣وە تا دوایی ساڵی ١٨٥٤ ئەحمەد پاشا یارمەتی خۆدزکۆ دەدا. ئیتر خۆدزکۆ لە دەمی ئەحمەد پاشاوە دەگێڕێتەوە، گۆیا لە سووریا یا بەتەواوی لە شاری دیمەشق (شام) زانایێکی کورد دەژی ناوی مەلا خدر ناسراو بەنالی ئەفەندییە، هەروەها ئەحمەد پاشا بەڵێن بەخۆدزکۆ دەدا لەدواڕۆژدا نالی ئەفەندی برادەری خۆی بەخۆدزکۆ بناسێنێ.

بەم جۆرە ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە لە ساڵانی ١٨٥٣–١٨٥٤ نالی لە شام بووە. بەم پێیە دەکرێ بڵێین نالی لەدوای ڕووخانی میرنشینی بابان بەتەواوی لە ساڵانی ١٨٥٠–١٨٥١ بەرێگەی مووسڵ و شام و قودسەوە چووە بۆ حەج لەدوای یەک دوو ساڵ لە شامەوە ڕووی کردۆتە ئەستەموول. وەک خۆدزکۆ دەڵێ یارمەتی زانستی و زمانەوانی لە ئەحمەد پاشا وەرگرتووە تا دوایی ساڵی ١٨٥٤م. ئیتر ئەحمەد پاشا کە لە پاریس گەڕاوەتەوە ئەستەموول لە ساڵی ١٨٥٥م کراوە بەمیرمیرانی یەمەن تا ساڵی ١٨٦٣.

ژیانی نالی لە ئەستەموول زۆری نەخایاندووە، هەروەها شیعری وای نالیمان نەکەوتۆتە بەردەست باس لە کۆمەڵی ئەستەموول بکا، یا بۆنی دەسەڵاتی عوسمانی لێ بێ، وا دەردەکەوێ لەوێ خۆی لاتەرێک گرتبێ و لەناوەوەی خۆی لە حەژمەت دووری لە شارەزوور و سلێمانی تلابێتەوە و توابێتەوە. تا لە ساڵی ١٨٥٦ لە ئەستەموول کۆچی دوایی کردووە. شوێنی گۆڕی دیار نییە.

کێ نالی ناسیوە؟

ئەوانەی نالییان لەم سەدەونیوەی دواییەدا ناسیووە ژمارەیان زۆرە، هەندێکیان لە شاعیر نەگەیشتوون، هی دیکەیان تا ڕادەیێک لە شاعیر گەیشتوون، بەڵام کەمیان لەسەر نووسیوە. ئەمانە برێکیان بەرهەمی شاعیریان بڵاو کردۆتەوە، هی دیکەیان لەسەریان نووسیوە، تێیاندا هەیە هەردووکی کردووە. بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە و بیروڕای خۆشی بەرامبەر دەربڕیوە.

لەو دواییەدا، واتە لەدوا ساڵانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم نووسینی وا پەیدا بووە لە لایێکی دیکەوە تەماشای نالی دەکا، لە بەرتیشکی برێک بۆچوونی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی زاراوەی تیۆرییەکانی فەلسەفە و ئەدەب کە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی ئەورووپا هاتوونەتە ناوەوە. لە گەلێ کاتدا ئەو بۆچوونانە لەگەڵ هەڵسوکەوت و جەوهەری دروستبوونی بەرهەمی ئەدەبی کوردی یا ئەدەبی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگونجێن. بەهەموو شێوەیێک ئەو جۆرە نووسینانەی لەم بابەتەوە وەک لێکۆڵینەوە لە شیعری نالی پێوەندییان بەم کارەی ئێمەوە نییە کە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبە، لەوانەیە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی بەراووردکاری دەست بدەن.

لەم ماوەیەدا یادی هەندێ لەو کەسانە دەکەینەوە کە دڵسۆزانە هۆگری نالی بوون، قسەیێکیان بۆ کردووە، یا شیعرێکیان بڵاو کردۆتەوە.

نالی هێشتا لە ژیاندا بووە کە لە کۆمەڵی سلێمانی ناسراو بووە. یەکەمین کەس کە زۆر بەڕێزەوە ناوی هێناوە عەبدولڕەحمان بەگی سالمی هاوڕێی بووە، بەشیعرێکی جوان (جانم فیدای سروەکەت...) وەرامی قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم...)ی نالی داوەتەوە.

لە سەردەمی ژیانی شاعیرەوە تا ئێستا کەم شاعیر لەناو کوردەواریدا بووە ناوی نالی نەهێنابێ، لەناو ئەمانەدا جێگەی حاجی قادری کۆیی دیارە. زیاتر لە دە جێگە لە شیعری ناو دیوانیدا یادی نالی کردۆتەوە و بەچاوێکی بەرز تەماشای کردووە و بەگەورەی شاعیران ناوی بردووە.

عەبدولکەریمی سلێمانی لە ساڵی ١٩١٣ لە ئەستەموول لە کۆواری (ڕۆژی کورد)دا یادی نالی کردۆتەوە و چەند پارچە غەزەلێکی بڵاو کردۆتەوە. عەبدولکەریم سلێمانی بەم جۆرە نالی هەڵدەسەنگێنێ: لە مەسلەکی ئەشعاردا نالی و ڕەفیقانی ئیمرۆ قەومی کوردیان ئیحیا کردەوە، فەقەت مەعەلئەسەف لە دیوان و تەئلیفات و ئەشعاری ئەم زاتانە بێ خەبەرین.

ئەمین فەیزی لە ئەستەموول لە ساڵی ١٩٢٠ کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبانی کوردی لە چاپ داوە، هەندێ بیروڕای بەرامبەر بەشاعیرەوە دەربڕیوە و کۆمەڵێک شیعری بڵاو کردۆتەوە. لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عیراق (١٩٢١) ڕۆژنامەگەری کوردی (ڕۆژنامە و کۆوار) لە بەغدا و شارەکانی کوردستانی عیراق بایەخێکی زۆریان بەنالی داوە لە سەرەتاوە تا ئێستا. دیوانی نالی تا ڕۆژی ئەمڕۆ ئەم چاپانەی بەخۆیەوە دیوە:

١- دیوانی نالی، چاپی (کوردی و مەریوانی) لە بەغدا لە ساڵی ١٩٣١؛ لە بابەت ئەم دیوانەوە لە د. محەمەد محەمەد ساڵحم بیست، ئەویش لە ئەمەریکا لە تاهیر بەهجەت مەریوانی بیستبوو، وتبووی لە کاتی خۆیدا دەسنووسێکی دیوانی نالییان بۆ ناردین بۆ چاپکردن، لەگەڵ دەسنووسەکە بەجیاوازی مێژووی ژیانی شاعیریان بۆ ناردین، وابوو لەگەڵ دیوانەکەدا چاپمان کرد.

٢- دیوان نالی شاعر شهیر کرد، چاپی (عەلی موقبیل سەنەندەجی) لە ساڵی

١٩٤٨/١٣٢٧ چاپ کراوە.

٣- دیوانی نالی یادگاری مەلا خضری شارەزووریە، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٦٢.

٤- دیوانی نالی یادگاری مەلا خضری شارەزووریە، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٤.

٥- دیوان نالی شاعر شهیر کرد، چاپی کیتابفرۆشی و چاپخانەی مووەفەقی لە مەهاباد، ١٩٦٧ (ئەم چاپەی مەهاباد ئۆفسێتی چاپی ساڵی ١٩٦٢ی هەولێرە).

٦- دیوانی نالی هۆنراوەی مەلا خدری شارەزووریە، چاپی کتێبفرۆشی سەیدیان لە مەهاباد (ئەم چاپە ئۆفسێتی چاپی ساڵی ١٩٧٤ی هەولێرە).

٧- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پێداچوونەوەی محمدی مەلا کریم، بەغدا، ١٩٧٦، ئەم چاپەی دیوانی نالی تەنیا بڵاوکردنەوە نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیە وەکو خاوەنەکانی دەڵێن؛ لەم لایەنەوە بڵاوکەرەوەکانی دیوانی نالی دوو لایەنی شیعری نالییان ڕوون کردۆتەوە، یەکەمیان وێنە ڕەوانبێژییەکانی شیعری شاعیریان دەستنیشان کردووە، دووەم ئیشارەتە شارراوەکانیان پیشان داوە کە شاعیر پەنا دەباتە بەر ئایەتی قورئان. ئەم دوو جۆرە لێکۆڵینەوەیە لە ئەدەبدا دەچێتە ناو زانستییەوە، ڕەوانبێژی دەستووری خۆی هەیە وەکو زانستییەکانی تری ئەدەب: عەرووز و کێشی سیلابی و قافیە و هەندێ لایەنەکانی تری زانستیی ڕەخنە. لایەنە زانستییەکان لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا چەندە گرنگە؛ لەو گرنگتر لایەنی چێژ و خەیاڵ و زانیاریی ئەنسیکلۆپیدییە بەتایبەتی بۆ نالی.

٨- دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی مارف خەزنەدار، بەغدا، ١٩٧٧.

پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٣١ بەهۆی بڵاوکردنەوەی چاپی یەکەمی دیوانی نالییەوە وتارێکی لە ڕۆژنامەی (ژیان) بڵاو کردەوە بەناوی (خدمەتێکی بێ هەمتا بەمووناسەبەتی تەبعی دیوانی نالییەوە)، وتارەکە بریتییە لە سۆزێکی

ڕۆمانتیکییانە خراوەتە ناو قاڵبی وەسفێکی خەیاڵاوی لە بابەت دەرچوونی نالی لە سلێمانییەوە بۆ وڵاتی ئاوارەیی.

شاعیری کەرکووک هیجری دەدەی کاکەیی لە ساڵی ١٩٣٥ لە شیعرێکیدا یادی نالی و مستەفا بەگی کوردی دەکاتەوە، بەچاوێکی بەرز تەماشایان دەکا و بەشاعیری بەرز ناویان دەبا.

محەمەد ئەمین زەکیی مێژوونووس لە ساڵی ١٩٣٩ لە کتێبی (تاریخ سلێمانی و وڵاتی)دا، لە فەسڵی زانا و شاعیر و گەورە پیاوانی سلێمانی کە ناوی نالی دەهێنێ، دەڵێ: لەدوای وەفاتی سلێمان پاشا و بوونی ئەحمەد پاشا بەئەمیر، تەعزیە و تەبریکێکی مەنزوومی بۆ نووسیوە کە حەقیقەت وێنەیێکی مومتازی شیعر و ئەدەبە. مەبەسی ئەمین زەکی شیعرە بەناوبانگەکەی نالییە (تا فەلەک دەورەی نەدا...).

جەلادەت بەدرخان بەناوی (هەرکۆل ئازیزان)ەوە لە کۆواری (هاوار)دا لە ساڵی ١٩٤١ یادی نالی دەکاتەوە لە شاعیرە کلاسیکییە گەورەکانی ئەدەبی کوردی کۆنی دەژمێرێ.

عەبدوڵڵا گۆران بەهۆی یادی کۆچی دوایی پیرەمێردەوە وتارێکی نووسیوە، تێیدا نالی بەگەورەی شاعیران حسێب دەکا، ئەمە لە کتێبی (یادی پیرەمێرد) لە بەغدا لە ساڵی ١٩٥١ چاپ کراوە و بڵاو کراوەتەوە.

عەلائەدین سەجادی دەوری دیاری هەیە لە نووسینەکانیدا لە بابەت ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی ژیانی نالی و لێکدانەوەی برێک لە شیعرەکانی، بەتایبەتی لە کتێبەکانی (مێژووی ئەدەبی کوردی) و (ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی) و (دوو چامەکەی نالی و سالم).

نووسەری ئەم کتێبە مارف خەزنەدار لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە لە ژیانی وڵاتی ڕووسیا و باکووری ئەفەریقا و ئەورووپا و ژیانی ناوەوەی نیشتمان کاتێکی زۆری ژیانی ڕۆشنبیری بۆ نالی تەرخان کردبوو. کۆمەڵێک وتار و باسی لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا بەزمانانی کوردی و عەرەبی و ڕووسی بڵاو کردۆتەوە. هەروەها بەساڵ بەرنامەی تایبەتی هەبووە لە بابەت نالییەوە لە ئێستگەی ڕادیۆی بەغدا و تەلەڤیزیۆنی کەرکووک. ئەمە جگە لە کتێبی (نالی لە دەفتەری نەمریدا) لە

بەغدا لە ساڵی ١٩٨١دا بڵاو کراوەتەوە.

مەسعوود محەمەد لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە خۆی لەگەڵ نالی خەریک کردبوو، زیاتر لە بارەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەندێ لە شیعرە داخراوەکانیدا. لەم کارەیدا جاری وا هەیە شیعرێکی داخراو هەڵدەبژێرێ، لە کاتی لێکۆڵینەوەکەیدا بۆچوونەکانی لەباتی ئەوەی داخراوەکە بکەنەوە، بۆچوونەکانی خۆی لە شیعرەکەی نالی داخراوتر دەکەونە بەرچاو، بەم جۆرە هیچ بەدەستەوە نادەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ بۆچوونی ماقووڵی هەیە، دەکارێ خۆی وەک ئەندامێک لەناو کۆڕی نالی ناس و نالی زانەکان لە قەڵەم بدا، کاری دیاری لەم لایەنەوە لە کتێبی (چەپکێک لە گوڵزاری نالی)دا دەبینرێ.

ساڵی ١٩٨٤ ساڵێکی هات بوو لە بەهاری ڕۆشنبیری کوردیدا، لەو ساڵەدا سێ کتێب لە بارەی نالییەوە بڵاو کراوەتەوە. یەکەمیان لە دانانی عەبدولخالیق مەعرووف بوو، (دیوانی نالی و کێ ڕاستە؟). کتێبەکە ناوبژییێکە لە بابەت ئەو دیوانەی نالی کە نووسەری ئەم کتێبە بڵاوی کردبووەوە و ئەو ڕەخنانەی لێی گیرابوون. لەبەر ئەوەی کتێبەکەی عەبدولخالیق مەعرووف وەک بەرگرییێک دەکەوێتە بەرچاو لە دانەری ئەم کتێبەی بەردەستت، ئێمە بیروڕای خۆمان بەرامبەری ناخەینە ڕوو و باشتر وایە خوێندەوار و ئەوانەی بایەخ بەئەدەبی کوردی و بەتایبەتی نالی دەدەن ئەو کتێبە بەوردی بخوێننەوە.

دوور لەو مەسەلەیە، عەبدولخالیق مەعرووف بلیمەتێک بوو، کەم پیاوی وا هەڵدەکەوێ، نالی زانێک بوو لە نالی زانە هەرە دیار و گەورەکانی کورد.

کتێبی دووەم و سێیەمی ئەو ساڵە بەپیت و بەرەکەتە (١٩٨٤)، یەکەمیان بەناوی (نالی لە دادگای ڕەخنەدا) بوو لە لایەن ڕەئووف عوسمانەوە نووسرا بووەوە. دووەمیان بەناوی (نالی و زمانی یەکگرتووی کوردی) بوو لە لایەن کەریم شارەزاوە بڵاو کرابووەوە. ئەم دوو کتێبە کەلێنێکیان لە لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی هەندێ لە لایەنە نهێنی و داخراوەکانی گێتیی نالی پڕ کردۆتەوە. ناوبانگی نالی کەم و زۆر لە قوتابخانە و دەسگا زانستییەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپادا لە ناوەوە بووە. هێشتا لە ژیاندا بووە لە شام بەهۆی ئەحمەد پاشای بابانەوە ڕۆژهەڵاتناس ئەلێکساندر خۆدزکۆ ناوبانگی بیستووە (١٨٥٣)، ئیلیا سۆن لە ساڵی ١٩١٣

باسی نالی کردووە و نموونەی شیعری بڵاو کردۆتەوە. ڤلادیمیر مینۆرسکی لە ساڵی ١٩١٥دا نالی بەشاعیرێکی گەورەی کورد لە قەڵەم داوە و هەندێ لە غەزەلەکانی بڵاو کردۆتەوە.

باسیلی نیکیتین لە ساڵی ١٩٥٦ لە کتێبە نایابەکەی (کورد لێکۆڵینەوەیێکی سۆسیۆلۆجی – مێژوویی) بەزمانی فرەنسی باس لە ئەدەبی کوردی دەکا، لەناو شاعیری کورددا جێگەی دیاری بۆ نالی تەرخان کردووە. سیسیل ئەدمۆندس لە ساڵی ١٩٥٧ لە کتێبی (کورد و تورک و عەرەب)دا کە باس لە ئەدەبی کوردی دەکا، لەناو گەورە شاعیرانی کورد ئاماژە بەنالی دەکا.

نووسەری ئەم کتێبە دەوری هەیە لە ناساندنی نالی بەکۆمەڵی ڕووس و ڕۆژهەڵاتناسی لە وڵاتی ڕووسیا. لە کارەکانی بەزمانی ڕووسی (دامەزرێنەری قوتابخانەی کلاسیکی نوێ لە کوردستانی باشووردا) لە کتێبی کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسی لە ساڵی ١٩٦٦ لە لینینگراد (سانت پیتر سبورگ) چاپ کراوە، هەروەها لە کتێبی (بەکورتی مێژووی ئەدەبی کوردی نوێ) لە ساڵی ١٩٦٧ لە مۆسکۆ چاپ کراوە، لەم لێکۆڵینەوانەدا بەزمانی ڕووسی دانەر بایەخێکی زۆری بەژیان و بەرهەمی شیعری نالی داوە. جگە لەو کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسانەی باسیان لێوەکرا، کەسانی تریش هەن، وەکو تۆما بوا و جۆیس بلوو باسی ئەدەبی کوردییان کردووە، بەتایبەتی ناوی نالییان هێناوە، بەڵام زانیارییەکانیان سادە و سەر پێیین، ڕەسەنایەتییان تێدا نییە، لەبەر ئەوە نابن بەسەرچاوەی ڕاستەقینە، ڕەنگە لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە کەڵکیان هەبێ. لە سەردەمی ژیانی نالی و لەدوای ئەویش قوتابیان و نالی دۆستان شیعری ئەو شاعیرەیان نووسیوەتەوە. دەفتەری شیعری واتە دەسنووس ئەم دەست و ئەو دەستی کردووە، شیعری نالییان لەبەر دەفتەری ڕەشنووس و پاکنووس تۆمار کردووە، بەم جۆرە کۆمەڵێک دەسنووسی بەنرخ لە ناوەوەی نیشتمان و لە نامەخانە گەورە و گرنگەکانی ئەورووپادا پارێزراون.

لە کوردستانی باشووردا بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی و سنە و موکریان بەزۆری تەواوی دیوانی نالی بەرچاو دەکەوێ کە لە دەسنووسێکدا تۆمار کرا بێ، بەدەگمەن شیعری شاعیرانی دیکە لە دەسنووسێکی تایبەتیدا دەبینرێن، لەگەڵ

ئەوەشـدا هیچ دەسنووسـێکی شیـعری کوردی بەگشـتی (بەیاز) و کەشکۆڵێکی شیعر نابینرێ شیعرێک یا زیاتر لە شیعرێکی نالی نەگرتبێتە خۆی. بەپێویستی دەزانین بەکورتی باس لە هەندێ لەو دەسنووسـانە بکەین کە بەچاوی خـۆمـان دیومانن، ئەگینا ئەوەی ناوبانگیانمان بیستووە گەلێ زۆرن:

١- دەسنووسی Ms. or. oct. 1909 SB Marburg - Berlin لە ئەڵمـانیـا، شیـعری تێدایە لە دیوانە چاپکراوەکانی نالی بڵاو نەکراونەتەوە، بەپێی قسەی ئۆسکارمان ئەم دەسنووسە لە ساڵی ١٨٨٠دا نووسراوەتەوە.

٢- دەسنووسی دیوانی نالی لە لایەن مەلا عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٣١٦ھ/ ١٨٩٨م دا ڕوونووس کراوە.

٣- دەسنووسێکی دیوانی نالی لە ساڵی ١٣١٧ھ/ ١٨٩٩ نووسراوەتەوە، مینۆرسکی لە گەشتەکانی کوردستانیدا دەستی کەوتووە.

٤- دەسنووسی دیوانی نالی لە (٥٩) لاپەڕەدایە، لەدوا ساڵانی سەدەی نۆزدەم یا سەرەتای سەدەی بیستەم نووسراوەتەوە.

٥- دەسنووسی دیوانی نالی لە دەفتەرێکی بچووکی گیرفاندایە لە ساڵی ١٣٢١ھ/ ١٩٠٣م لە لایەن محەمەد ئەمین زەکی مێژوونووسی کورد ڕوونووس کراوە.

٦- دەسنووسی دیوانی نالی لە (٩٣) لاپەڕەدایە لە ساڵی ١٣٢١ھ/ ١٩٠٣م نووسراوەتەوە، تێکستەکان سەروژێریان بۆ کراوە. ئەم دەسنووسە لە نامەخانەی تایبەتی شێخ محەمەدی خاڵ لە سلێمانی پارێزراوە.

٧- دەسنووسی دیوانی نالی لە لایەن محەمەد حوسێنی قەرەداغی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕوونووس کراوە.

٨- لەم دواییەدا قوتابی بەڕێزم خوا لێخۆشبوو جەمال محەمەد محەمەدئەمین پێش کۆچی دوایی دەسنووسێکی دیوانی نالی پێشکێش کردم، سەرەتا و دوالاپەڕەکانی نەماون، زۆربەی شیعری نالی تێدا تۆمار کراوە، لە ڕووی زانستی و مۆزەییەوە نرخی خۆی هەیە.

٩- دەسنووسی دیوانی نالی لە لایەن جەمالی مەلا ئەحمەد لە ئاغستۆسی ساڵی ١٩١٣ نووسراوەتەوە.

١٠- دەسنووسێکی تری دیوانی نالی لە کۆکراوەکانی مینۆرسکییە لە ساڵی

١٣٣١ھ/١٩١٢م نووسـراوەتەوە. ئەم دەسنووسە ئێستا لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی لە سانت پیتر سبورگ پارێزراوە.

١١- کەشکۆڵ یا بەیازێکی گەورەی (٥٠٠) لاپەڕەیی لە ساڵی ١٣٣٨ھ/١٩١٩م نووسراوەتەوە، بەشێکی زۆری شیعری نالی تێدایە.

١٢- دەسنووسی (سۆزی نیشتمان) (٥٧٤) لاپەڕەیە، لە لایەن نەجمەدین مەلاوە، لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٥دا نووسراوەتەوە، هەندێ هەڵبژاردەی شیعری نالی تێیدا تۆمار کراوە.

ئەوەی شایانی باس بێ لە بارەی شارەزایی لە گێتیی ناوەوەی شیعری نالییەوە ئەوەیە بەپێی تاقیکردنەوە دووروردرێژەکانم لەم مەیدانەدا گەیشتمە ئەو ڕاستییەی سێ جۆرە کەسانێک لە نالییەوە نزیک بوون، جا ئەمانە بەڕاستیان بووبێ یا بەڕاستیان نەبووبێ شانازییان بەوەوە کردووە کە نالییان خۆش دەوێ:

١- تاقمێک فریان بەسەر شیعری نالییەوە نەبووە و هەر تێی نەگەیشتوون، بەخەیاڵی خۆیان وایان زانیوە تێی دەگەن. بەشێک لەمانە لە مامۆستایانی هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانستگا بوون.

٢- تاقمێکی دیکە تا پلەیێک لە نالی گەیشتوون و بەشوێن ئەو کەسانە گەڕاون ئەوەی تێی نەگەیشتوون تێیان بگەیەنن.

٣- ئەو کەسانەن تا پلەیێکی باش لە نالی گەیشتوون، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنی لە هەموو بەرهەمی شیعری نالی گەیشتبن. باوەڕ ناکەم یەکێک هەبێ بەتاقی تەنیا لە هەموو شیعری نالی بگا!

هەندێ لەوانەی دەچنە ناو ئەم تاقمەی دوایییەوە و من دەیانناسم ئەمانەن: مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، کاکە حوسێنی خانەقا، هێمنی شاعیر، فاتیح عەبدولکەریم، مەسعوود محەمەد، عەبدولخالیق مەعرووف.

نالی چۆن شاعیرێکە؟

نالی وەک (کەسایەتی) و (شیعرایەتی) لە هەردوو باردا نهێنی و شارراوەیە.

سەرچاوە بۆ ناسینی شیعرەکانیەتی، لە شیعریشدا پیاو هەرچەندە زیاتر ورد بێتەوە و بیری لێ بکاتەوە و بچێتە ناویەوە تەنگوچەڵەمە زیاتر دەبێ بۆ ناسینی نالی، چونکە شیعری بەگشتی لەناو گێتییێکی قانگدراو بەتەمومژ و پڕ لە جادوو و ئەفسووندا دەژی. ئەگەر لە دێڕە شیعری غەزەلێکدا ترووسکاییێک بەدی بکرێ پیاو هەست بکا لە مەبەسێکی گەیشتووە لە دێڕە شیعرێکی دیکەدا ئەو ترووسکاییەش نامێنێ و دەبی بەشەوەزەنگ.

نالی باوەڕی بەدڵداریی زەمینی بووە، ژن هەوێن و سەرچاوەی ئەو دڵدارییەیە لە وێنەیێکی مەتریالی خۆی دەنوێنێ، بۆیە نالی گرفتاری ژنە وەکو پەیکەرێک لە قاڵبی گیان و سۆزدا، ئینجا ئەم پەیکەرە بەهەموو ئەندامەکانی لەشی ورد دەکاتەوە، بێ گومان دیار و نادیار، بینراو و شارراوە. هەموو ئەندامەکان بەلایەوە جوان و پیرۆزن و وێنەی گشتی پەیکەرەکە دەخەنە ڕوو. بۆ ئەم جۆرە دڵدارییە زاراوەی (عیشقی مەجازی)ی سۆفیزم بەکار دێنێ کە بەرامبەر بەدڵداری زەمینییە، ئەمەش بۆ ئەوەی زاراوەی (عیشقی حەقیقی) بهێڵێتەوە بۆ ئەو دڵدارییەی دوورە لە شەهوەتی مەتریالی و خۆی لە (جوانی هەمیشەیی)دا دەبینێ.

نالی دانایانە و فەیلەسووفانە بوون و گەردوون وەک دیاردەیێک بەچاویلکەی فەلسەفەی ئەفلاتوون و مەنتیقی ئەرستۆ لێک دەداتەوە، هەرچەندە بۆچوونەکانی میتافیزیکییانەیە، بەڵام خەیاڵی شاعیری وێنەیێکی جوان و داهێنراوی پێ دەبەخشێ.

نالی لەو کەسانە بووە کە لە خۆی گەیشتووە، بەرامبەر بەو ئیدیۆلۆجییەتەی باوەڕی پێی بووە خۆی بەبچووک حسێب کردووە، لەوانە بەرامبەر بە(خۆشەویست) و (خودا) و (پێغەمبەر) خۆی بەکەم زانیوە، ئەگینا دانی بەکەسی دیکە نەهێناوە لەناو کۆمەڵدا ئەگەر لە شاعیر بەگەورەتر ناسرا بێ.

ئەم کابرا شارەزوورییە دڵسۆزە شیعری تەنیا بۆ هەستی خۆی وتووە، کەس بۆی نەکراوە لە لای نالی شیعر بەڕادان بدا. مەدح و ستایش و پێداهەڵدانی بۆ کەس نەبووە، تەنیا ئەحمەد پاشا و سلێمان پاشا نەبن، ئەمانەش وەکو دروشمی کورد نەک وەک پاشایانی میرنشین و گەورە پیاوان.

ئامانجی شاعیر لە ژیانی هونەری شیعریدا ئەوە بووە هەرچی دەیزانی و

هەستی پێ دەکرد و پەری شیعر بۆی دەهێنا بەزمانی کوردی تۆماری دەکرد، بەم جۆرە یەکەم شاعیر بوو لە کوردستانی باشوور توانی ئەم زمانی کوردییە بکا بەزمانی شیعرێکی یەکجار جوان و بەرز و بالا.

نالی سوودی لە بەرهەمی شاعیرانی کۆن و هاوچەرخی خۆی، بەتایبەتی شاعیرانی نەتەوە هاوسێکانی کورد وەرگرتووە، یەکەمین کەسە لە کوردستانی باشووردا شیعری کردووە بەپیشە و بووە بەپسپۆڕی شیعری کوردی. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە نالی خوێندنی حوجرەی تەواو کردووە و بووە بەمەلا و مەلای باشیش بووە، بەڵام لە مەیدانی مەلایەتی و زانستییە ئایینییەکانی ئیسلام و زمانی عەرەبی هیچ جۆرە کردەوە و نووسینێکی نییە، ئەمە هەموو ئەو شاعیرانەی دەوری نالی و پاش ئەویش تا دەگاتە سەردەمی جەنگی یەکەمی گێتی دەگرێتەوە.

شاعیر زمانانی هاوسێکانی کوردی زانیوە، بەکارهێنانی وشەی ئەو زمانە بێگانانە لە شیعریدا ناگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئەو وشانەی نالی بەکاری هێناون لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا دەست ناکەون، بەپێچەوانەوە ئەم وشانە لە زمانی کوردیدا هەن، بەڵکو دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئەم وشانە وشەی (فەرهەنگی شیعر) بوون، لە زمانانی فارسی و کوردی و تورکی عوسمانی بەکار دەهێنران و ئەم وشە و ڕستانە بۆ خوێندەواری کورد شتێکی بێگانە نەبوون.

نالی لە حوجرەی فەقێیان بیر و مێشکی بەشیعری کلاسیکی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاودرا. لەوانەیە غەزەلەکانی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی بە(مەم و زین)ەوە کاریان لە نالی کرد بێ، چونکە شیعری نالی سەر بەو قوتابخانەیەن کە پێشتر شاعیرانی کوردستانی باکوور بەردی بناغەیان دانا. دەکرێ ئەم بیروڕایە بۆ شیعری (گۆرانی) لەمەڕ نالییەوە بخەینە ڕوو. بەڵام ئەمەیان گومانی تێدا نییە کە نالی هیچ نەبێ ئاگاداری ئەو شیعرانە بووە کە لە کۆنەوە بەدیالێکتی (گۆرانی) وتراون، تا دەگاتە سەردەمی خۆی و مەولەویش لەو ئاقارانەدا ژیاوە کە نالی لێ بووە، بەڵام ڕەنگە مەیلی لەگەڵ شیعری (گۆرانی)دا نەبووبێ، لەبەر ئەوە گوێی نەداوەتە گەلێ هونەر و بابەتی بەرزی ئەو سەردەمە، وەکو چیرۆکی شیعری کە لە ئەدەبی کوردستانی باکوور و ئەدەبی دیالێکتی

گۆرانی باو بووە و گەلێ چیرۆکی شیعری بەرزی سەرکەوتوو هاتۆتە بەرهەم.

لە ژیانی شیعرایەتی نالی ئەوە دەردەکەوێ چێژێکی ئەوتۆی لە زمانی عەرەبی وەرنەگرتبێ، ئەگەرچی خۆشی هەندێ دێڕە شیعر و ڕستەی عەرەبی هەیە تێکهەڵکێشی شیعرە کوردییەکانی کردووە، بەڵام ئەو عیبارەتانە بێ هێزن. هەروەها شیعرە فارسییەکانیشی ئەوەندە کەمن هەر ئەوە دەتوانین بڵێین فارسی زانیوە نەک شاعیری فارسی زمان بووە. لە بابەت شیعری تورکی عوسمانییەوە نالی شیعری بەم زمانە نییە، ئەوەندە هەیە لە یەک دوو شوێن وشەیێکی تورکی بەکار هێناوە.

نالی هەموو هۆش و بیر و هێزی شاعیریەتی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی شیعری کوردی بەکار هێناوە، لەبەر ئەوە دەبێ تەنیا بەشاعیرێکی کوردی گەورە بناسرێ.

بەشی شەشەم

ڕوخساری شیعری نالی

ڕوخساری شیعری نالی لە ڕووی بابەتەوە

شیعری نالی بەقەوارە و ژمارە کورت و کەمە، ئەو بەرهەمەی لە بەردەستماندایە دەتوانرێ هەمووی لە دەوروبەری ١٢٠ پارچە شیعری لیریکی بژمێررێ. هەروەها شیعری نالی لە ڕووی بابەتی هونەرە شیعرایەتییەکانی ئەدەبی ئیسلامەوییەوە (نەتەوە ئیسلامەکانەوە) کە زۆرن، شاعیر ئەو قاڵبانەی لەم لایەنەوە هەڵیبژاردوون بۆ بەرهەمی شیعری لە چوار جۆر تێپەڕ ناکەن: غەزەل، قەسیدە، موستەزاد، تاک (فەرد).

١- غەزەل: ئەم بابەتە شیعرە لە لای نالی و لە ئەدەبی ئیسلامەوی ڕۆژهەڵات بەو پارچە شیعرە دەووترێ کە ژمارەی دێڕە شیعرەکانی، نیوە دێڕی یەکەم و نیوە دێڕی دووەم (سەدر و عەجز) لە پێنج دێڕ کەمتر نەبێ، ئیتر بەزۆری ئەم جۆرە شیعرە لە حەوت دێڕ، یا نۆ دێڕ، یا دە دێڕ، یا دوازدە دێڕ پێک دێ، هەندێ کەس دەیگەیەننە هەژدە و تا بیست دێڕیش. ئەگەر ژمارەی دێڕە شیعری غەزەل لەمە تێپەڕ بکا قەسیدەی پێ دەڵێن. لە ڕووی کێشەوە پێڕەوی دەستوورەکانی کێشی عەرووز دەکا، هەرچی قافیەشە لەسەر سیستێمی یەکیەتی قافیە بەڕێوە دەچێ.

بەرهەمی شیعری نالی ئەوەی ئێستا لە بەردەستماندایە و ئاگاداریمان لێی هەیە لە زیاتر لە سەد پارچە غەزەل پێک هاتووە، هەندێ لەم غەزەلانە ئەوانەی ژمارەی دێڕەکانیان سێ یا شەش یا هەشت دێڕ بێ، بێ گومان ئەم شیعرانە ناتەواون، لەوانەشە هەندێ لەم غەزەلانە لە بنجدا قەسیدە بن و ژمارەی دێڕەکانیان لە دوازدە زیاتر بوو بێ و بەدرێژایی ڕۆژگار هەندێ لە دێڕەکانی کەوتبن.

٢- قەسیدە: لە هەموو ڕوویێکی ڕوخسارەوە وەکو غەزەل وایە، دەتوانین غەزەلی

درێژی پێ بڵێین، بەڕاستی ئەم بابەتە شیعرە غەزەلە، بەڵام کە ژمارەی دێڕەکانی زۆر بن قەسیدەی پێ دەوترێ.

بەرهەمی نالی لەم جۆرە شیعرەدا کەمە، ژمارەی هەموو قەسیدەکانی لە ژمارەی پەنجەی هەردوو دەست تێناپەڕێ. لەمانە درێژترین قەسیدەی ئەو دوو (نەعت)ەیە کە بۆ پێغەمبەری وتووە، یەکەمیان (ئەی ساکینی...) لە ٦٨ دێڕە شیعر و، دووەمیان (ئەلا ئەی نەفسی...) لە ٧٤ دێڕە شیعر پێک هاتوون. هەروەها دەتوانین لە قەسیدە بەناوبانگەکانی نالی ناوی قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم...) (٤٣ دێڕ) و (مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە...) (٤٩ دێڕ) ببەین.

٣- موستەزاد: جۆرە هونەرێکە لە غەزەل، شاعیر نیوە دێڕە شیعرێکی کورت دەخاتە سەر هەموو نیوە دێڕە شیعرە درێژەکان، لەبەر ئەوەیە موستەزادی پێ دەڵێن، واتە غەزەلێک شتی زیادی دەخرێتە سەر. نالی لەم جۆرە هونەرە تەنیا موستەزادێک لە دیوانیدا هەیە. بینای ئەندازیاری موستەزادەکە بەم جۆرەیە:

غەزەلەکە لە نۆ دێڕە شیعر پێک هاتووە، یەکێتیی کێش و قافیەی تێدایە. لە ڕووی کێشەوە لەسەر بەحری هەزەجی عەرووز ڕێک خراوە، قافیەی دەنگی (میم)ە (کەوتووم، چووم، مردووم... هتد) هەرچی غەزەلەکەی دیکەیە ئەویش شیعرێکی نۆ دێڕە شیعرییە، بەڵام دێڕەکانی کورتن (مفعول□ فعولن)، ئەمەش لەسەر یەک کێش و یەک قافیەیە، قافیەی دەنگی (میم)ە (حەیاتم، وەفاتم، بەتەماتم... هتد) ئیتر دێڕە شیعرە درێژ و کورتەکان بەیەکترییەوە لکێندراون و بەسەر یەکەوە دەخوێنرێنەوە. بەم چەشنە موستەزادەکە دەتوانرێ بەسێ جۆر بخوێنرێتەوە. یەکەمیان هەمووی بەسەریەکەوە، دووەمیان دێڕە درێژەکان بەتەنیا، سێیەمیان دێڕە کورتەکان بەتەنیا. ئەم کارە دیارە وەستاییییەکی پێویستە، شاعیری بەدەسەڵات نەبێ ناتوانێ ئەم بابەتە هونەرە کلاسیکییە بەبەرهەمی شیعری خۆی ببەخشێ.

موستەزادەکە بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادەوو کەوتووم

تا ماوە حەیاتم

دەسـتێ بدەرە دەسـتـی شکسـتـەم کـە لە دەس چووم
قوربانی وەفاتم
تۆ یووسـفی نەو حـوسنی لەسـەر مـیـسری جـینانی
من پیرم و فانی
لەم کـولبـەیی ئەحـزانە نـە زینـدووم و نە مـردووم
هەر وا بەتەماتم

٤- تاک (فـەرد): بریتـیـیـە لە دێڕە شـیـعـرێک (لە نـیـوە دێڕی یەکـەم و نیـوە دێڕی دووەم) پێک هـاتووە. ئەم بابەتە شـیـعـرە بۆ قسـەیێکی نەسـتـەق یا پەنـدێکی پێشـینان یا بیـرێکی فـەلسـەفی یا وێنەیێکی جـوان بۆ ژن و دڵداری و وەسـفی سروشت دادەنرێ.

نالی لەم جۆرە شیعرە تەنیا (تاک)ێکی هەیە:

سـەوتی نەغمـەی بلبلە یا چەهچـەهەی خرخـاڵییـە
دەنگی سـۆلـە یا لـە ژێر پێی نـاڵەنـاڵی (نـالی)یـە

تەرکیبی ناوەوەی شیعری نالی

شـیـعـری نالی و هەمـوو شـیـعـری کلاسـیکی ئیسـلامـەوی لـە ڕووی ڕوخسـاری ناوەوەی ئەم ئەدگارانەی خوارەوەی هەیە:

١- دێڕە شـیـعـری غـەزەل یا قـەسـیـدە دەکرێ بەدوو پـارچە: یەکـەمـیـان نیـوە دێڕی یەکەم (سەدر) و دووەمیان نیوە دێڕی دووەم (عەجز)ی پێ دەووترێ.

٢- غـەزەل یا قـەسـیـدە یا هـەر بابەتێکی تری شـیـعـر لە ڕووی کێشـەوە لە یەکـەمـین دێڕە شـیـعـرەوە تا دوایی هـەمـووی لەسـەر یەک کێش دەبێ، کێشـەکان پێڕەوی عـەرووز دەکـەن، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەتوانرێ بەپێـوانەی سـیـلاب (کـەرت) بکێـشـرێن بەتایبـەتـی ئەو شـیـعـرانـەی لەسـەر کـێشـە سـووکـەکانی عـەرووز دانراوون، وەکو ئـاشکرایە لە شـیـعـری کلاسیکی کوردی ئیسـلامـەویدا بەزۆری ئەو کێشـە سووکانە بەکار دەهێنرێن، چونکە لەگەڵ زمانی کوردی دەگونجێن.

٣- هـەندێ جـار نالی دێڕی شـیـعـر دەکا بەچوار کـەرت، واتە هـەر نیـوە دێڕی دەکا بەدوو کـەرت، دوایی هەمـوو کـەرتەکان وەسـتـانیـان تێدا دەبێ و لەسـەر یەک

قافیە دەبن. واتە نیوە دێڕی یەکەم دوو قافیەی دەبێ، وە نیوە دێڕی دووەمیش دوو قافیەی دەبێ؛ دوو قافیەکەی نیوە دێڕی یەکەم و قافیەی یەکەمی نیوە دێڕی دووەم لەسەر یەک کێش و یەک دەنگ (تیپ، حەرف) دەبن، وە قافیەی دووەمی نیوە دێڕی دووەم دەبێتە قافیەی بنچینەیی شیعرەکە، وەکو لەم غەزەلەی لای خوارەوە دەبینرێ:

سۆفی چییە ئیشی تۆ هەر کایە حەشیشی تۆ
عاشق وەکو ڕیشی تۆ هەوساری لەکن پەشمە
چەند واسیعە ئەم زیهنە ئەفلاکی تێدا ڕەهنە
ئەجیالی لە لا عیهنە ئەدواری لەکن پەشمە
(نالی) کە قەدەح نۆشە مەستانە و سەرخۆشە
خامۆش نەمەد پۆشە ئەسعاری لەکن پەشمە

بۆ دیارکردنی نرخی هونەری ئەم غەزەلە لە ڕووی ئاواز و ڕیتمەوە و کاریگەری بەسەر گوێی مۆسیقییەوە لە بابەت وێنەی بیناسازی دەرەوەی شیعرەکە دەتوانرێ بەم جۆرەش تۆمار بکرێ:

سۆفی چییە ئیشی تۆ
هەر کایە حەشیشی تۆ
عاشق وەکو ڕیشی تۆ
هەوساری لەکن پەشمە
چەند واسیعە ئەم زیهنە
ئەفلاکی تێدا ڕەهنە
ئەجیالی لە لا عیهنە
ئەدواری لەکن پەشمە
(نالی) کە قەدەح نۆشە
مەستانەوو سەرخۆشە
خامۆش نەمەد پۆشە
ئەسعاری لەکن پەشمە

٤- یەکێ لە ئەدگار و خاسیەتە هەرە گرنگەکانی شیعری نالی بەگشتی ئەوەیە هەر دێڕێکی لە مانادا سەربەخۆیە، واتە گیانی چیرۆکی و زنجیرەی بیری بەستراو بەیەکەوە کەمە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی شیعرەکانی پاش و پێش بخرێن. ئەگەر هەندێ دێڕە شیعر لە غەزەلێک یا قەسیدەیێکدا بکەون هەست بەبۆشایی جێگەی ناکرێ، بۆیە هەر دێڕە شیعرێک لە شیعری نالی دەشێ ببێ بە وتەیێکی جوان، یا قسەیێکی نەستەق، یا وێنەیێکی ڕەنگین. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ لە غەزەلەکانی نالی و بەتایبەتی لە قەسیدەکانیدا هەست بەزنجیرەی بیر واتە بەسەرهات و گێڕانەوەی ڕووداو دەکرێ. ڕووداوەکان زۆرن بەیەکتری دەبەسترێنەوە و حیکایەتێکیان لێ دروست دەبێ. واتە ئەم چیرۆکانە گیانی شیعریان تێدا هەیە.

٥- لە زۆربەی غەزەل و قەسیدەکانی نالی بەپێی دەستووری شیعری کلاسیکی لە دێڕی دواییدا نازناوی شاعیر تۆمار دەکرێ، بەزۆری ناو هێنانەکە لە دێڕی دوایی شیعرەکە دەبێ. ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێ لە هەموو دیوانی نالیدا تەنیا چەند غەزەل و قەسیدەیێک شاعیر نازناوی خۆی نەهێناوە. ئێمە وا بۆی دەچین ڕەنگە شاعیر لەم شیعرانەشدا نازناوی خۆی هێنا بێ، بەڵام ئەو دێڕە شیعرانە کەوتبن.

کێشی شیعری نالی

نالی پێڕەوی شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی کردووە لە ڕووی کێشەوە، هەموو شیعرەکانی بەبەحری عەرووزی کێشاوە، لەوانە بەشی هەرە زۆری غەزەلەکانی لەسەر کێشی هەزەج و هەندێ لەو کەمتر لەسەر کێشی ڕەمەلن. لە کێشی موزاریع هەشت غەزەلی هەیە، لە کێشەکانی ڕەجەز و بەسیت و تەویل لە هەریەکەیان غەزەلێکی هەیە.

لەناو قەسیدەکانی شاعیردا پێنجیان لەسەر کێشی هەزەجن، لە کێشی موزاریع و ڕەمەلدا لە هەریەکەیان دوو غەزەلی هەیە، تاکە قەسیدەیێکیش لە کێشی موجتەسە (مجتث)، موستەزادە تاقانەکەش لەسەر کێشی هەزەجە، هەرچی تاکە دێڕە شیعرییەکەی شاعیریشە لەسەر کێشی ڕەمەلە.

قافیەی شیعری نالی

غەزەل یا قەسیدە لە ڕووی قافیەوە، نیوە دێڕی یەکەم و نیوە دێڕی دووەمی دێڕی یەکەم لەگەڵ نیوە دێڕی دووەمی هەموو دێڕەکانی شیعر تا دوایی لەسەریەک قافیە دەبن.

قافیە لە لای نالی و شاعیرانی دوای ئەو دەکرێ بەدوو بەشەوە:

١- قافیەی سادە: ئەو ڕێزە وشانەیە کە تیپی (دەنگی) هەرە دوایی، واتە یەک تیپ یا دوو، یا سێ، یا چوار، یا پێنج وەک یەک دەبن، بەمەرجێ ئەم تیپانە لە بزوێن و بێ دەنگ پێک هاتبن، ئەگەر لە شیعری نالی ورد ببینەوە دەبینین قافیەی وای هەیە تەنیا لەسەر یەک تیپ دامەزراوە، وەکو (ا)، (ۆ)، هی واشی هەیە لەسەر دوو تیپ، وەکو (شا)، (ار)، لەسەر سێ تیپ، وەکو (ادا)، (ارم)؛ لەسەر چوار تیپ، وەکو (ینتە)، (ـەندی)؛ لەسەر پێنج تیپ، وەکو (ایێکە)، (ایەوە).

٢- قافیەی قورس: هەندێ شیعری نالی قافیەیان بریتییە لە وشەیێک یا ڕستەیێک، یا نیوە ڕستەیێک لە هەموو دێڕە شیعرەکاندا وەکو خۆی دووبارە دەبێتەوە، پێش ئەو قافیەیە قافیەیێکی دیکەی ئاسایی هەیە وەکو بڵێی ئەمە قافیەی یەکەمە، ئەوەی تر قافیەی دووەمە، یا دەتوانین (پاش قافیە)شی پێ بڵێین. بەم جۆرە قافیەی یەکەمی ئەم بابەتە شیعرانە وەکو قافیەی سادە وایە و لە هەموو شیعرێکی کلاسیکیدا هەیە وەکو لە پێشەوە باسمان لێوە کرد.

ئیتر دەکارێن زاراوەی قافیەی قورس بۆ ئەم جۆرە شیعرە بەکار بێنین. لای نالی ئەم جۆرە قافیەیە زۆرە، وەکو لای خوارەوە دەکەونە ڕوو:

(أ) قافیەی یەک وشەیی، وەک بەکارهێنانی ناو، وەکو (باز)، (کچ)؛ یا پاشکۆکانی ناو، وەکو (ئەز)، (من)، (قوربان)؛ یا فرمان، وەکو (دەکا)، (بوو)، (هەیە).

(ب) قافیەی ڕستە و ڕستەی ناتەواو، وەکو (ئەمشەو)، (نەبوو)، (لەکن)، (پەشمە)، (موجەررەد بێ)، (زولفەینی)، (دەوێ)، (نەما باس)، (نییە باس)، (دەخۆم)، (نادەم)، (بێ تۆ)، (بەعەبەس).

لەوانەیە بەرهەمی نالی لەمە زیاتر بوو بێ و ئەو بەرهەمەی لە دیوانی نالیدا چاپ کراوە ڕەنگە هەمووی نەبێ.

بەڵگە بەدەستەوە هەیە بۆ ئەم کەموکورییە:

١- شاعیرە کلاسیکەکانی قوتابخانەی ئیسلامەوی هەوڵیانداوە بەشی هەرە زۆری تیپەکانی (دەنگەکانی) ئەلفوبێی کوردی و عەرەبی بکەن بەقافیە، لەم ڕووەوە مەلای جزیری (١٥٦٧-١٦٤٠) لەپێش نالی و ئەحمەد حەمدی ساحێبقڕان (١٨٧٨-١٩٣٦) لەدوای نالیدا بەشی زۆری ئەو دەنگانەیان کردووە بەقافیەی شیعرەکانیان لەم لایەنەوە دەوڵەمەند بوون، بەڵام لە دیوانی نالیدا قافیەی هەندێ تیپی ئەلفبای کوردی و عەرەبی وەکو (پ، ج، خ، ذ، ش، ص، ض، ظ، ع، غ، ف، گ، ل) نابینرێن، ڕەنگە قافیەی ئەم هەموو دەنگانە یا هەندێکیانی هەبووبێ بەڵام ون بووبن.

٢- بەپێی دەستووری شیعری کلاسیکی کۆن زۆربەی شاعیران لە بابەت ناوەرۆکەوە شیعری موناجات (ئیلاهییاتیان) هەیە، تەنانەت دیوانەکانیان بەم جۆرە شیعرە دەکەنەوە، کەچی لای نالی دوو قەسیدەی نەعت (مەدح و ستایشی پێغەمبەر)ی هەیە، کەچی موناجاتی نییە. ڕەنگە بیرمان بۆ ئەوە بچێ لە نەعتەکانیدا هەست بەوە دەکرێ موناجاتی تێدا بێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنی شاعیر شیعری موناجاتی وتبێ.

لە بابەت ڕوخساری شیعر و هونەرەکانی دیکەی شیعری کلاسیکییەوە نالی هەندێ لایەنی پشتگوێ خستووە و لە دیوانی شیعریدا تەرجیع بەند و تەرکیب بەند و چوارین و هی دیکەش بەرچاو ناکەون. ئینجا ئەگەر لە دیوانی نالیدا تەنیا چوارینێکی فارسی هەبێ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ چوارینی بەزمانی کوردی هەیە. ئێمە باس لە نالی دەکەین وەکو شاعیرێکی کورد.

٣- دیوانی نالی سەرچاوەیێکی دەوڵەمەند و لەبارە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی ژیانی تایبەتیی خۆی لە نیشتماندا، کەچی ئەو دیوانە ناتوانێ ترووسکاییێک بخاتە سەر ژیانی ئەم شاعیرە لە شام و ئەستەموڵ کە زۆر گرنگە بۆ ناسینی شاعیر. ئەو ماوە کەمەی لەو دوو جێیە ژیاوە لەوانەیە

شـیـعـری وتبێ بـەڵام لەناوچوو بن، وەکـو گـەلـێ لە شـیـعـرەکـانی حـاجی و شـاعیـرانی کـوردسـتـانی باکـوور، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا شـیـعـرێکی کـەمی حاجیمان پێ گەیشتووە لە ئەستەمووڵ یادی کوردستانی کردۆتەوە.

بەشی حەوتەم

ناوەرۆکی شیعری نالی

ناوەرۆکی شـیـعـری نالی بەگشـتـی ئەو مـەبەسـانەیە کـە لـە ئەدەبی کـلاسـیـکی ئیسـلامەوی (غـەزەل و قـەسـیدە)ی نەتەوە مـوسـوڵـمـانەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێن. ئـەوەی داهێنـان و نوێ بـێ لای شـاعـیـر ئـەوەیە بەزمـانی کـوردی لە کوردسـتانی باشووردا شیعری بەرزی دروست کردووە، یا ڕاسـتتر زمـانی کوردی لەو ناوچەیەدا کردووە بەزمـانـی شـیـعـرێکی بەرز. سروشـتی کوردسـتـان کارێکی گەورەی کردۆتە سـەر شاعیر، بلیمەتی شـاعیر لەوەدا دەبینرێ ڕوخسـار و فۆرمی نوێی هێناوەتە ناو ئەدەبی کـوردییـەوە و بەشـداری لە پەرەسـەندن و پێشکەوتنی شیعری ئیسلامەوی کردووە، هـەرچی ناوەرۆکیشە جەوهـەری تایبـەتیی خۆی هـەیە و سیمای نەتەوەیی لە شیعریدا ئاشکرا و دیارە.

لەم مـاوەیەدا جـێی خـۆیەتی نویشکـی ناوەرۆکی شـیـعـری نالی ڕوون بـکرێتـەوە. بەپێی مەبەسـەکانی بەرهـەمی ئەدەبی، وەکو لە لای خوارەوە دەکەونە بەرچاو.

یادی نیشتمان

نیشـتمـانپـەروەری شاعیرێکی وەکو نالی لە ناوچەی کوردستـانی باشـووردا لە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەمـدا ژیابێ لە چوارچێوەی (زمـانی کوردی) و (یادی نیشـتمـان) ناچێتـە دەرەوە، ئەوەی جێی باوەڕ و متـمـانەبێ ئەوەیە نالی هـەسـتی بەوە کـردووە نەتەوەکـەی مـاف خـوراوە، لەبەر ئەوە دواکـەوتووە، بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەم هـەسـتە ئاشکرا و ڕوون و دیار نییە، وەک لە لای دوو شـاعیری دیکەدا دەبینرێ خـانی (١٦٥٠-١٧٠٧) کـە لە پێش ئـەودا ژیاوە، یا حـاجی (١٨١٥ -١٨٩٧) کـە لەدوای نالی لە ژیاندا بووە.

ئەوپەڕی نیشـتمانپەروەری نالی لەوەدا دەردەکەوێ کە ڕێچکەی شیعری کوردی

له ڕووی زمانەوە شکاندووە، بەوەی دیالێکتی کرمانجی خواروو زمانی کوردی کردووە بەزمانی شیعرێکی بەرزی بێ کەموکووڕی کە لە غەزەل و قەسیدەدا بەرچاو دەکەوێ. شکاندنی ئەم ڕێچکەیە لەبەر ئەوە نەبووە نەیتوانیوە شیعر بەزمانەکانی دیکە بڵێ، بەڵکو وای بەباش زانیوە زمانی نەتەوەی خۆی بکا بەزمانی شیعرێکی ڕەسەن و پڕ لە هونەر، لەم لایەنەوە دەڵێ:

تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدا وا دەکا

جگە لەوەی مەبەسی شانازیکردن (فەخر) یەکێکە لە مەبەسە دیارەکانی شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە بەرهەمەکانیاندا بەڕوونی ڕاستگۆییان دەکەوێتە بەرچاو، کەچی نالی شاعیرییەت و خەیاڵی شیعری لە زمانی قەومی خۆیدا دەکا بەمەبەس و دەڵێ ئەو شاعیرییەتە توانای ئەوەی هەیە بەهەر زمانێک لەو زمانانەی دەیزانێ هونەری خۆی دەرببڕێ، لێرەدا زمانی کوردی لەپێش ئەودا بەشێوەیێکی وا نەکەوتبووە ناوەوە ببێ بەزمانی شیعر و دیوان و بەرهەمێکی زۆر بەم زمانە بێتە ناوەوە.

نالی تەنیا بەوە ناوەستێ هەستی هونەری خۆی بەزمانی کوردی دەرببڕێ، بەڵکو نیشتمانپەروەری دەگاتە ڕادەیێک دان بەوەدا بنێ خەیاڵیشی کوردییە، وەکو لە شیعرێکیدا دەڵێ:

موحەققەق مەشرەبی (نالی) لە شیعرا هەر وەکو خاکی

خەیاڵی کوردییە بەیتی سەراپا زولفی دوو تایە

بەمە نالی خۆی دەکا بەشاعیری ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد، نەوەکو تەنیا بەزمانی کوردی دەنووسێ، بەڵکو خەیاڵیشی ڕەنگدانەوەی (بوونی کورد)ە کە بیری کوردایەتی و ڕەوشتی کوردەواری دەگرێتەوە.

شاعیر وەک هەموو ئادەمزادێک سۆزی نیشتمانپەروەری زیاتر لە دەرەوەی نیشتمان و سەردەمی ئاوارەییدا هەڵچووە، وەکو ئاشکرایە لە دەوروبەری ڕووخانی میرنشینی بابان لە وڵات دوور دەکەوێتەوە و لە ئەستەموڵ کۆچی دوایی دەکا. بەم هۆیەوە دەتوانرێ هەندێ دێڕە شیعری وا لە دیوانی شاعیردا بدۆزرێتەوە لە دەرەوەی نیشتمان داینابن و یادی ئەوی کردبێتەوە. لێرەدا مەبەس

ئەوەیە شاعیر لە دەرەوەی نیشتمان یادی کردبێتەوە، ئەگینا شیعری وای نالیمان لە بەردەستدا نییە وێنەی کۆمەڵی دەرەوەی کێشابێ وەک شام و ئەستەموول.

لە شیعرێکیدا دەڵێ:

ڕەوشــەنی دیدە بەئینســانە کــە مــوژدەی قــەدمت

ڕەوشــەنــی دیدەیی غــەمــدیدیی بەیتــولحــەزەنە

دڵی (نالی) کـە ئەنیـسی قــەرەداغـە ئێـسـتـەش

داغی ســـــــەرچـاوە وو دێوانـەیـی دار و دەوەنـە

ئەو غەزەلەی ئەم دوو دێڕەی لێ وەرگیراوە، شیعرێکی داخراوە. شاعیر دەڵێ ڕووناکی لە گلێنەی چاوەوە هەڵدەقووڵێ. کە خۆشەویست دێتە ناویەوە، یا هەر لە بنجدا نیشتەجێی ئەوێیە، غەمباری بەیتولحەزەن (کونجی غەم، ژووری یەعقووب) چاوی دەکرێتەوە. نالی دەیەوێ بڵێ چۆن دڵی یەعقووب لای یووسفە، دڵی ئەویش لە قەرەداغە و ئاخ و داخ بۆ ئاوایی سەرچاوە و دۆڵی دێوانەی شاخی سەگرمە و دار و دەوەنەکانی دەکێشێ. ڕەنگە ئەم بیرەوەرییە پێوەندی بەخورپەیێکی دڵی نالییەوە هەبێ، چونکە بەرامبەر بە ژن خورپەی زۆرە، ئەو بڕە دڵدارییە لەسەر شانۆی ئەو خاکە ڕوویداوە، واتە یادی خۆشەویستەکەی دەکاتەوە، بەم جۆرە یادی دڵداری و یادی نیشتمان تێکەڵ بەیەکتری دەبن، ئەمە ئەوپەڕی گیان و هەستی مرۆڤایەتی دەنوێنێ. ئەگەر (دڵداری) و (یادی نیشتمان) تێکەڵ بەیەکتریش نەکرێن هەریەکەیان بەتەنیا سەرچاوەیێکی لە بن نەهاتووی داهێنانی ئەدەبی و هونەرییە.

پۆپەی بیر و هەستی نیشتمانپەروەری لە لای نالی شیعرە بەناوبانگەکەیەتی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم...) وەک پەیامێکی دڵسۆزانە لە شامەوە بۆ دۆستانی خۆی و شار و ناوچەی سلێمانی ناردووە. لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا بەدرێژی باسی لێوە دەکرێ.

شیعری کۆمەڵایەتی

بەشێوەیێکی گشتی ناوەرۆکی شیعری نالی خەریکی بابەتەکانی جوانی و دڵداری و سروشتە، وەکو هەموو شاعیرە کلاسیکییەکانی دیکە. شاعیر ئەم

مەبەسە بنچینەییانە جاروبار بەشێوازێکی فەلسەفی و داناییانە دەردەبڕێ، هەر لەبەر ئەوەشە ئەو جۆرە شیعرە وەک داخراو دەکەونە ناوەوە و هەندێکیان تا ئێستاش بەتەواوی لە ڕووی ماناوە ساغ نەبوونەتەوە. جاری وا هەیە شاعیر ئاوڕ لە ناگزووری و کەموکووڕی کۆمەڵ دەداتەوە، وە ئەوەی زیاتریش خۆی پێوە خەریک کردووە مەسەلەی دەروێشییە لە کوردستاندا.

١- دژی دەروێشیزم:

نالی شارەزای تیۆرییەکانی سۆفیزم بوو، هەروەها ئاگاداری دەروێشیزم بوو وەک پراکتیکی سۆفیزمی ئیسلامی، جا ئەگەر دژی دەروێشیزم بووبێ وەک تیۆری، کەڵکی لە سۆفیزم وەرگرتووە و ئاماژەی بۆ هەندێ لایەنی گیانی ئەو بیروباوەڕە کردووە.

کوردستان کێڵگەیێکی ئاودار و بەپیت و بەرەکەت بوو بۆ بیروباوەڕی دەروێشی، چونکە وڵاتێک بوو بەنەخوێندەواری قانگ درابوو، کۆمەڵێکی هەژاری دواکەوتوو. لە سەرەتادا ئەگەرچی سۆفیزم بزووتنەوەیێک بوو لە دژی ئۆتوکراتیزم و تۆتالیتاریزمی خەلیفەکانی دوای ڕاشیدین، بەتایبەتی لە ئایینزای سوننیدا، بەڵام هەر ئەم بزووتنەوەیە لە پاشانا بۆ چاکەی چینەکانی سەرەوە خرایە کارەوە.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم، لە سەردەمی ژیانی نالیدا، ئەم دەروێشییە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستانی تەنی بووەوە. لە وڵاتی سلێمانی هەردوو تەریقەتەکەی قادری و نەقشبەندی کە بەڕواڵەت و ڕوخسار وەکو بڵێی لە دژی یەکتری بووبن، بەڵام لە مەبەس و ناوەرۆکدا هەردووکیان هەوڵ و تەقەلایان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیان بوو، جا ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان دژی یەکتر بووبن مەبەسیان ئەوە بووە قازانجیان زیاتر بێ، سەرکەوتنی هەر لایێکیان وەک یەک بوو بۆ خەڵکی کورد.

نالی لە گێتیی دەروێشی نزیک نەکەوتۆتەوە، بێ گومان گەلێ هۆ لە ناوەوە بووە شاعیر سەر بەلایێک بێ، بەڵام بەهوشیاری خۆی لە دەروێشی دوور خستۆتەوە، لەدوای ئەوەی لە بنچ و بناوانی دەروێشی گەیشتووە و بەتەواوی بۆی دەرکەوتووە لەگەڵ بەرژەوەندی چاکەی خەڵکی ناگونجێ، ئیتر کەوتۆتە بەربەرەکانی دەروێشیزم.

یەکێ لە ڕەوشـتـە ئاڵۆز و پڕ لە تەنگوچەڵەمـەکـانی دەروێشـی ئەوەیە دیوی دەرەوەی لەگەڵ دیوی ناوەوەی ڕێک ناکەوێ، هـەرچەندە وا پیشـان دەدا کە سـۆزی بەرامبەر بەئادەمزاد هەیە کەچی لە ڕاستیدا وا نییە:

(نالی) کە ویقاری نییە بێ باکە لە خەڵقی

سـۆفی کە سـولووکێکی هەیە عوجب و ڕیایە

جـارێکی تریش نالی ئەم (ڕیا)یە دەخاتە ڕوو و ئەوە پیـشـان دەدا خـەڵکی لەم ڕەوشـتە خـراپەی دەروێشی گەیشـتوون. ئـەو ڕدێنەی بۆ دەست بڕین دەروێشەکان بەخێوی دەکەن خەڵکی بەچاوێکی وا نزم تەماشـای دەکەن تا دەگاتە ئەوەی تێی دەڕین:

ڕیشـەکـەی پـان و درێژە بۆ ڕیا خـزمـەت دەکـا

زاهیرە هەر کەس لە تووڵ و عەرزی ڕیشـیدا ڕیا

یەکێ لە خـاسـیـەتە پراکـتـیکیـیـەکـانی دەروێشی ئەوەیە ڕەوڕەوەی مـێـژوو بووەسـتێنێ، یا بزووتنەوەی کردگار و ڕۆژگار ڕابگرێ، ناخـۆشی لەباتی خـۆشی، وشـکی لەباتی تـەڕی، مـردن لـەباتی ژیان، هەر لـەبەر ئـەوەشـە تەعـبـیـری (وشکەسۆفی) لەناو کوردەواریدا هەیە، بۆ بەڵگە نالی لە غەزەلێکیدا دەڵێ:

فەسلێ کە هەر لەفەرقی بەشەر تا ڕەگی شـەجەر

وشکی بەغـەیری سـۆفی و عـاسـای نەمـایەوە

هەر بۆ ئەم مانایە لە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێ:

سـۆفـیـان هـاتنە مـەجلیس وەرەقی دیدە بشـۆن

لەکن ئەو دێمـیـیـە وشکانە لە دەریا نیـیـە باس

لە شیعرێکی تریشیدا نالی دەڵێ:

ئاوی کـەوسـەر نۆشی سـۆفی بێ کـە من

ئاوی ئینسـان یەعنی مـاچی دەم دەخـۆم

لەم بڕە شیعرانەدا وا هەست دەکرێ شاعیر هیچ مەبەسێکی هێرشبردنی نەبێ بۆ سـەر بیروباوەڕی دەروێشی تەنیا ئەوە نەبێ بە(وشک)یان دادەنێ. دەروێش کە بەتەمـای ئاوی کەوسـەر بێ، ئەوە دەگەیەنی ئەم دنیایەی ناوێ، بۆ ئەوەی لە دنیای

تردا هەتا هەتایە بژی، ئەمە بیروباوەڕە، بێ گومان نالی خۆی نانێتە ڕیزی دەروێشان و بەتەمای ئەوە نییە واز لە دنیا بێنێ بۆ ئاوی کەوسەر، چونکە ئاوی دەمی خۆشەویست دەخواتەوە، واتە ماچی دەم دەکا و جارێ بیری لە ئەوەی دیکە نەکردۆتەوە.

نالی لە شیعرێکی تریدا چاوەنۆڕی ئاوی کەوسەریش ڕەت دەکاتەوە، ئەوەی بەلای شاعیرەوە گرنگە ئەوەیە دەروێش لەو کاتەی وا دەردەخا چاوەنۆڕی ئاوی کەوسەرە ئەگەر ماچی دەست بکەوێ خۆی لەسەر بەکوشت دەدا، یا ئەگەر خواردنی بەتام و خۆشی بۆ ئامادە بکرێ دەیقۆزێتەوە. وەکو شاعیر بۆی دەچێ خەڵوەت گرتنی دەروێش بەڕاستی نییە، هەر بۆنی بەهار بکا لە خەڵوەت دێتە دەرێ:

سۆفی ڕیایە خەڵوەتی بۆنی بەهاری کرد

هاتە دەرێ لە سایەی چایەر حەسایەوە

نالی شیعرێکی حەوت دێڕی داناوە تایبەتە بەبزووتنەوەی دەروێشی و وا دەردەکەوێ بۆ شێخێکی سنەیی هۆنیبێتەوە. لەوێدا بیروباوەڕی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر دیوی ناوەوە و دەرەوەی ئەم بزووتنەوەیە. دەروێش بەگشتی کاریگەری بووە بۆ سڕکردن و وەستاندنی کۆمەڵ کە لە ئەنجامدا بووە بەهۆی دواکەوتنی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە:

بنوارە وشکەسۆفی و ڕەقسی بەهەلهەلە

دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە

یەکێ لە خاسیەتەکانی دەروێشی بۆ کوشتنی کات ئەو دەمانەیە کە بەزیکر و تەهلیلە و های هووی و حاڵگرتن دەیبەنە سەر. لێرەدا نالی وێنەی ئەو بزووتنەوە فیزیکییانە لە هەڵپەڕین و سەما دەکێشی کە دەروێش لە حەلقەی زیکر و حاڵدا دەیانکا و لەگەڵ پێ مەلە بەراووردیان دەکا نەک لە زەریای تەڕدا، شاعیر لە هەوای وشکدا ئەم کارە دەبینێ، دیارە وشکی لە لای نالی یەکێکە لە خاسیەتەکانی دەروێشی. ئەم کارە وێنەی ڕاستەقینەی تەمەڵییە، شاعیر دەیەوێ هەموو مرۆڤێک کار بکا، زەوی پێویستە بکێڵرێ، بەڵام لە سایەی دەروێشییەوە کە بیروباوەڕی تەمەڵی و ئیش نەکردن بڵاو دەکاتەوە هەمووی بووە بە مزگەوت یا کاولگە:

ئەم ئەرزە مەزرەعی عەمەلە و گوڵخەنی ئەمەل

هەندێ بووە بەمەسجید و بەعزێ بەمەزبەلە

نالی لەو کاتەی زەوی کردووە بەمەڵبەندی کارکردن و هیوا و ئامانجی ئادەمزاد لە پێناوی ژیاندا، مزگەوتی کردووە بەبەڵگەی بێ کاری بەهۆی کۆلکە مەلایانەوە، دیارە گووفەکیش بەڵگەی وێرانی و پیسی و دواکەوتووییە. بێ گومان لێرەدا نابێ مەبەسی نالی بەتەواوی ڕەتکردنەوەی مزگەوت بێ، چونکە ئەمە لەگەڵ ڕاستیی ناوەوەی شاعیر ناگونجێ، بەڵکو مەبەسی ئەوەیە نابێ عیبادەتی ناو مزگەوت درێژە بکێشێ و هەموو کاتی ئادەمزاد قووت بدا و نەتوانێ کار بکا و لە ئەنجامی کاردا بژی. ئینجا شاعیر وێنەیێکی کاریکاتۆری شێخ دەکێشێ بەخۆی و ڕیشییەوە و بەچاوێکی نزم و قەشمەری ئامێزەوە تەماشای دەکا بەوەی ئەم هەموو خەڵکە، ژن و پیاوە پیس و پۆخڵ و تەوەزەڵە بەهەڵپەڕین و خۆبادان بەدوای کەوتوون و ئەویش وەکو کەڵەگا ڕێبەرییان دەکا:

شێخم چ گەرمە حەلقەیی زیکرت بەڕەشبەڵک

حاڵی ئەمانە خۆ بەجەنابت موحەووەلە

دائیم لە دووتە مێگەلی ژن و نێرگەلی پیاو

بەم ڕیشەوە لە پێشەوە بووگی بەسەر گەلە

نالی تەنیا بەوە ناوەستێ؛ بەڵکو بەئەوپەڕی دووڕوویی و ناڕاستی دەروێش دەردەبڕێ؛ بەوەی لەگەڵ ڕۆژگاری نامەرد بەراووردی دەکا و دەیانخاتە بەرامبەر بەیەک و لەدواییدا دەیانکا بەهاوبەش. ڕۆژگار دەکا بەپیرێژنێکی ڕزیو و نزم و عەیار و دەڵ، شێخی تەریقەتیش دەکاتە پیرەمێردێک، هەردووکیان دەبن بەژن و مێرد و زیندەگانییان و مارەیی و شاهیدیش لە ناوەوە نییە.

دونیا مەحەللی کەون و فەسادێکە خیرەدوون

مەعلوومە چەند موحەییە لە چ عەییارە چەند دەڵە

تۆ شێخ و ئەو عەجووزە عەجەب دۆستی یەکترن

بێ شاهید و نیکاحە دیارە موعامەلە

(نالی) سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا دەچێ

لایێ پڕە لە مەشعەلە لایێ لە مەشغەلە

مەبەسی شاعیر ئەوەیە لەسەری خۆی و گومەزەکەی خانەقا کە لە یەکتری دەکەن، لایێکی ڕووناک و چراخانە، ئەمە دیوی ژیانی خۆشی شێخی تەریقەتە، دیوەکەی دیکە جێگەی حەلقەی زیکری دەروێشانە، کار و کاسبییان تەنیا ئەمەیە.

٢- لەگەڵ مرۆڤایەتیدا:

نالی باوەڕی بەوەیە ئادەمزادی دڵسۆز نابێ خۆپەرست بێ، تەنیا بیر لە خۆی و کەسوکار و نزیکەکانی بکاتەوە، بەڵکو پێویستە بیر لە هەموو کەسێک بکاتەوە و بەهانای هەموو لێ قەوماوێک بگا و دەستی یارمەتی بۆ هەموو بێ دەسەڵاتێک درێژ بکا، بەم جۆرە لای نالی مرۆڤپەروەری ئەوەیە هەموو مرۆڤایەتی بگرێتەوە:

من لە تەوری عالەم و جەوری فەلەک
زەربی لازیب زەخمی بێ مەرهەم دەخۆم
تالی بێ یار و دیاری تار و مار
عەلقەمی چی ئەرقەمی چی سەم دەخۆم
نەوعە ئینسانێ هەیە غەم قووتییە
من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم
غەم دەڵێ (نالی) کە غەمخواری دەکا
ناعیلاجم من بەنی ئادەم دەخۆم

لەگەڵ ئەوەی ئەم شیعرە لە وێنە هونەراوییەکانیدا جۆرە داهێنانێکی ڕۆمانتیکییانەیان تێدایە، بەئاشکرا ئەدگارێکی کۆمەڵایەتیشیان پێوەیە بەوەی نالی نەوەکو تەنیا غەمی خۆی دەخوا، بەڵکو غەمی هەموو خەڵکی دەخوا و بیریان لێ دەکاتەوە، بەڵام نوکتەیێکی هونەری گەلێ بەرزی تێدایە بەوەی هەر کەسە سەودا و غەمێکی هەیە، بەتایبەتی شاعیران؛ یەکێک شێت و شەیدا و گرفتاری یارە خۆشەویستەکەیەتی، ئەوی تر دووچاری ئاوارەیی و غوربەت بووە، یەکێکی تر پاشە و پێش سواری کەر کراوە و ماستی بەسەرا کراوە، چونکە داوای مافی میللەتە ڕەش و ڕووتەکەی کردووە. دەیان و سەدان و هەزارانی لەم بابەتە، ئەمانە هەموویان عاشقن، عاشقی دلبەر لەگەڵ عاشقی نیشتمان و لەگەڵ عاشقی ڕەش و ڕووتان عاشقێکن هیچ جیاوازییێک لە نێوانیاندا نییە. هەموویان غەمبارن، لێو بەبارن، نالی یەکێکە لەمانە، یا سەرۆکیانە، غەمی خۆی و غەمی هەموویان دەخوا،

لەبەر ئەوەیە هونەروەرانە دەتوانێ تەعبیر لە غەمی دڵ و دەروونی هەموویان بکا.

دڵداری

سروشت سەرچاوەیێکی بنچینەییە بۆ هەموو ناوەرۆکە دڵدارییەکان، نالی هەمیشە هەوڵیداوە بیانخاتە چوارچێوەی شیعرەکانیەوە، لەبەر ئەوەیە هەندێ جار شاعیر هەموو سروشت دەکا بەیارەکەی، بەڵام بێ گومان یار لە سروشت جوانترە، هەرچۆنێ بێ ئاشکرا و دیارە نەوەکو تەنیا لە شیعرە دڵدارییەکانی شاعیردا، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمی شیعری داگیر کردووە، واتە ڕەشبینی نالی لە دڵداریدا لە ئەنجامی سەرنەکەوتنیەتی لە تاقیکردنەوەی خۆشەویستیدا، کەچی لای ئەورەحمان بەگی سالم لە بەئەنجام نەگەیشتنی چارەنووسی نەتەوەیی میللەتی کوردە، بەڵام لای مستەفا بەگی کوردی ڕەشبینی لەناو تەمومژی سۆفیزمدا ون بووە.

غەزەلە دڵدارییەکانی نالی زادەی خۆشەویستی حەبیبەیە، ئەو کچە هەبێ یا نەبێ، بووکی خەیاڵ بێ یا هەر شتێکی تر بێ، گرنگ نییە، ئەو کچە دەورێکی باڵای بووە بۆ دروستکردنی مانا و وێنە لە لای شاعیر. لە هەندێ لەو شیعرانەی شاعیر باس لە پێوەندی سۆز و دڵداری نێوان خۆی و حەبیبە دەکا، زنجیرەی بیر و باس و ڕووداو هارمۆنییێکیان تێدایە، واتە دێرە شیعرەکان لە ڕووی ناوەرۆکەوە پێوەندییان بەیەکترییەوە هەیە و، وە نییە هەر دێرە شیعرێکی لە لایەن ماناوە بەتەواوی سەربەخۆ بێ.

یەکێ لەو غەزەلانەی وێنەیێکی ڕوون و ئاشکرا بەدەستەوە دەدەن لە بارەی پێوەندی نالی بەحەبیبەوە لەم ماوەیەدا دەیخەینە بەرچاو.

دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە

وە بزانە خوێنی خۆمە، یا مننەتی ڕەقیبە

شاعیر دەیەوێ بەحەبیبەی خۆشەویستی بڵێ من کوژراوی تۆم لە ڕێگەی دڵداریدا، واتە خوێنم کەوتۆتە سەرت و ئەو خوێنە لە ئەستۆی تۆیە، لەبەر ئەوە لێم مەگرە کە دەست لە ملت دەکەم، ئەمە خوێنی خۆمە و وەری دەگرمەوە، هەروەها کوشتنی من لە لایەن تۆوە مایەی بەختیارییە بۆ ڕەقیب و مننەتێکی گەورەی دەکەوێتە سەر، چونکە بەنەمانی من تۆ بۆ ئەو دەبی.

لەمـەوە نالی دەکەوێتـە ئەوەی خۆی گەلێک بچـووک و نزم بکاتەوە لە دڵداریدا بۆ ئەوەی حـەبیبـە گـەلێک گەورە و باڵا خـۆی بنوێنێ. بێ گـومـان ئەم خـۆ بـەبچـووک زانینە تەنیـا لـە گـێــتـیی دڵداری نـالیــدا نـاکــەوێتــە بـەرچاو، بەڵکو دڵداری لە سـەرانسـەری ئەدەبی کلاسـیکیدا سنووری بۆ نییە و گەورە و بچووک و سـوڵتان و گەدای تێدا نییە، هـەموو شاعیرێکی عاشق پێویستە خاکی ژێر پێی نازەنین بێ.

سـەر بەردەبازی ڕێتـە، تەن تـەختـەبەندی جێتـە
دڵ مـەیلی خـاکی پێـتـە، ڕووح مـاڵی خـۆتە بیبـە
تـۆ نەوشـکـۆفــە وەردی، مـن مـــایلـم بـەزەردی
تۆ هـەم سـەرت نـەسـیمـە، من هـەم دەمم لەهـیبـە

نالی سـەری خـۆی کردووە بەبەردەباز بۆ حەبیبە لە پێناوی ئەوەی ئەگەر تووشی جۆگەلەیێک هات پێی لەسەر سەری شاعیر دابنێ بۆ پەڕینەوە، هەروەها لەشیشی دەکاتە ئەو تەختەی شـەو لەسـەری دەخەوێ. ئەوەندە گیرۆدەی حەبیبـەیە ئارەزوو دەکا پێ لە دڵی بنێ، گیانیشی کە مـایەی ژیانیەتی ئەگەر هـی ئەوە، هـەموو کاتێک دەتوانێ بیباتەوە.

لە دڵداریدا ئـەنجامی دڵدار و دلبـەر یەک دەبێ، نالی و حـەبیبـە یەکتـری تەواو دەکـەن جـا بـا گـەورەیی و بڵندییـەکـە هـەمـووی بدرێ بـەحـەبیـبـە و بچـووکی و نزمـییـەکـەش هـەمـووی بدرێ بەشـاعیـر، یاخـود بەشـێوەیێکی دیکە گـەورەیی و بڵندییـەکـە هـەمـووی بۆ حـەبیـبـە بێ بەرامـبـەرەکـەشی کـە (هـیچ)ە بۆ شـاعیـر بمێنێتـەوە. ئـەمـە بەلای شـاعیـرەوە (بوون) و (نەبوون)ە. لە دێڕی داهـاتوودا نالی ئەم بوون و نەبوونە بەشـێوەیێکی هونـەری زیاتر ڕوون دەکاتـەوە و دەڵێ: تۆ، واتە حەبیبە گوڵی سووری غونچـەیێکی تازە پشکووتووی، هاوسـەرت بای شـەماڵە و لە بەهـار یا لە ژیانی بەهـاریدای، بەڵام من زەرد هەڵگەڕاوم و لە پاییـز یا لە ژیـانی پاییـزیدام، گڕ و گـڵپـەی ئاگـر هاوڕێ و هـاودەمی منـە. نالی حـەبیـبـەی کـردووە بەگوڵی سـووری تازە پشکووتوو، بەڵام خـۆی کردووە بەشـتێکی دیاری نەکراوی کـەسـاسـی زەرد. لێرەدا مـەبەسـی شـاعیـر ئەوەیە خـۆی بکا بە(مـۆم) یا (پەپوولە) وەکو لە مـانای شیعرەکەدا دەردەکەوێ بەبێ ئەوەی ناویان ببا. نالی دەڵێ حەبیبە گوڵی سووری غونچەی تازە پشکووتووە و هـاوسـەری بای شـەمـاڵە کە دەیبزوێنێ و دەیلەرێنێتـەوە گەشـەی زیاتر دەبێ، ئەمـە (بوون) و (ژیان)ە، بەڵام شاعیـر مۆمـە و

هاوڕێی زمـــانی ئاگـــره، یا پەپوولەیە و هـاودەمی ئەو گـــڕەیە، لە هەردوو باردا بەرامبەر بەحەبیبە (نەبوون) و (مردن)ە، یەکەمیان دەتوێتەوە و نامێنێ، دووەمیان دەسووتێ و دەبێ بەزوخاڵ.

لەدوای ئەمـە شـاعـیـر دەیەوێ وێنەیێکی تر یا ڕەوشـتـێکی تر بۆ (بوون) و (نەمـر)ەکە کە دلبەرەکەیەتی دروست بکا. ئەویش ئەوەیە ئەم نازەنینە لە خـۆیدا زۆر ناسکە، بەڵام کردەوەکانی قورسن و ئازاری خەڵکی دەدەن:

شـــاهێنی دیدەبازە، مـــەســـتی شـــەرابی نازە
دڵدار و دڵنەوازە، دڵکێش و دڵفـــــــرییـــــــە
ئەو تیفلە خوردە ساڵە، هەرچەندە وەک غەزالە
ئەمما کە هاتە نەخچیر، شێر سەولەت و مەهیبە
دڵ پەی دەکا نیگاهی سەهمی موژدەی سیاهی
ڕەمزی هەموو بەلایە، غەمزەی هەموو موسیبە

لە وەســـفی دلبـــەردا نالی لە چاوبازی دەگـــەڕێ، لە شـــاهـێندا ئەو باڵندە چاو جوانەدا دەیدۆزێتەوە، لەگەڵ یارەکەی بەرامبەری دەکا، دڵی مەست و سەرخۆش بووە بەشـەرابی ناز و عیشوە و لەخۆبایی نەوەکو شـەرابی ئاسایی. ئەو یارە خاوەن دڵ و دلاوەر و عاشقە، ئارامی دڵی شاعیرە و خۆشی دەگەیەنێتە گیان، دڵ دەکاتەوە و ڕایدەکێشێ و جارجارەش هەڵی دەخەڵەتێنێ. یارم هەرچەند تەمەنی بچووک و منداڵە و ناسک و نەرم و نازدارە وەکو مامز دەبێ خۆی نێچیر بێ و ڕاو بکرێ، بەڵام کە دەچێتە ڕاووشکار وەکو شێر بەتوانا و هێز و هەیبەتە، بەسام و ترسێنەرە، دیارە لێرەدا مەبەسی ڕاوکردنی عاشقە. دڵی ئەو عاشقە کون دەکا بەنیگایێک کە لەم ڕوانینە تیرێک، کە برژانگی ڕەشیەتی، دەردەپەڕێ و دڵی عاشق دەسـمێ، بزووتنەوە نهێنی و داپۆشراوەکانی وەکو تەلیسم وایە کارەسات و گرفتاری و ڕەنجەڕۆییە بۆ عاشق و، تیری چاوەکانیشی هەموویان بەناو دڵ کە جەرگەی مەبەسە دەکەون و دەیسمن.

نالی لەم هـەمـــوو کـارەســـاتەی بەســـەر دڵیـدا هاتووە و تیـرەباران کـراوە بەرووداوێکی خۆش و بەختەوەر دادەنێ، چونکە ئەم ئازارە لە ئەنجامی دڵدارییە، کە دڵداری ببێ مانای ئەوەیە ژیان هەیە، بەڵام ئەگەر دڵداری نەبێ مانای وشکی و

مردنه. له‌به‌ر ئه‌وه‌یه قسه له‌گه‌ڵ چاوی خۆی ده‌كا و پێی ده‌ڵێ تۆ پڕ له په‌شیمانی و ئه‌فسووس و داخی گرانی، دڵیش پڕ له غه‌م و غه‌رامه‌ته له‌به‌ر دڵداری، ئه‌مه به‌ختیارییه بۆ من، له‌به‌ر ئه‌وه تۆ فرمێسك بۆ وشكه‌سۆفی برێژه چونكه له‌م ژیانه ته‌ڕ و ئاوداره‌ی دڵداری بێ به‌شه.

ئه‌ی چاوی پڕ نه‌دامه‌ت، دڵ پڕ غه‌م و غه‌رامه‌ت

بگری كه وشكه‌سۆفی، له‌م فه‌یزه بێ نه‌سیبه

له پاش ئه‌مه نالی له‌گه‌ڵ ته‌نیایی قسه ده‌كا، ئه‌و ته‌نیاییه كپی و بێ ده‌نگی نییه، به‌ڵكو ته‌نیاییێكه ئاژاوه و ته‌نگوچه‌ڵه‌مه‌ی دڵداری ده‌نێته‌وه، دوژمنایه‌تی ده‌خاته ناوه‌وه، ئینجا له‌گه‌ڵ سیما قسه ده‌كا، ئه‌و سیمایه‌ی خۆی به‌ڕه‌نگێك ده‌نوێنێ وه‌كو چۆن هه‌یه وا به‌بێ ئه‌وه‌ی ڕووتوش بكرێ، ده‌ڵێ پێویسته زه‌ردی ڕه‌نگی تۆ ئه‌و زه‌ردییه بێ كه عاشق هه‌یه‌تی، نه‌وه‌كو ئه‌و زه‌ردییه‌ی تاوانبار هه‌یه‌تی. ئه‌وه‌ی ئاشكرایه ئه‌وه‌یه عاشق و تاوانبار هه‌ردووكیان ڕه‌نگیان زه‌رد ده‌بێ. یه‌كه‌میان له‌به‌ر عه‌شق و دڵداری، دووه‌میان له‌به‌ر ترس و خه‌جاڵه‌تی، جا تۆ زه‌ردی عاشقان به نه‌وه‌كو زه‌ردی ڕێگر و ئه‌شقیای به‌دبه‌خت.

ئه‌ی خه‌ڵوه‌تی موراییی، بێ ڕه‌نگی خود نومایی

ڕه‌نگ زه‌ردی عاشقی به، نه‌ك زه‌ردی ڕووشه‌قی به

نالی سه‌ر ده‌قی ئه‌م غه‌زه‌له‌ی به‌ناوی حه‌بیبه‌ی بووكی شیعرییه‌وه شكاندووه، به‌ناوی ئه‌ویشه‌وه كۆتایی پێ هێناوه.

(نالی) له‌بی حه‌بیبه، هه‌م تیبه هه‌م ته‌بیبه

خولاسه‌وو له‌بیبه، فه‌رمانبه‌ری له‌بی به

شاعیر هه‌وڵی داوه جوانییه‌كانی كه له حه‌بیبه‌دا هه‌یه له ده‌م و لێوی كۆیان بكاته‌وه و ده‌ڵێ ده‌م و لێوی حه‌بیبه به‌بۆن عه‌تر و عه‌بیرن، له دڵدانه‌وه و ئاراسته‌كردنی خه‌ڵكی بۆ كاری چاك پزیشك و حه‌كیمن، پاك و ساف و بێ غه‌شن، واته قسه‌ی بێ تام و بۆیان لێ ده‌رناچێ، هه‌روه‌ها به‌هۆش و پڕ بیر و هوشیار و خێرخوان، واته قسه‌ی قووڵ و پڕ مانا و ماقووڵ لێیان دێته ده‌ره‌وه، له‌به‌ر ئه‌وه‌یه ده‌بێ سه‌رت دانوێنی و خزمه‌تكاری هه‌موو فه‌رمانێك بێ كه له‌م ده‌م و لێوه دێته ده‌رێ و ئاره‌زووه‌كانی جێبه‌جێ بكه‌ی.

سروشتی دڵداری لە شیعری نالیدا وەک دیاردەیێکی زەمینیی دوور لە دڵداریی سۆفیزمی دەکەوێتە ڕوو، بەشی زۆری هەناسەیێکی ڕەشبینی پێوە دیارە، لەو کەمتر پێوەندی بەدەستبازی و ماچوموچەوە هەیە.

وەسف

سروشت و هەستی دەروون یەکتری تەواو دەکەن، لە غەزەلی کوردیدا ئەم جۆرە شیعرە بەگشتی و لە لای نالی بەتایبەتی ڕەونەقێکی ناسکی ڕۆمانتیکی هەیە. جوانیی سروشتی کوردستان هەوێنێکی گرنگی شیعری نالییە، ئەم سروشتە دەوڵەمەند و ڕەنگینە، شاعیر هەندێ لە دیاردە تایبەتییەکانی سروشتی کوردستان لە شیعریدا بەکاریان دەهێنێ.

نالی یەکجار پابەندی سروشتە و هەرگیز بەوشکی وەری ناگرێ، بەڵکو هەندێ جار چەند دیمەنێکی ڕەنگاوڕەنگ و هەمەجۆر لە نیگارێکدا کۆ دەکاتەوە و ورد و درشتی ئەو سروشتە دەجووڵێنێ:

گوڵ تاجی لەسەر ناوە چەمەن مەخمەلی پۆشی

هات موژدە کە خیلعەت گەییە بەر بەموباهات

گوڵ پشکووتووە، زەوی فەرشی سەوزی پۆشیوە، ئەم جلوبەرگە بەخەڵات دراوەتە زەوی، ئەوەندە جوانە بەلەخۆباییبوونێکەوە خۆی دەنوێنێ. لەسەر ئەم خاکە ڕەنگینەدا بلبل و قومری دەخوێنن، درەخت حەیرانی ئەم ئاوازەن، بەشنەی بای شەماڵ سەریان دەلەقێنن:

هات زەمزەمەیی بلبل و ئاوازەیی قومری

هات بادی سەبا دێن و دەچن عەرعەر و بانات

گوڵ و گەڵای دار ئەوەندە زۆرن وەکو ئەستێرەی ئاسمان لەو دەشتەدا بڵاو بوونەتەوە، واتە وێنەی ئاسمان شەوقی زەوییە لەوی ڕەنگی داوەتەوە:

نەجم و شەجەر و نێرگس و ئەنواری شکۆفە

جیلوەی چەمەنن یەعنی زەمین بوو بەسەماوات

لە شیعرێکی تریدا نالی هەندێ ڕووداوی هەستی دەروونی خۆی و ئەندامی لەشی خۆشەویست لەگەڵ ڕووداوی سروشت بەرامبەر و بەراورد دەکا. لەوانەیە

هەست بەوە بکرێ شاعیر هەندێ قاڵبی ئامادەکراوی وەرگرتووە، ئەمە ڕاستە شاعیرانی گەورەی ڕۆژهەڵات لەم کارە بەدوور نین، بەڵام هەر لەم قاڵبە ئامادەکراوانەدا نالی وەستایەتیی نواندووە و وێنەی تازەی داهێناوە.

لەم شیعرەی خوارەوەدا شاعیر وردەکاری لەوەدا نواندووە، کە بەزۆری لە نیوەدێڕی یەکەمدا ڕووداوێکی هێناوەتەوە لە هەستێکی خۆی یا ئەندامێکی خۆشەویستەکەی پێک هاتووە، لە نیوەدێڕی دووەمدا هەندێ بزووتنەوەی سروشتی لە بەرامبەر داناوە:

عاشقی بێ دڵ دەناڵێ مەیلی گریانی هەیە

بێ شکە هەورە تریشقە تاوە بارانی هەیە

عاشقی شەیدا لە دووری خۆشەویست دەگری و دەناڵێنێ، دەنگیناڵینی ئەوەندە بڵندە وەکو هەورە تریشقە وایە، فرمێسکی ئەوەندە زۆرە وەکو بارانی سەر بەکڵاوەیە:

چاوی من دەمدەم دەڕێژێ ئاوی ساف و خوێنی گەش

دا بڵێن دەریایی عوممان دوڕ و مەرجانی هەیە

چاوم فرمێسکێکی زۆری لێ دێتە خوارێ، ئەم فرمێسکە هەندێ دڵۆپی سافە وەکو ئاو، هەندێکی تری سوورە وەکو خوێنی گەش. بۆ زۆری هێندەی زەریایێکە، ئەمە وەکو زەریای عوممانە کە دوڕ و مەرجانی تێدایە، دوڕەکە سپییە وەکو فرمێسکە سپییەکان، مەرجانەکەش سوورە وەکو فرمێسکە خوێناوییە سوورەکانی شاعیر:

ڕوومەتی وا دادەپۆشێ ئەو بەپێچی زولفەکەی

دا بەڕۆژیش پێی بڵێن شەمعی شەبستانی هەیە

لێرەدا شاعیر دەیەوێ بەڕۆژ شەو دروست بکا بۆ ئەوەی سووچێکی کوڵمی لە بریسکە و ڕووناکی بکا بەچرا، ئەگەر ئەم وێنەیە دەربکەوێ تاریکییەکە بەڕووناکی دەگەڕێتەوە. خۆشەویست زولف و پەرچەمی لەسەر ڕوخساریدا بڵاو دەکاتەوە، ئەم ڕوخسارە سپییە ڕەونەقدارە بەهۆی قژی ڕەشەوە لە ڕووناکییەوە دەبێ بەتاریکی. ئەو بەشەی لە ڕوومەت و کوڵم کە لە کەلێنی مووەکاندا دیارن، سپی دەچنەوە، ئەمە دەکاتە ئەو مۆمەی جێگەی نوستنی شەوی ڕووناک دەکاتەوە. لێرەدا شەو و

ڕۆژ لە ڕووداوەکانی سروشتن. لەمەوە نالی ڕوو دەکاتە ئاسمان بۆ ئەوەی لەوێش شتی وا بدۆزێتەوە لە هەندێ ئەندامانی خۆشەویست بکەن:

ئاسمانی حوسنی مەحبووبم بەئەبرۆ و زولف و ڕوو

دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە

ئاسمانی جوانی دلبەر ڕوخسارییەتی، واتە دەموچاو، لە ڕوخساریشدا ئەوەی سەرنجی شاعیری ڕاکێشاوە برۆ و زولف و کوڵمە، دیارە لەبەر ئەوەش ئاسمانی پێ وتووە چونکە هیلال و شەو و مانگ لە ئاسمانا دەبن. ئیتر شاعیر دەڵێ ئاسمانی جوانی دلبەر وەکو ئاسمانەکەی گەردوون نییە، چونکە ئەم ئاسمانە تەنیا یەک شەو و یەک هیلال و یەک مانگی چواردەی تێدا دەبێ و بەهیچ جۆرێکیش هیلال و مانگی چواردە پێکەوە دەرناکەون، بەڵام ئاسمانی جوانی دلبەر دوو هیلال کە دوو برۆیە، دوو شەو کە جووتە زولفەکانیەتی و دوو مانگی چواردە کە دوو کوڵمەکانیەتی، هەموویان بەجارێک کۆبوونەتەوە.

شاعیر لە دەموچاو و لێوەکانی بەرەو خوار دەبێتەوە بۆ لای سنگ و مەمک:

یا لەبی یا سینەشی هەردوو بەدەرخا دا بڵێم

لەعلی ڕوممانی هەیە یا لەعل و ڕوممانی هەیە

ئەگەر پیاو تەماشای لێو یا سنگی دلبەر بکا، لەعلی ڕوممان و لەعل و ڕوممان دەبینێ. لەعلی ڕوممان دەنکی هەنارە، بۆ سووری لێوە چونکە لەگەڵ ئەمە بەراووردی دەکا. لەعل بەمانای گۆی مەمک و هەناریش مەمک خۆیەتی، ئەمەش سنگ و بەرۆکی دلبەرە. بەشێوەیێکی تر شاعیر دەڵێ: با دلبەر لێو و سنگی بەدەرخا و پیشانمانیان بدا، بۆ ئەوەی چاومان بەلێوی بکەوێ کە وەکو دەنکی هەنار سوورە، سنگیشی لەعل و هەناری هەیە، واتە گۆی سووری وەک لەعل و مەمکی هەنارییە.

لە پاشانا شاعیر دلبەرەکەی دەکاتە ئاژەڵی کێوی ئەوەی لە ئادەمزاد دەرەوێتەوە لە ترسی پلار و توانجی ڕەقیبی خوو و ڕەوشت سەگانی.

وەحشییە لێمان لەبەر تەعنەی ڕەقیبی سەگ سینەت

ڕاستە هەرزی ڕووحێ بۆ وەسواسە شەیتانی هەیە

لەناو کوردەواریدا ئەفسانەیێکی وا لە ناوەوەیە لە ئەنجامی بیروباوەڕی ئایینی زۆر کۆنەوە هەڵقوڵاوە، گۆیا هەموو گیانلەبەرێک، بەتایبەتی ئادەمزادێک

شـەیتـانێکی هـەیە، ئەمـە ڕێگەی خـراپە و دوودڵی پیشـان دەدا، ئەو کـارە خـراپەی مـرۆڤ دەیکا لـە ئەنجامـی هـاندان و ڕێ پیـشـاندانی ئەو شـەیتـانەیە، جـا شـاعـیـر لێـرەدا دان بەوە دادەنێ کـە بـۆ وەسـواسـە و چـاوەزار و دوودڵی هەمـوو مـرۆڤـێک شـەیتـانێکی هـەیە، وەکو ئەو شـەیتـانەی دلبەر وا لێ دەکا لێمان دوور بکەوێتەوە.

شـاعـیر هێشـتا وازی لەو وێنەیە نەهێناوە، ئەو مێرغـوزارەی ئاژەڵی کێـوی تیایە و ئەم کێـوییە خـۆشـەویسـتـەکەیـەتی، بێ گومـان ئاژەڵەکـەش دەبێ مـامـز بێ. پێش ئەوەی باس لە سرکی و جموجۆڵی بکا، دەڵێ:

دڵ مـوشـەببەک بـوو لەبەر ئێشـان و نـیشـانی مـوژەت

حـەیفـە قـوربان ئاخـر ئەم نـیـشـانە ئێـشـانی دەوی

چاو ئەوەندە تـیر ئاراسـتـەی دڵی عـاشـق دەکـا هـەمـووی کون کـون دەبێ، وەکو پەنجـەرەی لێ دێ، بەڵام جێـی داخـە ئەم هەمـوو تیـرە ئاراسـتـەی دڵ بـکرێ چونکە هـەموو برینە، برینێکی بەئێش و ئازار و دژوار.

ئینجـا شـاعـیر دێتـەوە لای مـامـزە کێوییـەکە و دەڵێ، مـامـزە کێوی بەهیـچ جۆرێ ناتوانێ لە مـرۆڤ نزیک بکەوێتـەوە و هـەمـیشـە لێی دوور دەکـەوێتـەوە، لەبەر ئەوەیە بۆ ماوەی چاو قوچانێکیش ناتوانێ چاوی پێی بکەوێ واتە لێی نزیک ببێتەوە:

لەحـزەیێک و لەمـحـەیێک چاوم بـەچاوی ناکـەوێ

کێ دەڵێ وەحـشی غـەزالە مـەیلی ئینسـانی هـەیە

ئینجا شـاعیر دەکەوێتە وردەکاری لە وشە و مانا، بەدلبەری دەڵێ:

تۆ ئەگەر هـەسـتی لە جێ ڕاوەسـتی دەهـری و کـافـریش

دێن دەڵێن بێ شک قـیـامـەت ڕاسـتـە هـەسـتـانی هـەیە

کورد کـە دەڵێ (قیامەت هەسـتاوە) مانای ئەوەیە کارێکی گـەلێ گەورە ڕوویداوە، واتە دلبـەری شـاعـیـر کـە هەڵدەسـتێـتـە سـەر پێ ئەوەندە جـوان و بـێ وێنەیە وەکو ڕووداوێکی گـەلێک گـەورە ڕوویدابێ، جـا بۆ ئەمـە کـەسـی خـودا نەناس و کـافـریش باوەڕ بەخـودا دەکەن و دەڵێن خـودا هـەیە، کـە ئەو هـەبێ دیارە ڕۆژی قـیـامـەتیش هـەیە. لێرەدا هـەڵسـانە سـەر پێی دلبەر لـەگەڵ هـەڵسـانی قیامەت بەراوورد کـراوە. بێ گومان چۆن کەس نییە بڵێ ئەم دلبەرە جوان نییە، هـەروەها کـەسیش نییە بڵێ قیامەت هەستانی نییە.

له بڕەشیعرێکی تریدا نالی هەندێ دیاردەی سروشت وەردەگرێ و بەرامبەر چەند وێنەیێکی هەست پێکراوی دادەنێ لە لەشی دلبەرە خۆشەویستەکەی. ئەمە لەوانەیە زیادەڕۆیی زۆری تێدابێ بەوەی شتێکی یەکجار بچووک بەرامبەر شتێکی یەکجار گەورە دادەنێ، بەڵام سەرکەوتنی شاعیر لەوەدایە کە جەوهەرێکی لەیەکچوو لە هەردوو شتی زۆر گەورە و زۆر بچووکدا دەدۆزێتەوە، بەمە وێنەیێکی تازە دروست دەکا:

له دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سپیدەی باغی سێوان
لە خەوفی تەڵعەتی ڕۆژ هەر وەکو شێت
بەڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان

کات ئێوارە بوو، ڕۆژئاوا بووبوو، کە گرێی سوخمەی دلبەر کرایەوە، ڕووناکی بەیانی لە باغی سێوان پەیدا بوو. واتە مەمکەکانی سێون، سنگی باغی سێوانە، مەمکەکانی ئەوەندە بەبریسکە و ڕەونەق بوون، ئەگەرچی ڕۆژئاوا بوو، بەڵام سەرلەنوێ بەیانی دا بەهۆی دەرکەوتنی مەمکەکانی. ئاوابوونی ڕۆژ لەبەر ئەوەبوو لە دەرکەوتنی دلبەر ترسا؛ چونکە ئەو لەو جوانتر و بریسکەدارترە بۆیە، وەکو شێت و لەبەر خەجاڵەتی لە جوانی یار ڕووشی زەرد بووبوو هەڵات و کەوتە ناو کێوانەوە.

لێرەشدا شاعیر مەمکی خۆشەویست لە جوانی و بریسکە و ڕەونەقدا بەرامبەر بەڕۆژ دادەنێ، نەوەکو لە بەرامبەریەکەدا وەکو یەکن؛ بەڵکو لەویش بەشەوقتر و ڕووناکترە، تەنیا لەبەر ئەوەشە لە شەرمی ئەو ڕای کردووە. بێ گومان ڕوو زەردی ڕۆژیش دوو مانا دەگەیەنێ، یەکەمیان بەڕاستی ڕووی زەردە، واتە ڕەنگی زەردە، دووەمیان خەجاڵەت وای لێ کردووە ڕووی زەرد هەڵگەڕێ لەبەر جوانی مەمکەکانی.

دیسانەوە لە ڕووی زیادەڕۆییەوە (موبالەغەوە) نالی باس لە فرمێسک دەکا وەک ڕەمزی گریان، گریانیش بەڵگەی دڵگوشراوی عاشقی بێ چارەیە، شاعیر دەڵێ فرمێسکەکانی زۆر سوێرن، فرمێسک هەرچەندە سوێر بێ مانای ئەوەیە خاوەنەکەی دڵسووتاوترە. ئەم فرمێسکە بەرامبەر بەئاوی زەریا دادەنێ، ئاوی

زەریا گەلێ تاڵ و سوێرە، بەڵام نەوەکو زەریای ئاسایی؛ بەڵکو زەریای خوێ، واتە شتێکی گەلێ گەلێ سوێر. جا بۆ پێوەندی دانان لەنێوان ئەم دوو شتە فرمێسک و زەریای خوێ، چاو دەکاتە پێوانە. چاوێکی یەکجار بچووک بەرامبەر زەریایێک، بەمەرجێ ئەو چاوە پێوانەی هەموو ئاوی زەریاکە بێ:

دوو چاوی من کـــەوا کـــەیلی ســـریشکن

دەپێـــوون ئاوی بـەحـــری خـــوێ بەپێـــوان

لەم وێنەیەدا شاعیر لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە هەوڵ دەدا زیاتر بایەخ بە وشە بدا، وشـەی (پەشێـو) دووبارە و سێ بارە دەکاتەوە بۆ ئەوەی بڵێ نابێ سـەرزەنشـتی ئەوە بکەی کە دڵ ئەمشـەو پەشێوە، ئەم پەشێوابوونییەی لەبەر پەرچەم پەشێوانە، واتە ئەو جوانانەی سەر و پەرچەمیان پەشێواوە. لە ڕووی هونەرییەوە هەندێ جار ئارایشکردنی سەروقژ کە جوانی دەکا، پێچەوانەکەی پەشێوان و نارێکی هەندێ جاری دیکە جوانتری دەکا:

مـەکـە لۆمـەی پەشـێـوی دڵ کـە ئەمـشـەو

پەشـــێـــواوە لەبەر پەرچەم پەشـــێـــوان

ئینجا شـاعیـر ئاوڕ لەمـەی و مـەیخـانە دەداتەوە. خـواردنەوەی مـەی مـەزەی گەرەکە، بەڵام مەزەی نالی ماچە، ئەگەر ئەو ماچە نەبێ شەراب ناخواتەوە چونکە مەزەی دیکەی ناوێ:

شـــــەرابی لەعلی ڕوممانـی لـە (نـالی)

حـەرامـە بێ مـــەزەی مـــاچێکی لێـوان

شاعیر لەم دێڕەدا ئەوە دەخاتە ڕوو، شەرابی ڕەنگ سووری یاقووتی و دەنکە هەناری ناخواتەوە ئەگەر مەزەکەی ماچی لێوان نەبێ.

لە شیعرێکی تریدا نالی دیسانەوە هەندێ وێنەی پڕ لە سۆز دادەهێنێ لە بابەت بەشـێک لە ئەندامـە جـوانەکـانی نازەنین، یا بەشـێک لە ئارەزووەکـانی، کـاری سروشت لەم وێنانەدا ئاشکرا و دیارە:

یار دڵی خوێنین و چاوی پڕ لە گریانی دەوێ

ئارێ ئارێ گوڵ لە باغان ئاوی بارانی دەوێ

دلبەر دڵی سووتاو و چاوی پڕ لە فرمێسکی دەوێ، واتە ئارەزووی دلبەر ئەوەیە

لە دڵدار دوور بێ، یا خـۆی دوور بخـاتەوە، وەکو چۆن گوڵ لە باغـان دەم دەم بەبێ بڕانەوە ئـاوی دەوێ، وە چۆن بەبێ ئـاوی باران ناژێ و وشک دەبێـتــەوە، هـەروەها یاریش نـاتوانێ هـەڵبکا بەبـێ ئازاری دڵدار و ئەوەی سـووتـاوی دڵ و فـرمـێـسکی چاوە.

دیسـانەوە جارێکی تریش لە گوڵی باغی ڕووی زەوی و بارانی نێوان ئاسمـان و ئەرز، شاعیر بەرەو ئاسمانی بڵند و دوور دەنواڕێ بۆ دەرهێنانی وێنەی تازە:

هـەر کـەسێ ڕووی تۆ دەبینێ خـۆی بەقـوربانـی دەکا

چونکە ئـەبرۆی تۆ هـیـلالی عـیـدە قـوربـانی دەوێ

هـەر کەسێ ڕووی دلبەر ببینێ خۆی دەکاتە قوربانی بۆی، چونکە وەکـو ئاسمان وایە، لەناو ئەم ئاسـمـانەدا مـانگی تازە هـەیە، ئەم مـانگە برۆی خـۆشـەویسـتـە، کـە مــانگی تـازە دەربکەوێ دەکــرێ بەجــەژن، دیـارە جــەژنـیـش قــوربـانـی دەوێ، قوربانییەکەش دڵدارە، ئەمە پێوەندی بەجەژنی قوربانی موسوڵمانانەوە هـەیە.

نـالی جـارێکی تـریش بەمــەبەسی زیادەڕۆیی شـتـی یەکـجـار بچـووک بـەرامـبـەر بەشتی یەکجار گەورە دادەنێ (فرمێسک) و (ئاگری دڵ) بەرامبەر (ئاوی تۆفان) و (دۆزەخ)، لێـرەدا مـەبەسی ئەوەیە بڵـێ سـۆزی دڵ ئەوەندە گـەرم و بەکوڵە، ئـاگری ئەوەندە زۆرە بەفرمێسکی چاو با زۆریش بێ دا نامرکێتەوە، ئاگر و سۆزی ناو دڵ ئەوەندە زۆرە هێندەی دۆزەخـە، بێ گومان دۆزەخیش دیاردەیێکی یەکجـار گەورەیە مـەگەر بەئاوی تـۆفان بکوژێتـەوە، ئاوی تۆفـان ئەوەندە زۆرە وشکایی لەسـەر ڕووی هـەموو زەوی ناهێڵێ و گۆی زەوی دەکا بەئۆقیانووسێکی بێ پایان.

ئاو لـە چاوانم بەخـوڕ دێ ناری دڵ نـاکـوژێتــەوە

وەک جـەهـەننەم ئەم تـەنوورە ئاوی تۆفـانی دەوێ

ئاگری ناو دڵم ئەوەندە زۆرە، هێندەی ئاگری ناو دۆزەخـە، فرمێسکی چاوم بەشی ئەوە ناکا بیکوژێنێتەوە، لەبەر ئەوەیە دۆزەخ بەئاوی تۆفان نەبێ ناکوژێتەوە.

وەکو هـەندێ پارچە شـیـعـری کلاسیکی کە بەگشـتی یەکێـتیی دێڕەشـیـعری تێـدایە، نالی لە شـیـعرێکدا بۆ گـەلێ مـەبـەس دەڕوا، هـەر لەو شـیـعـرەدا زۆربەی دێڕەکانی لە سروشت وەرگیراون، کەچی هـەندێ دێڕی تری ڕاستەوخۆ پێوەندییان بەسروشتەوە نییە:

عـیـشق سـولْتـانێکە هەرگـا ڕوو لە وێرانـێ بکا

ئاهی سـەرد و ئەشکی گەرم قـەلبی بریانی دەوێ

دوور لە تۆ دڵ هێندە بێ ئارام و بێ حاڵ کەوتووە

ئەی مـەسـیـحـایی زەمـان لەو لێوە دەرمـانی دەوێ

شاعیر دڵداری دەکا بەسوڵتان، ئەو سوڵتانە سەرداری هەر مەملەکەت و وڵاتێک بێ خەڵکی ئەو وڵاتە دەبێ پیشـەیان ئاه و حەسرەت بێ کە نائومێدییـە، فرمێسکی گەرم بێ کە گریانە، دڵی برژاو بێ کە دوورییە لـە یار. ئینجا دەڵێ دڵم لە تۆ دوورە لەبەر ئەوە بێ ئارام و بەدحاڵ کەوتووە وەکو مردوو. تۆ، واتە دلبـەر دیارە مەسیحە و مـوعجـیزاتی هـەیە، کـە بتوانێ مـردوو زیندوو بکاتەوە؛ بێ گومـان دەتوانێ زامی بریندار سارێژ بکا، دەرمانی ئەو برینەی تووشی بووە لێوی دلبەرە، واتە ماچ.

لەو کاتەی نالی لە دلبەرەکەی ماچ داوا دەکا وا دەزانرێ ئەمە ئامانجێکە نایەتە دی! کـەی عـاشـقـێکی ڕۆژهـەڵاتی بەئامـانج گـەیشـتـووە! بۆچ بەئامـانج بگا! ئەگـەر بەئـامــانج بگـا لەوانەیە ســەرچاوەی ئیلـهـام و داهـێنان وشک ببێ. بەڵام لـەگـەڵ ئەوەش مـەسـەلەکە وا دەکەوێتـە ڕوو وەکو ئامـانجـەکە هـاتبێتـە دی. چونکە ئەگـەر دڵداری داوای شتێک لە نالی بکا، ئارەزووی دەهێنێتە دی:

ڕووم ئەوا زەرد بوو وەکو پاییز لـە هیجـران (نالی)یا

عیشق ئێسـتاکەش لە من سـەیری بەهارانی دەوێ

ئەمـە کـارێکی قـورسـە؛ چونکە لە دووری دلبـەر ڕووی زەرد بـووە، وەکـو پاییـز گەیشـتـۆتە قـوناغـی هـەرە دواییی ژیان، لەو سـەردەمـەدا سـەیرانی بەهـار ناکرێ. لێـرەدا ڕوو زەردی و پاییـز و پیـری بەرامــبــەر بەســووری و بەهـار و ســەردەمی لاویەتی دادەنێ.

بەلای شـاعیرەوە سروشت تەنیا بەهار و کەژەکانی دی و شـاخ و گـەلی و با و بەفـر و بـاران نییـە، بەڵکو گـەلێ وردە شـتـی تریشی تێـدایە، بەقـەوارە لـەوانەیە بچـووک بن، بـەڵام بەناوەرۆک لـەوانەیە زۆر گـەورە بن، وەکـو چۆن ئەگـەر بێـتـو بەخـەیاڵ بیـر لە مـیسک و عـەنبـەر بکەینـەوە، ئەوپەڕی زۆری لەوانەیە بـارێک بێ، بەڵام ئایـا دەبێ ئەم بارە چـەند بێ بەرامــبـەر گـەورەیی زەریـا یا تۆفـان، بـەهـار یا بەهەشت.

نالی لەناو شــتی گــەورە شــتی بچــووک دەردێنێ و وێنەی هونەری لـێ دروست دەکا:

گــوڵ بەدەم بـادی ســەباوە پێکەنـی بلبل فــڕی

یەعنـی عـاشق لازمــە دوور بێ لـە یاری بێ وەفـا

گوڵێکی خنجیلانەی جوان و بلبلێکی ژیکەڵەی ڕەنگین، لەوەتەی ئادەمزاد لەسەر ڕووی زەوی پەیدا بووە، ئەمانەی کردووە بەبەڵگەی خۆشەویستی، یەکێکیان دڵدار و ئەویتریان دلبەر. بەڵام گوڵ کە بەبای شەماڵ پێبکەنێ، واتە بپشکوێ مانا ئەوە دەگەیەنی خۆشی دەوێ، ئیتر دەبێ واز لە بلبل بـهێنێ، لەبەر ئەوەیە بلبل دەتۆرێ و دوور دەفڕێ. ئەمـە بێ وەفاییـیە لە گوڵەوە، ئـەگـەر هـەر ڕۆژێ دڵدارییێک لەگەڵ یەکێکدا ببەستێ، ئەمە بێ وەفاییە و پیاو دەبێ لە یاری بێ وەفا دوور بکەوێتەوە. ئەوی ڕاستـی بێ لێرەدا با هیچ پێوەندییێکی بەم کێشــەیەوە نییـە، گـوڵ و بلبل ڕووداوێکی خۆڕسکن لە سروشتدا، ئەوەی پێوەندی نەبێ بایە، چونکە ئەگەر بێ و گوڵ بای خۆش بوێ، مـانای ئەوەیە با بەرامبەر بلبل دەوەستێ، ئەمەش هیچ جۆرە لۆجیکێکی تێدا نییـە، بەڵام لەبەر ئەوەی بلبل بەڕەنگێ گوڵی خـۆش دەوێ نایەوێ هـەتا شنەی باش لێی نزیک بکەوێتەوە.

ئینجا شـاعیر دێتە سەر شتی ورد. لە جوانی ژن و دیاردەی سـروشت کۆمـەڵە وێنەیێکی ڕەنگاوڕەنگ تێکەڵ بەیەکتری دەکا بەبێ ئەوەی هـێندەی تاڵە دەزوویێک وێنەیێک لـە وێنەیێک زیاتر بایەخی پێ بدرێ، ئەگەرچی لـە ئەنجامیـشـدا مـەبەس دەرخستنی شێوەی زولفە:

عــاشــقی ســونعی حــەقم قــوربانی ڕەنگی قــودرەتم

چاوی مـاوی، خـاڵی شین، کـوڵمی سـپی، زولفی سـیـا

ســەرگــرانـە قــافــڵــە ســالاری ڕێی چین و خــەتا

چونکە بـاری عــەنبــەر و مــوشکە لـە زولفــەینـی دووتا

حەلقـە حەلقە زولفی سەر قوبەی هەیاسەکەی کەوتووە

مــەحــرەمی ســڕڕە بەڵێ گــەنجــووری گــەنجـە ئەژدەها

شـاعـیـر بەچاوێکی بەرز تەمـاشـای ئەو وەسـتـایە دەکـا ئەوەی ئەم پـەیکەرەی دروست کردووە، ئەو وەستایە کردگارە، ئەو ڕەنگانەی بۆ دروستکردنی پەیکەرەکە

بەکاری هێناون یەکجار جوان و دڵگیرن، چاوی بەشینی کاڵ و خاڵی بەشینی تۆخ و کوڵمی بەسپی و زولفی بەڕەش ڕەنگ کردووە.

دوو زولفی دلبەر بۆن خۆشن، سەردار و سەرۆکی کاروانی ڕێگەی وڵاتی چین و خەتا کە مەڵبەندی میسک و عەنبەرە کابرایێکی لووت بەرز و مەست و تووڕەیە، چونکە هەموو تاکانی کاروان بەمیسک و عەنبەر بار کراون، ئەمە بۆنی هەردوو تای زولفی دلبەرە. ئەو دەستە زولفە میسک و عەنبەرییە بەپێچوپەنا و حەلقە حەلقە هاتۆتە خوارەوە لە دەوری قوبەی هەیاسەی ئەو پەیکەرە جوانە خۆی گرتۆتەوە. ئەو زولفانەی هاتوونەتە خوارووی ناوکەوە خەزێنەکە دەپارێزن وەکو چۆن ئەژدەها گەنجینە دەپارێزێ. خەزێنە و ئەو ئەندامە هەردووکیان نهێنی و شاررراوەن.

ئەو خـــەزێنەیە ئەوەندە دڵگیـــر و جـــوان و ئاودارە، ســـۆفی لە دۆخی خـــۆیدا دەرهێناوە:

سۆفییی مەستووری ڕووتی موفلیسی خستە تەمەع

سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها

سۆفی بەحسێب و لێکدانەوەیێک کابرایێکی داوێن پاک و بەناموس و ڕووت و بێ پارەیە و نایەوێ ماڵی ببێ، بەڵام گەنجینەی ئەو دلبەرە خستییە تەماعکارییەوە. جگە لەمە خاڵێکی زۆر لە ڕوخساری دلبەردا هەیە و ماچی دەمیش نرخی تەواو نابێ، ئەمانە هەموویان نموونەن بۆ ئەو جەواهیرانەی لەناو خەزینەکەدا پارێزراون.

گەلێ جار وێنەی موجەررەدی سروشت لە شیعری نالیدا دەبینرێن، بەتایبەتی کە شتێکی سروشت سەرنجی ڕادەکێشێ و لەگەڵ شتێکی دیکەی ئەو سروشتە یا دەستکردی ئادەمزاد بەراوورد و بەرامبەری دەکا. نالی لەم مانا و وێنانەی هەیە، بۆ بەڵگە گوڵی سووری لالە دەکا بەئاگردان:

لالە کە مەجمەرێکە بەبا خۆش و گەش دەبێ

ناوی کە پڕ خەڵووزە بەشەونم کوژایەوە

گوڵی لالە بەدیمەن وەک ئاگردان وایە، چۆن ئاگری ناو ئاگردان بە با خۆش و گەش دەبێ، هەروەها گوڵی لالەش بەم بایە دەپشکوێ و دەکرێتەوە، ئەو تۆوە

ڕەشـەی کـە لەناو گـوڵی لالەدایە وەکـو خـەڵووز وایـە، ئەمـە پشکۆی ئاگـر بوو و گەشابووەوە، بەڵام شەونم کوژاندییەوە و کردی بەخەڵووز.

وەکو لە هەندێ شـوێنی ئەم کتێبـەدا وتراوە، هەمـوو شـیعرێکی نالی بۆ گەلێ مەبەس دەست دەدەن و بەگەلێ جۆر مـانایان لێک دەدرێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە هەر شـیعرێک وەکو بەڵگە بۆ ئەو مـەبەسە دەهـێنینەوە کە بـەلای ئێمـەوە نزیکترینە لەو مەبەسەی ئێمە باسی لێوە دەکەین.

شانازی (فەخر)

شـانازیکردن بەخـۆ و خـەڵکی دیکە هـونەرێکە لە مـەبەسـە گرنـگەکانی ئەدەبی کلاسـیکی کـوردی، شـانازیکردن لای شـاعـیران لە خـۆیانەوە دەست پێ دەکـا تا دەگاتە باب و باپیر و هۆز و عەشرەت و میللەت و نەتەوەیان. ناوەرۆکی ناز و نیاز و شـانـازی خـۆ هـەڵکێـشـانی تێـدایە، بەڵام نـالی لەم مــەبەســەدا لە ڕێچکەی شـاعیرانی تر چۆتە دەرەوە، بەوەی تەنیـا شـانازی بەخۆیەوە کـردووە، لە خـۆشیدا شانازی بەوە کردووە شـاعیرێکی چاک و مەزنە. ئەم مەبەسە وەک شـێوازێکی کۆن لە ئەدەبی کوردی نوێدا لەناوچووە و باوی نەمـاوە، چونکە شـتێکی کـەسایەتییـە و پێـویسـتـییـەکـانی کۆمـەڵی تازە پـەسـەندی ناکـا. جـا ئـەگـەر بێـتـو بـەچاوی ئەمـڕۆ تەمـاشـای ئەو داهێنانە بکرێ کە لە شـانازی شیعری کلاسیکی ئەدەبی کوردیدا بووە، لەوانەیە ئەو شـیـعرانە بخەینە ڕێزی ئەو شیـعرانەی دەوریان بەسـەرچووە و کۆن بوون بەوەی نرخی هونەرییان ون کـردووە، بەڵام شـانازیی نالی چەشنە تام و بۆیێکی تایبــەتی هـەیە. وەک ئاشـکرایە لە بـنـجـدا شـانـازی لە هـونـەری شـیـعـردا ڕووداوێکی تـەسکە و پێـوەندییـێکی ئـەوتۆی بەکـۆمـەڵ و نیـشـتـمـانپـەروەری و سـروشـتـەوە نیـیـە، کـەچی لەگـەڵ ئەوەشـدا لە لای نـالی مـانایێکـی هونەری بەرزی وەرگرتووە، خوێندەوار بەدڵ کراوەیی دەیخوێنێتەوە و هیچ جۆرە خۆپەرستی و خۆ هـەڵکێشانێکی پووچ و بەتاڵ و بێ ناوکی تێدا نابینێ، نالی کە دەڵێ:

فارس و کورد و عەرەب هـەرسێم بەدەفتەر گرتووە

نالی ئەمـڕۆ حـاکـمی سێ مـوڵکە دیوانی هـەیە

مەبەسی بنچینەیی ئەوەیە باس لە نەتەوەکەی خۆی بکا و بیهێنێتە ڕێزی فارس و عـەرەب کە لەو سـەردەمـەدا لە ناوچەی کـوردسـتـانی باشـووردا شـیـعـرێکی وا

بەزمانی کوردی لە ناوەوە نەبوو بگاتە پلەی کلاسیک و شانازی پێوە بکرێ. دیارە شاعیر لە ڕووی سیاسیشەوە کوردی هێناوەتە ڕێزی ئەو دوو نەتەوەیە بەوەی دامودەسگا و دەسەلاَت و دیوانی هەیە وەکو ئەوان، جگە لە دیوانی شیعر کە ڕەمزی ڕۆشنبیرییە.

لە پێشانا نالی کوردی کردووە بەخاوەن دەفتەر، واتە خاوەنی سامانی نەتەوایەتی لە شیعر و ئەدەبدا، ئینجا کردوویەتی بەخاوەن موڵک و دامودەسگای سەربەخۆیی لە سلێمانیدا. بەمە ئەوپەڕی سۆزی نیشتمانپەروەری دەردەخا، جا با خۆی لە هەموو خوێندەوارێکی تری کورد بەخوێندەوارتر دانابێ و خۆشی هەڵبژاردبێ بۆ سەرۆکایەتی ئەم موڵکە.

نالی غەزەلێکی تایبەتی نووسیوەتەوە بۆ پێداهەڵدان بەسەر خۆی وەکو شاعیرێک. لەو شیعرەدا بۆنی هیچ جۆرە خۆ هەڵکێشانێک ناکرێ، چونکە ئەگەر نالی بەم ڕەنگە باسی لە شاعیرییەتی خۆی نەکردایە و هەر شارەزایێکی تر لە شیعری نالی ئەگەر توانای ئەوەی ببووایە لەباتی نالی ئەم وشانەی بەشیعر یا بەپەخشان لە مەدحیدا بۆ ڕێز دەکرد، لەبەر ئەوەیە خوێنەری شیعری لەوە بێزی نابێتەوە کە شاعیر مەدحی خۆی کردووە، چونکە نالی باسی ڕاستییێکی کردووە و ئەو تێبینییەی بەرامبەر بەخۆی دەربڕیوە بێ گومان ڕا و تێبینیی هەموو کەسێکە.

هەروەها نالی لەم شیعرەیدا لە چوارچێوەی گشتی شانازی شاعیرە کلاسیکەکانی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست چۆتە دەرەوە، بەوەی بەشێوەیێکی تەجریدی شانازی بەبەرهەمێک دەکا بەڕاستی بۆتە گەوهەرێکی هەرە جوان و بەنرخ لە گەنجینەی ئەدەبی کوردیدا:

بلبلی تەبعم ئەوا دیسان سەناخوانی دەکا

نوکتە سەنجی و بەزگە کۆیی و گەوهەر ئەفشانی دەکا

گیانی شاعیری بەرز کە دەکەوێتە پێدا هەڵدان و شانازیکردن بەخۆ، قسەی ناسک و بینینی جوان و بیری تیژ وەک دانەی گەوهەر دەپرژێنێ. نالی شانازی بەخۆیەوە ناکا وەک مرۆڤ، شانازی بەبەرهەمە بەرزەکەی خۆیەوە دەکا، لەبەر ئەوە ئەگەر خۆی بەدانا و زانا دابنێ لە ڕاستی دوور نەکەوتۆتەوە، لەم لایەنەوە دەڵێ:

هەر کەسێ ئیزهاری دانایی بکات و مەقسەدی

خود پەسندی بێ یەقین ئیزهاری نادانی دەکا

ڕاستە هەر کەسێک ئەگەر داوای زانایی بکا و مەبەسی خۆ هەڵکێشان بێ، بێ گومان کەس باوەڕی پێ ناکا، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی وەکو نادان و بێ هۆش و کەم بیر لە قەڵەم بدرێ.

لە پاشانا نالی دێتە سەر (تەبع) و (فیکر) و (خامە):

زابیتەی تەبعم سوارە ئیددیعای شاهی هەیە

موحتەشەم دیوانە داوای تەختی خاقانی دەکا

شاهیدی فیکرم کە بێتە جیلوەگاهی دلبەری

شاهی خوسرەو ڕووحی شیرینی بەقوربانی دەکا

نووکی خامەی من کە بێتە مەعنی ئارایی کەمال

خەت بەخەت ئیزهاری نەقشی سووڕەتی مانی دەکا

نالی کەسێکی لووت بەرز و لەخۆباییە، داوای شایەتی دەکا، بەڵام نەوەکو شایێکی بێ فەڕی وەک بت باوکی مرد بێ و بەمیرات تەختی بۆ مابێتەوە، بەڵکو ئادەمزادێکی بەتوانایە، دەکارێ خۆی بگەیەنەتە ئەوپەڕی بەرزی، دیوانی لە هەردوو باردا موحتەشەمە، دیوانی شایەتی و دیوانی شیعری، داوا دەکا ببێ بەخاقانی کۆمەڵ و دەوڵەت، هەروەها خۆی لەگەڵ شاعیری ئێرانی خاقانی شێروانی (١١٠٦م–١١٩٨م) بەراوورد دەکا.

لە ڕووی هۆش و بیرەوە شاعیر ئەوە دەردەخا ئەگەر ئەو هۆشە بێتە ناو بارەگا و جیلوەگای جوانی دلبەر وەسفێکی وای دەکا خوسرەوی پەروێز بەجۆرێک گیرۆدە و دلبەندی دەبێ گیانی شیرینی خۆی بەقوربانی ئەو وەسفەی نالی دەکا. جگە لەوە (شیرین) مانایێکی دیکەش هەڵدەگرێ واتە خوسرەو خۆشەویستترین کەس کە (شیرین)ی دلبەریەتی، ئەویش بەقوربانی ئەو مانا بەرزانەی شیعری نالی دەکا.

لە بابەت وێنەوە لەم شیعرەدا شاعیر باس لە نووکی قەڵەمی یا (نالە)ی دەکا، مەبەس لێرەدا وەسفی هەستی و موجەڕڕەدە، کە نەخشی وێنەی دلبەری کێشاوە گەیاندوویەتییە (کەمال) و لەدوای ئەو وێنەیە هیچی دیکە نییە. هەموو ئەو خەتانە،

یا نووسینانە، یا دێڕەشیعرانە بەرهەمێکی هونەری بەرزن دەست و قەڵەمی مانی هونەروەری گەورە کێشاونەتی.

نالی لە شیعرێکیدا بایەخێکی ئەوتۆ بەزمان نادا، شیعر بەهەست تێدەگا و ئەمە جەوهەرە، هەرچی زمانە قاپە یا قاوغە دەیپارێزێ، بۆیە بەلای ئەوەوە گرنگ نییە شیعر بەچی زمانێک دەنووسرێ، بەڵکو بایەخ بەناوەرۆک و مانا دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر زمان پێویست بێ بۆ دەربڕینی شیعر، ئەو کاتە خۆی چەند زمانێک دەزانێ.

ئیستیتاعە و قووەتی تەبعم بەکوردی و فارسی

عارەبی، ئیزهاری چالاکیی و چەسپانی دەکا

بەڵام لە لایەن خەیاڵ و هەستی ناو دڵ و دەروونییەوە، ئەوە دەردەخا کە ئەو خەیاڵە ناسک و ساف و بێ غەمە، خەریکی مەشقە، واتە شیعر تۆمار دەکا لەسەر جوانی زولفە پەرێشانەکەی دلبەر:

خاترێکی شۆخ و خۆش و بێ غەم و جەمعم هەبوو

ئێستە بۆ زولفی کەسێ مەشقی پەرێشانی دەکا

هود هودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین

خۆی کە دامێنگیری شاهی ئاسەفی سانی دەکا

ئەو کەسە تەحدیسی نیعمەت بێ مراد و مەتلەبی

میسلی (نالی) ئیمتیسالی ئەمری یەزدانی دەکا

ئەو بڕە شیعرەی لە سەرەوە پیشان درا شاعیر هەمووی تەرخان کردووە بۆ وەسفی بەرهەمی شیعری خۆی، دەشێ بکرێتە (تەعریفێکی) دیکەی شیعر و بخرێتە سەر هەموو ئەو تەعریفە زۆرانەی بۆ شیعر کەوتوونەتە ناوەوە.

نالی لە شانازیکردنی بەخۆ دەگاتە ئەوپەڕی کە کەس بەشاعیر نازانێ خۆی نەبێ:

خەڵقی کە هەموو کوودەکن و بەستەزمانن

با بێن و لە (نالی) ببیەن شیعری سەلیقی

ئینجا نەوەکو تەنیا خۆی بەمامۆستایێکی گەورەی شیعر لە قەڵەم دەدا، بەڵکو ئەوە دەردەخا هەرچی قسەی جوان هەیە لە لایەن ئەوەوە نووسراوەتەوە، یا کە

قەڵەم دەکەوێتە قسە و شیعری جوان دەنووسێ؛ بێجگە لە نالی کەس توانای ئەوەی نییە قەڵەم بەکار بێنێ:

زاهیر و باتین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز

ئاشنای سرری قەڵەم بێ غەیری (نالی) کەس نەما

ئیتر نالی دەکەوێتە سەر ئەوەی شیعری ئەو وێنەیان نییە، واتە تایبەتین بەخۆی، لێرەدا لەوانەیە پیاو وا زان بکا نالی دان بەشاعیرانی دیکەدا نانێ، بەڵام شیعری ئەو داهێنانێکی وای تێدایە هەر خۆی دەتوانێ کارێکی وا بهێنێتە ناوەوە:

(نالی) حەریفی کەس نییە ئولف و ئەلیفی کەس نییە

بەیتی رەدیفی کەس نییە تەفریقەنووسە گەپ دەکا

ئەگەر کەسی وا هەبووبێ شیعری نالی پەسەند نەکردبێ، یا لە شیعری نەگەیشتبێ، دیارە لەبەر نەفامی و نەزانی بووە، چونکە زێڕنگەر نرخی زێڕ دەزانێ و مەلەوانی وەستا دەتوانێ لە زەریای قووڵی غەزەلیدا دوڕو گەوهەری بەنرخ دەربێنێ.

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە ئەمما

غەوواسی دەوێ یەعنی بەتەعمیقی بزانە

پڕ دانەیە ئەمما نەوەکو دانەیی چەڵتووک

بەحرم وتووە نەک وەکو گۆلی مەرەزانە

حوسنی نەزەرە ئەسلی نەزەر حوسنە بەعیسمەت

سۆفی کە دەکا تەرکی بەئینسانی مەزانە

ئەو گەوهەری نوکتە کە لە (نالی) دەدزن خەڵق

ئاوی نییە وەک ئاگری بێ شەوقی دزانە

واتە ئەو کێشەی (وەزنەی) کە من شیعرم پێ وتووە و بەحریشی پێ دەڵێن پڕە لە بەردی بەنرخی هەمەڕەنگ، ئەمانە وێنەی مانا و هونەری بەرزن، جوانن وەکو جەواهیر، جگە لەوە ئەو بەحرەی من قووڵە، مانای شیعرەکانم ئەوەندە بەرزن وەکو چۆن بەحر غەوواسی دەوێ تا بتوانێ سەدەف و مەرجانی بێنێتە دەر، شیعری منیش هونەروەر و زانا و شارەزای گەلێ بەرزی گەرەکە تا لە مانا و وێنەکانی بگا.

بەحر بەدوو مـاناوە هاتووە، زەریا و کێشی غەزەل (عەرووز)، هەردووکیـان قـوولْن، دوڕ و گـەوهەر بۆ بەحر، مـانای بەرز بۆ شـیـعر؛ غـەوواس بۆ بـەحـر تا سـەدەف و مـەرجـان دەربێنـێ، کەسـی شـارەزا بۆ دەرهێنان و دۆزینەوەی مـانای شیعری نالی.

ئەو مـانایەی لە شـیـعری نالیـدا دەدۆزرێتـەوە بەنرخـە وەکو دانـەی جـەواهیـرە نەوەکـو وەک دانەی چەڵتـوک لـە پاش پەلکۆکـردن دەبـێ بەبرنج و دەخـورێ، بەم جۆرە نرخی نامێنێ و دەبڕێتەوە. بەڵام بەحری من، واتە کـێش و مـانای شـیـعرم زۆر قـووڵە وەکو گۆلی مـەرەزە تەنک نییـە، چونکە ئاوی تەنک بـەرهـەمی چەڵتووک دەبێ، کـەچـی زەریایێکی قـووڵ بەرهـەمی سـەدەف و مـەرجـان دەبـێ، دیارە بەحرەکانی شاعیریش واتە شیعرەکانی قوولْن، لەبەر ئەوە مـانا و وێنەی بەرزیان تێدایە.

بەلای نالییـەوە خـەڵکی شـاعیـر نین، کە شـیـعر دەنووسنەوە قسـەی جـوانی ئەو دەدزن، قسـەی جـوانیش ئەگـەر بدزرێ دەگۆڕێ، خـۆ ئـەگـەر قسـەی دزراو لەگەڵ ئەسـڵـەکەدا بـەراوورد بکرێن، ئەوە ئاشکرا دەبـێ ئەمـەیان چەند ئـاودار و بەتام و بۆیە، ئـەویان ئەوەندە بێ ئـاو و وشک و بێ تام و بۆیە. هەروەها مـانای شـیـعری نالی ڕووناکە بە شـەوقە، بەڵام شیعری خەڵکی وەکو چرای بێ شـەوقی دز وایە. لە کوردیدا تەعبیری (چرای دزان) کینایەتە بۆ چرایێکی کز و یەکجار کەم ڕووناکی، ئەمەش ئەگەر ئاگربێ یا چرابێ لەبەر ئەوەیە دز هـەمیشە هـەوڵی ئەوە دەدا بـەرچاو نەبێ، جـا لە شـەودا ئەگـەر ئـاگر بکاتەوە یا چرا هـەڵگیرسـێنێ دەبێ ڕووناکییـان کەم بێ بۆ ئەوەی کەس چاوی لێیان نەبێ.

لە شـیـعرێکی دیکەیدا بۆچوونی نالی دیسـانەوە وەکو تەعریف یا وەسـفێک بۆ شیعر دەکەوێتە ڕوو، بینینێک لە ئەنجامی وردبوونەوەیێکی ئیستێتیکی لە خەیاڵی شاعیردا دروست دەبێ و دەڕژێتە سەر کاغەز.

نالی دەڵێ:

یا لە مـەیدانی فـەسـاحـەتدا بەمیـسلی شـاهـسـوار

بێ تـەئەممول بم هـەمـوو نەوعـە زمـانـێ ڕا دەکـا

نالی وا دەزانێ بەسـەر هەموو زمانێکدا زاڵە، دەیەوێ بڵێ شاعیرە و شـاعیرێکی

گەورەشـە، ئەو قسە جوانانەی بەکوردی دەیاننووسـێتەوە تاقیکردنەوەیە و شاعیر تێیدا سەرکەوتووە.

ئینجا دەڵێ:

بێتە حوجرە پارچە پارچەی موسوەددەم بکڕێ بەڕووح
هەر کـەسێ کـووتاڵ و پـارچەی بێ بەدەل سـەودا دەکا
شـیعری خـەڵقی کەی دەگـاتە شـیـعری من بـۆ ناسکی
کـەی لە دیقـقـەتدا پەتک دەعـوا لـەگـەڵ هەودادەکـا

نالی لە حوجرەی تایبەتیی خۆی لە مزگەوت شیعر دەنووسـێتەوە، لەوێ پارچە کاغەزی ڕەشنووسی شیعری ئەو دەست دەکەون، ئەمانە لەگەڵ پارچە قوماشی بەنرخ بەراوورد دەکا، واتە شیعری وەکو ئەو پارچە قوماشانەیە، بەڵام شیعری خەڵکی وا نییە، ئەگەر ئەمانە لەگەڵ قوماشێک بەراوورد بکەین دەبێ ئەو قوماشە لە پەتک دروست کرابێ نەک لە تاڵە دەزووی ئاوریشم.

نالی لە هەڵوێستیدا بەرامبەر بەشیعر، دوو شت لە یەکتری جیا دەکاتەوە، یەکەمیان خوێنەری شیعر وەکو کابرایێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیری دوور لە چێژی ئەدەبی و هونەری، ئەوەی شاعیر نییە و هەستی شاعیریشی نییە، دووەمیان خوێنەری شیعر، وەک شاعیرێک یا خاوەن هەستێکی شاعیری:

نوسـخی (نالی) ڕەنگە هەر کەس بیبـیـنێ بیکاتە گوێ
چونکە نەزمی سـاف و وردە هەر وەکـو مـرواریـیە

لێرەدا نالی مەبەسی ئەوە نییە بڵێ شیعرەکانی لە ڕووی ماناوە ئاسانن، ئەگەرچی بۆنی ئەوەشی لێ دێ، بەڵکو مەبەسی ئەوەیە بڵێ شیعری ساف و ورد و جوانن وەکو مرواری. سووکن لەسەر گوێ، لەبەر ئەوەیە گوێ وەریان دەگرێ و دەبن بەمایەی زاخاوی مێشک وەک چۆن مرواری دەبنە هۆی جوانی گوێ کە دەکرێن بەگوارە و گوێی خۆشەویستی پێ دەڕازێنرێنەوە.

یا لە شیعرێکی دیکەیدا نالی بەرهەمی خۆی دەداتە پاڵ شێوازی ئیجاز کە لە زانستیی ڕەوانبێژیدا (مانای زۆر لە قاڵبی بچووک) دەگەیەنێ. لەم لایەنەوە دەڵێ:

(نالی) عـەجـەب بەقـووەتی حـیکمـەت ئەدا دەکا
مـەعنایی زۆر و گـەورە بەلەفـزی کـەم و بچـووک

له شـیـعـرێـکی تریدا نـالـی ڕوو دەکـاتە تاقـمـی دووەم کـە شـاعـیـرن یا خـاوەن هەستی شاعیرین، پێیان دەڵێ:

(نالی) بەداوە شـەعری دەقـیـقی خـەیاڵی شـیـعـر

بۆ ئەو کـەسـەی کـە شـاعـیـرە سـەد داوی نایەوە

مەبەسـی نـالی لەو شیعرەدا ئەوە نییە بڵێ شیعری ئەو لە ڕووی مـاناوە قورسن و شـاعیر و ناشـاعیر تێی ناگەن، بەڵکو مەبەسـی ئەوەیە بڵێ شیعری ئەوەندە بەرزە لە ڕووی هونەرییەوە هەزار داو بۆ شـاعـیـران دەنێتـەوە، چونکە هـەر تەعبیـرێکی لە مـانایێک زیاتر هەڵدەگرێ، لەبەر ئـەوە ئەو شـاعـیـرانە نـاتوانن شـیـعـرێک دابنێن بگاتە پلەی شیعری نالی.

نالی لە شـیـعرێکی دیکەیدا بەرهەمی ئەدەبی خـۆی بە(جیگەرگۆشـە) حـسـێب دەکا و دەڵێ:

شـیـعـرەکـانم کـە جـیگەرگـۆشـی مـن دەربەدەرن

دڵی (نـالـی) چ ڕەقـە قـەت غـەمـی فـرزەندی نیـیـە

لەم شیعرەیدا شـاعیر گلەیی لە خۆی دەکا بەوەی بەتەنگ شیعرەکانیەوە نییە، بەڵام لە شیعرێکی دیکەیدا ڕازی نییە شیعر وەک منداڵ (جیگەرگۆشە)ی دەروونی ئازار بدرێ، واتە مانای شیعرەکان بەڕاستی لێک نەدرێنەوە:

لە جیگەرگۆشـەیی شیعرم مـەدە مەعنایی خراپ

بێ خـەتا کـەس نیـیـە ڕازی کـە لە ئەولادی درێ

خۆشەویستترین شتێک لای شاعیر شیعرەکانیەتی، پلەی ئەو سۆزە دەگەیەنێتە پایەی پێوەندی بەمنداڵی خـۆیەوە، کـە منداڵیـشی نەبووە، ئینجـا خـۆی بەدڵڕەق پیشان دەدا بەرامبەر ئەو جیگەرگۆشـانە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەوە ڕازی نییە هەر کەس بەئارەزووی خۆی مـانای شـیـعـرەکان لێک بداتەوە. شـاعـیـر ئاگاداری ئەوەیە کەم کەس لە شیعری دەگەن.

شیعری کراوە (مەکشووف، ئێرۆتیک، erotikos)

ئەم جـۆرە شـیـعـرە خـەریکی دڵدارییە بەشـێـوازێکی کـراوە لە مـاچومـووچ و دەسبازی و پێوەندی ژن و پیاو دەدوێ لە ڕووی سێکسەوە.

له دیوانی نالیدا ورده ئاوڕدانەوەیێکی زۆر بۆ ئەندامی ژن هەیە ئەوەی خۆشی دەگەیەنێتە ژن و پیاو. ئەم بۆچوونانە وەکو لە سەرانسەری شیعری نالیدا دیارە گەلێ لێکدانەوە و مانا هەڵدەگرن. لەبەر ئەوەیە هەر بەڵگەیێک کە بۆ باسێکی دیاریکراو دەهێنینەوە بێ گومان هەر ئەو بەڵگەیە بۆ باسێکی دیکە یا چەند باسێک دەست دەدەن. بۆ بەڵگە ئێمە ئەم دێرە شیعرەی نالی بۆ مەبەسی شیعری کراوە دێنینەوە لەوانەیە بەوردبوونەوەیێکی قووڵ ئەم مەبەسە بکەوێتە بەرچاو، یاخود ئەم لێکدانەوەی ئێمە دوا مەبەس بێ لەو مەبەسانەی شاعیر ویستوویەتی دەریان ببڕێ:

جەنانی وەک جینان کردم بەمەئوا

حەبیبەی ماڵیاوا ماڵی ئاوا

دلبەر دڵی شاعیری کرد بەماڵ و هێلانەی خۆی، بەڵام نەوەکو ماڵێکی ئاسایی، بەڵکو کە خۆشەویست لێی نیشتەجێ بوو بەبەهەشت وەرگەڕا. لە نیوەدێڕی دووەمدا نالی یارییێکی ڕەوانبێژی بەوشەکانی (ماڵیاوا) و (ماڵی ئاوا) دەکا. جارێکیان وشەکە مەڵبەند و جێی ژیانی حەبیبەیە، ناوی ئەو گوندەیە کە حەبیبەی لێ لەدایک بووە، جارێکی دیکەیان حەبیبە (ماڵی ئاوا) بێ چونکە کە هاتە ناو دڵمەوە کردی بەبەهەشت، هەروەها (ماڵی ئاوا) ئەوەش دەگەیەنێ، حەبیبە با ئەندامی مێیینەی ئاوا بی، واتە پشکووتوو و کراوە بێ بۆ بەزمی مێبازی.

جگە لەمە نالی پارچە شیعرێکی پێنج دێڕی هەیە (ئیلتیقای پۆڵاد و ئاسن)، لەو شیعرەدا کۆمەڵێک مانا و وێنەی داهێنانی شیعری کۆکردۆتەوە، یەکێ لەو مانایانە باس لە ئەندامی مێیینەی ژن و نێرینەی پیاو دەکا. کۆکردنەوەی سارد و گەرم، بزوێن و وەستاو، ئاو و ئاگر لە پۆڵا و ئاسندا کە بەحسێبی لۆجیک دژی یەکترین، بەڵام کە بڕیاری بزووتنەوە دەدەن لەگەڵ یەک و پێکەوە، هەریەکەیان ئەوی دیکە تەواو دەکا. ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە بەرزەکانی نالی لە ڕووی داهێنانەوە.

لوتکەی ئەم بابەتە شیعرەی نالی ئەو بەرهەمەیەتی لە قاڵبی قەسیدەدا کە خەون بینینێکە لەگەڵ مەستوورەی جوانە ژن و شاعیری ناودار پێکەوە کۆبوونەتەوە. لە بەشی داهاتووی ئەم کتێبە باس لەو قەسیدەیە دەکرێ.

بەشی هەشتەم

گەشتی بەهەشتی شیعرایەتی نالی

نەعتی پێغەمبەر

ئەو بیرورایە ڕاست نییە کە دەڵێ نالی شیعری (نەعت)ی لەبەر ئەوە وتووە بۆ ئەوەی پێی نەڵێن بۆچ لەم بابەتە کلاسیکییە شیعری نییە. ئەگەر بێتو حسێبی ئەوە لەگەڵیدا بکرێ بەو مانایەی لە هەموو بابەتەکان و مەبەسەکانی شیعری کلاسیکی وتووە لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە، ئەو کاتە بەپێی ئەو شیعرانەی ئێستا لە ناوەوەن لە هەموو بابەتەکانی نەوتووە. ئەگەر وتبێتیشی نەماون و بێ ئاگاین لێیان. ئەوی ڕاستی بێ نالی لە بنجدا شیعری بۆ خۆی وتووە، گوێی نەداوەتە ئەوەی دەبێ لە هەموو هونەرەکانی شیعری هەبێ، یا قافیە و ڕەویەی هەموو دەنگەکانی تیپی ئەلفوبێی کوردی و عەرەبی لە دیوانیدا دەور کردبێتەوە.

ئەم قسەیە لەبەر ئەوە دێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی بووترێ نەعتی نالی بەڵگەی ئەوە نییە کابرایێکی موسوڵمانی ئەوتۆ بووە تا گوێچکەی لەناو ئاییندا تواوەتەوە و لە ژیاندا بیری لە هیچ شتێک نەکردۆتەوە و تەنیا پێڕەوی ئەو ڕەوشتە میتافیزیکییانەی کردووە کە لە ئایین بوونەتەوە. ئەگەر مەسەلەکە بەم جۆرە بووایە دەبوو نالی زیاتر خۆی خەریکی بابەتی خوداناسی (ئیلاهییات و موناجات) بکردایە، چونکە وەکو دەڵێن خودا لە پێغەمبەریش گەورەترە، کەچی خۆی خەریکی بابەتی نەعت کردووە. ئەمە لەبەر ئەوەی لە ئاییندا پێغەمبەر زۆرکاری لێ کردووە و بزواندوویەتی. دوور نییە چوونی بۆ حەج، یا بیرکردنەوە لە چوون بۆ حەج ئەویش هۆیێک بوو بێ بۆ ئەو قەسیدانەی کە لە نەعتی پێغەمبەر نووسیونەتییەوە. یا دەبێ هەستی کوردایەتی دەوری لەم کارەدا نەبێ بۆ ئەوەی بیەوێ (بەچەند بەیتێکی کوردانە) نەعت و وەسفی پێغەمبەر بکا وەکو خۆی دەیڵێ.

پێغەمبەر بەلای نالییەوە شتێکی یەکجار گەورە بوو، بەهەموو زمانێک ستایشی

کراوە، بۆچ بەکوردیش ئەم کارە نەکرێ! وە بۆچ شاعیر خۆی گوناهبار نەکا بۆ ئەوەی بەزمانی کوردی لە پێغەمبەر بپارێتەوە!

لە دیوانی نالیدا دوو قەسیدە و غەزەلێک بەرچاو دەکەون لە مەدح و ستایشی پێغەمبەر و پێداهەڵدان بەگەورەیی و خۆشەویستی لە لایەن خوداوە.

یەکەمیان بەم دێرەشیعرە دەست پێ دەکا:

ئەی ساکینی ریازی مەدینەی مونەووەرە

لوتفێ بکە بفەرموو: مەدینەی منە و وەرە

لەم قەسیدەیەدا وەسفی شاری مەدینە دەکا، وەک شاری پێغەمبەر و شوێنی ئارامگای، ئەم شارە پیرۆزە بەناوەندی گێتی و چەرخ و فەلەک و عەرشوقورش دادەنێ، ئینجا باس لە نزمی و پەژمردەیی و گوناهکاری خۆی دەکا بەرامبەر ئەو پێغەمبەرە گەورەیەی نەوەکو تەنیا شاعیر لە ڕاستیا هیچە، بەڵکو (بوون، گەردوون) لەبەر ئەو پەیدا بووە. شاعیر ئەو سیفەت و بەڵگە و ڕەوشتانەی بۆ پێغەمبەر دانراوە هەموویان دەخاتە ڕوو. لە پاشانا باس لە ڕۆژی قیامەت دەکا. پێغەمبەر سەروەری ئەو ڕۆژە دەبێ دادپەروەری ئەزەلی کە خودایە هەموو تکایێکی جێبەجێ دەکا.

شاعیر بەم دێرەشیعرە دوایی بەقەسیدەکەی دێنێ:

ڕۆژی جەزا رجا بکە بۆ (نالی)ی دەربەدەر

چونکە لە ڕووی جیهان گوناهی گەلێ زۆر و ئەکسەرە

قەسیدەی دووەمی نالی لەم بابەتەوە بەم دێرە شیعرانە دەست پێ دەکا:

ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتا کەی حیرسی وێرانە

لەگەڵ ئەم عەشقبازانە برۆ ئازانە بازانە

لێرەدا شاعیر خەڵکی هان دەدا بۆ حەجکردن، نەوەکو تەنیا بۆ مەککە و کابەکەی، بەڵکو بۆ مەدینە و زیارەتی ئارامگای پێغەمبەریش. ئەم قەسیدەیە وا دەکەوێتە بەرچاو لە ڕێگەی حەج وتبێتی یا پاش بینینی ئەو ڕێگەوبانە نووسیبێتیەوە، خۆ شاعیرێکی وەکو نالی دەتوانێ ئەو ڕێگەوبانەشی نەدیبێ و بەخەیاڵ دروستی بکا، خەیاڵێک لە ڕووداو نزیک دەبێتەوە.

لەم قەسیدەیەدا شاعیر وەسفی کاروان و دەشت و سارا و بیابان و وشتر دەکا، وەکو چۆن ئەم بیابانە زەردە کاکی بەکاکییە وێنەی بەهەشتی بەرینی

هێناوەتە ناوەوە، نالی دەیەوێ ئەو بیابانە بکا بەبەهەشت و ئەو کاتە پێویستی بەبەهەشتی ڕاستەقینە نابێ. لەدوای وەسفی مەککە و کابە؛ ئینجا دێتە سەر ئارامگای پێغەمبەر لە مەدینە، لە پاش ئەمە باس لە میعراج دەکا، چوونی پێغەمبەر بۆ بارەگای خودا و بینین و قسەکردن لەگەڵیدا.

لەدوایی قەسیدەکەدا دەکەوێتە پاڕانەوە لە پێغەمبەر بۆ ئەوەی بەزەیی پێدا بێتەوە و لە گوناهی خۆش بێ. لە پاڕانەوەکەیدا نالی دەماری کوردایەتی دەجووڵێ، بۆیە بەکوردی ستایشی پێغەمبەر دەکا، ئەگەر مەبەسی زمانی کوردی نەبووایە دەیتوانی بەزمانێکی دیکە مەدح و ستایشی پێغەمبەر بکا. لە لایێکی تریشەوە نالی ئەوەندە خۆی نزم کردووە لە ڕاست پێغەمبەر تا پلەیێک ڕێگە بەخۆی نادا بڵێ من نەعتی پێغەمبەر دەنووسم واتە مەدحی دەکەم، بەڵکو دەڵێ دەپاڕێمەوە، ئەوەندە بەچاوێکی بەرز تەماشای زمانی کوردی و بەیتی کوردی، یا شیعری کوردی کردووە و ئەو شیعرە کوردییەی هێناوەتە ئەو پلەیە کە بتوانێ لە کەسێکی گەورەی وەکو پێغەمبەر بدوێ.

لەو دێڕەشیعرانەدا دەڵێ:

بەقوربانی عولوومی ئەووەلین و ئاخیرینت بم

لەگەڵ ئەسراری قورئانت کەوا ئیلتافی ڕەحمانە

مورادم زیللەت و پاڕانەوەی خۆمە نەوەک نەعتە

بەچەند بەیتێکی کوردانە کە قورئانت سەناخوانە

ئەگەرچی کوردی دەوری شارەزووری قەسوەتم ئەمما

وەسیلەم تیبەیی حیلمی شەفیع و فەزلی مەننانە

لە کۆتاییدا نالی وەکو هەموو شیعرێکی نەعت پێغەمبەر وا پیشان دەدا کە هێندەی گەورەیی خۆی سۆز و خۆشەویستی هەیە، بۆیە دەتوانی لە گوناهی زۆر و خەتای بێ پایانیش خۆش ببێ:

دەری ڕەحمەت کەوا بەحری موحیتی عاسییە (نالی)

تێدا جان و تەن ئوفتادەی شەپۆڵی سەیلی عیسیانە

پارچەکەی دیکەی شیعری نالی لە بابەت ستایشی پێغەمبەرەوە بەم دێڕە دەست پێ دەکا:

وەی کە ڕوو زەردی مەدینە و ڕوو سیاهی مەککە خۆم

دەرکراو و دەربەدەر یا ڕەب دەخیلی عەفوی تۆم

لەم شیعرەدا نالی بایەخێکی زۆر بەو کردارانە دەدا کە حاجییان لە کابەی مەککە و دەوروبەری شار دەیگەیەننە ئەنجام. جگە لەمە شاعیر ئامۆژگاری ئادەمزاد دەکا ژیانی بەجۆرێک ڕێک بخا عیبادەت نەخاتە پشتگوێ و ڕەنجیش بدا لە پێناوی ژیاندا. بەم دێڕەشیعرە کۆتایی بەپارچە شیعرەکەی دێنێ:

لامەدە (نالی) لە ئەنباری خەزینەی ساڵحان

گەرچی ببیە خۆشەچینی دانەیی خەرمانی ڕۆم

نەعتی نالی لە ڕووی ناوەرۆکەوە پێوەندی بەئایینی ئیسلامەوە هەیە، بۆ ئەو مانایانە چووە کە لە سەرانسەری نەعتی ئەدەبی نەتەوەکانی موسوڵمان دەبینرێن. بەم ڕەنگە ئەگەر بێتو نەعتەکانی نالی لە شیعرەوە بیکەین بەپەخشان، یاخود مانایان لێک بدەینەوە بەرامبەر ئەو مانایانە دەوەستین کە باسمان لێیانەوە کرد.

ئەوەی نالی لە گەلێ شاعیری دیکە جیای دەکاتەوە ئەوەیە لە نەعتەکانیدا جۆرە داهێنانێک دەبینرێ لە ڕووی وێنەوە، ئەو وردەکارییەی نالی لەم شیعرانەدا بەکاری هێناون کارێکی وا ناکەنە سەر ئەو کەسەی بەتەنگ ئایینەوە نەبێ لێی دوور بکەوێتەوە، یا بەکارێکی هونەری بەرز نەکەوێتە بەرچاوی. بەم پێیە وردەکاری نالی لەم نەعتانە و سەرانسەری دیوانیدا لە چوارچێوەی ئیدیۆلۆجییەتێکی دیاریکراو دەچێتە دەرەوە، پێوەندی بەئیستێتیکای گشتییەوە هەیە، واتە ئەو وێنە جوان و بەرزانە لوتکەی داهێنانن بۆ هەموو ئادەمزادێکی کە هەستی هەبێ، بۆیە پیاو دەهری بێ یا باوەڕی بەکردگار بێ، مەلیکی بیری نەوت بێ یا کرێکاری کۆمپانیای ئۆتۆمۆبیل دروستکردن بێ، ئەو داهێنانە هونەرییانەی نالی بۆ پێغەمبەر دەربڕیوون دەبنە هۆی ئەوەی هەستی ببزوێنن و کاری لێ بکەن و چاوی ڕوون بکەنەوە.

قوربانی تۆزی ڕێگەتم

لوتکەی بیر و هەستی نیشتمانپەروەری لە لای نالی لە شیعرە بەناوبانگەکەی ڕەنگی داوەتەوە کە لە شامەوە بۆ سلێمانی ناردووە، بەچاوی پڕ لە فرمێسک و دڵی زامدارەوە داوای ئەوە دەکا هەواڵی شار بزانێ، ئایا بگەڕێتەوە یا نا؟ نامە

شیعرییەکەی نالی دەکەوێتە بەر دەستی سالم، سۆزی نالی دەبێتە سەرچاوە و، سالم بەشیعر وەرامی دەداتەوە و تێی دەگەیەنێ کە نەگەڕێتەوە.

نالی لەم شیعرە پڕ لە سۆزەدا بیرەوەری کۆن لە سروشتی خاکی نیشتمان دەتوێنێتەوە، هەموو سووچ و قوژبنێکی ئەم بیرەوەرییانە وێنەیان لە شاخوداخ، گوند و شار، ڕووبار و شیوی وڵاتەکە کێشراوە. شاعیر بەشێوەیێکی جوان سەرەتای نامەکەی بەم دێڕەشیعرانە دەست پێ دەکا:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

وەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری (شارەزوور)

ئەی لوتفەکەت خەفی و هەوا خواه و هەمدەمە

وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوزوور

ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان

تۆفانی دیدە و شەرەری قەلبی وەک تەنوور

گاهێ دەبی بەڕەوح و دەکەی باوەشێنی ڕووح

گاهێ دەبی بەدەم، دەدەمێنی دەمی غروور

مەحوی قەبوولی خاتیری عاتیر شەمیمتە

گەردی شەماڵ و گێژی جەنووب و کزەی دەبوور

سووتا ڕەواقی خانەیی سەبرم دڵ و دەروون

نەی ماوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی یا سەبوور

هەم هەمعەنانی ئاهم و هەم هەمریکابی ئەشک

ڕەحمێ بەم ئاه و ئەشکە بکە هەستە بێ قوسوور

ئینجا شاعیر پەیامنێرەکەی تێ دەگەیەنێ کە بایە، پێویستە بەوردی سەرنج بداتە دیمەنە گەورە و بچووکەکانی سروشتی خۆشەویست و ئەو شوێنانە بەسەر بکاتەوە لەو کاتە کە دەچێتە ناو خاکی کوردستانەوە، چونکە نالی بیرەوەرییێکی زۆری تیایاندا بەجێ هێشتووە تا دەگاتە خاک و خۆڵی مەڵبەندی لە دایکبوونی و سلێمانی پایتەختی وڵاتە ڕووخاوەکەی:

وەک ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار

وەک ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی (پردە سوور)

بەو ئاوە خــۆت بشـــۆ لـە کـــەدووراتـی ســـەر زەمـین

شاد بن بە وەسڵی یەکدی کە تۆی تاهیر، ئەو تەهوور

پێش ئەوەی پەیامنێری نالی بگاتە شاری سلێمانی، بێ گومان وەستانێکی پێ دەکا لە سەرچنار، ئەو جێگەیەی هەرگیز سروشت هەموو وەستایەتییێکی خۆی نواندووە بۆ نەخشکێشانی ئەم نیگارە، نالیش وەنەبێ وەستایەتییەکەی لەوەی سروشت کەمتر بێ کە دەڵێ:

ئەمـجـا مـەوەسـتـە تا دەگـەیە عـەینی (سـەرچنار)

ئـاوێـکـە پـڕ لـە نـار و چـنـار و گــــــــوڵ و چـنـوور

چەشمەیکە میسلی خۆر کە لە سەد جێ بەڕەوشەنی

فــەورانـی نووری ســـافــە لەســـەر بەردی وەک بلوور

یا عــــەکـــســی ئـاســـمـــانە لە ئاوێنەدا کـــەوا

ئەســـتـێــرەکـانی ڕادەکـشێ وەک شــەهابی نوور

یا چـەشـمـە ســاری خـاتیـری پڕ فـەیزی عـاریفـە

یـەنبــووعی نـووری دادەڕژێنێ لە کـــێـــوی تـوور

دەمگوت دوو چاوی خۆمە ئەگەر (بەکرەجۆ)یی ئەشک

نەبووایە تیژ و بێ سەمەر و گەرم و سوێر و سوور

نالی عاشقی ئەو نیشتمانەیە، چونکە لەو مەڵبەندەدا هاتۆتە دنیاوە و لەوێش پەروەردە و گەورە بووە. نامە بۆ سلێمانی دەنێری بۆ ئەوەی هەواڵی وڵات بزانێ، ئەگەر بیر لە جێگەی لەدایکبوونی بکاتەوە کە خاک و خۆڵە و پەیامبەر پێویستە سەر لەوێش بدا، خۆ دەبێ هەر بەڕێگەی سلێمانییەوە تێپەڕ ببێ:

داخـیل مـەبە بەعـەنبـەری سـارای (خـاکـوخـۆڵ)

تاکـو نەکـەی بەخـاکی (سلێـمـانی)یا عـوبوور

شاعیر لەو دێڕەشیعرانەی داهاتوودا نەخشەیێکی سروشتی شاری سلێمانی دەکێشی و باس لە دانیشتوانی دەکا، بەخۆشەویستی خۆی دەیانژمێرێ، شاری سلێمانی بەهی خۆی و ئەوان دەزانێ.

یەعنی ڕیازی ڕەوزە کـــە تێـــیـــدایە چەند دەمێ

مـوشکین دەبێ بەکـاکـۆڵی غـیلمـان و زولفی حـوور

شارێکە پڕ کەرەم و عەدل، لە جێگەیێکی خۆش و نەرم
بۆ دەفـــعی چاوەزارە دەڵێن شـــاری (شـــارەزوور)
خـــاکی مـــیـــزاجی عـــەنبـــەر و داری ڕەواجی عـــوود
بەردی خـــەراجی گـــەوهەر و جـــۆباری عـــەینی نوور
شـــامی هـەمـــوو نەهـار و فـوســـوولی هەمـــوو بەهار
تۆزی هـەمـــوو عـــەبیـــر و بوخـــاری هەمـــوو بخـــوور
ئـەهلێکـی وای هـەیە کـــە هـەمـــوو ئـەهلی دانـشـن
هـەم نـازیمی عـــوقـــوودن و هـەم نـازیری ئـومـــوور

لەدوای ئەمە نالی دەکەوێتە پرسیارکردن، بیرەوەرییە کۆنەکانی دێنەوە یادی، دەزانی جەندرمەی تورکی عوسمانی لە پاش داگیرکردنی شاری سلێمانی وێنەی ڕاستەقینەیان شێواندووە، داریان لەسەر بەرد نەهێشتووە:

ســـەیرێ بکە لە دار و لە بەردی مـــەحـــەللەکـــان
دەورێ بدە بەپرسش و تەفـتـیـشی خـوار و ژوور
داخۆ دەروونی شـەق نەبووە پردی (سـەر شـەقام)
پیـر وفـتـادەتەن نەبووە داری (پیـرمـە سـوور)
ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەمدارە (شێخەباس)
یا بێ نەوا و بەرگـە گـەڕاوە بەشـەخـسی عـوور
ئایا بـەجـــەمع و دائیـــرەیە دەوری (کـــانی با)
یاخـــۆ بووە بەتەفـــرەقـــەیی شـــۆرشی نوشـــوور
(سەیوان) نەزیری گونبەدی کەیوانە سەوز و ساف
یـاخـــۆ بـووە بەدائیـــرەی ئـەنجـــومـی قـــوبـوور
ئێـســتــەش پڕە لە ئاهوویی بەر (کـانی ئاسکان)
یاخـــۆ بـووە بەمـــەلعـــەبەی گـورگ و لـوورە لوور
ئێستەش سروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار)
یاخـــۆ بووە بەســـۆفـیی وشکی لە حـــەق بەدوور
قـــەلبی مـــونەووەرە لە حـــەبیـــبـــانی نازەنین
یا وەک ســـەقـــەر پڕە لە ڕەقـیـبـانی لەندەهوور

داخــۆ دەروونی ســافــە گــوڕەی مــاوە (تانجــەڕۆ)

یاخــۆ ئەســیــری خــاکــە بەلێــڵی دەکــا عــوبوور

لە پاش ئەم هەموو پرسیارانە کە شاعیر چاک دەزانێ وەرامەکانی چییە، دێتە سەر هەواڵی خانەقا، جێی کۆبوونەوە و خوێندن و گفتوگۆ. شاعیر دەزانێ لەدوای داگیرکردنی شار لە لایەن بێگانەی داگیرکەر ڕەونەقی جارانی نەماوە:

ســەیرێکی خــۆش لە چیــمــەنی نێــو خــانەقــا بکە

ئــایا رەبیـــــعی ئــاهــووە یا چایــەری ســـــوتوور

سەوزە لە دەوری گوڵ، تەڕە وەک خەتتی ڕوویی یار

یا پووشی وشکی زوورە وەکو ڕیشی (کاکە سوور)

دەس بــەنــدیــانــە دێن و دەچــن ســـــــەروو نــارەوەن

یا حــەلقــەیانە ســۆفــیــی ملخــوار و مــەندەبوور

ئینجـا نالی نامـەبەر دەنێـرێ بۆ مـەدرەسـە لە مـزگـەوتی سـەید حـەسـەن لە سلێمانی، ئەو جێگەی لە هەموو شوێنێکی دیکە خۆشەویستترە لە لای شاعیر، چونکە لە حوجرەیێک لە حوجرەکانی ئەو مەدرەسـەیە ژیاوە، وانـەی وتۆتەوە، لە هەموو لەمانەش بێ گومان شیعرێکی زۆری خۆی لەو مەدرەسەیە نووسیوەتەوە:

مـــەیلێ بکە بەســـەوزە درەخــتــانی مـــەدرەســـە

ئەوراقــیــان مــوقــەددیمەیی شــینە یانـە ســوور

حـــەوزی پڕی کـــە نــائیـــبی دیدەیی منە لەوێ

لێلاوی دا نەهـاتووە وەک سـەیلی (شـیـوە سـوور)

ئێستـەش کەناری حەوزەکە جێی باز و کەوشـەکە

یاری تێـــدایە یا بــووەتە مـــەعـــرەزی نوفـــوور

چاوێ بخـــە لە ســـەوزەیی ســیـــرابی دائیـــرە

جـێی جـیلوەگـاهی چاوەکـەمـە نـەرمـە یا نەزوور

داخـوا فـەزای (دەشـتی فـەقێیان) ئەوێستـەکەش

مـەحشـەر میساله یا بووەتە چۆڵی سـەلم و توور

واســیل بکە عــەبیــری ســەلامم بەحــوجــرەکــەم

چی مـــاوە چـی نەمـــاوە لـە هـەیوان و تاق و ژوور

ئەو غـاری یارە ئێـسـتـە پڕ ئەغـیـارە یانەخـۆ
هەر غـاری یارە یا بووەتە غـاری مـار و مـوور

شـاعیـر لە دێڕێکی ئەم پارچە شـیـعـرەدا ڕسـتـەی (حـەوزی پڕ)ی هـێناوەتەوە، هەرچەندە مانای دێڕە شیعرەکە دروستە، وەک حەوزێکی پڕ لە ئاو لە مانادا گرێی تێدا نییە، بەڵام بیر بۆ ئەوەش دەچێ ڕستەکە (حـەوزی پەری) بێ، وەک ناوێک بۆ حـەوزەکە، لێرەدا مـەگەر تەنیا نالی خۆی بزانـێ مەبەسـی کامـەیانە! شـاعیـر شێوازی لەم بابەتەی یەکجار زۆرە.

نالی بەچاوێکی پڕ لـە فرمێسک و بەدڵێکی بریانەوە، بەسـەرهاتی ئاوارەیی خۆی دەگێڕێتەوە، دەزانی وڵات شپرزە بووە، لەوەدا نەماوە بگەڕێتەوە. بەم دێڕە شیعرە پڕ لە سۆز و دڵداری بەرامبەر بەمەڵبەند و خاکی نیشتمان دوایی بەقەسیدەکەی دێنێ:

زارم وەکـو خـیـلال و نەحـیـفـم وەکـو خـەیاڵ
ئایا دەکـەوم زار و بەدڵدا دەکـەم خـوتـوور
لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیـجرەتە
دڵ وەخـتـە بێ بەئاو و بەچاوما بکا عـوبوور
ئایا مـەقـامی ڕوخـسـەتە لەم بەینە بێـمـەوە
یا مەسلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی سوور
حـاڵی بکە بەخـوفـیـەکـە ئەی یاری سـەنگ دڵ
(نالی) لە شـەوقی تۆیە دەنێـری سـەلامی دوور

بەم قەسیدەیە نالی خۆی وەکو نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز و شاعیرێکی باڵا لە ئەدەبی کوردیدا تۆمار دەکا.

لە وەرامی هەمـوو ئەو پرسـیـارانەی نالی دەیکا، سـالمی هاوڕێی بەقـەسـیـدەیێکی ڕەنگین وەرامی دەداتەوە. لە بەشێکی دیکەی ئەم کـتـێـبـە قـەسـیـدەکـەی سـالم دەخرێتە ڕوو.

پاشا دەمرێ پاشا دەژی

نالی شیعرێکی کەم وێنەی داناوە، تێیدا شین بۆ مردنی سلێمان پاشا دەکا و زەماوەند بۆ لەسەر تەخت دانیشتنی ئەحمەد پاشا دەگێڕێ. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم

شاعیره شانازی بەکەس نەکردووە، بەسەر کەسی هەڵنەداوە، بۆ هیچ مردوویێکی بەناو گەورە نەیلاواندۆتەوە، بەڵام بەحسێبی ناوەرۆکی ئەدەبی کلاسیکی یا نووسینەوەی مێژووی ئەو داهێنانە یەکسەر شیعری (تا فەلەک دەورەی نەدا...) قوت دەبێتەوە. بەڵێ پێویستە لەم لایەنەوە بوترێ هۆی گرنگی دان بەم بەرهەمە و پلەی بڵندی و سەرکەوتوویی لەوەدایە، لاواندنەوەیە بۆ کۆچی دوایی سلێمان پاشا وەک ماتەمنامە و، پیرۆزبایی کردنە بەهۆی لەسەر تەخت دانیشتنی ئەحمەد پاشا کە مەدحە، ئەمە لە یەک شیعردا کۆ کراونەتەوە. هەر لەو کاتەشدا مەدح و شانازی کردنە بەهەردووکیان. لەم لایەنەوە شاعیر توانیویەتی ئەم هەموو مەبەسانە لەو شیعرەدا کۆ بکاتەوە.

ئەوەی گرنگە لە دیاریکردنی کەسایەتی لە بابەت خوو و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی نالی هیچ بەڵگەیێک ناکەوێتە دەست ئەم شاعیرە دانی بەهیچ کەسێک نابێ شایانی ئەوەبێ شیعرێکی مەدحی بۆ بهۆنێتەوە. مەسەلە پێوەندی بەسۆز و دڵدارییەوە نییە، شاعیر لەسەر ئەو باوەڕە بووە کەسی دانا و بلیمەت و زانا هەموو شتێکە، ئەمە هەمووی لە خۆیدا دیوە لەبەر ئەوە لەو باوەڕەدا بووە ئەگەر مەدحی یەکێکی دیکە بکا لە نرخی خۆی کەم دەبێتەوە، ئەمە وێنەی ڕەسەنی هەموو شاعیرییەتی نالییە. بەڵام کە پیشەی شاعیر پێدا هەڵدان و ستایش نەبووبێ بۆچی ئەم شیعرەی وتووە؟! بۆ ئەوەی وردەکاری بنوێنێ، سروشت بێنێتە جموجۆڵ و وێنەی بەرز و مانای قووڵی داپۆشراو دروست بکا. لەم شیعرەدا شاعیر گەلێ خۆی خەریکی سروشت کردووە، لە ڕەمز و ڕەوانبێژی و وردەکاری هونەری و وێنەی ڕۆمانتیکییانە سەرکەوتوو بووە.

نالی پێویستی بەوە نییە لەسەری بکرێتەوە، لەم لایەنەوە با کەس بەرگری لێ نەکا، هەموو شاعیرێک دەتوانێ مەدحی پاشا بکا بۆ خۆ بردنەپێشەوە و چڵکاوخۆری، بەڵام ئەمە حاشا لە نالی. ئەو مەدحی سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشای نەکردووە لەبەر ئەوەی پیاوی گەورەن، گەورە بەلای نالییەوە گەورەی زانستی و ئەدەب و هونەرە، نەوەکو فەرمانڕەوایی و سیاسەت، ڕاستتر ئەوەیە ئەمانە ڕەمزی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور بوون، لەو ڕۆژگارەدا دروشمی فەرمانڕەوایی ئەو ناوچە ڕەنگینە بوون لە سلێمانی و شارەزوور. ئەگەر سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشا لە گەورەیی و شکۆییدا لە پلەی پاشای نەتەوەکانی تریش

نەبووبن، نالی ئەوانی هێناوەتە پلەی ئەوانەوە. ئەمەی تەنیا بۆ بەرزکردنی هەردووکیان نەبووە، بەڵکو بۆ بەرزکردنی نەتەوەکەیان بووە کە کوردە، نالی مەبەسی ئەوە بووە نەتەوەی خۆی بێنێتە ڕیزی ئەو نەتەوانەی پاشای مەزن و دامودەسگای دەوڵەتی بەرزیان بووە، جگە لەوە نابێ ئەوەش لە بیر بچێتەوە ئەحمەد پاشا دۆستی نالی بووە و شانازی پێوە کردووە وەک زانا و شاعیرێک.

ئینجا با بچینە ناو شیعرەکەوە:

تا فەلەک دەورەی نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو

کەوکەبەی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبوو

لەو کاتەی ڕۆژگار لە گەشتی سروشتی خۆیدایە، چەرخ و فەلەک و ئاسمان گەردوون دەسووڕێنەوە، لەو سەردەمەدا بەسەدان ئەستێرە دەڕژێن و ئاوا دەبن؛ کە ئەم ئەستێرانە دەکوژێنەوە، دەستە و دایەرەی خۆر کە هەمووی پیرۆزییە بەدەردەکەون و دەدرەوشێنەوە.

نیوە دێڕی یەکەم ڕژان و ئاوابوونی سەد ئەستێرە بۆ مردنی سلێمان پاشا بووە. لەناو کوردەواریدا ئەفسانەیێکمان هەیە دەڵێ: هەموو کەسێک ئەستێرەیێکی لە ئاسماندا هەیە، بەمردنی ئەو کەسە ئەستێرەکە دەڕژێ و ئاوا دەبێ، هەروەها ئەفسانەکە دەڵێ ڕژانی ئەستێرەکە خەڵکی چاویان لێی دەبێ نیشانەی مردنی گەورە پیاوێکە، بەڵام نالی دەڵێ بۆ مردنی سلێمان پاشا نەوەکو تەنیا ئەستێرەیێک دەڕژێ، بەڵکو ئەوەندە گەورەیە سەد ئەستێرە بۆی ئاوا دەبێ.

نیوەدێڕی دووەم هەڵاتنی ڕۆژ بۆ لەسەر تەخت دانیشتنی ئەحمەد پاشایە. هەردووکیان لە لای نالی گەورەن، بۆ یەکەمیان لەباتی ڕژاندنی یەک ئەستێرە سەد ئەستێرە ئاوا دەکا، بۆ دووەمیان ڕۆژێک هەڵدێنێ و لە ئاسمانی جوانیدا مانا دروست دەکا.

نالی لە سروشتدا خۆر و ئەستێرەی ئاسمان هەندێ دێنێتە خوارەوە و لە زەوی نزیکیان دەکاتەوە، ڕاستە ئەمانە لە ئاسماندا دەژین، بەڵام ئاسمانێکی نزیکتر لە ئەرز، ئەو جێیەی بارانی لێ پەیدا دەبێ و ئاسمان لەگەڵ ئەرز بەیەکتری دەگەن:

تا نەگریا ئاسمان و تەم وڵاتی دانەگرت

گوڵ چەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی غونچە وا نەبوو

ئاسـمـان فرمـێـسـک دەڕێژێ، تەمومـژ هـەمـوو سـروشت داگیـر دەکا، گـریانی ئاســمــان لە وێنەی باراندایە. مــەبەسـی نالی لـە گــریانـی ئاسـمــان ئـەو شین و شـەپۆڕەیە کـە بـۆ مـردنی سلێـمـان پاشـا دەیکا، لەبەر ئەوە تـەم هەمـوو لایێکی داگـرتووە و سـروشت گـرژ بۆتەوە و لە شـیندایە بۆ ئەم کـارەسـاتە. بەڵام کە باران ببــارێ ئەرز دەبـووژێتــەوە، گـوڵ لـە چەمــەندا خــۆی دەنوێنـێ و دەمـی غــونچــە دەکرێتـەوە، ئەم بەهـار و خۆشی و جوانی و ڕووناکییەی سـروشت دەیخاتە ڕوو بۆ دانیشتنی ئەحمەد پاشایە لەسەر تەخت.

نالی هێشـتـا هـەر لەگەڵ سـروشـتدایە، لە گـریانی ئاسـمان و پێکەنینی ئەرزەوە دێتە سـەر ئەو چرۆیانەی لە درەختدا دەپشکوێن لەگەڵ گوڵ و غونچە:

تا چەمـەن پیـرانە سـەر ئەسـڵی درەخـتی لا نەدا

فـەرعی تازە و خـوررەم و بـەرز و بڵند بـاڵا نەبوو

لە سـەرەتای بەهـارا غونچە دەپشکوێ، درەخت چرۆ دەردەکا، لقی کۆن و پیر کە لە نەژاد و ڕیشــەی درەخـتـەکەیە لادەچێ. ئەم لقـە بنچینەییـە سلێـمـان پاشـایە، بەمــردنی لـە چەمــەن دەچێـتــە دەرەوە، بەڵام هــەر لەو لقــەدا چرۆی تازە و نـاسک ســەری دەرهێنا و گــەورە بـوو، ئەم چرۆیە ئەحــمــەد پاشــایە کــە لەنـاو دەروونی درەختەکەوە دەرچووە.

نالی لە سروشت دەبێتەوە و دەکەوێتە ڕەوانبێژی و هونەربازی:

تا سلێـمــانان نەبـوونە ســەدری تەخـتی ئاخـیـرەت

ئەحـمـەدی موخـتـاری ئێـمـە شـاهـی تەخت ئارا نەبوو

سلێمان پاشـا کە مرد هـەروا بـەئاسانی وەکو خەڵکی دیکە نەچووە گێتییـەکەی دی بەپێی کـردەوەی خـۆی پاداشی پێ ببـەخشـرێ یا ئازار بدرێ، بـەڵکو چۆن لەم جـیـهـانەدا گـەورە و پێشــەوا بوو لە گـێـتـیـی تریش لەسـەر تەخـتی شـاهـی ئەوێ دانیشت، لەو کـاتـەی ئەو بوو بەپێشـەوای ئەو گێتییـە ئەحـمـەد پاشـا لەسـەر ئەم تەختەدا جوانی بەڕۆژگار دەبەخشی، ئەو تەختەی سلێمان پاشا بەجێی هێشت.

ئەم دوو کـوردە، سلێـمـان پاشـا و ئەحـمـەد پاشـا ئەوەندە گەورە و مـەزن بوون بەلای نالییـەوە تا گـەیشـتـە ئەوەی ناوی (سلێـمـان) بەشـێـوەی کـۆ بخـاتە ناو شیعرەکەیەوە (سلێمانان)، ئەوەی لە دەسـتووری زمـانانـدا پێڕەو نەکراوە ئەوەیە

ناوی کەس (عەلەم) بەهیچ جۆرێ کۆ ناکرێتەوە، چونکە ئەو کەسە یەکێکە نابێ بەدوو، بەڵام نالی ئەمە دەشکێنێ و بۆ شانازی و بەرزی و بڵندی ناوی سلێمان پاشا بەشێوەی کۆ دەخاتە ناو شیعرەکەیەوە، هەروەها لەگەڵ ناوی ئەحمەد پاشا بەشێوەیێکی تر ئەم کارە هونەرییە دەباتە سەر بەوەی ئەحمەدی موختاری پێ دەڵێ. ئەوەی ئاشکرایە لەم لایەنەوە ئەوەیە (ئەحمەد) و (موختار) لە ناوەکانی پێغەمبەرن. ڕاستە لەناو ڕۆشنبیرانی کورد بەپێی نەریتی تورکی عوسمانی هەموو ئەحمەدێک موختاری دەخەنە پاڵ، بەڵام لێرەدا وشەی (موختار) نەخراوەتە پاڵ ناوی ئەحمەد پاشا بەپێی ئەو نەریتە، بەڵکو کە نالی بەئەحمەد پاشا دەڵێ ئەحمەدی موختار مەبەسی ئەوەیە ئەحمەد پاشا بگەیەنێتە پلەی پێغەمبەری، وە بۆ ئەوەی سەریش لە خەڵکی نەشێوێ لەنێوان هەردوو ئەحمەددا دەڵێ ئەحمەدی موختاری ئێمە.

شاعیر لەسەر شیعرەکەی دەڕوا و دەڵێ:

قیسسە بێ پەردە و کینایەت خۆشە شاهی من کەوا

عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دونیادا نەبوو

نالی لەم دێڕەدا خۆی دان بەوەدا دەهێنێ کە شیعرەکانی پێشووی کینایەت و نهێنی و مانا و وێنەی شاراوەیان تێدایە و پێویستە شیعردۆست بەدوایانا بگەڕێ ئینجا تێیان دەگا، دەڵێ قسەکردن بەم شێوەیە شتێکی خۆشە و هونەری تێدایە، بەڵام پیاو دەبێ قسەی ساکار و ئاشکرا و ڕوونیش بکا، بۆ ئەمە دەڵێ: شاهی من کە سلێمان پاشا بوو دادپەروەرێک بوو بەچاوێک بەبێ جیاوازی تەماشای هەموو کەسێکی دەکرد، بەم پێیە هاوتا و بەرامبەری لە یەکسانیدا لەم گێتییەی ئێمەدا نەبوو کە بەجێی هێشت.

ئەوجا دەڵێ:

بۆ نشینگەی مورغی ڕووحی ئەو کە عالی فیترەتە

جێگەیێ خۆشتر لە ڕەوزەی جەننەتولمەئوا نەبوو

کە سلێمان پاشا کۆچی دوایی دەکا، مانای ئەوەیە باڵندەی گیانی کە لەشی دەردەچێ ڕوو دەکاتە گێتییەکەی دیکە، لەوێ دوو جێگە هەیە بەهەشت و دۆزەخ خەڵکی سەر زەوی ڕووی تێ دەکەن، لەبەر ئەوەی سلێمان پاشا خوو و ڕەوشتی

بەرز و بڵندی هەبوو، باڵندەی گیانی لەناو چیمەن و گوڵزاری بەهەشت نیشتەوە.

وەک قیاسێکی کە موسبەت بێ نەتیجەی بێتە جێ

حەمدولیللا شا کە عالی جا بوو خاڵی جا نەبوو

شاعیر دەیەوێ زاراوەی فەلسەفە و لۆجیک لەم دێڕە شیعرەدا بەکار بێنێ، مەسەلەیێکی ساکار و ئاشکرا بەتەرازووی فەلسەفە بکێشێ، دەیەوێ بڵێ: سوپاس و ستایش بۆ خودا کە سلێمان پاشای جێگە و مەرتەبە بڵند و بەرز لە پاش خۆی جێگەی بەتاڵ نەبوو، واتە ئەحمەد پاشایێکی کە لە جێگەی ئەو دانیشتووە و چۆتە سەر تەختی پاشایەتی لە گەورەیی و مەزنیدا لە پلەی ئەودایە. لە کوردەواری لای خۆمان کە پیاوێکی باش دەمرێ و منداڵی باش لە پاشی بەجێ دەمێنێ، دەڵێن جێگەی بەتاڵ نییە. بۆ ئەم مانا ساکارە زاراوەی پێوانەی نەگۆڕاو (قیاسی ثابت) بەکار دێنێ، ئەمە ئەو شتەیە کە لەگەڵ شتێکی دیکەدا بەراوورد دەکرێ، ئەو شتە قەراری خۆی گرتووە و تێک ناچێ، ئەمە سلێمان پاشایە، زادەی ئەم مەسەلەیە شتێکە وەکو ئەو، واتە هەر شتێک کە شتێکی تری لێ دەبێتەوە بێ گومان لەو دەکا، ئەو زادەیە ئەحمەد پاشایە کە ئەنجامی سلێمان پاشایە.

شاهی جەمجا (نالی) یا (تاریخی جەم) تاریخییە

دا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەمجا نەبوو

نالی سلێمان پاشا دەگەیەنێتە پلە و پایەی جەمشیدی جەم، کە یەکێ بووە لە شاهنشاهانی پیشدادیانی ئەفسانەیی ئێرانی کۆن و ئەحمەد پاشاش بەئەسکەندەری مەکدۆنی دەچوێنێ.

ئەم بڕە شیعرەی نالی نموونەی هەندێ وێنەی جوانی شیعری و مانای قووڵی داهێنراوی تێدا دەدۆزرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نالی زانیارییێکی بەکەڵک و پێویست بەدەستەوە دەدا بەوەی بەحسێبی ئەبجەد ڕستەی (تاریخ جم) دەکاتە ساڵی (١٢٥٤ﻫ) بەرامبەر بەساڵانی (١٨٣٨م/ ١٨٣٩م)یە. ئەم مێژووە ئەوە دەگەیەنێ لەو ساڵەدا سلێمان پاشا کۆچی دوایی کردووە و ئەحمەد پاشا بووە بەسەرۆکی میرنشین و نالیش هێشتا لە سلێمانی بووە.

کچ کردگاری پەرستگای ناو دڵی نالییە

ئەگەر قەسیدەی (عیشقت کە مەجازی بێ...) لە سرووودەکانی ناو دیوانی نالی نەبووایە و یەکێکی دیکە بیووتایە لەوانە بوو وەک شیعرێکی ئاسان و ساکار و مانا دیار نەکەوتایە بەر گوێ، بەڵام بۆ نالی چار نییە دەبێ بووترێ لە شیعرە ئاسان و سفت و پڕ مۆسیقا و ماناکانیەتی.

ئەم قەسیدەیە شیعرێکی مێبازی زەمینییە، بەسێکس قانگ دراوە، بەڵام زۆر ئاشکرا نییە. شاعیر وەستایانە و هونەرمەندانە مەبەسی شارراوە و ناڕاستەوخۆی ئەوەیە بڵێ مێبازی کارێکی سروشتی و ئاسایی و بەجێیە، کەچی بەکوڵ هەتیوبازی ڕەت دەکاتەوە، وەکو لە هەندێ لە دێڕەشیعری دیکەی دیوانیدا دەردەکەوێ.

شاعیر لە ڕووی قافیەوە وشەی (کچ)ی کردووە بەپاش قافیە. قافیەی بنچینەیی لەسەر یەک دەنگی (ا)یە، واتە (ـا کچ) لە شیعرەکەدا. لەم قەسیدەیەدا وشەکانی (کچ) و (کوڕ) گەلێ جار دووبارە کراوەتەوە، ئەم دووبارەکردنەوەیە جۆرە ئاوازێکی نەرمی مۆسیقی داوەتە شیعرەکە. شاعیر زیاتر بایەخی بەوشەی (کچ) داوە، لەبەر ئەوە چەند جار وشەی (کوڕ)ی بەکار هێناوە دوو ئەوەندە وشەی (کچ)ی لە شیعرەکەدا بەکار هێناوە.

ئەوەی جێی گومان نییە لەم شیعرەدا ئەوەیە نالی پێڕەوی عیشقی مەجازی کردووە لەنێوان نێر و مێ، ئینجا دەکەوێتە ڕوونکردنەوەی ئەم جموجۆڵییانەی لەم جۆرە دڵدارییەدا بەکار دەهێنرێن. هەرچی عیشقی حەقیقیشە لەنێوان ئادەمزاد و کردگارا دەبێ، واتە لەنێوان دوو نێرینە بەو مانایەی بەلەفز وشەی کردگار یا خودا نێرینەیە. ئەمەیان وەک ئیدیۆلۆجییەتی سۆفیزم نالی ئەگەرچی لایەنگری نەبووە و لەسەریشی نەڕۆیشتووە، بەڵام باوەڕی پێی بووە، کەچی ئەم عیشقی حەقیقییە کە لەنێوان کردگار و ئادەمزادا دەبێ و نێرینە و مێیینەشی تێدا نییە گوێزراوەتەوە بۆ هەموو نێرینەیێک، نالی لە دژی ئەم جۆرە دڵدارییەیە و لەم قەسیدەیەشدا ڕەنگی داوەتەوە. نابێ ئەوەش لە بیر بکرێ، ئەم جۆرە دڵدارییە بەناوی (عیشقی حەقیقی)یەوە بەرهەمی بەرز و باڵای هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

شاعیر قەسیدەکەی بەم دێڕەشیعرە دەست پێ دەکا:

عیشقت کە مەجازی بێ خواهش مەکە ئیللا کچ

شیرین کچ و لەیلا کچ، سەلما کچ و عەزرا کچ

نالی باس لە دڵداریی مەجازی دەکا، بەلای ئەوەوە دڵداری تەنیا ئەوەیە کوڕ لەگەڵ کچدا بیکا، لەگەڵ هیچ کەسێکی تر نا، ناوی ئەو کچە جوانانە دەبا کە پەیمانی دڵدارییان لەگەڵ کوڕاندا بەستووە، وەک شیرینی خوسرەو (یا فەرهاد)، لەیلای قەیس، عەزرای وامیق، سەلمای بووکی شیعری عەرەبی. دڵداریی ئەمانە بەلای شاعیرەوە ڕاست بووە، تەنیا لەبەر ئەوەشە لە سۆفیزمدا وەک عیشقی حەقیقی لێکدراوەتەوە.

ئینجا شاعیر دەکەوێتە دیارکردنی ئەو جیاوازییانەی لەنێوان کچ و کوڕدا هەیە:

فەرقی کچ و کوڕ ڕەوشەن وەک فەرقی مەه و میهرە

ئەم فەرقی شەو و ڕۆژە وەک فەرقە لە کوڕ تا کچ

مەه مەه لە مەهی سادە، یەعنی لە قەمەر لادە

هەم شەمس و سوورەییا کچ، هەم زوهرەیی زەهرا کچ

بێ بێنە گوڵی ژاڵە، هەم بێ بەرە هەم تاڵە

قەد سەروو و سنەوبەر کچ چاو نێرکسی شەهلا کچ

کوڕ وەک گوڵی گوڵزارە، ئەمما سەمەری خارە

وەک هەنگی چزوودارە، هەنگوینی موسەففا کچ

کچ پەرچەمی چین چینە، دوو مەمکی لەسەر سینە

وەک شانەیی هەنگوینە، بۆ لەززەتی دونیا کچ

لەم بەراووردکردن و دیاریکردنی ئەو جیاوازییانەی لەنێوان کچ و کوڕدایە، ئەوە دەردەکەوێ کچ خۆرە، کوڕ مانگە، کچ ڕۆژە، کوڕ شەوە. دەڵێ لە مانگ لابدە، بەرەو ڕووی ڕۆژ و ئەستێرەی پەروین و ئەستێرەی ناهید و ڤینۆس ببەوە. هەروەها دەڵێ گوڵی ژاڵە بێ بۆن و بێ بەر و تاڵە، قەد و باڵای بەرزی کچ وەک سەروو و سنۆبەر وایە، چاوی کچ نێرگسی شەهلایە، کوڕ گوڵی گوڵزارە بەڵام بەری دڕکە، کەچی کچ هەنگە و بەری هەنگوینە، ئینجا دەکەوێتە وەسفی

پەرچەمی کچ. لە بابەت سنگ و مەمکییەوە بەشانەی هەنگوینی دەچوێنێ، بەمە کچ دەبێتە مایەی چێژی خۆشی و مووچڕکی شادی لە سەردەمی دەسبازی و مێبازیدا.

لەدوای ئەوە نالی دەکەوێتە بەراووردکردن و جوانی هەریەکە لە کچ و کوڕ دەخاتە بەرچاو:

جەزلی سەمەر و سایە بۆ سەوڵەتی ئەعدا کوڕ
نەخلی سەمەری مایە بۆ دەوڵەتی دونیا کچ
کوڕ زیبی دەبستانە، کچ شەمعی شەبستانە
بۆ بەزمی تەماشا کوڕ بۆ خەڵوەتی تەنها کچ
موو سونبولی ئاشوفتە، دوڕدانەیی ناسوفتە
دەم غونچەیی نەشکوفتە، تێ فکرە کوڕە یا کچ؟
کوڕ ئایینەیی حوسنی تا وەک کچە مەنزوورە
گرتی لەغوباری موو چینی کوڕ و مینا کچ
کوڕ تازە و تەڕ مادام سادە وەکو خوشکی بێ
ئەمما کە ڕوا سەبزە دیبا کوڕ و زیبا کچ
بۆ شەربەت و شیرینی فینجانە لەسەر سینی
مەم توحفەیی توففاحی شەم عەنبەری بوویا کچ

بەلای شاعیرەوە کوڕ ڕەمزی هێز و تواناییە، شیرازەی کۆمەڵ دەپارێزێ، لە ڕووی دوژمن ڕادەوەستێ و بەرگری لە وڵات دەکا، بەڵام کچ بەری هەیە و ژیانی گێتی پێ دەرازێتەوە. لە لایێکی دیکەوە دەڵێ کوڕ جوانی قوتابخانەیە، بەرامبەر بەو کچ ڕووناکیی شەوە، کوڕ دیمەنی بەزمی کۆڕی سەرخۆشانە، بەڵام کچ مایەی ماچوموچ و چوونە ناویەکی شەوانی تەنیاییە.

ئینجا نالی دەکەوێتە پرسیار لە خوێنەری شیعرەکەی، دەڵێ: ئەوەی پرچی ئاڵۆزە وەک سونبول، ئەوەی دورری (ئەندامی مێیینەی) نەسمراوە، واتە کون نەکراوە، ئەوەی دەمی وەک غونچەی پشکووتووە، کوڕە یا کچ؟ بێ گومان کچە. لە پاشانا نالی باس لەوە دەکا کوڕ بەمنداڵی وەکو کچ وایە تا مووی لێ دێ، ئەو کاتە لە کچ جیا دەبێتەوە. جوانی ڕوخساری کوڕ لە سەردەمی منداڵیدا کە هێشتا

مـووی لێ نەهـاتـووە وەک کچ وایە، بـەڵام کـە گـەندەمـووی لـێ دەڕوێ لە مـیـناوە (شـووشـەوە) دەبێ بـەچـینی (فـەغـفـووری) کـەچی ئەم جـۆرە گـۆڕانە بەسـەر کـچـدا نایە.

شـاعـیـر لەسـەر ئەو وێنە داهێنراو و لـەیەکـچـووانەی دەڕوا و دەڵێ: کـوڕ کـە هێشتا منداڵە لە خوشکی خـۆی دەکا، بەڵام کە سەبزەی لێ دەڕوێ واتە تووکی لێ دەردەکەوێ دەبێتـە نەخشـی سەر قـومـاش، کـەچی کچ ئەو گـۆڕانەی بەسـەر نایە و تێک نـاچێ. ئـەوجـا دێتـە سـەر سنگ و بـەرۆکی کچ، سنگی سـینیـیـە فـینجـانی شـیرینی لەسـەر ڕێزکراوە. جووتە مـەمکی وێنەی سێویان گرتووە، وەک مۆم قیت وەستاون، وەک عەنبەر بۆنیان خۆشە.

نالی پێش ئەوەی کۆتایی بەم قەسیدەیە بێنێ گەلێ وێنە دروست دەکا لە جوانی کچ و کوڕ، بەڵام زیاتر دەشکێتەوە سەر کچ:

هـەم گـوڵبـونی بێ خـارە، هەم مـەزرەعی ئـەزهارە
هـەم مـەخـزەنی ئـەسـرارە ئەسـبـابی مـوهـەییـا کچ
جـەننـەت پڕی ویلدانە، خـادیم هـەمـوو غـیلمـانە
خـانم کـە تێدا حـۆرین یەکسـەر هەمـوو حـەسنا کچ
گەر ئەشـرەفی مـەحبـووبە، یووسف کوڕی یەعقووبە
کچ بوو بـەخـریداری یـەعنی کـە زولەیخـا کچ
سـددیقی عەزیز هـەر وەک یووسف کە نەبی بوو کوڕ
سـددیقـەیی مـەعـسـوومـە وەک داکی مـەسـیحـا کچ

کچ بنە گوڵێکی بێ دڕکە، کێڵگەی گوڵە، گوڵستـانە، مـەڵبـەندی نهـێنییـە، واتە ئەندامی مێیینەی لە گێتیی نهێنیدایە بەتایبەتی کە هێشتا کچ بێ و نـەسمرا بێ، ئینجا کە ببێ بەژن دەبێ چی لێ ڕوو بدا، ئەمانە هـەموویان لە کچدا دەردەکەون و لە کوڕدا نابینرێن.

شـاعـیـر باس لە ژیانی بەهەشـت دەکـا، تەنیـا حـوور و غـیلمـان لەو کـۆمـەڵە گـیانییـەدا هـەسـتیـان هـەیە، دەڵێ لە بەهـەشـتـدا غیلمان (کـوڕ) زۆرن، ئەمـانە هـەموویان پێش خزمـەتن، کـەچی حووری یـا پەرییە جوانەکان هـەموویان خـانمن، واتە کوڕان لە خزمەت کچاندان.

شـاعـيـر بەڵگە بۆ قـسـەكـانـی دێنێـتـەوە و دەڵێ ئەگـەر لە ژیانی گـەورە و خۆشەویستێكی وەک یووسفی كوڕی یەعقووب بپێچینەوە دەبینین كچێک كە ناوی زولەیخا بوو لە بازاڕی ئادەمزاد فرۆشتندا بەپارە یووسفی كڕییەوە، بۆ ئەوەی لە دیلیـیەتی ڕزگـاری بكا. ئینجـا شـاعـیـر نموونە بەدوو كـوڕ دێنێـتـەوە یووسف پێغەمبەر و عەزیزی میسر (پووتیفار)ی وەزیری فیرعەون و مێردی زولەیخا. وەک لە چیرۆكەكەدا دیارە زولەیخا حەزی لە یووسف كردووە، ئەگەر هۆگربوونی ژنێک بەپیاوێک لەناو كۆمەڵدا بەتاوان دابنرێ، بەتایبەتی پیاوەكە حەزی لێ نەبێ ، كەچی مریەمی دایكی مەسیح ئەوەندە داوێن پاک بووە بەكچێنی، مەسیحی بووە.

شاعیر بەم دێڕە دوایی بەشیعرەكەی دێنێ:

بابێكی هەیە دونیا بۆ عیشقی مەجازی و بەس
(نالی) چییە ئەو بابە ئادەم كوڕ و حەووا كچ

شاعیر بە(عیشقی مەجازی) دەستی بەقەسیدەكە كردووە و هەر بەو عیشقەش دوایی پێ هێناوە. بنج و بناوانی دڵداری و خۆشەویستی بەلایەوە پێوەندی كچ و كوڕ بەیەكترییەوەیە. ئەم دوو دیاردەیە یەكتری تەواو دەكەن. لە سەرەتای بوونی ژیاندا كوڕێک و كچێک، ئادەم و حەووایێک هەبوون. ئاساییەكە لە ئادەم و حەووا ماوەتەوە، پێوەندیی كوڕ و كچ لەوان ماوەتەوە. ئەوەی لە جغر و كردەوەی ئەوان بچێتە دەرەوە وەک نالی خۆی دەیڵێ (لە ئێمە نییە)، بەهەموو جۆرێک دڵداریی نێوان كچ و كوڕ كارێک و دیاردەیێكی ئاسایی ژیانە، لەوە بچێتە دەرەوە (كوڕ و كوڕ) یا (كچ و كچ) شەرم و بێعارییە.

مەستوورە كە حەسنا و ئەدیبە بەحیسابێ

بەڵگەی هەرە گرنگ بۆ شیعری كراوە لە بەرهەمی نالیدا ئەو گێتییە هونەرییەیە كە بەهۆی ماه شەرەف خانمی ئەردەڵانی مەستوورەوە دروستی كردووە. لەو قەسیدەیەدا هەوڵیداوە هەموو توانا و وەستایەتی خۆی بەكار بێنێ بۆ وەسفی ئەندامی مێیینەی لەشی ژن، وەسفێک ئەوەندە وێنەی بەرزی داهێنراوی هونەری تێدا بێ تا دەگاتە ڕادەیێک پیاو بڵێ ئەم گەنجینە نهێنییە پڕ لە ژیانە لەمە زیاتر هەڵناگرێ. ئەگەر شاعیرێكی تر بێتە ناوەوە و بیەوێ لەم بابەتەوە بنووسێ دەبێ لە دەوروبەری مانا و وێنە شیعرییەكانی نالی بسووڕێتەوە.

نالی بەمەبەسی هەڵدانەوەی پەردە لەسەر ئەندامە شاراوەکەی ژن قەسیدەیێکی چل و هەشت دێڕە شیعری، یا نەوەد و شەش نیوەدێڕ شیعری نووسیوەتەوە. لێرەدا لەبەر ئەوە دەووترێ نەوەد و شەش نیوە دێڕ شیعر، چونکە ئەم نیوە دێڕانە لە قەسیدەکەدا هەموویان لەسەر یەک قافیەن.

بۆ وەسفکردنی دیوی دەرەوە و دیمەنی دیاری ئەو ئەندامە، شاعیر ئیلهامی لە مەستوورە وەرگرتووە، جا لەبەر ئەوەی جوان بووە، یا کچی ئاغایێکی گەورە و ژنی والیی کوردستان بووە، یا لەبەر ئەوەی خوێندەوارێکی بەرز و شاعیرێکی چاک بووە، خۆ دەبێ لەبەر ئەمانە هەموویان بوو بێ، شاعیر لەم قەسیدەیەدا گێتییێکی هەست بزوێنی جوانی دروست کردووە. مەستوورە بەتەمەن چوار پێنج ساڵ لە نالی بچووکتر بووە، خوسرەو خانی والیی ئەردەڵانی مێردی کە لە ساڵی ١٨٣٤ کۆچی دوایی کردووە، ئەو کاتە مەستوورە تەمەنی ٢٩ ساڵ بووە، لە خوسرەو منداڵی نەبووە. نالی لە ساڵی ١٨٤٥ لە سلێمانی بۆ یەکەم جار چاوی بەمەستوورە کەوتووە.

نالی و هەر کەسێکی دیکە، بەتایبەتی شاعیرێکی دڵ ناسک بۆی هەیە حەز لە ژنێک بکا، جوان بێ، شاعیر بێ، مێژوونووس بێ، وەک نالی خۆی دەیڵێ، ئەم دڵدارییە با ئاسمانی نەبێ و زەمینی بێ، دڵداریی حەقیقی نەبێ و مەجازی بێ. ئەم دڵدارییە نەگەیشتۆتە ئەوەی خوازبێنی بکا و بیکا بەژنی خۆی و بنەماڵەیێکی تازە دروست بکا، چونکە مەستوورە وەک لە شیعری دەردەکەوێ مێردی کۆچکردووی خۆشویستووە، لای شەرم بووە لەدوای خوسرەو خان شوو بکاتەوە، ئەگەر مەستوورە ئارەزووی شووی بووایە ژیانی شاری سلێمانی لە ماڵی پوورزای خۆی بردبووە سەر، ئەم کەسە لە تەمەنی خۆی بوو و بەمانگێک پێش مردنی مەستوورە ئەویش کۆچی دوایی کردووە، هیچ بەڵگەیێک بەدەستەوە نییە ئەوە بگەیەنی کە شووی بەم پوورزایەی کردووە، لەبەر ئەوە بەهیچ جۆرێ مەستوورە بۆ نالی نەدەبوو. بەڵام لە گێتیی خەیاڵ و ڕۆمانتیک و شیعر و دڵداری ڕێگە لە نالی ناگیرێ مەستوورەی خۆش بووێ، ئەگەر پێی شادیش نەبێ دەبێتە مایەی ئەو شیعرە جوانە کراوەیە بێتە ناو مێژووی ئەدەبی نەتەوەی کوردەوە.

ئەوەی پێویستە لێرەدا ڕوون بکرێتەوە بەتایبەتی ئەم بەرهەمەی نالی کە قسەی زۆری لەسەرە، هەڵسەنگاندنیەتی لە ڕووی سوود و کەڵکی خوێنەر و خوێندەواری

کورد. پێش هەموو شتێک پێویستە پێوانەیێک هەبێ، بەلای ئێمەوە ئەو پێوانەیە بریتییە لەوەی مەرجی سەرەکی لە هەموو داهێنانێکی ئەدەبی و هونەریدا ئەوەیە ئەو کارە ماکی ئیستێتیکی گرتبێتە خۆی، چونکە هونەر ژیانە، دەچێتە ناو هەموو کون و کەلەبەرەکانی بوون، ئایین و بیروباوەڕ، هەژاری و دەوڵەمەندی، کرێکار و خاوەن فابریقە، مرۆڤایەتی و خیانەت، هەستی دەروون، هەموو شتێکی لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە پێوەندی بەژیانی ئادەمزادەوە هەبێ.

لەو کاتەی پیاو و ژن دەچنە ناویەکەوە، ئەندامی نێرینەی پیاو دەچێتە ناو ئەندامی مێیینەی ژن وەک بەشێک لە جموجۆڵیی ئادەمزاد، ئەگەر بێن بەسەرچاوە بۆ داهێنانی بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری بەمەرجێ جەوهەری جوانکاری تێدا بێ، بە بەرهەمێکی چاک دەژمێررێ. نالی کە باسی ئەندامی مێیینەی مەستوورەی کردووە، لە حەقیقەتی ژیان نەچۆتە دەرەوە، چونکە شتێکە هەیە، تایبەتی نییە بەمەستوورە، بەڵکو هەموو ژنێک هەیەتی، ئەو ئەندامە لە گەلێک لە ئەدگاریدا وەکو ئەندامەکانی دیکەی هەموو کچ و ژنێک هەموویان وەکو یەکن، تەنیا ئەوە نەبێ جوانی دەموچاو و لەشولاری هەموو ژنێک لەوانەیە ئەوە بگەیەنێ ئەندامەکەش جوان دەکەوێتە بەرچاو، بەو هۆیەی ژنەکە ناوی بەجوان دەرکردووە.

شاعیر لە سەرەتای شیعرەکەیدا بەدە نیوەدێڕ شیعر خەون دەبینێ و مەستوورەیە هاتۆتە لای ئەوەی تێدەگەیەنێ گرێیێکی هەیە بەنالی نەبێ بەکەس ناکرێتەوە، کێشە و تەنگوچەڵەمەیێکە بەو نەبێ بەکەس جێبەجێ ناکرێ، ئەو جێگە شاررراوەیەی مەستوورە کە داپۆشراوە (مەستوورە) دەبێ بەئەستووری نالی فراوان بکرێ.

لە سەرەتادا دەڵێ:

مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بەحیسابێ
هاتە خەووم ئەمشەو بەچ نازێک و عیتابێ
هات و گوتی: عوقدەم هەیە قەت مومکینە وا بێ
هەر تۆ مەگەر ئەم موشکیلە حەل کەی بەجەوابێ
هەر مەسئەلە بکرێ کە بەتۆ شەرحی کرا بێ
لایق نییە کەس دەخلی بکا چین و خەتا بێ

ئاوێنە بەم ئاوێنە دەبێ ڕەنگی نەمـــــا بێ
مەستوورە بەم ئەستوورە دەبێ موهرە گوشا بێ

لەدوا دێڕی ئەم بڕە شیعرە نالی بەزمانی مەستوورەوە ڕێگە خۆش دەکا بۆ وەسفی شتە نهێنییەکە بۆ ئەوەی شاعیر یا هەر کەسێکی دیکە هەڵی بێنێ ئەو شتە چییە:

نوکتـەیێکی زەریفە بەنەسـیبی زورەفا بێ
تەعریفی دەکەم بەڵکو لە بۆ دەردی شیفا بێ

مەستـوورە دەڵێ وەسفی ئەم ئەندامە دەکەم و پێتی دەناسێنم، بەم جۆرە بەهەشت بەندی شەش نیوەدێڕی وەسفێکی ماددی هەست پێکراوی ئەندامەکە دەکا، وەسفەکە ئەوەندە وردەکاری تێدایە لەوانەیە ئەم وێنە هونەرییانە لە ئەندامەکە خۆی بەجوانتر بکەونەوە. لە وەسفەکەدا ئەندامەکە لەگەڵ گەنجینەی جەواهیر و کۆمەڵە زیو و پەڵەبەفر و چووزەرە ڕێواس و غونچەی نەپشکوتوو و مەڕمەڕ و گردی خوێ و کاڵەک و هەنار و شەمامە و شتی تر بەرامبەر و بەراوورد دەکا.

بەم ڕەنگە مەستوورە دەکەوێتە وەسفی ئەندامەکەی بەشێوازێکی پڕ لە هەڵهێن و نهێنی، وەرامی هەر بەندێکیش بەیەک وشە ئاشکرا دەبێ:

ئەم سـرە چییـە وا کـەسوها بێ نەسـووا بێ
دوررێکی وەکـو دەوری سـەما بێ نەسـما بێ
دوککانی توحـەف کـانی حـەیا کـانی بەقـا بێ
قـوببەی لە قـیبـابی نوقـەبا بێ، نەقـوپا بێ
وەک خـەیمە بەپەردەیێکی دوو ئەستوونی بەپا بێ
سـەر تەپڵـە نەختێ بەنەزاکـەت قـەڵیشـا بێ

***

یا کـۆمـەڵە زیوی بوخـەلا دوور لە سـەخـا بێ
موغلەق بە بەخیلی بەمەسـەل مـشتی مـەلا بێ
وەک هیـممەتی سۆفی کە لە نێو خەلوە خزا بێ
مەستوور و عەزیزی شەرەف و ڕەفعەت و جا بێ

کـاسـەیێکی بلوورین و نوخـوونی لەسـەرا بێ
نەختـێکی لەبەر مـەوجی لەتافـەت قـەڵیـشا بێ

***

یاخـۆ پەڵە بەفـرێکی کـە ئەسـڵا نەشکا بێ
قـەندیلی مـونیـری گـوزەری ئاب و هەوا بێ
کـام ئاب و هەوا مـوعـتـەدیلی نەشئـو نەمـا بێ
یەعنی لە وەسـەت کـانیـیێ کـرمـێکی تێ زا بێ
لەو کـانیـیـەدا چووزەرە ڕێواس ڕووا بێ
بەو چووزەرە ڕێواسـە کـەمـێکی قـەڵیـشا بێ

***

یا قـەسـری مـوعـەللا کـە لە ئاوێنە کـرا بێ
یا غـونچـەیی نەشکوفـتـە کـە ئاوی نەدرا بێ
یا گونبـەدی نەزهەتگەهی نێـو باغـچـە سـەرا بێ
ئەلوانی گـوڵ ئامـێزی شـەکـەر بێـزی تێـدا بێ
یا قـورسی نەمـەک هەر وەکـو مـەڕمـەڕ بەزیا بێ
جێ قـەترەیی ئاوێکی لە نێـودا قـەڵیـشا بێ

***

یا هەر وەکـو گـردێکی کـە تازە هەڵیـدابێ
گـردی نەمـەکین یەعنی گـیـای لێ نەڕووا بێ
دامـێنی بەئەنواعی گـوڵومـوڵ خـەمـڵا بێ
گـەنجـێکی تێـدا بێ کـە تەلیـسـمی نەشکا بێ
حـوقـقـەیکی زەڕی سـافی لەسـەر بانی نرا بێ
نەختـێکی بەسـەد سەنعەتی مـانی قـەڵیشا بێ

***

یا ڕەئسی هەتیـوێکی کـە بێ بەرگ و نەوا بێ
حـەیران و سـەراسـیـمـە نە داکـێک و نە بابێ

فـێـسـێکی سـپی توندی لە کـەللەی کـەلی نـابێ
هێـشـتـاکـو لە حـەق جـێگەیی خـاسی نـەدرا بێ
چەسـپـیـدە و خـڕ هـەر وەکـو بـەر قـاڵبی دابێ
نەخـتـێکی لەبەر سـفـتیی و توندی قـەڵیـشـا بێ

***

دورجێکی موجەوهەر کە هەموو حوسن و بەها بێ
دوورێکی مـونەووەر کـە هـەمـوو ئاوی سـەفـا بێ
بـەیزێکی شـوتـورمـورغ کـەوا تازە کـرا بێ
وەک بـەیزەیی بـەیزا بـەزیـا و بـەسـەنا بێ
خـرچەیکی مـودەووەر بەعـەسـەل ئاوی درا بێ
نەخـتـێکی لەبەر حـوسن و حـەلاوەت قـەڵیـشـا بێ

***

یاخـۆ وەکـو خـۆی شـاهـیدە بۆ وەسـفی وەها بێ
سـیـمین مـەمکێکی تەڕ و تـازەی هـەڵیـدا بێ
یـا تـازە هـەنارێکی کـە نـاری گـوڵی مـابێ
بێ درز و قـەڵیش مـیسلی شـەمـامـەیکی تەلا بێ
بـۆ تەجـریبـە تا لـەززەتی شـیـرینی ئەدا بێ
نەخـتـێکی وەکـو دیدەیی دەرزی قـەڵیـشـا بێ

لێـرەدا وەکـو دەبینرێ هەمـوو مـوبالەغـەی هـونەریی شـاعـیر بۆ دیارکـردنی بچووکی درزی ئەندامی ژنە، بۆ ئەمە گەلێ وێنەی لە سروشت و شتی کە ئادەمزاد بەکـاری دێنێ لە ژیانـی کۆمـەڵایەتیـدا وەرگـرتووە. دوا وێنەی لەم بابـەتەوە ئەوەیە درزی ئەندامەکە لە بچووکیدا بەکونی دەرزی دەچوێنێ.

لەدوای ئەوەی لە هەڵهێنەکانی دەبێتەوە، نالی دە نیوەدێڕ شیعری دیکە دەخاتە سەر بەندەکان، ئینجا لە وەسفی ئەندامەکە دەبێتەوە بەبێ ئەوەی ناوی بێنێ:

یاخـۆ مـەسـەلا مـیـسلی نەوا بێت و نـەوا بێ
مـەشـهوور و خـەفی هـەر وەکـو عـەتقـا و وەفا بێ

ساحیب زەڕ و زیوی کە فریبی عوقەلا بێ
ئەکسیری تەڵای ئەحمەری چەند قەترە لە لا بێ
دەعوای ئومەرا چەندی لەسەر تەختی کرا بێ
چەند خوێنی ڕژا بێت و چ خوێنی نەڕژا بێ
کێ بێ لە جیهاندا چ گەدا بێت و چ شا بێ
سمتێکی وەها ناسک و پڕ لەززەتی گا بێ
تەعبیری خەیاڵی خەو ئەگەر بێتە حیسابێ
دەروێش و گەدا شاهە، دەبێ شاه گەدا بێ

لە سەرانسەری ئەم شیعرە نالی وەسفی ئەندامەکە بەزمانی مەستوورە خۆیەوە دەیکا. ئەوی ڕاستی بێ پیاو لە ژن باشتر نهێنییەکانی ئەو ئەندامە دەزانێ، ئەمە یەکێکە لە ئاوڕدانە هونەری و تەڕ دەستییەکانی نالی، جگە لەوەی مەسەلەکە بەخەون دەگێڕێتەوە، بێ گومان ئەمەش بەڵگەیێکی دیکەیە کە نالی بەڕاستی نییە و مەبەسی بنچینەیی دروستکردنی بەرهەمێکی داهێنراوی ئەدەبییە.

ئینجا هەر لە خەوەکە نالی وەرامی مەستوورە دەداتەوە، بەم دوو نیوەدێڕە شیعرە دەست پێ دەکا:

دێوانە کە زانی کە دەبێ عوقدە گوشا بێ
هەستا و گوتی: ئەشکی ڕەوانم بەفیدا بێ

وەسفێکی هونەری بەرزی ئەندامی پیاو دەکا، پێوەندی نێوان هەردوو ئەندام دەردەخا، بەڵام ئەوەندە هەیە لەوانەیە جوانی وەسفەکەی نالی بۆ ئەندامی خۆی شتێکی نیسبی بێ، هەندێ کەس گرژ بکا، مەبەس لە هەندێ کەس پیاوە، ئەگەر نا بۆ چ وەسفی ئەندامی ژن لە لای پیاو جوان بێ، بۆچ دەبێ وەسفی ئەندامی پیاو بەلای ژنەوە جوان نەبێ!

نالی لە وەسفی ئەندامی خۆی و بەزموڕەزمی لەگەڵ ئەوەی مەستوورە دەگاتە لووتکەی داهێنانی ئەدەبی و تابلۆیێکی پڕ لە هونەر دروست دەکا، لەسەر شانۆی چێژی بەرز چیرۆکێکی دیکەی دڵداری دەنوێنێ:

ئەم ساحێبی تەشریحە دەبێ هەیئەتی چا بێ
هەم شاریح و هەم جاریح و موزیحە گوشا بێ

بۆ توند و ڕەقی مەتنی مەتینی حوکما بێ
تەدقیقی ئەمیش سرره دەبێ خوفیە ئەدا بێ
نەرم و خۆش و مونتیج، وەکو بەستی ئودەبا بێ
تووڵانیی و بەرجەستە وەکو دەستی دوعا بێ
شەو نائیم و قائیم عەلەمی بابی ڕەزا بێ
بێ دیدە هەڵستێ بەمەسەل عەینی عەسا بێ
مەجزووبی توروق مورتەعیشی لەرزە و تا بێ
ساڵێک ڕەووشی مەسلەکی ڕێگەی سولەحا بێ
چاوێکی هەبێ غەرقەیی فرمێسکی بوکا بێ
فەرقێکی هەبێ داخیلی میحرابی دوعا بێ
ڕێی حورمەت و بێ حورمەتی هەرگیز نەکوتا بێ
چەند ئاوی ڕژا بێت و چ ئاوی نەڕژا بێ
لەم ڕێگە سەریشی کە بچی یەعنی کوژا بێ
گەردەن کەچی بەر پێتە قەدەم ڕەنجە کەسا بێ
تا گەرم ڕەوی قەترەیی زوڵماتی بەقا بێ
مائولخزری قەترە لەسەر قەترە فیدا بێ
کێ بێ وەکو تۆ بەم شەوە ڕەحمی بەمنا بێ
مەجزووبە سیفەت یەعنی سیلەی ڕەحمی تێدا بێ
هەم جازیبە و قابیلەیی ئەخز و عەتا بێ
مەستوورەیی مەخفی شەبەهی بادی سەبا بێ
مەستانە هەڵستێت و بەکوێری روقەبا بێ
ئەم باب زەنە گەرم و تەڕی کا بەکەبابێ

ئەو بەرنامەیەی نالی بۆ ئەم قەسیدەیەی داناوە لێرەدا کۆتایی پێ دێ، لە سەرەتادا کە بەخەون مەسەلەکە دەگێڕێتەوە جۆرە هونەرێکی نالییانەی بەکار هێناوە کە تەنیا لەخۆی دێ، کەچی ئەوەی چاوەنۆڕ نەکراوە ئەوەیە شاعیر بەمە کۆتایی بەقەسیدەکەی ناهێنێ، بەڵکو بەم چوار نیوە دێڕ شیعرە:

(نالی) وەرە هەزلێکی کــە عــاری شـــوعـــەرا بێ
ڕوو ڕەش مەکە پێی سەفحەیی هیچ لەوح و کیتابێ
وا چاکـــە خـــەیاڵت لەگـــەڵ ئەســـراری هودا بـێ
نەک بەحـسـی سـوروور و عـەلەمی بادی هـەوا بێ

نالی لەم چەند دێڕەدا لە کردەوەکانی یا خەونەکەی کە بەمەستوورەوە دیویەتی پەشیـمـان بۆتەوە، بەڵام لە بەرهـەمی ئەدەبیـدا پەشیـمـانی نییـە، چونکە لە ڕووی هونەرییـەوە شـیـعرێکی بەرزە، بێ گومـان لە لای نالی ئەمـە گرنگە، چونکە ئەگـەر بەرز نەبووایە بڵاوی نەدەکردەوە، پەشیمـانییـەکەی لەوەیـە لابردنی ئەو پەردەیە لە ڕووی ئاییـنی یا کـۆمـەڵایەتیـیـەوە ڕەنگە بەجـێ نەبن، لەبەر ئەوە ناچار بـووە بەم دێرانە پاکانە بکا.

لەگـەڵ ئەوەشـدا نالی لە کـۆمـەڵ گـەیشـتـووە، ئەمـەی لەبەر ئەوە بووە چـونکە زانیویەتـی کاری وا لە کۆمـەڵدا هـەیە، بەزمان دەتوانرێ بوترێ، بەڵام بەقـەڵەم نابێ بنووسـرێ، پیـاو دەتوانـێ لەگـەڵ ژنـدا بەتەنیـا بن هـەمـوو شـتـێکی لـێ بکا، بەڵام ئەگـەرهـاتوو هونەروەرێک باسـی ئەندامی مـێیینـەی بکا، ئەمـەیان شـەرمـە، لەبەر ئەوەیە نالی وەکو شـاعیـر و هونەروەرێک باسـی لێوە کـردووە، وەکو ئادەمـزادێکی ڕەوشت پاکیش پۆزشی بۆ ئەو کەسـانە هێناوەتەوە بەرهـەمی ئەدەبی کراوەیان پێ جوان نییە.

پاسەوانی تایبەتیی پاشا لە سوپای میرنشیندا

ئەم پارچـە شـیـعـرە لە ئەدەبی کـوردیدا بە(تاقـمـە مـومـتـازەکـەی نـالی) ناوی دەرکردووە. ماوەیێکی زۆر لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا وا باو بوو؛ گۆیا ئەم وەسفە جوانەی نالی بۆ کۆمەڵە کەناچەیێکی نازەنینی شارەزووری لە بەهاری ڕەنگیندا لە سەیرانی ناو گوڵ و گوڵزاردا وتراوە، ئەو پەریزادە ناسک و بەدەوانە زۆربەی کاتی سـەیرانیـان بەشـایی و هەڵپـەڕکێ بردۆتە سـەر، کەچی لە سـاڵی ١٩٢٠دا ئەمین فـەیزی لە کـتێـبی (ئەنجـومـەنی ئەدیبـانی کـورد) وتوویەتی: ئەو تاقـمـە مـومـتـازە عـەسکەری حوکـوومـەتی بابانە کە لە زەمـانی ئەحـمـەد پاشـادا تەنـزیم و تەنسیق کراون.

بەئاسـانـی دەتوانرێ بیـر لـەوە بکرێتــەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان نالی بەپیــاســە لە

گۆڕەپانی پشت مزگەوتی گەورەی سلێمانی کە ئۆردووی سوپای میرنشینی لێ بووە لە گەشتوگوزار دەبێ، لەو کاتەدا ئەو تیپەی پاسەوانی تایبەتیی پاشایە لە سوپای میرنشیندا خەریکی مەشقی عەسکەری دەبن.

ئەم تیپە سوپاییە جلوبەرگی تایبەتی خۆیانیان بووە، جیا بووە لە جلوبەرگی سەربازی ئاسایی، هەر پارچەیێکی ئەم جلە ڕەنگی تایبەتیی خۆی بووە، قۆپچە و نیشانی کڵاو و سەرشان و سنگ و بەریان تایبەتی بووە، هەروەها ئەو لاوانەی بۆ ئەم کارە هەڵدەبژێرران بەژنوباڵایان نە کورت و نە درێژ وەکو یەک بووە، بەڕوخسار جوان و بەقیافەت ڕێکوپێک بوون.

نالی لە کاتی مەشقکردندا چاوی بەم کۆمەڵە لاوە دەکەوێ، دیمەن دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام، بۆ ئەم شیعرەی لە سەرەتاوە تا دوایی وەسفی مەشقە سوپاییەکەیە ئەو تیپە تایبەتییە کردوویانە. شاعیر گەلێ وێنەی لە بزووتنەوەی سروشت وەرگرتووە بۆ نووسینەوەی شیعرەکە:

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسەیی شاهن

ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

سەف سەف کە دەوەستن بەنەزەر خەتتی شوعاعن

خەلقەکە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن

نێرگس نیگەه و ساقە سەمەن کورتە وەنەوشەن

موو سونبول و ڕوومەت گوڵ و هەم لالە کولاهن

گوڵزاری دەرودەشتن و غیلمانی بەهەشتن

ئاهوو سەف و ئاتەش بەکەف و تیز نیگاهن

ئەم کۆمەڵە سەربازەی پاسەوانی تایبەتیی پاشان، گەورەترین و لە ڕووترین بەشەکانی سوپای میرنشین بوون، هەر مەترسییێک لە ئاسایشی دەوڵەت بووایە ئەمانە دەبوونە لابردنی ئاشووب و تەنگوچەڵەمەی ناو کۆمەڵ.

ئەم سەربازانە کە لەتەک یەکتری بەڕێز دەوەستان لە کاتی مەشقکردندا هێڵێکی ڕووناکییان دروست دەکرد، بەدەموچاوی جوان و بەشەوقیان وەکو کەسانێکی فانۆسیان بەدەستەوە بێ دەکەوتنە بەرچاو. لە کاتی مەشقی عەسکەریدا کە حەلقەیان دەبەست وەکو خەرمانە دەبینران لە دەوری مانگدا.

ڕەنگە مانگەکە ئەو سەربازە یا ئەفسەرە بێ کە مەشقی پێیان دەکرد. ئینجا لە جوانیدا ئەندام و جلوبەرگی سەربازەکان وەسف دەکا، چاویان بەنێرگس و باڵایان بەسەمەن و چاکەتیان بەڕەنگی بنەوشەیی و موویان بەسونبول و ڕوومەتیان بەگوڵ و کڵاویان (فێسیان) بەسووری گوڵاڵەیی دەچوێنێ. هەروەها ئەم تیپە لاوە بەجلی ئاڵووالایان گوڵستانی هەموو دەرودەشتێکن و غیلمانی بەهەشتن. کە ڕیز دەگرن وەکو ڕیزی مامزن، تفەنگ و شەشاگریان بەدەستەوەیە، چاویان تیژ دەنوارێ و هەمیشە هوشیارن.

نالی لەسەر وەسفەکەی دەڕوا و دەڵێ:

سەحرا بەتەجللا دەکەنە وادیی ئەیمەن

قامەت شەجەر و مەزهەری ئەنواری ئیلاهن

لاڵەن بەبەدەن ئەتلەسی ئەخزەر کە لەبەرکەن

نەورەستە گوڵی بەستە لەگەڵ دەستە گیاهن

گەه تاووس و گەه کەبکن و گەه بووقەلەموونن

گەه ئاتەش و گەه شوعلە و گەه دوودی سیاهن

لەم دێڕەشیعرانەدا نالی بەچاوێکی ئەوەندە بەرز تەماشای ئەو سەربازانە دەکا و، دەڵێ دەرکەوتنی ئەوان هەموو سەحرا وەک (وادی ئەیمەن)ی لێ دێ، ئەو شێوەی لە شاخی توورسینا (حۆریب) نووری خودا کەوتە بەرچاوی مووسا لەو کاتەی لە دیالۆجیکدا هەزار و یەک وشەکەی لەگەڵ کردگاردا دەکرد. نالی کە دەڵێ باڵای سەربازەکان ڕێکە وەک درەخت، مەبەسی ئەو درەختەیە کە لە نزیک ئەوەوە مووسا قسەی لەگەڵ کردگاردا دەکرد.

شاعیر درێژە بەوەسفی دەدا و دەڵێ، پێستی لەشی سەربازەکان سوورە وەک لالە، چاکەتیان لە قوماشی ئەتلەسی سەوزە، وەکو دەستە گوڵێکن بەگیای سەوز پێچراونەتەوە، واتە لەشیان بەڕەنگ سوورە، بەچاکەتی وەک گیای سەوز داپۆشراون. مەشقی سەربازەکان و بزووتنەوەی وەرزینییان وەک ڕەوتی تاووس و کەو و بووقەلەموونن (عەلی شیشن)، هەروەها لەم بزووتنەوانەدا وەک ئاگر و بڵێسە و دوکەڵی ڕەش دەکەونە بەرچاو.

نالی بەم دێڕانە دوایی بەشیعرەکە دێنێ:

تەنهایی سەمەن بەرگی وەنەوشە کە دپۆشن
وەک نووری دڵی موئمین و زوڵماتی گوناهن
بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەروو قەدانە
سۆفی لە تەڵەب دان و هەموو سالیکی ڕاهن
بۆ زولف و روخ و پەرچەم و ئەبرۆیی سیایان
عالەم وەکو (نالی) هەموو با ناڵەو و ئاهن

لەشی سەربازەکان وەک یاسەمینە کە جلوبەرگی وەنەوشەیی دەپۆشن، ڕەنگی کاڵ و تێر وەک ڕووناکی خوداناسی و تاریکستانی گوناهکارانن. نالی دەڵێ بۆ تەماشاکردنی مەشقی ئەم سەربازانەی ناوقەدیان وەک سەروو وایە لە هەڵبەزین و دابەزینی وەرزینییان ئەوەندە جوان و ڕێکوپێکن سۆفییان خستۆتە حاڵ و ڕێی ڕاستیان گرتۆتە بەر. لە دواییدا دەڵێ بەرامبەر بەزولف و ڕوومەت و پەرچەم و ئەبرۆی ڕەشیان هەموو گێتی وەکو نالی گەشکەبوون و کەوتوونەتە هەڵکێشانی ئاه و ناڵە.

کەرەکەی نالی

گوێدرێژ وەک ئاژەڵێکی گیانلەبەری ماڵی کەڵکی بۆ ئادەمزاد زۆرە، لە ڕووی هەڵسوکەوت و ڕەوشتەوە خاسیەتی تایبەتیی خۆی هەیە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی بیروڕا و بۆچوونی زۆر و جیاواز لە قالبێکی دانایی و فەلسەفیدا بەرامبەر بەکەر دروست ببێ. لە مێژووی کۆنی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا ناوی کەر هاتووە، لە شیعری دانایی و سۆفیزم و فەلسەفیدا کەر بووە بەسەرچاوە بۆ وێنەی گەلێ بەرز لە شیعردا، ئێستاش لە هەموو گێتیدا باس لە کەر دەکرێ وەکو دیاردەیێکی کۆمەڵایەتی.

زۆرجار لەناو خەڵک ناوی ڕێکخراوی کەران، یا حیزبی کەران دێ و هەندێ کەس بەناوی ژیری و فیکر و دانایی لاری لەوە نییە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە وەهمییە بێ. لایەنە بەکەڵکەکانی کەر بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ کەسی گەورە لە کۆمەڵدا بەچاوێکی فەلسەفی تەماشای مەسەلەکە بکەن، هەروەها لەبەر ئەمەشە نالی ئەم شیعرە بەرزەی بۆ کەر نووسیوە.

شاعیر کە لە ئادەمزادی دڵسۆز و بەهۆش دەدوێ، لەسەر ئەو باوەڕەیە

ئادەمزادی خراپ و بەدکرداریش هەیە، لەبەر ئەوەیە ئەوانەشی لە بیر نەکردووە، دیارە مەرجیش نییە ئەم بێ کەڵکانە تەنیا سۆفی و دەروێش بن. نالی لێرەدا کەری کردووە بەرەمزی کار و وەفا لەگەڵ ئادەمزادی بێ کار بەراووردی دەکا. ڕاستە کەر جانەوەری بێ فیکرە و ئادەمزاد خاوەنی هۆش و فیکرە، بەڵام ئەو بێ هۆشە کەڵکی بۆ کۆمەڵ هەیە، هەندێ لەو خاوەن هۆشانە کە ئادەمزادن نەوەکو تەنیا بێ کەڵکن، بەڵکو زیانیشیان هەیە، لەبەر ئەوەیە لەلای نالی تای تەرازووی کەرەکە لە هی ئادەمزادەکە قورسترە.

لە بۆچوونی نالی لەم لایەنەوە و تەرخانکردنی قەسیدەیێک بۆ وەسفی چاکەی کەر لەوانەیە بیر لەوە بکرێتەوە لەو کاتەدا نالی خۆی لە بیر کردووە و لە دۆخی خۆی چۆتە دەرەوە، چونکە شاعیرێکی لووت بەرزی فیز زلی وەک ئەو کەسی لە خۆی گەورەتر نەدۆزیوەتەوە چۆن کەوتۆتە هەوەسی ئەوەی بەم جۆرە بیر لە کەر بکاتەوە. لێرەدا مەبەس ئەوە نییە هەندێ کەس بۆچوونی نالی لەم لایەنەوە بەگاڵتەوگەپ بزانن، چونکە کرداری وا لە شان و شکۆی شاعیر ناوەشێتەوە.

نالی بەڕاستی مەبەسی ئەوە نییە مەدحی کەر بکا، چونکە کەر لە ڕووی بیرەوە لە پلەی ئادەمزاددا نییە، بەڵکو بەستەزمانێکە کەس ڕازی نابێ بەو بێ، بەڵام کەڵکی هەیە بۆ ئادەمزاد، نالی وەستایانە باس لەو ئادەمزادە بێ کەڵکانە دەکا، کە بەراووردیان دەکا لەگەڵ کەر، کەر لەوان بەکەڵکتر دادەنێ.

نالی نیوەی زیاتری شیعرەکەی بۆ وەسفی ڕووکەشی کەرەکە تەرخان کردووە. بەمەبەسی لێکۆڵینەوە دەکرێ بوترێ وەسفێکی فۆتۆگرافییە، ئەگەر نا وەسفەکەی نالی ڕاستی تێدایە، بەڵام ئەو ڕاستییەی خستۆتە ناو وێنەیێکی داهێنانی شیعرییەوە:

هەی! کەرێکم بوو چ پەیکەر تەی کەری هەوراز و لێژ
سینە پان و مووچە کورت و شانە بەرز و گوێ درێژ
بن زگ و جەبهەت سپی کلک بژ و دامەن سیاه
یەککەناس و سێ بڕ و دوو باد و شەش دانگ و درێژ
کەللە وەک جەرڕەی شەراب و پڕ نەشات و تەڕ دەماغ
شێری نەڕ، ئاهوویی بەڕ، گورگی سەفەر قەمچی نەچێژ

مل عەلەم، شـیرین قـەلەم، ئاهووشکەم مـەیموون قـەدەم

سم خـڕ و کلک ئێـستـر و مـەنزل بـڕ و عـارەق نـەڕێژ

زەرق و زەرراقی وەکـو خـاکـسـتـەر ئەمما بـێ غـوبار

بـەرق و بـەرراقـی وەکـــو پیـــرۆزە ئـەمما بـێ کـــرێژ

سم وەکـو یەشم و لە پـەشمی تووکی پێ دا سـەرنگوون

چاو وەکـو بیـجـادە یا دوو شـەوچراغی شـوعلـە ڕێژ

لە وەسـفـی نالی بۆ کـەرەکەی وا دەکـەوێتـە بەرچاو پـەیکەرێکی بەکـارە، ڕێگەی هـەوراز و لێـژ دەبڕێ، سنگی پـان و دوو پێی پێـشـەوەی (دوو دەسـتی) کـورت و شـانی بەرز و گـوێی درێژە. بن زگ و نێوچـەوانی سـپـیـە، کلکی تـووکن و زبر و بەهـێـزە، سـەروسـمی هـەر چوار پەلی ڕەشـن. کـەرێکە تەنیـا خـاوەنی دەناسی، هـەروەها ئەوەی ئالیکیشـی دەداتێ. سێ برە، واتە تەمەنی سێ سالانە، تێکسمراو و قـەڵەوە، شتێکی تەواو بێ کەموکوڕییە. کەللەی وەک کووپەی شـەرابە، مێشکی تەڕ و بەکارە، لە چاپووکیدا وەکو شێری نێر و ئاسکی بیابانی و گورگی سەفەر وایە، ئەوەندە خۆشڕەوە پێویست بە ئاژۆتن ناکا. ملی بەرزە وەک بەیداغ، ئەدگاری ڕێکوپێکە، ناوقەدی مامزییە، پێ بەخێر و بەرەکەتە، سمی خڕە، کلکی تووکن و گەورەیە وەک ئەوەی ئێستر، ڕێگەی دوور دەبڕێ و ماندوو نابێ.

شـاعیر لە بـاسـی ڕەنگی کـەرەکە دەڵێ ڕەنگی شینی خۆڵەمێشی بوو، غوباری پێوە نەبوو، بۆیە وەکو پیرۆزە دەبریسکایەوە و بێ گرێژ بوو. سمی وەک ئەو بەردە بەنرخـە بوو کـە یـەشـمی پێ دەڵێن، لەنـاو تووکی پێـیـدا بزر بـووبوو، چاوی وەک یاقووت یا دوو شەوچراغی ڕووناکی بژێن بوون.

ئینجا شاعیر دێتە سەر وەسفی کار و کردەوە و ڕەوشتی کەرەکە:

گـــوێ درێژی بـار و کـــورتـان، بـەرز و پـالانـی بـەزێـن

چـوست و وریاتر لـە گـوێ کـورتانی پـالانیی و گـێـژ

قـــانیـــعـی بـابـی ڕەزا و ڕازی بـەپـووش و دڕک و داڵ

ســاڵێکی ســەبر و تەحــەممول بورد بـار و هیـچ نەوێژ

ســائیــمــوددەهری بەڕۆژ ئـەمما بـەڕۆژووی بێ نیــەت

قــائیــمــوللەیلی ســولـووک ئەمما ســولووکی بێ نوێژ

عــاقــڵێ بوو ناو کـــەر بوو قـــاتیـــعی ڕێگە و ســـەفـــەر

خۆش سـولووکتر بوو لە سەد ئینسانی هەرزە و گێژوویژ

ئەو گوێدرێژەی کەری باری پێ دەووترێ، بەرزەیە، کورتان بەزێنە، گەلێ چوست و چالاکتر و وریاترە لەو گوێ کورتانەی خەڵکی ناو عەشرەتەکانی پالانی و گێژ. ئەمانە دوو عەشرەتی کوردن لە هۆزی گۆران.

کــەرەکــەی نالی بەبەشی خــۆی ڕازییــە لە پووشــوپەلاش و ئەو دڕکــوداڵەی دەیدرێتێ، ڕێگەی سـەبر و تەحـەمولی گرتووە، بەبێ دەنگ باری خۆی هەڵدەگرێ. کــەرەکــە هەمــیــشـــە بەڕۆژووە، بەلام نیــەتی نـەهێناوە، بەشـــەو نانوێ، ئەگــەر شـەونخوونی ڕەوشتی سۆفیان بێ، بەلام لای کەر سلووکێکی بێ نوێژە.

لووتکەی داهێنانی نالی لە دێڕی دوایی ئەم شیعرەدایە:

هێندە پێم خــۆش بـوو زمــانی حــاڵی دەیگوت (نالی)یا!

هەردوو حـەیوانـین ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ

کەرەکەی نالی لە سەرەتای شیعرەکەوە، بێ دەنگ بووە و ورتەی لێ نەهاتووە، لەپاش ئەوەی شاعیر لە وەسفەکانی دەبێتەوە، کەر ڕاستتر زمانی حاڵی وەرامی دەداتەوە و دەڵێ: هەردووکمان ئاژەڵین، تەنیا ئەوە هەیە تۆ گوێت کورتە، منیش گوێم درێژە.

دَرُوني لِدارِ الشارَزُورِ

نالی بەئانقەست ئەم شیعرەی داناوە، لێکدانەوەیێکی ئەندازیاری بەکارهێناوە بۆ هۆنینەوەی، ویستوویەتی شارەزایی خۆی لە شیعر داناندا بخاتە ڕوو. شیعرەکە هەرچەندە دەسکردە، بەلام لە ڕووی هونەرییەوە لە داهێنراوە بەرزەکانە، زمانی ئەم شیعرە زمانێکی تێکەلاوی عەرەبی و کوردییە، ئەوەی ئاشکرایە ئەم دوو زمانە لە بنج و بناوان و بنیادی دەستووری زمان، وەک ئاسمان و ڕیسمان لە یەکتری دوورن. جگە لەوە لە ژیانی کۆمەلایەتیشدا زمانێک دروست نەبووە لە کوردی و عەرەبی پێک هاتبێ و خەڵکی قسەی پێ بکەن و پێی بنووسن.

نالی ئەم شیعرەی لەسەر دەستووری زمانی عەرەبی داناوە، تەنیا ئەوە هەیە وشەی کوردی تێیدا بەکار هێناوە بەپێی زانستی ڕێزمانی عەرەبی، لەبەر ئەوە بەهەموو جۆرێک پێویستە شیعرەکە بەئیملای عەرەبی بنووسرێتەوە و سەروژێری

بۆ بکرێ، هەروەها دەکرێ بەئیمـلای کوردیش بنووسـرێتـەوە بۆ ئەو کـوردانەی عەرەبی نازانن.

پارچە شیعرەکە بەئیملای عەرەبی:

دَرُونـي لِدارِ الـشـــــــارزَورِ وَ بَـرْدە
كَـفـرمـيـسكِ گَـرْمٍ إلی آوِ سَـردِهِ
تَرى وَردَهُ قـوتاً وَ جُـوتاً وَ سـايقـاً
فَـيـاقُـوتتي مِنْ جُـوتِهِ ثُمَّ فَـردِهِ
تَرى عـينةَ الأبدانِ مِنْ خـاكـوخـوله
تَرى مَنْدَلَ الأوْراقِ مِنْ توز و گَـــرْدِهِ
تَرى دَشْـتَـةً بالوَردِ كـانَتْ بَهَـشْـتَـةً
نَمُ الـوردِ بارانُ علـى خــاكُ و بَرْدِهِ
شَوانـي سُلَيْمانـي، صَبَاى پيرمَسُوركَىْ
كـــواني قَــرَدا غُ، هَواى دارِ زَرْدِهِ
كــأنَّ كَنارُ أرْضِـــه آســمـــانَةُ
لبَـــرْزَىٍّ دُورىٍّ، لسَــبْــزىٍّ عَــرْدِهِ
أمّــا سَــرچِنارُ عَــيْنُ جــاريةُ لَهُ
أمّـا تانجـرو قَـدْ صـارَ مَـجْنُونَ هَرْدِهِ
فَـبـاغـاتهُ داغـاتُ جَـرْگ الشـقـايقِ
فـوا دَرْدَتى مِنْ خـــارِ خـــارٍ لِوردِهِ
وكَمْ نالَ (نالي) مَنْ شَـفـا سـاقـيـانه
شِـفـا هَلْ شَـفـا مَنْ نالَ (نالي) بِدَرْدِهِ

ئەم شیعرە عەرەبی و کوردی ئامێزە بەئیملای کوردی:

دەروونـی لیـــداریلشـــارەزووری وە بـەردیهی
کە فـرمێسکی گـەرمین ئیـلا ئاوی سـەردیهی
تەرا وەردەهو قـووتەن وە جـووتەن وە سـایقـەن
فـەیاقـووتەتـی مین جـووتە سـوممە فـەردیهی

تەرا عـینەتەلئـەبدانی مین خـاکـوخـۆلیـهی

تەرا مـەندەلەلئـەوراقی مین توز و گـەردیـهی

تەرا دەشتـەتەن بیلوەردی کانەت بەهەشـتەتەن

نەمـولوەردی بارانون عـەلا خـاک و بەردیـهی

شەوانی سلێمانی، سـەبای پیر مەسـوورەکەی

کـیــوانی قـــەرەداغ و هەوای داری زەردیـهی

کـەئـەننـە کـەنـار و ئەرزیـهی ئاسـمـانـەتون

لیـبـەرزییـی دووریی لیـسـەبزییی عـەردیهی

ئەمما سـەرچنارو عـەینـون جـارییـەتون لەهو

ئەمما تانجـەرۆ قەد سارە مـەجنوونە هـەردیهی

فـەباغـاتوهو داغـاتو جـەرگـیلشـەقـاییـقی

فـەوا دەردەتی مین خـاری خـارین لیـوەردیهی

وەکـەم ناله (نالی) مـەن شـەفـا ساقـیـانیـهی

شـیـفـا هەل شـەفـامەن نـاله (نالی) بیدەردیهی

***

نالی یەکـەمین گـەورە شـاعـیری کـورد بوو لە کـوردسـتـانی باشـووردا هونەری غەزەل و قەسیدەی ئەدەبی ئیسلامـەوی هێنایە ناو مەیدانی ڕۆشنبیری کوردییەوە. لەسـەر دەسـتی ئەو رینیسـانسی ئەدەبی کوردی لـە سـەدەی نۆزدەم لە سلێـمـانی هەڵگیـرسـا و بەڕاستی بـووە داهێنەر و نوێنەری قـوتابخـانەی ئەدەبی کـوردی لە سـەرانسـەری کوردسـتـانی باشـوور لە ناوچـەکانی بابان و ئەردەڵان و مـوکریان و سـۆران و گەرمـیـان. لەو دوو سەدەی دواییـیـەدا هـەموو پەرەسـەندن و پێشکەوتن و گۆڕانێکی ئەدەبی کوردی لەسـەر بنج و بناوانی قوتابخـانەی نالی بووە.

نالی شـاعـیـری دروسـتکردن و خـوڵقـاندنە، شـاعـیـری مـانایە، شـیـعـری ئەو داهێنانێکە، لـە ئەنجــامی بیــری زانایێکەوە هـاتووە و زاڵ بـووە بەســەر زانین و زانیاری شارستانیەتی ڕۆژهەڵات لە سەدەی نۆزدەمدا. شاعیر زانیاریی بە وشکی وەرنەگرتووە،بەڵکو حـەقیـقـەت و زانست و واقیـعی گواسـتۆتەوە گێتیی خـەیاڵ و ڕەمـز و شـێوازی شـیـعرایەتییـەوە. بیری تیژی بەتوانا بـووە بۆ دۆزینـەوەی وێنەی

مەتریالی لە سروشتدا لە پێناوی بەراووردکردن و دروستکردنی وێنەی نوێی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا.

لە هەموو بەرهەمی شیعری نالیدا لەنگییێکی کێش و مۆسیقا و ڕیتم و قافیە بەدی ناکرێ. لە ڕووی ئەندازیارییەوە کەموکوڕی تێدا نییە. بایەخێکی زۆری بەڕەوانبێژی شیعری ئیسلامەوی داوە، لەبەر ئەوە شیعری نالی بۆ وەرگێڕان بۆ زمانێکی دیکە دەست نادەن، بەوەی مانای ڕاستی خۆیان بەدەستەوە نادەن، بەڵام مانای نوێ دروست دەکەن.

شاعیر شارەزای دیالێکتە گەورە و بچووکەکانی زمانی کوردی بووە، لە هەندێ جێ لە شیعرەکانیدا وشە و تەعبیری ئەو دیالێکتانەی بەکار هێناوە، لە دیالێکتەکەی خۆی کە کرمانجیی خوارووە ڕێبازێکی زانستی دۆزیوەتەوە بۆ هەرەوەزی لەنێوان دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی.

نالی شارەزایی تەواوی لە ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری بووە، بەتایبەتی مەڵبەندی منداڵی و مێردمنداڵی خۆی، ناوچەکانی شارەزوور و قەرەداغ و سلێمانی، ئەمە ڕەنگی لە بەرهەمی شیعری داوەتەوە. شاعیر هۆگری نیشتمانی بچووکی بووە، یا ماڵی بچووکی خاکوخۆڵ و هەموو شارەزوور و ئەو جێیانەی کوردستان کە لە شیعریدا ناویان هاتووە بوون بەڕەمزی نیشتمانپەروەری شاعیر و لە قەوارەی کوردستان وێنەی ئەم نیشتمانپەروەرییە ڕەنگڕێژ بووە.

شیعری نالی تەنیا لە ڕووی جوانکارییەوە نرخی گران نییە، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە دەبێتە سەرچاوەیێکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوچەی سلێمانی.

شاعیر لە ئەدەبی کراوە (ئیرایيت، مەکشووف)دا پسپۆرێکی گەورە بووە. خەونەکەی لەمەڕ مەستوورە دیار و ئاشکرایە، کەچی لە سەرانسەری دیوانیدا ئاوڕدانەوەی شاعیر زۆرە بۆ لای ئەم جۆرە مەبەسەی شیعر، بەڵام بەشێوازێکی سیمبۆلی پڕ لە تەمومژ و نادیاری بۆ مەسەلەکە چووە و دیارە هەموو کەسێک دەرکی پێ ناکا و ناتوانێ تەلیسمی جادووەکانی شاعیر بشکێنێ.

ئەم شاعیرە بەرزە هەندێ شیعری تا ئێستاش بەداخراوی ماونەتەوە، مشتومڕیان لەسەرە و بۆ کەس ساغ نەکراونەتەوە. لەوانەیە کەسێک هەبێ بڵێ

بەرهەمێکی داخراو ئەگەر کەس تێی نەگا سوودی چییە؟ وەرامی ئەم پرسیارە ئەوەیە، سوودی هەیە، چونکە یەکێکی وەکو نالی شیعرێک ناڵێ بێ مانا بێ. ئەمە لەلایێک، لە لایێکی دیکەوە شاعیر نەوەکانی پاش خۆی تاقی دەکاتەوە، شیعری قورس و داخراو و مانا تەماوییان بۆ دادەنێ، بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە. بێ گومان بیرکردنەوە لە شتی قورسدا دەبێ، لە شتی ئاساندا نابێ، بەبیرکردنەوە مرۆڤ پێش دەکەوێ. لەبەر ئەوەیە نالی بەئانقەست شیعری قورسی وتووە. هەندێ جاریش بێ گومان هەڵەی نووسین لە شیعری نالیدا بۆتە هۆی قورسی شیعرەکان، ئەمە لە دەستنووسە زۆرەکانی دیوانی شیعریدا دەردەکەوێ کە لە هەموو شتێکدا وەک یەک نین.

شیعری نالی وەک گێتیی دڵداری و فەلسەفە و سۆفیزم وایە، ئەگەر بمانەوێ لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم دیاردە گیانی و مەتریالییانە بگەین ڕەنگە ئەو ڕەونەقەیان نەمێنێ.

هەرچۆنێ بێ، خدری کوڕی ئەحمەد شاوەیسی ئالی بەگی مکاییلی شارەزووری ناسراو بە(نالی) یەکێکە لە گەورە شاعیرانی ئەدەبی میللەتی کورد کە شانازی بەتەمەنی هەزار ساڵەیەوە دەکرێ. خاکوخۆڵ و قەرەداغ و سلێمانی و شارەزوور و هەموو کوردستان پێی خەنی دەبن.

سالم

بەشی نۆیەم

سالم

١٨٠٥-١٨٦٩

ژیان و شیعری سالم

پەناهم شەهسوارێکە گوزەرکا گەر بە ئەلبورزا
دەکا زەربی سمی ئەسپی لە خارا تووتیا پەیدا

ژیانی شاعیر

سالم نازناوی شیعری عەبدولڕەحمان بەگی کوڕی محەمەد بەگی قەرەجەهەنەمی کوڕی ئەحمەد بەگە، لە بنەماڵەی ساحێبقڕانە، لە ساڵی ١٨٠٥م لە سلێمانی لەدایکبووە، بنەماڵەی قەرەجەهەنەم بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران، کەچی بنەماڵەی ساحێبقڕان لە چەکمەڕەقەکانی ناوچەی سلێمانین، لەگەڵ بناغە لێدانی شاری سلێمانی بوون بەدانیشتووی ئەم شارە تازەیە.

ئەم بنەماڵەیە تەنیا ناوی بەلاوچاکی و چەکمەڕەقی دەرنەکردووە، بەڵکو لە سەدەی نۆزدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم سێ شاعیری گەورەی پێشکێش بەمیللەتی کورد کردووە جگە لە سالم، مستەفا بەگی کوردی ئامۆزای و ئەحمەد حەمدی بەگ لە بنەماڵەی ساحێبقڕانن.

سالم وەکو هەموو خوێندەوارانی سەردەمی خۆی، لە حوجرە خوێندوویەتی، بەڵام خوێندنی تەواو نەکردووە، ئەمە لەبەر ئەوە بووە یا نەیویستووە ببێ بەمەلا، چونکە لەگەڵ پلەی کۆمەلایەتی بنەماڵەی نەگونجاوە، یا لەبەر ئەوەی بابوباپیرانی مەلا زادە نەبوون بۆ ئەوەی جێ ئەوان بگرێتەوە.

شــاعــیــر بەلەش لەڕولاواز بووە، بەدرێژایی ژیانی نەخـۆش بووە و ســاغی بەخـۆیەوە نەدیوە، لەبەر ئەوە لە سـەرەتای هەڵقـوولانی شـەپۆلی شـیـعـر لە دڵ و دەروونیدا کە هێشتا لاو بووە نازناوی (بیمـار)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بەڵام لە دواییـدا وەک نوقـڵانەیێک پێچـەوانەی ئەم نازناوەی هـەڵبـژاردووە و کـردوویەتی بە(سـالم) بەواتای لەش سـاغ. جگە لەوە شـیـعری هەیە بەناوی (ڕەنجـوور)یشـەوە بڵاو کراوەتەوە.

تەنگوچەڵەمـە و کوێرەوەری و سیاسـەتی ڕۆژانەی نالەبار و شێوانی شیـرازەی کۆمـەڵی ناوچەی سلێمـانی بەڕوونی لە ژیان و شـیـعری سـالم ڕەنگیـان داوەتەوە. شـاعـیـر ئاسـوودەیی و ژیانی هێـمنی بەخـۆیەوە نەدیوە، لە شـوێنێکدا ئۆقـرەی نەگرتووە، لەبەر ئـەوە هاتوچۆی ولاتی ئێران و کوردسـتانی ئێرانی زۆر بووە، ئەمە لەبـەر ئەوە بووە خـزم و کـەسـوکـاری ئێـرانی داڵدەیان داوە، لەو کـاتانـەی بەر دەستدرێژی و زۆرداری تورکی عوسمـانی کەوتووە.

شـاعیر لە مـاوەی ئاوارەبوونی لە ولاتی ئێران و دوورکەوتنـەوەی لە کوردسـتـان تووشی ڕەشـبـیـنی و نەخـۆشی سـایکۆلۆجی بـوو، بەتایبـەتی لەدوای ڕووخـانی میرنشین زیاتر ئازار و تاڵی ژیانی مەینەتی چێشتبوو، لەبەر ئەوەیە لە شیعرێکیدا دەڵێ:

خۆزگە دەمـزانی لە تارانا نەجـاتم کەی دەبێ

کۆیێ یارم مەشـهەدە یا مەنزلم هـەر ڕەی دەبێ

دیسان بۆ ئەم مەبەسە لە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێ:

لەگـەڵ دڵ شـەرتە (سـالم) گـەر نەجـاتم بێ لە تارانا

بەهەشت ئەر بێتە دەشتی ڕەی بەئێرانا گوزەر ناکەم

سـالم تەنیـا ژیانی ئاوارەیی لە ئێـرانا بەخـۆیەوە نەدیوە، بەڵکو بەر ئاوارەیی ولاتانی عـەرەبیش کـەوتووە. لەدوای داگـیـرکـردنی سلێـمـانی لە لایەن دەسـەڵاتی عـوسـمـانییـەوە شـاعـیر ئازارێکی زۆری چێشـتـووە، بـەوەی ئاوارە کـراوە یا وەکو مووچەخۆرێک دوور خراوەتەوە بۆ شاری حیللە، مـاوەیێک لەوێ بە نالەباری ژیانی بردۆتە سـەر، مـەگەر لە خـەوندا دیمەنە جوانەکانی کوردسـتـانی دیبێ. لە کۆتایی دەست بەسـەرییـەکەی دەگەڕێتـەوە شـاری سـلێمـانی، بەڵام لەباتـی ئەوەی هـیـوای

دوارۆژی نەتەوەکەی بەزەردەخەنەوە لێی نزیک ببێتەوە بەپێچەوانەوە ئەم هیوایە هەر هاتووە و لێی دوورکەوتۆتەوە، چونکە تورکی عوسمانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەسەلاتیان بەهێزتر کردووە بۆ سەر ئەم ناوچەیە. زمانی تورکی بۆتە میراتگری زمانی کوردی، بیرۆکراتیەتی مووچەخۆری تورک فەرمانڕەوایی ئەم ناوچەیەی کردووە تا سەرەتای سەدەی بیستەم.

لە بەرهەمی سالمدا وەکو هەندێ لە شاعیرانی دیکەی کورد دلبەر و خۆشەویست و مەعشووقە و بووکی شیعر وەک کەسێکی دیاریکراو بەدی ناکرێ. بێ گومان ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە نەیبووە. لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا ئەوە باوە گۆیا بەهێ ناوێک دلبەری شاعیر بووە و بۆتە ئیلهام و شیعری دڵداری پێ بەخشیوە، بەلام لە شیعری سالمدا هەست بەئەدگاری ئەو کچە ناکرێ. بەڕاستیبوونی ئەو بەهێیە ئاساییە، چونکە زۆربەی شیعری سالم بۆ خۆشەویستێک وتراوە مێیینەیە.

دەوروبەری ڕووخانی میرنشینی بابان سەردەمی لاویەتی بوو لە ژیانی شاعیردا. لەم ماوەیەدا بەشی زۆری شیعر بۆ کارەساتی لە دەستچوونی دەسەلاتی سەربەخۆی میرنشینی بابان بوو. بەڕاستی دەکرێ سالم بەگەورەترین شاعیر بژمێررێ لە ڕووی ئەوەی ژیانی ناوچەی سلێمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا لە شیعری ئەودا ڕەنگی داوەتەوە.

بەشی زۆری ژیانی سالم لە سەردەمی سەربەخۆیی میرنشینی بابان بوو، تاڵی و شیرینی ئەو ژیانەی چێشتبوو، بەلام ماوەی ژیانی شاعیر لەدوای ڕووخانی میرنشین کەمتر بوو. بەزۆری دەربەدەری و ئاوارەیی لە دەرەوەی کوردستان لەو ڕۆژگارە نالەبارەدا بوو. ئیتر هەموو مەینەتی و ناسۆری ژیانی لەگەڵ خۆیدا بردە ناو گۆڕەوە و لە ساڵی ١٨٦٩م لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژرا.

شیعری سالم

ئەگەر نالی بەمامۆستای وشەی کوردی و دۆزەرەوەی هەستونەستی خەیاڵی کەسایەتیی ئادەمزاد دابنێین، بێ گومان سالم ئەو نیشتمانپەروەرەیە هەموو توانا و ژیری و بلیمەتییەتی خۆی بۆ خۆشەویستی و سەربەستیی نەتەوەی خۆی

بەکاری هێناوە. ئەو سەربەستییەی لەو سەردەمەدا لە بنەماڵەی پاشاکانی باباندا دیوە. سالم ماوەیەک لە سایەی دەسەڵاتی کورد ژیاوە و بەچاوی خۆشی ڕووخانی ئەو دەسەڵاتەی دیوە.

سالم وەکو زۆربەی شاعیرانی دیکەی کورد، نە لە لایەن کوردەوە هەقی خۆی دراوەتێ و جێگەی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دیار کراوە، نە زانستی کوردناسی و ڕۆژهەڵاتناسی ئەورووپاش ئاگای لێیەتی.

سالم لەناو گەلی کورددا وەک شاعیرێک زۆر بەناوبانگە، شیعرە نیشتمانپەروەری و کۆمەڵایەتییەکانی بوونە هۆی ئەوەی لەناو خەڵکی کورددا خۆشەویست بێ.

ئەو شیعرانەی لە دیوانی شاعیردا بڵاو کراونەتەوە بەشێکی زۆر کەمن لە هەموو بەرهەمی شیعری. لەپاش بڵاوبوونەوەی دیوانی شیعری گەلێ شیعری تازەی لە ڕۆژنامە و کۆوارە کوردییەکاندا بڵاو کراونەتەوە. تا ئێستاش بەشی زۆری بەرهەمی شاعیر نەکەوتۆتە دەست خوێندەواری کورد و بەدەسنووس ماونەتەوە.

ئەگەر تا پلەیێک هەموو غەزەلە دڵدارییەکانی سالم شەقلی تایبەتیی کەسایەتی شاعیریان پێوە نەبێ کە بەناوی ئەوەوە تۆمار کراون بێ گومان قەسیدە نیشتمانییەکانی یاخود ئەو داستانانەی بۆ سوارچاکی نەتەوەی خۆی نووسیوە شتێکی تازەیە و کەسایەتی سالم لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بەڕوونی پیشان دەدا.

غەزەل و قەسیدە

شیعری سالم لە ڕووی ڕوخسارەوە لە غەزەل و قەسیدە پێک هاتووە. بەقەوارە شیعری لە هەردوو شاعیرانی دیکەی کوردستانی باشوور نالی و مستەفا بەگی کوردی زۆرترە. تا ئێستا زیاتر لە دووسەد غەزەل و قەسیدەی لە بەردەستدایە، ئەمە هەموو شیعری ئەو نییە و زۆری چاپ نەکراون، خوێندەواری کورد ئاگاداریان نییە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا باس لە شیعری سالم کراوە، ئەمین فەیزی لە کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، ئەستەموول، ١٩٢٠) لە شاعیر دواوە و

نموونەی شیعریشی بڵاو کردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٢٥ لە بەغدا گۆواری (دیاریی کوردستان) لە هەندێ لە ژمارەکانیدا شیعری سالمی بڵاو کردۆتەوە. ئەوانەی باسیان لە سالم و شیعری کردووە، زۆر نین لەناویاندا دەتوانرێ پەنجە بۆ ڕەفیق حیلمی و عەلائەدین سەجادی درێژ بکرێ.



بەرگی چاپی یەکەمی
دیوانی سالم ١٩٣٣

تا ئێستا دیوانی شیعری سالم دووجار چاپ کراوە:

١- دیوانی سالم، بەغدا، ١٩٣٣، بڵاوکراوەکانی (کوردی - مەریوانی) ئەم چاپە بەهیچ جۆرێ دەسکاری ئەو دەسنووسانەیان نەکردووە، کە دیوانەکەیان لەبەری چاپ کردۆتەوە، واتە بەهەموو هەڵەیێکی دیوانەکەوە، چۆن نووسراوە وا بەچاپ گەیەنراوە، جگە لەمە هەڵەیێکی یەکجار زۆری تێ کەوتووە، بەکەڵک فێرکردن نایە، هەر ئەوەندەیە شیعری ئەم شاعیرەیان لە فەوتان ڕزگار کردووە. لە کاتی خۆیدا دانەیێکی ئەم چاپە دەست حاجی تۆفیقی پیرەمێرد کەوتووە، ئیتر ئەم شاعیرە هەموو زانیاریی خۆی بەکارهێناوە و هەڵەکانی چاپی ڕاست کردۆتەوە و لە هەر شیعرێکدا کەموکوڕی هەبووبێ تەواوی کردووە. ئەم دانەیەی دیوانی سالم گەلێ گرنگە بۆ ساغکردنەوەی دیوانی شیعری و ئامادەکردنی چاپێکی باوەڕ پێکراوی دیوانەکە.

٢- دیوانی سالم، هەولێر، ١٩٧٢، ئەمە لەسەر چاپی یەکەم ڕوونووس کراوە، بڵاوکەرەوە هەوڵی نەداوە هەڵەکانی چاپی یەکەمی دیوانەکە ڕاست بکاتەوە، جگە لەوە ئەم چاپە خۆشی هەڵەی زۆری تێدایە، بڵاوکەرەوە هەوڵی نەداوە ئەو



نموونەی ڕاست کردنەوەکانی پیرەمێرد لە دیوانی سالم

جێیەی تێی نەگەیشتووە ساغی بکاتەوە، جگە لەوەی دەسکاری زۆری وشەکانی شاعیریش کراوە، لەبەر ئەوە دەتوانرێ بوترێ دیوانێکی ڕێکوپێکی ئەم شاعیرەمان لە بەردەستدا نییە، جگە لەوەی شیعری شاعیر لێک نەدراوەتەوە و ڕەخنەگرانە لێیان نەکۆڵراوەتەوە.

دەسنووسی شیعری سالم

لە کوردستانی باشوور، بەتایبەتی لە وڵاتی سلێمانی دەسنووسی دیوانی سالم گەلێک زۆرە، بەرهەمی شاعیر تەنیا لە دەسنووسە تایبەتییەکانیدا نادۆزرێنەوە، بەڵکو لە بەیاز و کەشکۆڵی شیعریدا دەست دەکەون، هەموو ئەو سەرچاوانەی ئێمە ئاگاداریانین کەشکۆڵی وا بەرچاو نەکەوتووە شیعری سالمی تێدا نەبێ. بەشێکی زۆر لەو دەسنووسانە کەوتوونەتە وڵاتانی ئەوروپا. دەوڵەمەندترین نامەخانە لەم لایەنەوە نامەخانەی ماربورگە لە ئەڵمانیا، هەروەها لە نامەخانەی بەریتانی لە لەندەن دەسنووسی شیعری سالم دەست دەکەون. نرخی ئەم دەسنووسانە لەوەدایە شیعری وایان گرتۆتە خۆ تا ئێستا لەناو دەسنووسەکانی لای خۆمان دەست نەکەوتوون. یەکێ لە دەسنووسە بەنرخەکانی سالم لە ئەوروپا ئەوەیە لە ساڵی ١٨٦٢ ڕوونووس کراوە، واتە شاعیر هێشتا لە ژیان بووە.

کێش و قافیە

سالم هەموو شیعری لەسەر بەحری کێشەکانی عەرووز داناوە. بەشی هەرە زۆری ئەو شیعرانە لەسەر بەحری هەزەج و ڕەمەل ڕێکخراون. بەدەگمەن بەحرەکانی دیکەی عەرووزی بەکارهێناوە. لە ڕووی قافیەوە بەکارهێنانی دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردی و عەرەبی زۆر دەوڵەمەند نییە. مەبەس لێرەدا بەکارهێنانی ئەو دەنگانەی لە زمانی عەرەبیدا دەبینرێن و پێچەوانەشی. سالم پاش قافیەی زۆرە، ئەمانە هەندێ جار لە یەک وشە، هەندێ جاریش لە ڕستەیێک یا ڕستەیێکی ناتەواو پێک دێن. جگە لەوە شاعیر هەندێ جار نیوەدێڕی شیعر کەرت دەکا و بۆ کەرتەکان قافیەی ناوەوە دروست دەکا، ئەم هونەرە کە مورەسسەع (مرصّع)ی پێ دەڵێن ڕەوانی و مۆسیقایێکی تایبەتی بەشیعرەکە دەدا.

د. مارف خەزنەدار. ب٣ (١١)

موله‌مه‌مه‌ع

سالم کۆمه‌ڵێک موله‌مه‌مه‌عی کوردی – فارسی هه‌یه، ئه‌مانه نیوه‌دێڕی یه‌که‌میان کوردین و نیوه دێڕی دووه‌میان فارسین. له دیوانی سالمدا کۆمه‌ڵێک موله‌مه‌مه‌عی له‌م بابه‌ته به‌رچاو ده‌که‌ون، ژماره‌یان له ده پارچه زیاتره. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی شاعیر موله‌مه‌مه‌عی کوردی – فارسی زۆره، موله‌مه‌مه‌عی نییه زمانانی عه‌ره‌بی و تورکی له‌گه‌ڵ کوردی به‌کارهێنابێ وه‌کو ئه‌وه‌ی له لای زۆربه‌ی شاعیره کلاسیکییه‌کان ده‌بینرێ.

پێنج خشته‌کی

سالم بایه‌خی به‌پێنجین و پێنج خشته‌کی نه‌داوه، ئه‌وه‌ی ڕاستی بێ ناهه‌قی نه‌بووه، چونکه له‌و سه‌رده‌مه‌دا شیعرێکی ئه‌وتۆی له به‌رده‌ستدا نه‌بووه نموونه‌ی به‌رهه‌می شیعری کلاسیکی نیوه‌ی یه‌که‌می سه‌ده‌ی نۆزده‌م بێ له باشووری کوردستان جگه له شیعری نالی و مسته‌فا به‌گی کوردی، لێره‌دا شاعیر ته‌نیا ئه‌وه‌ی بۆ کراوه شیعری نالی وه‌ربگرێ ئه‌گه‌ر بیه‌وێ له هونه‌ری پێنج خشته‌کیدا شیعری هه‌بێ، له‌به‌ر ئه‌وه ده‌بینین چوار دێڕه شیعری نالی وه‌رگرتووه و کردوویه‌تی به‌پێنج خشته‌کی.

ته‌واوی پێنج خشته‌کییه‌که ئه‌مه‌یه:

ئه‌ی حاریس ئه‌گه‌ر ده‌وڵه‌ت و جاه و حه‌شه‌مت بوو
دوڕڕ و سه‌ده‌ف و لوئلوئ و له‌عل و گوهه‌رت بوو
خووبانی سیه‌ه موو په‌ری ڕوو خه‌ده‌مت بوو
(هه‌رچه‌نده که عومری خدر و جامی جه‌مت بوو
چونکه ئه‌مه‌لت زۆره چ عومرێکی که‌مت بوو)
گاهێ به‌دوعا ڕوو ده‌که‌یه قیبله‌یی حاجات
گاهێ له ڕه‌عییه‌ت ده‌بییه مه‌رگی موفاجات
ناکه‌ی له دڵا قه‌ت به‌ئه‌به‌د فیکری حیکایات
(ئه‌ی جامیعی دونیا و قیامه‌ت به‌خه‌یاڵات
ئه‌و ڕۆژه که مردی نه ئه‌وت بوو نه ئه‌مت بوو)

هـەمین گــەری ئەفــســـوردەیی زالـم دڵی بـەد زات
وەی زاهیـــدی باتین بەد و زاهیـــر بەعـــیـــبـــادات
بێ تـەربیـەت و مـورشـیـد و بێ تەیی مـەقــامــات
(دوێنێ چ بوو دەتدا بەزمـــان لافی کـــەرامـــات
ئـەمــــڕۆ نـەدەمت بـوو نـەدەمت بـوو نەدەمت بـوو)
ئەووەل فـــەرەحی دا فــەلەک ئاخــر غــەمـی هێنا
کــەم بـوو لە دەهـەن خـەندەیی دڵ مـــاتەمـی هێنا
باقل دەمی مــەرگــەکـە هـەناســەت کـەمـی هێنا
(عــومــرت نەفــەســێکە لە هـەمــوو عــالەمـی بالا
بمرە لە غـەمی دا کـە هەمـوو سـەرفی غـەمت بوو)

جگە لەمـە لە دیوانی سـالمدا پێنج خشتەکی دیکەش هەیە، بەڵام لەوەدا غەزەلی شیعری فارسی کردووە بەپێنج خشتەکی.

کاریگەری نالی بەسەر سالم

سالم شانازی بەنالی کردووە، خۆشیویستووە، کە ناوی هێناوە (حەزرەت)ی پێ وتووە، شـیـعری کـردووە بەپێنج خـشـتـەکی، وەرامی نامـە شـیـعرییـەکـەی (شـارەزوور)ی نالی داوەتەوە، ئەنجامی ئەمە ئەوە بووە شـیعری نالی کارێکی زۆر بکاتە سـەر شـیـعری سـالم لـە ڕووی کێش و قـافیـە و وشـە و داڕشتن و تەعبیر و لێکسیکۆن و ڕەوانبێژییەوە.

بۆ بەڵگە دوو غەزەلی نالی کاریان لە سالم کردووە، یەکەمیان:

دەروونم پـڕ کـــــــەبـاب و دەردە بـێ تـۆ
دڵم گــەرم و هـەناســـەم ســـەردە بێ تۆ

دووەمیان:

نـەمـــردم مـن ئەگـــەر ئەمـــجـــارە بێ تۆ
نـەچم شـــەرتە هـەتـا ئەو خـــوارە بێ تۆ

ئەم دوو غـەزەلە تەنیا لـە ڕووی ڕوخسـارەوە مۆرکی نالییـان پێوە نییـە، بەڵکو لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە وێنەیان تێدایە لە ئەوانەی نالی دەکەن یا تەواوکەری ئەوانن.

سالم دەڵێ:

لە سـینەمـدا سـەدای ناڵینە بێ تۆ
دڵـی زارم بەسێ غـەمگـینە بێ تۆ
ئەبەد وەک من غـەمیش ساحیب وەفایە
رەفـیق و هـەمـدەمـی دێرینە بێ تۆ
هەناسـەی سـەردی من دێنێ زەمـسـتـان
گـڕەی گـەرمـی دڵم هـاوینە بێ تۆ
دەمم تاڵ و سـریشکم شـۆرە دائیم
ترش ڕووم و قـسـەم شـیـرینە بێ تۆ
دڵم باغ و گـوڵم فـرمـێـسکی ئاڵە
بەهـار عـومـر و ئەجـەل گـولچـینە بێ تۆ
سـریشکم قـرمـز و دیدەم سـفـیـدە
روخم زەرد و لیـبـاسم شـینە بێ تۆ
فـەرەح ڕابورد ئەبەد بێ تۆ عـوبوورکـا
بەڕووی دڵمـا خـەفـەت پەرژینە بێ تۆ
لە چنگ غەم سەیدە (سالم) وەک کەبووتەر
لە دڵیـا مـیـخلەبی شـاهینە بێ تۆ

لە بەڵگەیێکی دیکەدا سـالم لاسـایی غـەزەلێکی تری نالی دەکـاتەوە کـە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

تەبعی شـەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمـتیحـانی خۆیە مـەقسوودی لە عـەم دا وا دەکا

ئینجا سالم لە ڕەنگدانەوەی ئەم غەزەلەی نالی ئەم شیعرانە دەنووسێ:

کـاتیـبی فـیکرم لە دڵدا دیقـقـەتی ئینشـا دەکـا
جـوست و جـۆ بۆ سـەتربەندی کـاغـەزی مـیـرزا دەکا
تاکـو بێـتـە سـەر سـەری سـایەی هومـا ئاوا نەبێ
لووتی پاپاغی لەگـەڵ سـەقـفی فـەلەک دەعـوا دەکـا

بۆ ڕێگا گەر ساقی عووجیان کردە پردی ئاوی نیل
ئیستوخانی دەستی میرزا پول لەسەر دەریا دەکا
گەر لە لای زەوجەی لە شەودا بێت و هەڵسێ بۆ عەمەل
قامەتی مەیلی لە دەرگانەی حەرەم بەرپا دەکا
ئەحمەقە لەقلەق ئەگەر تەرکیبی نیسبەت کا بەتۆ
حوشتر ئەر بێت و بلێ وەک تۆ دەڕۆم بێ جادەکا

وەک لەم شیعرەدا دەردەکەوێ سالم تەنیا هەوڵی نەداوە شیعرەکەی لەسەر کێش و قافیەی نالی بێ (ڕەمەلی ٨ی مەحزووف/ فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، بەڵکو لە ناوەرۆکیشدا وەکو ئەو باس لە شیعر دانان و نووسین و کاغەز دەکا.

هونەرەکانی شیعر

سالم بایەخی بەبابەتەکانی شیعر نەداوە لە ڕووی ڕوخسارەوە، دیوانی بەپێی بابەتەکان ڕێک نەخراوە. لە ڕووی ناوەرۆکەوە، واتە مەبەسەکانی شیعر زۆر دەوڵەمەندە، لەوەش زیاتر بایەخی بەرەوانبێژی داوە، داهێنانی زۆر لە ڕووی جوانکارییەوە بەدەست دەدا. ئەگەر لە شیعری سالمدا هەست بەوێنەیێکی وەرگیراو یا لاسایی شاعیرێکی تر بکرێ، ئەو وێنەیە وەستایانە بەگیانی خۆی قانگ دەدا. دیارە ئەم جۆرە وێنانە کەمترن و ئەوەی داهێنانی خۆیەتی گەلێ زیاترن.

بەکارهێنانی وشەی فارسی لە شیعری سالمدا، واتە (فارسیزم) لەوانەیە هەندێ لە خوێندەوارانی کوردی سەدەی بیست و یەکەم گرژ بکا. لێرەدا مەبەس لە وشەی فارسی ئەو وشە قورسانەن لەوانەیە فارسێک تێیان نەگا و پێویستی بەوە بێ لە فەرهەنگدا بیاندۆزێتەوە. ئەم جۆرە وشانەش هەندێ جار لە شیعری سالمدا دەبینرێن. ئەگەر ئاوڕ لە وشە فارسییەکانی دیکە بدەینەوە کە مانایان ئاشکرا و دیارە و خوێندەواری کورد ئاشنایانە ئەم جۆرە وشانە زۆرن، بەڵام بەجۆرێ کار لە ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکە ناکەن، بەڵکو بەم وشانەوە ئاوازی شیعرەکە ناسکتر و ڕەوانتر دەبێ. هۆی ئەم دیاردەیە لە شیعری سالمدا ئەوەیە لە فارس نزیک بووە، لە ئێران ژیاوە، نەک تەنیا لەناو کەسوکاری خۆی کە لە کوردستانی ئێران بوون،

بەڵکو لە ناوچە فارسییەکان و بەتایبەتی لە تاران ژیاوە.

بەشێکی زۆر لە شیعری سالم لە بابەت ناوەرۆکەوە ئەڤین و دڵداری و وەسفی سروشتە، کەچی ئەو بەشەی دیکەی کە لە بابەت کۆمەڵ و سیاسەت و سوارچاکی و قارەمانی و نیشتمانپەروەری و کوردایەتییە لە چاو شاعیرانی دیکە گەلێ زۆرە، لەبەر ئەوەیە لە مێژووی ئەدەبی کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا لە کوردستانی باشوور بەڕوونی و ئاشکرایی شیعری سالم ئاوێنەیە شیعری کۆمەڵایەتی و سیاسی تێیدا ڕەنگ دەداتەوە. شیعری لەم بابەتەی پێویست بوو نالی و مستەفا بەگی کوردی دایبنێن؛ سالم ئەو جۆرە شیعرەی هێنایە ناو ئەدەبی کوردی لەو ڕۆژگارەدا.

بەگشتی سالم گۆرانی بۆ دڵداری و جوانی و سروشت وتووە، هەندێ تەنگوچەڵەمەی ژیانی کۆمەڵایەتیی دەستنیشان کردووە، ڕق و کینی بەرامبەر بەدوژمنانی میللەتی کورد دەربڕیوە، شین و شەپۆڕ و لاواندنەوەی بۆ ڕووخانی میرنشینی بابان و لەدەستچوونی ئازادی بووە. بەمە سالم خۆی کردووە بەشاعیری میللەت و ژیان.

بەشی دەیەم

ناوەرۆکی شیعری سالم

لە بەرهەمی شیعری کلاسیکی کوردیدا بەگشتی سنووریکی بەرچاو بۆ بابەت و مەبەس و ماناکان نابینریّ، زۆرجار چەند مەبەسێک تێکەڵ بەیەکتری دەبن، هەندێ جاریش دەتوانریّ بەرهەمێک بخرێتە خانەیێکی تایبەتییەوە، وەک تەنیا وەسف یا دڵداری یا مەدح... هتد.

لە بەرهەمی ئەدەبی سالمدا هەست بەوە دەکریّ پارچە شیعرێک چەند مەبەسێکی گرتبێتە خۆ لە بابەت ناوەرۆکەوە، ئەم جۆرە شیعرە بەزۆری لە بەرهەمی شاعیردا دەکەوێتە بەرچاو، بەلاّم بیّ گومان بەرهەمی دیکەی شیعری سالم مەبەسیان ئاشکرایە و لە دەوری بابەتێک کۆ دەبنەوە بەتایبەتی قەسیدە درێژەکانی، دیارە شاعیر یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی بایەخێکی زۆریان بەقەسیدە داوە.

شاعیر هەوڵی نەداوە لە ڕووی ناوەرۆکەوە لە هەموو بابەتە کلاسیکییەکانی شیعری هەبیّ، ڕەنگە بەگشتی هەندێ مانای ئەم بابەتانە لە شیعریدا بدۆزرێنەوە، بەلاّم شیعری بەتایبەتی بۆ ئەو مەبەسانە تەرخان نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو بەرهەمەکانیدا ناوە ناوە پەنجەیان بۆ درێژ دەکا.

دیوانی سالم ئەوەی لە بەردەستدایە شیعری ئایینی (ئیلاهییات، موناجات، نەعت...)ی دەور نەکردۆتەوە، بەگشتی بەرهەمی شیعری سالم لە دەوری وەسف و دڵداری و سوارچاکی و کوردایەتی و نیشتمانپەروەری دەسووڕێتەوە. هەندێ جار داشۆرین (هەجوو) و پێدا هەڵدان (مەدح) و شین و شەپۆڕ و ماتەمنامە و مەبەسی دیکە دەکەوێتە بەرچاو.

وەسف و دڵداری

هەرچەندە وەسف و دڵداری دوو بابەتن لە ئەدەبی کلاسیکیدا، بەلاّم سالم لە

زۆربەی بەرهەمەکانیدا ئەم دوو مەبەسە گرنگەی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. ئەگەر تەنیا وەسفی ڕووکەشی بەهار (سروشت) یا دلبەری کردبێ، بێ گومان زۆر جار سروشتی بۆ دڵداری بەکارهێناوە.

لە غەزەلێکیدا سالم نێرگس و گولاڵە بۆ بەراووردی چاو و ڕوو وەردەگرێ، سپیەتی ڕوخسار و ڕەشی زولف بۆ بەیانی جەژن و شەوی یەڵدا بەکار دێنێ. دلبەری شاعیر ئەوەندە جوانە گەردوون یەکێکی دیکەی وەکو ئەوی نابێ، واتە وەک مریەم کە تەنیا عیسای بوو. دەستی سپیی مووسا ناگاتە گیرفانی یار، چونکە دەستی ئەم خۆشەویستە لە دەستی مووسا بەهێزترە و کەراماتی زیاترە. ئینجا شاعیر دێتە سەر وەزعی دەروونی خۆی، ڕەنگی زەردی پاییزی سالم بەختیاری و خۆشییە بۆ یار. ڕۆژی ڕەشی مەجنوون کلە بۆ چاوی لەیلا، لە هاواری شاعیر دڵی گای هەڵگری زەوی دەلەرزێ، دڵی ئەستێرەی کەیوان (زوحەل) بەئاهی شاعیر لە ئاسمانی هەفتەمین دەسووتێ:

غولامی دیدەیی مەخمووری تۆیە نێرگسی شەهلا
لە ئاب و تابی ڕوویی تۆ داغدارە لالەیی حەمرا
بەیازی ناسیەی تۆ بوو سفیدی دایە سوبحی عید
لە نوسخەی قیرگۆن زولفت سیاهی برد شەوی یەڵدا
عەقیم ئاسا لە زک وەستایەوە حەملی نەما ئیتر
لە پاش تۆ دایەیی دونیا بەمیسلی مادەری عیسا
لە قوببەی نووری پوستانت یەدی بەیزا نەموودارە
ئەبەد ناگاتە دوگمەی جێی جامەیی تۆ کەفی مووسا
خەزانی ڕەنگی زەردم باعیسی نەشئونەمای تۆیە
سیاهی ڕۆژی مەجنوون سوورمەیە بۆ دیدەیی لەیلا
لە سەیحەم هاتە لەرزش قلبی گاوی ژێر زەمین ئەمشەو
دڵی کەیوان لە ئاهی من لە هەفتەم ئاسمان سووتا
دوو سەد جار وەزعی چەرخی ئاسمان گۆڕا بەسەعدوشووم
ستارەی نەحسی (سالم) بوو لە قەرنێکا نەبوو ئاوا

لە شیعرێکی دیکەیدا سالم لە کرداری خراپەی دلبەر دەگەڕێ، ئەم خراپەیە

دەبێتە مایەی ئیلهام بۆ شیعرێک خۆشەویست دەخاتە ڕوو وەکو خونکارێکی زەبر بەدەستی لە کوشتن و برین بەولاوە هیچی تر نەزانێ. شاعیر کە ئەم کارە دەکا مەبەسی ئەوەیە دلبەر بەهەموو شتێک بزانێ، بەگەورەیێک لەو گەورەتر نییە. جا ئەگەر خۆی بەبچووک دانەنێ گەورەیی دلبەر ناکەوێتە ڕوو، بەم جۆرە بچووکی و دیلیەتی بۆ خۆی دەوێ بۆ ئەوەی گەورەیی و دەسەلات بکەوێتە بەر خۆشەویست:

خەراب بێ خانەیی دڵ هەر وەکو خانەی خەراب کردم
خــــوداوەند ئابڕووی دیدەم بەرێ وەک ئابڕووی بردم
هەتا زیندووم دەچێنم تۆوی هەر خـاری لە دڵ شـایەد
کە بێی بۆ سـەر مـەزارم دامـەنت بگرن ئەگـەر مـردم
دەبینی مووی موژەی مووریچە میسلی زەرڕەبین میرئات
لە فیکری مووشکافی مـووی میـانت وا بەدەم وردم
لە سەرمای قەوسی سەردی میهری تۆدا وا بەیەک هاتم
لە ڕێی چەوگانی میحنەتدا وەکو گۆ دائیما گردم
بەبێ سـەددی تەنم بۆ دڵ رەهی غەم کە لەبەر ئەشکم
هەمیـشە بۆ عوبووری قافڵەی جەورت وەکو پردم
(مەِ پارس زَبانم گُفت (سالم) شَرحِ حالَت گو)
وتم جانا بەلەد نیم ئیستیلاحی ئێوە، من کوردم

شاعیر بەخەیاڵ لە پارچە شیعرێکی دیکەدا شانۆی دروست کردووە، ساقی لە پەردەکانی پشتەوە وەک ئەکتەرێک دێتە سەر شانۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی دڵداران دەکا، پۆل پۆل خاوەن دڵان ڕوو دەکەنە کۆڕی عاشقان. یاری شاعیر پەیدا دەبێ، بەڵام نەک بەتەنیا، بەڵکو لەگەڵ ڕەقیب دەستیان خستۆتە ناو دەستی یەک. ئەمە مایەی پەژارە و دڵتەنگییە بۆ شاعیر، چونکە یارەکەی پشتی تێ کردووە و دڵداری تازەی دۆزیوەتەوە. هەروەها شادمانیشە چونکە چاوی بەیار کەوتووە.

لەم برە شیعرەدا سالم وێنەی جوانی ڕەوانبێژی دژ بەیەکتری و پێچەوانە دروست دەکا، وەکو ئارەزووی ئەوەی بوو ڕوو بکاتە مزگەوت، بەڵام چووە گوزەری مەیفرۆشان، یاری شاعیر ئازاد و ڕوو کراوەیە و سەرپۆش ناگرێتەوە، بەڵام ڕووی لە دڵدار وەردەگێڕێ وەکو ئەوە دەردەکەوێ بۆ دڵدار پەچەی گرتبێتەوە. ئەم

کۆبوونەوەی عاشقانە هەموو گیروگرفتەکانی ناو دڵی شاعیر دەشارێتەوە و لە بیری دەباتەوە. لەو کۆڕەدا دلبەر و دڵدار یەکەمیان جامی مەی پڕ دەکرد و، دووەمیان مەزەی دابەش دەکرد.

ساقی لە پەردە دەرهات جامی شەرابی هێنا
دڵ خیرە ما لە حیرەت مەھ ئافتابی هێنا
یەک زەڕڕە عەکسی پرتە و دەرکەوت تووڕی سووتاند
ئایینە سەخت ڕوو بوو لەو عەکسە تابی هێنا
تیماری چاکی سینەم ڕاجیع بەچاوی مەستە
بەختیش موافیقی عیشق بۆ من خەرابی هێنا
یارم لە ئەندەروون هات دەستی ڕەقیب لە دەستا
غەمناک و شادمانم ڕەحمەت عەزابی هێنا
بۆ تۆیە سوویی مەسجید هاتم بچم لە ڕێدا
بۆ کۆیی مەیفرۆشان عەزمم شتابی هێنا
ڕوو هەر لە من دەپۆشێ وا حاڵییە کە جبریل
هەر خاسسە بۆ من و ئەو ئایەی حیجابی هێنا
وەی وەی چ مەجلیسێ بوو دوێنێ لە دیدە و دڵ
دلبەر شەڕابی گێڕا (سالم) کەبابی هێنا

لە وەسفی ڕووکەشی هەست پێکراوی ئەندامی لەشی یار سالم دوو کۆمەڵە وشە بەرامبەر بەیەکتری دادەنێ، کۆمەڵێکیان سەر بەخۆشەویستەکەیەتی، وەکو: لەشولار، دەم، غەمزە، قووڵایی چەناگە، قەد و قامەت، بسک، ڕوومەت، برۆ و هی دیکە، ئەمانە بەکار دێنێ بۆ لێکدانەوە و دروستکردنی وێنەی هونەری لەگەڵ وشەکانی گوڵ، غونچە، تیر، باغ، درەختی سەروو، گوڵاو و هی دیکە، شاعیر دەڵێ:

بەنەزاکەت نییە گوڵ وەک بەدەنت
غونچە دڵ تەنگە لە حەسرەت دەهەنت
سینە پڕ چاکە لە تیری غەمزەت
دڵ گرفتارە لە چاهی زەقەنت

باغەبان ئەمڕۆ لە باغا قەدی یار
پەستی کرد قامەتی سەرووی چەمەنت
کاشیفی کوفرە لە ڕوو کافری دین
تاری گێسویی خەمی پڕ شکەنت
ئەی گوڵاو جێگەیی تۆ شیشە نییە
عاریزی دلبەرە ئەسڵی وەتەنت
سەجدە بەر تاقی برۆی یار بەرە تۆ
وەسەنی بی مەپەرستە وەسەنت
دادی شیرین کە دە (سالم) بەقەڵەم
نییە قەندی قەڵەمی وەک سوخەنت

لە غەزەلێکیدا شاعیر لە وەسفی شتە جوانەکانی دلبەر لە لاسایی شیعری کلاسیکی نەچۆتە دەرەوە، لە کاتێکدا هەندێ وێنەی ڕەنگینی هونەری دروست کردووە وەنەبێ ئەو وێنانە تازە بن، بەڵام شاعیر دەسکاری وەستایانەی ئەو وێنانەی کردووە و کەسێتیی تایبەتی بۆ دروست کردوون. لێرەدا مەبەس لێکدانەوە و شیکردنەوەی غەزەلەکە نییە، چونکە مانا و وێنەکان ساکار و جوانن، هەموو کەس تێیان دەگا، بەڵکو کێشی شیعرەکەیە جۆرە ڕیتم و مۆسیقاییێکی ڕەوانی داوەتێ.

بەپێی دەستووری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ئەم غەزەلە پێویستە بەبەحری عەرووز بکێشرێ. بەحری عەرووزی ئەم غەزەلە موزاریعی (٨)ی ئەخرەبە (مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن)، کێشی نیوەدێڕی هەموو نیوەدێڕە شیعرێک (مفعول فاعلاتن) لەگەڵ کێشی (٧) سیلابی خۆماڵی شیعری میللی کوردی (هەلوور بەلوور تەکامە) یەکتری دەگرنەوە، واتە دەتوانرێ ئەم غەزەلە کە لە شەش دێڕەشیعر، یا دوازدە نیوەدێڕ شیعر پێکهاتووە بیکەین بە(٢٤) پارچە، هەر پارچەی دەبێتە (مفعول فاعلاتن)، ئەمە بەکێشی خۆماڵی (٧) کەرتی سیلابییە کە لە کێشە هەرە سووکەکانی شیعری کوردییە و هەر ئەوەشە بۆتە هۆی ڕەوانی و سووکی ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکە.

پڕ چینە زولفی پڕ خەم نەقشە لە ڕوویی یارا
وەک میللەتی مەجووسی هەر دێن بەدەوری نارا

تورڕەت کە دێ بەڕوودا وەک عەینی کوفری حوسنە

بۆ ڕەونەقی کلیــــســـــا با هەر بىن نەســـــارا

غــــەمـــــزەت لە تیــــرەباران زولفت دڵی پەنادا

بەم ڕەنگە حوسنی ئەخلاق کێ دی لە جینسی مارا

مــەی گـەر حــەرام و تالە ساقی بەچاوی مــەسـتت

(أشْـــــهى لَنا وأحْلى مِن قُـــــبلةِ العَــــذارى)

ئەی ئەو کەسەی کە شەو هات یادت ئەنیسی دڵمە

یەک لەحـــزە دێمـــە یادت داخـــوا لە ڕۆژگـــارا

تۆ ناتەوان و مــــسکین دوژمن قـــەوی و بێ دین

(ســالم) لە عـەهدی ئەودا کـوا چارە جـوز مـودارا

شاعیر لە غەزەلێکی دیکەیدا وەسفی یار و سروشتی تێکەڵ بەیەکتری کردووە، ڕووداوە ناخـۆشـەکانی بەخـۆشی لێکدەداتەوە، ڕەقـە بەرامبـەر بەنەرم، وشکە لە ڕاست تەڕ. لە لای شـاعیـر مانای جـوان لە ڕەشبینیدا دروست دەبێ، کـە یاری خـۆشدەوێ بەحسێب پێویستە ئەویش شـاعیری خۆش بووێ، بەڵام سـالم ئەوەندە هۆگری یارەکەیەتی ئەگەر ڕووشی لێ وەربگێڕێ ئەو هەر خۆشی دەوێ. دڵداری لە شیعری کلاسیکیدا بەبێ تەنگوچەڵەمە نابێ، بۆیە بەئاسانی چنگ ناکەوێ. لەبەر ئەوەیە دەتوانرێ بیـر لەوە بکرێتـەوە پارچە غـەزەلێکی لەم بابەتە مـەرج نییـە بۆ خۆشەویستێکی دیاریکراو وترا بێ:

ئەگـەرچی سـینە بۆ دڵ وەک سـوپەر بوو

وەلێ زەخــمی خــەدەنگت کــاریگەر بوو

لە وەخــتی حــاسـیـلا زانیم بەتەحــقـیق

نیـهالی سـەرووی قـەددت بێ سـەمـەر بوو

لەبت ســەر چەشــمــەیی ئاوی حــەیاتە

وەلێ بۆ کوشتنی من بەرقی شـەرەر بوو

لە ڕەشکی لێوی تۆ غونچـە شـەقی برد

لە خەندەت موعجیزەی شەقولقەمەر بوو

دەســـووتێ دڵ بەیادی ڕەنجی فـــەرهـاد

ئەویش وەک من غــەریب و دەربـەدەر بوو

بەبێ ڕووی تۆ فـەزای بـاغی (سـەنەندەج)

لـەناو دڵمـــا وەکـــو ناری ســــەقـــەر بـوو

لە زاهیـد مـەگرە دڵ (سـالم) کـەدوورەت

لە ئەسـراری مـەحـەببـەت بێ خـەبەر بوو

سـالم لە بەرهەمێکیدا کە دەچێتە خـانەی وەسفـەوە دوور نییە تەنیا لەبەر ئەوە داینا بێ بڵێین توانای ئەوەی هەیە شیـعری سـووک و ئـاسـان و ڕەوان و تیژ بڵێ، ئەو شـیـعرە لـەسـەر ئاواز و مـۆسـیـقـایێکی دیاری کـراو ڕێکخـراوە. ئەوەی زیاتر ئاوازی ڕەوانی داوە بەمۆسیقای شیعرەکە ئەوەیە، وشەکانی لەسەر یەک کێشن و دووبارە کراونەتەوە. لەبەر ئـەوەی شاعیـر تەنیا بایەخی بەڕێزکردنی وشـە داوە و گوێی نەداوەتە مـانا، لە شیعرەکەدا یەکێتیی مـانا و هـارمۆنی ڕووداوی تێدا نییە، کـەچی لەگەڵ ئـەوەشـدا ڕسـتـەکـان هـەرچەندە پێـوەندییـان بەیەکـەوە نییـە، بەڵام هـەریەکەیان بەتەنیا مانا دەبەخشێ و غەزەلەکە وەک بەرهـەمێکی ڕەنگینی ئەدەبی گوێ وەری دەگرێ:

وێڵ و فـیـراری عیـشـقـی تۆم شـەهر بەشــەهر سـوو بـەسـوو

پوشــتــە بەپوشــتــە تـەل بەتەل دەشت بـەدەشت کـوو بـەکـوو

قـــەیدە لە گـــەردەنی دڵم زولفی ســـیـــاهـی پڕ خـــەمت

حـەلقـە بەحـەلقـە چین بەچین عـوقـدە بەعـوقـدە مـوو بەمـوو

تـەنگ دەهـانی دلبــەرم حـــەســـرەتی دایە گـــوڵرەخـــان

وا دڵی غـــونچـــە بوو بـەخـــوێن پـەردە بـەپەردە تـوو بەتـوو

جۆشـشی ئەشک و مەوجی خوێن کەوتە کـەناری موڵکی ڕۆم

سـەیل بەسـەیل و شـەت بەشـەت دیجلە بەدیجلە جـوو بەجـوو

چـەرخـی زمـــانـەکـــەی دەدا بەزمـی ویـســـاڵی یـار و مـن

بۆســـــە بـەبۆســــــە لـەب بـەلـەب دیدە بـەدیدە ڕوو بـەڕوو

نەفـحــە بدا لە عـەتری زولف لەودەمـە بۆ دەمـاغی خـوشک

تەپلە بـەتەپلە مـــشک بەمـــشک نافـــە بـەنافـــە بـوو بەبـوو

خـەرمـەنی (سـالم)ی فـەقـیـر سـووخـتـەیە بـەناری عـیـشق

خـۆشـە بەخـۆشـە گـوڵ بەگـوڵ دانە بـەدانە جـوو بەجـوو

لە غـەزەلێکیدا سـالم لە ڕووی خۆشـەویسـتـییـەوە دلبـەری کردووە بـەخـوێنرێژ، ئارەزووی ئەوەیە هـەمـیشـە بەهێز بێ. ئەو کـچە سـەرکردەیە بەتوانا و بەدەسـەڵاتە، کەچی شـاعیر کۆیلە و دیل و پێش خـزمەتە. شـاعیر خـەلیفەی دووەمی ڕاشیدینی هەڵبژاردووە «عومـەری کوڕی خـەتاب» وەک کەسێکی پیرۆز سـوێندی پێ دەخـوا. سـالم بەسـەر کردەوەکانی یار هەڵدەڵێ کە مایەی ئازاری خـۆیەتی، لەو کـاتەی ئەو کـردەوانـە دەخـاتە ڕوو سـوێندەکـە بەعـومـەر دەخـوا. بۆ بەهێـزکـردنی وێنە شیعرییەکانی کە عومەری کردووە بەڕەمزی ئایینزای سوننی، ناوی «عەلی کوڕی ئەبوو تـالیب»یش دێنێ وەک ڕەمـزی شـیـعی لە ئیـسـلامـدا، نەوەک ئـەو دلبـەرەی وەسفی دەکا لەسەر ئایینزای شیعە بێ.

ئەمـە و ئەم شیـعرە لە دیوانـی مسـتەفا بەگی کوردیشدا بەرچاو دەکەوێ، ئێمە زیاتر بۆ ئەوە دەچین لە بەرهەمی شیعری سالم بێ، خۆ ئەگەر ڕاستییەکەش ئەمە بێ شتێکی وا لە مـەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە ئەم شیعرە گرنگییێکی تایبەتی هەیە لە مـێـژووی ئەدەبی کـوردی لە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەمـدا، لەبـەر ئەوە لەم کتێبەدا تۆمار کرا.

قـەوسـی ئـەبرۆ و مـوژەت تیـر و کـەمـانە بەعـومـەر

نیگەهـت قـەیدی دڵ و ئافـەتی جـانـە بەعـومـەر

تیــرەبارانـی نیگاهـت لـە دڵی عــاشــقی زار

تیـژ و سوهـان زەدە وەک نووکی سینانە بەعومـەر

پرتەوی عـــاریزی یـار و دڵـی ســەد پـارەیی مـن

قیسسـەیی شـەوقی مەهـ و چاکی کەتانە بەعومەر

تیـغی ئەبرۆیی خـەمت سووڕەتی سـەیفی عـەلییە

باعـیسـی زەمـزەمـە و شـۆری جـیـهـانە بەعـومـەر

بەعەلی سوێندت دەدەم شیعەی ئەگەر ڕەحمت بێ

خـۆ ئەگـەر سـوننی ئەی شـۆخی زەمـانە بەعـومـەر

بەشـــارەی غـــەمی تۆ نـەخلی مـــورادم ســـووتا

باغی شـادیم هەمـە دەم فـەسڵی خـەزانە بەعـومـەر

زۆر نیـیـە (ســالم)ی بێـچـارە ئەگــەر کـۆهکـەنە

دلبـەری هـەر وەکـو شـیـرینی زەمـانە بەعـومـەر

سـالم لە وەسـفێکی مـوتـوربـە کراو بەدڵداری هـەناسـەیێکی کۆمـەڵایەتی دەداتە غـەزەلەکـەی، بەوەی پـەنجـە بۆ هـەندێ دیاردەی جـوگرافی درێژ دەکا و ناوی چەند شـار و ناوچە و شـاخ دەبا وەکو قـەندیل و لاجان لە کوردسـتـاندا و، مـەسـقـەت لە وڵاتی عـەرەب لـە جـزیرەدا . ئەم غـەزەلە و زۆربـەی شـیـعـرە دڵدارییـەکـانـی سـالم یەکێتـیی مـانا و بابەتی چیـرۆکییـان تێدا نیـیـە و، هـەر دێڕەشیـعـرێک لە مـانادا سـەربەخـۆیە و، وەک قـسـەیێکی نەسـتـەق و پەندی پێـشـینانێک و ئیـدیۆمـێک و رەستەیێکی ڕەوانبێژی جوان خۆی دەنوێنێ.

لە مـەحشـەردا ئەگـەر بێ ڕوویی تۆ، مـایل بەجـەننەت بم

لە لای یارانـی ئەهلی دڵ ســەر ئەفگەندەی خـەجـالەت بم

قـیـامـەت قـامـەتم، ڕۆژی قـیـامـەت دەرکـەوێ هـەرسـوو

نەکەم گـەر سـەجدە بۆ میـحرابی ئەبرۆی تۆ بەلەعنەت بم

شنۆی ئوردی بەهەشـتی وەسـڵی یار ئەر بێ بەسـەر مندا

لە لام (قەندیل) و (لاجان)ە بەهاوین گەر لە (مەسقەت) بم

لە وەخـــتی پاســەبانیــتـــا من و نـامــەحـــرەمی دوورن

لە خـــەودا بۆســە نەزدیکە ئەگـــەر جـۆیایی فـرســەت بم

لە کـوشـتنتـا ئـەگەر ڕەحـمت نەبێ مـایەی تەرەحـومـتـە

لە ســایەی زامی تیــغت بێـڵــە با ئەهلی شــەهادەت بم

غــــەمم دەریا دڵم زەورەق منم تـاجــــر وەسڵ بـەندەر

دەبێ یا تـەرکی بەندەر کـــەم وە یا نەزدیکی ئافـــەت بم

کە تیری غـەمزە دڵ کون کاسـەفی تێکەڵ دەبن موژگان

لە من قـاتیل دەبێ ون بێ ئەگــەر سـاحیب کـەرامـەت بم

تەمەننای مەرحەمـەت (سالم) لە دلبـەر قەت نەکەی ئامان

لەگــەڵتــا ئیلتـیـفـاتی با نەبێ نەک فـێـری عـادەت بم

لە شیعرێکی دیکەیدا لە وەسفکردن و پێدا هەڵدانی دلبەری خۆشەویست سالم دیمەن و کردەوەی وا دروست دەکا بۆ چاکەی خۆی نەگەڕێتەوە، بەمەبەسی ئەوەی هێز و توانای دلبەر پیشان بدا، بەلای شاعیرەوە ئەم هێزە پێویستە هەمیشەیی بێ، لەبەر ئەوە بەرهەڵستی ناکاو پاش قافیەی (ناکەم)ی بۆ شیعرەکەی داناوە. دەتوانرێ شایەتیی ئەم شیعرە دێڕی هەرە دوایی بێ کە شاعیر لە ئێران بێزارە، هەر کاتێک لەوێ قورتار ببێ جارێکی دیکە ڕووی تێ ناکاتەوە. بەم جۆرە ئەگەر هەموو وێنەکانی ئەم شیعرە بۆ مەبەسی ڕەوانبێژی و جوانکاری ئەدەبی دەست بدا، دێڕی دوایی بڕیارێکە شاعیر داویەتی، بێزاری خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەئێران و ناتوانێ بیکا بەمەڵبەندی ژیانی. ئەگەر ئەو جارە ڕزگار ببێ لێی، جارێکی دیکە ڕووی تێ ناکاتەوە:

بەمن بێ سینەیی سەختم بەقەڵغانی نەزەر ناکەم
نیشانەی تیری خوێنڕێژیت بەجوز لوختی جیگەر ناکەم
دەمی نازت بەڕوو سەختی کەتابی تیری غەمزەم بوو
لە ڕێی تیغی جەفاتا بەعەدەزین جەوشەن لەبەر ناکەم
لەناو شانت لە چینی زولفتا دڵ حەلقەهای لێدا
خودا گەر وا بدا قەدرت بەمن کەس دەربەدەر ناکەم
ئەگەر پایانی بێ هیجرەت لە دەرگاتا هەتا دەمرم
بەمەحزی جەوری حاجیب یەک وەجەب مەیلی سەفەر ناکەم
لە ڕەشکا گەر سەراسەر نوتقی تووتی بێتە سەر هەجووم
لە مەدحی لێوی شیرینی تۆ من وەسفی شەکەر ناکەم
لە فەردی وەسفی یارا عارە ناوی موددەعی بردن
لە ڕشتەی فیکرما خەرموهرە هەم سیلکی گوهەر ناکەم
لە یاقووتی لەبت یەک بۆسە مایەم بێ دەمی ئاخیر
تەلەف کەم گەر سەر و ماڵم لە سەوداتا زەرەر ناکەم
لەگەڵ دڵ شەرتە (سالم) گەر نەجاتم بێ لە تارانا
بەهەشت ئەر بێتە دەشتی (ڕەی) بەئێرانا گوزەر ناکەم

سالم لە کۆمەڵێک شیعریدا ملکەچی ئاواز و ڕیتم و مۆسیقایە، لە کەرتکردنی

ناوەوەی دێڕەشیعر وردەکارییێکی ژیرانە بەکار دێنێ. دیارە ئەگەر نیوەدێڕی شیعرێک بکا بەدوو کەرت، ئەمە جۆرە ڕەوانییێک بەدێڕە شیعرەکە دەدا، وەکو لە بەڵگەکانی پێشتر پەنجەی بۆ درێژ کرا، بەڵام ئەگەر نیوە دێڕە شیعرێک بکا بەچوار کەرت، واتە دێڕەشیعری تەواو بەهەشت کەرت، ئەمەیان لە ڕووی مۆسیقییەوە ڕەوانتر دەبێ.

لەم شیعرەدا یاریی هونەری شاعیر دەخاتە بەندێکەوە لە ڕووی ماناوە نەتوانێ داهێنانێکی بەرچاو دروست بکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سالم لەم شیعرەدا وەسفی ئەندامەکانی پەیکەری دلبەر دەکا، هەرچەندە ڕستەکانی کورتن و مانا دەگەیەنن، بەڵام شاعیر وەستایانە توانیویەتی ڕستەکان بەیەکتری ببەستێتەوە و مانای ڕووکەشی جوانیان لێ دورست بکا. بەهەموو جۆرێک شیعری لەم بابەتە لە ئەدەبی کلاسیکیدا جوانییەکەی لە دەنگی وشە و ڕەنگی ڕستە و بەیەکتری بەستنیانەوە دەبێ.

بەروخ ڕەنگین مەیان لاغر کەمەر زەڕڕین
نیگەه شاهین موو موشکین زەنەخ سیمین لەب شیرین
لەبت شەککەر خەتت عەمبەر موژەت خەنجەر قەدت عەرعەر
لە عیشقت دڵ وەکو بولبول لە ڕووتا گوڵ وەکو گوڵچین
سەهی قامەت قەوی شەوکەوت قەمەر تەلعەت مەلەک خەسلەت
کەمان ئەبرۆ نیگەه ئاهوو فەڕەنگی خوو موو موشکین
بەڕوخ وەک شەم بەئەبرۆ خەم سیەه پەرچەم لە من بێ غەم
گوارەی تۆ کە هاتوچۆ موتاوین بەمەه و پەروین
بەچینی زولف وەک سونبول ئیحاتەی دا لە دەوری گوڵ
بەموو هەر سوو لە ڕێگەی موو بەڕووی دڵما دەکەی پەرژین
چوار فەسلی لە هەر فەسلێ بەیەک دەم وا لە لای (سالم)
بەهار ئەشک و خەزان ڕەنگ و زەمستان ئاه و دڵ هاوین

ئەمە گوڵبژێرێک بوو لە شیعری وەسفی دلبەر و سروشت لە دیوانی سالم کە بەڕاستی زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمی ئەدەبی ئەو شاعیرە ڕەندەی داگیر کردووە.

شیعری کۆمەڵایەتی

بەگشتی ئەو شیعرە زۆرانەی سالم کە ڕەنگدانەوەی لایەنی جەنگ و سوارچاکی و بەرگریکردنن لە دەسەڵاتی کورد و گەلێ لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتیش دەور دەکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعری بۆ هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی و بەسەرهاتی خۆی وتووە هەندێ لە پێوەندی کەسانی کۆمەڵ بەیەکترییەوە ڕوون دەکەنەوە و لە تەلی ڕەوشتی ئادەمزاد دەدەن.

لەم ماوەیەدا هەندێ بەڵگەی کۆمەڵایەتی لە شیعری سالمدا دەخرێتە ڕوو.

١

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا لەدوای ئەوەی سوپای عوسمانی سلێمانی داگیر کرد، بەتایبەتی لە پاش ئەوەی عەبدوڵڵا بەگی لە قایمەقامی قەزای سلێمانی لابرد و دەسەڵات کەوتە دەست مووچەخۆری سویل و جەندرمەی عەسکەری عوسمانییەوە، وا دەردەکەوێ هەڵسوکەوتی سالم بەدڵی بەڕێوەبەرانی سلێمانی نەبووە، لەبەر ئەوە هەوڵیان داوە کارێکی ڕەسمی بۆ بدۆزنەوە، بۆ ئەم مەبەسە ناردوویانە بۆ شاری حیللە لەوێ میوانی ماڵێک بووە، ئەو ماڵە ڕەوشتی میوانداری بەجێ نەهێناوە، لەبەر ئەوە دڵی ئێشاوە. گێڕانەوەیێکی دیکەش لەم لایەنەوە هەیە دەڵێ دەسەڵاتی تورکی عوسمانی سالم لە سلێمانی دوور دەخاتەوە. ئەم جۆرە ئاوارەکردنە لەو سەردەمەدا باوبووە، ئینجا لەو حاڵەتەدا ئەو ئاوارەیە دەبوو لە ماڵێک یا خانێک بژی کە دەسەڵات دیاری دەکرد، بۆ ئەوەی بەرچاو و دەست بەسەر بێ و نەتوانێ ڕا بکا. ئیتر ئەو ماڵەی بۆی دەستنیشان کراوە دیارە ئەوەی پێویست بێ بۆیان نەکردووە، هەر چۆنێ بێ ئەم قەسیدەیە زادەی ڕەووشتێکی ناشیرینە خانەخوێ بەرامبەر بەمیوان کردوویەتی:

شاعیر دەڵێ:

حەسرەتا دڵ غافڵە نازانێ قیسمەت چی دەکا
ئەمڕۆ ئێرەم بوو بەمەسکەن ئاخۆ فەردا کوێم دەبا
بەدرەقەی میحنەت نمایە شاتیری تەقدیر مودام
دەستی کەشمە و پێش ڕەو دەمبا بەمەنزیلگای بەلا

نا بەلەد بێ چارە بوو دڵ ئارەزووی ئارامی کــــرد

هات و نەیزانی لەپڕدا کـــەوتە ناو چاهی جـــەفـــا

حیللە خورمایە منیش مێش جسری دامی عەنکەبووت

نەفسی سەرکەش وام نەدیوە ڕوو لە شیرینی دەکا

گەردوشی دەوران جڵـەوکێش بردمیـە ماڵی عارەبێ

چووم و دیم ئەمما نەچوومـــایە دریغـــا حـــەســـرەتا

تەلخ کـام و تەلخ وەقت و تەلخ ڕووم کـرد ســاعــەتەن

تەلخییێکم خستە ڕووی زەهریش بەئینسانی نەکا

عـــالەمی ئینســـانیـــیـــەت لاچوو لە لا ئەمن و ئەوێ

من لە تاو عیجزی زەمیری ئەو لەبەر فەقدی وەفا

لای یەســاری دیدە و گـوێ بوو نەمـا ســەمع و بەسـەڕ

ئەهلی دەستی چەپ لە یومنی من ئومــێـدیان لێ بڕا

هێندە مــات دانیــشــتم و نەیپرسی ئەژنۆم هاتە ژان

ناعیلاج وەک پووش لە مەوجی نابەلەد خۆم گرتە لا

حوجرەیێکم کەوتە دەست و چوومە ناوی وەک قەفەس

کەبک چەنگ ئاسا لە برسان دڵ لە سینەم سەر دەدا

لەم شیعرەدا سالم دیاردەیێکی ڕەشبینی لە کۆمەڵێکی دیکەدا دەبینێ کە کۆمەڵی عەرەبە لە حیللە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەو هەڵوێستەی ئەو ماڵە لەگەڵ شاعیردا نواندوویانە هەڵوێستی هەموو تاکێکی عەرەب بێ، بەڵکو ئەمە لەناو هەموو کۆمەڵێکدا هەیە بەتایبەتی کۆمەڵی سالم خۆی کە کوردەوارییە. لە پاشانا وەکو لە دوو توێی هەموو قەسیدەکە دەردەکەوێ، پەردەیێکی تەنکی کۆمیدی لەناو وێنە کۆمەڵایەتییەکاندا هەست پێ دەکرێ بەزۆری لەو وێنانەی ئەسپی شاعیر دەبێ بەقارەمان و هاوبەشی شاعیر لە گێڕانەوەکەیدا.

خۆم چەپۆکم دا بەسەرما ئەسپەکەم شێوەنیەتی

تازەمـــان کـرد هەردوو لا شـینی شـەهیدی کەربەلا

ئەهلی کووفە فەقدی ئاویان کرد لە میوانی عەزیز

خانەخوێی من مەنعی نان و نوێن و جێگە و ڕێ دەکا

خـانەخـوێم مـیـوان نەوازە وەرنە سـەیری حـورمـەتم
دۆشـەکی خـۆم خـاک و خـۆڵە سـەرکەشی ئەسـپم سـەما
شیشی سوور بێنن وەرن خـالیگەمان داغ کەن بە جووت
چونکە ژانمانـە من و ئـەسـپم لـەبەر سـەردی هـەوا
توورەکـەی ئـەسـپم زەمین و مـوتـەکـای خـۆم زانووە
قـووتی من خـوێنی جـیگەر خـۆراکی ئەو تەسـویری کـا
کـورکە کـورکیـە ئەسـپەکم خۆشم دەناڵم جار بەجـار
ئەو لە داخی ئاخـوڕ و جـۆ من لە حـەسـرەت جێ و چرا
با من و بارگیری کووێت هەردوو بنووین بەشکم بەخەو
مـن ببـینـم ڕووی تـەعـام و ئـەو ببـینێ رووبـی کـا
ئاخـوڕی ئـەسـپم هـەوایە خـوانی خـۆراکم خـەیاڵ
لازمـە بۆ دەفـعی جـووع هـەردوو بکەین دەممان لە با
ئاهی خـۆم بۆ نانی جـۆ سـمکۆڵی ئەسـپم بۆ حـەشـیش
ئەم گـەیشتە پشـتی ماسی ئەو گـەیشتە ڕووی سـەما
چاوی قـووچان ئەسـپـەکـەم باقل تەویلەی هاتە یاد
دڵ لە سـینەم مـاتە، تەحـقـیق یادی جێگەی خـەو دەکا

شاعیر لەم بڕە شیعرەدا کە باس لە خۆی و ئەسپەکەی دەکا دیمەنی شانۆیێکی کۆمیدی دەنوێنێ و بینەر دێنێتە پێکەنین، بێ گومان ئەم جۆرە داهێنانە هونەری و ئەدەبیـانە دەچنە ناو درامـا و مـوبالـەغـەیان تێـدا دەبێ، هەر ئەمـەشـە نرخی جـوانکاری دەداتە بەرهـەمـەکـە و وەک داهـێنانێکی ئەدەبی و هـونەری دەکـەوێتـە بەرچاو.

لووتی دا ژەن ئەسـپەکەم خۆم دەسـتە ئەژنۆ مـاتی غـەم
من لە فـیکری حـاڵی ئەو، ئـەو شـینی حـاڵی مـن دەکـا
ئەمن و ئەسپ ئوسـتاد و شـاگردین لە تەسویری خـەیاڵ
ئـەو لە نـەقـشـی توورەکـە ئـەمـنیش لە وەزعی بووریا
شـامـە مـوغناتیـسـە بۆ بۆنی کـەبابی سـەر گـوزەر
لێـوی ئـەسـپم جـازیبی پووشـە بەمـیـسلی کـەهرِوبا

مــــوژده بێ یاران لـه برســـانا ددانـی ئەســـپــەکـــەم

بۆ بژاردەی پووشـی ناو خــشت کــاری دیواربڕ دەکــا

ســــەنگ کـــرۆژێکە لە برســـانـا ددانی گـــردە کــــووێت

هـەر دەڵێی مـێــبـازی نـاو شـــارە خــەیاری نوێ دەخــوا

زۆر دەترسم تـا سـەحــەر دوو پڕ سـیـفـەت بێ تەوســەنم

وا لـەحـەسـرەت پووشی خورمـا دەم لە کلکی خۆی دەدا

وا دەزانـێ زینـەکــەی پـاڵانی پـووشـــە گـــردە کــــووێت

وەک مـەقـاش جـار جـار لەلاوە لچ لە لا پـیـچگەی دەخـا

ســانی عــەنقـایە، وە یا گـۆگـردی ئەحـــمــەر پیــاوەتی

لەم دەرە مــیــوانی مـــەزلووم ئەر نـەچێ چۆن دەر دەبا

مــــەجلیــسـێ بۆ زیب و زینـەت جێ وو ڕێـی پێ لازمــــە

ئـیـبـتـیـدا ئـیـسـمـی لە سرری ئەلف و نوونی مـوقـتـەزا

گـەر عـەرەب بەم نـەوعە بن بـا شـیـری وشـتـر بێـتـە ناو

وەرشــەبیب تـەبعن هـەزاران مـەرحــەبا ئـەهلـەن ســەفـا

من لە فیـکری حـاڵی خۆمـدا ئەسـپـەکەش هازا لقیـاس

تۆی خــودایا قــادر و تۆی ڕەببــەنا مــوشکیل گـوشـا

هەمنشـینـم قـەت نەبێ ئـیـتـر عــەرەب تا حـاڵـی مـەرگ

ئایینەی کـەسـبی جـەلا حــەیفـە لە خـاکــســتـەر بکا

لە کۆتایی شیعرەکەدا سالم بێزاری خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر بەرەوشتی ئەو ماڵەی بەم جۆرە ناشیرینە پێشوازییان لێ کردووە، دیارە ئەم ماڵە عەرەب بوون. بەڕاستی بێزاری شاعیر بەرامبەر بەماڵەکەیە نەک ئەو نەتەوە عەرەبەی خاوەن شارستانیەتێکە مێژوو شایەتی بۆ دەدا. نموونەی ئەدەبی لەم جۆرە لەناو هەموو نەتەوەکانی گێتیدا هەیە، بەتایبەتی لە هەر نەتەوەیێکدا بەرامبەر بەهاوسێکانی. لەم لایەنەوە هەڵوێستی هاوسێیانی کورد (عەرەب و فارس و تورک): قەشمەریکردن پێی و بەکەم زانینی زۆر زیاترە لە هی کورد بۆ ئەوان.

٢

سالم لەلایەن «مەلا بەکر» ناوێکەوە بانگ دەکرێ بۆ ئاهەنگێکی نانخواردن بەکۆمەڵ، ئەو ئاهەنگە دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی شیعرێک، یاخۆ دوور نییە شاعیر بەخەیاڵ ئەم بەرهەمە کۆمیدییەی دانابێ و ناندەرەکەش نەبوو بێ و خۆی دروستی کردبێ. لە کاتی نان خواردندا شاعیر دەکەوێتە تەنیشت کابرایێکی زۆرخۆرەرە، وەسفی خواردنی دەکا و ناوی ناهێنێ، دوور نییە ئەو زۆرخۆرە خاوەن زیافەتەکە خۆی بێ.

چوومە سەر زیافەتی مەلا بەکری عالی جەناب
چ بڵێم خەڵکینە بۆم نایەتە بەر مەددی حیساب
خولاسە جێبەجێ بووین ڕێزێ لە خوار ڕێزێ لە ژوور
هێنایان هەر بەدوو کەس سینی یاپراغ و کەباب
ئەوی مەقبوول بێ لە لای خەڵکی قسەی موختەسەرە
بوو بەهاوسینیی من زۆرخۆرەکەی خانە خەراب
هەموو جارێ چواردە یاپراغ و دوو جووت نانی قەوی
بای دەدا لوولی دەدا قووتی دەدا میسلی دەواب
چنگی گورگی کە بەیەک حەملە لە گۆشت ڕامالّی
هاتە یادم ساعەتی زەحمەتی مەڕ جەوری قەساب
دەروونی هاتە جۆش و تەلەبی دۆی ترشی کرد
کاسە دۆی نایە سەر و دوو قومی لێدا بەشیتاب
ئەلقیسسە ئەو شەوە بەدبەختە وەهای کرد بەخورش
وەختە بوو قیرتەبەق و نان لە مەلا بێتە جواب

سالم لەو وێنە شیعرییانەی بۆ زۆرخۆری بەکارهێناوە موبالەغەی کردووە بەجەوهەرێک ئەدگاری کۆمیدی بەبەرهەمەکە داوە. زۆرخۆرەکە هەر پارووێکی بریتی بووبێ لە چواردە یاپراغ و دوو جووت نان، واتە چوار نان، ئەمە ڕەنگە بەهەندێ زۆرخۆر بکرێ، بەڵام ئاسایی نییە و زۆربەی خەڵک ئەوەندەیان بۆ ناخورێ، لەبەر ئەوە ناوەرۆکی ئەم شیعرە بووە بەمایەی پێکەنین.

٣

لە شیـعرێکیدا سالم وا خۆی پیشانی خـەڵکی دەدا کەسانێک بێ لە زەریای خۆپەرستی نوقوم بووبێ، لە خۆی بەولاوە هیچ شتێکی دیکە نەبینێ، بەڵام لێرە پیاو دەبێ وا بۆ مـەسـەلەکـە بچێ سـالم مـەبەسـی نەتەوەپەرسـتـیـیە، واتە ئەگـەر میللەتی خۆی هەموو مافێکی بەدەست نەخستبێ بەو چی، نەتەوە و خەڵکی دیکە سەربەست و ئازادبن. لێرەدا بیری شاعیر ڕەنگدانەوەی ئامانجی میللەتێکە لەبەر ئەوە ئـەم بیـروڕایانەی بـەخـۆپـەرسـتـی دواکـەوتوو بـۆی حـسـێب نـاکـرێن و لە مرۆڤایەتیش دوور نەکەوتۆتەوە.

هـەروەهـا لـەم قـەسـیـدەیەدا سـالم لاپـەڕەیێکی تری فـەلسـەفـەی ژیانمان بۆ دەکاتەوە. باوەڕی سالم لێرەدا ئەوەیە خەبات لە نێوان دوو هێزدا لەناوەوەیە. ئەم دوو هێـزە (من) و (تۆ)ین. (من) لە لای ئەو مـیللەتی کـوردە، (تۆ)یش تـورکـە عـوسـمـانیـیـە داگیرکـەرەکـانن. ئەم دوو هێـزە دوژمنی یەکترین، سـەرکـەوتنی هەرلایێکیان جێگەی ڕەنجاندن و دڵگیری لاکەی تریانە، جا ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەیە کامە لا لەسـەر هەقە، پێویستە لایەنگری ئەو لایە بکرێ، بێ گومان کوردە ژێرکـەوتووەکـان کـە بەزەبری سـونگی دیل کرابـوون، لەسـەر هەق بوون و تورکە خوێنخۆرە داگیرکەرەکان لەسەر ناهەق بوون، بۆیە دەبێ تەنیا لەبەر ڕۆشنایی ئەم بیـروباوەڕانەوە تەمـاشـای ئەم قـەسـیـدەی خـوارەوە بکرێ، ئەگینا دەبێ سـالم بەشاعیرێکی دڵڕەقی خۆپەرست لە قەڵەم بدرێ، ئەمەش لە ڕاستییەوە دوورە.

ئەگـەر نەخلی مـورادم بێ سـەمـەر بێ
بـەمن چی باغی عـالـەم جـوملە بەر بێ
ڕەقـیب! یار ئەو بە من بۆسێ کـەرەم کـا
بەتۆ چی گەر هەمووی شـەهد و شەکەر بێ
لە وەخـتـێکا سـەری خـۆم بێ کـولاه بێ
بـەمن چی تاجی شـاهی پڕ گـوهەر بێ
ڕەقـیب ئەمـجـا لە دلبـەر ڕامـە بۆ من
بەتۆ چی گەر هـەموو شـام و سـەحـەر بێ

کە خۆم ڕەختی غولامێ شک نەبەم هیچ
بەمن چی خواجە گەر زەڕڕین کەمەر بێ
ئەیا دوژمن کە بەختم هاتە یادی
بەتۆ چی گەر قەبای شاهیم لەبەر بێ
لە کونجێکا لەگەڵ یار ئەر بنیشم
بەمن چی عالەمێ زێڕ و زەبەر بێ
ئەرێ حاریس کە مونعیم پێم کەرەم کا
بەتۆ چی سەد تمەن گەر بیشتەر بێ
بەنەومێدی دەرم کا گەر لە دەرگا
بەمن چی تاق و حوجرەی پڕ لە زەڕ بێ
کە (سالم) بازی دەوڵەت بێتە سەر من
بەتۆ چی دوژمن ئەر خاکی بەسەر بێ

ئەم شیعرە هەوەسێکی شاعیرانەیە، دوور نییە سالم بۆ ئەوەی وتبێ خوێنەر بڵێ شاعیرێکی بەدیمەنە لە هەموو بابەتێکی وتووە. نابێ ئەو تیۆرییە لە بیر بکرێ کە دەڵێ؛ گیانی ئیستێتیکا سنووری نرخی هونەری داهێنان دەکێشی و دیاری دەکا نەک ئیدیۆلۆجیا و بابەت و ناوەرۆک.

شیعری داشۆرین (هەجوو)

بابەتی شیعری داشۆرین لە بەرهەمی سالمدا کەم بەرچاو دەکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا بایی ئەوەندە شیعری هەیە وەک نموونەیێک لە هونەری داشۆرین دیوانی شیعری کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم ڕەنگین بکا.

١

سالم لە شیعرێکی داشۆریندا ئەستۆی «برایم ئاغا»یێکی گرتووە، ئەوەی با بەدەواری شڕی ناکا، ئەو بەبرایم ئاغای کردووە:

فەرەنگ و داسنیی و ئەرمەنی و جوو
نوسەیری و دەیلەمیی و گەبری بەدخوو

بەحـــاڵی مـن نـەبن هەرگـــیـــز ئەمـــانە
هـەزار جـــار ئۆف برایم ئاغـا لـە دەس توو
قــورمـــســـاغـــە ئەوەندە بـەد ســروشـــتــە
بەدایم خـوێڕییـە وەک شـیـری سـەر کـوو
لە دەنـگی جـۆرە جـۆڕی ســوێسکەکـانی
دوو گوێی سووکم بەجارێ هەردوو کەڕ بوو
وەرن سـەیر کـەن لەبـەر چینەی کـەوی شین
کـە عـــالەم گـەردە هـەروەک تۆزی ئۆردوو
قـــەجـــەر ناوت بەچاوی خـــۆم نەبینم
کـە قـوشـچی بازی تێـبـەردا بە قـووقـوو
کـــەوە دۆمت شـــەڕانی و کـــەو بەزێنە
ئیـــلاهی دۆمـــەژن لێی نێ بەکـــاردوو
شـــەپۆڵت شـــەڕکـــەر و چاک و پەســـەندە
شـــەپۆل داســـا لە خـــوێنا یاخـــودا زوو

ئەو برایم ئاغایەی کەوتۆتە بەر نەشتەری سالم وەک کەسێکی کەوباز تەماشای دەکا، یاخۆ بەخەیاڵ کردوویەتی بەکەوباز بۆ ئەوەی هەندێ دیمەنی کۆمیدی لە کەو و سوێسکە و کردەوەکانیان لە چینە و خوێندنی قاسپە قاسپدا دروست بکا.

کـــەوە لاڵت مـــەزەندە زۆر عـــەزیز بوو
شـــوکـــور بۆیە لەبەر بێنی دەراتبـــوو
کەو و سـوێسکە و قـەفـەس دانێن لە هەر لا
دڵی زەرد و برایم ئـاغـــاش بەمـــــردوو
بەغـــەیرەز ئەم کـــەوانە و بارەکـــانیش
ســـەری ئاغـــا بەکـــوزی ژنی داچوو
لەسەر من قەرز و فەرز و شەرت و عەهد بێ
ئەگـــەر حـــاڵی برایم پاشـــا وەها بوو
لە ســـورمـــەی شـــادمـــانی هەردوو چاوم
وەها ڕەش کـەم وەکـو پەڕی پڕ ئەســتـوو

کـــەوی لۆتی بەکـــەیفی خـــۆت بخـــوێنە
خـــودا وای کـــرد کــە حـــاڵی من وەها بوو
ئیـــلاهی قـــارەکـــەوتان قـــەت نەمـــێنێ
چەقـــەڵ بیـــخـــوا ســـەر و سنگ و پەلوپوو
برایم ئاغـــا لە قـــوڕنیـــشێ ســـەراپا
وەکـــو باب مـــردووان بۆی بکا خـــواروو

سالم لە سەرانسەری شیعرەکەیدا لە گێتیی کەو و کەوبازی ناچێتە دەرەوە، کەوەکان ئاسایی نایەنە بەرچاوی، بەڵکو وەکو خاوەنیان خوێڕی و نزمن. لە کاتێکدا شاعیر لە برایم ئاغا هەڵدەچێ نەک تەنیا کەو و بارەکانیان بۆ ناوگەڵی ژنی دەنێری، بەڵکو سەری برایم ئاغا خۆشی.

٢

لە شیعرێکی دیکەیدا سالم (ڕەشە) ناوێک هەجوو دەکا، ئەمە سووکە ناوی (ڕەشید)ە. بەزۆری ئەم کەسە بوونی نییە، بەڵکو دروست کراوە، بۆ ئەوەی ناوەکە لەگەڵ وشەی (ڕەش) بگونجێ کە لە کوردیدا بەمانای کونی سمت هاتووە. ئەم شیعرە هەجوێکە شاعیر تەنیا خەریکی ڕەشی ڕەشەیە بۆ ئەوەی هەندێ وێنەی ڕەوانبێژی لە ئاواز و مۆسیقای دەنگی تیپەکان دروست بکا، هەروەها (ڕەشە)ش وەک کابرایێکی حیز بخاتە بەرچاو، لە کوردەواریدا ئەم سیفەتە مایەی سەرشۆڕی و نزمی خاوەنەکەیەتی لە کۆمەڵدا.

ڕەشـــە تیـــغی شکەمی کـــەر بەڕەشت
ڕەشـــە پاپاغی ڕەشت ڕاست بەڕەشت
ڕەشە هیندووی خەبیست میـهمان کەم
بەڕەشی خۆی ڕەشەگـیر کا لە ڕەشت
تاوی دا تاری ڕەشت مـــــەترەقی تەڕ
ڕەشە دوور بێ ڕەشی مەردم لە ڕەشت
ڕەشـــە نازانی لەبەر چی ڕەشە مـووت
دایکوتاوە ڕیشـــە ڕەشـــە لە ڕەشت

ڕەشــە زەربی گـەل ئەگـەر زەربی کـەســە
ڕەشــە مــەشـاکـی کـەری ڕەش بـەڕەشت
چوارچێـوەی کورسـی بەپشـتی کەفـەڵت
ڕەشـــە وەک تـاقـی خـــەلووزانە ڕەشت
مــەسـرەعی مــاوە شــەریتــەی وەســفت
تا ڕەشــە مـاوە، ڕەشــە ســوور بـەڕەشت

لەم شـیعرەدا بێ گومـان شاعیر مـەبەسـی داشـۆرینە، بەڵام بەڕاسـتی لە ئەدەبی کوردیدا داشـۆرین هـەرچەندە بابەتێکی سـەربەخۆیە و لە شـیعری کراوە (سێکس) جیا دەکرێتەوە، بەڵام ئەو دوو مەبەسە لە یەکتری وەردەگرن، وەکو لەم شـیعرانەی سـالمدا دەردەکەوێ، لە بنجدا مەبەسـی شـاعیر داشـۆرینە، بەڵام لە شیعری کراوە ڕزگاری نەبووە و لەم بەڵگانەدا ئیمـایێکی سـووک هـەیە بۆ ئەندامە شـارراوەکانی ژن و پیاو.

شیعری شـین و شـەپۆڕ و ماتەم

سـالم ماتەمنامـەی کەمـە بەشیعر، ئەوەی هـەیەتی بۆ کـەسـی دیاریکراو نەوتراوە لە خـزم و دۆسـت و برادەرانی. شـین و شــەپۆڕی تێکـەڵ بەلایەنی کـۆمــەڵایـەتی و سـوارچاکی کردووە، هـەموو لاواندنەوەی بۆ ئازادی و سـەربەسـتیی لە دەسـتچووی نەتەوەی کورد بووە کە هۆی لـەناوبردنی میـرنشـینی بابـان و ڕووخـانی پایتـەختـە ڕەنگینەکەی شاری سلێمانی لە لایەن دەسـەڵاتی تورکی عوسـمانییەوە بووە.

١

لە شـیـعـرێکیـدا سـالم وشـەی ئەلوەداع (ألوَداع)ی عـەرەبی بەمـانای مـاڵاوایی دوایی (مـردن و کـۆتایی هـاتنی ژیان) دەکاتـە پاش قـافـیـە، شـین و واوەیـلایەتی بۆ ڕووخـانی میرنشـین:

ئـەلـوەداع ئـەی مــــولـکی بابـان ئـەلـوەداع
ئـەلـوەداع ئەی ئـەهـلی ئـیــمـــان ئـەلـوەداع
وەک ئـەسـیـری تـورکـمـان دەمـبـەن بەزۆر
ئـەلـوەداع ئـەی شـــاهـی خـــووبـان ئـەلـوەداع

مـــوســــتـــەعـــيــددم بۆ بيـــلادی ڕافـــزی

ئەلوەداع ئەی جــــانی جـــانان ئەلوەداع

دەشـتـی هـيـجـرەت تاڵە وەک دەريـايی قـيـر

ئەلوەداع ئـەی مـيـهـری ڕەخـشــان ئەلوەداع

ڕووبەڕووی مەشريق دەچم بۆ مولكی (ڕەی)

ئەلوەداع ئـەی قـــيــبلـەيـی جـــان ئـەلوەداع

ئـەشـكـی ديـدەم ڕەنگی گـــــوڵـناری هـەيە

ئـەلوەداع ئـەی نـاری پـوســــتـــان ئـەلوەداع

سـيـحـحـەتی دا وەسـڵی تـۆ هـيـجـری مـەڕەز

ئـەلوەداع ئـەی دەرد و دەرمــــــان ئـەلوەداع

دڵ بــــەرابـــەر زولــفـــی تـــۆ وازيــح دەڵـــێ

ئـەلوەداع ئـەی ســـونبـــولســـتـــان ئـەلوەداع

زەخـــمـی دڵ بۆ ئـابی پـەيكان تـوشـنـەمـــا

ئـەلوەداع ئـەی تيـــری مـــوژگـــان ئـەلوەداع

گـــەرچی بۆ ئـەحـــواڵی (ســـالم) بـێ غـــەمی

ئـەلوەداع ئـەی نـامـــوســـڵـــمـــان ئـەلوەداع

خۆشەويست و دلبەری شاعير ميرنشينی بابانە، بەدەستی دوژمنان لەناوچووە، سالم سـەر ئەڵقەی لـەخۆدان و شين و شـەپۆڕە، بۆ كارەسات دەلاوێنێتەوە، هـەموو ميللەتی كورد لە سنگی خۆی دەدا و (ئەلوەداع)ەكانی شاعير دەگێڕێتەوە.

٢

سـالم كـارەسـات و ڕەنجـەڕۆيی مـيـللەتی كـورد لە ڕووخـانی مـيـرنشـيـنی باباندا دەبينێ، تێكشكانی كۆمەڵی كوردەواری لە سلێمانی لە ڕۆژگارانی فەرمانڕەوايی «ئەحـمـەد پاشـای بابـان» بوو، چارەنووسـی ئەوە بـوو لە ڕۆژگـاری فـەرمـانڕەوايی ئەودا مـيـرنشـين بڕووخـێ، ئەم مـاتەمنامـەيە وەكو بەرهـەمـێـكی شـيـعـری دەكـەوێـتە بەرچاو شـاعـير بۆ كۆچی دوايی ئەحـمـەد پاشـا وتبێتی كـەچی ڕاسـتـيـيـەكە ئەوە نيـيـە، بەڵكو بۆ ڕووخـانی مـيـرنشـين وتوويەتی، وێنەی ئـەم ڕووخـانەی لە ئەحـمـەد

پاشا دیوە چونکە دوا میری میرنشین بوو.

نەما ڕەنگم بەبێ دیداری ئەحمەد
چ دڵ تەنگم بەبێ ڕووخساری ئەحمەد
سەری پڕ شۆرشم سەودایی هیجران
دوو چاوم تا سەحەر بێداری ئەحمەد
دەبارێ ئەشکی خوێن گول گول لە چاوم
وەکو لەعلی لەبی گوڵناری ئەحمەد
بینابیم تار و ئەشکم سوور و ڕەنگ زەرد
دەروون پڕ نار و لەب پڕ باری ئەحمەد
لە دەور قوتبی خەیالم وەک جەدیوار
لە مەغریب تا بەیان دەوواری ئەحمەد
زەمانە مەرکەز و ئەو قوتبەکەی ناو
دڵم دەوری نوقتە پرگاری ئەحمەد
درەختی کون فەکان ئەووەل کە نێژرا
جیهان هات شاخی پڕ گۆباری ئەحمەد
لە ژێر باری خەفەت (سالم) سەبوور بە
دەنێرێ ئەحمەدت موختاری ئەحمەد

پیاو کە ئەم ماتەمنامەیە دەخوێنێتەوە وا هەست دەکا بۆ پێغەمبەر وترا بێ، چونکە هەردووکیان ناویان ئەحمەدە و موختاریش ئەگەرچی لە بنجدا لەقەبی پێغەمبەرە، بەڵام بەهەموو ئەحمەدێکیش دەوترێ. هەرچۆنێ بێ ئەگەر ئەم شیعرە لەگەڵ ئەوەش بگونجێ بۆ پێغەمبەر وترا بێ ڕاستییەکەی ئەوەیە بۆ ئەحمەدەکەی پاشای بابان وتراوە.

٣

ڕەشبینی و توانەوە لەناو کارەساتی ژیان لە ئەنجامی ڕووخانی میرنشینی بابان لە لای شاعیر گەیشتۆتە پایەیێک لە دڵ و دەروونیدا کرمی کردووە، شاعیر ڕاستگۆ بووە لە خۆشەویستی نیشتمانی، بەشێوەیێک نەیتوانیوە بەهیچ جۆرێ

ئەم مـەینەتییە گەورەیە لە بیر بکا. ڕووخانـی میرنشین شێت و شەیدای کردووە، چونکە سـەربەسـتیی نەتەوە بـۆ سـالم ئامـانج و هیوا و بیروبـاوەڕ بووە، ئەگینا چاوەنۆڕ ناکرێ شاعیرێکی موسـوڵمـان و خـواناس لە نیوەی یەکەمی سـەدەی نۆزدەمدا ڕوو بکاتە ئاسمان و لەباتی ئەوەی لێی بپاڕێتەوە گلەیی لێ بکا:

بۆ منـی سـەرگـەشـتـە ئەلحـەق پڕ فـەنا بـوو ئاسـمـان
دەرحـەقم ئەمـجـارە یەکسـەر بێ وەفـا بوو ئاسـمـان
تێکی دا بنیـادی وەسـڵ و شـیـشـەیی بـەزمی شکاند
بۆ خـراپـەی مـولکی دڵ پڕ مـوددەعـا بـوو ئاسـمـان
ئەلغـەرەز هـات ڕۆشنایـی دڵ لەبـەر شـەمـعی مـوراد
دەرحـەقی بەخـتم نەسـیـمی سـوبحگا بوو ئاسـمـان
چاک چـاک و لەت لـەتی سـینەم لە ئەندۆهی فـیـراق
بـۆ دڵی خـوێنینـی من تیـری قـەزا بوو ئـاسـمـان
چونکە زانی دڵ موحـەسسـەن بوو لەناو جـەیشی فیراق
وەک عـەلەم لەشکری مـیـحنـەت بە پا بوو ئاسـمـان
تێکی دا غـورفـەی مـورادم بوومـەلەرزەی ئینقـیـلاب
بۆ بناغـەی مـولکی عـیـشـقم بەد بینا بوو ئاسـمـان
وەک هومـاوەردانـی مـەیدان چـاو و ڕووی هـەروا لـە من
بۆ کـەمـینم گـەردوشـی ڕوو بەر قـەفـا بوو ئاسـمـان
مـولکی بابان پڕ لە غەوغـا خـاکی کـوردسـتـان لە غـەم
مـایەیی فـیـتنە و فـەسـاد و مـاجـەرا بـوو ئاسـمـان
حەققی سوحبـەت بۆ چ بەچاو نادیری (سالم) بەسیەتی
یـا لـە وەسـڵا چـەند ڕۆژێ ئاشـنـا بـوو ئـاسـمـان

لە دیوانی سالمدا شیعری وەسف و دڵداری لێ دەربچێ، لە شیعری دیکەیدا بۆ هـەر مـەبەسـێک وترا بن هـەست بەوە دەکرێ پیشـەی هەمیشـەیی شـاعیر غـەم و پەژارە بووە، شین و شـەپۆڕی بووە بۆ لـەدەسـتـچـوونی مـیـرنشـینی بابان لە سلێمانی.

بەشی یازدەم

شیعری کۆمەڵایەتی و نیشتمانی سالم

جەنگی ڕووخانی میرنشین و داگیرکردنی سلێمانی

دوا هێرشی سوپای تورکی عوسمانی بۆ سەر شاری سلێمانیی پایتەخت و داگیرکردن و ڕووخانی میرنشین، کارەساتێکی گەورە بوو، هەموو نەریت و ڕەوشت و ئەدگارێکی نەتەوەیی شێواند، لایەنی سایکۆلۆجی لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر دەروونی هاووڵاتییە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەکانی هەڵتەکاند و تووشی ڕەشبینییێکی کوشندە بوون.

سالم یەکێک بوو لەو کەسانەی بەچاوی خۆیان دیمەنی شەڕوشۆڕی ناو شاریان دیبوو. پیاو دەتوانێ بەخەیاڵ بڵێ شاعیر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم وەک پەیامنێرێک خۆی لەناو جەنگەکە دیوە، ئەوەی چاوی پێ کەوتووە، شیعرییانە یاخود بەشیعر گێڕاویەتییەوە و ئەم بەرهەمە ئەدەبییەی لێ دروست بووە.

شاعیر بەم دێڕانە ئەوەی ناو دڵ و مێشکی دابوو دەگێڕێتەوە:

لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم دەستەوئەژنۆ کەف زەنان
گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان
بەزمی سەیدی ئێمە سەییادی فەلەک کارێکی کرد
ڕەنگە بالای تیر قەددان بێتە تەرکیبی کەمان
زیعفی تالیع جازیبە وەک کارەبا بۆ خوێن و دەم
سەیری چەهرەی بەختی من کەن بوو بەڕەنگی زەعفەران
نەوبەهاری من خەزانە وەقتەکەی سوبحم تەمووز
پرتەوی ماهە غەم و چاکی دەروونم وەک کەتان
تورکی قورسی خۆر کە تالیع بوو تولووعی کرد بەڕەقس

کەوکەبەی ماهی مورادی ئەهلی بابان بوو نیهان

دڵ لە میحنەت کەیلە مەیلی سەیری ناوشارم نییە

عەینی چاوم خوێنی تێزاوە لە داغی مەردومان

ئەهلی بابان گریە کەن بۆ خانەدان و ئاغەتان

نیمی مەحبووس، نیمی مەقتوول، نیمەیی مەنفی کران

کەوڵ بەدۆش، یا خەرقەپۆش بن تاج و کەشکۆڵ هەڵگرن

ڕوو کەنە ئەملاکی (پیترو) بچنە شاری خامۆشان

ئاگری نەکبەت لە خەرمەنهایی تالیع کەوتووە

شەمعی دەوڵەت هەر تەرف دەگرا هەموو خامۆش کران

کێ دوعای کردبێ بەسۆز ئەم سال لە گشتی (شارەزوور)

وا ببارێنی لە تەن خوای تەرزە ڕوویی ئاسمان

سالم شین و شەپۆڕ بۆ کارەساتی لەناوچوونی سەربەخۆیی میرنشینی سلێمانی دەکا، بەسەرهات ئەوەندە گەورە بوو گێژەڵووکە و ڕەشەبا گێتیی کرد بەتاریکستان. ئێمە لە خۆشیدا بووین، ژیانمان سەیران و ڕاووشکار بوو، بەڵام گەردوون (فەلەک) ئێمەی ڕاو کرد و خەڵکی ئێمە تەندروست و باڵا ڕێک بوون وەک تیر، بەڵام هەموویان لە داخانا چەمانەوە وەک کەوانیان لێ هات. بەدبەختی لەوەدایە وەک کارەبا چۆن شت ڕادەکێشی بەم جۆرە خوێنی ئێمە لە لەشمانا دەکێشرێ، لەبەرئەوەیە چارەی بەختمان زەرد هەڵگەڕاوە و وەک زەعفەرانی لێ هاتووە. ڕووداو وای لە شاعیر کردووە بەهاری تازەی لێ ببێ بەپاییز و فێنکی بەیانییانی لێ ببێ بەگەرمای تەمووز و ڕووناکی ڕۆژ ون ببێ لەبەر ڕووناکیی مانگ، ئەو خەفەتە بەدی دەکرێ کە پەراسووی سنگی هەلا هەلا کردووە. لە بابەت هێرشی سوپای تورکی عوسمانییەوە وەک تیشکی خۆر کە هەڵدێ هەموو لایێک ڕووناک دەکاتەوە. سەربازی ئەو سوپایەش هەموو لایێکی داگیر کرد، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کەوکەبەی مانگی ئامانجی خەڵکی بابان بزر ببێ. دڵی شاعیر پڕ لە ناسۆری ژیان دەبێ، شار بەجۆرێک تێک و مەکان بووە نایەوێ چاوی پێی بکەوێ، ئەو چاوەش خوێنی تێزاوە لە داغی خراپەکاری. شاعیر ڕوو دەکاتە خەڵکی سلێمانی و پێیان دەڵێ شین و شەپۆڕ بکەن بۆ پیاوماقووڵانتان ئەوانەی

هەندێکیان خرانە بەندیخانەوە، هەندێکیان کوژران و هەندێکیان ئاوارە کران، ئەوەی ماوەتەوە وەکو دەروێش کەوڵ و خەرقە لەبەر بکەن و کەشکۆڵی خۆتان و تانجی میرنشین هەڵگرن و ڕوو بکەنە وڵاتی پیتر (مەبەسی پیتری گەورەی قەیسەری رووسیایە) بۆ ئەوەی لەو ئاقارە دوورانە کۆتایی بەژیانتانا بێ، چونکە ئاگری نەکبەت بەربۆتە خەرمانی بەخت، ڕووناکی دەسەڵاتی دەوڵەت لە هەموو لایێک کوژایەوە. دەبێ دوعای کێ بێ هاتبێتە دی و خوای تەرزە شارەزووری وێران کردبێ!

ڕاستە گەردوون چاپوکە بۆ ڕەنگی بەدریتن وەلێ
نارژێنێ ڕەنگی بەم ڕەنگە بەموددەی سەد قران
حەلقە دەن یاران بلا ئاشفتە بەخت و تیرە دڵ
ڕۆژگار دونیای لە ئێمە کرد بەزولفی دلبەران
(شارەزوور) بەحر و (سلێمانی) لەسەر ئەم گەمیە ڕەنگ
بۆ شکستی وەک نەهەنگ بۆ فیتنەیی ئاخر زەمان
ساعیقە و بەرقی نەدامەت زوڵمەتی دا شەرق و غەرب
بەردەبارانە بەمەخسووسی لەسەر مولکی بەبان
چاوی عیبرەت هەڵبرە ئەی دڵ لە وەزعی دەهری دوون
سەیر کە ساتورکی فەلەک چی کرد بەزومرەی کورد زمان
عەرسەیی مەیدانی چەرخە ئێستە جەولانگاهی بووم
بوو بە لانەی زاغی بەدخوو ئاشیانەی بالەبان
بێ زەبان کوو کوو زەنان هەر خانەدان تێدەفکرم
عەنکەبووت خواجەنشینە جوفتی جوغدە دیدەبان
چارەسەر کەن ئەهلی دەروێش نانی مونعیمتان برا
لووله بوو سفرە و نەواله، ون کرا زەرف و خوان
ئەهلی سادات و مەلا و حاجی بلا شین کەن بەسۆز
دەفتەری ئەهلی وەزایف دیم عوموومەن حەک کران
حاکمە ڕۆمی لەسەر تەختی (سلێمانی) درێغ
کەوتە دەستی دێوی دوون موهری سلێمان ئەلئەمان

بەڕووخـانی مـیرنـشـین سـالـم گـەیشـتـۆتە حـاڵەتێک خـۆی ون کـردووە، لە هۆی ڕووخـانی دەسـەڵات نـەگـەڕاوە، بیری لەوە نەکردۆتەوە کـارەسـات ڕوویداوە و چۆن گیروگرفت ڕاست دەکرێتەوە، تەنیا وەک شاعیرێک ئەوەی بۆ مـاوەتەوە گریە بکا و بەشـێوازێک بیـلاوێنێتەوە و شـیـعرێکی پڕ لە هونـەری بەرز و وێنەی جوان و بیـری داهێنراو دروست بکا.

هەندێ لە وێنەکانـی شـاعـیـر ئەوەیە: لە حـەژمـەت ڕووخـانی مـیرنشـین گـەردوون گێتـیی ڕەش کردووە وەک ڕەشی زولفی دلبـەران، شـارەزوور زەریـایە و سلێـمـانی کەشتـیی سـەر ئاوە. هـەمـوو جێیێک بووە بەنیشـتـمـانی کوندەبوو، ئینجـا شـاعیر باس لە وەزعی نالەباری خـەڵکی دەکا، بەتایبـەتی دەروێش و سۆفی و سـەید و مەلا و حـاجی و مووچەخۆرانی دەوڵەت نانیـان بڕاوە، خـوانی نان پێـچراوەتەوە. داخی گران فـەرمـاندەی ڕۆم (تورکی عوسـمـانی) لـەسـەر تەختی سلێـمـانی دانیشـتـووە، دێوێکی بێ کـەڵک و بەدفـەڕە و مـۆری سلێـمـانی کـەوتۆتە دەست. لێرەدا شـاعـیر تەختی پاشـای بابانی سلێمـانی بەتەختی سلێمـان پێغـەمبـەر دەچوێنێ، پاشـای سلێـمـانیش مۆری بووە وەکـو مـۆرەکـەی سلێـمـان پێغـەمبـەر و کـەوتۆتە دەست داگیرکەران.

ئـەسکـەمـل بێـنن قـــەراریـان دەن لە جـــێی ئـاغــــەلـەران
مـەجلیـسی شـوورا ئەمـێـستـە خـاسـسـە بۆ ئەسنافـەکـان
وا (کـەریم ئاغـەی نەنێ) تـەدبیـری هـەسـتـەی جـاف دەکـا
(خـالە هۆمـەر) داروغـەی شـار و مـودیر (حـاجی ئەحـان)
کـەس نەچێـتـە پێـشـەوە (حـاجی غـەنی) تەدبیـرییـە
مـەئمـووری تـەبتـی نوفـووســە و شـاغـیلی باجی دوکـان
مـەجلیـسێ وا بێ مـوحـەقـقـەق دوودی گـۆگـرد عـوودە بۆی
(دەروێش ئاغا) بوو لە جێی (مستۆ) هەموو شەو نەغمەخوان
عـەزل و نـەسـبی کـرد بـەتەدبیـری کـەیا مـەنسـووبی ڕۆم
قـــاوەچی (ئەولای قـــالە) بێـــتـــو ســـواران پاڵەوان
ئاڵوگـۆڕی مـەنسـەبی دوو شـەخسی عـالیـجـا کـرا
(مەحمـوود ئاغای) زل حەکیم باشی حەمـامچی (بابەجان)

(حــاجی مــیــرزا) کــەوتە ناوشـــار و تەرازووی شـــاردەوە
مـەسـرەف ئاسـا حـاسـیـبـە بـۆ خـاسـسـە جـاتی (مـالوان)
کێ دەکـا تەقسـیـمـی مـەنسـەب وا مـوقـابیل شـانی شـەخس
بۆ (عـــەزیز) ســـەربـازە کــۆم و (حــاجی قـــادر) ئاشــەوان
مـیـری (خـورمـاڵ) و (دەلێن) ئـەم سـاڵ مـەزەننە (سـاڵح)ە
باز بـە (جـەببـار)یان سـپـارد بـاقل ئومـووری دۆمـەکـان
(ئاغــە تەها) مــەشــوەرەت جــۆیە لەگــەڵ ســەر کــاتبی
وا دەزانم وەرگـــری حـــوکـــمی چیـــا ســـەوز و شـــوان

لەم دێڕانەدا و لە هـەندێ دێڕی دیکەی ئەم قەسیدەیە ناوی هـەندێ کەس هـاتووە. ئەم نـاوانە لە زۆربەی دەسنووسی شـیـعـری سـالمدا نـەنووسـراونەتـەوە و جـێی ناوەکان بەبەتاڵی ماونەتەوە بۆ ئەوەی ناوەکان بـەنهێنی بمێننەوە. بێ گومان هۆی ئەم کـارە ئەوەیە خـوێنـەر ئەو کـەسـانـە نەناسێ کـە ناویان هـاتووە، نەوەک ئەگـەر بەخـراپە بـاسـیـان لێـوە کـرابێ بـۆ کـەسـوکـاریان خـراپ بێ و ناویـان بێ بزڕێ، بەتایبەتی ئەوانەی ئێستا لە ژیاندان. دەسنووسە گرنگەکەی «نەجمەدین مەلا» کە لای ئێمـە پارێزراوە ئەو ناوانەی نووسیوە و ئەو تێکستانەی لێرە دەخرێنە بەرچاو لەو دەسنووسە وەرگیراون.

لەم برە شیعرەدا سالم باس لە وەزعی نـاوشاری سلێمانی دەکا لەدوای ئەوەی تورکـە عوسـمـانییـەکـان داگیری دەکەن. شـاعیـر لێرەدا زیاتر لە هەڵسوکەوتی هەندێ کـەس دەدوێ، ئەمانە هەندێکیـان خراپەیان لەگەڵ کۆمـەڵ کردووە بەوەی یارمـەتی داگیرکەریان داوە، هەندێکی دیکەیان هەڵوێستی نیشتمانپەروەرییان بووە، لەوانە ناوی کۆمەڵێک خەڵکی ئەو سـەردەمە دەبا وەکو: (کەریم ئاغای نەنێ و خاڵە هۆمەر و حاجی ئەحان و حاجی غەنی و دەروێش ئاغا و مستۆ و ئەولای قالە و مـەحـموود ئاغا و باباجان و حاجی میرزا و عـەزیز و حاجی قـادر و سـاڵح و جـەبار و ئاغـە تـەها). جگە لـەوە ناوی شـوێنی جـوگـرافی وەکـو (شـارەزوور و سلێمانی و مالوان و خورماڵ و دەلێن) و هی دیکە دەهێنێ.

(بالەنی) و (ئەولا سـووتەڵ) هەردوو شـەریکی قیـسـمـەتن
تەبتی توغرا بوون بەحوکمی (ماوەت) و سەمتی (قەشان)

وەک مـەگـەس ڕۆمی لە لایان فـەرقی پاک و پیس نـەبوو
لـەقلـەق و نێـــری دەچن بـۆ زابیـــتـی نـەهری (مــــوان)
بۆ گـەڕانی دەوری شــار ئەم شــەو (مـەلا یوونس) دەچێ
مـشـتـەکەی گورز و کەمـەندی کشـتـەک و دەرزی سـینان
(حـامید) و (وەسـتا حوسـێن کل) وا لە شـارا گیزمـەچین
هـەردوو بۆ خـوێن ڕشـتنی کـوو بەکـوو توشنەن بەجـان
شیری قەمچی، تیری دەرزی، خڕکی نێو گورز، زەرعی ڕم
نخ کەمـەند، ئەسپـە ڕووت و جـەوشـەنیـەتی بەر بەر ددان
غـەڵبـە غـەڵبی هـەی بکوژ هەڵسـا لە دەشـتـی (چواربـاغ)
(قــادری دەللاک)ە هـەر شــەو تـا ســەحــەرگـە پاســەوان
کـەس نـەڵێ ڕۆمی لـە تەســخـیـری مــەمــالیک چابوکن
ســســتــیی بەخــتی عــەشــیـرەت بـوو بەچالاکی ئەوان
وەرنە ڕۆسـتـەم وەک ئەوان کـەی دێتە دەست بـۆ چابوکی
وا بـەغـیـرەت، وا بەجـورئەت وایـەل و ســاحـیب سـینان
وەقـتی حــەملەی ڕۆژی مـەیدان مـوددەعی وا کـز دەکـەن
دێتـە لەغـزش پێی ریکاب و سـست دەبێ دەسـتی عـینان
شـێری بیـشـەی مـولکی بابان مـەردی مـەیدان زاهیـرە
گـەر کـەسی بینێـتـە خـاتیـر دەسـتـوبردی گـەرمیـان

لە بەشێکی تری ئەم قەسیدەیەدا دیسـانەوە شاعیر خـەریکی ناوهێنانی هەندێ کـەسـە لە خـەڵکی شـار کە دەوریان بووە لـە شـەڕ و ئاژاوەکـاندا وەکـو: «بالەنی و ئەولاسـووتەڵ و مـەلا یوونس و حـامیـد و وەسـتـا حـوسـێن کل و قـادری دەلاک». جموجۆڵی و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵ تەنیا پێوەندی بەشاری سلێمانییەوە نەبووە، بەڵکو ناوچەکـانی نزیک و دەرەوەی شـاری سلێمـانی دەوریان بووە، وەک (ماوەت و قەشان و زێی موان و چواربـاغ) و هی دیکە.

گـیـانی نیـشـتـمـانپـەروەری لە لای سـالم بۆتە هۆی ئەوەی تەنیـا ئازایی لە جەنگاوەری کوردی پارێزەرانی سلێمـانی ببینێ و هـەمیشـە ئەمانە وەک ڕۆسـتەم

بکەونە بەرچاوی و کەچی جەندرمەی ڕۆمی (تورکی عوسمانی) لای شاعیر دەبن بەڕەمزی ترسنۆکی.

مەردی مەیدان هاتە جەولان باز لە دەنگی تەپڵی باز
حەیتە وەک شاهۆیی گێژ و کورد بەمیسلی بالەبان
مەرگی تورکانی جەفاجۆ سەد قەدەم پێش گوللە کەوت
تاپ لە ئەنگوشتی بۆسی، ئەو گەیشتە سەر نیشان
ئیختیراعی تورک لە دڵدا مەشق جۆی شێوەی شەغال
یەککەتازی کورد لە دونبال هەروەکو شێری ژیان
خۆ لە بیمی تیغی جانفرسای عەزیز، ئەو ڕۆژە تورک
میسلی کەو باڕی هەڵۆ بین شەش جیهەت لێک دابڕان
هەرکە شوعلەی ماهیچەی تیغی بەرەهنەی بوو زوهوور
وەک قوڵنگی شەوچرا بین تێکەڵاو بوون ڕۆمییان
گوللەتۆپ وەک تۆپی قایش بوو لە ئاقار غیرەتی
تەبع جۆیای بەزمی شیلگ بوو لە جێی سینەکەمان
بۆ قومارى مەعرەکە تیغی بەڕووتی نابڕێ
بۆ جەلای جەوهەر لە خوێنی موودەعی وەردەگرێ قان
ئیسمی قابیز بوو لە جێی جەوهەر لە حەربەی ڕمی ئەو
وەک چەپەر پۆستەی ئەجەل هات و بەتورکی دا نیشان
تورک وەکو تیلکی زەعیف و کورد ئەسەدخوو هاتنە پێش
جەنگجۆ بوون یەک بەیەک هەر سوو وەکو بەبری بەیان
سرری مەخفی ڕۆمیان زانیوتە بۆ زاهیر دەبوو
نووکی ڕم دەیخوێند لە دڵیا تا هەموو ڕازی نیهان

لەم دێڕانەدا شاعیر هەوڵی ئەوە دەدا لە جەنگی ناوشاردا ئازایی کورد بخاتە ڕوو، جەنگاوەری کورد لە بەکارهێنانی چەک پسپۆڕ و شارەزا بووە، مەشقی سیلاحشۆڕی زۆر بووە و لە نهێنییەکانی چەک و سیلاحی جەنگی ئەو سەردەمە گەیشتووە. لەو شیعرەدا سالم لە ڕووی دڵسۆزی و موبالەغەی شیعرییەوە تورک

بەتووله سەگی بێ توانا و کورد بەشێری نەڕی بەهێز دەچوێنێ، بەڵام ڕاستی ئەوه نەبووه، بەڵکو سوپای تورکی عوسمانی له کورد بەهێزتر بووه، لەبەر ئەوه جەنگاوەرانی بابان نەیانتوانیوه بەرهەڵستی بکەن و شار له لایەن ئەو بێگانانەوه داگیر کراوه.

وەختە بۆتان پیرەهەنیان بێتە جامەی ئاخیرەت
هەر لەناکاوا نیزام دایان له ڕیزی باڵەبان
هەی خودارۆ لەودەمە چی کرد تەقەی تۆپ و تفەنگ
سەر زەمین تاریک و دونیا تۆز و کەڕ گوێی ئاسمان
ماهی تالیع ڕێی مەحاق و ڕۆژی نەکبەت جیلوەگەر
خەرمەنی شادی لەبەر با بەرقی غەم ئاتەش فشان
لاغری تالیع شکاندی حەسرەتا بازووی قەوی
ئەختەری بورجی موزەففەر خۆی له ئێمە کرد نیهان
گەرچی پێشاپێش بەهەیبەت بوون و ئازا چوونه پێش
حەسرەتا باز هەم نەیانزانی نیزام وا بێ حەیان
پێشی دەمیان شیلکی تۆپ پشتی سەر ئەو ئاگره
گەییه چەرخی هەفتەمین لەوعانەدا ئاه و فوغان
گوێ فەلەک کەڕ بوو لەبەر ناڵەی نەفیری ئەهلی شار
لامەکانی گرت سەدای ناڵە و فوغان و ئەلئەمان
موددەعی کوێر بێ، نیزام ئیفلیج، مەکان زێڕ و زەبەر
(میری سورداش) و (ئەمینە)ی پیاوی هەردوو ئەنگوان
گەر عەشیرەت گریه کەن هەریەک هەتا دەمرن کەمە
کوشتنی میر بای موخالیف بوو بەشەمعی دوژمنان
ڕۆژی قەتل ئەمرۆیە ئەلحەق (وا حوسێنی) پێ دەوێ
بۆ ئەدای تازی سەراسەر نیلگوونه ئاسمان

بێ سەروبەری و ئاژاوەی ناو کۆمەڵ بەهۆی جەنگی ناو کۆڵانەکانی سلێمانی گەیشتبووه ڕادەیێک سالم کراسی بەری جەنگاوەران بکا بەکفنی ئەو شەهیدەی بەرەو گێتییەکەی دیکه کەوتۆته ڕێ. تەقەی تۆپ و تفەنگ سەر زەوی تاریک کرد و

گوێی ئاسمان کەڕ بوو، مانگی یەک شەوە بوو بەمانگی مەحاق، بەختی بێ هێز و لاواز بەسەر بازووی بەهێزدا زاڵ بوو. کارەساتێکی ئەوتۆ بەسەر کورددا هات لە پێشەوە بەتۆپ و لە پشتەوە ئاگرباران کران، ئاه و ناڵەیان گەیشتە ئاسمانی حەوتەمین.

شاعیر دەستەو دوعا دەوەستێ بەدەم لاواندنەوەوە دەڵێ: دەسەڵاتی تورکی عوسمانی کوێر بێ، سەربازی تورک ئیفلیج بێ، زەوی بلەرزێ و بقڵیشێتەوە و زێڕ و زەبەر بێ. لەو دیمەنە تراجیدییەی شاعیر دایهێناوە میری سووورداش و ئەمین یا ئەمینەی پیاوی دەکوژرێن. سالم ڕوو دەکاتە خەڵکی و دەڵێ: هەتا مردن ئەگەر بۆ کوشتنی میری سووورداش بگرین و شیوەن بکەن هێشتا کەمە، ئەم کارەساتە بوو بەخۆشی بۆ دوژمنان. ئینجا شاعیر دەڵێ: ئەمڕۆ بەڕاستی ڕۆژی کوشتن و خوێن ڕشتنە، لەخۆدانێکی گەرەکە وەکو ئەو (وا حوسێنی)یەی بۆ شەهیدی کەربەلا دەکرێ، لەم تازییەیەدا سەرانسەری ئاسمان لە شین و شەپۆڕدایە.

یادگاری حاکمان و جانشینی سیلسیلە
نامراد و نەورەس و مەقسەد نەدیو و نەوجەوان
سەد کە ڕۆژی گریە بوو ئەمما ئەمن زۆر پێکەنیم
(پوورە ماتان) (ئەحمەد ئاغا)ی بردە شکلی دۆمەکان
دەرپەڕین باز مەیلی ئیقدامیان نەبوو لەو بیدعەتە
حەسرەتا یەک دڵ نەگەینە شیوەکەی گردی گوڵان
مەیلی لانیان بوو وەکو کەروێشکی پاش ڕاو هاتنەوە
دەرنەچوو چا بوو بەحەملەی دێڵە کەهیا کوڵ کران
سێ بلۆک لای پشتی گرت و سونگی دەوران هاتنە پێش
حەسرەتا باز هەم نەیانزانی نیزام وا بێ حەیان
سەر بلۆکیان (خاڵەکەی هەورامی)ی و (قالەی شەریف)
هەم ڕەفیقیان بوو (عەزیزە حیزەکەی) چووچانیان
ئاهی ئەم حاکمانە تەحقیقە ئەگەر نەگری نیزام
قەومی نوحیش دەچنە جەننەت بێ شک و شوبهە و گومان

سـەرفی نـەقـدی ڕووحی شـیـرین بوو هـەتا پەروەردە بوون

بەچکە گـورگ ئاسـا لە ئاخـیـر چوونە کـۆزی دوودمـان

فــەرقی فــەخـری مـیـرەڵایی گـەییـیـە بەهـرام و ئەســەد

کــەوتـە قــەعـری چاهـی غـەم لەو حــاڵە مـیـری بـازیان

بـاز وەکـــــو بـازی تـەوار دەورێـکی کــــــرد و هـاتـەوە

دەوری کـەهـیـا و شـاری گـرت دیسـان بەرارای نۆکـەران

ئەو کـوژراوەی کـە سـالم ناوی نەهێناوە لەوانەیە «عـەزیز بەگی بابان» بووبێ، چونکە ئەو سـەرکـردەی لەشکری بابان بوو لە سلێـمـانی لـە سـەردەمـی هێرشی تورکی عوسمانی، لەم قەسیدەیە و لە شیعری دیکەی سالمیش ناوی هاتووە. لەم هەڵوێستـە تراجیدییـەدا کە مـایەی گریان و پەژارەیی بوو بۆ شـاعیر بەپێچـەوانە گەڕایەوە و بوو بەمـایەی پێکەنـین، چونکە ئەوەی «پوورە مـاتان» بەئەحـمـەد ئاغـای کرد لە ئەنجامی ژێرکەوتنیدا بـا بەدەواری شڕی ناکا. وا دەردەکەوێ لە کاتێکدا لەشکری ئـەحـمـەد ئاغـا بەزی بێ دووبـارە خـۆیان کـۆکـردبێـتـەوە و توانـیـبـێـتـیـان بەرگـری بکـەن تا شـیـوەکـەی لای گـردی گـوڵان، ئیـتـر لـەوێ خـۆیـان نەگـرتووە و بڵاوەیان لێ کردووە. گردی (گوڵان) ناوی کۆنی گردی (مامەیارە)ی ئێستا بووە لە سلێمـانی. لەو کاتەدا کەهیـا ناوزەدی سەرۆکی شـارەوانی بووە، دەوری لە جەنگدا بووە، بەڵام نەیتوانیوە بەرگری بکا، بۆیە سالم بەچاوێکی نزم تەماشای کردووە. لە هەڵوێسـتـێکی دیکەدا سێ بلۆک سـەربازی بابـان لەژێر فـەرمـانـدەی (خـاڵەی هەورامی و قالەی شـەریف و عەزیزی چووچانی) بوون، ئەمـانە لە پراکتیککردنی یاسـای جـەنگ سـەرنەکـەوتن و لەشکری بابان لەسـایەی هەڵەی ئەمـانـەوە زیانی زۆری لێ کەوت.

ئاغــەلەر وەک گــورچکی گــا، هـەریەکــە فــیـکرێ لـە دڵ

خـۆ نیزامیش میسلی سووسەن جوملە دووڕوو و دووزمـان

هـاتـە ژێر پـاســـاری تـەنگ لـەشکر ڕیکاب ئـەندەر ڕیکاب

کــەوتە ســەر کـوڵان و ســەیریکە عــینان ئـەندەر عــینان

بوو بەجـێی بـەبر و غـەزەنفـەر کـووچە کـووچە ناو سـوقـاق

سـەر مـحـەللە ڕەنگی بیـشـەی گـرت لە نێـزەی جـانسـتـان

ڕەنگی سەحرای مەحشەری بوو شیوەکەی لای پیرمەسوور
گـرمـەگـرمـی تۆپی ڕۆمـی هەوهـەوەی سـوارەی بەبان
بوو بەجـارووبی مـحـەللە هەر تـەرەف پەنجـەی پەڕیو
پەی کـــراو بـێ پێ لـە مـــەیدان پەهلـەوانـی پاڵەوان
(سەن سەن)ی سوارەی نیزام و (گەل ئولان)ی تورک ئوشاغ
بگرە بگرەی کـورد زمـــان و ئاخ ئاخی تورکـــمـــان
قـەهرناک و سـەر بو رەهنە ئاتەش ئەفـشـان حـەملەوەر
جـەنگ جـۆ بوون یەک بەیەک هـەر سـوو وەکـو بەبری بەیان
بەخـتی سـووتێ سا لە ڕێی هەق، حەق حـەقی لێ وەرگرێ
بەدنمەگ گـیـری نمەگ بی وەک ئەوان دایان بەمـــان
بۆ مـەداری نان عـەشـیـرەت قـەت مـەدارێکی نەبوو
ئاشـــەکـــەی تەبعی بەئاوی کـــەیدی ڕۆمی هاتە دان
شـێـری بیـشـەی مـوڵکی بابان بوو عـەزیز ئەمما درێغ
وەک گـڕی دا مـوسکی بێ قـەومـەکـەی زوو هەڵوەشـان
گـەرچی مـیـسـرە شـارەزوور ئەمما خـراپە بێ عـەزیز
ڕوو دەدا لەم خـەلقـە ئاخـر حـالەتی کـەنعـانیـان
سا فـەلەک کەیخوسـرەوی خـوێنی سـیـاووش گوم مـەکە
ڕۆسـتـەمی سـانی عـەزیزە مـوددەعی تـوورانیـان
دیدە نابینایە وەک یەعـقـووب لە هـیـجـرانی عـەزیز
تۆ خـودا سـاحـیب مـەکـان و تۆی خـودایە لامـەکـان
کـەوکـەبەی بەخـتی لە چاها وا بەپرتەو بێـتـە دەر
شـەعـشـەعـەی ئەمـری مـونەووەر کـا زەمین و ئاسـمـان
جـــەنگەڵی شـــەهـبـــازی بازی بازیـانی باز نەوی
فش هـەڵات کـەهـیـا لەسـەر بەیزەی تەمـەع وەک مـاکـیـان

سالم وەسـفی دیمەنێکی شـەڕەکە دەکا لە دەوروبەری گـەڕەکی پیرمـەسووری سلێـمـانی. گـرمـەگـرمی تۆپی دوژمن و هەوهـەوەی هاندانی سـوارەی بابان بۆ

هێرشبردن کردبووی بەرۆژی مەحشەر، لەو جەنگەدا ئەوەندە دەست و پەنجەی پەڕیو زۆر بوو وەکو گەسکێک بوو بەبا کۆڵانەکانی گەسک دەدا. سەربازی کورد و تورک بەرامبەر یەکتری بوون و تێکترنجا بوون و هەڵمەتیان بۆ یەکتری دەبرد. قیژوهۆڕ و هاوار سەری کاس دەکرد، سەربازی سوارەی تورک بەزمانی خۆی (سەن سەن)ی بوو، واتە (تۆ... تۆ) و، کوڕە تورکیش (گەل ئولان)ی بوو، واتە (کوڕەکە وەرە)، جەندرمەی تورک ناڵە ناڵیان بوو، کەچی کورد بگر بگرەی بوو.

لە کۆتایی قەسیدەکەیدا شاعیر باس لە سەرکردەی جەنگەکە عەزیز بەگی بابان دەکا، بەشێری ناودارستانی وڵاتی بابانی دادەنێ. لە دواییدا ئاخ و داخی بۆ هەڵدەکێشی لەبەر ئەوەی لەم شەڕەیدا سەرنەکەوت. ئینجا شاعیر دەکەوێتە بزواندنی سۆز بەداهێنانی وێنەی شیعری. میسر و شارەزوور بەرامبەر بەیەکتریان دادەنێ، بەراووردیان دەکا، بەڵام دەڵێ شارەزوور بێ عەزیز بەگی بابانە، ئەمە نابێ ڕوو بدا، چونکە میسر بێ عەزیزی میسر (پووتیفار)ی وەزیری فیرعەون نەبووە. بەم جۆرە کوردی بابان دەربەدەر و ئاوارە بوون وەک کەنعانیانی فەلەستینی کۆنیان لێ هات.

ئینجا سالم ڕوو دەکاتە گەردوون و پێی دەڵێ: تۆ کە «خوسرەوی» نابێ خوێنی سیاووش ون بکەی، ڕۆستەمی دووەم «عەزیز بەگی بابان»ە و تۆرانی دەسدرێژییان کردووە، سالم دەڵێ: چاو کوێر بووە وەکو یەعقووب لە دووری عەزیز بەگ، با پرتەوی ئەستێرەی بەختی لەو بیرەدا بێتە دەر و ئاسمان و زەوی ڕوون بکاتەوە.

لەدوا دێڕی قەسیدەکەدا شاعیر مەبەسی لە شەهباز (شای باڵندەی باز) عەزیز بەگە، ئەمە ئەمیری بازیان بوو، بەگیرانی یا ڕزگاربوونی لە دەست دوژمن میرنشینی بابان کۆتایی هات، بەکورکبوونی گەهیا لەسەر هێلکەی تەمەع و چاوچنۆکی نیشتمان دۆڕا.

شێری میرنشین عەزیز بەگی بابان

عەزیز بەگ کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بابان و مامی ئەحمەد پاشای دوا میری بابان بوو. ئازایەتی ئەم سوارچاکە لە کۆمەڵی وڵاتی سلێمانیدا بووە بەچیرۆک و خەڵکی وەک نموونەی قارەمانیەتی و نیشتمانپەروەری دەیگێڕنەوە. عەزیز بەگ هاوڕێی نزیکی سالم بووە، جگە لەوە برادەرایەتی لەگەڵ بنەماڵەی

ساحێبقڕان بووە، ماوەیێک هاوکار و برادەری «مەحموود بەگی ساحێبقڕانی» خزمی سالم بووە. ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ ئەوەیە بنەماڵەی ساحێبقڕان بەچەکمە ڕەق ناوبانگیان دەرکردووە، ئەمانە لە وێنەی سوارچاک و جەنگاوەرەکانی چینی سەرەوەی کۆمەڵی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستیان دەکرد.

سالم لە قەسیدەی داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن تورکی عوسمانییەوە عەزیز بەگی کردووە بەسەرکردە و قارەمانی جەنگەکە. ئیتر لەدوای ڕووخانی میرنشین و چوونی ئەحمەد پاشا بۆ ئەستەموول دەسەڵاتی عوسمانی «عەبدوڵڵا پاشا»ی بەپلەی قایمەقام لە سلێمانی دامەزراند. بێ گومان خەڵکەکە لەم لایەنەوە بوون بەدوو بەشەوە، هەندێکیان بەپیاوی دەسەڵاتی تازە وەک تاوانبار بەرامبەر بەکوردایەتی دەکەوتنە بەرچاو، بەشێکی دیکەیان خەباتیان دەکرد لە پێناوی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی کورد. عەزیز بەگی بابان و مەحموود بەگی ساحێبقڕان سەرۆکایەتی ئەم تاخمەیان دەکرد. وا دەردەکەوێ عەبدوڵڵا پاشای قایمەقام لایەنگری دەسەڵاتی عوسمانی بووبێ و بەم جۆرە هەڵسوکەوتی لە دژی عەزیز بەگ بووە.

عەزیز بەگ و مەحموود بەگ لەدواییدا یەکتریان گرت و بەهۆی یارمەتی عەشیرەتی هەمەوەند و هەندێ عەشیرەتی تری ئەو ناوە ڕێککەوتن بچنە مەیدان لە دژی عوسمانی. لە دوو شەڕی گەورەدا لە نزیک کرپچنە و لە دەربەندی بازیان بەشدارییان کرد، بۆ ئەوەی ڕێگە لە لەشکری والی بەغدا بگرن و نەگاتە سلێمانی. هەرچۆنێ بێ مەحموود بەگ بەفێڵ لە کەرکووک دەکوژرێ، دەسەڵاتی عوسمانی ئازاری زۆری هەمەوەندان دەدا. لەدواییدا عەزیز بەگ لە (بانی مەقان) ڕێگە لە لەشکری بەغدا دەگرێ، لەم شەڕەدا سەرناکەوێ و لە ئەنجامدا ئەویش دەکوژرێ.

هەموو ژیانی جەنگاوەریی عەزیز بەگ و ئەو شەڕانەی فەرمانبەری دەکردن بوون بەسەرچاوەیێک بۆ ئەو شیعرە مەدح و ستایشانەی سالم بۆ عەزیز بەگی بابانی هۆنیوەتەوە، بەتایبەتی ئەم قەسیدەیە.

دەکا دونیایی پڕ شۆرش بەدایم فیتنەها پەیدا
بەنەیڕەنگ و فسوونی ئەو لە هەر سوویێ وەغا پەیدا

عـەجـەب مـاخـووليـيـايێ بوو دڵی دونيـا مـوسـەللەت بوو

لە سـەودای مـوقـتـەزای تەبعی بەمـوختـەس ماجـەرا پەيدا

تەماشای جەوری دونيا كەن چ قەهرێكی لە خوسرەو گرت

نـە بۆ تـاجی نيـشـانـی مـا نـە بۆ تەخـتـی نيـا پەيدا

بەمـيسلی خـوويی مـەعشـووقـە دڵی دونيـا لەگەڵ خـەڵقی

بەدوژمـن نيـعـمـەت و لوتفی جـەفـای بـۆ ئاشـنا پـەيدا

خـوداوەند چادری دونيـای بـەدوو نيـيـەت سـەراپا كـرد

برون سـوور سـوور و ئاوێنە دەروون هـەر سـوو عـەزا پەيدا

جـيـهـان گەر ڕووبـەڕووی من بێ بەخـوێنڕێژی زەفـەر نابا

دەكـەم بۆ حـيـرزی جـان و دڵ بەچالاكی نيـا پەيدا

پەنـاهـم شـەهسـوارێكە گـوزەر كـا گـەر بەئەلبـورزا

دەكـا زەربی سـمـی ئەسـپی لـە خـارا تـووتيـا پەيدا

ئەگەر خـورشيدی تيغی بـێ بەسـەر شەودا شەبەيخوون كا

دەكـا بـەرقـی بـەيـەك پـرتـە و لـە يـەڵدادا زيـا پـەيـدا

بەحـوجـجـەت نێزەگەری لێدا سـوپەر وەك كاغـەزی قـەندە

بەهـەر زەربی لـەگـەڵ بـازوويی ئەو حـوكـمی قـەزا پەيدا

بەبادی سـمـی ئەسـپی گـەر بكا جـەولان لە مـەيدانا

دەكـا عـومـری عـەدوو وەك سـوبحـدەم وەزعی فـەنا پەيدا

لەم برِە شيعرەدا يا لە هەموو شيعرەكەدا ئەگەر بەشوێن شا بەيتدا بگەڕێين، بێ گومان ئەم دێرەشيعرە دەكەوێتە بەرچاو:

پەناهم شـەهسـوارێكە گوزەر كا گەر بەئەلبورزا

دەكا زەربی سمی ئەسپی لە خارا تووتيا پەيدا

لە گـەلێ ڕووی هونەری و جـوانكاری شـيـعـرييـەوە ئەم دێرە دەبێـتـە ڕەمـزی قارەمانيـەتی و سـوارچاكی ئەو كەسـەی شاعير قەسـيدەكەی بۆ وتووە كە عەزيز بەگی بابانە. وێنە داهێنراوەكـەی شـاعـيـر بـەهێـزە، ئەو سـوارچاكـە ئەگـەر بەشاخێكی يەكجار بڵند و سـەخت هەڵبگەڕێ كە شاخی ئەلبورزە، سمی ئەسپی ئەو سوارچاكە كە بە بەردی خارا دەكەوێ وای ورد دەكا دەبێ بەتووتيا. هەروەها

ئەگـەر شـمـشـێـر هەڵکێـشێ ڕووناکـیـیەک پەیدا دەبێ (شـەوی یـەڵدا) ڕووناک دەکـاتەوە. شـەوی یەڵدا درێژترین و تـاریکتـرین شـەوی سـاڵە دەکـەوێتـە ٢١ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک و لە شیعری کوردیدا بۆتە مایەی داهێنانی بەرز.

سـالم لەسـەر باسکردنی ئازایی عـەزیز بەگ دەڕوا و دەڵێ: ئەگـەر نێـزە لێ بدا سـوپەر (زرێ سنگی سـەربازان) وەک کـاغـەز دەدڕێ و خـاوەنـەکـەی بێ گـومـان دەکوژرێ. ئـەسپی سـوارچاک کە لە مـەیدانی جەنگدا جـەولان دەکا تەمـەنی دوژمن لە مردن نزیک دەکاتەوە.

هەمـاوەردی عـەرووسی قـەبر و تیـغی مـاشـیتـەی مـەرگە
لە زەخـمی مـردوان بۆ دەست و پێ ڕەنگی حـەنا پەیدا
لە مـەیدانا مـەگـەر ئـەسـپی گـران مـایەی دەئاخـێـوی
لە ناڵەی گـاه و مـاهی بوو لـە ژێر خـاکـا سـەدا پەیدا
سـفـیـدە چاوی بەدخـواهی لە حـەسرەت نێزە و دەسـتی
زیـای دیرعی دەکـا بـۆ دوژمنـان ڕۆژی سـیـا پـەیدا
غـوباری سـمی ئـەسـپی ئەو مـەگـەر ئەجـزایی ئیکسـیـرە
لە چەهرەی دوژمنی بێخـود سەف ئەندەرسـەف تەلا پەیدا
لە پیـشـا پیـشی ئـەو ڕەنگی عـەدوو وەک جیـوە بۆ زیوە
دەکـا ئەجـزایی تیـغی ئەو لە قـەلبـا کـیـمـیـا پەیدا
نەهەنگ ئاسا لە دەریای خـاترا قـەهری کە گـەردش کـا
لە گەشـتی عومـری بەد خواهی سەراسـەر ڕەخنەها پەیدا
بەگـەرمی ڕۆژی مـەیدانی عـەدوو لەب تیـشنە نایێـڵێ
بەئـاوی تیـغی جـەوهـەرداری ئەو کـاری سـەقـا پەیدا
لە سـامی حـەملـەیی ئەو بوو عـەدوو هەر جـا حـەزەر لازم
لە دەس ئەو بـوو کـراسی ڕۆمی یان شـێـوەی کـەوا پەیدا
دەبێ گـەر بێـتـە ڕووی مـەیدان وەکـو بەبری بەیان سـاتێ
لیـبـاسی ڕوو بەهی دەردەم لە ئەندامی گـیـا پەیدا
ئـەگـەر ئاوی بەقـای نۆشی بێ دوژمن فـائـیـدە نادا
لە مـەوجی جـەوهـەری تیـغی حـورووفی لابەقـا پەیدا

لەم بەشــە شـیـعـرەی قـەسـیـدەکـەدا سـالم خـەریکی پێدا هەڵدان و وەسـفی سـوارچاکی و چەکـمـە ڕەقی عـەزیز بەگی بابانە. وەک لە وێنە شـیـعـرییـەکانیـدا دەردەکـەوێ ئەسـپـەکـەی دەوری باڵای هەیە لە ئـازایی و جـوامـێـری خـاوەنەکـەی. بەشێکی زۆر لە هێرش بردن بۆ سـەر دوژمن دەگەڕێتەوە بۆ ئازایی ئەسپەکە.

لە وێنە شیعرییەکاندا سـالم کوژراوانی جەنگ لەگەڵ ئاهـەنگی ژنهێنان بەراورد دەکا. لە زەماوەندا خـەنە پێویستی خەنەبەندانە، بۆ ئەم مەبەسـە خوێنی ڕژاو دەکا بەخـەنە. لە داهێنـانێکی دیکەیدا جـمـوجـۆڵـی و سـمـکـۆڵ و هـەڵبـەزین و دابەزین و حیلکەی ئەسپ ڕۆژی حەشر دروست دەکا، گرمـوهـۆڕ دەگاتە پلەیێک سـەری گا و مـاسـی کـە زەوییـان لەسـەر شـان یا شـاخی خـۆیان داناوە کـاس دەکـا و ناڵە و هـاواریان لێ هـەڵدەستێ.

لە ڕووی ڕەوانبێژی شـیـعـری کـلاسـیـکی کـوردییـەوە لەم پارچە شـیـعـرەدا سـالم وەسـتـایەتی نوانـدووە لەو وێنە داهێنراوانەی دروسـتـی کـردوون. کـەس پەی بۆ ئەم قسانـەی شاعیر نەبردووە، چونکە سـەرچاوە زۆر کەم بووە لە شیعری کوردیدا، لە شیعری نالی و مستەفا بەگی کوردی بەولاوە نموونەی دیکەی لە بەردەست نەبووە. لەم بەشــە شـیـعـرەدا دەتوانرێ وێنەی داهێنراوی تریش بکەوێتـە بەرچاو، وەکـو ئەوەی لە ترسـی هێرشـی عەزیز بـەگ دەبوو دوژمن زۆر ئاگاداری خـۆی بێ، چونکە ئەو دەیتـوانی کـراسـی سـەربازی ڕۆمـی یان (تورکی عوسـمـانی) بکا بەکـەوا، دیارە جـیـاوازیش لـەنێـوان کـراس و کـەوا ئـەوەیە کـەوا لەتکراو یا هـەڵزڕاوی کـراسـە. هـەروەها شـاعـیـر عـەزیـز بەگ بە پڵنگ دەچوێنێ، بـەرامـبـەر بەو سـەربازەی دوژمن کـراسـی پێسـتـی رووبەهـی لەبەرە، ئەمـە ئاژەڵێکە لە سـەگی بچووک دەکا، ئیتر ئەو سـەربازەی پێستی ئەم ئاژەڵە بـێ هێزەی لەبەربێ چۆن خـۆی لەبەر شێرێکی وەکو عەزیز بەگ دەگرێ!

ئەگەر وەک کێوی قاف موحکەم بێ دوژمن وەقتی حەملەی ئەو
لـە مـــــەیدانا گـــــوریـزان دێـنـەوە ڕوو بـەر قـــــەفـــــا پـەیدا
لە خـاکـا خـوێنـی مـەرجـانی دەبێ مـەخلووت و بـێ حـورمـەت
دەکــا ئەڵـمــاسـی دشـنـەی ئـەو لە گــەردنـدا ســـەخـــا پەیدا
بـە زەربـی زەرگـی ئـەو دوژمـن وەکـــو پـووشــــە بـەدەم بـاوە
لـە مـــوغـنـاتـیـــسـی دووربـیـنـی فـــونـوونـی کـــەهـرەبـا پەیدا

له دەریای مەعرەکەی تیغی نەهەنگی گەر نەمایان بێ

لەناو ئۆردوویی تورکانا دەبێ شین و سەدا پەیدا

عەسای مووسایە سەر نێزەی لە ڕەغمی مشتی فیرعەونی

بەبەرقی ئاتەش ئەفشان و بەشکڵی ئەژدەها پەیدا

وەلێ تالیع نەبێ پۆشیدەیە جەوهەر لە ڕووی دونیا

بەمەردانی دلاوەر حاسیلی کۆشش جەفا پەیدا

(عەزیز)ە وا لە ناوچاها خوداوەندا نەجاتی دەی

لە چەهرەی ئەو بکا یەعقووب دڵی شێوەی سەفا پەیدا

خودایە موڵکی بابان بێ ڕەواج و قەڵبە سا لوتفێ

بەئەکسیری وجوودی ئەو بکا وەک مس بەها پەیدا

لەم دێڕانەی کە سالم دوایی بەقەسیدەکەی دێنێ لەپێشانا بەئازایی عەزیز بەگی بابان هەڵدەڵێ لە جەنگدا، ئینجا دەستەو دوعا دەوەستێ و بۆ کارەساتی بابان و چارەنووسی عەزیز بەگ دەلاوێنێتەوە.

لە وێنە هونەرییەکانی شاعیر بۆ ئازایی عەزیز بەگ دەڵێ: دوژمن ئەگەر وەک کێوی قاف بەهێز و پتەو بێ لە شەڕدا سەربازی ڕاکردوو پشت لە مەیدان دەکەن، ئەگەر ئەو زەرگ بوەشێنێ دوژمن وەک پووش و پەلاشێکی لێ دێ کە بەدەم باوە بێ. سەری نێزەی عەزیز بەگ داردەستی (عەسای) مووسایە، وەکو هەورەتریشقە بەوێنەی ئەژدەها خۆی دەنوێنێ. لێرەدا شاعیر ئاوڕ لە عەسای مووسا دەداتەوە کە دەبێتە مار و هەڵوێستی فیرعەونیش بەرامبەر بەمووسا ئاشکرایە. ئینجا سالم دەکەوێتە پاڕانەوە لە خودا و لاواندنەوە بۆ ڕووخانی دەسەلاتی بابان و سەرنەکەوتنی عەزیز بەگ، دەڵێ: بەخت یار نییە. لە خودا دەپاڕێتەوە عەزیز بەگ لە زیندان ڕزگار بکا، لێرەدا عەزیز بەگ لەگەڵ یوسف پێغەمبەر بەراوورد دەکا، بەم ڕزگارکردنە خۆشی دەکەوێتە دڵی یەعقووبەوە. ئینجا شاعیر بەتەواوی بێ ئومێد دەبێ، هەر ئەوەندەی بۆ دەمێنێتەوە داوا لە خوا بکا، دەسەلاتی بابان لەم مەینەتییە ڕزگار بکا.

سالم بەشیعر وەرامی نالی دەداتەوە

نالی لە وڵاتی ئاوارەیی لە کاتێکدا سلێمانی لە لایەن تورکە عوسمانییەکانەوە داگیر کرا بوو، قەسیدەیێکی نووسیوە ڕەنگدانەوەی هەستونەستی ناخی دەروونیەتی بەرامبەر بەو کارەساتەی بەسەر نیشتمان و نەتەوەکەی داهاتبوو. لە قەسیدەکەی نالیدا هیچ نیشانەیێک لە ناوەوە نییە بۆ کەسێکی دیاریکراوی نووسی بێ، بۆ بەڵگە بۆ یەکێکی وەک سالمی هاوڕێی، بەڵام ئەوە هەیە کارێکی بەجێیە شاعیرێکی وەکو سالم وەرامی بداتەوە.

نالی لە دەوروبەری ڕووخانی میرنشینی بابان، واتە لەدوای لابردنی ئەحمەد پاشای بابان لەسەر تەختی میرنشینی لە سلێمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم لە شامەوە قەسیدەیێکی بۆ سلێمانی ناردبوو، تیایدا نووسیبووی بگەڕێتەوە وڵات یا نا؟ ئیتر سالم وەرامی نالی دەداتەوە و پێی دەڵێ نەگەڕێتەوە. لەبەر ئەوە نالی لەوێوە ڕوو دەکاتە ئەستەمووڵ و تا کۆتایی ژیانی لەوێ دەمێنێتەوە.

قەسیدەکەی شاعیر (٣٦) دێڕەشیعرە، لە دە دێڕی سەرەتاییدا سالم وەستایانە و هونەروەرانە وەکو نالی لە (با) دەدوێ، چونکە نامەبەری هەردوولایان (با) بووە، بەهۆی ئەوەوە نالی قەسیدەکەی بۆ سلێمانی ناردووە، هەر بەهۆی ئەویشەوە سالم وەرامی بەشیعر بۆ ناردۆتەوە. لە سەرەتای قەسیدەکە شاعیر بە دە دێڕ وەسفی (با) دەکا و ئەوە دەخاتە بەرچاو کە سوودی تەنیا لەوەدا نییە نامەبەرە، بەڵکو کەڵکی دیکەی هەیە، هەندێ وێنەی جوانی ئەو کەڵکانە دەکێشێ، وەکو چۆن (با) کاکۆڵی جوانان دەلەرێنێتەوە، غونچە دەپشکوێنێ و گیان دەدا بە ڕووەک و شینایی:

جانم فیدای سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
وەی پەیکی شارەزا لە هەموو ڕاهی خەتەر
ئەی میروەحەی جەمالی مەه ئاسایی دلبەران
وەی شانەزەن بەکاکۆڵی کوردانی سیمبەر
جارووکەشی مەنازیلی جانان لە خەڵوەتا
فەڕاشی فەرشی هەوری بەهاران لە دەشت و دەر
مالش دەدەی بەدەم لە دەمی خوابی سوبحدەم
هەم زولفی قیرگۆنە و هەم چەهرەیی قەمەر

باری بەســـروەکــەت بـەشنـەی ئەنگەبینی گــەز
گرتوویە جونبوشت بەهەم ئاغووشی نەیشەکەر
وەخـــتی تـەوافی عـــاریزی دلبـــەر شنۆیی تۆ
لەغـزش دەخـا بـەتوڕە لە ســەرتا بەپێی کـەمــەر
کـەی دێتـە خـەندە غـونچـە دەمی بێ وەزیـدەنت
گـەر تۆ نـەبی درەخـتی چەمـەن ناگرێ سـەمـەر
ئیــحـیــاکـەری جــەمـیــعی نـەباتاتی عـالـەمی
ڕەعنا گـوشـا لە تەربیــەتت قـامــەتی شــەجـەر
ئاوی حـــەیات و ئاتـەشی ئەفـــســـوردەیە دەمت
تەحــریکی تۆیە گــڕ لە تەندوورا کــە دێتــە دەر
مـــیـــحنـەت ئەوەندە زۆرە دڵم هـێندە تەنگ بووە
دوودی هەنـاســەی ســەحـــەرم هەوری گـرتـە بەر

ئینجـا سـالم (با) هان دەدا جوامـێـرانە فریا بکەوێ و زوو وەرام بەرێ بۆ لای نالی بۆ وڵاتی شام:

هیـمـمــەت کـە چاپوکـانە بەئیـجـرایی مـەتلەبم
لەم ســەر بڕۆ وەکو بـەرید و لەوێ بێ وەکـو تەتەر
بۆ مـولکـی شـامـە نامـەیی من سـوویی (نـالی)یە
هەر حـەرفی ئەوە لە وەزعی ویلایەت دەدا خـەبەر
پرسـیـویە زاهیرەن لـە ڕەفیـقـانی یەک جیـهـەت
ئەحوالی ئەهلی شـار و ڕەفیـقـانی سـەر بەسـەر

لەپاش ئەمـە سـالم دێتـە سـەر باسی شـاری سلێـمـانی، لەدوای ئەوەی لە لایەن تورکە عوسمانییەکانەوە داگیر کرابوو. لێرەدا شاعیر لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیێکی هونەری وەسفی شارمان بۆ دەکا، بەڵام لەگەڵ داهێنانی ئەدەبی پڕ لە جوانکاریدا هەندێ ڕاسـتی مـێژوویـیش دەخاتە ڕوو لـە وێرانکردن و تاڵان و دزی و جـەردەیی تورکە عوسمانییە جانەوەرەکان.

ئەگەر بگەڕێینەوە لای قـەسیدەکەی نالی دەبینین شاعیر یادی هەمـوو ئەو جێگە و شـوێنانەی شـاری سلێـمـانـی و دەوروبەری کـردووە، بێ گـومـان لە هەمـوو ئەو

شـوێنانە یادگـارێکی هەیە و پرسـیـار دەکا ئایا ئەو جـێیـانە، ئـەو شـتـانە وەکـو خــۆیانن، یـا گـۆڕانیــان بەسـەردا هاتووە؟ سـالم لـەم برە شــیـعــرەدا وەرامـی پرسـیـارەکانی نـالی دەداتەوە و پێی دەڵێ ئەوەی ئەو دیویەتی وەکو خۆی نەماوە، هەمـوو شـتـێک گۆڕاوە، هـەمـوو دیاردەیێک خراپ بووە، هـەمـوو دیمەنێکی جـوان ناشیرین بووە.

لـەو ســاڵەوە حــاکـمــانی بەبە دەربەدەر کـران
نەیدیوە کـەس لە چەهـرەی کـەس جـەوهـەری هـونەر
تا بوو بە جایی مـەتلەعی خـورشـیـدی بەخـتی ڕۆم
سـووتـا گـیـاه و تەشنە و خـوشکیـدە بوو سـەمـەر
نـاکــەن هـەوایی هیچ کــە بابێ زەلیلی شــار
بوریانە باس لە ناری غــەمــا پـەڕەی جــیـگەر
جــوز گــاهی ئاه و نالە لە ئەییـامی ڕۆمــیــان
نەمــدیوە وا بێ لە فـەڕی عــەدالەت بەنی بەشــەر
(سـەیوان) پڕە لە شەخسی ستەمدیدە خوار و ژوور
هەر قــەبرێ پڕ غــەمــانە لە هـەر لا دەکــەم نەزەر
جــێی تورکــەکــانی ڕۆمــە دەروژووری خــانەقــا
غــافل هـەمــوو لە جــایی مــریدانی بـا خــەبەر
ئەو حــەوزە پڕ دەبوو کــە وەکــو چاوەکــانی تۆ
تـەغــیــیــرە ئاوی وەک دڵی مــەردانی پڕ کــەدەر
ئەو دەشــتــە جــایی بازی یارانی حــوجــرە بوو
یەکســەر مـەقـامی ڕۆمـییـە هەروەک تەهـی سەقـەر
ســووتا دڵم بەحــاڵەتی جــۆباری (ســەرچنار)
لێــڵاوە چەشـمـەسـاری وەکــو چاوی بێ بەســەڕ
زســتــانی ئەوەڵین بوو دڕا بەرگی (شـێـخـە باس)
ڕۆمی ئەوەندە شـوومـە لە شـەخـسـیش دەدا زەرەر
ئەو بەردەکـانی ناوی نرا قــسنی شــەخــســەکــە
دایان بەشــاخ و دارەکـــەیا تورکی بێ هـونەر

وەک فـیکری بێ غـەمـانە هەمـوو (شـیـوی ئاودار)

بەس مـوشکیلە لە چەشـمـەی ئەو قـەترە بێـتـە دەر

تا وەقــتێ دوزدی نـیـوە شــەون تورکی بێ نـیـزام

دەدزن هـەمـوو لە خـەرمـەنی مـونعـیم وەکـو شـەرەر

ئەوســا مــەکــانی ئاسکە بوو (کــانی ئاسکان)

ئێـسـتـە لـە دەنگ و ڕەنگی ڕۆمـیـیـە پڕ لە کـەدەر

وەک پیـری سـاڵخـوردە خـەمـەداری (پیـرمـەسـوور)

مـەشـغـوولی لەغـزشـە هەمـەجـا پایی تا بەسـەر

شــارێکە پڕ لە زوڵم و مــەکــانێکە پڕ لە شین

جــایێکە پڕ لـە شــۆر و وڵاتێکە پڕ لە شــەرەر

ئەمــڕۆ فــەزای بازیەکــەی جــایی ڕەهـزەنە

لەو دەشــتــە دێ لە غـەیبــەوە ئاوازی ئەلحــەزەر!

ســەربانی پڕ لە کــەژدوم و دیواری پڕ لە مــار

کــۆڵانی پڕ لـە ڕەهزەن و ســەحــرایی پڕ خــەتەر

ئینجا سالم دێتە سەر باسی حوجرەکەی نالی، وەستایانە و دڵسۆزانە بەدوو دێڕ وەسفی دەکا. دەزانێ نالی هێزی تێدا نەماوە لە دووری حوجرەکەی، کەچی لەو کاتەی ئاگاداری ئەوەیە ئازاری گیانی زیاتر دەبێ، بەڵام هەر ڕاستییەکەشی پێ دەڵێ. حوجرەی بێ خاوەن بووە بەشاری تار و پوودی جاڵجاڵۆکە:

دڵ نایەڵێ بڵـێم چیـیـە سـامـانی حـوجـرەکـەت

هـەر تاری عـەنکەبووتە حـیـجـابی بیـروون و دەر

نایێ سـەدا لـە پەنجـەرەکـەی جـوز فـوغـانی جـوغـد

غـەیری شـەقـامی مـوور نیـیـە شـوێنی پێ گـوزەر

دوا ئامــۆژگــاری ســالم بۆ نالی لە ئەنجــامی ئەو ڕوون کــردنەوانەی لەم قەسیدەیەدا خراونەتە ڕوو ئەوە دەگەیەنن کە شاری سلێمانی و دەوروبەری لەم حاڵە پەژمردەییەدابن با نالی نەگەڕێتەوە:

تۆ خــوا بڵێ بەحــەرزەتی (نالی) دەخــیلی بم

بەم نەوعــە قــەت نەکا بەسلێــمــانیـیـا گـوزەر

ئەم مـــولکە نەزمی نابێ بەبێ عـــەدل و واریسی
بێ ئەو بەقـــەسدی ئەم تەرەفـــە با نەکـا سـەفــەر
(سـالم) سـیـفـەت لە بێ کـەسـیـیـا با نـەبێ هیـلاک
من کـردم ئەو نەیکا لە غـەمـا خـوێنی خـۆی هەدەر

ئەو پەیامە شیعرییەی نالی لە وڵاتی شامەوە بۆ شاری سلێمانی و شارەزوور و دەوروبەری ناردووە بڵـێسـەیێکە لە دەروونی شـاعـیـرەوە هەڵقـوڵاوە، ئەو هەمـوو پرسـیـارانە بووکی خـەیاڵی شیعری نالییان لە گێتیی ڕۆمانتیک و سیمبۆلیزم ڕازاندۆتەوە. ئەو پرسـیـارانە پێویسـتـییـان بەوەرام نییـە. شـاعـیـر کـە پرسـیـاری کردووە وەرامەکەی زانیوە، خوێنەریش چاوەنۆڕی وەرام نەبووە، ئەو وەرامە لەناو دڵ و دەروونی هەمـوو کـوردێک بووە. ئیـتـر شـەرەفی دەربڕینی وەرامـەکـە بەتۆمـار کراوی بەر سالم کەوتووە و بەقەسیدەیێک وەرامی داوەتەوە، لە ڕووی هونەرییەوە لە پلەی شیعرەکەی نالیدایە.

***

ئەگەر نالی دامـەزرێنـەری قوتابخـانەی شـیـعری کلاسـیکیی نوێی کـوردی بێ لەنیـوەی یەکەمی سـەدەی نۆزدەم لە ناوچەی سلێمـانی لە کـوردسـتـانی بـاشـوور «ئەورەحـــمـــان بـەگی ســـالم» یەکـەمین قـــوتابیی ئەم قـــوتـابخـــانەیە و دووەمین دامـــەزرێنـەریەتی لە دوای «نـالی». ئەوەی گـــرنگ بێ لە ژیانی شـــیـــعـــری ئەم کەڵەشاعیرە ئەوەیە ئەو دەلاقـانەی دامـەزرێنـەر نالی لە مـەبەسـەکـانی شـیـعری کلاسیکی لە ئەدەبی کوردی کردبوونیەوە، سـالم دەلاقەی تازەی پێویستی خستۆتە سـەر ئەوانـەی نالی. ئەو مـەبەسـانە بریتین لە کـێشـەی کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسـی و نیشتمانپەروەری و کوردایەتییەکان.

شـیـعری سـالم ئاوێنەیێکە وێنەی غـەم و پەژارەی سـایکۆلۆجی ناوەوەی کـوردی ئەو سـەردەمەی گرتووە، شین و شەپووڕی بووە بۆ لەناوچوونی سـەربەخۆیی کورد لەو سـەردەمـەدا لە پەیکەری مـیرنشـینی بابانی سلێمـانی خۆی نواندووە. سـالم شاعیری سـوارچاکی و هێرش و هەڵمـەت بووە. کوردیزانێکی باش بووە، شیعری کوردی بە وشـە و زاراوە و تەعـبیری ئەدەبی بەرز و لێهـاتووی نووسـینی نەتەوە هاوسێکانی کوردی ئەو سەردەمە دەوڵەمەند کردووە.

کوردی

بەشی دوازدەم

کوردی

١٨١٢-١٨٥٠

عـــەزیزان من ئەوا ڕۆییم لە لاتان
لە مـــەزلوومــان بلا چۆڵ بێ ولاتان
کە ئێوەن پادشـای لوتف و عەدالەت
بەخـوا حـەیفـە بڕەنجـێن گـەداتان

ژیانی کوردی

زانیاری لە بابەت ژیانی «مستەفا بەگی کوردی»یەوە زۆر کەمە، تەنیا ناوی خۆی و بنەماڵە و باب و باپیری دەزانرێ. ژیانی کـورت بووە، شـیـعری کـەمـە، ئەفسـانە تێکەڵ بەژیانی بووە. ئەو شیعرەی بەمیرات بەجێی هێشتووە ماڵی ئەدەبی کوردی ئاوەدان کـردووە، چونکە بابەتێکە دەبوو هەیبێ، ئەو شـاعـیـرە بەفـریای کـەوت و پێشکێشی کرد.

کوردی نازناوی مستـەفا بەگی کوڕی مـەحـموود بـەگی کوڕی ئەحـمـەد بەگی ساحـێبقـڕانە، ئامۆزای ئـەورەحـمـان بەگی سالمی شـاعـیرە. لە سـاڵی ١٨١٢ لە سلێـمـانی لەدایکبـووە، لەو کـاتەدا لەمـێـژ نەبوو هـەندێ لە ئەندامـانی بنەمـاڵەی قەرەجەهەنەم لە کوردسـتانی ئێرانەوە هاتبوونە تازە (پایتەختی میرنشینی بابان) شاری سلێمانی.

شـاعـیـر خـوێندەواری لە حـوجـرەی مـزگـەوت وەرگـرتووە، بـەمـەبەسـی ئەوە نەیخوێندووە ببێ بـەمەلا، لەگەڵ ئەوەشدا بـایەخی زۆری بەخوێندن داوە، ئارەزووی ئەو زانستییـانەی بووە کە پێوەندییان بەفـەلسـەفە و سـۆفیـزم و جوانی کردگارەوە بووە. هیچ هۆیێک بۆ کوردی لەناوەوە نەبووە خوێندنی حوجرە تەواو بکا و ببێتە

مەلا، لەبەر ئەوە تارمایی ئەو خوێندەوارییەی لەمەڕ زانستییەکانی مەلایەتییەوەیە لە لای شاعیر بەئاشکرا نابینرێ. بەرهەمی شیعری کوردی ئەوە دەگەیەنێ بابایێک بووە لە گێتییێکی سۆفیزمی گەلێ ئاڵۆزدا ژیاوە، ئەو سەرسامە خەیاڵییە سەری لێ تێکداوە، هۆش و هەستونەستی داگیر کردووە، تا گەیشتۆتە پلەیێک وەک نەخۆشێکی سایکۆلۆجی دڵ بریندار بکەوێتەوە، ئەو نەخۆشییە ناخی دەروونی هەڵتەکاندووە.

کوردی لە ژیانیدا تووشی دڵدارییێک بووە ویستوویەتی بەدڵداری حەقیقی لە قەڵەمی بدا، نەک مەجازی، واتە ئەو دڵدارییەی دوور لە شەهوەت و سێکس، دڵدار و یار هەردووکیان لە پێوەندی سێکس بەدوورن، نێر و مێیەتییان تێدا نییە، سۆفییەکان ئەم چەشنە دڵدارییە بەناوی دڵداریی خودایەتی (الحب الإلهی) لێک دەدەنەوە. ئیتر هەرچەندە لە ئەدەبدا ئەو دڵدارییە لە ژن و پیاویشدا پیشان دەدەن (یوسف و زولەیخا) و (شیرین و فەرهاد) و (لەیلا و مەجنوون) بەمانای ئەوەی لە سێکس دووری دەخەنەوە، بەڵام زیاتر مەبەسیان لەم دیاردەیە ئەوەیە بەتەواوی سێکسی تێدا نییە. کەسێکی وەکو شاعیر دەیەوێ دڵدارییەکەی وا لێک بدرێتەوە، دڵدارییێکی حەقیقییە و توانەوەیە لەناو کردگار، یاری ئەو کوڕێکە ڕەمزی کردگارە. ناوی قادرە و کوردی خەڵکی سلێمانییە و بەڵگەی ئەو دڵدارییە وەکو لە پاشانا لە پیشاندانی نموونەی بەرهەمی شاعیر دەکەوێتە بەرچاو.

بەڕاستی مەسەلەی ئەم دڵدارییەی شاعیر نازانرێ تیۆری بووە یا پراکتیکی یا لاساییکردنەوە. لە هەموو حاڵێکدا شاعیر کۆمەڵێک شیعری ڕەسەنی جوانی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، شێوازێکی تایبەتییان هەیە و ئەدەبی نەتەوایەتییان دەوڵەمەند کردووە. مەبەسی شاعیر بۆ خۆی هەرچی بووبێ گرنگ نییە، ئەوەی گرنگ بێ ئەوەی وتوویەتی ڕەنگدانەوەی ناوەوەی هەموو ئادەمزادێکی پڕ لە هەستونەستە، ئەڤین و خۆشەویستی و دڵدارییەکە بێ گومان ژن و مێردایەتی، یا نێر و مێ تەنیا دیمەنێک بێ لەو دیمەنانەی مرۆڤایەتی لە ڕووی گیانی و مادییەوە تیایاندا دەژی.

کوردی لە هەندێ جێگەی شیعریدا ناوی ئەو (قادر)ەی خۆشەویستی هێناوە، بەخوێندەوارانی دەناسێنێ، ئەگەر ئەو ناوەشی نەبردایە، خوێندەوار دەیتوانی

وێنەی ئەو کەسە لە خەیاڵی خۆیدا بکێشێ کە شاعیر مەبەسی بووە. شاعیر هاتوچۆی ئێرانی زۆر بووە، بەتایبەتی لەو ڕۆژگارانەی ئاژاوە باڵی بەسەر کۆمەڵی میرنشینی بابان لە سلێمانی کێشاوە، شیرازەی پێوەندی نێوان خەڵکی شێواوە و ئاسایی نەبووە. شاعیر لە کوردستانی ئێراندا بەهۆی خزمەکانیەوە جێگەوڕێگەی بۆ دابین کراوە. وا دەگێڕنەوە گۆیا جارێکیان دەبیستێ قادر ئارەزووی چوونی هەیە بۆ شاری سنە، ئیتر شاعیر پێش ئەو ڕوو دەکاتە سنە بۆ ئەوەی لە پێشوازیی قادردا بێ. هەندێ ڕووداو لە ژیانی شاعیر دەگێڕنەوە لە ئەفسانە دەکەن، باوەڕ ناکرێ بەڕاستی پێوەندییان بەژیانی شاعیرەوە هەبێ، لەبەر ئەوە بەهەموو جۆرێک ئەم ڕووداوانە پێویستە پشتگوێ بخرێن، چونکە نە لە بەرهەمی شاعیر ڕەنگیان داوەتەوە، نە کاریشیان لە لایەنی جوانکاری بەرهەمی شاعیر کردووە. جگە لەوە ئەو ڕووداوەی بۆ ژیانی دروست کراوە وەکو ئەوەی ئاگری عەشق سووتاندوویەتی و بووە بەهۆی کۆچی دوایی، ئەمە لەوانەیە ببێتە سەرچاوەیێک بۆ داهێنانی شیعرێک، بەڵام بەهیچ جۆرێ باوەڕ بەوە ناکرێ گڕی ئاگر لە گەرووی شاعیر هاتبێتە دەرەوە و بەوە مردبێ.

کۆمەڵێک شیعری کوردی بەنازناوی (هیجری)یەوە بڵاو کراوەتەوە، بێ گومان ئەم نازناوە لەگەڵ وەزعی ناوەوەی دەروونی شاعیر ڕێک دەکەوێ و دوور نییە ئەم نازناوەی لە سەردەمی ژیانی ئێرانیدا لە شیعریدا تۆماری کردبێ، چونکە ماوەیێک لەوێ لە ئاوارەیی و مەڵبەندی دوور وڵاتیدا ژیاوە. ژیانی شاعیر کورت بووە، نەخۆشیی دەروونی جەرگ و هەناوی داوەشاندووە، مەینەتی و کارەساتەکانی میرنشین هیچیان بۆ نەهێشتۆتەوە ئەوە نەبێ شانازی بەنەتەوەی خۆیەوە بکا و نازناوی (کوردی) بۆ تۆماری بەرهەمی شیعری هەڵبژێرێ. کوردی لە ساڵی ١٨٥٠ لە سەردەمی ئاوابوونی میرنشینی بابان لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە.

ڕوخساری شیعری کوردی

ئەو مەرجانەی شیعری کلاسیکی لە ڕووی ڕوخسارەوە لە شیعری دیکە جیا دەکەنەوە گەلێ زۆرن. شاعیرانی کورد پێڕەوی هەموو مەرجەکانیان نەکردووە، لەم لایەنەوە لە گەورە شاعیرانی کورد کەم شاعیری وا دەبینرێن زۆربەی بابەتەکانی

(ژانر یا هونەرەکان) شیعری کلاسیکی لە بەرهەمەکانیاندا بەرچاو بکەوێ. بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێ پێوەندی بەلایەنی بەرزی بەرهەمی ئەدەبییەوە نییە لە ڕووی جوانکارییەوە.

ئەو تێبینییانەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە شیعری مستەفا بەگی کوردی لە بابەت ڕوخسارەوە دەکەونە بەرچاو لە چوارچێوەی زانیارییەکانی لای خوارەوەدا دەبینرێن:

١- شیعری دیوانە بچووکەکەی کوردی ئەوەی تا ئێستا بڵاو کراوەتەوە زیاتر لە شەست غەزەل و قەسیدەیە. ئەگەر بۆ بەرهەمی کوردی سنووری نێوان غەزەل و قەسیدە دوازدە دێڕ شیعر بێ، لە دیوانی کوردیدا تەنیا چەند قەسیدەیێک دەدۆزرێتەوە ژمارەی دێڕەکانیان لە دوازدە دێڕ تێپەڕی کردبێ تا دەگاتە بیست دێڕە شیعر. هەرچی غەزەلەکانیشە دەکرێ لە بابەت پێڕەوکردنی ژمارەی دێڕی غەزەل بوترێ کوردی لە شاعیرانی دیکەی ئەدەبی کوردی زیاتر پێڕەوی ژمارەی غەزەلەکانی کردووە، بۆ بەڵگە غەزەلی حەوت دێڕە شیعری و نۆ دێڕە شیعری لە ئەدەبی کلاسیکیدا زۆر زیاترە لە غەزەلی پێنج و شەش و هەشت دێڕە شیعری. بێ گومان کوردی لە هەموو جۆرەکانی هەیە لە ڕووی ژمارەی دێڕی شیعرەوە، بەڵام نیوەی زیاتری غەزەلەکانی لە حەوت دێڕ و نۆ دێڕە شیعر پێک هاتوون.

٢- بەم جۆرە شاعیر لە غەزەل و قەسیدە و مولەممەع بەولاوە هیچ جۆرە شیعرێکی دیکەی وەکو چوارین و پێنجین و پێنج خشتەکی و موستەزاد و تەرجیع بەند و تەرکیب بەند و هەموو جۆرەکانی دیکە لە دیوانی کوردیدا نابینرێن.

٣- لە بابەت کێش و قافیەوە هەموو بەرهەمی شاعیر لەسەر بەحرەکانی عەرووز هۆنراوەتەوە، یەکێتیی کێشیان تێدایە. هەموو غەزەلەکانی لەسەر کێشی ڕەمەل و هەزەج داناوە، بەدەگمەن کێشی موزاریع لە بەرهەمیدا بەرچاو دەکەوێ لە بەحرەکانی دیکەی هەر نییە.

لە ڕووی قافیەشەوە کوردی بەتەواوی پێڕەوی یەکێتیی قافیەی کردووە، بەڵام هەموو دەنگەکانی ئەلفوبێی عەرەبی نەکردووە بەقافیە، لە زمانی کوردیدا دوو

دەنگی (ۆ) و (ێ) نەبێ هیچ دەنگێکی دیکەی ئەلفوبێی کوردی نەکردووە بەقافیە. هەندێ لەو دەنگانەی کردووە بەقافیە کە لە هەردوو ئەلفوبێی کوردی و عەرەبیدا هەن، وەکو (ا، ت، ر، ز، ق، ل، م، ن، ی)، جگە لەوە کوردی لە هەندێ غەزەل و قەسیدەیدا پاش قافیەی بەکار هێناوە.

٤- هونەری مولەممەع لە بەرهەمی شاعیردا لە سێ پارچە شیعر بەرچاو دەکەون. هەریەکەیان نیوە دێڕی یەکەمیان کوردییە و نیوە دێڕی دووەمیان عەرەبی یا فارسی یا تورکی عوسمانییە، بەژمارەی دێڕیش هەریەکەیان لە نۆ دێڕە شیعر پێک هاتووە، لە ڕووی کێشیشەوە لەسەر بەحری ڕەمەلی (٨)ی مەحزووف (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) ڕێکخراوە. دوور نییە شاعیر ئەمەی بۆ ئەوە بووبێ بەخەڵکی بڵێ ئەو زمانانە دەزانێ، یا ئەو شیعرانەی بۆ یاری خۆشەویست داناوە، ئیتر ئەو یارە ئەگەر ئەو زمانانە دەزانێ با تێیان بگا، ئەگەر ناشیانزانێ شاعیر بۆ ئەوە ئەو شیعرانەی داناوە؛ ئەو تێیان نەگا.

وەک نموونەیێکی لەم بابەتە مولەممەعە (کوردی - عەرەبی)یەکەی شاعیر لێرەدا تۆمار دەکەین:

حۆرییی ڕەوزەی جینانی یا گوڵی باغی ئیرەم
(أم نُجومُ العَرْشِ أم شَمْسُ عَلَت فَوقَ العَلَم)
سەرکەشی عێلی گەلاڵی شۆخی بابان و عیراق
(نُورُ أبصارُ العَرب ظِلُّ الرؤَساءِ العَجَم)
کوشتن و عەفووت لە لای من هەردوویان هەر ڕەحمەتن
(لَو تُمِتني تَرحَمني لَو تُعفِني عين الكَرَم)
ئاخری کوشتت بەهیجران ئاسکەکەی دەرماڵی خۆت
(كَمْ نَديت بِالنِدا لا تقتلُ الصّيدَ الحَرَم)
کوشتمت ئەمما لە پاشانیش پەشیمانی دەبەی
(يا حَبِيبي بَعدَ قَتلى لا حُصولَ للنّدم)
وەک تەبیب ئەر بێی عیلاجی ئەم برینانەم بکەی
(أعطِكَ الروحَ لَئِن تَقْبلهُ في حَق القَدَم)

سەد کە مەحزوون و نەخۆش بم نامەکەت گەر بێتە لام

(يَندْفع حُـــــزْني ومــــا يَبــــقى بِقَلْبي مِن أَلَمْ)

گەر وەکو عیسا لە پاش مردن بەسەرما ڕابوری

(تَجـمعُ العظمَ الرَمـيمَ تُحـيـيني بعـدَ العـدم)

چونکە نامەی دەردی (کوردی) قەت نەهاتە ئینتیها

(نَفَــدَ القــرطاسُ جَفَّ الحِــبــرُ وانشق القَلَم)

دوو مولەممەعە کوردی – فارسی و کوردی – تورکییەکەی شاعیر لە بابەت کێشەوە لەسەر بەحری هەزەجی (٨)ی سالم (چوار جار مفاعیلن) ڕێکخراون.

مولەممەعە (کوردی – فارسی)یەکە بەم دێڕە دەست پێ دەکا:

خۆشم قوربان بەبەندیخانە و زەخمی سیاه مارت

(بشـرط آنکه نیـاری بر سـر من طعن أغـیـارت)

نیوە دێڕی فارسییەکە بەم مانایە هاتووە (بەمەرجێ تانەی ڕەقیب و ئەغیارم نەیەتە سەر).

مولەممەعە (کوردی – تورکی)یەکەش بەم دێڕە دەست پێ دەکا:

دیسان وا هاتە گەردش چەرخی چاوی مەستی فەتتانی

(گیول إقلیمک اوزره برده سوردی صفی مژگانی)

نیوە دێڕە تورکییەکە بەم مانایە هاتووە (برژانگی دیسان هێرشی بردە سەر دڵستان «مەملەکەتی دڵ»).

لەو زانیارییانەی سەرەوە لە بابەت شیعری مستەفا بەگی کوردییەوە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ شاعیر دەستی بۆ هەموو هونەر و ژانرەکانی شیعری کلاسیکی نەبردووە لە ڕووی ڕوخسارەوە، تەنیا خووی داوەتە غەزەل و قەسیدە. بەو پێیە لە ناوەرۆکیشدا پەلی نەهاویشتووە بۆ هەموو بابەت و مەبەس و ژانر و هونەرەکانی شیعری کلاسیکییەوە، بەزۆری تەعبیری لە هەستونەستی دڵدارییێکی تایبەتی کردووە، لەوەوە خەیاڵی هەڵێنجاوە و شیعرێکی بەرزی لەم ڕووەوە بەرهەم هێناوە.

شیعری کوردی بەگشتی ڕەنگدانەوەی دڵدارییێکە بەهیچ جۆرێ لە دڵداریی زەمینی یا مەجازی نزیک نابێتەوە. شاعیر دەیەوێ بەدڵدارییێکی سۆفیزمی خوایی لە قەڵەمی بدا، بێ گومان مەبەسی ئەوەیە ئەم دڵدارییە سۆفیزمییە گیانییە لە گێتیی میتافیزیک دەری بێنێ و بیخاتە خانەی مەتریالییەوە. لێرەدا ئەم دڵدارییە لە کوڕێکدا دەبینێ، لەبەر ئەوەیە لە سەرانسەری شیعرەکانیدا سیفەتی ناسکی مێیینەی بەکار نەهێناوە، ئەگەر بەکاریشی هێنا بێ ئەو سیفەتانەیە کە بۆ کوڕیش دەست دەدەن. لەوانە بەزۆری باس لە کاکۆڵ دەکا، هەرچەندە ئەم وشەیە هاومانایە لەگەڵ قژ و پرچ و زولف و کەزی، بەڵام بۆ کوڕ بەکار دەهێنرێ. جگە لەوە زاراوەی (یار) کە هاوڕێ و برادەر دەگەیەنێ لەگەڵ ئەوەی بۆ نێر و مێ هەردووکیان دەشێ، بەڵام زیاتر بۆ نێرینە بەکار دەهێنرێ.

چاو لە لای کوردی دەوری گرنگی هەیە، هەرچەندە لە ئەدەبی کلاسیکی بۆ ژن بەکار دەهێنرێ، بەڵام دەکرێ بۆ جوانی کوڕیش بەکار بهێنرێ، وەکو چاوی مەست، چاوی ڕەش، چاوی فەتتان. هەروەها خاڵی ڕەش، بەتایبەتی لەسەر ڕوومەت نموونەی جوانییە لە شیعری کلاسیکیدا بۆ ژن، بەڵام دەکرێ بۆ جوانی نێرینەش بەکار بێ. ئەمە و هەندێ لەو سیفەتە هەست پێکراوانەی بۆ جوانی ژن لە شیعری کلاسیکی داهێنراون بەگشتی وەستایانە شاعیر توانیویەتی بۆ یارەکەی بەکاریان بێنێ، بەڵام ڕاستەوخۆ ئەو سیفەتانەی تایبەتین بەمێیینە کوردی لە شیعریدا بەکاری نەهێناون، وەکو سنگ و مەمک. بەم پێیە لە هەموو شیعریدا مستەفا بەگی کوردی وەسفی سروشت و پەیکەری ژنێک یا کچێکی نەکردووە، ناوی سنگ و مەمک و هەموو ئەندامە دیار و نهێنییەکانی تایبەتی بە ژن نەهێناوە. بەزۆری شاعیر وشە و زاراوە و تەعبیری تایبەت بەئەدەبی سۆفیزم و غەزەل بەنێرینەی بەکار هێناوە وەکو: یار، چاوی مەست، مەعشووق، خاڵی سەر ڕوو، ڕووحی شیرین، نەخۆشی، تەبیب و گەلێکی دیکە.

شاعیر وەسفی سروشت و پەیکەری ژنی نەکردووە، لەبەر ئەوەیە وێنەی مەتریالی لەناو شیعریدا نابینرێ، هەموو شیعرەکانی وەک موناجات و پاڕانەوە و ئامۆژگاری دەکەونە بەرچاو. بەم جۆرە شاعیر کۆمەڵێک مانا و وێنەی شیعری

داهێناوە دوور لە گێتیی مادی، لەگەڵ ئەقڵدا قسە ناکەن، بەڵکو لەگەڵ دڵ و دەروون و ویژدانی ئادەمزاد. لە قوتابخانەی شیعری کوردستانی باشووردا مستەفا بەگی کوردی بوو بەخاوەنی ئەم جۆرە شیعرە و دیوانی شیعری نەتەوەیی پێ دەوڵەمەند و ڕەنگین کرد.

بەشی سێزدەم

گوڵبژێری دیوانی کوردی

زۆربەی شیعری کوردی بۆ یەکێک وتراوە، وێنە و ماناکانی تەنیا لە دەوری ئەو کەسە دەسووڕێنەوە. یاری شاعیر و قارەمانی شیعری ناوی (قادر) بووە، لای کوردی و هەموو ئەو شاعیرانەی ئەم جۆرە شیعرەیان نووسیوە بووە بە(موتلەق). ئەو نێرینانەی بەناوی جیاوازەوە وەک (ڕەمزی کردگار) کەوتنە ناوەوە بوون بەقارەمانی ئەو چەشنە شیعرەی سۆفیزم، سەرپشکی ئەمانە بێ گومان «یوسفی کوڕی یەعقوب» بوو.

سەدای کاروانی فیرقەت

شاعیر دەبیستێ قادری یاری سەفەری سنە دەکا. لێرەدا یا ئەوەتە کوردی لە سلێمانییە و بەم سەفەرە قادر لێی دوور دەکەوێتەوە، یا ئەوەتە شاعیر ڕوو دەکاتە سنە بۆ ئەوەی لەوێ پێشوازی بکا، هەموو مەبەسیشی ئەوەیە لێی دوور نەکەوێتەوە، بۆ ئەم مەبەسە شیعرێک دادەنێ، ئەم غەزەلە یا لە سلێمانی نووسراوەتەوە و پێش ئەوەی قادر سەفەر بکا، یا لە سنە نووسراوەتەوە لەو کاتەی شاعیر لە پێشوازیدا بوو:

سەدای کاروانی فیرقەت دێ دەڵێن سەرقافڵەچی یارە
زڕەی پێشەنگی میحنەت دێ دەڵێن کالایی غەمبارە
ترنگەی تەپڵی باز ئاتلانی چاوەش دەنگی جارچی دێ
بەتیپی غەم دەڵێن نامەرد ئەسەر دڵ ئەمرۆ یەلغارە
دەڵێی ئەسپی فیراق سمکۆڵ دەکا وا لێڵە بینایم
دەڵێی تەپڵی تفاقیان ژەند کەوا گوێم پڕ لە هاوارە

له پێش بەیداغی شـــادی یار ئەوا ئەســـپی دەئاخـــێـــوی

لەســـــەر تیـــپی ســـوپاســـالار و هـــەم پێـــشـــەنگ و دونداره

مـــەزەنده هەوری ڕەحـــمـــەت ئاســـمـــانی عـــەشـــرەتی پۆشی

کـــــەوا ڕووناکی ڕۆژ ئـــەمـــــڕۆ لـە بـەرچاوم شــــــەوی تاره

ئەمان ســـەرقافڵـەچی کاروان دەخیل ســا چەرخەچی لەشکر

جڵـەو هـەڵکێشـه ڕەحمێ کە کە جارێکە و هەر ئەم جاره

ئـەوا ئـێــــوه دڕۆن حـــــەق بێ بەپارێزگــــــارتان ئـەمما

بەکـــێی دەســـــپـــێـــرن ئێـــوه تۆ خـــوداتان ئەم بریندارە

کـــه ڕۆیین تۆ خـــودا کێ بێـــتـــه ســــــەر بالین و نالینی

کـه بمرێ کێ هـەڵیگرێ و دەفنی کـا ئەم مـوردە بێـچـارە

ئەگەر نایبـەن لەگەڵ خۆتان بەکوشتن سا عـیلاجی کـەن

کـــه وەڵڵا ئەو له پاش ئێـــوه له رووحی خـــۆشی بێـــزاره

بەوەڵڵا حـاجـەتی قـەتلی نیـیـــه هیـجـرانتـان مـــەرگـه

چ فایده هەر وەکو (کوردی) ئەویش گیان سەخت و بێعاره

لەم شیعرەدا شاعیر لە دوو لایەنی داهێنانی ئەدەبیی سەرکەوتووه. یەکەمیان قارەمانی دڵدارییەکەی، واته خۆشەویستەکەی کردووه بەسوارچاک و سەرلەشکر و پێشـەنگی کاروان، ئەمە لەگەڵ وەزعی یارەکەی دەگونجێ کە کوڕه. دووەمیان وەسـفی ئێش و ئازاری ناوەوەی دەکا وەکو خـۆی دەڵێ: ڕووناکی ڕۆژی لێ بووه بەشـەوی تاریک، کە یار لە دڵداری بریندار دوور بکەوێتـەوه کێ دەتوانێ جێی یار بگرێتەوه! کێ بێتـه سـەر سەرینی لە کاتی گیان سپاردندا! ئەگەر بمرێ کێ ئەو مردووه بێچارەیه دەنێژێ! ئەگەر لە یارەوه نزیک نەبێ مردن بۆ ئەو باشتره، بێ گومان ئەو مردنه بەکوشتن بێ چاکتره.

وەسفی یار

له بەرهەمی شیعری کوردیدا وەسفی یار بەزۆری وەسفی ڕووکەش دەکەوێتە بەرچاو، لێرەدا لە هەندێکیان دەکۆڵرێتەوه.

١

لە غەزەلێکیدا شاعیر دەڵێ:

ڕوخی وەک گوڵ تەنی وەک سیم لەبی وەک لەعلی ڕوممانی
دەهان وەک فندق و غەبغەب وەکو نارنجی ئیمانی
فەقێی یاخۆ نیزامی یا نەخۆ پێش خزمەتی شاهی
دوڕی موڵکی سلێمانی ڕەئیسی ئێلی جافانی
بەحوسنی یوسف ئاسات و بەخوڵق لوتفی شیرینت
چراغی بەزمی خوسرەو نووری دیدەی پیری کەنعانی
بەزاهیر سادە لەوحی وەک ڕوخت وەحشی وەکو دیدەت
لە دڵدا بۆ حەکیمی و عاقلی ئوستادی لوقمانی
عەرەب ئەندامیی و فارس کەلام و تورک ڕەفتاری
نیگاه ئاه و، ڕەوت کەبکی، زمان تووتی خۆش ئەلحانی
ئەگەرچی قادری بۆ قەتلی من فیکرێ بکە قوربان
لەسەر سەفحەی ڕوخت وەختە عەیان بێ خەتتی ڕەیحانی
وەکو بولبول فەغان کە دائیما (کوردی) لە دەوری گوڵ
وەکو قومری بناڵێنە لەتاو سەروی خەرامانی

لەم شیعرەدا کوردی بایەخی بەجوانی ڕووکەشی پەیکەری قادری یار و یاوەری داوە، باس لە ئەندامانی لەشی دەکا، لە ڕوومەت و دەموچاو و چەناگە و غەبغەب، ئەم ئەندامانە بەهەندی دیاردەی سروشتییان دەچوێنێ. ئینجا لە لایەن ڕەوشت و پیشەی ئەم یارەوەیەوە، بەلایەوە لە تەمەنێکی ئەوەندە بچووک و ناسکدایە شایانی ئەوەیە پێش خزمەتی شاهان بێ، لەو تەمەنەدا دەکرێ فەقێ بێ یا تازە بووبێتە سەرباز. بەو جوانییەی ئەوەی لە یوسف دەکا چرایێکە کۆڕی بەزموڕەزمی خوسرەوی پەروێزی ڕووناک کردۆتەوە، یا ڕووناکی داوەتە چاوی پیری کەنعان. لەگەڵ ئەم کەم تەمەنییە قادر دانایێکە بەمامۆستای لوقمانی حەکیم دەشێ.

٢

لە غەزەلێکی دیکەیدا لە مەبەسی وەسف نەچۆتە دەرەوە:

بەئەبرۆ و خـەتت و خـاڵ خـووبی بەباڵا جـوست و چالاکی

بەزاهـیـر بێــچـووە دەروێشی بـەدڵ جـەلـلاد و سـەفـفـاکی

بەئـایینـەی ڕوخ ئەسکەنـدەر بەجـامی دیدە جـەمـشـیـدی

بەتـەخــتـی سـیـنە پـەروێزی بـەمــاری زولف زەحــحــاکی

سـوپای خـەت هات و غـەیرەز تیغ کـەسێ ناتوانی چاری کا

بەدەریای عـیلمــەوە هیــچم نەکـرد با بچــمــە دەللاکی

لە ڕق باوکی بگرییێم یا لە بۆڵەی دایکی هـاوار کـــەم

لە زوڵمی خــۆی بناڵم یا لەبـەر جــەوروجــەفــای کــاکی

گـەلی سـۆفـی ئەوا هاتن کـە مـیـراتی فـەقێ بەش کـەن

بەڵێ مەعلوومە خۆ وەحشی کە مرد سەگ دەچنە سەر لاکی

عــەجــەب دەست و گـریـبـانم بووە (کــوردی) لە دونیــادا

مەگەر قیسمەت بوو بۆ من ڕۆژی ئەووەل عیجز و غەمناکی

لەم غــەزەلەدا کــوردی وەســفـی ڕووکــەشی هەندێ لە ئـەندامــەکــانی یاری خۆشـەویسـتی دەکا، بەڵام زیاتر مـەبەسی دیارکردنی هێمنی و لەسـەرخۆییـە لە ڕەوشــتی دەرەوە و ئاشکرای کـە بەچاو دەبینرێ، هـەروەها پێــچـەوانەی ئـەو لە ڕەوشـتی ناوەوە و مـەزەندەی دەروونی دەدوێ کە بەچاو نابینرێ، ئەمـە خـوویێکی کوشندەیە بەرامبـەر بەدڵدار دەیخـاتە پراکتیکەوە. ڕەوشـتە خـۆش و جوانەکان لە ئەسکەندەر و خـوسـرەوی پەروێز و ڕەوشـتـە ئازاردەرەکان لە جـەمـشـیدی جـەم و زەحـحـاک کۆ دەکـاتەوە بۆ یاری خۆشـەویسـتی بـەکاریان دێنێ. ئاوڕدانـەوەیێکی کوردانە لەم پارچە شـیـعـرەدا دەبینرێ، یەکێک گرفـتـاری کچێک یا کـوڕێک ببێ هـەڵوێستی کـەسوکاری بەرامبـەر ئەم دڵدارییە چۆن دەبێ! کوردی وەک خۆی دەڵێ چۆن دەتوانـێ باری قـورسی ڕقی باوک و بۆڵەی دایک و زوڵمی خـۆی و سـتـەمی کاکی واتە برا گەورەی هەڵبگرێ.

٣

ئەم وەسـفـەی کـوردی وا دەکـەوێتـە بەرچاو کـەسـێک داوای لێ کـردبێ باسی یارەکەی بکا، وەرامی شـاعیر وەک وەسـفێکی ئـاسایی خۆی دەنوێنێ لە غـەزەلی کلاسیکیدا. ئەم جۆرە وەسـفـە بەزۆری و بەگشـتی بۆ دڵداری مـەجـازی مێیینە

بەکارهێنراوە، بەڵام شاعیر بەڕوونی ئاشکرای دەکا ئەگەر هەندێ سیفاتی مێیینەشی بۆ یارە نێرەکەی بەکارهێنابێ بۆ ئەوەی سەر لە خوێنەر نەشێوێ وتوویەتی (غولامی زولف و ئەگریجەی غولامانەی غولامێکم):

عەزیزان من ئەسیری قامەتی نەوتوول نەمامێکم
غولامی زولف و ئەگریجەی غولامانەی غولامێکم
گرفتاری کەمەندی مەهوەشێکم تیفل و بێ ڕەحمە
خەریک و وێڵ و وەحشی ئاهوویی شیرین خەرامێکم
هەموو عومرم بەزایەع چوو لە ڕێگەی عیشقدا چونکە
گرفتار و ئەسیری داوی عیشقی تیفل فامێکم
ڕەواجی سیککەیی ساحیبقڕانی مولک و میللەت بووم
ئەمێستا وێڵ و سەرگەردانی گەرداوی عەوامێکم
شەهی ئیقلیمی عیشقم پیری ڕەندانی خەراباتم
ئەگەرچی زاهیرەن تیفل و نەزان و ئەبلە فامێکم
ئومێدی وەسل و دیداری نەما (هیجری) ئەمێستاکە
هەمیشە ئینتیزاری نامەیی پەیک و سەلامێکم

لەم غەزەلەدا وەکو دیارە شاعیر بەنازناوی دووەمی (هیجری) شیعرەکەی بەخەڵکی ناساندووە.

٤

لەم شیعرەی ئێستادا، لەم شوێنەدا تۆمار دەکرێ شاعیر بەشێوەیێک خەریکی ناساندنی یارەکەیەتی بەپێی ئەو زانیارییانەی دەیاندا بەدەستەوە، هەموو کەسێک دەتوانی ئەو یارە بدۆزێتەوە، تەنانەت جێگەی ماڵیشیان دیاری دەکا. بەم جۆرە بەپرسین پیاو دەتوانێ چاوی بەو خۆشەویستە بکەوێ، کە بەرەوڕووی دەبێتەوە بەهۆی وەسفی شاعیرەوە دەیناسێتەوە. هەروەها شاعیر خەریکی دیارکردنی ئەو سیفەتانەیە سنووری خووڕەوشت و کردەوە و بزووتنەوەی یاری شاعیر دەخەنە ڕوو، وەکو یار تاجی سەری هەموو شاهانی گێتییە، ڕۆژی هەموو گەردوونە، ڕووناکیی بەزمی هەموو دەروێشانە و هەندێ وێنەی دیکەی داهێنراوی هونەری، لە کۆتاییدا ناوی ئەو ڕێبەرەی دەبا کە (قادر)ە.

ئەی دوڕی تاجی سەری شاهانی ئیقلیمی جیهان
شەمسی ئەفلاکی کەمال و شەمعی بەزمی عاریفان
ئەی بەنادیدە بەشوهرەت سەد وەکو من موختەلیف
وەی لە تاوی فیرقەتت عالەم هەموو ڕەنجیدە جان
سابیقی پرسی کە دڵ ئەفسوردە و سەودا سەرم
یا لەسەر مایەی هەوا و میهر و شۆری دلبەران
واقیعی شیرین سوئالێکە بەڵان لیکن دەبوو
مەسئەلە بڕوا بەلای شەخسێکی دانا و حاڵ زان
من دڵم شێواوە یەکسەر دەفعی کاروباری خۆم
سا چلۆن پێم دەکرێ ئیتر حەللی عوقدەی سائیلان
گەر دەپرسی مەنزل و شکل و لیباس و تایەفەی
مالیان نەزدیک بەبەندیخانە و ئاشی ئەحان
ئەسمەرە لاغیرتەنە باڵا میانە کەچ کولاه
سوخمە سەوزە مەیتەن ئاڵە چاو خومار ئەبرۆ کەمان
عاقل و دانا و موئەددەب وەحش و مەغروور و عەجوول
گەه دەڵێ سندان بەعاشق گەه دەڵێ چاوم قوبان
زوود خیز و توند ڕەوتە مەستە دایم چاو بەخەو
گاهی بەدخوو و زاڵمە گەه موشفیقە شیرین زمان
سا لە هەر کوێیی کە مەستت کرد سوئالی لێ بکەی
ڕازی پەنهانی سەراسەر بۆت دەکا ئەلبەت عەیان
ڕەهرەوت (قادر) بێ بۆ ئیعتای جەوابی مەسئەلەت
وەرنە (کوردی) ناتوانێ حاڵی خۆی بۆت کا عەیان

٥

لە شیعرێکی دیکەیدا کوردی لە وەسفی یاریدا دەڵێ:

ڕەنگی سووری گوڵ وەکو ڕوخسارەکەت ڕەنگین نییە
شەککەری میسری وەکو گوفتارەکەت شیرین نییە

ئەهلی چین نەقـقـاشی چاکن خـۆ بەڵان تـەسـویری تۆ

نەقشی خامەی کـردگارە کاری وەسـتـای چین نیـیـە

مـەنعی من عـەمـدەن دەکـا ئەغـیـارەکـەت یاخـۆ کـەرە

تالیـبی پووش و گـیـایە خـواهیـشی نەسـرین نیـیـە

من کە کـوشـتـەی تیغی عـیشـقم ڕۆژی دیوانی خـودا

بۆچی شـاهیـد بێنم ئاخـر کـفنەکـەم خـوێنـین نیـیـە!

من کـە ڕیسـوا بووم و تەپڵی عـاشـقـیم لێـدا ئیـتـر

(کـوردی) ئەزپەروای سـەر و ئیـمـان و دین نیـیـە

مـەبەسـی شـاعـیر لە دانانی ئەم شـیـعـرە ئەوەیە پەیکەری یارەکـەی بەبەرهەم و هونـەرێکی کـردگـاری دابنـێ، ئەو هـونەروەرە کـردگـارە، خـەڵکی چین نیـیـە کـە گەورەترین و شـارەزاترین وێنەکێـشن لە هەمـوو گێـتـیـدا، یاری شـاعـیر ئـەگـەر کردگار دروستی کردبێ مانای ئەوەیە لەسـەر شێوەی خۆی جیلواندوویەتی، لەبەر ئەوە هیچ باکی پێ نییە بێ دین لە قـەڵەم بدرێ، چونکە یار دەپەرسـترێ وەکو لە شـیـعـرەکـەدا دەردەکەوێ. کوردی لەم شـیـعـرەدا کـە باسی گـوڵی کردووە و ناوی گوڵی نەسـرینی هێناوە، بەهیچ جۆرێ مـەبەسـی لە گوڵ وەسف و پێدا هەڵدان نییە وەک دیاردەیێکی جـوانی سروشت، بەڵکو بۆ ئەوە بەکاری هێناوە بڵێ ڕوخـساری یار لە گوڵ ڕەنگینترە، گوڵی نەسرینیش لە پووش و گیا جوانترە.

٦

شـاعـیـر لەم غـەزەلەی خـوارەوەیدا خـەریکی وەسـفی جلوبـەرگی یارەکـەیەتی، لە کورتەک و کەمـەرچین و قاپووت کە جلی تایبـەتـین بەپیـاوان، هـەروەها باس لە کـەوا دەکـا، ئەمەیان بەرگی ژنان و پیاوانە. کوردی لە شـیـعریدا وەسـفی جلوبەرگی ژنانە ناکا. لە ئەندامانی لەشی یاریش لەم شیعرەدا چاو و دەوروبەری وەک برۆ و برژانگ کەوتوونەتە بەرتیشکی بیری تیژی مستەفا بەگی کوردی، لەدواییدا بەم وتەیە دوایی بەشیعرەکە دێنێ و بەخوێنەر دەڵێ: چوار شت لە گێتیدا داوایان مەکە و بەتەمایان مەبە، لە خۆت عەقڵ، لە دڵ سەبر، لە بەخت ئیمداد، لە یار یاری:

کــەوا دارایی زەڕ کــورتەک کــەمــەرچین جــوببــە گــوڵناری

کـلاو لار چاو خــومـار شــیـرین سـوار خـاڵ شکڵی تاتاری

کـە (مـانی) هاتـە سـەر تەسـویرِی ئـەبرۆی تۆ لە پاش چاوت
لە مـەسـتی دەسـتـیدا لەرزی کـە کـەچ هات خـەتتی پرگـاری
گولّ ئـەمرِۆ خـۆی مـوقـابـیل کـرد بەرِوخـسـارت لە لای خـەڵقی
بـەڵـێ هـەردەم درِاو و هـەرزەگـــۆن شـــۆخـــانـی بـازارِی
دوعام کرد چاوەکەت خۆش بێ کە خۆش بوو ئەمنی بیمار کرد
رِەفـیـق ئامـان دوعـا کـەن رِەببی زاڵم هـەر بەبیـمـاری
ئـەگـەر تـۆ رِاسـت دەڵـێی و قـاتیـلی دڵ نـی ئـەدی بـۆچی
بەیەک یـەک تیـری مـوژگـانت بەخـورِ خـوێن دێ لە سـوفـاری
وەکـو فـوارە خـوێن دەتکێ لە گـۆشـەی مـیـحـوەری گـەردوون
لـە چاوەی چاوەکـانـی مـن لە دووریت هـێندە خـوێن بـاری
مـونـنـەجـیم گـۆشـەیی چاوتی کـە دی نووسـی لە تەقـویمدا
کـە ئـەمـسـاڵ زوو زەنەب تـالیع بـووە ئـیـفـسـادە ئاسـاری
ئـەتـۆش تەقلیـدی زولفی یـار دەکـەی دووبارە ئەی عـەقـرەب
حـەیا هەر وا لـە چاودا چی بڵـێی ئەی کـوێرە مـوخـتـاری
لە چوار چشت قـەت مەکە خـواهش لە دونیا (کوردی) تا ماوی
لە خـۆت عـەقڵ و لە دڵ سـەبر و لە بەخت ئیـمـداد لە یار یاری

ئەو نموونـانەی لە دیوانی کـوردیدا لـە بابەت وەسـفی یارەکـەیەوە پیـشـان دران جـوانتـرین رِەنگدانەوەی ئـەم جۆرە مـەبـەسـەن لە لای شـاعیر. لە خـوێندنەوەی ئـەم شیـعرانـەدا ئەو رِاستـییـەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە شاعیر لە سـروشت دوور بووە، هـەروەهـا سـروشت نـەبوو بـەئیـلهـام بـۆ وەسـفی سـروشت خـۆی، وە نـەبووە بەسـەرچاوە بۆ بـەکـارهێنانی بـۆ یار، چونکە دیاردەکـانـی ناسکی لە سـروشـتـدا زیاتر بۆ مێیینە بەکار دەهێنرێن.

موناجات

موناجـاتـی کوردی دوورە لە لاهووت، پێوەندی بەئاییینەوە نییـە، بەڵام هـەندێ جار کە بەبەرگـێکی سـۆفـیـزم خـۆی دەنوێنێ وەک مـوناجـاتی خـودایی دەکـەوێتـە رِوو، چونکە یار دەبێ بە(مـوتڵـەق)، واتە کـردگاری هـەمـوو کـەسـێک. ئەو (یار)ەی کـە

موتڵەقە و مستەفا بەگی کوردی هەندێ جار گفتوگۆی لەگەڵدا دەکا گلەییشی لێ دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر عەبد و کۆیلەیەتی.

١

لە شیعرێکیدا کوردی موناجات لەگەڵ یاری دەکا، دوو سێ سیفەتی کوڕ پیشان دەدا، لەوانە (لەسەر ڕێی چوونی بۆ مەدرەسە) یا (بەسواری ئەسپەوە) یا (ئەڵقەی کەمەری)، لەگەڵ ئەم سیفەتانەی کوڕ هەندێ سیفەتی تریش لە شیعرەکەیدا بەکار دێنێ بۆ کوڕ و کچ دەست دەدەن، وەکو (خاکی بەری پێت) یا (موژەی وەک تیر) یا (گۆشەی نەزەر). بەگشتی شاعیر هەموو ئەو سیفەتانە بۆ ئەو (موتڵەق)ەی خۆی بەکاری دێنێ کە کوڕە و ناوی (قادر) یا (قالە)یە.

جانا وەرە ئەم جەژنە بەقوربانی سەرت بم
بۆ تیری قەزای چاوی حەسوودان سوپەرت بم
شادن لە تەماشای نەزەرت مەحرەم و ئەغیار
مروەت نییە تەنها هەر ئەمن دەربەدەرت بم
ڕازیم بەدەنم هەر وەکو خاکی بەری پێت بێ
شایە کە لە ڕێی مەدرەسەدا ڕەهگوزەرت بم
تۆ بەو دوو ڕوخی خۆتەوە وەک شاهیی و فەرزە
دایم کە لە پێش ئەسپەکەتا وەک نەفەرت بم
وا قاڵ و زەعیف بووم لە هەتیتەی غەمی دووریت
شایستەم ئەمێستاکە کە حەلقەی کەمەرت بم
بۆ قەتلی منی خەستە موژەت هەر وەکو تیرە
ئەی من بەفیدای تیری نیگای پڕ خەتەرت بم
ئەر خەشمە وەگەر لوتفە بە(کوردی) نەزەری کە
قوربانی غەزەب گرتن و گۆشەی نەزەرت بم

٢

شاعیر لە موناجاتی ڕابردوودا خۆی بەکەم زانیوە بەرامبەر بەیار، لەگەڵ ئەم هەموو درشتییەی یار لەگەڵ دڵداری دەکا ئەو خۆی هەر بەبچووک دادەنێ. بەڵام

له غـەزەلێکی دیکەیدا هـەرچی ئەو خـراپەیەی لەگـەڵ شـاعـیـر کـردوویەتـی بۆی دەژمـێرێ، لێـرەدا نەک شـاعـیـر لێی خـۆش دەبێ، بەڵکو دەسـخـۆشی لێ دەکـا و دەکەوێتەوە وەسفی ڕووکەشی هەندێ لە ئەندامە جوانەکانی یار.

لەیلەکـەی بێ مـەیلەکـەی مـەحـبـووبـەکـەی عـەییـارەکـەم
شـۆخـەکەی بەدبـەخـتـەکـەی بێ ڕەحـمـەکـەی غـەددارەکـەم
زاڵمــەی لە خــوا نەترســەی کــافــرەی بـێ مــروەتە
قـاتیلـەی عـاشق کـوژەی جـەلادەکـەی خـونخـوارەکـەم
گوڵ بەدەن سـیمـین زەقەن خـەت یاسـەمـەن فندق دەهـەن
ئەسـمـەرەی قـەد عـەرعـەرەی ناز و نـەزاکـەت دارەکـەم
نەوجـەوان ئەبرۆ کـەمـان شـیـرین دەهـان و نـوکـتـەدان
تورک ڕەفـتـار و پـەری ڕوخـسـار و کـاکـۆڵدارەکــەم
ئەی ڕەقـیـب سـەد جـار دەرمکـەی یا جنێـووم پێ بدەی
نـاعــیـــلاج هەر دەبێ بێم بـۆ ســەلاحـی کــارەکــەم
زەهری دووری چەشـتـووە (هـیـجـری) ئەمێـسـتـا بۆیەکە
تەلخ گــوفــتــارە کــەلام لەعلی شــەککەر بـارەکــەم

٣

کوردی دوو غـەزەلی دیکەی تەرخان کردووە بۆ مـوناجات لەگەڵ یاری، بەڕسـتـەی بانگکردن (عـەزیزم...!) دەست پێ دەکەن. لە ڕووی کـێشـەوە هـەردووکیـان لەسـەر بەحری هەزەجی (٦)ی مـەحزووف (مفاعیلن مـفاعیلن فعولن) ڕێکخراون. لە ڕووی قـافیـەشـەوە دەچنە ناو دەنگی (م)، یەکەمـیـان (...ییم)، دووەمـیـان (... ـارم). وەکو دەبینرێ لە هـەمـوو لایەنێکی هونەری شـیـعـر و مانـا و وێنە داهێنراوەکان هەردوو غەزەل وەکو یەکن، تەنیـا لە کێشی قافیەکانیاندا نەبێ، لەبەر ئەوە ناتوانرێ تێکەڵ بەیەکتری بکرێن.

لە هـەردوو غـەزەلدا شـاعـیـر لە یار دەپاڕێتـەوە وەکو خـوڵقێنەر و کردگـارێک، هـەروەهـا بۆ خۆی دەلاوێنێتەوە وەکو مردوویێک لە پێناوی عیشق و توانەوەی لەناو کردگاردا. بەلای شاعیرەوە (قادر) موتڵەقە، ئەمـە خودای گەورە و قالەی یاریەتی، هـەردووکیشیان هـەر یەکێکن بەپێی تیۆریی سۆفیزمی مەنسووری هەلاج.

غەزەلی یەکەم:

عـــەزیـزم نووری عـــەینەینم حـــەبیـــبم
ســـەبووری بەخـشـی جـانـانی شـــەکـیـبم

وەرە ڕەحـــــمێ بـەحـــاڵم کــــە عـــەزیـزم
لـە یار زویر و لە مـــەسکەن بێ نەســـیـــبم

ڕەهەندەی دەسـتـی کەس نیم خـۆت دەزانی
فـــیـــراری جـــەوری ئـەغـــیـــار و ڕەقـــیـــبم

دوو شـــەش بـۆ داوی نەگـبـەت هەر لـە ڕێدا
لە بـەخـتـی شـــەشـــدەر و یاری عـــەقـــیـــبم

ئومـــــــێـــــدی زیـندەگـــــیـم ناوە بـەلاوە
کــــە قـــاتیل بـوو بەجـــەرراح و تـەبیـــبم

عەجوولی و وەحشـەتی ئەو وەختە خۆم بووم
کــــە دیدەت بـوو بـەئوســـتـــــاد و ئـەدیـبم

ئەوەی دەیڵـێم ئەگـەر ئـیـغـراقـە (هـیـجـری)
هـیــــلاکی دەســـتـی مـــەیتـــەن قــرمـــزی بم

غەزەلی دووەم:

عـــــــــەزیـزم وا لـە دووریـت دڵـفـگـارم
کــە خـوێن دەڕژێ لـە دیدەی ئەشکبـارم

وەها فـرمـێـسکی خـوێنین دێ لـە چاوم
وەکـــــو دامــــــانـی ئـەلوەنده کــــــەنارم

لە گـەردی قـاسـیـدی یەئسـی ویسـاڵت
بـەکــوللـی کــوێرە دیدەی ئینتـــیـــزارم

کــە ئومــێــدی ویســـاڵی تۆم نەمــاوە
بـەمـــەرگی تۆ بەمـــەرگ ئومـــێـــدەوارم

لـە چاوی خـــۆت بپـــرســـە ئەو دەزانێ
کــە مـن بۆ وا عـــەجــوول و بێ قـــەرارم

مـەکـەن مــەنعم کـە ســەرگــەردان و وێڵم

بەدەست عـیـشـقـە زەمـامـی ئـیـخـتـیـارم

لەگــەڵ عـیــشــقت وەها یـار و ئەنیــسم

لە تۆش حــەتتــا بەکــوللی بـەر کــەنارم

وەکـو مـەنسـوورِ ئەگـەر بیـشم سـووتێنن

(ئـەنالقــــادر) دەڵـێ گــــەرد و غــــوبـارم

ئـەگــــەر تالیـع ببـێ (کــوردی) ســــزایـە

بەحـوقـقـە دورِ و گەوهـەر کـەن نیـسـارم

٤

لە شیعرێکی دیکەیدا بەناوەرۆک موناجات؛ کوردی ڕوو دەکاتە یاری و بەهێمنی و لەسـەرخـۆ لێی دەپرسێ، ئایا زانیویەتی لەبەرچی خـەوی نییـە! لە وەرامـدا دەڵێ پێشـخـزمـەتە و ئەم جـۆرە کەسـانە بەشـەو ناخـەون. شـاعیر هەمیشـە یار لەناو خەیاڵیدا دەژی، ئیتر لێرە بێ یا لەوێ، واتە لێیەوە دوور بێ یا نزیک. هەروەها پێی دەڵێ عـەقڵ و هۆشی بەخۆڕایی پێشکێشی کردووە، کەس هـەیە سامـانێکی مفتی بدرێتێ و ئاوڕی لـێ نەداتـەوە، لەگــەڵ ئەوەشـــدا ئەگــەر وەســڵـی یار و بەهـەشت بخرێنە بەردەستی وەسڵی یار هەڵدەبژێرێ، دۆزەخیش ببێتە بەهەشت نایەوێ.

ئەم شـیـعـرە هەندێ وێنەی داهـێنراو دەور دەکاتـەوە، لە کـەلێنی ڕسـتـەکانیـدا هـەست بەزاراوە و لێکسیکۆنی سۆفیزم دەکرێ.

چاوەکـــەم زانیـــوتە بـۆچی خـــەو لە چاوم ناکـــەوێ

چونکە من پێش خزمەتم پێش خزمەتان نانوون شەوێ

ڕۆژ و شــــەو دایم لەبـەر دیدەی خــــەیاڵم حــــازری

ســا چ فــەرقــێکی هـەیە بۆ مـن ئـیــتــر ئـێــرە و ئەوێ

بەس نـیـــیــە لێــرە دەوێرم جــار بـەجــار باست بکەم

نەمـــدەوێرا قـــەت لەبـەر ئەغـــیــار کــە ناوت بـەم لەوێ

دڵ لـەبەر زامـی فـــیـــراقت دائیـــمــا زاری دەکـــا

ڕۆژ بەڕۆژ مـەنعی دەکەم باز دەردی سـەختە و نـاسرەوێ

عـەقڵ و هۆشم داوە پێت لێـشی دەتۆرێی مـاڵوێران
دەوڵەتێکی مـفت بێ سـاحـێـبـە بۆچی ناتەوێ
گەر موخەییەر بم لە مابەینی بەهەشت و وەسڵی یار
وەسڵی تۆ بۆ من جەهەننەم پڕ لە جەننەت نامەوێ
ئەی ڕەقیب وێڵم لە دەستت لێرە بۆ لێم ناگەڕێی
باوکە کوشتەت نیم ئەرێ هەی بەد مەزەب چیت لێم دەوێ
هەر وەکو کۆهی دەماوەندی سەرم پڕ شۆرشە
قەت تەمی هیجران و غەم ساتێ لە دەوری نارەوێ
گەردنی (کوردی) لە کێوی بێستوون موحەکەمترە
چونکە سەد ساڵە لە ژێر باری غەمایە و نانەوێ

پەرێشانی و پاڕانەوە

سەرانسەری شیعری دیوانە بچووکەکەی مستەفا بەگی کوردی وێنەی پەرێشانی ناوەوەی جیگەر و هەناوی گرتووە، ئەم نەخۆشییە دەروونییە بووە بەنەخۆشی ڕاستی و هەموو ئەندامی لەشی داوەشاندووە و لە هێزی خستووە. ئەم ئاژاوەیەی ناو هزر و دڵی بووە بەهۆی هەمیشە دەستەو دوعا لە پاڕانەوەدا بێ، پەنا بۆ هەموو شتێک ببا، بەڵکو تۆزێک لە ئازاری کەم بکاتەوە.

١

ئەمان مردم عیلاجێ سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ
ویساڵ یا قەتل یا تەسکین لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ
وەها سووتاوم ئەسلەن تابی فەریادم نەما سادەی
ڕەفیقان نیوە سووتوون ئێوە نامەرد عەرزە هاوارێ
لە کونجی سینە دەنگی ئای و وای دڵ دێ بەمەحزوونی
وێران بێ نەمدی ساتێ لێی نەیە ناڵەی برینداری
ئەلای هەرکەس دەچم مەنعم دەکا خۆت بۆچی ڕیسوا کرد
دریغ کوا حاڵ زانێ ڕەببی تووشم بێنێ بیماری

له ژێر باری غـەمـا وا شـانی سـەبرم ڕێژە ئێـسـتـاکـە
فـیـراقی یار لـەبەر ئـاخـر شـەڕی لێم بۆتە سـەرباریٚ
له نەزعـا پێی دەڵێم قـوربان جـەفـا بـەس بێ دەڵێ کـافـر
ئەمـە چیت دیگە تۆ سـەگ مـەرگی کـارم مـاگە پێت جاریٚ
سـەبا یارانـی مـەجلیس گـەر هەواڵی مـن دەپرسن لێت
بڵـێ کـێـشـاویەتە مـەیخـانـە چاوی بێـچـووە عـەییـاریٚ
دوڕڕ و یاقـووت دەباریٚ لەم کـەلامـە شـیـرینەی (کـوردی)
خـــوا ســـا کـــوا لـە دونیـــادا قـــەدرزان و خـــریداریٚ

کـوردی لە نیوەدێرێکی ئەم شـیـعـرەدا تەعـبـیـرێکی ناوچەیـی شـێـوەزاری سنە (ئەردەڵان)ی دیالێکتی کرمانجیی باشووری زمانی کوردی بەکارهێناوە:

ئەمـە (چیت دیگە) تـۆ سـەگ مـەرگی (کـارم مـاگە پێت) جـاریٚ. ڕسـتـەکـانی (چیت دیگە) و (کارم ماگە پێت) تایبەتین بەشێوەزاری سنە، لە شێوەزاری سلێمانی دەبن بە(چیت دیوە) و (کارم مـاوە پێت)، ئەم دیاردەیە لە شیعری کوردیدا ئەوە دەگەیەنێ (قـادر)ی یاری لە بنجـدا خـەڵکی سنە بـووبێ، وەکـو لە هەندێ گـێـڕانەوە لـە بابەت شـاعیرەوە بەدەم بیستراون، بێ گومان گەشتەکەی (قادر) بۆ سنە و شیعرەکەی کوردی (سەدای کاروانی فیرقەت) بەڵگەی ئەوەن یاری کوردی سنەیی بوو بێ.

کوردی لە کـاتێکدا ئەم شیـعرەی تەرخـان کردووە بـۆ وەسفی ئـەو نەخۆشـییـەی تووشی بووە و بەشوێن پزیشکدا وێڵە کەچی بۆی نادۆزرێتەوە، لەناو تەمومژی ئەم هەمـوو حـاڵـەتە سـایکۆلۆجـیـیـە و مـەینـەتییـە و بیـرییـەی تووشی هـاتووە بەسـەر شـاعیرییەتی خۆیدا هەڵدەڵێ. قسەکانی دوڕڕ و یاقووت دەبارێنن بەزمانی شیرینی کـوردی، بـەڵام کـەس نرخـیـان نازانێ، هـەندێ لە شـاعـیـرانی کـورد ئەم مـانایەیان درکاندووە، زۆریان لەدوای کوردی ژیاون.

لەم شیعرەیدا کوردی پەرێشانی خۆی گەیاندۆتە پلەیێک پاڕانەوە دەردی تیمار ناکا، بۆیە تەنیا مردن دوایی بەئێش و ئازاری دێنێ. لەمـەوە خـۆی دەرباز دەکا و لەم مـەبەسـە نـاچێـتـە دەرەوە و پارچە شـیـعـرێکی دیکە دادەنێ، ئەسـتـووری بیـــروباوەڕی خـــۆی دەردەبڕێ بـەرامـــبـــەر بـەدڵداری و ئایـین، وەک لە تێکســـتی شیعرەکە دەردەکەویٚ لە لای خوارەوە.

٢

ڕەفیقی کونجی میحنەت عاجزن هەر شەو لە ناڵینم
بزانن گەر لەبەر لێشاوی بەحری مەوجی ئەسرینم
ئەگەرچی ڕۆژ و شەو مەشغوولی نەغمەی موتریبم ئەمما
لە غەم خاڵی نییە ساتێ دڵەی مەحزوون و غەمگینم
تەبیب دێن دەوای دەردم بکا خۆ من زەدەی دووریم
بەبێ داروویی وەسڵی ئەو نییە ئارام و تەسکینم
ئەگەر مومکین نەبوو ژینم کە من مردم وەسییەت بێ
لەباتی قەوم و خوێشانم لەسەر مەیتم بکا شینم
شەهیدی عیشقم و مەمشۆن و کفنم بۆ مەکەن یاران
گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم
بەپەردەی زاهیری گەر بێ سەدای ئەو عاشقی یارم
ئیتر حاجەت نییە بێنن مەلا بۆ وەعز و تەلقینم
عەبەس (کوردی) مەلائیک دێن دەپرسنو مەزهەب و دینت
کە قادر خۆی دەزانێ من لەسەر کام مەزهەب و دینم

لەم شیعرەدا کوردی بەتەواوی خۆی ساغ کردۆتەوە کە دڵدارێکی گەردوونییە، سێ کوچکەی (بوون) لە لای شاعیر (خۆی و کردگار و قادر)ە. دیارە قادریش هەرچەندە لە قاڵبی کوڕێک بەرجەستە بووە، بەڵام بە وشە یەکێکە لە ناوەکانی کردگار. بەم جۆرە بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی کوردی لە سۆفیزمدا ئەم سێ کوچکەیە کردگار و مورشید و دەروێش، واتە (کردگار و قادر و کوردی) لەناو یەکتریدا تواونەتەوە. جا ئەم حاڵەتە لە لای کوردی ئەگەر پراکتیکیش نەبوو بێ، بێ گومان لە ڕووی تیۆرییەوە باوەڕی پێی بووە، ئەوەی بۆ ئەدەبیش گرنگە، ئەگەر شاعیر بەڕاستی بووبێ یا نا، ئەو بەرهەمە شیعرییە نازدارەیە بەزمانی کوردی لە قەڵەمی مستەفا بەگی کوردی چۆڕاوەتەوە.

دووری لە یار

چارەنووسی دڵداری (عیشقی) شاعیر و مەبەسی هونەر لە داهێناندا وەک

بەرهەم لەوەدایە دڵدار و یاری نەگەنە یەکتری، هەمیشە لە یەکترییەوە دوور بن. زۆربەی شیعری مستەفا بەگی کوردی خەریکی دوورییە، لە هەندێ بەرهەمیدا ئەم ئامانجەی شاعیر لەبەرچاوە، ئەگینا سیفەتی گشتی لە دڵداریی ناو شیعری دوور بوون و دوور کەوتنەوەیە لە یەکتری.

١

چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و ڕووحی شیرینم نەهات
زەخمی کۆنەم هاتە ژان و مەرهەمی برینم نەهات
من غەمم خوارد و غەمیش خوێنی جیگەرمی خواردەوە
بۆیە گریام چەند بەچەند فرمێسکی خوێنینم نەهات
غەم سەری لێدام و یارم قەت سەرێکی لێ نەدام
سەبر و هۆشم ڕۆییەوە غارەنگەری دینم نەهات
دڵ دەسووتێ چین بەچین دەشکێتە سەریەک وەک فەنەر
ساحیبی ڕووی ئاتەشین و زولفی چین چینم نەهات
دیدە وەک هەوری بەهاران خوێن دەگریێنێ و سەدای
پێکەنینی غونچەیی نەوسەبزە پەرژینم نەهات
گۆی سەرم چەوگانی میحنەت دایە بەر خۆی ڕایفڕاند
ئەلعەجەب بۆ شەهسواری خانەیی زینم نەهات
کەوتمە ناو نەزع و غەم خستمیە حاڵی غەرغەرە
(کوردی) بێ کەس خۆم لە هیچ لایێ سەدای شینم نەهات

لەو شیعرەدا کوردی وەستایەتی نواندووە لە دروستکردنی هەندێ وێنەی ڕەوانبێژی. مەبەسی سەرەکی شاعیر بێ گومان دوورکەوتنەوەی خۆشەویستە لێی، لەبەر ئەوە پاش قافیەی شیعرەکە (نەهات)ە، هەموو شتێک دێتە لای تەنیا یار نەبێ. گەلێ شت لە شاعیرەوە نزیکن: ژەهری مار، کولانەوەی برینی کۆن، غەم، کەچی ئەوەی لێی دوورە تەنیا یارە، ئەگەر لە شاعیر نزیک ببێتەوە هەموو دەردێکی دەرمان دەکرێ و هەموو برینێکی سارێژ دەبێتەوە، بەڵام ئەمە ڕوو نادا.

٢

له شیعرێکی دیکەیدا هەر بەناوی دوورکەوتنەوە و جیابوونەوە دەڵێ:

ئاغە گیان تۆ خۆت دەچی بۆ شار و من لەم غوربەتە
زەحمەتە یاران خەلاسیم بێ لە دەس ئەم فرقەتە
هەر کەسێ شەهدی ویساڵ و ژەهری دووری چەشتبێ
ئەو دەزانێ دەردی دووری چەند گرانە و زەحمەتە
دێ بەتاو ئەشکی دوو چاوم هەر وەکو دیجلە و فورات
مەزرەعەی غەم سەبز و دڵ تێراوە وەک ئەم دوو شتە
تا ئەسیری داوی تۆم ڕەحمێ بەحاڵم کە توخوا
موددەیێکی تر لە دەستت ڕادەبوورم فرسەتە
دڵ ئەمانەت بوو لە لات ئێستاکە وا حاشا دەکەی
وەرنە سەیر ئەم کافرەی بێ ئایین و بێ مروەتە
جەننەتە جێم چونکە ئەم شۆخە بەناحەق کوشتمی
هیند شەریف و پاکە حەتتا کوشتنیشی ڕەحمەتە
ڕوو لە قیبلەی مستەفا ناکا دەڵێ (کوردی) هەتا
تاقی میحرابی برۆی دەرخا لە عالەم ئەم بوتە

یار و خۆشەویستی کوردی ئەگەرچی پیاوە، یا ڕاستتر مێردمنداڵە، بەڵام بەپێی دەستووری گێتیی سۆفیزم بۆ شاعیر بووە بەشێخ و مورشید، لە گێتیی کۆمەڵایەتی دەرەوەی ئایین و سۆفیزم بووە بەئاغا. کوردی بیری لە لای ئەوە نییە خۆی مستەفا بەگە و هەڵگری لەقەبی سوارچاک و چەکمە ڕەقەکانی بابانە، بەڵکو خۆی بەبچووک دەزانێ، لەبەر ئەوەیە یاری خۆشەویست بەئاغا بانگ دەکا و بەشارستانیی بەخەڵکی دەناسێنێ، خۆی بەکەم و نەفام و لادێیی دادەنێ، یاری بەشارستانی حسێب دەکا بۆ ئەوەی لە خۆی گەورەتر بیخاتە بەرچاو. لە پاشانا دیسانەوە دەکەوێتەوە پاڕانەوە و داوای لێ دەکا بەزەیی پێدا بێتەوە، کەچی بەلای شاعیرەوە مەسەلەکە پێچەوانەیە، ئەگەر ڕەقیش بێ لەگەڵی تا کوشتن، ئەو کوشتنە ڕەحمەتە.

له غەزەلێکیدا شاعیر باس له دەردی دووری و ئاوارەیی دەکا، پاش قافیەی (ئەم شەو)ەیە. شەو له شیعری کلاسیکیدا له رووی رەوانبێژی و جوانکارییەوە دەوری گرنگ و بالای هەیە، بووە بەبەڵگەی داهێنانی بەرز له مانا و وێنەی شیعریدا. هەرچەندە شەو خۆی پڕ له گیروگرفت و نهێنی و تەلیسم و سیحر و نادیارییە، ئەوەندەش بووە بەمایەی دروستکردنی بەرهەمی بەرز. سۆفی و عاشق و خاوەن دڵ و هونەروەر و پیری موغان و هەموو خاوەن هەستی ناسک شەوپەرستن، لەبەر ئەوە درێژترین شەو بووە بەرەمز له گێتیی شیعرایەتیدا و رۆمانتیکییەتی ژیانی ئادەمزاد.

کوردی غەزەلەکەی بە(شەوی یەڵدا) دەست پێ کردووە، ئەم شەوە له رۆژژمێری کۆنی هەتاوی (رۆژژمێری نەورۆزیی) درێژترین شەوی ساڵە، دەکەوێتە شەوی ٢٠–٢١ی کانوونی یەکەم، لەپێش ئەو شەوە، شەو هەر دێ و درێژ دەبێ، تا ئەو (شەوی یەڵدا)یە، لەدوای ئەو هەر دێ و کورت دەبێتەوە، تا له شەوی نەورۆز ٢٠–٢١ی مارت (ئادار) درێژی شەو و رۆژ وەک یەک دەبن و، ئەو رۆژە رۆژی یەکەمی سەری ساڵە.

شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەم شەو
کە دیدەم دوور له تۆ بێ نوورە ئەم شەو
دڵم وەک حاکمی مەعزوورە قوربان
خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەم شەو
کە تۆی شای کەچ کوڵاهی دیدە مەستان
چ باکم قەیسەر و فەغفوورە ئەم شەو
سرشکم نەقشی ناوی تۆ دەکێشێ
جێگام سێدارەکەی مەنسوورە ئەم شەو
دڵیش مایل بەدەیدەی تۆیە بۆیە
له من وەحش و رەمیدە و دوورە ئەم شەو
له خەو هەڵساوی یا ئاڵۆزە چاوت
هەمیشە وایە یا مەخموورە ئەم شەو

لە دووریت مـن وەکــــو بولبــــول دەناڵم
بەوەسـڵت عالەمێ مـەسرووره ئـەم شـەو
ســـوپای مــوژگـــان و تیـغی ئەبرووانت
شکستی فـیـرقـەیی تابووره ئەم شــەو
ئەگـەر یاران دەپرسن حـاڵی (کـوردی)
لە کونجی بێ کەسی مەهجووره ئەم شەو

لەو شـــیـعـرەدا کــوردی هەندێ ڕووداوی مـێــژوویی لەمــەڕ گـەوره پیــاوانی فـەرمانڕەوایی دەوڵەت و گێتیی سۆفیزم دەور دەکاتەوە. یاری خۆی لە قەیسـەری ڕۆم (ڕۆمــان) و فــەغـــفـــووری چین گـــەورەتر دەزانێ، لەبەر ئەوه ســـەرێ بۆ ئەو خۆشەویستە دادەنوێنێ نەک بۆ ئەوان.

وێنەیێکی جـوان لەو غـەزەلەدا دروست دەکا کـە دەبێـژێ فـرمـێـسک لـەســەر ڕوومەتیدا ناوی یار تۆمار دەکا یا دەنەخشێنێ، وه خۆی لە سۆفیزمدا دەگەیەنێتە پلەی مــەنسـووری هەلاج. ئەم مـانایانەی مـســتـەفـا بەگی کـوردی لـەم غـەزەلەدا داهێنانی سۆفـیـزمـیـان تێدا نەبێ، بەڵکو لە وەسفی گێتیی سۆفـیزم نزیکی دەکەنەوه.

عیشق و عاشق

لە شیعرێکیدا کوردی بیری لە کۆمەڵە کەسانێک کردۆتەوە بەدرێژایی مێژوو وەکو خۆی تووشی دڵداریی حەقیقی بوون، هەندێکیان ڕەمزی دڵدارییان کچ بووه، برێکیان نێرینە بووه. ئەوانەی ناویان دێنێ ئەمانەن:

لە ڕۆژگارانی زۆر کـۆن (سامیری) هەڵدەبژێری، ئەمە کەسێکی جادووگەر و ساحیر بووه لە سـەردەمی مووسا پێغەمبەر ژیاوه. لەناو عـەرەبی پێش ئیسـلام (سـەحـبـان کوڕی زەفـەری ئەلوائیلی) دانا و زانـای کۆمـەڵی خـۆی بووه و لەدوای ئیـســلام کـۆچی دوایی کـردووه. لە ســەردەمی پێش ئیـسـلام و فــەرمـانـڕەوایی ڕۆمـانەکـان (لوقـمـانی حـەکیم) و (سـەتیـحی) گـەوره کـاهینانی پێش ئیـســلام هەڵدەبژێرێ. لە شاعیرانی عاشق ناوی (حـافزی شیرازی و سـەعدی شیرازی و نیزامی گـەنجـەوی و نوورەدینی جامی) دەبا. لە دڵدارانی حـەقیقی ڕەمزی ژنانە

باس له قـەیس (مـەجنوون) و (فـەرهـاد)ی دڵدارانی لەیلا و شـیـرین دەکـا. لەناو شـازادە و سـوڵتـان و فـەرمـانڕەوایاندا (خـوسرەوی پەروێز و ئەمیـر خـوسـرەوی دهلەوی و سـوڵتـان مـەحـمـوودی غـەزنـەوی) دەدۆزێتـەوە. مـسـتـەفـا بەگی کوردی سـەرتۆپی عاشقان له (شـەمـسی تەبریزی مورشـیـدی مەولانا جـەلالەدینی ڕۆمی و مەنسووری هەلاج) دەبینێ.

کـوللـی عـالەم وا بوون سـەرگـەشـتـە و حـەیرانی عـیـشق

هیـچ کـەسـێ نـازانی ئەحـوالی سـەر و سـامـانی عـیـشق

بـادە پەیمانـانـی ئـیــدراک و کــەمــالی عــاریفــان

لەنگ و عـاجـز بوون له ڕێی تەی کـردنی مـەیدانی عـیـشق

گـەرچی غـەوواسـانـی فـیکرەت غـوتەوەربوون مـوودەتێ

قـەت نـەبوون واقیف له قـەعری بەحـری بێ پایانی عیشق

سـامـیـری و سـەحـبـان و جـارەڵڵا و لوقـمـان و سـەتیح

مـوخـبـیـری کوللی عـولوومێ بوون و سـەرگـەرداني عیشق

حـافـز و سـەعـدی و نیـزامی قـەیس و جـامی و دهـلـەوی

فـەیز خـواه و مـەعـریفـەت جـۆبوون له شـاگـردانی عیشق

خوسرەو و مەحموود و فەرهـاد هەرسێ شـا و شـازادە بوون

ئـاخـری بووشن بـەعـەبد و چـاکـری سـوڵتـانی عـیـشق

شـەمس و مـەولانا و مەنسوور کـەی بەسیر مـەحرەم دەبوون

تـا نـەیان خـواردایە ڕێزەی نـانی سـفـرەی خـوانی عـیـشق

زاهـیــدا خــوێندووتـە تەفــســیــری (لِکُلٍّ وِجْــهَــةٌ)

قـەت مـەدە تـەعنە له مـەسـتی و بێخـودی ڕەندانی عـیـشق

مـولتـەجی نـابێ بەکـەس (کـوردی) له دونیـا و ئاخـیـرەت

ڕۆژی دیوانی خــودا دەســتی من و دامــانی عــیــشق

کـوردی لەناو داهێنانی ئەم عـاشـقـانە دوور نیـیـە دڵداری نێـوان خـۆی و قـادر بەراوورد بکا لـەگـەڵ دڵداریی سـوڵتـان مـەحـمـوودی غـەزنـەوی لەگـەڵ ئـەیاز (لەناو کوردەواریدا بەناوی هـەیاسی خاس بەناوبانگە) کە بەمەعشووق و غولامی سوڵتان مەحموود له ئەدەبیاتدا ناوی دەرکردووە. له هەموو هەڵسوکەوتێکدا پێوەندی ئەم

دوو عاشقە بەیارەکانیانەوە لە یەکتری دەکا. هەر لەو شیعرەدا کوردی پێچەوانەی حاڵەتی خۆی و سوڵتان مەحموودی هێناوەتە گۆڕێ، ئەویش پێوەندی نێوان شەمسی تەبریزی و مەولانای ڕۆمییە، مەعشووق کە شەمسی تەبریزییە بەتەمەن بیست و دوو ساڵ لە عاشق گەورەترە کە مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییە.

بەزمی ڕەندان و کۆڕی عاشقان

(پیری موغان) سەرکردە و شاهنشای بەزمی ڕەندان و کۆڕی عاشقانە، لەو کۆبوونەوە نهێنی و سیمبۆلییەدا عاشقان و مورشیدیان کە وێنەی کردگارن هەموویان لە یەک پلەدان، گەورە و بچووکیان تێدا نییە و لەناو یەکتریدا تواونەتەوە. مستەفا بەگی کوردی شیعرێکی بۆ ئەم مەبەسە گیانییە هۆنیوەتەوە، بەڵام لە دەستی دەرچووە وەکو خۆی دەڵێ، واتە وەسفە شیعرییەکەی لە کۆبوونەوەیێکی خوداییەوە بووە بەکۆبوونەوەیێکی زەمینی، لەبەرئەوەیە لەدوا دێڕی شیعرەکەیدا پەشیمان بۆتەوە و داوای پۆزشت دەکا و دەڵێ ئەم شیعرەی تەنیا بۆ ئەوە وتووە خەڵکی پێی نەڵێن بۆ شیعری لەم بابەتەی نەوتووە.

کوردی هەرچەندە سەرەتای شیعرەکەی بەهەناسەیێکی سۆفیزمی و ڕۆمانتیکی و سیمبۆلییانە دەستی پێ کردووە و کەشوهەوای گیانییانەیە نەک مەتریاڵییانە، بەڵام ئەو قاووغە بەهەشتییە دەگوێزێتەوە کۆڕی بەزم و ئاهەنگی خوسرەوی پەروێزی ئێرانییانی کۆن و شانۆ و پەردەی مۆسیقا و گۆرانییەکانی بەغدای هاروونی ڕەشید.

کوردی لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

دڵ لە میحنەت کەیلە ئەی پیری موغانی بەزم ساز
هەر ئەتۆی بۆ بارەگای عەیش و تەرەب مەسنەد تیراز
مەی حەرامە گەر بەفەتوای زاهید و قەولی جەدید
پیری من جار جار بەقەولێکی قەدیم داویە مەجاز
بانگ کەنە زاهید نەماوە ورنە گۆشەی خانەقا
بێن کەوازە دەرکی مەیخانان و خەلوەتگاهی ڕاز
خوابی غەفلەت نازیلە بۆ چاوی شەحنە و موحتەسیب
فرسەتە جامی ئەسەرکێشی بەلا بێ ئیحتیراز

با له شــــەرتی بادەمـــەر ئەفگەن بێ ســـاقی نـەوجـــەوان

دیدە ســیـونگی و کــڵاو کـە چ کـات و دوگـمـەی سـینەواز

زولف و کـــاکـــۆڵی غـــولامـــانەی هەمـــوو ئەفـــشـــان بکا

بێ بەزانـوو دا بدا جـــامێ بەعـــیـــشـــوە و شـــەرم و نـاز

دەســـتی یار و گـــەردنی قـــەڕڕا بەلێـــوی جـامی مـــەی

فـــێس و تـەرلک بگەڕێ دەورەیی دیدە مـــیـــسلی باز

خـاوکەرەی خـانمە قـەتارەی ســۆل و ســۆزەی نەسـمـەجـان

ڕەقسی سمکە نازی شەهر ئاشووب و غەمزەی سەروی ناز

لەدوای ئەمە شاعیر ناوی کۆمەڵێک هونەرمەندی مۆسیقار و گۆرانبێژ دەبا، لەگەڵ ناوی گۆرانی و بەستە و مەقامەکانی ئەو سەردەمە، ناوی چەند ئامێرێکی مۆسیقاش دەهێنێ. ئەو هونەرمەندانەی ناویان لە شیعرەکەیدا دەنووسێ زۆرن، لەوانە: «ئاغە زەنـنوون (ئەمە ڕەنگە لە بنەچەدا تورکی ئاسیای ناوەڕاست یا لە قاجاران بوو بێ)، ئەلکە، ئەسعەد، مستۆ ئیبراهیمی ئاوڕەحمان، مستەفا، یوونس، ڕەسووڵ، ساڵح، محیەدین، قەرە». لە ئامێرەکانی مۆسیقا باس لە (تەنبوور و دەف و چەنگ و ساز) دەکا. ساز بەهەموو ئامێرەکانی مۆسیقاش دەوترێ، ئینجا ناوی کۆمەڵێک گۆرانی و بەستە و مەقام دەهێنێ، وەکو: (نەوا، فەتحی حەزین، ناری، سێگا، شاری، حیجاز، ڕاست، نیوەشەو، چوارگا، قەزاز). هەروەها لەم بەزمی گۆرانی و ئاواز و مۆسیقا و سەمایە کارێکی ئاساییە ناوی هەردوو گۆرانیبێژ و مۆسیقاری سەردەمی خوسرەوی پەروێزی ساسانیان باربورد و نەکیسا (نیگیسا) ببا. مستەفا بەگی کوردی لە سەرووی ئەم هەموو ناوانەوە ئەیازی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی لە بیر نەکردووە، ئەیاز لای سوڵتان وەک قادری کوردی بووە:

دائیرەی میسری چەقانە گەوهەر و لەنجەی سەمەن

دەنگی چاوش بێ بەلا هاوێتـــە گــــیـــانم بێ نەواز

(ئاغە زەننوون) لێبدا سینەکەمان فارس گرفت

(ئەلکە) تەنبوور و دەف و (ئەسعەد) بدا دەستی بەساز

(مستۆ ئیبراهیمی ئەوڕەحمان) نەوا و فەتحی حەزین

(مستەفا) ناری و سێگا (یوونس) بڵێ شەهری و حیجاز

با (ڕەسوول) هەڵداتە ڕاست، (ساڵح) بڵێ نیوەشەوێ
(محیەدین) چوارگا و (قەرە) دەنگی بڵند کا بۆ قەزاز
جار بەجار بەکزێکەوە هەڵسێ لە پەردەی زاهیری
یارەکەی عاشق کوژ و مەعشووقەکەی دوژمن نەواز
موتریب ئەروا بن فیدایان بێ (نیگیسا) و (باربەرد)
ساقی ئەڕوا بێ بەقوربانی دوو دیدەی بێ ئەیاز
مەجلیس ئەڕوا بێ هەزار جەمشیدی جەم فەڕاشییە
مەی ئەگەر وا بێ بەهای جامێکی ئیران و حیجاز
ڕێ مەدە لەم بەزمە سۆفی تەکیە و شێخی خانەقا
کۆنە لۆتی جنەپەروەر سفلەیی بەچچە نەواز
وەنییە (کوردی) مایلی ئەو نەوعە ئەتوارانە بێ
لازمە شاعیر لە هەر نەوعێ بلێ بۆ ئیمتیاز

ئەم شیعرەی مستەفا بەگی کوردی جگە لە نرخی هونەری و ئیستێتیکی، سەرچاوەیێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەری ناوچەی سلێمانی لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کوردی ناڕەزایی دەربڕیوە بۆ وەسفی ئەو ئاهەنگە پڕ لە خۆشییە، چونکە ئەو لە هەموو ژیانیدا لە پەرێشانی و پەژارە بەولاوە هیچی دیکەی نەدیوە.

لە سایەی نالیدا

تارمایی شیعری «نالی» لە هەندێ شیعری هەردوو شاعیری سلێمانی «سالم و کوردی» دەکەونە بەرچاو. سالم لە شیعریدا ناوی نالی بردووە و وەرامی نامە شیعرییەکەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم...)ی داوەتەوە. کوردی ئەگەرچی ناوی نالی نەهێناوە، بەڵام ئاشنای بووە و شیعری خوێندۆتەوە، جگە لەمە شاعیرییەتی نالی کاری لێ کردووە، لە بڕێک شیعری کوردیدا لە هەموو لایەنێکی هونەرییەوە کارکردنی نالی پێیەوە دیارە.

بەڵگەی ئەم قسانە ئەوەیە نالی دوو غەزەلی هەیە یەکەمیان:

دەروونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ
دڵم گەرم و هەناسەم سەردە بێ تۆ

دووەمیان:

نەمــــردم مـن ئەگـــەر ئەمـــجـــارە بێ تۆ

نـەچم شــــەرتە هـەتـا ئەو خـــوارە بێ تـۆ

کوردی هاتووە شیعرێکی لەسەر کێش و قافیەی نالی داناوە. کێشی شیعری هەردووکیان هەزەجی (٦)ی مەحزووفە (مفاعیلن مفاعیلن فعولن)، هەردووکیان پاش قافیەیان (بێ تۆ)یە، تەنیا ئەوە هەیە قافیە بنچینەییەکانی ئەو شیعرانە جیاوازییان تێدایە، غەزەلی یەکەمی نالی (... ـەردە)یە، ئەوەی دووەمی (...ارە)یە، کەچی غەزەلەکەی کوردی (... ینە)یە، بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازییە ئەو شیعرانە وا دەکەونە بەرگوێ وەکو قافیە بنچینەکانیشیان یەک ئاواز و وەکو یەکتری بن.

دەروون زامــــدار و دڵ غـــــەمگینە بێ تـۆ

ســــەرم گـــێـــژ و لەشـم بێ تینە بێ تـۆ

خـــەوم بێ هۆشـــیـــیـــە بەرگم پەلاســـە

خـــۆراکم زەهـرە شــــادیم شــــینە بێ تۆ

جێگام سـەحرایە وەحشـیم یار و هاودەم

دڕک فــــەرش و گـــــەوەن بالینە بێ تـۆ

لە ئەشک و ئاهـی ســــەردم ئاییـنەی دڵ

قـــــەبان زەرد و ڕەش و ژەنگینـە بێ تـۆ

سـەرم سـەمتوورە سینەم چەنگ و دڵ دەف

خـــەفـــەت یار و مــــەقـــام بالینە بێ تـۆ

کـەباب دڵ خـوێن مـەیە سـاقی فـیـرافت

قـــەدەح چاو و مــــەزەم ئەســـرینە بێ تۆ

دەروون گـوڵزار و خـوێن گـوڵ باغـەبان دڵ

فـــەغـــان بولبـــول جـــەفـــا پەرژینە بێ تۆ

ڕەقـــیب ڕوو ترش و ئەشکی دیدە ســـوێرە

حـــەیات تـەلخ و ئەجـەل شــیــرینە بێ تۆ

زەمـــســـتـــان مـــەیلەکـەت پاییـــز براکـەم

بەهـاری عــــومــــــری مـن هـاوینە بێ تـۆ

ئەوا من بووم بەشا و سوڵتان و والی
توخوا سا کاکە گیان بێ ژینە بێ تۆ
کە هەمسایان لە تاو ناڵینی (کوردی)
دوعای مەرگم دەکەن ئامینە بێ تۆ

مستەفا بەگی کوردی بەگشتی کە هەندێ جار لاسایی نالی کردۆتەوە شیعری لە ڕووی ڕوخسارەوە بەتایبەتی کێش و قافیە و وشە و هەندێ تەعبیری کوردییە و لە شیعری نالی دەکەن، بەڵام لە ڕووی ناوەرۆکەوە داهێنراوی ڕەسەنی شاعیرن. ئەو شیعرانەی کوردی ئەگەر لە دیوانی خۆیدا نەبن و نازناوی تیایاندا تۆمار نەکرابێ دەشێ بەهی نالی حسێب بکرێن. ئەم دیاردەیە تەنیا پێوەندی بەشیعرە سووک و مانا لە ڕووەکانی نالییەوە هەیە، ئەم جۆرە شیعرە لە دیوانی نالیدا کەمن، وەکو ئاشکرایە شیعری نالی بەگشتی قورس و داخراوە، بەپێچەوانەی شیعری مستەفا بەگی کوردییە.

وەسیەت و ماتەمنامە و ماڵاوایی

دەروونی کوردی شانۆی ژیانی کوردەواری بوو، کەموکوڕی و تەنگوچەڵەمەی ئادەمزادی لەسەرا پیشان دەدرا. هاوار و گریە و پاڕانەوە و عەشق و دەروێشی مستەفا بەگی کوردی ڕاستە گیانیی بوو، بەڵام هەر لەو کاتەدا ڕەنگدانەوەی بەسەرهاتی کوردیش بوو، دڵدارێکی ڕاستەقینە بوو، لەبەر ئەوە دڵسۆزی ئادەمزاد بوو.

ئەم قەسیدەیەی لێرەدا تۆمار دەکرێ یەکێکە لە شا شیعرەکانی دیوانە ڕەنگینەکەی، تەنیا وەک وەسیەتنامە ناکەوێتە بەرچاو، بەڵکو ماتەمنامە و ماڵاواییێکە خۆی بۆ خۆی نووسیوە پێش کۆچی دوایی. کوردی ئەم وەسیەتنامەیەی بۆ تاکە کەسێک یا تاقمێک لە خزم و کەسوکار و هاوڕێیانی نەنووسیوە، بەڵکو بۆ هەموو میللەتی کورد:

عەزیزان من ئەوا ڕۆییم لەلاتان
لە مەزلوومان بلا چۆڵ بێ ولاتان
کە ئێوەن پادشای لوتف و عەدالەت
بەخوا حەیفە بڕەنجێن گەداتان

ســـــەفـــەرمـــــان چونکە ڕێی هات و نەهاتە

دوعـــــامـــــان بۆ بکەن ئێـــــوە و خـــــوداتان

ئەگـــەر ســـەر بوو ئەگـــەر ڕووح بـوو ئەگـــەر دڵ

هـەمـــوو ڕۆیین چیـــیـــە ئیـــتـــر تـەمـــاتـان

ســـەیادان وەحـشـیـیـان بێن دەسـتـەمـۆ کـەن

نـــەوەک بـەربـێ شـکـاری خـــــــــانـەزاتـان

ئەگـــــەرچی خـــــاکـــــوخـــــۆڵی ڕەهگوزارم

بەســـەرمـــا خـــۆ گـــوزەر ناکـــا ســـەباتان

لە گوڵستان عومری خۆم سەد جار تەلەف کرد

نـیـــیـــە عـــومـــرم بەمـــەرگی خـــۆم وەفـــاتـان

کوردی بەهەموو نەتەوەی کورد دەڵێ: من تاقە کەسێکم دەمرم و دەڕۆم، بەڵام ئێـوە دەمـێنن، واتە کـۆمـەڵی کـورد، لە پاش من با وڵات کـەسـاس و هەژاری لێ نەمێنێ، چونکە چەوساندنەوە و ستەم و زۆرداری لە ڕەوشتی کورد نییە.

بـڵا ســـــا شـــــار بەشـــــار و دێ بەدێ بم

لـــە دەســـت یـــاران بـکـــەم تـــەیـــی وڵاتـــان

لەبەرگی عەیش و سیححەت خۆم دەکەم ڕووت

بەڵا دەســـــــتـی من و چاکی کـــــــەواتان

کـــە من ڕۆییم جـــەهەننەم پڕ مـــەکـــەن لێم

لە من خـاڵی مـــەکـــەن خـۆ شک و ســـەراتان

وەرن بـنـوارنـە چـاوی پـڕ لـە خـــــــــوێنم

بەتەفـــســـیـــلات ببـــینن مـــاجـــەراتان

منم ســـــەرکـــــردەتان بۆ لەشکری غـــــەم

دەترسـم من بـڕۆم بـشـکـێ ســـــــوپـاتـان

مـــەڵێن کـــەڵکی نەبوو ڕۆیی جـــەهەننەم

ســـەرم قـــەڵغـــانە بۆ تیـــری قـــەزاتان

لە پێـــشـــا لەفـــزیان بێ گـفـتـوگـۆ بوو

ئەمـــێـــســـتـــا نابیـــەم حـــەتتـــا ســـەداتان

لەم دێڕەشـیـعـرانەدا کـوردی ژیانی نالەباری خـۆی بەکـورتـی دەور دەکـاتەوە، هەمیشـە ئاوارە و دەربـەدەر بووە، بێ لانە و داڵدە بووە، خـۆشـی لـە ژیانا نەدیوە. لە خـەڵکی کـورد دەپاڕێتـەوە لەپاش مـردن بەخـراپە باسـی لێـوە نەکـەن، هەروەها کۆشک و سەرایان لە ناوی ئەو بێ بەش نەکەن. ڕاستییەکەش ئەوەیە ناوی کوردی بەهیچ جـۆرێ لە کۆمـەڵی کوردەواریدا ئاوا نابێ، چونکە دیوانـی شـیـعـری هەیە، شـیـعر کەسـایەتی میللەت دەپارێزێ. بەخەڵکی کورد دەڵێ ژیانی هەژاری و پڕ لە ناسـۆری خـۆی ڕەنگدانەوەی ژیانـی هەمـوو میللەتە. لەبەر ئەوەی مـسـتـەفـا بەگی کوردی نموونەیێکی ڕەسەنی کوردە بەچاکە ناوهێنانی لە چاکەی کورددایە:

هـەتا مـن بـێ هەواتر بووم بـەسـەد ڕەنگ
لـە دەرهــەق مــن زیــاتــر بــوو هــەواتــان
بەسـەد جـەور و جـەفـا تا ڕاغیبـەت بووین
نەبوو غـەیری جــەفـا و زۆرێک جــەزاتان
جـەفـاتان دام و کـوشـتـمـتـان بەزاری
نوزوولـی ڕەحـمـەتە جـەور و جــەفـاتان
نەسـیـمـی کـۆیی تۆ خـاتر دەکـا شـاد
بـەبۆی توڕڕەی پـەشـێـوی پانیـاتان
ئـیـلاهـی من ببم ڕۆژی دوو سـەد جـار
بـەقـوربـانـی گـەدا و پـادشـاتـان
ئەوەند ئەرجوو دەکا (کوردی) کە جار جار
بکەن یادی مـوحـیـبـی بێ ڕیاتان

هەرچەند شـاعیر گلەیی لە خـەڵکی کـورد دەکـا و ئـەوان دەکـاتـە هۆی هەمـوو ناخۆشییێک لە ژیانیدا، بەڵام دیسانەوە لێیان خۆش دەبێ، نەک تەنیا خۆش بوون، بەڵکو خراپەی ئەوان چاکەیە بۆ شاعیر. لە کۆتایی شیعرەکەیدا خۆی بەقوربانی هەموو میللەتی کورد دەکا، گەورە و بچووک، دەوڵەمەند و هەژار، وەکو خۆی دەڵێ گەدا و پادشـای مـیللەت. هەروەها تکا دەکـا لەپاش مردن لە بیـری نەکەن و جار جارە یادی بکەنەوە.

مـسـتـەفا بەگی کوردی با لەدوای مـردنیش لەوە دڵنیـا بێ نەتەوەکەی لـە بیری

ناکا، چونکە یادگارێکی بەنرخی بۆ بەجێ هێشتووە (دیوانی شیعری کوردی).
ئەم کتێبە هەموو نامەخانەیێک و دەلاقەی ماڵی هەموو ڕۆشنبیر و خوێندەوارێکی کوردی ڕووناک کردۆتەوە و، شیعری ڕەنگینی لەسەر زاری هەموو کوردێکی دڵسۆزە.

***

هەر کەسێک بە وردی دیوانە بچووکەکەی کوردی بخوێنێتەوە هەست بەڕاستییێک دەکا: دەروونێکی پڕ لە ئازار، دڵێکی تێکشکاو، نەبوونی هیوا و ئامانج. لەوانەیە ڕاستەوخۆ هەست بەئازاری کۆمەڵ نەکرێ، بەڵام ئەم هەموو ئاه و هەناسە ساردییەی مستەفا بەگی کوردی ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵەکەیەتی. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە شیعری کوردی تەنیا لە ڕووی ناوەرۆکەوە بەها و نرخی بەرز نییە، بەڵکو لە لایەن ڕوخسارەوە لەو کەمتر نییە، گرنگترین ئەدگاری شیعری مستەفا بەگی کوردی لە زمانەکەیەتی. ئەم زمانە لە ڕووی ڕەوانییەوە تایبەتییە بەخۆی.

شیعری نالی و سالم گرنگترین سەرچاوەی بەرهەمی شیعری ئەو شاعیرە گەورەیەمانن، بەڵام لە زمانا لاسایی ئەوانی نەکردۆتەوە، بەڵکو زمانی ئەو لە هی ئەوان ئاسانتر و ڕەوانترە. ئەگەر لای نالی زمانی قورس و لای سالم زمانی هەڵبژاردە ڕەونەقێک بدەن بەشیعرەکانیان، لای کوردی پێچەوانەیە، زمانی ئاسان ڕەونەق دەدا بەشیعرەکانی.

بەشی چوارەم

پێوەندی لە نێوان دوو دیالێکتی زمانی کوردی گۆرانی و کرمانجیی خوارووەدا

لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا بەدوورودرێژی باس لە پەیدابوون و پەرەسەندن و گەشەکردنی ئەدەبی کوردی کراوە لە سەربنج و بناوانی دیالێکتی گۆرانیدا. هەزار ساڵ لەمەوبەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەدەبێکی بەرزی ئایینی یارسان (ئەهلی هەق) کەوتە ناوەوە. هەروەها لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا باس لە هۆز و تیرەکانی گۆران کراوە، زانیاری لە بابەت عەشرەتەکانیانەوە خراوەتە بەرچاو. لە ڕووی جوگرافییەوە جێگە و مەڵبەند و زێدی ژیانیان پیشان دراوە.

دیالێکتی گۆرانی

شەرەفخانی بدلیسی (١٥٤٣–١٦٠٣) لە کتێبی شەرەفنامەدا «کورد»ی بەسەر چوار تیرەی گەورە دابەش کردووە: کرمانج و گۆران و لوڕ و کەلهوڕ، تۆفیق وەهبی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەم دابەشکردنە زانستییەی شەرەفخانی شیکردەوە، لەدوای لێکۆڵینەوەیێکی قووڵ گەیشتە ئەو ئەنجامەی دیالێکتی گۆرانی لە چوار گۆڤەر (دیالێکتی بچووک) پێکهاتووە:

هەورامانی، زەنگنە، کاکەیی (ماچۆ)، باجەلانی، هەروەها نەخشەی جوگرافی ئەم دیالێکتانەی کێشا و جێگەکانیانی دەست نیشان کرد.

لە سەرەتای پەیدابوونی ئەدەبی کوردییەوە لەو ناوچانەدا بەتایبەتی لە هەورامانـدا بەرهەمی ئەدەبی کوردی بەردەوام بوو، گۆرانەکان لەلای باکوور و ڕۆژهەڵاتیان هاوسێی کرمانجی باشوور بوون (موکریان و سۆران و بابان و ئەردەڵان)، لە هەموو لایەنێکی ژیانەوە پێوەندییان بەیەکترییەوە هەبووە. هەریەکەیان لە هەموو ڕوویێکەوە کاری لە ئەوی دیکە کردووە. بەدرێژایی مێژوو گۆرانەکان ئەدەبی کوردییان بەزمانەکەی خۆیان پاراستووە تا سەدەی هەژدەم، لە

ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ئەوان نوێنەری ئەدەبی کوردی بوون. لەپێشانا ئەدەبی ئاینی یارسانان و لە مەلا پەریشانەوە (١٣٥٦-١٤٢١) بەملاوە ئەدەبی ئاسایی دوور لە لاهووت.

لە سەدەکانی پێش سەدەی نۆزدەم لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور و ئەردەڵان و کرماشان و کەرکووک و شوێنی دیکە ئەدەبێکی بەرز بەدیالێکتی گۆرانی لەئاوەوە بوو. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا دیالێکتی کرمانجی باشوور خەریکبوو خۆی دەگرت و ناوە ناوە شیعری پێ دەوترا. لەو سەردەمەدا هەرگیز لە وزەیدا نەبوو خۆی بەرامبەر بەدیالێکتی گۆرانی ڕابگرێ، لە سەدەکانی شازدەم تا هەژدەم دیالێکتی گۆرانی بەتەواوی زمانی ڕەسمی ئەدەبی کوردی بوو لە کوردستانی باشووردا، لەسەر بنجی تاقیکردنەوەی کۆنی ئەم دیالێکتە ئەدەبێکی بەرز هاتبووە ناوەوە.

لە ناوچەکانی سلێمانی و شارەزوور و هەورامان و ئەردەڵان شێوەی قسەکردنی خەڵکی تێکەڵاو بوو، واتە بەدیالێکتەکانی گۆرانی و کرمانجی خواروو بوو، بەڵام زمانی ڕەسمی خوێندن و نووسین و شیعر وتن بەدیالێکتی گۆرانی بوو، بەتایبەتی لە ئەردەڵانا، والییەکانی ئەو میرنشینە بایەخیان بەشیعر و ئەدەب دەدا، لە سایەی ئەوانەوە ئەدەبی کوردی پێشکەوت، هەندێ لە والییەکان خۆیان شاعیر و ئەدەب دۆست بوون.

دوا ساڵانی سەدەی هەژدەم کە بۆ مەبەستی فەرمانڕەوایی شاری سلێمانی دروست کرا و لە قەلاچۆلانەوە پایتەختی میرنشینی بابانیان گواستەوە بۆ سلێمانی، ئەم شارە تازەیە پەرەی سەند و بە قەوارە گەورە بوو، چینی تازە لە کۆمەڵی کوردیدا پەیدابوو، وەکو سنفی بازرگانان، هەروەها پیشەسازی ناوخۆیی و ناوچەیی لە شارا پەیدابوو. زمانی پاشاکانی بابان دیالێکتی کرمانجیی خواروو بوو، هەروەها خەڵکەکەش بەم زمانە قسەیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک هەبوون بەتایبەتی دەرەوەی شار زمانی قسەکردنیان کرمانجیی خواروو بوو، تازەکردنەوەی میرنشینی بابان یا مۆدێرن کردنی بە بناغەلێدانی شاری سلێمانی هۆیێکی گەلێک گەورە و گرنگ بوو بۆ پەیدابوونی نالی.

پەیدابوونی نالی

کە نالی دەستی بەشیعر دانان کرد بەدیالێکتی کرمانجیی باشوور ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی بەردەوام بوو، چونکە ئەو ئەدەبە بنجێکی پتەوی مێژوویی کۆنی هەبوو و ئەدەبی کرمانجیی باشوور بەئاسانی نەیدەتوانی بەسەریدا زاڵ بێ، وە لەلایێکی ترەوە خەڵکی دەوروبەری سلێمانی بەم دیالێکتە قسەیان دەکرد، لەبەر ئەوە هەتا ئێستاش نەیتوانیوە بەتەواوی دیالێکتی گۆرانی لەناو ببا لە ناوچەی سلێمانی و ئەردەڵاندا، بەڵام دیالێکتی باشوور لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم و تارادەیێک تا ئێستاش بوو بەبنج بۆ پەرەسەندن و گۆڕانی ئەدەبی کوردی و پەیدابوونی ڕێبازی نوێ لە شێوە و ڕوخسار و ناوەڕۆکی ئەدەبی کوردی بەشێوەیێکی گشتی، کەچی ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی هەر ئەوەندەی پێکرا لە جێی خۆی بوەستێ و تەنیا لە مردن خۆی ڕزگار بکا.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا، کە لە ناوچەی سلێمانی «نالی و سالم و کوردی» دەرگای ئەم ئەدەبە تازەیان کردەوە لە وڵاتی سلێمانی و ئەردەڵاندا، مێژووی ئەدەبی کوردی ناوی شاعیری گەلێ گەورەمان بۆ دەور دەکاتەوە، کە بەدیالێکتی گۆرانی نووسیویانە، وەکو «مەولەوی و مەلا جەباری و مەلا وەلەدخان و ئەحمەد بەگی کۆماسی و حەمە ئاغای دەربەند فەقرە و میرزا شەفیعی جامەڕێزی» و گەلێکی دیکەش.

ئەگەر زانستییانە لەو بەرهەمە ئەدەبییە بکۆڵرێتەوە کە بەم دوو دیالێکتە کەوتوونەتە ناوەوە بەڕوونی بۆمان ئاشکرا دەبێ هیچ جۆرە پێوەندییێک لەنێوان شاعیرانی هەردوولادا نەبووە، بەپێچەوانەوە ئەو شاعیرانەی بەدیالێکتی کرمانجیی باشوور شیعریان وتووە پێوەندییێکی بەهێز لەنێوانیاندا بووە و باسی یەکتریان کردووە، هەروەها ئەو شاعیرانەی کە بەدیالێکتی گۆرانیش شیعریان وتووە پێوەندی لەنێوانیاندا بووە، بۆ بەڵگە پێوەندی لەنێوان مەولەوی و شاعیرانی دەوروبەری خۆی بووە کە شیعریان بەدیالێکتی گۆرانی وتووە. لەم لایەنەوە ئەوەی زانراوە ئەوەیە دۆستایەتی لەنێوان مەولەوی و مەحوی بووە، ئەمەیان بەزۆری ڕەنگە تەریقەتی دەروێشی نەقشبەندی ئەم دوو شاعیرەی لە یەکتری نزیک کردبێتەوە، بەڵام لە ڕووی هونەری شیعری و داهێنانی ئەدەبیدا هیچ جۆرە پێوەندییێک لەنێوانیاندا نییە.

زۆرانبازی لەنێوان دوو دیالێکت

ئەدەبی کوردی دیالێکتی گۆرانی مێژوویێکی کۆن و تاقیکردنەوەیێکی بەپێزی هەبوو لە بەرهەمی ئەدەبی کلاسیکی نووسراو و ئەدەبی میللی نەنووسراودا، بەرامبەر بەو لە ناوچەی سلێمانی وەک مەڵبەندێکی هەردوو دیالێکت ئەدەبێکی میللی نەنووسراوی بەرز لەناوەوە بوو، شاعیری میللی نەخوێندەواری هەبوو وەکو (عەلیی بەردەشانی) کە بەرهەمی شیعری دەچێتە ناو ئەدەبی میللییەوە (فۆلکلۆر)، بەڵام ئەدەبی کلاسیکی ئەوەی ناونراوە ئیسلامەوی یا عەرووزی بەهۆی نالییەوە لەدوای بیناکردنی شاری سلێمانی وەک پایتەختی میرنشینی بابان پەیدا بوو.

ئەم دوو دیالێکتە لە زمانی ڕۆژانە و زمانی نووسیندا، بەتایبەتی لە شیعردا کاریان لە یەکتری کردووە، تا ئەوەی دەتوانرێ لە بەرهەمی هەندێ لە شاعیرانی گۆرانی هەست بەزمانێکی تێکەڵاو بکرێ لەنێوان هەردوو دیالێکتدا.

جگە لەوەی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی لە کلاسیک و میللی لەناوەوەیە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری هەردوو دیالێکت، لەمانە بۆ بەڵگە لێرەدا هەندێ گۆرانیی میللی کوردی تۆمار دەکەین بەزمانێکی تێکەڵاو لە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی خواروو و گۆرانی هۆنراونەتەوە:

هەر مانگی نۆ و بێ حالم پەشێوەن
هیلال چون شێوەی ئەبرۆی تۆی پێوەن

***

شەوان شەوناڵە و ڕۆژان ڕۆ ڕۆمە
یەکجار پەژارەی دووریەکەی تۆمە

***

یاخوا هەر شەوبێ لە ڕۆژ بێزارم
نەوا بۆ و کاران پەی بوون بەکارم

***

کارەکان گەردوون ئەشێ هەروا بێ
لەیلێ دەوڵەمەن مەجنوون گەدا بێ

***

چەن شاران گەڕیام چەن دوکان بەستم
وێنەی خاڵەکەت نەکەفتە دەستم

***

هەرکەس لەم دونیا نەداروو یارێ
وەسە بێ پوولێ ڕوو بکا لە شارێ

***

سەرت پەتی کە بینم زوڵفانت
تا گیان شیرین بکەم قوربانت

***

لە بیرت مەیۆ شەوەکەی سەرجۆ
شەفا و لالەی من مەکەو لاوەی تۆ

***

ئەگەر بزانی بەحاڵی دەردم
گریانت مەیۆ پەی ڕەنگی زەردم

***

ئیمشەو چەن شەوە دوور لە یارانم
وەک باغچەی بێ ئاو تشنەی بارانم

هەروەها شاعیرێکی میللی هەیە ناوی (عەبدوڵلا حەسەن) بووە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا ژیاوە. شیعرێکی هەیە بەحسێب بەهەناسەی دیالێکتی کرمانجیی خوارووی ناوچەی سلێمانییە، بەڵام کاری دیالێکتی گۆرانی بەسەریدا زاڵە. ئەم شاعیرە لە کۆمەڵی ناوچەی سلێمانی بەناوبانگە، شیعرەکەش لەناو خەڵکیدا بڵاوە و زۆر کەس لەبەریان کردووە، وەکو لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا دەردەکەوێ لەو شیعرانەیە زۆر کەس بە بۆچوونێکی سۆفیزمی بەرگری لێ دەکەن، ئەگەر نا دەچێتە ناو بیری لادان لە ئایین و خودانەناسی بەوەی گلەیی لە خودا دەکا، یا بەناوی قۆشمەیی و بەکارهێنانی قسەی هەق لە جێی خۆیدا خودا لێی خۆش دەبێ، چونکە خۆی لەسەر هەقە، دەتوانین بڵێین مەسەلەی ئەم شاعیرەی ئێمە لە مەسەلەی عومەر خەیام دەکا.

عەبدوڵڵا حەسەن لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

خــوایە! من و تۆ بابێــینە حــســـاو
هــیــچ درۆی نــەوێ وە بــێ چــاو و ڕاو
ســەنەدی عــومــرم وە پەنجــا گــەیی
لەژێر ســـــایـەتا ڕەحـــــەتیم نـەیی
چل ســـاڵی ڕەبەق ڕەمــــەزانم گــرت
لە مـــاڵی خــۆمــا ئیــفــتــارم نەکــرد
ئەگــــەر کــــەلاشـــێک هەبوایە لەپام
بیـست دێ ئەگـەڕام بۆ چێـشتی وەتام
لەبیــرت مــــەیۆ لە مــاڵ قــولیـــخـــان
سـەد شەقیـان لێدام لەسـەر کوتێ نان
چاووت تێــوە بوو نەهاتیـــتـــە جـــواو
ئێسـتـەکەش یێـژی فـلان کـەس خـراو
گـــــوایـە یە نـان بـووە تۆ دان وەبـەنە
وە هـەوڵی قــــــــۆڵ و وەزۆری چـەنـە
ژێرم خاک ئەکەی سەرم سەنگ ئەکەی
کـە من دەنگ نەکـەم تۆ بۆ دەنگ ئەکەی

لەمەدا ئەوە دەردەکەوێ هەردوو دیالێکت کاری زۆریان لە یەکتری کردووە، وەک زمانی قسەکردن و نووسین. لێرەدا مەبەس ئەم لایەنە نییە، بەڵکو بیرکردنەوەیە لە دواڕۆژی دیالێکتی گـۆرانی. لەگـەڵ پەیدابوونی نـالی و قـوتـابخـانەی شـیـعـری کـلاسیکی لە کوردستـانی باشووردا؛ دیالێکتی گـۆرانی بەرەو کـزی دەرۆیشت. زمانی ڕەسمی میرنشینی بابان کرمانجیی باشوور بوو، ناوچەی سلێمانی لە هەموو لایێک تیرە و هۆز و عەشرەتەکانی گۆران دەوریان دابوو. لەلای باکووری شار نەبێ، واتە هێڵی قەلاچوڵان و شارباژێر. گەرمیانی گەورەی کەرکووک، کفری و کەلار و دەربەندیخان سەر بەدیالێکتی گـۆران بوون، هەموو عـەشرەتەکانیـان گۆران بوون. لە بازاڕی سلێمانی دیالێکتی کرمانجیی خواروو خۆی دەسەپاندە سەر هەموو ئەو کەسانەی بەگۆرانی (هەورامی) قسەیان دەکرد. تا ئێستاش لە

سلێـمـانی کـه دەڵێن «شـار» واته سلێـمـانی، کـه دەڵێن «لادێ» واته شـارەزوور و هەورامان.

بەشـێـوەیێکی دیکه دەتوانین لەم دیاردەیە بدوێـین: لەباتی شـار و لادێ تەعبـیری کـورد و گـۆران لـەناوەوەیە. لێـرەدا ڕاسـتـتـر ئەوەیـە بڵـێین کـرمـانج و گـۆران. کرمـانجیی باشـوور، واته کوردی؛ زمـانی ڕەسـمی ئەو عـەشـیـرەتانه بوو کـه سـەر بەئێران و زمـانی فـارس بوون، چونکه له کۆنەوە ناوچە کوردییـەکانی گۆرانەکان سـەر بـەئێرانی سـەفەوی و قـاجار بوون. بێ گومان ئەو ناوچانەی لەژێر دەسـەڵاتی عوسـمـانیدا بوون لـه وڵاتی سلێمـانی و زمـانی قسـەکردن و نـووسـینیـان گـۆرانی بوون، ئەمـانـه زیاتر دەشکانـەوە سـەر گـۆرانـەکـانی ئێـران، بەم جـۆرە دەبینین له نێوەندی خوێندەواری سلێمانیدا زمـانی تورکی عوسمانیش لەناوەوە بوو تەنیا لەو ناوچانـەی دیالێکتی کـرمـانجـیی خـواروو نەبێ. بەم پێـیـە دیالێکتی کرمـانجـیی خـوارووی «بابان» زمـانی ڕەسـمی تەریقـەتی قـادری بوو، بەپێچـەوانەوە دیـالێکتی گۆرانی زمانی ڕەسـمی تەریقەتی نەقشبەندی بوو. بەهۆی سەرکەوتنی کرمانجیی باشـوور، نەقـشـبـەندییـەکـانی هەورامـان و هەمـوو لایێک ئەم دیالێکتـەیان کـرد بەزمانی خۆیان لەباتی دیالێکتی گۆرانی.

بەم جۆرە له نیوەی دووەمی سـەدەی بیسـتـەم له شـارەکاندا دیالێکتی گۆرانی کزبوو لەسـەر حسێبی دیالێکتی کرمانجی، بەڵام له گوند و دێهات و لەناو کۆمەڵی نەخـوێندەوار تا ئێسـتـاش دیالێکتی گـۆرانی له پراکـتـیک نەکـەوتووە، هەروەها شـیـعـریشی پێ دەووترێ، بـەڵام بەهۆی بڵاوبوونـەوەی ڕۆشنبـیـری و هـۆشـیـاری نەتەوایـەتی، خـوێندەواری گـۆران بـەدیالێکتی کـرمـانجـیی باشـوور دەنووسـێ و خـەڵکی دیکەش قسـەی پێ دەکەن له کوردسـتـانی عیـراقدا. بەم جۆرە دیالێکتی کرمانجی باشـوور بوو بەزمـانی یەکگرتوو و هیچ جۆرە تەنگوچەڵەمـەیێک لەناوەوە نەماوە.

غولام ڕەزا ئەرکەوازی

بەشی پازدەمین

غولام ڕەزا ئەرکەوازی

١٨٤٠-١٧٧٥

کــــوند ژە هـام بـالآی بـالآم زیـادەن
پام دوو زنجیر چار پەریش ئامـادەن
مــاه مـوبـارەک مــەخـســووس داوەر
پەری مـن بیـەن وە یـەومـولـەحـشــەر

ژیانی شاعیر

ناسین و ناوبانگی ئەم شاعیرە لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیەی شاعیری تێدا ژیاوە کارێکی ئاسایی بووە، بەڵام لە هەرێمەکانی دیکەی کوردستانی پان و بەرین و، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا پەردەی نادیاری بەسەر ژیان و ئەدەبی داکێشرابوو و ئەوەندە ناسراو نەبوو. لەم دواییەدا زاهیر سارایی کتێبێکی بەنرخی بڵاوکردەوە بەناوی «شاعر قلەهای آلود» لە تاران لە ساڵی ١٣٧٩ (٢٠٠٠م)دا چاپکراوە، بریتییە لە مێژووی ژیان و لێکدانەوە و ساغکردنەوەی شیعری غولام ڕەزا ئەرکەوازی شاعیری بەناوبانگی ئیلامی، ئەم سەرچاوەیە یارمەتییێکی زۆری هەبوو بۆ نووسینەوەی ئەم بەشە.

غولام ڕەزا ئەرکەوازی کوڕی حەسەن بەگ کوڕی میرزا بەگ کوڕی میەسم کوڕی ئەحمەد قولییە، لەناو خەڵکی بەغولام ڕەزا خان ئەرکەوازی و، غولام ڕەزا ئەرکەوازی ئیلامی ناسراوە، لە هەندێ شیعریدا نازناوی «غولام»ی بەکارهێناوە.

غولام ڕەزا لە ساڵی ١٧٧٥ لە ئاوەدانی «سەرچەفتە» کە بەشێکە لە ناوچەی «بان وێزە»ی سەر بەشارستانی ئیلام لەدایکبووە. جێی لە دایکبوونی شاعیر نزیکی سنووری عیراقی ئێستایە، دەشتێکە شاخەکانی باوەیاڵ و سەروێشە و

هانی سەونز و بەلەوان دەوریان داوە.

ئەرکەواز یەکێکە لە عەشرەتە گەورەکانی کورد، هۆز و تیرە و بنەماڵەی زۆرە، لەبەر ئەوە بەیەکێتیی عەشایەر دەژمێررێ. غولام ڕەزا لە تیرەی «میەسم»ە، ئەم «میەسم»ە باپیری باوکی غولام ڕەزایە یەکێکە لە بنەماڵە و تیرە گەورەکانی ئەرکەواز.

ئەرکەوازی لە بنەماڵەیێکی خوێندەوار و دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو پەروەردە بووە، حەسەن بەگ باوکی مەلا و خاوەن دەست و قەڵەم بووە، غولام ڕەزا سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی و مەلا و میرزایانی ئەو سەردەمە بووە. لە قۆناغی ناوەندی ژیانی خوێندەواری گەشتی نەجەف و کەربەلای بووە. ئەو شارانە ئێستا و ئەوساش نێوەندێکی گرنگی قوتابخانەی ئایینی ئایینزای شیعە بوون، لەو دەسگا زانستی ئایینییانەی شیعە قورئان و حەدیسی خوێندووە، شارەزای زانستییەکانی ئایینی ئیسلام و ئایینزای شیعە بووە، بەڵام قوتابیێکی ڕەسمی دەسگا زانستییەکانی نەجەف و کەربەلا نەبووە و، لەو جێیانە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی تەواو نەکردووە

ئەرکەوازی وەک کوڕی بنەماڵەیێکی دەوڵەمەند لە منداڵییەوە فێری گەلێ کردەوە و جموجۆڵی کراوە کە لەگەڵ ڕەوشتی چینی ئوروستوکراتی سەرەوەی کۆمەڵ بگونجێ، وەکو سوارچاکی و بەکارهێنانی چەک و سیلاح، پسپۆڕی لە تیرەندازی، بەشداریکردن لە جەنگ، لەمەوە هەلی بۆ ڕێکەوتووە مەشقی جەنگاوەری بکا و ڕاووشکار مایەی پشوودان و سەردەمی سەیرانی بووە، ئەمە ڕێگەی بۆ خۆشکردووە شارەزایی لە دروستکردن و ڕێکخستنی ئەو چەک و سیلاحانە هەبێ لە ڕووی پیشەسازی و چاککردنەوەیانەوە، بەتایبەتی هەموو کارێکی پێوەندی بەپیشەی چەخماغسازییەوە هەیە.

بێ گومان ئەرکەوازی سەرپەرشتی کاروباری بنەماڵەیی و عەشرەتی کردووە، وەک بەگ و سەرکردەیێک ئەرکی کۆمەڵایەتی زیاتر بووە لە کەسێکی ئاسایی ناو کۆمەڵ. بنەماڵەی نزیکی والی و پیاوماقووڵ و دەوڵەمەندانی چینی سەرەوەی سەردەمی خۆی بووە. شاعیر کچێکی خزمی خۆی هێناوە. لەوانەیە ئامۆزای بووبێ. دوو کوڕی لەو ژنە بووە، یەکێکیان ناوی محەمەد ڕەزا بووە، دووەمیان

ئەحمەد خان. ئەمەیانی بە «کەلوەلایی» واتە بە(کەربەلایی) ناسراوە و لە تەمەنی لاویەتی سەری ناوەتەوە. شاعیر ماتەمنامەی بۆ مەرگی ئەم کوڕەی وتووە.

ئەرکەوازی ماوەیێک خەریکی کاروباری سەرۆکایەتی خێڵی خۆی بووە، لە ساڵی ١٨٠٤ لە والیی ئیلام (پشتکۆ) حەسەن کوڕی ئەسەد خان نزیکبووە، لەدواییدا برادەرایەتی بەدوژمنایەتی گەیشتۆتە ئەنجام. والی و ئەرکەوازی دەبن بەدوژمن، والی لە شاعیر بەهێزتر دەبێ بۆیە دەیخاتە بەندیخانەوە، تەنیا بەبەندکردن وازی لێ ناهێنێ، بەڵکو لە بەندیخانە بەپێوەند و زنجیر دەیبەستێتەوە، ئەو ئازارانەی شاعیر چێشتوونیەتی لە موناجاتە شیعرییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەوەی والی لەگەڵ شاعیر کردوویەتی نموونەی دڕندەیی فەرمانڕەوا ئۆتۆکراتییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتییە.

هۆی ناکۆکی نێوان حەسەن خانی والی و ئەرکەوازی بەتەواوی نازانرێ، ئەوەی لەناوەوەیە گۆیا شاعیر دڵی چۆتە کچێکەوە، پێش ئەوەی خوازبێنی بکا حەسەن خانی والی ناوبانگی جوانی ئەو کچەی بیستووە و ئاگاداری ئەوە بووە کچەکە شەیدای ئەرکەوازی شاعیر بووە. لەبەر ئەوە شاعیری خستۆتە زیندانەوە ئەرکەوازی ئەگەرچی ناوی حەسەن خان وەک زۆردارێک دێنی، چونکە هەموو ئازارەکانی بەفەرمانی ئەو بووە، کەچی باس لەوە ناکا فەرمانی دەرکردبێ بۆ ئازاردانی ئەرکەوازی، هیچ جۆرە بەڵگەیێک لەم لایەنەوە لەناوەوە نییە.

بەندکردن و ئازاردانی ئەرکەوازی بووە هۆی مەینەتی و ناخۆشیی بنەماڵە و عەشرەتی. لەدوای ئازادبوونی لە بەندیخانە، ئاوارەیی و غوربەت و پەراگەندەیی بەش و چارەنووسی بوو، وڵات بە وڵات بەبێ هیوا و ئامانج دەسووڕایەوە. وەک لە هەندی لە شیعرەکانی دەردەکەوێ، لە ژیانی ئاوارەییدا ناچاربووە ڕووبکاتە خاکێکی بێگانە یا دوژمن. بەڵگە لەناوەوە نییە ئەو جێگەیە دەستنیشان بکرێ! نەوەی شاعیر دەڵێن ئەو جێیە ناوچەی کرند بووە، لەوانەیە ئەمە ڕاست بێ، چونکە تا ئێستا لە کرند بنەماڵە هەن خۆیان بەنەوەی ئەرکەوازی دەزانن. هەروەها شاعیر ئاماژە بەوڵاتی تورک زمانیش دەکا، بەڵام ناچێتە ئەقڵەوە ڕووی کردبێتە وڵاتی عوسمانی، ڕەنگە مەبەس لە وڵاتی تورک زمان کرند خۆی بووبێ، چونکە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم بۆ ماوەیێک ناوچەی کرند لەژێر

دەسەڵاتی عوسمانییان بووە، جگە لەوە لە سەردەمی ئاوارەییەکەیدا ئاماژە بەوە دەکا ماوەیێک لە «مەخمەل کۆ» و «یافتە»ی لوڕستان دەست بەسەربووە.

ئەرکەوازی باس لە ڕۆژگاری ئاوارەیی و دەست بەسەری دەکا لە دەرەوەی زێدی لەدایکبوونی، ئەوە دەردەخا شەو و ڕۆژ لە کووچە و بازاڕاندا بێ سەروشوێن سوڕاوەتەوە و چاوی بەخەڵکی تورک کەوتووە و زمانیانی نەزانیوە و لە قسەکردنیان نەگەیشتووە.

شاعیر لە ژیانیدا دەوڵەمەند بووە و مەقامی لەناو کۆمەڵدا بەرز بووە، لە فەرمانڕەوا و کاربەدەستانەوە نزیک بووە، چونکە ئەویش سەرۆکی بنەماڵەیێکی گەورە و تایەفەیێکی ناودار بووە، بەڵام دژی ئەو فەرمانڕەوایانە بووە کە لە سنوورەکانی کرماشان و کوردستان و خۆزستان و عوسمانی دەستدرێژییان دەکرد، ئەمەش هۆیێکی دیکە بووە تووشی بەندیخانە و ئەشکەنجە و ئازار ببێ. ئەرکەوازی بەشیعر و خوێندەواری بەربەرەکانی دواکەوتوویی دەکرد.

وا دەردەکەوێ دوا قۆناغی ژیانی ئەرکەوازی دوور لە مەڵبەندی خۆی لە وڵاتی ئاوارەیی بووبێ و، هەر لەوێش کۆچی دوایی کردبێ. سەرچاوە وا دەگەیەنێ هاوڕێیانی تەرمی مردوویان گواستبێتەوە عیراقی ئەو سەردەمە کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی بوو و لە شاری نەجەف ناشتبێتیان و، گۆڕی دیار نییە وەکو هەموو ئەوانەی لە نەجەف و کەربەلا دەنێژرێن.

ساڵی مردنی ئەرکەوازی بەتەواوی نازانرێ، ئەگەر شەست تا حەفتا ساڵ ژیابێ دەبێ لەنێوان ساڵانی (١٨٣٤-١٨٤٤)دا کۆچی دوایی کردبێ، ئێمە ساڵی (١٨٤٠)مان بەڕاست زانیوە بۆ کۆچی دوایی غولام ڕەزا ئەرکەوازی.

شیعری ئەرکەوازی

شاعیری کوردی گۆرانزەمین سەید ساڵحی نیعمەتوڵڵاهی ماهیدەشتی (١٨٣٤-١٩٠٧) لە بابەت غولام ڕەزا ئەرکەوازییەوە دەڵێ:

غولام ڕەزا نیتەو شۆر موناجات

جو مووسا لە تووڕ قازی یەلحاجات

شیعری ئەرکەوازی بەشێکە لەو شیعرەی خاسیەت و ئەدگاری تایبەتیی خۆی

هەیە، ڕەنگدانەوەی ئەو شیعرەیە کە لە نەوسوود و پاوەی هەورامانی تەخت و تەوێڵە و بیارەی هەورامانی لهۆن لەناو خەڵکی ساکار و ڕۆشنبیر و خوێندەوار پەسەندکراون، شیعری غولام ئەرکەوازی ئیلامی دەچێتە خانەی شیعری شاعیرانی وەک میرزا شەفیعی کولیایی ئەردەڵانی و خانای قوبادی.

شیعری ئەرکەوازی لە ڕووی کێش و قافیەوە ساکار و سادەیە؛ وەکو شیعری هەموو شاعیرانی گۆرانزەمین لە کوردستاندا. کێشی خۆماڵی دە سیلابییە، بەزۆری وەستانێک لە ناوەڕاستدا هەیە (--ب--/ ب ب ب --)، لەڕووی قافیەوە جووت قافیەیە (مەسنەوی = موزدەویج) (اا، ب ب، جـ جـ..) هەندێ جار شاعیر یاری بەقافیە دەکا.

شیعیری ئەرکەوازی لەڕووی ناوەرۆکەوە بەسەر ئەم مەبەسانەدا دابەش دەکرێ:

١- موناجات

ئەم بابەتە شیعرییە لەلای ئەرکەوازی لە بەرهەمی ئەدەبیدا لە هەموو بابەتەکانی دیکە زیاترە، دەتوانرێ بەشاعیری موناجات لە ئەدەبی کوردیدا ناوببرێ. لەم بابەتە شیعرە ٢٤ لیریکی هەیە، هەمووی دەکاتە ٦١٠ دێرەشیعر (١٢٢٠ نیوە دێڕ شیعر). سەرچاوەی بنچینەیی ئەم جۆرە شیعرەی قورئان و حەدیس و قسەی ئیمامی عەلی و ڕووداوی مێژوو و چیرۆکی ئەفسانەیی و زانیاری لە بابەت ئیسلامەوەیە. لەم بابەتە شیعرەدا وشە و ڕستەی عەرەبی و مانا و وێنەی ئامادەکراوی شاعیرانی دیکە بەزۆری بەکاریان دێنێ.

لەم بەرهەمی موناجاتە شیعرییە هەشت لیریکی یەکەمی موناجاتە لەگەڵ خودا، لێی دەپاڕێتەوە، هەرچەندە هەناسەیێکی شیعەگەرییانەی تێدا دیارە، بەڵام وەک موناجاتێکی ئاسایی ئایینی ئیسلام دەکەونە بەرچاو، لە لیریکی نۆیەمەوە تا دوایی موناجاتەکانی هەموویان بەرەو ڕووی ئیمامی عەلی کراون. لەم لایەنەوە هەندێ لە موناجاتی ئاسایی ئیسلامی یا ئایینزای سوننی دەچێتە دەرەوە، چونکە موناجات یا ئیلاهییات وەک مەبەستێک تەنیا لەگەڵ خودادا دەکرێ. لەو موناجاتانەدا شاعیر ئەفسانەکانی ئایینزای شیعی دەگێڕێتەوە. شاعیر باوەڕی بەوە هەبوو کە عەلی سواری هەور بووە تا گەیشتۆتە کێوی ئەفسانەیی قاف و لەوێ هەموو پێغەمبەرانی دیوە، جگە لەوە هەندێ لەو ئەفسانانەی بۆ توانای

ئیمامی عەلی هەڵبەستراون شاعیر ئاماژەی پێ کردوون.

بڵاوکەرەوەی دیوانی شاعیر لەسەر ئەو ڕایەیە کە بیروباوەڕی ئەرکەوازی لە بیروڕای یارسانەوە (ئەهلی هەقەوە) دوورە و هیچ پێوەندییەکی بەوانەوە نییە، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئەوەیە بێ گومان ئەرکەوازی لەسەر ئایینی یارسان نەبووە، بەڵام وەکو شیعەیێک هەڵوێستی بەرامبەر بەئیمامی عەلی تا پلەیێک بووە لەوان نزیک بۆتەوە، یا بەشێوەیێکی دیکە مەعریفەتی شیعەی وەک ئایینزایێک لە هەستی سۆفیزم نزیک کردۆتەوە و هەردووکیانی تێکەڵ بەیەکتری کردووە، لەبەر ئەوە کە موناجاتەکانی دەخوێنینەوە هەندێ جار وەک کەسێکی سەر بەئایینی یارسان دەکەوێتە بەرچاو و هەندێ جاری دیکە وەک شیعەیێکی دوازدە ئیمامیی دەبینرێ. لێرەدا ئەرکەوازی لەڕووی بیروباوەڕی ئایینزاییەوە گەلێ لە شاعیری کوردی گۆرانزەمین سەید ساڵحی نیعمەتوڵڵاهی ماهیدەشتییەوە نزیکە.

٢- ماتەمنامە

ئەرکەوازی دوو شیعری ماتەمنامەی هەیە بۆ ئەحمەد خانی کوڕی وتووە، کۆچی دوایی ئەم کوڕەی کارێکی زۆری تێ کردووە. شیعرەکانی بەناوی «باوە یال»ەوەن. باوە یال ناوی شاخێکی نزیک مەڵبەندی لەدایکبوونی شاعیرە، ئەرکەوازی لە موناجاتە پرسەنامەکەیدا ڕوودەکاتە باوە یال و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکا.

٣- ئاوارەیی و دوور وڵاتی (غوربەت)

«غوربەت» ناوی لیریکێکی شاعیرە، وێنەی ڕاستەقینە و نموونەی ڕەنگدانەوەی ڕۆژانی مەینەتی ئاوارەیی و بەندیخانەیە.

٤- غەزەل

دیوانی ئەرکەوازی دوو پارچە غەزەل دەوردەکاتەوە بەناوی «زلێخام شوران» و «زلێخام ژ چین». ئەم دوو بەرهەمە لە غەزەلی ئاسایی ئەم جۆرە شیعرەی ئەدەبی کوردی ناچنە دەرەوە، بەڵام ئەوە هەیە گومانیان لێ دەکرێ کە شیعری شاعیر بن، چونکە مەبەسەکانی دیکەی ئەرکەوازی لە غەزەل و دڵداری و ماچوموو‌چ دوورن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی ئەم دوو غەزەلە لەوە دەکا لە بەرهەمی ئەم شاعیرەمان بژمێررێن.

ئەرکــەوازی شــاعــیــرێکی ناســراو و خــۆشــەویست بووە لـە وڵاتی خــۆیدا، شــیــعــرەکــانی لـەســەر زاری خــەڵکی بوون، نـەک تەنـیـا خــوێندەواران بەڵکو نەخـوێندەواریش لەبەریان کـردووە، بەتایبەتی ئەوانەی پابەندی ئایین بوون. لەبەر ئەوە دەسنووسی دیوانی زۆرە، ئەمـە بۆتە هۆی ئەوەی بەرهـەمی شیـعری لەسـەر بنج و بناوانی ئەو دەسنووسانە ساغ بکرێتەوە.

گەشتی دیوانی ئەرکەوازی

مونـاجاتی خودا

لەم مــاوەیەدا دوو مــوناجــاتی خــودا لە بەرهـەمی ئەرکـەوازی وەک نموونەیێک هەڵدەبژێرین، یەکەمیان ژمارە دووەمە و دووەمیان ژمارە شەشەمە.

لە موناجاتی یەکەمدا دەڵێ:

ڕازق ڕەززاق

یــــــــــــــــا ڕازق ڕزق ڕازق ڕەززاق
ئسـای سەما و ئەرز نوهـ چەرخ و هەفت تاق
نـەجــــات دەهــەندەی ڕەفـــــڕەف و بـوراق
حــــــــــەیـێ لایـەنـام بـیـنـای لـەم یـەزەل
بێ خــوەردو بێ خــاو یـەکــتــای بـێ بەدەڵ
قـــاهـیـــر و لعـــــەدو قـــەییـــووم لایـەزەڵ
خــالق مــەخلووق یـەکــتــای بێ خــەلەل
نـووربەخـش جــەلای شـــەمس وەلقـــەمـــەر
قــازی یەلحــاجــات مــاڵک مــەحــشـــەر
ســەفـحـەی یـەوم و لەیل ژە هـەم سـەواکـەر
تـەبیب مـــــەریز مــــەخـــفـی دەواکـــــەر
غـــەفـــوور لایەزاڵ لـەم یەزەڵ غـــەفـــفـــار
ڕازق ڕزق بـەخـش سـێ پــەنج سـێ هــەزار
کــەردیشـــان ژە ســر ســونعــەت نەوازان
هـەر یـەک پـەی نـەوای پەی کـــــارێ تـازان

هەفت تەبەقـەی ئەرز سـاخـتـی ژە وجـوود
قـەرار دای وەپێـشت بەقـەرچەنی حـووت
وەلحـــاسڵ وەو تـای یـەکـــتـــائی زەینت
وەو نـوور جـــەلای بـابـولحـــوســـەینت
وەو هـەزار و یـەک ئـسـم عـــــــەزیـمـت
وە ئـایەی تـەورات مـــووســای کـــەلیـــمـت
وە عــیـــســا و ئـینـجـیل داوود و زەبوور
تـو خـــەڵق خـــەلیل ئـاراســـتـی ژە نـوور
وە عـــــززەت نـوور ئـدریس و ئـەیـیـــــووب
ئـسـمـاعـیل ئـسـحـاق یووسف و یـەعـقـووب
وە ســـەد و چاردە ســـوورەی قـــورئـانت
وە مـوســتــەفـا خــەتم پەیغـەمـبـەرانت
وەلحـاسـیل وە جـەمع گـرۆی پـەیغـەمـبـەر
وە عـەکس جـەلای مـورتـەزای سـەڤـدەر
وەو دوازدە ئـیــمــــام بـەرگـــوزیدەی وێت
وەو جـەمـع خـاســان گـیـان توفـەیـل ڕێت
عـاسی عـســیــان بار دوور ژە تـاعــەتەم
گـومـرای شـێت و شـووم ڕای عـیـبـادەتم
ژە خـــەوف پرســـان مـــونکەر مـــاتشـــان
ژە کـــردار وێـم خـــــەجـــالاتـشـــــان
عـــەفـــوکـــەری ڕەدی بـەدی کـــردارم
ئـیـســا ژە کـەردەی وێم شـەرمـســارم
(غـولام) کـەمــتــەرین کـەلب دەرگـاتەن
چون سـەنعـان ژە کار کەردەی وێش مـاتەن

واتاکەی:

ڕازق ڕەززاق

یا ڕازق ڕزق ڕازق ڕەززاق

ڕاگری ئاسمان و ئەرز، نۆ گەردوون حەوت تاق (ئاسمان)
ڕێ پیشاندەری ڕەفرەف و بوراق (دوو وڵاغی پێغەمبەرن)
زیندووی بێ خەو چاوی نەنوستووی جاویدانی
بێ خواردن و خەو یەکتای بێ وێنە
دوژمن شکێنی هەمیشەیی
کردگاری هەموو خەڵک، تەنیا بێ کەموکوڕی
ڕووناکی دەبەخشی بەڕۆژ و مانگ
ڕازونیاز دەگەیەنی بەئەنجام خاوەنی ڕۆژی حەشری
ڕووی ڕۆژ و شەوت لە یەکتری جیاکردۆتەوە
ئەو پزیشکەی نەخۆش بەنهێنی تیمار دەکەی
هەمیشە بەتوانای و بەتوانا دەبی
ڕزقی هەموو کەسێک دەدەی
هەموو کەسێکی خوڵقێنراو و دروستکراو
هەر یەکێکی ئاراستەی کارێک دەکەی
حەوت تەبەقەی ئەرزت دروست کردووە
لەسەر پشتی مانگا و مانگا لەسەر پشتی حووت
هەرچۆنی بێ سوێند بەتاکانەی و ڕووناکیت دەخۆم
بەو ڕووناکییەی لە باوکی حوسێن (عەلی) دەپژێ
بەو هەزار و یەک ناوە مەزنەت
بەو ئایەتی تەوڕاتی مووسای کەلیم
بەو عیسا و ئینجیل، داوود و زەبوور
بەو ئیبراهیم خەلیلەی لە ڕووناکی خۆت دروستت کرد
بەگەورەیی ڕووناکی ئیدریس و ئەییووب
ئیسماعیل، ئیسحاق، یووسف و یەعقووب
بەسەد و چواردە سوورەی قورئانت
بەمستەفای خەتمی پێغەمبەرانت

بەهەموو نزیکانی پێغەمبەر
بەڕووناکی ڕوونی مورتەزای سەڤدەر (عەلی)
بەدوازدە ئیمامی هەڵبژاردەی خۆت
بەو پیاوچاکانەی هەمیشە لە دواتەوەن
گوناهکارم لە تاعەت دوورم
گومڕام، شێتم لە عیبادەت دوورم
لە ترسی پرسیاری مونکیر مات و خامۆشم
لە کردەوەکانم ڕوو سوورم
تۆ لە هەموو کردارە بەدەکانم خۆش دەبی
ئێستا لە کردەوەکانم شەرمەزارم
(غولام) کەمترین سەگی دەرگای تۆیە
وەکو سەنعان لە کردەوەکانی پەشیمانە

زۆربەی وشە و ڕستەی عەرەبی لەم موناجاتەدا و ئەوانی دیکەی شاعیریش ئاماژەیە بۆ ئایەتەکانی قورئان. شاعیر لە دروستکردنی گەردوون دەدوێ لەلایەن خوداوە، یادی ئەفسانەی ئایینی دەکاتەوە. ئاسمان لەسەر ئەرزە، ئەرز لەسەر ماسییە. شاعیر سوێند بەنووری باوکی حوسێن دەخوا کە عەلییە، سوێند بەناوی خودا و تەوراتی مووسا و عیسا و ئینجیل و داوود و زەبوور و، پێغەمبەرانی پێش ئیسلام دەخوا، ئینجا داوا لە خودا دەکا لە گوناهی خۆش بێ، چونکە کەمترین سەگی دەرگای خودایە وەکو شێخی سەنعان لە کردەوەکانی پەشیمانە.

لە موناجاتی دووەمدا ئەرکەوازی دەڵێ:

مـــــەعـــــســـــیـــــەت بـارم
مـەعـبـوودا من عـەبد مـەعـسـیـەت بارم
ژە فـیـــعل قـــەبیح وێـم شـــەرمـــســـارم
وە ســـزای ئـەعـــمـــال بـەدگـــرفـــتـــارم
من عـــەبد زەلیل شـــەرمـــســـار شـــویم
تـو ڕەب راحـم رەحـــــمـــــان ڕەحـــــیـم

بیلقووه قەلیل عەزابم کەردەن
راحم ژ رەحمەت رەحمان ویەردەن
نەئایەی کەلام مەجید ئزهارەن
سەد عسیان لاحەول یەک ئستغفارەن
من ئستغفارم کەردەن وە ئەوراد
یا غافرەتتەوب ئەغفر ئەلعیباد
یارەب وە رەحمەت ئەسامی ئەعزەم
وە پەنج فەخر ئال نەبیی خاتەم
حەق چار کتاب مەجید مەوجوود
تەورات مووسا زەبوور داوود
ئینجیل عیسا فورقان ئەحمەد
موحەممەد مەحموود ئەحمەد موحەممەد
وە رتبەی ڕەوان شای کەونەین وەقار
بێ تەعلیم عیلم عالەمولئەسرار
میعمار کەونەین کەهبای کاینات
ستوون ئەیوان سەبعە سەماوات
وە باقر وارس عیلم نەبی یین
ستوون ڕەوشەن ئاسمان دین
وە سدق سادق سددیق مەعسووم
ستوون مەزهەب وارس علووم
وەو دوو لەمعەی نوور دوو بەدر دوجا
مووسا بن جەعفەر عەلی بن مووسا
وە تەقی نەقی سالکان دین
دوو بەدر کامل دوو نوور موبین
وە پاکی تینەت ئەتهار عەسکەر
وە مەهدی هادی ئاقای دین پەروەر

وه لەب تشنەکـــان دەشت کـــەربەلا
ژە جـــەور زاڵم بەڵا مـــویتـــەلا
وه مـــوخـــەددەرات تەهارەت مـــەئاب
عـسمـەت نشـينان پەروەردەی حـيجـاب

واتاکەی:

من گوناهکارم
ئەی خودا من بەندەی گوناهکارم
لە هەموو کردەوەیێکی خراپم شەرمەزارم
گرفتاری سزای کردەوە خراپەکانم
من بەندەی زەلیلی شەرمەزارم
توخودای میهرەبان و میهر بەخش و لە گوناه خۆش دەبی
هەرچی پێم کرایە کردوومە
لە خودای میهرەبان چاوەنۆڕی ڕەحمەتم
لە ئایەتی کەلامی گەورەی خودا دیارە (لا حول ولا...)
سەد گوناه بەیەک تۆبە دەسڕێتەوە
بەپاڕانەوە و موناجات تۆبە دەکەم
تۆ لە تۆبەکار خۆش دەبی لە بەندەکانت خۆش بە
ئەی خودا لە سایەی ناوە مەزنەکانت
بەپێنج گەورەکانی ئالی پێغەمبەر (ئالی عەبا)
بەهەقی چوار کتێبی پیرۆزی کە لە ناوەویە
تەوراتی مووسا، زەبووری داوود
ئینجیلی عیسا، قورئانی ئەحمەد
بەمحەمەد و مەحموود و ئەحمەد (هەموویان ناوی پێغەمبەرن)
بەهەقی پلەوپایەی شای هەردوو گێتی (عەلی)
بەبێ فێرکردن هەموو ڕاز و نهێنییێک دەزانێ
میعماری هەردوو گێتی فەرمانبەری گەردوون

کۆڵەگەی هەیوانی هەر حەوت ئاسمان
بەهەقی باقر میراتگری زانستی هەموو پێغەمبەران
کۆڵەگەی ڕووناکی ئاسمانی ئایین
بەهەقی ڕاستگۆیی سادق مەعسووم
کۆڵەگەی ئایینزای (شیعە) میراتگری زانستی
بەدوو تیشکی ڕووناکی، دوو مانگی دوجا (حەسەن و حوسێن)
بەمووسای کوڕی جەعفەر و عەلیی کوڕی مووسا
بەتەقیی پاکی ڕێبەری ئایین
دوو مانگی چواردەی تەواو، دوو ڕووناکی دیار
بەهەقی پاکیەتی پاکانی عەسکەر
بەمەهدی ڕێبەر ئاغای ئایینپەروەر
بەلێوی تینوانی دەشتی کەربەلا
گیرۆدەی زوڵمی زۆرداران بوون
بەهەقی هەموو ئەو پاکانەی
مەعسوومن و پەروەردەی ئەودیوی پەردەن

لە سەرەتای ئەم موناجاتە وەکو ئەوانی دیکە لە هەندێ لە گوناهەکانی خۆی دەدوێ و لە خودای گەورە دەپاڕێتەوە لەو گوناهانە خۆش بێ. دیسانەوە هانا دەباتە بەر ئەو کەسانەی لەلای خودا خۆشەویستن یا ئەو کردارانەی تەنیا لە توانای خودایە و هەر خۆشی دەیگەیەنێتە ئەنجام. شاعیر ئەم هەموو وێنە و بەڵگانە دێنێتەوە کە لەلای خودا گەورەن و دەیانکا بەڕەمز و بەهۆی ئەوانەوە لە گوناهەکانی خۆش دەبێ، بەلای ئەرکەوازییەوە ناوە گەورەکان زۆرن، لەوانە پێنج کەسی ئالی نەبی کە ئالی عەبایان پێ دەوترێ، پێغەمبەر و فاتیمە و عەلی و حەسەن و حوسێن، چوار کتێبی گەورە تەوراتی مووسا و زەبووری داوود و ئینجیلی عیسا و قورئانی محەمەد. هەرسێ ناوی پێغەمبەر ئەحمەد و محەمەد و مەحموود. لەدواییدا یەکە یەکە ناوی هەموو ئیمامانی شیعە دەبا. ئەمانە هەموویان لای خودا خۆشەویستن، ئەگەر لە خودا داوا بکەن، کردگار لە گوناهی ئەرکەوازی خۆش دەبێ.

موناجاتی عەلی

لەم ماوەیەدا سێ موناجاتی عەلی لە بەرهەمی ئەرکەوازی هەڵدەبژێرین. یەکەمیان ژمارە نۆیەمە، دووەمیان ژمارە دوازدەمە، سێیەمیان ژمارە بیست و دووەمە.

لە موناجاتی یەکەمدا دەڵێ:

ئاگای سرِ غەیب
یا عەلی عالی ئاگای سرِ غەیب
گوستاخ خەلوەت بێ هەمتای لارەیب
پاک و مونەززەه موبەرا ژە عەیب
مەولای خافیقەین میر مەماڵک
هادی موجتەبا رەهنمای ساڵک
خانەزای خالق عاری ئاب و خاک
خاجەی هەشت بەهەشت زیبەندەی لەولاک
عالیمولئەسماء عەرش ئەعزەم توورِ
هەم سرِ سانیع هەم سیراج نوور
ئایەتولکورسی فورقانی سانی
واقیف ژە ئیلهام حەیی رەببانی
مونشی چار کتاب موفتی چار دەفتەر
وەسی موستەفا وەکیل داوەر
مورتەزای فورقان ئیلیای (ئەلیاسی) تەورات
میعمار کەونەین ئەرز و سەماوات
شەهسوار دین شای نوسرەت شیعار
قەللاع ماددەی بتخانەی کوففار
کلید مفتاح ئەبواب خەیبەر
قازی مەنع باز ناجی کەبوتەر
فەدات بام مەزهەر کولل عەجایب
غەنی ژە ئەوساف ئاشکار و غایب

د. مارف خەزنەدار. ب٣ (١٨)

واتاکەی:

ئاگاداری نهێنیی داپۆشراو و نادیار

یا عەلی بڵند ئاگاداری نهێنیی داپۆشراو و نادیار

ئاگاداری لە بارەگای خودا

پاک و بێ خەوش و دوور لە هەموو کەموکوڕییێک

سەرداری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و میری هەموو مەملەکەتان

ڕێ پیشاندەری ڕاستی هەموو سۆفییان

ئەی ئەو کەسەی لە ماڵی خودا (کەعبە) لە ئاو و گل دروست نەبووە

خاوەنی هەشت بەهەشت و شایستەی (لەولاک)

زانای ناوەکانی خودا و عەرەشی گەورە و کێوی تووڕ

نهێنی خودا دەزانی، تۆ چرای ڕووناکی

ئایەتولکورسی کە قورئانی دووەمە

ئاگاداری ئیلهامی خودای گەورەی

نووسەر و دانەری چوار کتێب و دەفتەری

جێنشینی پێغەمبەر و باوەڕ پێکراوی خوداوەندی

مورتەزای قورئان، ئیلیای (ئەلیاسی) تەورات

میعماری هەردوو گەردوونی، زەوی و ئاسمانەکان

شاسواری ئایین، شای بەڵگەی سەرکەوتن

بنبڕکردن و ڕماندنی بتخانەی کافران

کلیل وکڵۆمی دەرگاکانی خەیبەر

ئەی فەرمانڕەوا و ڕزگارکەری کۆتر لە زوڵمی باز

ئەی ڕەمزی هەموو سیفەتێکی بێ کەموکوڕی

بێ بەشی لە هەموو وەسفێکی دیار و نادیار

لەم دێڕە شیعرانەدا ئەرکەوازی وەک پێشەکییێک بۆ توانای ئیمامی عەلی هەڵدەڵێ. بەلای ئەوەوە عەلی ئاگاداری هەموو نهێنییێکە، بێ کەموکووڕییە، خاوەنی «بوون» و گەردوونە، دروستکەری ئاسمان و زەوییە، سەرداری هەشت بەهەشتەکەیە، نووسەر یا دانەری هەر چوار کتێب یا دەفتەرەکەیە (تەورات و

زەبوور و ئینجـیل و قـورئـان)، کـەسـێکە لـە وەسف بەدووره. ئەگـەر بـەوردی لەم قسانەی شـاعیر بکۆڵینەوە بیروڕای ئایینزای سوننی ئیسلامی تێدا دەدۆزینەوە، بەڵام ئەگەر تۆزێک لە داهێنانی هونەری و ئیستێتیکی شیعری دوور بکەوینەوە (هونەرمـەند بۆی هـەیە هـەمـوو شـتێک بکا و بڵێ) ئەم شـاعیرەمـان لە بیروباوەڕی یارسـان (ئەهلی هەق) نزیک دەکەوێتـەوە. لێرەدا مەبەسـمـان ئایینی یارسـانی ناو کوردەواری قـۆناغی دوای ئیسـلام، دەورەی عـەلییـە، لە پاشـانـا گردگـارەکـانیـان بەپێی تیۆریی (دۆنادۆن) لە دوای عەلییەوە هـەموویان کورد بوون تا ئێستاکە.

لە ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی لە نێوەندی کوردی شیعەی ئیسلام نموونەی وەک ئەرکەوازیمان هەیە، وەکو لە سەرانسەری ئەم کتێبە دەردەکەوێ، ئەم شـاعیرانە بەبیروباوەڕ موسـوڵمـانـی شیـعـەن، بەڵام بەرهـەمی ئەدەبییـان تا پلـەیێک لە بیری ئایینزای شیعـە هەندێ لا دەکەوێ و لە بیری ئایینـی یارسان (ئەهلی حـەق) نزیک دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە لە داهێنانی ئەدەبیدا کارێکی بەجێیە ئەگەر شاعیر بتوانێ بەرهـەمی شیعری بخاتـە ناو چوارچێوەیێکی جوانکاری ئەوتۆ لە ناوچەییەوە دەری بێنێ بۆ گـەردوونێکـی بێ پایان، شـاعیر لـە دوای ئەم دێڕانە دەکەوێتە باسکردنی خۆی:

هـایـە چەن وەقــتــەن عــەبد ســەنا گــوو
ژە عــەین عــەزاب شــەومــەکـەم ئەو ڕوو
تەوقم گـەردەن گـیـر قـەرە بوغـرا تـەنگ
زوان ژە عــوســرەت لا حـــەول وانا لـەنگ
پاقـــەید نە بـوغـــاو کــوند هـەم عــەلاوەن
شـــەو دیدەم ژە ئێش بوغـــاو بێ خـــاوەن
مـــەخلووقـــات عــاجــز شـــەو بیــدایمەن
بێــداریم ژە جــەور عــوســرەت باریمەن
بووم و باوەقـــوش ژە ناڵەم عـــاســـەن
باوەقـوش مەدهووش بووم هـەم هـەراسـەن
مــەحــبــووسـیم نیــەن وەڕەسـم قــانوون
تـەرح تـازەبوون ئـخـــتـــرای ژە نـوون

کـــــــونـد ژە هـام بـاڵای بـاڵام زیـادەن
پام دوو زنجـــیـــر چار پەریش ئـامــادەن
مـــاه مـــوبارەک مـــەخـــســـووس داوەر
پەری من بیـــەن وە یەمـــولەحـــشـــەر
فـتـــوور بـار لیـــو ســوحـــوور ئاه ســەرد
پووشاک پووس گیان سەرینگان ژە بەرد
کـەســان مـــەیلشـــان وە خـاسی نیـەن
حـــەق نەسـان نـەفکر حـــەقناسی نیـەن
قـــەتع ئـمـــیـــدم ژە ئنســـان کـــەردەن
ویم وە شــەهنشــای نەجـەف سـپـەردەن

واتاکەی:

ئەمە چەند ماوەییکە بەندە ستایشی تۆ دەکا
بەئازاری کوشندە شەو بە ڕۆژ دەکەمەوە
تۆق لە ملمدایە قەرەبوغرا دەیگوشێ
زمانم لەنگ بووە ئەوەندەی بڵێم لاحەولەوەلا
پێم بە کەلەپچە و کۆ بەستراوەتەوە
شەو چاوم لەبەر ئێش بێ ئارامە
هەموو کەس ئۆقرە ناگرێ لە بێداری من لە شەودا
بێداریم لە حاڵی پەریشانمەوەیە
کوندەبۆ و بایەقوش بۆ من دەناڵێنن (هەردووکیان یەکێکن)
بایەقوش مەدهۆش و کوندەبۆ هەراسان بووە
بەندکردنم بەپێی دەستوور و قانوون نییە
ئەو خراپەیەی لەگەڵ مندا کراوە داهێنانی تازەیە
کۆت و پێوەندم لە باڵام درێژترە
من دوو پێم هەیە بەڵام بەچوار زنجیر بەستراوە
مانگی پیرۆز (ڕەمەزان) کە مانگی خودایە

بەڵام بۆ من وەک ڕۆژی حەشری لێهاتووە
لە ڕۆژوو شکاندنم لێوم بەبارە لە پارشێو هەناسەم ساردە
جلم پێستەی لەشمە، سەرینم بەردە
خەڵکی مەیلیان بۆ کاری باش نییە
بەڕاستی بیر ناکەنەوە و ڕاستی پەرست نین
ئومێدم لە ئادەمزاد بڕیوە
خۆم بە شەهنشای نەجەف سپاردووە (عەلی)

لەم چەند دێڕانەدا ئەرکەوازی دەکەوێتە وەسفی پەرێشانی خۆی بۆ ئیمامی عەلی. ئاه و هەناسەیێکی بەکوڵ هەڵدەکێشی بۆ ڕۆژگارانی سەختی بەندیخانە. باس لەو ئێش و ئازارانە دەکا کە لە وزەی ئادەمزاد نەبووە بەرگەی بگرێ، لەدواییدا بەم دێڕانە کۆتایی بەموناجاتەکەی دێنێ:

یاشا فەدای کلک موعجیز نمات بام
سەرگەرد ئەنگوشت خەیبە گوشاد بام
دەست بە دولات مەر تەبدیل بیەن
عەلاقەت ژە زڵم زاڵمان نیەن
بلا تەش مەر زوو بازووت نەمەنەن
زاڵم رای نەجات ژە مەزلووم سەنەن
وەکو چی ئەو زوور بازوێ عفریت بەن
کوو ئەنگوشت فەتح باب خەیبەرکەن
یا عەلی بیەن بەنەی بێ تەقسیر
یەی گەردەن دوو تەوق دوو پاچار زنجیر
زام زەنجیرەش من زینهار کەردەن
زەنجیر ها نەپا تەوق ها نەگەردەن
دشوارتەر نیەن ژە قاپی خەیبەر
یا غەوسولغالیب یا ساقی کەوسەر
هەنی نەداروم من قووەی عەزاب
(فەرریجنا عەننی) یا نوسرەت مەئاب

ئەی حـــــازیرولوەقـت جـــــارِ هـانـائـی
تـو دەسـگـیــــــــــر دەس نـاتـەوانـائـی
غـــەیر ژە تۆ بـاشـــا فـــەریاد ڕەس نیـــەن
کـــەس عــیـــلاج نمای کـــار کـــەس نیـــەن

واتاکەی:

ئەی شا فیدای ئەنگوستی پڕ لە موعجیزەت بم
دەست و پەنجەی خەیبەر گوشات بم
دەستی خودایی تۆ خۆ نەگۆڕاوە
پێوەندیت بەزوڵم و زاڵمان نییە
هەرچەندە تۆ دووربی هێز و بازووت توانای هەیە
نایەڵی زاڵم ڕێی ڕزگاربوون لە مەزلووم بگرێ
ئەو ڕۆژەی بازووی عفریت
بەئەنگوستی دەرگای خەیبەری کردەوە
ئەی عەلی بگەرە بەندەی بێ گوناه
دوو تۆق لە گەردن و چوار زنجیر لە پێ
برینی زنجیر ئارامی لێ بڕیووم
زنجیر لەپێیە تۆق لە گەردنە
لە دەرگای خەیبەر دژوارتر نییە
ئەی غەوسی سەرکەوتوو ئەی ساقی کەوسەر
ئیتر هێزی بەرگریم نەماوە لە ئازار
ئەی خاوەن سەرکەوتن ڕزگارم بکە
ئەی ئەو کەسەی لە کاتی خۆیدا دەگەیە هانا
هەمیشە بەفریای بێ توانایان دەگەی
جگە لە تۆ ئەی شا بەفریاگەیشتن نییە
کەس چارەی دەردی کەس ناکا

لەدوای باس کـردنی شـپرزەیی حـاڵی خـۆی و ئازاری جـەسـتـەیی لەم دێڕانەی

ســـەرەوەدا گــەڕاوەتەوە ســـەر وەســـفی توانای عـــەلی و، داوای لـێ دەکـــا ئەو مەینەتییەی بەسەری هـاتووە بۆی حسێب بکا و تۆڵەی بکاتـەوە و جارێکی دیکەش لە گوناهی خۆش بێ.

لە موناجاتی دووەمدا شاعیر دەڵێ:

ئیعجازات کامەن

یا مـوعـجیـز نما ئیـعـجـازت کامـەن
دایم وە دەرگــای تو ئیلیـتـــجـامــەن
ئیلیتجام ژە هەوڵ خەوف و رەجامەن
مــەدداحـیت ورد شـــام و ســەبامــەن
قــەڵبم ژە لای تۆ قـــایم مــەقـــامــەن
مەجمووعەی مەخلووق وەنەم بیرامەن
یا ســاقی کەوســەر مـەیل شـەفامـەن
یا غـەوسـولغـالیب بە ئیـقـتـیـزامـەن
بەشــەرت تەریق خــاجـە و غـولامـەن
من غـــــولام تـو نـامم غـــــولامـــــەن
غولامیم وە شـەوق حـەسب و ڕزامەن
ئەر نجــات مـــەدەی حـەدد ئیکرامــەن
ونـە غـــولامـــیم وەنـەت حـــەرامـــەن

واتاکەی:

کوا ئیعجازت
ئەی خاوەن موعجیز کوا ئیعجازت
هەمیشە هانام بۆ دەرگای تۆیە
هانام هیوایێکە لە ترس ڕزگارم دەکا
ستایشی تۆ ویردی شەو و ڕۆژمە
دڵم پڕ لە ئومێدە بۆ لوتفی تۆ
گەلێ خەڵک وێڵ و سەرگەردانن

ئەی ساقی کەوسەر داوای شیفا دەکەم
ئەی بەهانا گەیشتوو ئومێدم هەیە
ئەمە ڕێگەی عەهد و پەیمانی خواجە و غولامانە
من غولامی تۆم ناوم (غولام)ە
غولامیم (خزمەتکاریم) بەشەوق ڕەزامەندی خۆمە
ئەگەر من ڕزگار دەکەی ئەوە لوتف و ئیحسانە
ئەگینا بەندیی و غولامی من بەرامبەر بەتۆ حەرام دەبێ

لەم موناجاتە کورتەدا ئەرکەوازی لەڕووی باوەڕێکی هوشیارانە خۆی بەبەندەی عەلی دادەنێ، بەلایەوە ئەگەر ئیمام تۆسقاڵێک گومانی لە بەندەیی شاعیر و گەورەیی خۆی هەبێ پێویستە ئەم پێوەندییە هەڵبوەشێتەوە. ئەمە ئاوڕدانەوەیێکی شیعرییانەیە، ئەگینا شاعیر لەناوەوەی خۆی لەوە دڵنیایە کە خۆی بەندەیە و عەلی گەورەیە و هەردووکیشیان ئاگاداری ئەم بیروباوەڕن و پێی ڕازین.

شاعیر وەکو دیارە لەم پارچە شیعرەدا یەکێتیی قافیەی بەکارهێناوە، ئەم جۆرە قافیەیە لە شیعری گۆرانزەمینی کوردستاندا کەمە، زۆربەی هەرەزۆری قافیەیان جووت قافیە (مەسنەوی، موزدەویج) (اا ب ب جـ جـ...)ە

موعجیز بێ پایان

یا موعجیز نمای موعجیز بێ پایان
یا نەقش زینەت ئایەی کەلامان
یا شەهنشای دین ئامان سەد ئامان
یا بەد خودا سڕ لاهی زات
وەکیل کەونەین کەهیای کاینات
چیەن ژە بارەم زڵم بێ سامان
یا شەهنشای دین ئامان سەد ئامان
یا کەعبەی مەقسوود یا قیبلەی حاجات
یا مەنسوور دین یا ناجی نەجات
یا دەس بالای دەس نام بالای نامان
یا شەهنشای دین ئامان سەد ئامان

یا مــوڕەی بن قــەیس وە دونیــمــەکــەر
یا قـاپی خـەیبـەر قـیـمـە قـیـمـەکـەر
یا کــام دەھـەندەی جــوملە ناکــامــان
یا شـەھـنشـای دین ئامـان سـەد ئامـان
یا خـەلیـفـەی حـەق ڕوی خـوم غـەدیر
ژە لـوتـف عــــــــــامـت بـاوەڕم و ویـر
یا خـاسـتـر ژە کـول خـاسـان و عـامـان
یا شـاھنشـای دین ئامـان سـەد ئامـان
تـا شــــاھێ وێنەی تو ئاقــای وێمـــەن
دیگەر ئیلیـتـجـا و ئومـێـد وە کـێـمـەن
غـــەیر ژە تۆ وەکی بووم دەس وەدامـــان
یا شـەھـنشـای دین ئامـان سـەد ئامـان

واتاکەی:

ئەی خاوەن موعجیزەی بێ پایان
ئەی موعجیزە بەخش، ئەی خاوەن موعجیزەی بێ پایان
ئەی خاوەنی نەخشی ئایەتی قورئان
ئەی شاھنشای ئایین ئامان سەد ئامان
ئەی دەستی خودا، تۆی ڕازی خودا
ئەی وەکیلی ھەردوو گێتی و گەورەی گەردوون
لەبارەی منەوە زوڵمێکی زۆر کراوە
ئەی شاھنشای ئایین ئامان سەد ئامان
یا کەعبەی پێویست یا قیبلەی حاجات
ئەی سەرکردەی ئایین ئەی ڕزگارکەر
ئەی دەست باڵا ناوت لەسەر ھەموو ناوێکە
ئەی شاھنشای ئایین ئامان سەد ئامان
ئەی ئەوەی موڕڕەی بن قەیست کرد بەدوو نیوە

ئەی ئەو کەسەی دەرگای خەیبەرت پارچە پارچە کرد
ئەی ئەو کەسەی چاکە دەدەیە ناکامان
ئەی شاهنشای ئایین ئامان سەد ئامان
ئەی جێگری هەق (خودا) لە ڕۆژی غەدیری خوم
بەزەییت بۆ ئێمە بێنەوە بیرت
ئەی چاکتر لە هەموو خاس و عامان
ئەی شاهنشای ئایین ئامان سەد ئامان
تۆ شاه و وێنەی گەورەی منی
لە تۆ بەولاوە ئومێدم بەکەس نییە
جگە لە تۆ دەست و دامەنی کێ بم
ئەی شاهنشای ئایین ئامان سەدە ئامان

شاعیر لەم موناجاتەیدا دەستی پان کردۆتەوە و ڕووی لە ئاسمان کردووە، گفتوگۆ لەگەڵ عەلی دەکا، لە زۆربەی نیوە دێڕ شیعرەکانیدا بە یا (ئەی) بانگی دەکا و سیفەتەکانی کردگاری بۆ دەژمێرێ و داوای لێبوردنی لێ دەکا، ئەم موناجاتە و زۆربەی موناجاتی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی گێتی لە هەموو ئایین و ئایینزا ئاسمانییەکان و ئایینەکانی دیکە تا دەگاتە بت پەرستەکانیش لە ڕۆژگارانی دێرین و تازە و سەردەمدا لەلایەن هیچ کەسێکەوە ڕەت ناکرێتەوە، ئەو کەسە لەسەر هەر ئایینێک بێ.

ئەم موناجاتەی ئەرکەوازی لەسەر بنچینەی چوارین (دوو بەیت) دانراوە، لەدوای هەموو سێ نیوەدێڕ شیعرێک چوارەمیان دووبارە و سێ بارە دەبنەوە «ئەی شاهنشای ئایین ئامان سەد ئامان».

باوەیال - ١

ئەم بەرهەمەی ئەرکەوازی یەکێکە لە شیعرە درێژەکانی، لە زیاتر لە سەد نیوەدێڕ شیعر پێکهاتووە، دەتوانرێ بەپۆیێم یا قەسیدەیێکی درێژ ناوببرێ. باوەیال لە «بابا عەڤدال» یا «بابا عەبداڵ»ەوەیە، ناوی شاخێکە لەو ناوچەیەی شاعیری تێدا لەدایکبووە. ئەم شاخە نزیکەی حەفتا کیلۆمەتر لە شاری ئیلامەوە

دووره و له دەوروبەری سنووری ئێران و عێراقی ئێستادایه، دار بەڕوو له دارستانەکانیدا گەلێ زۆرن.

وا باوه ئەحمەدخانی کوڕی شاعیر لەم شاخەدا ماری پێوه داوه و بۆته هۆی مردنی. لەم شیعرەیدا بەشین و شەپۆڕ و وتەی ماتەمنامه ڕوو دەکاته شاخ و بۆ کوڕی خۆشەویستی دەلاوێنێتەوه، له سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێ:

وه باوه یال دیم
ئەو ڕوو وا وەیلا وه باوەیال دیم
هاواس پەریشان حالّش حالْحال دیم
سەر تاپا بەرگش سیا زخال دیم
سەر قولەی کاوان وه سیا تەم دیم
درەختان ژ غەم چو چوگان چەم دیم
داران درەختان کەلاّغی پووش دیم
کەپوو کەم دەماغ بلّبلّ خامووش دیم

واتاکەی:

له باوەیاڵ دیم
ئەمرۆ له باوەیاڵ وا وەیلام دی
هەوەسی پەرێشان بوو حاڵی ناحاڵ بوو
سەراپای بەرگی ڕەنگی ڕەشی زوغالی بوو
سەر قولەکان تەرمی ڕەش داپۆشت بوو
درەختەکان چەمابوونەوه وەک گۆچان
دارودرەخت ڕەشیان پۆشی بوو
کەپوو هۆشی له خۆی نەماوه، بلبلم بەخامۆشی دی

سروشت به شاخ و دارودرەخت و بەردەوه ڕەشی پۆشیوه و لەگەڵ شاعیر شێوەن دەکا. باڵندەکان شێواون باڵندەیێکی بچووکی وەکو کەپوو له هۆشی خۆی چووه و بلبل خامۆش بووه. ئینجا دەڵێ:

کەپوو وەو شین گاڵ کەرمەوه
چمان مردەی داشت وه روو تەرمەوه

مـن و بـاوەیاڵ عـــەهـدمـــان کـــەردەن
مـن غـــەم و ئەو تـەم تـا ڕووژ مـــەردەن
ڕووڵـە یـە ئـاســـار شکارگـــاهـتـــەن
یە چاگـــەی کـــەڵرەم شـــوون ڕاهـتـــەن
ئـەرا چـو جـــــــاران دیـارت بـنـەن
مـــەر گـــڵکوو وە بان مـــەزارت بیـــەن
گـڵ وە بـانم کـــــــەن گـڵ وە بـانـت دیم
ئـێ دنـیـــــا وە کـــــام دژمنـانـت دیم
کـەلێ ژە کـەلان مـەخـواس مـزگـانی
ئەحـمـەدخـان مـەردەن وە نەوجـەوانی
بێ تو چـو مـاهـی ئوفـتـادەی خـاکم
بەرگم پەلاســەن جـامــە چاکـچـاکم
ڕوو لە ژە هـیـجـرت ئەفـسـوردە گیـانم
جـــز ڕوو ڕوو گـــوو نیــــەن زوانم
مـــیـــقـــراز مـــەرگت تێـــژ باڵم کـــەنەن
شـوور و شـەوق و زەوق زنگانیم سـەنەن
شـــەو خـــاوم شــــەریک تـاف تێــژاوەن
یا حـــوباب نـەڕوو گـــیـــژە گـــەرداوەن

واتاکەی:

شێوەن و ئاه و ناڵەی کەپوو گەرم بوو
جەستەی خۆشەویستی وەک تابووت وابوو
من و باوەیاڵ پەیمانمان بەست لەگەڵ یەکتری
من غەم و ئەو تەم تا ڕۆژی مردن
ڕۆڵە! ئەمە شوێنەواری ڕاووشکارتە
ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کە تۆ بەسەری تێپەڕیوی
لەبەرچی وەکو جاران دەرناکەوی

دیاره خۆڵ بەسەر مەزارتەوەیە
کە خۆڵ بەسەرمەزاری تۆ بێ پێویستە لەسەری منیش بێ
ئەم گێتییە بەچاوی کامە دوژمنانت ببینم
مژدە بدە بەلوتکەیێک لە لوتکەکان
ئەحمەدخان بەلاوی سەری نایەوە
بەبێ تۆ وەک ماسی گیرۆدەی خاکم
بەرگم پەڵاسە جلم دڕاوە
ڕۆڵە! لە دووری تۆ گیانم پەرێشانە
جگە لە «ڕۆڵەڕۆ» هیچی دیکە ناکەوێتە سەر زارم
حەژمەتی مەرگت پەروباڵی کردووم
جموجۆڵی و نیاز و چێژی لێ سەندووم
بەشەوان خەوم نییە هاودەمی دەنگی سولاوکەم
یا وەک حوبابێک (قەوزەیێک) دەکەوێتە بەر ڕەشەبا

لەم دێڕە لاواندنانەوەیەدا ئەرکەوەزاری دەڵێ لەگەڵ باوەیاڵ پەیمانمان بەستووە من و غەم و ئەو تەمومژ تا ڕۆژی مردن لێیان دوورنەکەوینەوە. ئاوڕدانەوەیێکی شیعرایەتی جوانە، باوەیاڵ بێ تەمومژ نابێ، ئەرکەوازیش لەبەر ئەحمەدخان تا مردن بێ غەم نابێ، چونکە ئەو کوڕە جوانەمەرگ بووە، باوکی بۆی سووتاوە بەرگی پەلاسە و هەناسەی تێدا نەماوە. شاعیر لە ماتەمنامەکەی بەردەوامە:

شـــەو تـا رو رۆژ تـار هـەردگ تار وە مـن
دڵ چـو تـافـــەی ئاو بـێ قـــەرار وە مـن
چو ســەید زەردەی تیـر گـرفـتـار وە من
چـو وی نـەروو ئـاو لـەرزان کـــار وە مـن
کــراسی چاکــچــاکی یەخــە دڕیامــە
چـو ســەید زەخــمـی ژە کــەل بڕیامــە
فـــەدای گــاڵاگـــاڵ ڕاوچیـــانت بـام
شـــەل و پـەل کــەفــتــەی ئاهـوانت بـام

فـــەدای مـــەکـــەنزی ئاتـەشـــبـــارت بام
بـەزم بــێ هـەمــــــــاڵ رووژشـکـارت بـام
مـەکنزیت سـاخـتـەی دەس حـەسـەن بوو
جـەومـاغ نوور عـەلی کـەریم پەسـەن بو

واتاکەی:

شەو ڕۆژم بێ تۆ تیر و تاریکە
دڵم وەک تافگەی ئاو بێ ئارامە
وەک ڕاوچی گرفتاری زەدەی تیر بووم
وەک ئەو ئاوەم لێهاتووە لە قەراغ ڕووبار دەلەرزێ
کراسم پارچە پارچە بووە، یاخەم دڕاوە
بە برینی ڕاو لە خەڵکی جیابوومەتەوە
ڕۆڵە! قوربانی های های ڕاوچیانت بم
قوربانی مامزانی شەلوپەلی کەوتوانت بم
قوربانی تفەنگی مەکەنزی (ناوی تفەنگە)ت بم
قوربانی بەزمورەزمی ڕۆژی ڕاووشکارت بم
تفەنگی مەکەنزی تۆ حەسەن دروستی کردبوو
(حەسەن ناوی وەستای تفەنگەکەیە)
چەخماغی تفەنگ نوور عەلی دروستی کردبوو

لەم دێڕە شیعرانەیدا ئەرکەوازی هەندێ وێنەی هونەری دادەهێنێ وەک ئەوەی لەلای ئەو تەنیا شەو تاریک نییە، بەڵکو ڕۆژیش تاریکە لەبەر مردنی کوڕەکەی، ئینجا دەکەوێتە ژماردنی کردەوە جوانەکانی وەکو ڕاوکردنی نێچیر و پسپۆڕی لە کاروباری ڕاووشکار. بەم جۆرە لەسەر هۆنینەوەی شیعرەکەی دەڕوا تا دەڵێ:

هـانـای هـامــــــدڵان زامم کــــــاریـەن
ئـەڵـئــــــەمـــــــان دەردم نـادیـاریـەن
زامم کـــاریـەن کــارچـیـــەن ژە دەس
مـینـای شکەسـتـەم نمەبوو پـەیوەس

شـــەو وە پـەژارە رووژ وە هوولّـمـــەن
چو سـەرەی ئاسـیاو دووما دوولّمـەن
هـەر چـگـە مــــــەیـەم دەلاّلّـەت وە دلّ
دەی دەلاّلّـەتـە هـوچ نـیــەکــەم حــاسـلّ
هـەر چگە مــەیـەم هور وە فــامـــەوە
نـیـــشــــتـــەجـــانـیــەن دلّ وە لامـــەوە
خـــیـــالّ پـەرگـــەنـەی دلّ تـەرەف تـۆنـم
چو فـەرهای شـەهـید پای بێـسـتوونم
خــیـــالاّن ســـەنەن ژە دیـدەم خـــاوان
شـەوان گووش مـەیەم وە تافـەی تاوان
غـەم و غوسـسـەگـەت بوو وە پەژارەم
بوو وەئێشی سەخت کەفت نەگلارەم
عــاجــز وێنـەی مــرخ شکســتــە بالّم
مـــەلان کـــوان مـــەلوول ژە حـــالـم
فــەلەک وەفــیکەی پاپیــام کــەردەن
شـەوگـارم شـوومـەن نازارم مـەردەن
غـەم خـۆراکـمـەن غـەم خـــەلاّتمەن
یـە ئـاخـــر ســـــلاّت ڕووژ نەهـاتمەن
بـیــــــــــان بـنـوورن وەی زاریمـەوە
وەی کـــووس کـــەفـــتـــەی دیاریمـەوە
وێنەی ســـەر ســـەوز کـــلاّوە کـەنـە
پـەرپـووم ژە دەور گـــوولاّوان مــــەنـە
دوەی دەروونـم کـــوان تـەم کـــــەردەن
دلّم خـــاپوورەن شـــادیم ڕەم کـەردەن
ئـالوودەی دەردم شـکســـتـــــە بالّم
مــدام پـەشـــێـــوم دایم حـــالّحـــالّم

واتاکەی:

ئەی هاودڵانم بەهانام بگەن برینم کارییە
بەفریام بکەون دەردم نادیارییە
برینم کارییە، چارەی نییە
مینای شکاوم، شتی ترم پێویست نییە
شەو بەپەژارە ڕۆژ بەناسۆری
وەک بەرداش ئاوی لێ بڕا بێ
هەرچەندە لەم دیاردەیەی دڵ ورد دەبمەوە
هیچم دەست ناکەوێ
هەرچەندە هۆش و فامم بەکار دێنم
کەڵکی نییە و دڵم ئۆقرە ناگرێ
خەیاڵم پەڕاگەندە و دڵم لەلای تۆیە
وەک فەرهاد شەهیدی دامەنی بێستوونم
خەیاڵ ڕۆیشتوو، چاوم لە خەوە
بەشەوان گوێم لە خوڕەی ئاوانە
غەم و ناڵە بۆ تۆ، بووە بەمایەی پەژارەی من
بووە بەئێشێکی سەخت و کەوتۆتە ناو چاومەوە
مەلوولم وەک باڵندەی باڵ شکاو
باڵندەکان بۆ حاڵی من غەمبارن
گەردوون بۆ حاڵی من پەرێشانە
شەوانم شوومە، نازدارم مردووە
غەم خۆراکمە، غەم خەڵاتمە
ئەمە نیشانەی ڕۆژی دوایی و نەهاتیمە
وەرن بنوارنە گریە و زاریم
چۆن کۆستم کەوتووە تەماشاکەن
وەک باڵندەی ئاوی تەڕپۆشم

پەڕ و باڵم لەناو ئاودا خنکاوە
دوکەڵی دەروونم شاخ تەماوی دەکا
دڵم ڕازاوەتەوە و شادی لێم دوورکەوتۆتەوە
باڵم شکاوە دەردەدارم
پەرێشانم و بێ حاڵ کەوتووم

لەو دێڕانەدا شاعیر کۆمەڵێک وێنە دروست دەکا، بەڵگەی وا دێنێتەوە هەر شتێک ڕەسەن و تاک و تەنیا بێ ئاوزەی نەبێ و لەناوبچێ زبانێکە جێی پڕ نابێتەوە، وەک توحفەیێکی یەکجار جوانی لە شووشە دروست کرابێ، ئەگەر ئەو شووشەیە وردوخاش ببێ جێی پڕ نابێتەوە، دڵشکانی شاعیر لەم بابەتەوە بۆ کۆچی دوایی ئەحمەدخانی کوڕی وەک ئەو شووشەیە وایە جێی پڕ نابێتەوە.

ئەرکەوازی لەسەر شیعرەکەی دەڕوا تا دەڵێ:

شەرت بوو بپووشم جامەی قەترانی
چو مەجنوون بنەم سەر نەوێرانی
شەرت بوو خۆراکم وە لەختەی خوون کەم
وە ناخون سینەم چو بێستوون کەم
شەرت بوو ئەندام پڵاس نیشان کەم
شەو تا سوو قووقووی بایەقوشان کەم
تا رووژ مەردەن سیا بەرگم بوو
ئێ بەرگە کفن رووژ مەرگم بوو
ئەو ڕووژە مووران سەرکەن وە گیانم
نەمینێ ژەگووشت غەیر لە سخانم
شەوگار تا وە رووژ کارم زاری بوو
شیعارم ئەفغان بێ قەراری بوو
بنووڕن خەڵقان روخسارم زەردەن
تا باچن غولام ئەحمەدش مەردەن
چاوم کەفت ئەو زێد مینگەی هەر جاران
زێد هەر ئەو زێدەن لێش نیەن باران

دەنگ دووس نیـــەن مـــرخ دڵ مـــەردەم
زنـگـانـیـم بـیــــــەن وەبـار گــــــەردەن

واتاکەی:

شەرت بێ جلی ڕەشی قەترانی بپۆشم
وەکو مەجنوون لە بیابانی وێراندا بژیم
پەیمان دەدەم خۆراکم خوێن بێ
سنگم وەک بێستوون بتراشرێ
پەیمان بێ ئەندامم وەک پەلاس پیشان بدەم
شەو تا بەیانی وەک بایەقوش بخوێنم
تا ڕۆژی مردنم بەرگم ڕەش بێ
ئەو بەرگە ببێتە کفنی ڕۆژی مەرگم
ئەو ڕۆژەی مار و مێروو سەردەکەنە گیانم
گۆشتم نامێنێ و هەندێ ئێسقان نەبێ
شەوگار و ڕۆژگارم هەمووی ڕاز و نیاز بوو
ناله و ئەفغان و بێ ئۆقرەیی دروشمم بوو
تەماشاکەن خەڵکینە ڕوخسارم زەردە
بۆ ئەوەی بڵێن چونکە غولام ئەحمەدی لە دەست چووە
چاوم بەمەڵبەندی زیندەگانی جاران کەوت
زێد هەر ئەو زێدەیە بەڵام یاران نەماون
دەنگی دۆستان نییە باڵندەی دڵ مردووە
زیندەگانی بووە بەباری قورس لەسەر گەردنم

لەم دێڕە شیـعرانەدا ئەرکەوازی بەڵێن دەدا جلی ڕەش بپۆشـێ، لە وێرانە بژی وەک مـــەجنوون، خــۆراکی خــوێن بێ شــەو تا بـەیانی لەگـەڵ کـوندەبۆ بـژی، لە مـاتەمنامـەکەیدا دەگاتە ئەو بڕە شـیـعرەی هەرچی ناخۆشی هەیە بۆ خۆی تێیدا دەخوازێ:

بـیــــــــــلا بـتـکـێ زووخ ژە چـاوانم
تـا بـووگـە ڕەنگ وەس یـەقـە و دامــانم

بیلا بمرم هەروەی دەردەوە
وەی دەرد گران وەر مە گەردەوە
بیلا بمرم هەر وەی دەردەوە
سەربنەم ئەوبان سان سەردەوە
بیلا بمرم هەر وەی داخەوە
شەوان تیەرک بێ چراخەوە
بیلا بمرم وەنم بچوو زوور
زرەی خاک بێڵ زەینم بکەی کوور
بیلا بمرم بیاوان بوو جێم
هامدەمان بیان نەزانن من کێم
بیلا بمرم ڕازیم وە مەردەن
مەردەن بێترە ژە زووخاو خوەردەن
بیلا قەورەکەم نەڕێ خێڵان بوو
نەڕێ نازاران کەژ وە پێڵان بوو
بیلا قەورەکەم ژە قەرەوێل دوو بوو
نزیک وە نەجەف داخڵ وە نوور بوو

واتاکەی:

با خوێن و کێم لە چاوم بتکێ
بە یەخەو دامانم بێتە خوارەوە
با هەر بەم دەردەوە بمرم
بەو دەردە گرانە کە چارەی نییە
با هەر بەم داخەوە بمرم
سەر بنێمە سەر بەردی ساردەوە
با هەر بەم داخەوە بمرم
شەوانی تاریکی بێ چرا
با بمرم و ئێشی و ئازار لێم دوورکەوێتەوە

دەنگی هەڵکەندنی زەوی هۆشم بکاتەوە
با بمرم و بیابان جێگام بێ
دۆستانم بێن و نەمدۆزنەوە
بابمرم من بەمردن ڕازیم
مردن خۆشترە لە خواردنەوەی زاخاو
با گۆڕەکەم لەسەر ڕێی خێڵان بێ
لە ڕێی نازداران و جوانانی ڕەنگین پۆش
با گۆڕەکەم لە گۆڕەکانی دیکە دووربێ
نزیکی نەجەف و لەناو ڕووناکی (نوور) بێ

ئەم هەموو بەڵگانەی شاعیر بۆ مردنی خۆی ئەنجامی ئەوەبوو لەدوای جوانەمەرگی ئەحمەدخانی کوڕی ژیان بۆ خۆی ڕەوا نەبینێ، خۆشیی لەوەدابوو بەزووترین کات بچێتە لای ئەو. شاعیر بەم دێڕانە دوایی بەشیعرە درێژەکەی دێنێ:

عــزرایل وە قــەرار گــیــانم شــرینەن
وە چاگەی مەچم کەس مەوینەن
ســزاش تاریکەن گــوزەرگــاش تەنگەن
نــە یــار نــە دیــار نــە شــنــەی دەنــگــەن.

واتاکەی:

عزرایل گیانم شیرینە لەسەرخۆ بیکێشە
بۆ جێیێک دەچم کەس نەمبینێ
گۆڕەکەم تاریک و تەنگە
نە یار نە نیشتمان کەسی لێ نییە.

لەم دێڕانەی دواییدا ئەرکەوازی بەخەیاڵ گەیشتۆتە ئامانجی و بەمردن شادبووە بۆ ئەوەی لە کوڕە جوانەمەرگەکەی نزیک ببێتەوە. ئەم شیعرە نموونەیێکی بەرزە لە مەبەسی ماتەمنامە لە ئەدەبی کوردیدا.

باوەیاڵ -٢

ئەم قەسیدەیە پێوەندی بەقەسیدەی پێشەوەوە هەیە، لێرەدا شاعیر بەختیاری پێش مردنی کوڕی لەگەڵ بەدبەختی پاش ئەو مردنە تێکەڵ بەیەکتری دەکا، لەم بابەتەوە دەڵێ:

وە بـــــــــــاوەیـــــــــــاڵ دیم
ئـیـــــــمـــــــرووژ واوەیـلا وە بـاوەیـاڵ دیم
ئـیـــمـــرووژ کـــوو خـــەم کـــوو زخـــاڵ دیم
داران نـەتەکلیف ســـەنگ نـەفـــەغـــان دیم
مــرغــان مــردە مـوو کـول وەحـشـیـان دیم
پـرســـــــیم بـاوەیـاڵ یـە چ زاریـتـــــــەن
بـە چ زەمـــــزەمـــــە و عـــــەزاداریتــــەن
بـاوەیـاڵ پـەری پـەی نـەوجـــــــــەوانـی
پەی نەوچە و نەوتوول ساحیب شەشخانی

واتاکەی:

لە باوەیاڵ دیم
ئەمڕۆ واوەیلا لە باوەیاڵ دیم
ئەمڕۆ شاخەکان وەک زوخال کەوتنە بەرچاوم
درەختان پەژمردە و بەردان دادیان بوو
باڵندە و دڕندان وەک مردوو کەوتنە بەرچاوم
پرسیم باوەیاڵ ئەمە چی شین و زارییە
ئەم شین و واوەیلایە و تازییەتان بۆچییە
باوەیاڵ ئەمەی بۆ نەوجەوانییە
بۆ ناسک و نازدارێکی خاوەن تفەنگی شەشخانە

شاعیر ڕەنگدانەوەی هەستی دەروونی ناوەوەی لە باوەیاڵ دەبینێ، باوەیاڵ لە شین و شەپۆڕدایە، بووە بەرەمزی شاخی غەم و پەژارە، درەخت و بەرد و باڵندە و جانەوەر دەناڵێنن. لێی دەپرسی: ئەی باوەیاڵ ئەم هەموو شین و واوەیلایە بۆچییە؟

باوەیاڵ تەڕ و ئاودار و جوانە وەک تفەنگی شەشخانە، ئەو تفەنگەی ئەحمەد خان بەکاری دەهێنا. دەنگ و سەدای تفەنگ لەناو دۆڵی کێوی باوەیاڵ دەنگ دەداتەوە، ئەمە جێی ڕاووشکار و تەڵەدانانەوەیە، ئەی کوڕی خۆم لە سایەی ئالای تۆ نەحەسامەوە و لە داخی تۆ منیش مردم. ئینجا بەم دێڕانە وەسفی ڕاووشکاری ئەحمەد خان دەکا:

ڕمـــەی مـــاردەمی ژەی دەروونەوە
ئێ کاو ژە ئوو کاو دەنگ مەسەنەوە
یەجـای تەلارگـاو جـای شکارشــە
جـای نەشـات کول سـوو ئێـوارشـە
شـوون تەلارگـای مـیـرزام دیارەن
کـەلەی کـەل دێدا کـە لە مـەنارەن
بەســـە من مـــردم ژە داخت ڕووڵە
نەنیـشـتـم نەسـای بەیراخت ڕووڵە

واتاکەی:

گرمەی تفەنگی ماردەم لەناو دۆڵدا
دەنگ و سەدا دەداتەوە
ئەمە جێگەی ڕاووشکاریەتی
جێی جموجۆڵی بەیانی و ئێوارانیەتی
شوێنی مەڵبەندی میرزام دیارە
جێ لوتکەی ڕمبازی لەبەر چاوە
ئەی ڕۆڵە ئێستا من مردم لە داخی تۆ
لە سایەی ئالای تۆ نەحەسامەوە.

لەم دێڕانەدا ئەرکەوازی باس لە تفەنگی ماردەم دەکا، ئەمە ناوی تفەنگێکی ئەو سەردەمەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمە، هەروەها باس لە شوێنی ڕاووشکار و سەیرانگای ڕۆڵە جوانەمەرگەکەی دەکا. ئینجا بەم دێڕانە کۆتایی بەشیعرەکەی دێنی:

واران مـەوا ڕوو سـەونز نەکـەی گـیـا
خـەڵکان بنیـشـن نەخـاک سـیـا

واران مـــــــــەواروو شـــــــــەونمـەداران
کـــــەو نە شـــاقنێ ســـوو نـە نســـاران
کـــاوان کـــورتـەچـین قـــەڵـەم نـەپـووشـێ
ژە ئـەووەل کـــــووره وەهـار نـەجــــووشـێ
کـــوور پـەکـــــەناچـان نـەڕەسـن وەبـەخـت
شـای چـو کـەیخـوسـرەو نەنیشـێ ئـەو تەخت
کـــــــەپـوو نـەنـیـــــــشـێ ئـەو تـەل داران
بڵـــبڵ نـەخـــوەنـێ نەغـــمـــەی وەهـاران
کـــەپـوو بەد دەمـــاغ بڵـــبڵ مـــەیهـــووش بوو
داران درەخـــتـــان کـــول ســـیـــاپووش بـوو
بـەرزان بڵــــێنـان داران درەخــــــتـــــان
چـونـا بێ غـــەمـن خـــوەزەو وە خـــوەتـان
نەو تـووڵ نـەمـــامـێ پەی وێـم کـــەردم ســـەوز
ســای نە دیدەم بو چـو سـەول نە روو حـەوز
فــــــــەلـەک هـات بـەردەی وە نـەوەوایـە
ســـەولّم ئـەڵکـەنـیـا مـن مـــام بێ ســـایە
ســــتـــوون یانـەم تـاشـــا وە تێـــشـــە
نـەوتـوول نـەمــــامم کـــــەنـی ژەڕێشـــــە

واتاکەی:

باران نابارێ گیا سەوز نابێ
با خەڵکی لەناو خاکی ڕەشدا بژین
بەشەوان نمە نمی باران نییە
بەیانییان لە نساراندا کەو ناخوێنێ
شاخەکان جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ ناپۆشن
لە سەرەتای بەهاردا گوڵ ناپشکوێ
کەناچان بە بەختی خۆیان شاد نابن (شوو ناکەن)

شای گەورەی وەک کەیخوسرەو لەسەر تەخت دانانیشێ
باڵندەی کەپوو لەسەر چڵی داران دانانیشێ
بلبل نەغمەی بەهاران ناخوێنێ
کەپوو مێشکی تێکچوو بلبل مەدهۆش بوو
دارودرەخت بێ گوڵ سیاپۆش بوون
ئەی دارودرەختانی بەرز
ئێوە بێ غەمن خۆزگەم بەخۆتان
تووله نەمامی تەڕ و ئاودار و سەوز
سەوڵ لێدانی سەر رووی حەوز ڕەنگی لە چاوم داوەتەوە
گەردوون هات بە ناوەخت بردی
سەوڵی هەڵکەندنم بێ سایە مایەوە
کۆڵەکەی ماڵم رووخا
تووله نەمامم لە ڕیشە دەرهێنرا

لەم دێڕانەدا ئەرکەوازی بەکوڵ بۆ خۆی دەگرێ و دەلاوێنێتەوە: باران ناباری، گیا شین نابێ، خەڵکی لەناو خاکی ڕەش و بەدبەختیدا دەژین، شاخەکان بەرگی ڕەنگاورەنگ ناپۆشن، لە جەنگەی بەهارا گوڵ ناڕوێ، کچان ناگەنە بەختی خۆیان (شوو ناکەن)، کەیخوسرەو لەسەر تەختی شاهی دانانیشێ، کەپوو لەسەر لقی دار نابێ، بلبل نەغمەی بەهاران ناخوێنێ، کۆلەکەی ماڵی ڕووخاوە، سەروی تازە نەمامی لە ڕیشە هەڵکەندراوە. ئەمە هەمووی لەبەر مردنی ئەحمەد خانی جوانەمەرگ بوو.

غوربەت، ئاوارەیی

شیعرێکی ئەرکەوازی بەم دێڕانە دەست پێدەکا:

ژە غەم قاڵ بوای
یاران چو تلا ژە غەم قاڵ بوای
ڕاهی واو ڕەحمەت لایەزال بوای
یا واریدە وە زێد باوەیاڵ بوای

چەشمەی هانی سەونز سەروێشە و مەیان
کەفت نەخیالم وێنەی بیماران
بنیشتا واو برج سەرچەشمەی هانی
فاریغ بکردای زەمانەی فانی
بنوشیای ژەو ئاو پاک و زلاڵە
ژەو سەرچەشمە و حەوز کەوسەر میساڵە
سەیر بکردان نەخاک گەرمەسێر زەمین
جەوەڵ جەوەلان شوون ماڵ جەمین
جەوەڵ جەوەلانگ وە جاهلی دیم
جەوەڵ پا بەرجا من ئاوارە بیم
یافتە سەراوناز سوو ئێوارەمەن
مەخمەل کوو ماوای بەدقەرارەمەن
بەرزی بەڵەوان شووخی نەوەکوو
چو تەم دیارەن ڕوو وەیانەم ڕوو
گەردش فەڵەک سامانم کەنەن
هەوام و هەوەس جاران نەمەنەن
موفلیس و بەدبەخت ستارە لێڵم
مدام چون ئەنجوم نەگەیشت و گێڵم
مسکین و غەمگین وێنەی غەمباران
دەرمەنە و بێکەس نەگووشەی شاران
مەگێڵووم نەدەور کووچە و بازاران
بەڵکم یاری کەی تا لەم چوو جاران

واتاکەی:

لە غەم قاڵ ببی
یان وەک زیو لە غەم قاڵ ببی
ڕێگەی دڵسۆزی و دڵارامی بگری

یاخود بگەڕایتەوە باوەیاڵی زێدی خۆت
سەرچاوەی (هانی سەونز) و (سەرویشە) و (مەیان)
وەک برینداران کەوتە خەیاڵم
لەو بورجەدا ئاوی سەرچەشمەی هانی بنۆشی
ئەو زەمانە لەناوچووە لەبیر بکەی
لەو ئاوە پاک و زولاڵە بنۆشی
لەو سەرچاوەی حەوزی وەک کەوسەرە
سەیری ئەو خاکەی گەرمەسێرم بکردایە
لە ماڵ و شوێن و مەڵبەندی یاران بگەڕامایە
ئەو کێو و جەنگەڵانەی بەلاویەتی دی بووم
هەموویان لە جێی خۆیانن بەڵام من ئاوارە بووم
لە شاخی یافتە بەیانی و ئێوارە بیردەکەمەوە
جێگەی ژیان و مەڵبەندی منە
بەرزی و بڵندی و جوانی شاخی نەوەر
وەک تارماییێک دیارە لە ماڵی منەوە
سووڕانی گەردوون سامانی بردم
هەوا و هەوەسی جارانم نەماوە
بێ چارە و بەدبەخت ئەستێرەم لێڵە
وەکو ئەستێرەکان لە گەردش و هاتوچۆ دام
بێ نەوا و غەمگین وەک هەموو غەمباران
دەربەدەر و بێ کەس لە گۆشەی شاران
دەگەڕێم لە دەوروبەری کووچە و بازاڕان
بەڵکو بگەڕێمەوە دۆخی جاران

لەم بڕە شیعرەدا ئەرکەوازی هەوڵ دەدا ئامۆژگاریی دانایانە بەرامبەر بەژیان بخاتە ڕوو و ڕێگە بەئاسۆی بیرەوەری و یادی دەدا بەشێوەیێکی فراوان لایێکی گەورە بگرێتەوە. یادی شاخی «یافتە» دەکاتەوە کە ناوی لوتکەیێکە لە شاخەکانی خوڕەم ئابادی لوڕستان. هەروەها یادی «سەراوناز» دەکاتەوە کە دیمەنێکی جوانی ناو ئەو شاخەیە و جێی خەوهێنان و حەسانەوەی ئادەمزادە، ئینجا لەسەر

شیعرەکەی دەڕوا و دەڵێ:

غــەریب نـەشــاران ئەگــەر وەشـــا بوو
ســاحــیب تەنتــەنە و تیپ و ســپــابوو
سپای ژە سپای سـا جـەمشـیر نەکـەوم
گــووشــەی دەروونـی مــدام ها نەغــەم

واتاکەی:

بێ کەس لە شاران با شەهنشابێ
خاوەنی تەنتەنە و تیپی سوپا بێ
سوپای لەوەی جەمشید کەمتر نەبێ
بەدبەختە ئەگەر ناخی دەروونی پڕ لە غەم بێ

لێرەدا شاعیر ئەوە دەردەخا کە ئاوارەیی کارێکی قورسە لە ژیانی ئادەمزاد، هیچ جیاوازییێک لەناوەوە نییە ئەگەر ئەو ئاوارەیە شاهنشا و خاوەن سوپا بێ، یا کەسێکی هەژاری بێ دەسەڵات بێ. ئەرکەوازی لەسەر شیعرەکەی دەروا و دەڵێ:

هــامـــــــراز تـرکـــــان نـەزان زوانم
دوورم ژە یـاران هــەمـکــەلامـــــــانم
ئاوارەی وەتـەن خـــیـــال پـەرگـــەنە
خـــیـــالان خـــاوان ژە دیدەم ســـەنە
تاڵـەی بـەخت وێـم ها نـەکـــەمـــینم
ڕووژێ ک مــەچوو پێـشــتــر خــەمـینم
هـەرچەن مـن بەندەی کـەمینـەی کەم فـام
عـاسـی مـەینەتبـار سـەرسـەری سـەرسام
ئاوارە و پـەشــێــو ســـەودام هانەســـەر
دەسـم دامـــانت یا ئاقـــای قـــەنبـــەر

واتاکەی:

هاوڕێیەتی تورکم کرد، زمانیان نازانم
لە یارانی هاوزمانانم دوورم (هاوزمان مەبەسی کوردە)

ئاوارەی نیشتمانم، زۆر پەرێشانم
خەو لەناو چاومدا نەماوە
تالی بەختم چۆتە کەمینەوە
ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر غەمگین دەبم
هەرچەندە من بەندەی کەم فامم
لە خودا عاسی و مەینەبار و سەرسەری و سەرسامم
ئاوارە و پەشێوم، بگەرە فریام
دەستم داوێنت ئەی ئاغای قەنبەر

ئەرکەوازی لەم دێرە شیعرانەدا ئەوە دەردەبڕێ، لە ژیانی ئاوارەییدا لە تورک زمانان نزیک بۆتەوە، زمانیانی نەزانیوە، ئەمەش بووە بەکێشەیەکی دیکەی سایکۆلۆجی، هەروەها دەڵێ دوورم لە یارانی لە زمانم دەگەن، ئاوارەی نیشتمانم وێڵ و سەرگەردان و بێ شوێن. هاوار دەبا بۆ ئاغای قەنبەر ئیمامی (عەلی) بەفریای بگا و لەم مەینەتییە ڕزگاری بکا. ئینجا بۆ حاڵی خۆی دەلاوێنێتەوە:

هەی دوو یەک هاورد دوو مێردی نەردم
هەی نسیو وە خاک موخالیف بەردم
سەد لەعنەت وەی بەخت سیای تار من
وەی مەحروومی سەیر نەوبەهاری من
قاقولەی کەوکان وە دارانەوە
نەشنەفیتم وە لووت ئەنارانەوە
هەی ئارەزوومەند کاومانێشت بووم
دیدە حەزرەتمەن هام دەمان گێشت بووم
نەنیشتم ئەو بان دیزە کەمەردا
نەکردیم ئمساڵ سەیر و سەفەردا
پەی دین تفلان هەمزوان وێم
هەر وەختە بکەم قەسد گیان وێم

واتاکەی:

لە یاریی نەرد دوو یەکم هێنا

لەمەدا سەرنەکەوتم و دواکەوتم
سەد لەعنەت لە بەختی ڕەشی من
کە منی بێ بەش کرد لە سەیرانی بەهار
دەنگی خۆشی کەوەکانم لەسەر داران نەبیست
لەسەر لقی دار هەناران
زۆر ئارەزووی شاخی (مانێشت) بووم
ئارەزووی بینینی هاوڕێ و هاودەمانم دەکر
نەچووم بۆ (دیزەکەمەر)
ئەمساڵ سەیران و سەفەرم نەکرد
لە دەردی دووری منداڵانی هاوزمانم
خەریکە گیانم دەردەچێ

لەم دێڕانەدا ئەرکەوازی بێزاری لەو دڵتەنگییە دەردەبڕی کە ئارامی لێ بڕیوە، لەعنەت لە بەختی ڕەشی خۆی دەکا، چونکە لە سەیرانی نەوبەهاری کردووە، نەیتوانیوە بەشاخی خۆشەویستی (مانێشت) شاد بێ، بۆی نەکراوە هەموو یارانی بەسەر بکاتەوە. ئەمساڵ نەچۆتە (دیزەکەمەر)، ئەم هاوینەهەوارەی پێ خۆشە ئاواییێکە نزیک جێی لەدایکبوونی شاعیرە. لە حەژمەت دووری لە منداڵەکانی خەریکە لە پەلوپۆ دەکەوێ.

لەدواییدا شاعیر بەم دێڕانە دوایی بەشیعرەکەی دێنێ:

بچیام ئەو سەر ئێڵ پەرگەنە
قەوم و ئەقرەوای جەور ژە جاکەنە
تا گەر ئاوازەم پەخش بوانە عام
هاتە جاگەی وێش هاتەوە (غولام)

واتاکەی:

کەوتمە سۆراغی ئەو ئێلە پەڕاگەندەیە
قەوم و خزم و کەسوکاری ستەمدیدە
کە ئەم قسانەی من بڵاو دەبێتەوە
(غولام) دەگاتەوە زێد و مەڵبەندی خۆی

ئەســتــووری بیــروڕای ئەرکــەوازی ئەوەیە گــەڕانی بەشــوێن ئاوارەیی و پەڕاگەندەیی بنەماڵە و ئێڵ و عەشرەتی، بەوە ڕاست دەبێتەوە خۆی بگەڕێتەوە زێدی لەدایکبوون و ماڵی یەکەم و جاری جارانی.

زولەیخام ژە چین

قسە لەسەر ئەم شیعرە هەیە کە لە دانراوەکانی ئەرکەوازی نییە، بەڵام بۆ کەسێکی دیکەش ساغ نەبۆتەوە. لەبەرئەوەی نرخێکی هونەری هەیە و لە شێوازی شاعیریشەوە دوور نییە و لە شیعری ڕەندی دیوانی کوردی دەژمێررێ لەبەرئەوە تۆمار دەکرێ:

زڵــەیــخـــــــــــــــــــــام ژە چـــین
چین زڵف ســـــەنەن ژە خــــەیاتەی چین
ژە تاوس توغـــرای ئەڵوانی مـــشکین
عـــــەتریات ژە عـــــەتر ڕیح ژە ڕەیاحین
ژە غــەوواس قـەوسین غـەزاجـوو پڕ کین
عـەین ژە غـەزالان وەحشی بـەعـیـد بین
عشق ژە کـەمـووتەر قـووتە ژە بوورچین
چالاکی ژە باز هـەڵمـــەت ژە شـــاهین
گـوناش ژە گـوڵنار لێـوە ژە لەعڵ کـان
فـەم ژە یەنابیع سـەرچەشـمـەی حـەیوان
دنان چو ســـەدەف یا لوئلو مـــەرجـــان
زەنەخ ژە لیـــمـــوو زنج ژە زەڕفنجـــان
گــەردەن ژە مـینای بەزم ئارای کـەیان
پێــچـــان وە گــەردەن بلوورین حـــەیان
سینەش ژ سـەدەف یا ژە تـەختـەی عاج
خـــالان مــــەوەردن ژە مـــاچین خـــەراج
یان ژە تـەسـویرات شـاپوور نـەسـسـاج
یان دانـەی ئەلماس نەسب جـیـقـەی تاج

مـەمــان ژە روممان یا لیـمــووی نەوڕەس
یا ژە شــەمـامــان نەوخـیـز یـانیـمــڕەس
کـــەمـــەر چـو جـــەیران حـــەوالآن مـــاوا
شـەفـەین شــەعـشــەعـەی زەرد خـوەراوا
قـــەیـام ژە ســـەوڵان قـــامـــەت ژە پـەری
شـوعـاع ژە خورشـیـد شـەوق ژموشـتـەری
وەفـــا ژە شــــیـــرین تاقـــەت ژە لـەیلـی
نـیم نـیگـا مـــەکـــەرد هـەم وەبـێ مـــەیلـی
هەم لەیل هـەم شـیـرین هـەم گوڵەنـدامـەن
پـووســــەنمـایـان دیـدەی غـــــوڵامـــــەن

واتاکەی:

زولیخای چین
زولفی چین چینە بەوێنەی چین
لە تاوس بەرگی ڕەنگین و خۆش بۆی وەرگرتووە
بۆنی لە عەتر و ڕەیحانەوە وەرگیراوە
دوو کەوانی ئەبرۆی لە شەڕوشۆڕی پڕ گین وەرگرتووە
چاوی لە مامزی کێوی دووربین وەرگرتووە
عەشقی لە کۆترەوە بەهێزی لە باڵندەی ئاوییەوە
چالاکی لەباز و هەڵمەت لە شاهێنەوەیە
کوڵمی لە گوڵنار لێوی لە لەعل
دەمی لە کانی و سەرچاوەی ئاوی ژیانەوەیە
ددانی وەک سەدەف یا لوئلوء و مەرجان
چاڵی چەناگەی لە لیمۆ و فینجانی زێڕین وەرگرتووە
گەردنی مینای بلوورینی کۆڕی کەیانییانە
بسکی لە سنگ و گەردنی بلوورینی ئالآوە
سنگی لە سەدەف یا لە تەختەی عاج
خاڵی سەر ڕووی لە وڵاتی چین و ماچین خەراج وەردەگرن

یا نەخشێک بوو لە نەخشەکانی شاپوور
یا دانەی ئەڵماس کە تاجی نەخشاند بوو
مەمکی لە هەنار لە لیمۆی تازە
یا شەمامەی تازە پێگەیشتوو
ناوقەدی مامزی پڕ لە جموجۆڵی
دوو لێوی زەردەی خۆرئاوا دەپژێنێ
باڵا وەک سەروو قامەت وەک پەری
ڕووناکی لە ڕۆژ شەوق لە موشتەری
وەفا لە شیرین توانا لە لەیلێ
ئەگەرچی تەماشای کردم بەڵام بێ مەیل بوو
هەم لەیلایە، هەم شیرینە هەم گوڵەنام
چاوی (غولام) پڕ لە خۆشی دەکا.

زولەیخا لە ئەدەبی کوردیدا وەک بووکی شیعر چۆتە ناو بەرهەمی ئەدەبییەوە. ئەم زولەیخایە کچی تەیموورسی شای مەغریب زەمین و هاوسەری عەزیزی میسر پووتیفار یا (فووتیفار) بووە، پێوەندی بەیووسف پێغەمبەرەوە بووە و ناوی لە تەورات و قورئاندا هاتووە، ئەو کچە ڕەمزی جوانی بووە. شاعیر دەڵێ زولەیخای ئەو لە چینەوە هاتووە، زوڵفی چین چینە، واتە وەک زولەیخا جوانە. لە هەموو شتێک لە تاوس و لە بۆن و عەتر و ڕەیحان دەکا، باس لە ئەندامانی لەشی دەکا، برۆ و چاوی مامزی، سیفەتەکانی کۆتر و باز و شاهێنی هەیە، ڕوومەتی گوڵنار، لێوی لەعل، دەمی سەرچاوەی ئاوی ژیانە، ددانی سەدەف و لوئلوء و مەرجانە، گەردنی بلوور و پرچی وەکو مارە، سنگی سەدەفە یا ددانی فیل لە سپیەتی خاڵەکانی باج لە وڵاتی چین و ماچین وەردەگرن. ڕوومەتی ئەو ئەڵماسەیە تاجی شاهانی ڕازاندۆتەوە. سنگی باغی هەنار و لیمۆ و شەمامەی تازەیە. ناوقەدی مامزییە، باڵای سەرووی ڕەوانە، قەشەنگی لە ڕووناکی ڕۆژ و شەوقی لە موشتەری وەرگرتووە، وەفا لە شیرین، توانا لە لەیلا. بێ مەیلی لەگەڵدا مەکەن خۆشەویستی ئەرکەوازییە. هەم شیرین و هەم گوڵەنامە، چاوی (غولام) پڕ لە هەیبەت و شکۆ دەکەن.

***

غولام ڕەزا ئـەرکەوازی یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی لوڕستـان و گۆرانزەمـینی کوردسـتان. شـاعیرێک بووە هەمـوو ژیانی ئەدەبی بۆ شیعری ئایینی (مـوناجات و ئیلاهییات و ستایشی ئیمامی عەلی) تەرخان کردووە. شەقڵی تەواوی ئایینزای شـیعـەی ئایینی ئیـلام بەڕوونـی لە شـیعـریدا دەردەکـەوێ، گـەلێ جـار لەژێر پەردەیێکی تەنکی سۆفیزم لە ئایینی یارسـان (ئەهلی هەق) نزیک دەبێتـەوە، هەر چۆنێ بێ شیعری نموونەی شیعری ئایینی بەرزە لە ئەدەبی کوردیدا.

زمانی شیعری ئەرکەوازی شیرینە، هەرچەندە شەقڵی ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی ڕوون و ئاشکرایە لە بەرهەمیدا، بەڵام هەندێ جار لە شێوازی ئەدەبی میللی نزیک دەبێتەوە، واتە شیعری بۆ نێوەندێکی فراوانی کۆمەڵی دەوروبەری خۆی وتووە لە ڕۆشنبیر و خوێندەواری بەرزەوە تا ئەو کەسانەی خوێندەوارییان کەم بووە، سنووری داهێنانی ئەرکەوازی لە چوارچێوەی ئایین و ماتەمنامە و ئازاری گیانی و لەش نەچۆتە دەرەوە، لە ئاییندا هۆگری عەلی بووە، بەمردنی ئەحمەد خانی کوڕی پشتی شکاوە، بە بەندیخانە و ئازار تووشی مەینەتی بووە، لەبەر ئەوە دڵداری و خۆشی ژیان لە بەرهەمی شاعیردا جێگەیان کەمە.

میرزا شەفیعی جامەڕێزی

بەشی شازدەمین

میرزا شەفیعی جامەڕێزی

١٧٧٦-١٨٣٦

فــەلەک دەردی دڵ جــەفـای غــەم تاکــەی
پای شکستــەر و لەنگ ڕای ستەم تاکەی
بـەرق تـیـغ جــــەور رۆژگــــار تـاکــــەی
وارای ســـەیلی هوون هـەوری تار تاکـەی

ژیانی شاعیر

شاعیری ئەم ماوەیەمان ناوی شەفیع کوڕی عەباسی دەلۆییە، لە ساڵی ١٧٧٦ لە گوندی جامەڕێز لە نزیک کەرکووک لەدایکبووە. لەناو خەڵکیدا بەمیرزا شەفیعی جامەڕێزی ناوبانگی دەرکردووە. شاعیر ناوی تایبەتی خۆی کە «شەفیع»ە وەک نازناو لە شیعریدا بەکاری هێناوە. زانیاری لەبارەی ژیانی ئەم شاعیرەمانەوە کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەو شیعرانەی لەبەر دەستمانن دەتوانین پلەی خوێندەواری تاڕادەیێک دەستنیشان بکەین.

شاعیر لە تەمەنی منداڵییەوە لە حوجرەی مزگەوت دەستی بەخوێندن کردووە. لەناو و ناوبانگی «میرزا شەفیع» بەئاشکرا ئەوە دەردەکەوێ نەبووە بەمەلا، بەڵکو بووە بەمیرزا، لەناو کوردەواریدا شوێنی وەرگرتنی خوێندەواری حوجرەی مزگەوت بووە، جگە لەوە خوێندنی تایبەتی لەناو ماڵ یا لە دیوەخانە لەناوەوە بووە، واتە دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو لە توانایاندا بووە مامۆستا بۆ فێرکردنی منداڵیان لە ماڵی خۆیانا ڕابگرن، بەتایبەتی لەدوای خەتمکردنی قورئان لە حوجرە، یا لە هەر قۆناغێکی دیکەی فەقێیەتیدا. بەم پێیە شەفیع سەرەتای خوێندنی لە حوجرە بووە، گەشتی خوێندنی بووە لە هەندێ حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستانی ئەو

سەردەمە، ماوەیێک لە سلێمانی ژیاوە ئەوجا گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی.

وەک لە شیعری دەردەکەوێ شەفیع خوێندەوار بووە، کە نەیویستووە خوێندنی حوجرەی مزگەوت تەواو بکا لەبەرئەوەی بووە نەبێ بەمەلا. بەهەوڵ و تێکۆشینی خۆی زانست و زانیاری وەرگرتووە و بووە بەڕۆشنبیر، واتە خۆی خۆی فێر کردووە. بەم جۆرە شارەزایی لە مێژوو و جوگرافیا و ئەتنۆگرافیا و ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری پەیدا کردووە. لە ئەدەبدا بایەخی بەمێژووی دڵداری ڕۆژهەڵات داوە، ئاگاداریێکی تەواوی بووە لە حیکایەتەکانی دڵداری و بەسەرهاتی قارەمانەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا.

هەواڵی وا لەناوەوە هەیە شەفیع بۆ دابینکردنی لایەنی دارایی و ماڵداری و خێزان بەڕێوەبردن خەریکی کشتوکاڵ بووە، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا میرزایەتی کردووە. لەو سەردەمەدا میرزایەتی پیشەیێک بووە، میرزایان هەموو کارێکی خەڵکی پێوەندی بەنووسینەوەی هەبوایە جێبەجێیان دەکرد.

شەفیع لە ناوچەی ژیانی خۆی لە ساڵی ١٨٣٦ کۆچی دوایی کردووە و لە گوندی جامەڕێزی مەڵبەندی لەدایکبوون و ژیانی نێژراوە.

***

مێژووی ئەدەبی کوردی شاعیرێکی دیکەمان بۆ دەور دەکاتەوە، ئەویش ناوی «شەفیع» بووە، بە«میرزا شەفیعی مامێزکی» ناسراوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم و چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا (١٧٥٥-١٨٢٢) ژیاوە.

شیعری شەفیع

شیعری شەفیع لەدوا سالانی سەدەی هەژدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم لە گەرمیانی کەرکووک و هەورامان لەسەر زاری ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کورد بووە، لە کۆڕی لاوانی دڵگیرۆدە و گرفتاری کیژۆڵان خوێندراوەتەوە، خاوەن بیر و هۆشی دنیایی بایەخیان بەناڵەی دەروون و گەرمیی فرمێسکیان داوە، چێژیان لە قسە جوانەکانی وەرگرتووە.

شیعری شەفیع لە ڕووی ڕوخسارەوە

شێوازی شیعری شەفیع بەگشتی لە ڕووی بەکارهێنانی وشە و لێکسیکۆنەوە

ئاسانە، لە شیعری میللییەوە دوور نییە. لە هەندێ هەڵوێستدا کە ئاماژە بۆ ڕووداوی مێژوو و ئەفسانە دەکا تێگەیشتنی ئەو وێنانە بۆ خۆی ئاسان و بۆ خوێندەواری ئاسایی هەندێ قورسە.

شاعیر لە بەراوردکردندا وشەی «چون» واتە (وەکو) زۆر بەکاردێنێ، وەک هەموو شاعیرانی گۆرانزەمینی کوردەواری. خاسیەتێکی دیکەی ئەم بابەتە لیریکە ئەوەیە نیوە دێڕی یەکەمی هەموو شیعرێک دەکرێ بەدوو کەرتەوە، هەر کەرتێکی لە پێنج برگە پێک دێ، ئیتر شاعیر ڕستە پێنج برگەییەکەی دووبارە دەکاتەوە، وەکو «زلێخام چوون حوور، زلێخام چون حوور». لە دەسنووسە کۆنەکاندا دوو ڕستەی نیوە دێڕی یەکەمی لە یەکچوو، یەک جار تۆمار دەکرا، ئێستا لە دەسنووس و چاپ هەردوو بابەتیان بەکار دەهێنرێ. ئەم دیاردەیە لە هەندێ شیعری شەفیع دەبینرێ.

هەموو شیعری شەفیع ئەوەی ئێمە ئاگامان لێی هەیە لەسەرکێشی سیلابی (برگەیی) خۆماڵی ڕێکخراوون، وەستان لە ناوەڕاستیاندا هەیە (ب ا ا ب ب/ ا ب ا ب ب). هەرچی قافیەیە لەسەر بنچی جووت قافیە (مەسنەوی) (ا ا، ب ب، جـ جـ...) دادەنرێ.

شیعری شەفیع لەڕووی ناوەرۆکەوە

شەفیع هەوڵی ئەوەی نەداوە بەرهەمی لە بابەت هەموو مەبەسەکانی شیعری کلاسیکییەوە هەبێ، بۆیە لەم لایەنەوە سنووری شیعری تەسکە، کەچی لە ڕووی خەیاڵی شیعری و داهێنانی هونەرییەوە دەوڵەمەندە.

لە لیریکی دڵداریی ڕووکەشدا شەفیع تازە گەرییێکی دیاری بۆ خۆی تۆمار کردووە. لەشیعری «زلێخام چون حوور...» دیارە وەسفی ئەندامە جوانەکانی لەشی زلێخا کارێکی تازە نییە لە ئەدەبی کوردیدا، ئەوەی تازە ئەوەیە باڵندەی خەیاڵی شیعری بفڕێنێ بۆ لای ئەندامی مێیینەی دلبەر کە دەکەوێتە خوار ناوکیەوە. بێ گومان مەبەس ئەوە نییە پەردەی لەسەر ئەم شتە شارراوەیە لاداوە، بەڵکو لە وەسفکردنیدا هونەری نواندووە و وێنە و مانای تازەی دروست کردووە.

ئەگەر بمانەوێ بەچڕی لە خاسیەتەکانی ناوەرۆکی شیعری شەفیع بگەین، ئەم تێبینییانەی لای خوارەوە هەندێ لایەنیمان بۆ ڕوون دەکەنەوە:

١- بەگشتی شیعری شەفیع لە دەوروبەری دڵداری دەسووڕێتەوە، بەمانای خۆشویستنی ژن و نزیکبوونەوە لێی، ئەمە ڕێی بۆ خۆش دەکا لە هونەری وەسف سەرکەوتووبێ، لێرەدا لای شاعیر وەسف تەنیا ژن و سروشت دەگرێتەوە. ئەو شیعرانەی لەبەر دەستدان زۆربەیان دەچنە ناو ئەم دەلاقەیەی مەبەسی شیعری کلاسیکی کوردی کە وەسف و دڵدارییە.

٢- ڕەشبینی و بێزاری ناوەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵەیە کە تێیدا دەژی، لە دەروونیدا دەبێتە کێشەیێکی سایکۆلۆجی کەسایەتی، ئیتر دڵتەنگی دەردەبڕێ، هەندێ جار ئەمە پێوەندی بەناگزووری کۆمەڵەوە نییە، بەڵکو ئەنجامێکی ئاسایی ژیانە، وەکو پیری. لەم لایەنەوە بەڕوونی لە بەرهەمی شاعیردا ئاوڕدانەوەی هونەری بەرز دەبینین وەکو لە دیالۆجە شیعرییەکەی لەگەڵ پیرەدار کردوویەتی. ئەمە تەنیا هەستی کەسانی پیری نەبزوواندووە بەناوی ئەوەی پیرییان دیوە، بەڵکو کاری لەو لاوانەش کردووە، کە هێشتا تووشی ئەو ڕۆژگارە نەبوون و هیوایان وایە نەیبینن.

***

یانەی دڵداری سۆفیزم

شاعیر لەم پارچە شیعرەیدا ناوی هەندێ لە قارەمانانی چیرۆکی دڵداری دەبا، شیعرەکەی تارمایی هەناسەیێکی سۆفیزمی ناو ئەم چیرۆکانە دەخاتە خەیاڵی خوێنەرەوە، لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

زولفانەش چون تووا وەشتەن نووردا
ئەفسانەش نەدەور قورس قەمەردا
بزان بەتاقی ئەسلەش چ کەسەن
تەرسای بێ ئیمان شۆخ سەرمەسەن
(شێخ سەنعان)ەش نەواکەر بردەن
(بەرسیسا) پەریش جەدین وە بردەن
ئەی نەوبەر نەمام شای چەم سیاوان
باز شەش ڕەنگەن نە (شیروان) ئامان

ساحیب غەمزە و ناز عیشوەن تەیارەن
ماچی (شیرین) شای ئەرمەن شارەن
هەرکەس بوینۆ ئەو لەنجەولارە
دەرلاد مەپیکو ویش بەقەنارە
داغەن جەدووریش (گەنجە) و (داغستان)
شۆخ باش ئاخ ئۆلگەی (کوردستان)
فەرەنگی پرام تەرسای (تفلیس)ەن
چونکە گرفتار دەست ئیبلیسەن
دەستاخن نەدەست دێوی دێری خوو
بەد لەهجە و بەدخوو بەدزار و بەگوو
زوشت و بەقەوار سورخ و چاوکاڵی
بیین وە هام ڕاز نەوبەر نەو نیهالی
یاران یاوەران بەچون ڕەوا بۆ
(شیرین) گرفتار دەست کەرا بۆ
هامراز بوجنی (شیرین) زولف دیز
نیشوو نەجایی (خوسرەو پەرویز)
سا چون ڕەوابوونە دەرگای داوەر
دێو وە بوستان (خورشید خاوەر)

واتاکەی:

زوڵفەکانی وەک توولە نەمام لەناو ڕووناکیدان
لە دەوری گۆی مانگ بڵاوبوونەتەوە
ئەگەر دەتەوێ بزانی ئەو شۆخە چی کەسێکە
گاووری بێ ئیمان و شۆخێکی سەرمەستە
(شێخی سەنعان)ی لە ئیمان بێ بەش کرد
(بەرسیس)ی پەرێشانی لە ئایین دەرکرد
ئەی نۆبەرەی نەمان وشای چاو ڕەشان

بازی شەش ڕەنگە لە (شێروان)ی ئامان
خاوەنی غەمزە و نازە، عیشوەی لە ڕووە
ماچی (شیرین)ی شای وڵاتی ئەرمەنە
هەرکەسێک ئەو لەنجەولارە ببینێ
دەربەست نییە، باکی بە قەنارەوە نییە
لە دووری ئەو، (گەنجە) و (داغستان) دڵیان داغ بووە
شۆخی بێ وێنەی وڵاتی (کوردستان)ە
مەسیحی و گاووری (تفلیس)ە
چونکە گرفتاری دەستی ئیبلیسە
دەستی خستۆتە ناو دەستی دێوی بەهێز
بەد لەهجە و بەدخوو، بەد ڕاز و بەدگۆ
زوشت و ڕەنگین و سوور و چاوکاڵە
میوەی تازە گەیشتوو و درەختی نەمام دەبن بەهاوراز
ئەی یاران! ئەی یاوەران! ئەمە چی ڕەوایێکە
(شیرین) گرفتاری دەستی سەودابێ
(شیرین)ی زڵف چین چین
لە جێی (خوسرەوی پەروێز) دابنیشێ
ئەمە چۆن ڕەوایێکە لە دەرگای دادوەر (گردگار)
دێو زەفەر بەجێی (خورشید خاوەر) ببا

مەبەسی سەرەکی شاعیر لەم لیریکەدا وەسفی دلبەرەکەیەتی، بۆ ئەم مەبەسە شیرینی خوسرەو یا شیرینی فەرهادی هەڵبژاردووە. ئەو شیرینە بەئایین گاوور و بەنەتەوە ئەرمەن یا گورج بووە. لەدوای ئەوەی وەسفێکی ئاسایی و کلاسیکییانەی خۆشەویستی دەکا، یادی ئەو خوسرەوی پەروێزەش دەکاتەوە کە گیرۆدەی دڵداریی شیرین بووە. ئینجا ناوی دڵدارانی وەکو شێخی سەنعان و بەرسیسی عابید دێنێ، ئەو حیکایەتانەی بەفراوانی لە ئەدەبی کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەتایبەتی لای فەقێ تەیرانی شاعیری کوردستانی باکوور.

وەک ئاشکرایە ئەو شرینەی شەفیع باسی لێوە دەکا و بەئەرمەن دەیژمێرێ، یا

له گێڕانەوەی دیکە بەگورج حسێبی دەکەن، ئەرمەنستان و گورجستان هەردووکیان وڵاتێکن لە قەفقاس، لەبەر ئەوە دەبینی شەفیع لەم شیعرەیدا ناوی هەندێ شوێنی جوگرافی دێنێ لە شارانی قەفقاس، وەکو: شێروان، گەنجە، داغستان، تفلیس، ئەمانە هەموویان پێوەندییان بەو شانۆیە بووە کە وێنەی ڕووداوەکانی دڵداریی شیرین و خوسرەوی کێشاوە. سەرەڕای ئەمانەش ناوی کوردستان دەبا، چونکە لەبنجدا دلبەرەکەی کوردستانییە، ئەگەر پەیکەری لە هەر ئایینێکی دیکەی «نامـوسـوڵـمـان»، یا نەتەوەیێکی دیکەی «ناکورد» ببینرێ، ئەسڵەکەی هەر کوردە.

پیرەدار

لەم قەسیدەیەدا شەفیع دیالۆج لەگەڵ پیرەدارێک دەکا، شاعیرانە هەستکردن بەپیریەتی بەزمانی درەختەکەوە دەردەبڕێ و ئاماژە بەلایەنێکی فەرمانڕەوایی ناوچەیێکی کوردەواری دەکا:

هەمسەران جارێ هەمسەران جارێ
ڕام کەفت وگوزەر درەختێک جارێ
درەخت چی درەخت قامەت چنارێ
بەرز بەرهەرمەند ساوای وەن دارێ
سەر جە کەشکەڵان هەفتەمین و یەرد
ڕیشەی پا نە تەخت زەمین مەحکەم کەرد
واتم پیرەدار مەنەی هەزار ساڵ
شەرحێک جەی دەوران باوەر وە خەیاڵ
خەیلێ زەمانەن جەویر ئاوەردەن
شادیت وەزەمان کام شاهان کەردەن؟
دیم دەنگێک ئاما جەی نیگارەوە
جەی مینای شکست هەزار پارەوە
کە هیچ راویارێ لەی ڕاوو هەردە
سوئال ئی جەواب جە من نەکەردە

پەی چێش مـــەپەرسـاـی دەور ئەییــام
هـەر لـە نویّ بـەدتـەر کـــــولنـاتۆ زامم
ئـەوســا نـەمـــام بیـم توول یـەک سـالاّن
خـزمـەتم مـەکـەرد خـواجـە و غـولامـان
چونکە خـوداوەند واسـتـەش بـی جـاران
دەسـتـــەی کـــەناچـان ڕۆیلّـــەی ڕەندان
شـاهـان سـەرداران مـیـــر و بەگلەران
مـــەهـاتنە ســـەهنم وە دەوران دەوران
ئیـسـا مـن پیـر بیـم چرۆم گـشت ڕێزیا
جـوانـان جــەسـای ســەحنم بێــزیا
پیـــری کــــە ئامـــــان وە پیـــریمەوە
هیـچ نیــیـــــەن وەتەنگ دلّگیــریمەوە
جـــوانیـم لوا پیـــریم وەجـــا مــــەند
پیـری ڕیشـەی من جـە بنیـاد هۆرکـەند
تـاف جـــوانیــــەکـــــەم بـەی وە دواوە
گلەی پیـــریەکـــەم مـــەکـــەم وەلاوە
ئەو ســـالّە مـن تـاف جـــوانیـم نـۆ بـێ
وەســـمـــانـە قـــۆچاغ پادشــای کـــۆ بێ
ترسـم هـەن نـەفـــام وەنـەم بـۆ ئـاهـێــر
ســفـتـــەم با بـەرۆ باهـێـر وە باهـێـر
هـــەر بـایـێـک بــەیـۆ لایـێـکـم بـــەرۆ
هـەر کـــرمـــێک بـەیۆ وەلّگێکم وەرۆ

واتاکەی:

ئەی خۆشەویستان جارێکیان
ڕێم کەوتە نزیک دارێک
دار چی دار بالاّ وەک چنار

بەرز و بە بەهرە و بێ وێنە
سەری گەیشتبووە ئاسمانی حەوتەمینی کاکێشان
دەماری پێی لە زەویی گیر کردبوو
وتم: ئەی پیرەداری تەمەن هەزار ساڵە
باسی ئەم ڕۆژگارەمان بۆ بکە
کار و کردەوەی زەمانەت لە بیر ماوە
شادی و خۆشیت لە ڕۆژگاری کامە شاهان بووە؟
دەنگێک لەو نیگارەوە هەڵسا (پەیکەری پیرەدار)
وەک ئەو شووشە شکاوەی بووە بەهەزار پارچە
وتی: هیچ ڕێبوارێک لەم ڕێگەوبانە
پرسیاری وای لە من نەکردووە
لە بەسەرهاتی کۆن و ڕابردوومی نەپرسیوە
بۆ ئەوەی سەرلەنوێ برینم نەکولێتەوە
ئەوساکە نەمام بووم چرۆی یەک ساڵە بووم
گەورە و بچووک خزمەتیان دەکردم
چونکە جاران خوداوەند یاریدەی دەدام
دەستەی کەناچان و پۆلی کەسانی زیرەک
شاهنشاهان و سەرداران و میر و بەگلەران
لە هەموو دەورانێکدا لە سایەم دەحەسانەوە
ئێستا پیرم و هەموو چرۆکانم وەریوون
جوانان لە سایەم دوورکەوتوونەتەوە
پیری بەهانای پیریمەوە نەهاتوو
کەس بەتەنگ ئازار و ئێشمەوە نییە
جوانیم ڕۆیشت پیری مایەوە
پیری ڕیشەی منی لە بنیاد هەڵکەند
تافی جوانیم لەدواوە مایەوە

گلەیی لە پیرییەکەم ناخەمە لاوە (لە بیری ناکەم)
ئەو ساڵەی لە هەرەتی لاویەتیدا بووم
وەسمانە قۆچاغ پاشای کۆیە بوو
ترسم لەوەیە نەفامان بۆ ئاگرم ببەن
لقەکانم بابیبا یەک لەدوای یەک
هەر بایێک بێ لاییێکم ببا
هەر کرمێک بێ گەڵاییێکم بخوا

ئەو درەختەی شەفیع گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە ڕەنگە پیرەدار بەڕوویێک بووبێ، ئاوڕدانەوەیێکی ژیرانە بووە کە شاعیر پیرەدارێکی هەڵبژاردووە و کردوویەتی بە بەڵگەی پیریەتی، لێرەدا مەبەسی شاعیر سەردەمی پیری خۆی و هەموو ئادەمزادێکی دیکەیە. ئەم گفتوگۆیە وێنەیێکی سیمبولی دەداتە بەرهەمەکە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردی. قسەکانی پیرەدار ڕەنگدانەوەی ئارەزووی شاعیر خۆیەتی، واتە شەفیع دەیەوێ باس لە سەردەمی پیریەتی خۆی بکا. پیری پاش ڕۆژگاری لاویەتییە، لەبەر ئەوە درەخت دەڵێ، تا لاو بوو، سێبەر و سایەی مایەی خۆشی و شادی بوو بۆ هەموو کەسێک، کچی جوان، کوڕی قۆز، شاوگەدا، گەورە و بچووک، بەڵام کە لە جوانی کەوت هەموو ئەو خەڵکە لێی ڕەوینەوە، یا ئەو کەسانە خۆشیان پیربوون و هاتنە ڕێزی پیرەدار.

لەو شیعرەدا شەفیع بەزمانی پیرەدارەوە باس لە ژیانی خۆی دەکا و بەمە لاپەرەیێکی مێژوو روون دەکاتەوە کە دەڵێ: ئەو ساڵەی شاعیر لە هەرەتی لاویەتیدا بووە، وەسمانە قۆچاغ واتە عوسمان پاشای قۆچاغ، یا قۆچ پاشا فەرمانڕەوا بووە لە شاری کۆیە (کۆیسنجەق)، ئەم ماوەیە سەردەمی لاویەتی شەفیع بووە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەمدا.

غەم و دڵتەنگی

شەفیع ئەم شیعرەی بۆ دەربرینی غەم و پەژارەی ناو دەروونی تەرخان کردووە. ئەگەر بەپێی دەستووری شیعری تازە بمانەوێ ناوێک بۆ ئەم شیعرە دابنێین، بێ گومان دەبێ ناوی بنێین «غەم»، لە شیعرەکەدا دەڵێ:

سـوپای غەم هوجـووم ئاوەردەن ئەم شـەو
ئەسـاسـی شـادیم گـرد بەردەن ئەم شـەو
تاڵ بیـەن یـەکـسـان ئەوقـاتم ئەم شـەو
سـەبری سـۆچنان گشت وەهەم ئەم شـەو
تاکـەی قـامـەتم خـەم وەردەی غـەم بۆ
تـاکـــەی دەروونم وەغـــەم مـــاتـەم بـۆ
سـەڵتەی سیـای غـەم تاکەی نەدۆش کـەم
هەڵقەی نێشـی غـەم تاکەی نەگۆش کـەم
تـاکـــەی بـوازون ئـاوات ئـەو عـــەدەم
تاکـەی مـیـسلی غـەم بکێـشـۆ نـەچەم
تاکـەی ڕوخـــســارم چەنی داخ و دەرد
بگێـلـۆ وە ڕەنگ زەعـفـەرانـی زەرد
وەی کــــزی دەروون هـوون و هـانـام بـۆ
هانـای دەردی سـەخت کـەس نەزانـام بۆ
فـەلەک دەردی دڵ جـەفـای غـەم تاکـەی
پای شکسـتـە و لەنگ ڕای سـتـەم تاکەی
بەرق تیـغ جـــەور ڕۆژگــــار تـاکــــەی
وارای ســەیلـی هوون هەوری تـارتاکـەی

واتاکەی:

سوپای غەم هێرشی کردووە ئەم شەو
هەموو خۆشی و شادیمانی بردووە ئەم شەو
هەموو کات و ساتم تاڵ بووە ئەم شەو
ئارامم هەمووی بەغەم سووتاوە ئەم شەو
لەشم بەغەم چەماوەتەوە
دەروونم بەغەم تاریک بووە
تاکەی کراسی ڕەشی غەم لەبەر بکەم

تاكەی گوارەی ئێش و ئازاری غەم لەگوێم بكەم
تاكەی ئاواتم لە گێتیی نەماندا بێ
تاكەی ئازاری غەم لەناو دیدەم بێ
تاكەی ڕوخسارم هەر داخ و دەرد بێ
وەک ڕەنگی زەعفەرانی زەردبێ
كرووزانەوەی دەروون خوێن و هانام بوو
هانای دەردێكی گرانی ئەوتۆ بوو كەس نەیدی بێ
ئەی فەلەک دەردی دڵ و جەفای غەم تاكەی
پێی شكاو و لەنگ، كردەوەی ستەم تاكەی
برووسكی تیغی زۆرداری ڕۆژگار تاكەی
بارین و لافاوی خوێن و هەوری ڕەش تاكەی

لەم شیعرەدا شەفیع حەوت جار وشەی «غەم»ی بەكارهێناوە، چونكە ماناكانی لە دەوروبەری ئەو وشەیە دەسووڕێنەوە، جگە لەوە لە شیعرەكەدا یەكێتی بابەت هەیە. وردەكارییە هونەرییەكانی لە دەوروبەری ئەو بابەتە دەسووڕێنەوە. غەم و ناسۆری دڵداری یا ژیان نیشانەی بابەتەكەیە لەناو دەروونی شاعیردا پەنگیان خواردووە و لە هەڵچووندان.

زلێخام چون حوور

قەسیدەی «زلێخام چون حوور» لە بەرهەمە ناودارەكانی شاعیرە، زۆرجار لەناو هەندێ نێوەندی ئەدەب دۆست ڕەنگە شاعیر بەناوی قەسیدەكەوە بناسرێ، واتە شیعرەكە لە خاوەنی بەناوبانگترە:

زلێخام چون حوور زلێخام چون حوور
سەرتاپای باڵاش خاس ڕەشتەن چون حوور
لە فەرق تا ریجلەین نەدارۆ قوسوور
تەبارەكەڵڵا نوورون عەلا نوور
عەكس پێشانیش بەرق وەهارەن
ئەگریجان عەقرەب گێسووش زوننارەن

ئەبروان چون سەیف دووباڵ کەمانەن
لاتەشبیهـ چون قەوس پای ئاسمانەن
برژانگان خەدەنگ شەڕجۆ شەڕفرۆش
عەین عەین جەیران خەواڵوو و خامۆش
گۆنای شەکەرسێو نادرەی خوونسار
قرمز هەم سفید یانێ چون گوڵنار
ئەنفەش کەشید سونع ئوستاد قودرەت
نەفەس بۆی ئەنفاس مەسیحا سیفەت
دەم دورج سەدەف دەریای عوممانی
کەیلەن جەلوئلوء چو ئاڤ نیسانی
زەنەخ زەرد وەرەق خاڵ فەیرووزەی ساف
چون پرشەی پەروین مەنمانا شەفاف
گەردەن چون بلوور سفید سادە
سافیش وە مینا سەد خەفەت دادە

واتاکەی:

زلێخام وەک حۆری وایە
سەرتاپای قەد و باڵای وەک حۆری دارێژراوە
لە تەوقی سەریەوە تا هەردوو پێی بێ کەموکورییە
گەورەیی بۆ خودا نوور لەسەر نوورە
شەوقی نێوچەوانی وەک برووسکەی بەهارە
ئەگریجەی دووپشک قژی زوننارە
برۆی وەک شمشێر و لە دوولاوە وەک کەوانن
بێ بەراووردکردن وەک قەوسی ئاسمانن
(مەبەس لە یەکچوونە نەک قەوارە و گەورەیی)
برژانگی تیرە شەڕ بەئادەمزاد دەفرۆشێ
چاوی چاوی مامزە و خەواڵوو و نووستووە
کوڵمی شەکرە سێوە، سوورێکی بێ وێنەی خوێنستانە

سوور و سپییە واتە وەک گوڵنار
لووتی ڕێک و جوانی ئوستادی قودرەت دروستی کردووە
هەناسەی بۆنی هەناسەی عیسای مەسیحە
دەمی قوتووی سەدەفی زەریای عوممانە
پڕە لە مرواری ئاوی نیسان (ددانەکانی)
چەناگەی لاپەڕەی زەردە و خاڵی پیرۆزەی بریقەدارە
وەک جریوەی پەروین دەدرەوشێتەوە
گەردنی وەک بلووری سپی و سادەیە
لە شەوقیدا سەد خەفەتی داوەتە شووشە

لەم قەسیدەیەدا شاعیر وەسفی زلێخای یاری دەکا لە تەوقی سەریەوە تا بنی پێی. ئەم وەسفەی دەچێتە ناو وەسفی هەست پێکراوی مەتریالی ئەندامە جوانەکانی دلبەر، سۆزی دروونی و جوولەی دڵی کەم تێدایە. ئەوەی ئەم لایەنە پڕ دەکاتەوە لە بەرهەمەکەیدا ئەوەیە وێنەی جوانی لە سروشت دۆزیوەتەوە بۆ بەرامبەرکردن لەگەڵ ئەو ئەندامانەی دەیەوێ وەسفیان بکا، بەشێ لە ئەندامەکانی ئەمانەن: ئەگریجە، برۆ، برژانگ، چاو، لووت، کوڵم، ددان، دەم، چەناگە و گەردن. ئەو دیاردانەی لە سروشت وەری گرتوون لەم وێنانەدا دەبینرێن: برووسکی بەهار، دووپشک، شمشێر، تیر، مامز، شەکرەسێو، گوڵنار، زەریای عوممان، جریوەی ئەستێرەی پەروین. شەفیع ئەم دوو دیاردەیەی کۆکردۆتەوە، واتە ئەندامی لەشی خۆشەویست و وێنەی سروشت، دیارە مەبەسی شاعیر یەکەمیانە و دووەمی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو بەکارهێناوە.

شاعیر لەسەر قەسیدەکەی دەڕوا و دەڵێ:

سینەش سیم ساف سافتەرەن نەعاج
خەزێنەی خەیاڵ دڵ کەردەن تاراج
جفتێ شەمامەی بن بەستی نەورەس
هێمای خەریدش نەکەردەن پەی کەس
کەف حەنا بەندە پەنجە قەڵەمکار
سەر پەنجە نە تەرز یاقووت ئاودار

کەمەربەند باریک شکەم ساف و نەرم
بەستەن وە دەسماڵ بەحوزوور و شەرم
ناف ناف ئاهوو مووشک چێش ڕێزۆ
جە یانەی دەروون غەوغا مەخێزۆ
گەنج باد ئاوەر لەپای حوجرەی ناف
قفلەش تلیسمەن جە زولمات ساف
روکبە و رجل و ساق سەر پەنجەی خوەش خەت
مەنیا وە زەمین پاوە سەد مەینەت
دارا و ئەسکەندەر پەرێش دەعواشان
خودا مەزانۆ وەکێ ڕەواشان
ئەسپەردەی بارگەی وەیس سالار بۆ
مەحفووز جە عەزاب دیدەی بەدکار بۆ
یە (شەفیع) واتەن فەبرش پڕ نوور بۆ
گۆڕش جە ئاهێر جەهەننەم دوور بۆ

واتاکەی:

سنگی زیوی سافە لە عاج (ددانی فیل) سافترە
خەزێنەی خەیاڵە دڵی تالاّن کردووە
جووتێ شەمامەی سەرووی سنگی
نابێ کەس بیر لە کڕینی بکاتەوە
ناولەپی خەناوییە، پەنجەی قەڵەمییە
سەر پەنجەی (نینۆکی) وەک یاقووتە
ناوقەد باریکە، ناوکی لووس و نەرمە
لە شەرمان بەدەسماڵ داپۆشیوە
ناوکی ناوکی مامزە موشکی لێ دەتکێ
لە یانەی دەروون ئاژاوە دەنێتەوە
ئەو گەنجینەیەی با هێناویەتی لە خواررووی قوتووی ناوکی
قفلی تەلیسمێکە وەک ئەوەی ئاوی ژیانە

ئەژنۆ و پێ و لاقی، سەر پەنجەی جوانی
بەسەد نازوفیزەوە پێ دەنێتە سەر زەوی
دارا و ئەسکەندەر لەسەری کەوتوونەتە جەنگ
خودا خۆی دەیزانێ بەکامیانی ڕەوا دەبینێ
با بە بارگەی وەیسی سالار بسپێررێ
لە چاوی پیس و بەدکار بپارێزرێ
بۆ (شەفیع) بلێن گۆڕی پڕ نووری بێ
گۆڕی لە ئاگری دۆزەخ بەدووربێ

شاعیر لە وەسفەکەیدا لە چەناگە و گەردنی زلێخا دێتە خوارەوە بۆ ئەندامەکانی دیکەی وەک: سنگ و مەمک، دەست و پەنجە، کەمەر، ناوک، ئەندامی مێیینەی شارراوەی ژن، ئەژنۆ، لاق، پێ، بۆ دروستکردنی بۆچوونێکی شاعیرانە ئیلهام لە وێنەی ئەم دیاردانەی ژیانی ئادەمزاد و سروشت وەردەگرێ: زیوی سورمە، ددانی فیل، شەمامە، سووری خەنەیی، باریکی قەڵەمی و موشکی ناوکی مامز، سەرچاوەی ئاوی ژیان.

لێکدانەوەی ئەو دێڕە شیعرەی شەفیع بۆ وەسفی ئەندامی مێیینەی زلێخای وتووە بەم جۆرەیە: ئەو ئەندامە بە «گەنج باد ئاوەر» دەچوێنێ، واتە ئەو خەزێنەیەی با هێناویەتی، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەفسانەیێک دەڵێ لە جەنگێکی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (ئێران و ڕۆم)دا، با کەشتییێکی بۆ لایێکیان هێناوە باری خەزێنەی زێڕ و زیو و بەردی بەنرخ بووە، ئەو خەزینەیە کەوتۆتە لای خوارووی قوتووی ناوکی زلێخا، قفڵی ئەو خەزێنەیە تەلیسمێکە وەکو ئاوی ژیان وایە ئەوەی لە ئەشکەوتێکی نهێنیی تاریکستاندایە.

شەفیع جوانی زلێخا دەگەیەنێتە پلەیێک دارای شاهنشای ئێران و ئەسکەندەری قەیسەری ڕۆم دەخاتە جەنگەوە لەپێناوی دەست خستنی ئەم نازەنینە، خودا خۆی دەیزانی بۆ کامەیان دەبێ، لەدواییدا زلێخا بەوەیسی قەرەنی دەسپێرێ لە چاوی پیس بیپارێزێ، لە خەڵکی دیکەش داوا دەکا بۆی بپاڕێنەوە لە ئاگری دۆزەخ بەدووربێ

***

میرزا شەفیعی جامەڕێزی لە ناوچەی کەرکووک و گەرمیان و گۆرانزەمین شاعیرێکی ناسراو بووە، بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرەمان دەوری گرنگی بووە لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کوردی بەوەی وێنەی شیعری تازە و ناوەرۆکی هەست بزوێنی مرۆڤایەتی داهێنەرانەی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. لەوەپێش ئەو جۆرە داهێنانە لە ئەدەبی کوردیدا نەبوون یا کەم بەرچاو دەکەوتن.

سەیدی

بەشی حەڤدەمین

سەیدی

١٨٥٤-١٧٨٤

ژیان و شیعر و نموونە

یـا شـــــێخ ســــــەنعــــــانم
عـاشق پەی تەرسـا، من چون ســەنعـانم
بێ پاک جــە تانەی مــەنا و مــەنغــانم
چون یەعقووب داغدار پەی مای کەنعانم

ژیانی سەیدی

سەیدی ناوی محەمەد سلێمان کوڕی حاجی سەید مەحموودە، لە گوندی خانەگای نزیک پاوە لە ســاڵی ١٧٨٤ لەدایکبــووە، لەناو خــەڵکی و لەنێــوەندی ئەدەبی بەنازناوی «سەیدی» و «سەیدی هەورامی» ناوبانگی دەرکردووە. وشەی «سەید» لە (صید)ی عەرەبییەوەیە بەمانای ڕاووشکار هاتووە، هیچ پێوەندییێکی بە(السید)ی عەرەبییەوە نییە.

سەیدی لە بابەت نازناوی خۆیەوە لە شیعرێکیدا دەڵێ:

عـەرزە داشــت بەندەی دڵ مەند و ڕەنجوور
(صیدی) دامی عەشق بە(صیدی) مەشهوور

واتاکەی:

بەندەی دڵ مەند و زامدار پێتان دەڵێ
(سەیدی) بەدوای عەشقەوە بووە و بە(سەیدی) ناوبانگی دەرکردووە.

ژیانی لە مەڵبەندی لە دایکبوونی بردۆتە سەر، سەرەتای خوێندن و قۆناغەکانی

له حوجرەی مزگەوتەکانی هەورامان و شارەزوور تەواو کردووە، دوا پلەی خوێندنی زانستییەکانی زمانی عەرەبی و ئاینی ئیسلامی لەلای مەلا جەلالی خورماڵی بووە و لەسەر دەستی ئەویش ئیجازەی دوازدە زانستییەکەی وەرگرتووە.

له ماوەی خوێندنی حوجرەی مەلایان، وەکو هەموو فەقێیانی بابەتی خۆی بۆ خوێندن گەلێ شوێن گەڕاوە، لە هەورامان و شارەزوور لە گوندەکانی پایگەڵان و بیارە خوێندوویەتی. لەدوای خوێندن و وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی دەگەڕێتەوە زێدی خۆی لە هەورامانی تەخت و لەوێ نیشتەجێ دەبێ و وانەی زانستییەکانی مەلایەتی دەڵێتەوە، لەپاڵ ئەویشدا خەریکی کاری کشتوکاڵی دەبێ.

شاعیر ژنی هێناوە، ژنەکەی خۆشویستووە و شیعری بەسەردا هەڵداوە. ئەمە ڕێگەی لێ نەگرتووە نازەنین و جوانانی دیکەشی خۆش بوێ وەکو لە شیعریدا دەردەکەوێ. ئەو دلبەرانەی ئەو حەزی لێ کردوون تەنیا بە لەش و دیمەن جوان نەبوون، ناویشیان جوان بوو، لەوانە کچێک بەسەر دەکاتەوە ناوی نیشان بووە، کچی بارام ناوێک لە گوندی ژیوار لە هەورامان ژیاوە، کەنیشکێکی دیکەی بەدڵ بووە، ناوی شیرین بووە، ئینجا شیعری بۆ دلبەرێکی تریش وتووە بەناوی ڕیۆن، ئەم وشەیە لە ڕێحانەوە بووە بە ڕیۆن. لە هەورامان ئەو کچەی ناوی ڕەیحان یا ڕێحان بێ (ڕیۆن)ی پێ دەڵێن، سەرەڕای ئەم هەموو جوانانەی بوون بەئیلهامی شیعری سەیدی، لە لیریکی شاعیردا وەنەوشە ناوێکیش دەکا بەبووکی شیعری کوردی.

سەیدی لە تەمەنی شەستساڵی تەریقەتی دەروێشی نەقشبەندی لەسەر دەستی شێخ عوسمانی تەوێڵە وەرگرتووە و بووە بەخەلیفەی شێخ. پێم وایە سەیدی ئەم تەریقەتەی بەمانا فراوانەکەی سۆفیزم وەرگرتووە، واتە نزیک لە دڵداری و شیعر و هونەر و، دوور لە تیۆرییە بێ جووڵە و وەستاوەکانی ڕێگە لە گۆڕان و پەرەسەندن و بۆ پێشەوەچوون و دڵتەڕی و جوانپەرستی دەگرن. لەبەر ئەوە هەندێ مورید و وشکە سۆفی لە هەورامان کە سەردانی شێخ عوسمان دەکەن لە تەوێلە، ئەوەی تێ دەگەیەنن کە سەیدی بۆ تەریقەتی سۆفی دەست نادا، چونکە تەنیا خەریکی ئەوەیە شیعر بەسەر ژناندا هەڵبدا. ئەم چوغوڵکردنەی وشکە سۆفیان سەیدی هان دەدا لیریکی «یا شێخ سەنعانم» بنووسێتەوە.

سەیدی زۆربەی ژیانی لە مەڵبەندی لەدایکبوونی لە گوندی خانەگای هەورامان بردۆتە سەر و هەر لەوێش لە ساڵی ١٨٥٤ کۆچی دوایی کردووە.

***

زانیاری وا لە ناوەوە هەیە گۆیا ئەو شاعیرەی لەم ماوەیەدا باسی لێوە دەکرێ شاعیری دووەمە و شاعیرێکی پێش ئەو هەبووە بە «سەیدی هەورامی» ناسراوە، ناوی محەمەد سادق کوڕی سەید عەلی هەورامی لە سەدەی پازدەم و سەرەتای سەدەی شازدەم (١٤٤٦-١٥١٢) ژیاوە، ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، گومان لەوەدا نییە کە بەرهەمی شیعری هەردووکیان تێکەڵ بەیەکتری بووە. هەرچۆنێ بێ زانیاری لە بابەت ئەو «سەیدی»یەی لێرەدا باسی لێوە دەکرێ زیاترە لە سەیدییەکەی دیکە. ئەگەر بەڕاستیش بەرهەمیان تێکەڵ بەیەکتری بووبن، ئەمە کێشەیێکی گرنگ نییە لە مێژووی ئەدەبدا، چونکە مەبەس بەرهەمی ئەدەبییە، ئەو بەرهەمە بەناوی هەر کەسێکەوە بێ بووە بەسامانی نەتەوە.

شیعری سەیدی

شیعری سەیدی ئەوەی لەبەردەستدایە بەقەوارە زۆر نییە. لەڕووی زمانەوە تێکەڵاوە، لەبنجدا بەدیالێکتی گۆرانی هۆنراوەتەوە، بەڵام کاریگەری دیالێکتی کرمانجیی باشووری بەسەرەوە دیارە. جگە لەوە لە شیعریدا دوو شێوازی کێشی عەرووزی و کێشی خۆماڵی بەکارهێناوە.

شیعری سەیدی لە ڕووی ڕووخسارەوە ڕەنگاوڕەنگ و دەوڵەمەندە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەموو بابەت و مەبەسە کلاسیکییەکانی شیعری کوردی لە بەرهەمیدا بەرچاو دەکەون.

ڕوخساری شیعری سەیدی

بەگشتی شیعری ئەم شاعیرە لەڕووی کێش و قافیەوە دەکرێ بەدوو بەشەوە:

١- شیعری خۆماڵی

زۆربەی شیعری لەم بابەتەیە، کێشی ئەم شیعرانەی سیلابی خۆماڵییە لە دە برگە پێکهاتووە، وەستان لە ناوەڕاستیدایە، لەڕووی قافیەوە جووت قافیەیە (مەسنەوی). لە بابەت ژمارەی دێڕە شیعری لیریکەکانەوە لە چوار دێڕە شیعر تا

زیاتر له پەنجا دێڕە شیعری هەیە، دەتوانرێ ئەم جۆرە لیریکانە بەقەسیدە ناویان ببرێ.

٢- شیعری عەرووزی

له دیوانی سەیدیدا دەوروبەری بیست پارچە شیعر دەکەونە بەرچاو لەسەر هەندێ له بەحرەکانی عەرووز هۆنراونەتەوە. ئەو بەحرە عەرووزییانەی شاعیر بەکاری هێناون بریتین له هەزەج و ڕەمەل و ڕەجەز. زیاتر له نیوەی شیعری لەم بابەتەی لەسەر بەحری هەزەجە، چوار پێنجێکی ڕەجەزە، سێ چوارێکی ڕەمەلە. بەشێکی ئەو شیعرانەی لەسەر کێشی عەرووز دانراون ئەو شیعرانەن تێکهەڵکێشیان تێدایە (تضمین)، یا ئەوانەی سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی بەکارهێناوە بۆ هۆنینەوەیان، واتە مولەممەع. ئەو شیعرانەی بەکێشی عەرووزی حسێب کراون هەر نیوە دێڕێکیان ١٦ بڕگەیە، ئەگەر ئەو نیوە دێڕە کەرت بکرێ دێڕێکی هەشت بڕگەیی لێ دروست دەبێ، ئەم کێشە ئەگەرچی عەرووزیشە، بەڵام دەچێتەوە سەر کێشی هەشت بڕگەیی شیعری میللی (فۆلکلۆری) کوردی خۆماڵی، هەروەها ئەو شیعرە عەرووزییانە یەکێتیی قافیەیان تێدایە.

لێرەدا خوێنەر لەم جۆرە شیعرانەی سەیدی هەست بەقورسییێکی ڕیتمی و کێش دەکا، چونکە گوێی لەوە ڕانەهاتووە شیعری دیالێکتی گۆرانی بەکێشی عەرووز ببیستێ، جا لێرەدا له بەرهەمی شیعری سەیدی دوو جۆرە شێواز بەرچاو دەکەوێ؛ شیعری میللی خۆماڵی و شیعری عەرووزی، گوێی خوێنەر هەست بەجیاوازی نێوانیان دەکا. ئەگەر خوێنەری شیعرە عەرووزییەکانی کە بە هەشت بڕگەیی خۆماڵی دەژمێررێن له ڕووی ئاوازەوە هەشت کەرتی یەکەم و هەشت کەرتی دووەم بەسەریەکەوە بخوێنێتەوە وەستانێک لەنێوانیاندا دروست بکا، شیعرەکە بەڕەوانی دێتە بەرگوێ.

ئەدگارە هەرە گرنگەکانی شیعری سەیدی لەڕووی ناوەرۆکەوە دەتوانرێ لەو تێبینییانەی لای خوارەوە بەدی بکرێن:

١- سەیدی له شاعیرە دەگمەنەکانی گێتیی گۆراننشینی کوردەوارییە، هەندێ شیعری هەیە کێشی دیکەی دەرەوەی دە بڕگەیی بەکارهێناوە، وەکو لەوەپێش ئاماژەی بۆ کرا، لەوانە شیعرێکی هەیە لەسەر بەحری هەزەج ڕێکخراوە له

هەشت دێڕە شیعر پێکهاتووە، یەکێتیی قافیەی تێدایە. ئەگەر هەر دێڕە شیعرێک کەرت بکرێ دەبێتە دوو بەیت (چوارین)، لە ڕووی کێشەوە هەشت بڕگەیی خۆماڵییە، لە ڕووی قافیەشەوە بەم جۆرەیە (ا ا ا د، ب ب ب د، حـ حـ حـ د)ە، تەنیا دوو بەیتی یەکەم نەبێ (ا ب حـ ب)یە.

ئێمە لێرەدا شیعرەکە بەپێی کێشی خۆماڵی دەنووسینەوە، واتای شیعرەکە بەناوی «هەورامی»یەوە تۆمار دەکەین، چونکە لە «دیوانی سەیدی هەورامی» عوسمان هەورامییەوە وەرگیراوە:

مسڵموونا ئەز ئاشفتە
جە نوو جەسەم پەشێو هاڵۆ
تلێم خەستە دڵم غەمگین
چەمم هەرسین زوان لالۆ

ئەزیچ بیم یارە لەنجێڤە
ڤلێڤە سوور و سنجێڤە
زەریفە و ساوە زنجێڤە
گوڵ ئەندامە و زەریف خاڵۆ

برەم مەجنوون برەم باروم
شەرم تاکەت لوام ئاروم
جگاش ئاستۆ نەمۆ واڵوم
بێ ئادە زیندەگیم تاڵۆ

ئەگەر دووسەمکەدەم بارە
غەمیم گردی مدە و وارە
کە ڕوو شاباش و نازدارە
ئەگەر مڵکو ئەگەر ماڵۆ

گیۆ نلەم بێ ڕەها بەرشی
دە توو بوورە سەر و فەرشی
سەرەم یاونە کو لەو ئەرشی
کە ڕوو پەرواز چەنی باڵۆ

ئـەز داخـــــــــۆ تــۆ وە دیـدەم
مـــرووتە وەســـیـــەتم ئیـــدەم
بـرِیـنـە پەی چـو تـەرمــــــــەم
نـەمــامــۆ دارۆ شـــمـــشــالۆ
مـــەر ئۆســــا تـوم بلـی دڵنێ
بـروونـەم زێـد و مــــــەنـزڵنـێ
کـــەرار دەو مـــەنزڵەم گـــڵنێ
بەیۆم ســـەرڤـــە خـــرِ و باڵۆ
دەرەک مـن ئاخـــری مـــەرگـــەم
ئـــەز تــوم بـــەوەش وەلــێ دیـدەم
فـیـدیت بوو مـەکوشـە (سـەیدی)
هومـــاس کـــاڵۆ هومـــاس کـــاڵۆ

واتاکەی:

موسوڵمانان پەرێشانم
لە نوێ جەستەم پەشێو حاڵە
جەرگم خەستە دڵم غەمگین
چاو پرِ ئەسرین زمان لاڵە
یارێکم بوو بالآبەرز جوان
گوڵێکی رەند سوور و سەبان
چەناگە سێو نەرمونیان
گوڵ ئەندام و شیرین خاڵە
بووم بە مەجنوون، بووم بە بارام
بێ شەرم و بێ وزە و ئارام
بەجێی هێشتم نەهاتە لام
بەبێ ئەو زیندەگیم تاڵە
ئەگەر دۆستم سەرێکم با

هەموو غەمم ئەدەم بە با
شاباش ئەکەم بەسەر یارا
ئەگەر موڵکە و ئەگەر ماڵە
بەنارەوا دەرچووە گیان
هەستە سەرێ بدە لێمان
سەرم با بگاتە کەشکەڵان
بنیشمە باڵ لەگەڵ باڵە
من لە سوێی تۆ هەردوو چاوم
ئەمرم سپردەی جێماوم
داری تەرمی دوا هەنگاوم
ببێ لەم داری شمشاڵە
هەر کاتێ تۆم دەرچێ لە دڵ
ببڕم هیوای ژین و مەنزڵ
هەوارم بێ چۆلی ژێر گل
بەن بەسەرما گڵ بە باڵە
خۆ من وا لە سەرەمەرگام
من تۆم خۆش بێ دیدەم بەلام
(سەیدی) مەکوژە سەرگەردت بام
هێشتا کاڵە هێشتا کاڵە

«هەورامی»

لە لیریکێکی دیکەیدا لەسەر بنجی دوو بەیت ڕێکی خستووە، بریتییە لە دوازدە پارچە لە هەموو شیعرەکەدا کێشی هەشت بڕگەیی بەکارهێناوە ، لە ڕووی قافیەشەوە (ا ا ا م) (ب ب ب م) (حـ حـ حـ م)ە، تەنیا دوو بەیتی یەکەم نەبێ قافیەکەی (ا ب حـ ب)یە، واتە نیوە دێڕی دووەم و نیوە دێڕی چوارەم یەک قافیەیان هەیە، ئەم لیریکە دیسانەوە بەکێشی عەرووزی دەکێشرێ و لەسەر بەحری ڕەجەز ڕێکخراوە:

دوســــەم لڤــۆ ئاســـتــوش جگا
ئاخ چێش کـەڕوو بێ یار و خـوێم
دانیش گـــــرد ئێـنـێ دڵمـــــەنە
هەر تا مــروو داغـدار و خــوێم

کــەســـڵــەم نیــۆ یادیم کــەرۆ
دا لێــڤــە غــەمـــخـــواریم وەڕۆ
کێ شـــــیـــــوەن و زاریم کــــەرۆ
بێ کـۆمــەڵە و بێ یـار و خــوێم

کـــومـــیـــۆ نەبەر یـادم کــــەرە
لای دوســــــــەوە دادم کــــــەرە
بەڵکوم زەڕێو شـــــادم کــــەرە
داد و مــــەدەد هاوار و خـــوێم

ئەرمـن گنێ چەمـڵـەم جــەمــیش
چی ئێندە کـێـشـینێ غـەمــیش
شـــەربەت وەرێنێ جــەدەمــیش
وێم خـاس کـەرێنێ چار و خـوێم

ڕەنگەم جــــە بەرڤــە ســـوورەنە
بێ دوســــــە زێڵــــەم نـوورەنە
ڕازەم درازە و دوورەنـــــــــــــــە
تەن دوشـتـەڵە و بیـمـار و خـوێم

هــاوارەمـــــــــو پـەی تـە زەڕیـن
دڵ مـــەجـــیـــە ئەڤــداڵو بەرین
وێڵ کــــەش و کــۆ و وەرمــــەڕین
سـەرسـوومـەڵە و سـادار و خـوێم

کـــەم تاڵە نۆ ئیکبــاڵ خـــراب
کــەرم ســـڵـــۆم نەبرەم جـــواب
زێڵـــۆ ئەزیت کـــەردە کــەباب
مــەگنەم وەنە بێــزار و خـــوێم

خـەمـڵـەم فـرە و شـادیم کـەمـۆ
سـینەم پـەڕەن کـۆنـە غـەمـۆ
گـرد دەرد دوو دووریۆ تـەمـۆ
زومـو تـەڤـە یەکـجـار و خـوێم
سـابووریێ لام ئـەندازکـەرە
دەنگت وەشـۆ ئاڤـازکـەرە
دا لێـڤـە غـەمـزە و نـازکـەرە
ئەز بـوو فـیـدیت نازار و خـوێم
تو مـەی ملـی یا گـێـو تـەری
پـەی چێش ترێز جـە مـن کـەری
ئیـمـونـو مـن گـردی بـەری
بێ قەدر و سووک و خوار و خوێم
سـادەم پـەنـە تـاڵێـو ڕیـۆن
قـیـمـەت شـەنە کـێـشـەم لیـۆن
چـی مـامـەڵەی مـەگنوم زیـۆن
گـا مـا وەروو ئیکرا و خـوێم
(سـەید) لـە نو بـو لەو فـەقـیـر
ئەشـقـۆ جـفـۆنـی کـیـرە پیـر
چـنگو خـەمـۆ ڤـە وارە گـیـر
غـەم کێشەڵە و غـەمبـار و خـوێم

واتاکەی:

دۆستم ڕۆیشت بەجێی هێشتم
ئاخ چی بکەم بۆ یاری خۆم
هەموو داخی لە دڵمایە
تاکو ئەمرم داخداری خۆم
کەسم نەبوو یادم بکا

سا بەڵکو غەمخواریم بکا
کێ شێوەن و زاریم بکا
بێ خوێش و هەم بێکاری خۆم
خزمێ نەبوو یادم بکا
لەلای دۆستم دادم بکا
بەڵکو کەمی شادم بکا
داد و هەی داد هاواری خۆم
خۆ ئەگەر من یارم ئەدی
بۆ هێندە ئەمکێشا غەمی
ئەمنۆشی شەربەتی دەمی
گەلێ چاک ئەمکرد چاری خۆم
لەناو خوێنام ڕەنگم سوورە
بێ یاد دڵم وەک تەنوورە
بەسەرهاتم درێژ و دوورە
لەش تێکشکاو بێماری خۆم
هاوارمە بۆت ئەی ژیکەڵە
دڵ وەک دێوانە چۆڵ گێڵە
لە چیا و ئەشکەوتانا وێڵە
سەر لێشێواو ساداری خۆم
بێ ناو چاوم و بەخت خراب
سڵاوم کردی نەبوو جوواب
دڵی منت کردە کەباب
دەڵێمگەڕێ بێزاری خۆم
غەمم زۆر و شادیشم کەم
سنگم پڕە لە کۆنە غەم
دەردی دووری تۆیە دەیدە

له سوێی زامت ئێجگاری خۆم

دە وەرە لام ئەندازەت بێ
دەنگت خۆشە و ئاوازت بێ
هەمیشە غەمزە و نازت بێ

سەرگەردت بم نازداری خۆم

کە بۆ شوێنی دێیت و ئەچی
دوورە پەرێزی لێم، بۆچی
کشت ئایینم ڕائەپێچی

بێ ڕێز و سووک و خواری خۆم

تۆ پێم بەخشە جلێ ڕێحان
لە نرخیا بکێشە گیان
لەم سەودایە ناکەم زیان

بەجێی دێنم بڕیاری خۆم

ئەمن (سەیدی)م هەژار فەقیر
سەودای گەنجی وا کردمی پیر
لە دەستی غەم خواردوومە گیر

نوقمی ناو غەم غەمباری خۆم

«هەورامی»

٢- یەکێ لە دیاردە هونەرییەکانی سەیدی ئەوەیە تێکهەڵکێشی فارسی لە شیعریدا هەیە، لەو کەمتر تێکهەڵکێشی عەرەبی دەبینرێ، مولەممەعی زۆرە، بەتایبەتی زمانانی فارسی و عەرەبی لەگەڵ کوردیدا بەکارهێناوە. هەندێ جار لە لیریکێکدا تێکهەڵکێش و مولەممەع تێکەڵ بەیەکتری دەکا، لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێ شاعیر توانای ئەوەی هەیە گەمەی شیعری لە بەرهەمەکانیدا بکا، ئەگەرنا ئەم جۆرە شیعرانە قسە لەگەڵ چێژ و خەیاڵ ناکەن، بەڵکو ئەقڵ خەریک دەبێ گەمەکان بدۆزێتەوە.

٣- سەیدی چیرۆکی قەیس و لەیلا کە قەسیدەیێکی پەنجاویەک دێڕی شیعری دەگێڕێتەوە. ئەم جۆرە شیعرە لە لیریک دەژمێررێ، تەنیا ئەوەیە درێژە،

هەرچەندە هەندێ لە مەرجەکانی چیرۆکی تێدایە، بەڵام نابێ بەچیرۆکی شیعری.

لە دیوانی سەیدی جگە لەم قەسیدەیە هەندێکی دیکەش بەرچاو دەکەون، ئەمانەش وەکو ئەوەی قەیس و لەیلا لە شیعری لیریکی دەژمێررێن، نەک چیرۆکی شیعری.

ناوەرۆکی شیعری سەیدی

ئەگەر بەگشتی و بەسەریەکەوە تەماشای شیعری سەیدی بکرێ دەتوانرێ هەموو بابەت و مەبەسەکانی شیعری کلاسیکی کوردی تێدا بدۆزرێتەوە. سەیدی بەتایبەتی شیعری بۆ هەر یەکێک لەم مەبەسانە دانەناوە، ئەگەر لەم لایەنەوە لە بەرهەمەکانی ورد ببینەوە بەشێکی کەم لەم بابەتانە دەکەونە بەرچاومان. بەزۆری بابەتەکانی شیعری سەیدی ئایینی و وەسف بەتایبەتی دڵداری و سروشت. لەم مەبەسانە شیعری ئایینی نەبێ ئەوانی دیکەی بەزۆری ناوەرۆکەکانی سەربەخۆ نین و چوونەتە ناو یەکەوە.

مەبەسی شاعیر لە بابەتی دڵداریدا کە دلبەر و سروشت دەگرێتەوە، بەزۆری هەوڵ دەدا وێنەی مەتریالی قاڵبی دلبەر بگرێ، لە هەموو ئەم شیعرانەدا سروشتی هەورامان سەرچاوەیێکی لەبن نەهاتووە.

سروشت وەک سەرچاوەیێک بۆ داهێنانی ئەدەبی گەلێ لایەنی هەیە، هەورامان وەک وڵاتێکی کوێستانی و شاخاوی و تەڕ، هەریەکێ لە کەژەکانی ساڵ دیمەن و ئەدگاری تایبەتیی خۆی هەیە، لەناو ئەو کەژانەدا کاریگەری بەهاری ڕەنگین لە شیعری سەیدی لە کەژەکانی دیکە زیاترە، ئەمە پێوەندی بەجوانی بەهاری ئەو ناوچە شاخاویانەی هەورامانەوە هەیە.

نموونەی شیعری سەیدی

ئەو نموونانەی لەم ماوەیەدا تۆمار دەکرێن لە کتێبی «دیوانی سەیدی – کۆکردنەوە و شیکردنەوەی محەمەد ئەمین کاردۆخی، سلێمانی، ١٩٧١» وەرگیراوون، هەروەها سوود لە لێکدانەوەی کاردۆخی وەرگیراوە لە بابەت شیعری سەیدییەوە.

١

له وەسفی بەهاردا شاعیر دەڵێ:

ساقی وەهارەن ساقی وەهارەن
بولبول نە گوڵشەن گوڵ نە گوڵزارەن
فەسلی گوڵ گەشتەن چاخی وەهارەن
سەوزەش فەرش و لق شکۆفەدارەن
سوراحی لەب ڕێز ساغر ئامادەن
وەختی نۆشای مەین خاتران سادەن
ساقی خەستەی زولف عەنبەرینی تۆم
چەمە ڕای بادەی کەوسەرینی تۆم
من عەرسەی مەیدان عومرم کەردەن تەس
ساقی مەی دانت ساکەی مەبۆ کەس؟
دەخیلم ساقی جەو بادەی سەرجۆش
جامێ مەی پێم دەر تانۆش کە ڕوون نۆش
با خاتری جە داخ دەوران شاد کەروون
کۆگای خەرمانان غەم وە باد دەروون
(سەیدی) جە عەشقت ئەر سەد کە مەستەن
ساقی پیاڵەی تۆش ئاوات واستەن

واتاکەی:

ساقی بەهارە، ساقی بەهارە
بولبول لە گوڵشەنە، گوڵ لە گوڵزارە
کەژی گوڵ و سەیرانە سەردەمی بەهارە
دەشت سەوزە دار چرۆی کردووە
سوراحی تا لێوان پڕە، پیاڵە ئامادەیە
کاتی خواردنەوەی مەی، هەنگامی دڵشادییە
ساقی نەخۆشی زوڵفی عەنبەرینی تۆم

چاوەنۆڕی بادەی مەی کەوسەرینی تۆم
من ماوەی مەیدانی تەمەنم بڕیوە
ئەی ساقی کەی کاتی مەی گێڕانت دەست پێ دەکا
دەخیلی تۆم ساقی بادەیێکم بدەیێ لەو مەیە بە جۆشە
بادەیێکم پێ بدە تا نۆشی بکەم (بیخۆمەوە)
با دڵم لە داغی دەوران شاد بکەم
کۆگای خەرمانی غەم بەبادا بکەم
هەرچەندە (سەیدی) لە عەشقی تۆ زۆر مەستە
ئەی ساقی ئاوات دەخوازێ پیاڵەیێک مەی لێت وەربگرێ

سەیدی ئەم لیریکەی بۆ وەسفی بەهار تەرخان کردووە، بەهاری بێ مەی ناوێ. ساقی یا مەیگێڕ دلبەری شاعیرە. لە ئەدەبی کلاسیکیدا مەیگێڕ کەسێکی گەورەیە، بەپێی ئەو شاعیرەی شیعرەکە دەنووسێ ئەو کەسە دەگۆڕێ، دەشێ ڕەمزی سۆفیزم بێ لە شێخێک یا کچێک یا کوڕێک ببینرێ. سەیدی لەم شیعرەدا مەیگێڕ لە خۆشەویستەکەی دەبینێ، بەم جۆرە سێ کوچکەی بەهار و مەی و کچی بەڵگەی دڵداری دروست دەکا.

سەیدی سەرخۆشی بۆ ئەوە گەرەکە فیکری لە داخی گەردوون و ڕۆژگار شاد بکاو غەم و مەینەتی لە دڵی دەربکا و بیداتە بەربا. شاعیر مەستی ڕاستەقینەی دڵداری لە مەیگێڕ (یار) دەبینێ، کە داوای پیاڵەی مەی دەکا تەنیا لەبەرئەوەیە لە دەستی یار وەری بگرێ، ئەگینا مەستی ڕاستەقینەی لە عەشقی یار وەرگرتووە.

٢

لە وەسفی یاری خۆشەویست شاعیر دەڵێ:

بینایی دیدەم شای سۆسەن خاڵان
ئی دەستە بەستەی مەستی گوڵاڵان
بگیرە جە دەس ئی کەم تاڵەوە
بنیەش بەو گۆنای موشکین خاڵەوە
گوڵ پەی گوڵ خاسەن جەمین جامەنی
گوڵ بۆ گوڵ قامەت گوڵ ئەندامەنی

شـــاباشـی تۆ بـان گـــوڵاڵنـی مـــەسـت
(سـەیدی) خـارخـاسـەن بگێـرۆ وەدەست

واتاکەی:

ڕووناکی چاوم شای سۆسەن خاڵان
ئەم دەسکەی گوڵاڵە مەستەکان
لە دەست ئەم چارەڕەشە وەربگرە
بیکە بەسەر کوڵمە بۆن خۆشە پڕ لە خاڵەکەتدا
گوڵ بۆ گوڵ دەشێ بۆ تۆی ڕوومەت ساف
بۆنت گوڵە، قەد و باڵات داری گوڵە، هەموو لەشت گوڵە
هەموو گوڵاڵانی مەست شاباشی تۆن
(سەیدی) با دڕک بەدەستەوە بگرێ

لەم شیعرەدا سەیدی قسە لەگەڵ خۆشەویستی دەکا، کەژ بەهارە، دلبەر لەناو گوڵ و گوڵاڵە نوقوم بووە. شاعیر دەستەگوڵی بۆ دەبەستێ، پێشکێش بەیاری دەکا، ڕەنگە ئەم دیارییە بەجێ نەبێ، چونکە خۆشەویست لە گوڵەکان جوانترە، لەبەرئەوەیە گوڵ و بەهار شاباشی جوانی دلبەرن، واتە گوڵ لەگەڵ گوڵان دەبێ، دڕکیش بەشی سەیدییە. لە پەندی پێشینانی کوردی پەندێک دەڵێ: «گوڵ بۆ گوڵ و دڕک بۆ دڕک».

٣

لەم دێڕە شیعرەدا دیسانەوە شاعیر هەر خەریکی یارە و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکا و دەردی دڵی خۆی بۆ دەڕێژێ:

ئـەرێ ڕەنـدەکـــــەم، ئـەرێ ڕەنـدەکـــــەم
ئـەرێ هـەی نازار شـــۆخـی ڕەندەکـــەم
ئـەرێ نـازەنـین دڵ پـەســـــەنـدەکـــــەم
تۆ هـەر ئـەو خـواجـە و من ئەو بـەندەکـەم
تۆ خـۆت شـەرتت کـەرد بەینەت دارەکـەم
واتـت هـەر تـۆ نـی تا ســـەر یـارەکـــەم

ئێـــسـه ســـەبەب چێش ئەرێ لـەیلەکـــەم
مـەیلت کـەردەن سـەرد هـەی بێ مـەیلەکەم
بیـنـایـی چـەمــــان بـەرگـــــوزیدەکـــــەم
مـن هـەر ئـەو غـــولام زەڕ خـــــریدەکـــــەم
شـــەرتم ئـەو شـــەرتـن هەتـا مـن زیندەم
ددانـی تـەمـــــــای تـۆ هـەر نـەکـــــەندەم
تۆ بـەدەســتـی قــەســد جـه بـەدوازەکـــەم
منت بێ ناز کـــەرد ســاحــێب نازەکـــەم
من (ســـەیدی) غــولام قـــەدیم زادەکـــەم
وەی مـن درێـغـــا ســــیـــا تاڵەکــــــەم

واتاکەی:

ئەی خۆشەویستەکەم، ئەی خۆشەویستەکەم
ئەی نازدار ئەی شۆخە خۆشەویستەکەم
ئەی نازەنین ئەی دڵ پەسەندەکەم
تۆ گەورەی و من بەندەی تۆم
تۆ شەرتت کرد ئەی وەفادارەکەم
وتت تا سەر هەر تۆ یارمی
ئێستاش هۆی چییە ئەی لەیلەکەم (لەیلای من)
مەیلت سارد بووە ئەی بێ مەیلەکەم
بینایی چاوان ئەی خۆشەویستەکەم
من هەر ئەو بەندەم بەپارە منت کڕیوە
مەرجم هەر ئەو مەرجەیە تا ماوم
ددانی بەتەمابوونی تۆ نەکێشم (وازنەهێنم)
تۆ بەئانقەست گوێ دەگریە بەدگۆ
منت بێ ناز کرد خاوەن نازەکەم
من (سەیدی) بەندە زادەی قەدیمی تۆم
درێغا! من چارەڕەشم

لەم شیعرەدا سەیدی گلەیی لە نازدار دەکا، لەپێشانا بەجوانیدا هەڵدەڵێ. بەگەورە و مەزن دەیخاتە ڕوو، یار بەسوڵتان و خۆی بەدیل و پێش خزمەت لە قەڵەم دەدا، لێی دەپاڕێتەوە، لەناخی دڵیەوە ئەو ڕاستییەی بۆ دەربڕێ کە وەفای بەرامبەری بێ سنوورە. لەوکاتەی بەڵێنی داوەتێ هەتاهەتایە هەر ئەو بپەرستێ، کەچی یاری نازدار بەئانقەست گوێ لە نەیار و ناحەز و بەدخوان دەگرێ و لەبەر ئەوە بێ نازی کردووە. دەبێ ئەم چارەڕەشییە لە سەرەتاوە چارەنووسی سەیدی بێ!

٤

لەم لیریکەدا ڕووبەڕوو لەگەڵ شیرینی یاری قسە دەکا، مەبەسی وەسفی هەندێ لە ئەندامانی دەموچاوی شیرینی جوانە، هەروەها باس لە نەرمونیانی و خووڕەوشت و شیرینی گفتوگۆی دەکا:

شیرین پەیوەندەن، شیرین پەیوەندەن
دوو ئەبرۆی سیات بەهەم پەیوەندەن
دوو شیرازەی قەوس ئوسای غەیب ژەندەن
هەریەک سەد پەیکان وە جەرگم شەندەن
جەو دەستەی زوڵفان حەیران مەندەنان
دامەن یا شامار یاخۆ کەمەندەن
خالی جەمینت زوڵفی چین چینت
چون دانە و دامەن سەیادان تەندەن
هەر تارێش سەد تا پێچ دان وە هەمدا
هەر تارێش سەد دل پەنەش پابەندەن
ئەر من شەیداش بیم نەکەران مەنام
بێ حەد زەریفەن بێ سامان ڕەندەن
بالآت وێنەی سەوڵ سای سەهەندەی باغ
شۆخەن وەش تەرحەن بەرزەن بوڵەندەن
دوو دیدەی سیای فیتنە ئەنگێزت

سـەرمـایەی ئەفـسـوون هـەم جـادوو بەندەن
غـــــەمـــــزە و لارە و لـەنج دیـای بـەنـازت
بـنـچـــینـەی یـانـەی ســـەبووریم کـــەنـدەن
گــوفــتــوگــۆی شــیــرین کــەلامت ڕازت
شـــەهدەن شـــەکـــەرەن نەبـاتـەن قـــەنـدەن
بەهـای دانەی خـاڵ سـەفـحـەی جـەمـینت
مـولْکی هیندسـتـــان شـاری خـوجـەندەن
عـــومـــرم شـی وە بـاد تاقـــیـق نـەزانـام
بێ مـەیلیت تاکـەین؟ جـەفـات تـا چەندەن؟
خـواجەی سـاحیب شەرت چی وۆ وەنجیـانی
مـــەیلت، مـــۆبەتت، هـیـچ کـــام نەمـــاندەن
کەی جـە بەندەگیت سـەرکێشـان (سـەیدی)
هـەر غـــولامـی تۆن، هـەر تـا کـــە زینـدەن
حـــەڵقـــە غـــولاّمـــیت مـــەکـــەرۆ نەگـــۆش
بەنـدەن پێش واچە (یـەکـــەمـــتـــەر بەنـدەن)

واتاکەی:

شیرین! بەیەکترییەوە بەستراوە.
هەردوو برۆی ڕەشت بەیەکترییەوە بەستراوون
دوو شیرازەی برۆت غەیب بەستوویەتی بەیەکترییەوە
هەریەکەیان سەد تیری لە جەرگم داوە
لەو دەستە بەستەی زوڵفەکانت سەرسام ماووم
ئەمە پاشای مارانە یا کەمەندە!
خاڵی کوڵم و زوڵفی چین چینت
وەکو دانە و داو وایە ڕاوچییان دروستیان کردووە
هەر تاڵێکی سەد تای بەیەک داداوە (لوولی کردووە)
هەر تاڵێکی سەد دڵی پێ بەستراوە (تووشی دڵداری کردووە)
ئەگەر من گیرۆدەیان بم لۆمەم مەکەن

چونکە جوانییان بێ سنووره، ڕەندییان بێ وێنەیە
باڵات وێنەی نەمامی سێبەری ناو باغە
جوان و خۆش ڕەنگە، بەرز و بڵندە
دوو چاوی ڕەشی فیتنە پژێنت
سەرچاوەی ئەفسوونن و پێوەندییان بەجادووەوە هەیە
غەمزە و لارولەنجەت و نوارینی بەنازت
هەموو ئارامییێکی منیان لەبندا هەڵکەند
گفتوگۆی شیرین، وتەی ڕازونیازت
هەنگوینە، شەکرە، نەباتە، قەندە
نرخی دانەی خاڵی پەرەی کوڵمت
هەموو موڵکی هیندستان و شاری خوجەندە
عومرم بەباداچوو بەڕاستی نەمزانی
تاکەی بێ مەیلی؟ جەفات تا چەندە؟
ئەی گەورەی خاوەن پەیمان، بۆ لێمان زیزی
مەیل و خۆشەویستیت هیچ یەکیان نەماوون
کەی لە بەندەییت (سەیدی) سەرکێشی کردووە
هەمیشە غوڵامی تۆیە تا لە ژیاندایە
حەڵقەی بەندەیی تۆ لە گوێی دەکا
بەندەیە، پێش خزمەتە، کەمترین دیلە

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە لە شیعری لیریکی هەموو ناوچەکانی گۆراننشین لە کوردستاندا بەدەگمەن یەکێتیی قافیە بەرچاو دەکەوێ، ئەم شیعرەی سەیدی یەکێکە لەو شیعرانەی یەکێتیی قافیەی تێدا بەکارهێنراوە، قافیەکە لەسەر دەنگەکانی (...ندەن)ە.

لەم شیعرەدا سەیدی خەریکە دوو مەبەس ڕوون دەکاتەوە، یەکێکیان مەترییالییە، خەریکی وەسفی هەندێ لە ئەندامانی لەشی دلبەرە، ئەویتریان گیانییە، لە خووڕەوشت و کردەوە و گفتوگۆ و دەم و پلی خۆشەویست دەدوێ، وەسفی برۆ و زوڵف و بسک و خاڵی کوڵم و چاو و باڵا، ئینجا لارولەنجە و ڕەوتی.

شاعیر لە خاڵی دەموچاوی دەدوێ و نرخی ئەو خاڵانە دیاری دەکا، لای وایە بەخەراجی هەموو وڵاتی هیندستان و شاری خوجەندی تورکستانی کۆنی ئاسیای ناوەڕاست ئەوجا ئەو خاڵانە دەکڕڕێن. بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری سەیدی هەوڵ دەدا گەورەیی یار و بچووکی خۆی بخاتە ڕوو، دەڵێ دیلیەتی سەیدی بۆی نەبووە بەهۆی سەرکێشی ، هەمیشە غولام بەندەی یارە، حەلقەی دیلیەتی لە گوێی کردووە.

٥

سەیدی ئەم لیریکەی بۆ «ڕیۆن»ی دلبەری وتوە:

ڕێون! داخـــۆ باڵا تەڤـــە
هـــەزاریـــۆ دەردەدارانـــی
گـرد کـوشـتـە و ئایدەتەنێ
تە دیدەت جـــادووکـــارەنێ
باڵات نەمـــــامی نەوبەرۆ
دیدێت نەرگـسی مـامـەرۆ
کـوڵمـێت سـاڤـۆ دڵی دەرۆ
مەمێت مەرەجێو نارەنێ
زوڵفێت گرنجوو خـاوەنی
سـەر لوولەنی سـیـاوەنی
چنوور ڕاگـا و کـــاوەنی
کـەمـەندە یا شـا مارەنێ
گەر لۆمەنوو ئەگەر مەنۆ
ئەز عـاشـقـۆ باڵاو تەنۆ
بێ دینە باتەپڵم ژەنۆ
وەس نیـاخـاسم یارەنێ
ئەشکت پیسەش و ستەن کەلیم
بیەن بایس پەی خـجـڵنێم
سـەر تاوار و نەتۆ و دڵێم
حـەرفی تمێت دیارەنێ

بێ مـێـرغـوزار دونیـا تـه مـۆم
چەنی ئاڤـۆ هەرسـۆ چەمـۆم
کـەی مـەینەتۆ یاگـۆ خـەمـۆم
دیدەی مـن ئـینتـــیـــزارەنـێ

زێـدم چـۆڵـۆ مــــــاوام بـەرۆ
پیـــمـــۆ نۆمـــۆ پەی تە هـەرۆ
تاکـەی ئەڤـداڵ مـشـێـوۆ بەرۆ
بـەرگـــولەشـــیم دەورا نـەنـێ

تـاڵەم کـــەمــۆ غـــەمـــیم فـــرۆ
پەی تەم پۆشـان بەرگـوو کـۆفـۆ
مـن ئـادوو بـەینـم هـەر یـۆڤــــۆ
بـەڵام تـە مــــــۆڵـەت دارەنـێ

ئـەز مــــەجنـوون و وێڵ و تـەنۆ
شــــێت و ئەرا گـــێڵ و تـەنۆ
دایم چەنی خــــێـــــڵـێ تەنۆ
کـــۆمـــێم چنیم بێـــزارەنـێ

تۆنی حـــــەیات و نـەفــــەسم
ســا سـێ مـەنام کـەرا کـەسم
کــەلامــوڵڵا و بابـۆیم قــەســەم
من هـەر ئێـدەم گـورفـتـارەنێ

ســـاوەس چەنیم توندی کــەرە
دا لێــوە غــەمــخـواریم کـــەرە
بافــتــەن کــە روو راتنە ســەرە
ئـەر تەقـــســێت هـەمـــوارەنێ

ئـەگـــەر تە قـــەولت ســـادقـــۆ
پێـــشـــە و یاران مـــوافـــیـــقـــۆ
وەس دەر جــەفــاو و عـاشــقـۆ
فــــەقــــیــــرەنێ هـەژارەنێ

(سـەیدی) فـدیۆ سـیمـین لەشـۆن
گـــورفـــتـــار و بـالاّ وە شـــۆن
خـــــەیالّش لاو دیـدە رەشـــــۆن
چـەم ســــیــــاویّش دەکـــارەنـیّ

واتاکەی:

ڕیۆن! لە داخی بالاّی تۆ
هەزار کەس تووشی دەرد بووە
گشتیان کوشتەی چاوەکانی تۆن
چاوەکانت کاری جادوو دەکا
بالاّت نەمامی تازە پشکووتوو
چاوت تێرگسی(مامەڕۆ)یە
کولّمت سێوی باغە
مەمکت هەناری بچووکە
زولّفت گرنج و خاوە
سەر گوریزە و ڕەنگ ڕەشن
چنووری ڕێگای (کاویَ)ی
کەمەندە یاشای مارانە؟
ئەگەر لۆمەیە، ئەگەر مەنعە
ئەز عاشقی بالاّی تۆم
بۆ ئەم ئایینە با تەپلّم بۆ لێ بدەن
من یاری دیکە ناخوازم
عەشقت لە مێشکمدا جێی کردۆتەوە
بۆتە هۆی مەشغوولیم
سەر تا خواری دەروونمی داگیر کردووە
هەموو قسەکانت لای من ئاشکران
هەموو دونیام لێ بووە بەمێرغوزار
بەئاوی فرمێسکی چاوەکانم ئاودراوە

کەی دەگەیە جێی غەمم
چاوی من چاوەنۆڕتە
زێدم چۆڵە لە دەرەوە ماوم
بۆ تۆ قوڕ دەپێووم
تاکەی هەر عەبداڵی تۆ بم
دەوار بەرگی پۆشینم بێ
بەختم کەمە غەمم زۆرە
بۆ تۆ کفنم لەبەر کردووە
من هەر لەسەر شەرت و پەیمانی خۆمم
بەڵام تۆ مۆڵەت نادەی
من مەجنوونم وێڵم بۆ تۆ
شێت و سەرگەردانم بۆ تۆ
هەمیشە زۆر لەگەڵما تیژی
من لە خێڵی تۆم خزمی خۆم لێم بێزارن
تۆ ژیان و هەناسەمی
با کەسوکارم لێم نەگەڕێن
سوێند بەقورئانەکەی باوکم دەخۆم
من قسەم هەر ئەوەیە (تۆم خۆش دەوێ)
بەسە ئەوەندە لەگەڵمدا توند مەبە
هەندێ غەمخۆری من بە
چاکتر ئەوەیە سەرم لە ڕێی تۆ دابنێم
ئەگەر قسەت خۆش و هەمواربێ لەگەڵمدا
ئەگەر ڕاست دەڵێی
وەکو یاران موافیقی
بەس بێ! جەفای ئاشقان مەدە
ئەوان گرفتار و هەژارن
(سەیدی) قوربانی لەش زیوییەکانە

گرفتاری بەژن و باڵای جوانە
خەیاڵی لای چاو ڕەشانە
ئەو چاوانە لەناویان بردووە

ئەم شیعرە بەم شێوە ئەندازیارییەی لێرەدا تۆمارکراوە لە بابەت کێشەوە بەخۆماڵی حسێب دەکرێ، هەر دێڕە شیعرێکی بریتییە لە هەشت بڕگە، بەم جۆرە وەک دوو بەیت دەکەوێتە بەرچاو لەسەر قافیە (ااا ب)، تەنیا دوو بەیتی یەکەم نەبێ لەسەر قافیەی (ا ب حـ ب) دەبێ. کەچی ئەگەر هەر دوو بەیتێک لە ڕووی ئەندازیارییەوە بکەین بەدێڕە شیعرێک (دوو نیو دێڕ شیعر) و بەشێوەی شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی تۆماری بکەین، دەبێتە غەزەلێکی عەرووزی لەسەر کێشی ڕەجەزی تەواو، هەر نیوە دێڕی چوار جار (مستفعلن) دەبێ، ئەم جۆرە شیعرە لە ڕەوانبێژیدا «موڕەسسەع»ی پێ دەڵێن، وەکو لەلای خوارەوە دەردەکەوێ:

ڕیۆن! داخـــــۆ باڵا تەڤـــــە هەزاریۆ دەردەدارەنی
گرد کوشتە و ئادیدە تەنی تە دیدەت جادووکارەنی
باڵات نەمـــانی نەوبەرۆ دیدێت نەرگـــسی مـــامـــەڕۆ
کوڵمێت ساڤۆ دڵی دەرۆ مەمێت مەرەجێو نارەنی

ئەمە یەکەمین شیعر نییە سەیدی بۆ ڕیۆن (ڕەیحان)ی خۆشەویستی وتبێ ، لە شیعرەکەدا مەبەسی شاعیر ئەوەیە لە دوو شت بدوێ، یەکێکیان وەسفی ئەندامانی لەشی یارە و، دیاردەکانی سروشتی ڕەنگینی هەورامان بەکاردێنێ بۆ بەراوورد و لە یەک چواندن، بۆ بەڵگە چاوی بە نێرگسی مامەڕۆ دەچوێنێ، ئەمە ناوی جیگەیێکە لە هەورامـاندا نێرگسەجاڕی زۆری لێیە و نێرگسی ئەوێ بەناوبانگە. زولفی خاوی لەگەڵ چنووری قەراغ ئەو ڕێگەیە بەراوورد دەکا کە دەکشێ بۆ سەرشاخی کاوێ لە هەورامانا. بەڵام لایەنی ڕازی دڵی لە شیعرەکەدا زیاتر دەکەوێتە بەرگوێ، لەم لایەنەوە تەنیا خەریکی ئەوەیە ڕیۆن باوەڕ بەوە بکا لەو زیاتر کەسی خۆش ناوێ، ڕازونیازی لە شیعرەکەدا وەک موناجاتێک وایە بەرامبەر بەبتێک، بەڵام پاڕانەوەی لە دڵدارییێکی زەمینی (مەجازی) دەکا، لەبەرئەوەیە خۆی بەقوربانی لەشی زیوین دەکا و گرفتاری باڵای جوانە و خەیاڵی لای چاو ڕەشانە.

٦

لەم لیریکەدا سەیدی دڵخۆشی دەردەبڕێ، بەختیارە بەوەی دلبەر هاتۆتە لای سڵاوی پێ بگەیەنێ، گفتوگۆی لەگەڵدا بکا، دەڵێ:

نازداران یاوان، نازدارە یاوان
نازاری بێ عەیب نازداران یاوان
عەلەیکەلسسەلام وە بانی چاوان
سەرزەمین بەنوور لە قای تۆ ئاوان
بنازوو بەسونع دارای بێ نیاز
بەقودرەت شەخسی چون تۆ مەدۆساز
بە لەب یاقووتی بەگۆنا قەمەر
شۆخ و زەریفی نەعالەم یەکسەر
یاڵڵا، تا دەوران دونیاوە پا بۆ
خوا یارت بۆ ئینە دوعات بۆ
قیبلەم سوپەردەی وەیسی نازار بای
ئەمین جە گەزەند دیدەی بەدکاری بای
فیدای باڵات بام، سەوڵی سەرئەفراز
بدیە پەی جەستەیم بنیەم نیگای ناز
(سەیدی) تا ئەورۆ رۆش نە حەیاتەن
هەر گۆیای مەدحی سەنای باڵاتەن
بەو شەرت تۆ بەندەی ئیخلاسش وانی
شایستەی ئینعام خەڵاتش زانی

واتاکەی:

نازدار گەیشت، نازدار گەیشت
نازداری بێ خەوش نازدار گەیشت
عەلەیکەلسسەلام بەسەرچاو هاتی
سەر زەوی بەڕووناکی تۆ ئاوەدان بووەوە
بنازم بەکردەوەی خودای بێ نیاز

که شۆخێکی وەک تۆی خوڵقاندووە
لێووت یاقووتە، کوڵمت مانگە
جوان و ڕەنگینی، تاکی لەگێتیدا
خودا تا دونیا ماوە ئاگادارت بێ
خودا ئاگای لێت بێ ئەمە دوعای منە
قیبلەم! تۆم بەوەیسی نازدار سپاردووە
لە ئازار بەدوور بی لە چاوی بەد بپارێزرێی
بەقوربانی بالآت بم وەک سەوڵی سەربڵند
بنوارە لەشم بەنیگای پڕ لە نازەوە
(سەیدی) تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندایە
تەنیا خەریکی مەدح و سەنای باڵای تۆیە
بەو مەرجەی بە بەندەیێکی دڵسۆزی خۆتی بزانی
بەشایستەی خەڵاتی بزانی

لەم شیعرەدا سەیری سۆزی خۆی دەردەخا بەرامبەر بەو یارەی بیری لێ کردۆتەوە و هاتۆتە لای. شانازی بەتوانا و کاری جوانی کردگار دەکا کە ئەم سەنەمەی دروست کردووە. ئینجا دەکەوێتە وەسفی لێوی وەک یاقووت و کوڵمی مانگ ئاسا. خۆشەویست لە نزیکییەوەیە نازانێ تەماشای کوێی بکا، کە مالآوایی لێ دەکا لە خودا دەپاڕێتەوە ئاگاداری بێ، بیپارێزێ بەوەیسی قەرەنی دەسپێرێ، سەیدی بەدرێژایی ژیانی تەنیا دڵسۆزی ئەوە، کەس لەناو دڵی نییە لەو زیاتر. با دلبەریش شاعیر بەبەندەیێکی دڵسۆزی خۆی بزانێ، ئەگەر کەسی تر هەیە شایانی خەڵاتی دلبەر بن، با سەیدیش یەکێک بێ لەوان.

٧

لە قەسیدەیێکی درێژی (پۆیێمێکی)دا سەیدی هەندێ بەسەرهاتی مەجنوونی لەیلامان بۆ دەگێڕێتەوە، لە ئەدەبی کوردیدا ئەم جۆرە چیرۆکە دڵدارییانە بەتایبەتی چیرۆکی لەیلا و مەجنوون لە شیعری لیریکیدا بایەخی زۆری پێدراوە. بەڕاستی شاعیران لەم جۆرە لیریکییانەدا داهێنانی ئیستێتیکییان زیاترە لەوەی تەواوی چیرۆکەکەیان بەقالبی چیرۆکی شیعری هۆنیوەتەوە.

سەیدی قەسیدەکەی بەم شیعرانە دەست پێ دەکا:

دڵەی شەیدای مەست، دڵەی شەیدای مەست
ئەوتۆ عاشقنی شێتی شەیدای مەست
شەرتی بەقاو بەین، قەیسی لەیل پەرست
هەر تا زیندەنی تۆ مازەش جە دەست
ئەرتۆ گەرەکتەن یار دیدەن کەری
هۆگێرە شێوەی قەیسی عامیری

واتاکەی:

ئەی دڵەی شەیدای سەرخۆشی
ئەگەر تۆ عاشق و شێت و شەیدای سەرخۆشی
ئەو شەرت و پەیمانەی قەیسی لەیلێ پەرست لەسەری بووە
تۆش تا لە ژیانداى لە دەست خۆتی مەدە
ئەگەر گەرەکتە چاوت بەیار بکەوێ
ڕێگەی قەیسی عامیری بگرە

بەم وتە پڕ لە داهێنان و هونەرییانە سەیدی بەرەو ڕووی دڵی دەبێتەوە و ئامۆژگاری دەکا بەوەی ئەگەر بەڕاستی مەبەسی دڵدارییە پێویستە ڕێگەی قەیس بگرێ و پەند لە بەسەرهاتی وەربگرێ. ئینجا لە هەڵسوکەوتی دەدوێ:

بەو دەشت و دەردا سێر گێڵا خەیلێ
ئاخر شی وە لای هەوارگەی لەیلێ
دیش خێڵی لەیلێ، نەوجا هۆر کەندەن
مەنزڵ ویرانەن کەس تێش نەمەندەن
مەجنوون خۆ وێڵ بی بەتەر بی هەردە
هەر داتش بەسەردا چون ئازیز مەردە

واتاکەی:

بەو دەشت و دەرەدا زۆر سووڕایەوە
لەدواییدا گەیشتە هەوارگەی لەیلا

بەچاوی خۆی بینی لەو جێیە نەماوە

مەنزل وێرانەیە کەسی تێدا نەماوە

مەجنوون وێڵ و سەرگەردان بوو لەم هەردانەدا

بەهەردوو دەست لە خۆی دەدا وەک عەزیز مردە

مەجنوون کە دەگاتە هەوارگەی لەیلا و لەوێ نایدۆزێتەوە، یەکجار پەرێشان دەبێ و بەهەردوو دەست لەسەری خۆی دەدا و، وێڵ و سەرگەردان لە بیابانا دەسووڕێتەوە:

جە کۆچی لەیلێ شای بەینەت داران

تۆنی جێ مەندەی کۆنە هەواران

خەیلێ پەی دەستوور پەشێو بێ پەرێش

ئەحوالی لەیلێ خەبەر پەر سالێش

ناگا تەماشای دەشت و سارا کەرد

دیش کە سەییادێ پەیدا بی جەهەرد

یەک ئاهووش کوشتەن وەستەن نەشاندا

مەو یەرۆ بەجەخت نەوبیابانْدا

شی وەلای سەییاد قەیسی جەفاکێش

تا چون سائیلان گۆشت بوازۆلێش

واتش ئەی سەییاد تۆ عەشقی پیرت

ببەخشە پێمان ئارۆ نەچیرت

سەییاد چون مەردان مەردانەکی کەرد

لای نەچیرش بە مەجنوون سوپەرد

مەجنوون هۆر گیرا و ئاما بەشیتاب

گنا نە خەیاڵ کارسازی کەباب

ئاهووی سەییادش قیمە کەرد بەتێغ

لاشە و جەرگ و دڵ پێکاوە ڕووی سیخ

بەدڵەی پورسۆز هیجران وەردەوە

بەئاهی دەروون ئایر کەردەوە

کـــەبابـێ کـــەردش بەســـــەر ســـۆز و غـــەم
نمـە کـــاووش کـــەرد بـە ئـەســــرینی چەم
ئـاوەر وەلای ســـــەگ بـەتـەعـــــجـــیل و دەو
واتـش ئـەی زەعـــیف بـێ خـــۆراک و خـــەو
یەتـەعـمـــەی کـەباب قــەیسی چۆت گـەردەن
تـۆ زامـــــــــــدارەنـی پـەی تـۆم ئـاوەردەن
دەسـا مـەیل کـەرە شـیـفـای جـەسـتـەت بۆ
مـەرهەم پەی زامـان جـەستەی خـەسـتـەت بۆ
چەندێ پەی دەسـتوور کـەباب کـەرد پەرێش
تـاکـــە زامـــــانش یـەک یـەک بی ســــارێش
قـــووەتش جـــە قـــووت کـــەبـاب بی تـازە
تـەی بی نـەســــارا کـــەردش جـــانبــــازە

واتاکەی:

لە کۆچی دوایی لەیلای شای وەفاداران
تۆ لە کۆنە هەواران بەجێماوی
ماوەیێک بۆ کەسێک پەرێشان بوو
هەواڵی لەیلای لێ بپرسێ
لەپڕ تەماشای دەشت و دەری کرد
چاوی بەڕاوچییێک کەوت لەو هەردە پەیدا بوو
مامزێکی کوشتووە و داویەتییە سەرشانی
بەتیژی تێدەپەڕی لەو بیابانەدا
قەیسی بەلەنگاز چووە لای ڕاوچی
بۆ ئەوەی وەک دەرۆزەکەران گۆشتی بداتێ
وتی: ئەی ڕاوچی سوێندت بەعەشق
نێچری ئەمڕۆت بەمن ببەخشە
ڕاوچی مەردانە پیاوەتی کرد

لاشەی نێچری دایە مەجنوون
مەجنوون هەڵی گرت بەپەلە ون بوو
بیری لەوە کردەوە بیکا بەکەباب
مامزی ڕاوچی بەچەقۆ قیمە کرد
لاک و جەرگ و دڵی کرد بەسیخدا (شیشی کەباب)
بەدڵێکی پڕ لە سۆزی دووری
بەئاهی ناو دەروونی ئاگری کردەوە
بە سۆز و دڵ شکاوی زۆرەوە کەبابی ئامادە کرد
بەفرمێسکی چاوی دروستی کرد
بەپەلە بۆ لای سەگی هێنا
وتی: ئەی ئەوەی بێ خۆراک و خەو
بەم کەبابە خۆراکی قەیسی چۆڵ و هەردانە
تۆ برینداری بۆ تۆم هێناوە
فەرموو بیخۆ شیفای گیانت بێ
مەلحەمی برین و لەشی نەخۆشت بێ
ماوەیێک بەم جۆرە کەبابی بۆ دروست کرد
تا برینەکانی یەک یەک سارێژ بوو
بە کەبابەکە هێزی هاتەوە سەر خۆی
دەستی کردەوە بەگەڕان و قەڵەمبازی لە سارادا

لەدوای ئەمە دیسانەوە مەجنوون دەکەوێتە گەڕان بەشوێن لەیلادا، بێ ئەنجام نەیدۆزییەوە و نایدۆزێتەوە. سەیدی لە هێزی چاکە بەولاوە لە دەروونی مەجنووندا هیچ شتێکی دیکە نابینێ. لەکاتێکدا خۆی تووشی دڵدارییێک بووە نەگەیشتۆتە ئەنجام بەزەیی تەنیا بەئادەمزاد نابێتەوە، بەڵکو بەئاژەڵیش، لەبەرئەوە بەسەرهاتی ڕاوچی و نێچیرەکەی دەدۆزێتەوە. مەجنوون لەو بیابانەدا تووشی ڕاوچییێک دێ خۆی و کارمامزە نێچیرەکەی، داوای لێ دەکا گۆشتی مامزەکەی بداتێ، نەک بۆ ئەوەی خۆی بیخوا، بەڵکو بۆ ئەو سەگە لەڕەی لە برسانا هێزی تێدا نەماوە، گۆشتی مامز دەکا بە کەباب بۆ سەگەکە. بەرە بەرە سەگ دێتەوە سەر خۆی و

قەڵە و دەبێتەوە و دەکەوێتە گەڕان و سەیران و قەڵەمبازی لەم دەشتە بێ پایانەدا. بەم جۆرە ڕەوشتی سۆزی مرۆڤایەتی لە بێ نەوا و نامرادێکی وەکو مەجنوون دروست دەکا و هەوڵ دەدا ڕێگە بۆ خەڵکی دیکە خۆش بکا بۆ ئەوەی بگەنە مرازیان، چونکە خۆی بەو مرازە شاد نەبووە.

سەیدی بەم دێڕانە دوایی بەشیعرەکەی دێنێ:

ئەر پێش مەزانا ڕەقیبی ڕا چەفت
ئاخر وەلای لەیل کەی ڕاگەش مەکەفت
(سەیدی) داد جە دەس بەخۆیی ڕەقیب
نمازۆ دیدار یارش بۆ نەسیب
ئەرسەد سال چەنیش بکەری حاسی
خاسیش هیچ نیەن غەیر جەنارسی
سەگ پێشەش مەدەی وەفاش پەی تەورەن
ڕەقیب گەنجش دەی پیشەش هەر جەورەن

واتاکەی:

ئەگەر ڕەقیبی بەدکار دەیزانی
مەجنوون ڕێی دەکەوێتە لای لەیلا ڕێگەی لێ دەگرت
ئەی (سەیدی) داد لە دەست بەدخوویی ڕەقیب
ئەو ناهێڵێ یار نەسیبی بێ
ئەگەر سەد ساڵیش چاکە بکەی
چاکە لە ڕەقیب ناوەشێتەوە تەنیا درۆ نەبێ
سەگ ئێسقانی دەدەیتێ وەفای هەیە
ڕەقیب ئەگەر چاکەشی لەگەڵدا بکەی پیشەی خراپەیە

ڕەنگدانەوەی چیرۆکی دڵداریی «لەیلا و مەجنوون» لە ئەدەبی کوردیدا، بەشیعر و پەخشان، بەلیریک و چیرۆکی شیعری کورت و درێژ لە ڕۆژگاری کۆنەوە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بەشێوەیێکی فراوان لەناوەوە بووە، ئەم شیعرەی سەیدی یەکێکە لەو لیریکە زۆرانەی لەم بابەتەوە هۆنراونەتەوە.

٨

لەم لیریکە کورتەدا سەیدی لە ئێش و ئازاری لەش و شپرزەیی دەروونی دەدوێ، ڕوو دەکاتە هاوڕێیانی و دەڵێ:

هام سەران ئێشان، هام سەران ئێشان
ئێ شەو زامی تەن خاس مەدان ئێشان
مەلوول و زویر خاتر پەرێشان
چمان قیمەی جەرگ ئەمن مەکێشان
کەس نییەن پەرسۆ ئی زامدارەکێن؟
ئی بەندەی بەدبەخت سیاستارکێن
پەی ڕووی ڕەزای حەق فیکرێ جەحاڵم
با نەگێرۆ عام هەناسەی کاڵم
ئەر زامان بەی تەور تاسوب کەران چڵ
سوب لاشەی (سەیدی) مەسپاران بەگڵ

واتاکەی:

هاوڕێیان ئێشم هەیە
ئەمشەو برینی لەشم بەکوڵ ئێش و ئازاری هەیە
مەلوول و زیزم حاڵم پەریشانە
جەرگم قیمەکراوە حەجمانم نەماوە
کەس نییە بپرسێ ئەم زامدارە کێیە؟
ئەم بەندەی بەدبەخت و چارەڕەشە
بۆ خاتری خودا بیرێک لە حاڵم بکەنەوە
با هەناسەی کاڵم هەموو دونیا دانەگرێ
ئەگەر برینەکانم تا بەیانی بەم جۆرە بمێننەوە
سبەینی لەشی (سەیدی) بەخاک بسپێرن

لەم شیعرەیدا سەیدی دوو مەبەس دەدا بەدەستەوە، یەکەمیان ئێش و ئازاری دەروونی دەکا بەئێش و ئازاری لەش و بەشێوەیێک دەری دەبڕێ حەجمانی لێ

بڕیوه، دووهمیـان شـاعیـر پشـتگوێ خـراوه، کهس لێی ناپرسـێتـهوه و بههانایهوه نایه. بێ گومـان مهبهسـی ئهوهیه ئهگهر لـێی بپرسن ئێش و ئازاری کهم دهبێتهوه و وهک نوقڵانهیێک دهکـهوێتـهوه و لهو مـهینهتییـه ڕزگـاری دهبێ. بـهلایهوه ئهگـهر لێی نهپرسنهوه بهیـانی ئهو شـهوه کۆچی دوایی دهکا، ئهوکاته دهبێ خـهریکی ناشـتنی بن.

٩

دهڵێن مـسـتـهفـا بهگی کـوردی بیروڕای بـهرامبـهر بهشیـعری سـهیدی دهربڕیوه و، وتوویهتی گـۆیا هـهمـووی بهسـهر عـهشق و دڵداریدا هـهڵداوه. شـاعیـر بهم لیـریکه وهرامی کوردی دهداتهوه:

هـیـــجـــری نهزانـان، هـیـــجـــری نهزانـان
تـۆ بـهحــــاڵی دهرد ئێـــمــــهت نـهزانـان
من (ســهیدی) ســهردار ســوپای دێوانان
کوشتـهی دهردی عـهشق زهدهی هیجـرانان
تاوانـام کـیــتـــاب دهرسـی عـــهشــقـم وهند
مـۆری دڵ بـهسـهجع نـامی عـهشـقـم کـهند
جـه مـهکتـهبخـانان تاکـه مــهشـقـم کـهرد
عـالـهم مـهزانان مــهشـقی عـهشـقـم کـهرد
تـاکــه جــــوان بێم نهســـهودای یـار بێم
هـهوای عـــهشـــقـم بێ پهوچی ســادار بێم
بـه ســـــاداری عـــــهشق یـا وام بـهپـیـــری
ئـهســــــڵا رام نـهکـــــهوت مـن وهلای ژیری
نـهو وههاری عـــــومــــر جـــــوانیم و بـهرد
گـــا چهنـی هیـــجــــران گـــا بـهداخ و دهرد
هـهر شـــێت و ســـادار بیـــابـان گـــێڵ بێم
چمـــان من جـــا دار مـــهجنوونی وێڵ بێم
(ســـــــهیدی) تـا زینـدهن چـهنۆ دهردهوه
چون مـــهجنوون وێڵــهن بـهڕووی هـهردهوه

واتاکەی:

هیجری! نەتزانیوە، هیجری نەتزانیوە
تۆ بەحاڵی دەردی ئێمەت نەزانیوە
من (سەیدی) سەردار و سوپای دێوانانم
کوشتەی دەردی عەشقم، زامداری هیجرانم
هەموو خوێندنم دەرسی عەشق بوو
مۆری دڵم بەسەجع بەناوی عەشقەوە هەڵکەند
لە قوتابخانەکاندا مەشقی عەشقم کرد
هەموو کەس دەزانن مەشقی عەشقم کردووە
تا جوان بووم لە سەودای یارا بووم
هەوای عەشقم هەبوو بۆیە لە گەڕاندا بووم
بەهۆی عەشقەوە گەیشتمە پیری
بەهیچ جۆرێ ڕێم نەکەوتە کن ژیری و عەقڵ
نەوبەهاری تەمەنی جوانیم بەڕێ کرد
هەندێکی لەبەر دووری، هەندێکی لەبەر داخ و دەرد
شێت و وێڵ بووم بیابانم دەپێوا
بەم جۆرە بووم بەجێگری مەجنوونی وێڵ
(سەیدی) هەتا زیندووی بەئێشی دەرد دەتلێیتەوە
وەک مەجنوون وێڵی لە هەردەاندا

سەیدی لیریکەکەی بە وشەی «هیجری» دەست پێکردووە، وەک کەسێک قسەی لەگەڵدا دەکا. ئەوە ئاشکرایە «هیجری» نازناوی مستەفا بەگی کوردییە، لە هەندێ لە شیعرەکانیدا ئەم نازناوەی بەکارهێناوە. سەیدی بەکوردی دەڵێ: تۆ بەحاڵی من نازانی، من سەردار و سوپای عاشقانم، کوشتەی دەردی عەشقم. من لە قوتابخانەی عەشق فێری دڵداری بووم، وێڵ و سەرگەردانی عەشقم، تا پیربووم تەنیا دڵداریم زانیوە، هەموو کات و سەردەمم لە بیابانا بردۆتە سەر، وەک شێت دەشت و هەردی چۆڵ بوو بەجێ نشینم و بووم بە مەجنوونی لەیلا.

ئەوەی لێرەدا سـەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە بۆ کوردی گلەیی لە سـەیدی کردووە! چونکە بەرهەمی شیعری هەمووی لە بابەت دڵدارییەوەیە! ئەدی کوردی خۆی جگە لە شیعری دڵداری هەست بەهیچ جۆرە شیعرێکی دیکە لە دیوانیدا دەکرێ!

١٠

لە قەسیدەیێکی درێژیدا سەیدی وەسفی شاخی عەودالان دەکا، وێنەی شیعری جوان لە یادی ئەو شاخەدا دروست دەکا:

چون کـۆی عـەودالان، چون کـۆی عـەودالان
کـۆن کـۆیێ دڵگیـر چون کـۆی عـەودالان
کـابەی مـەقـسـوودەن پەرێ نەوهـالان
پەی وایە مـــــراد وەنـەش مـــــەلالان
کـۆی بەرزی بوڵەند چمـان کـۆی قـافـەن
بە بەرزی بـەرزەن بـەســافی سـافـەن
سـەرکێشـان نەئەوج چەرخی چەهبـەری
بۆش نیـان نەبۆی زوهـرە و مـوشـتـەری
جـای شـەو بێـداران سـەحـەر لالانەن
تەکـیـەگـای خـاسـان هەفت ئەودالان
هـەر هەفت ئەودالان قـوتبی ڕووی زەمـین
چون ئەسـحـابولکەهف دایم غـارنشـین
مـەسکەنشـان گـرتەن بەو بـوڵەند کـۆوە
یا مـەنهـوو شـانەن هەر ڕۆ جـە نۆوە
تا دونیـا وە پوشت مـاهیش قـەرار بۆ
روتبـە شـان بوڵەند هـیـمـەتشـان یار بۆ
هانە پای ئەو کـــۆ ڕەندان چون پەری
گشت ئامادەی حوسن شـۆخی و دولبەری
نەک جـە غـەم نیشـۆ نە دڵشـان خـارێ
کەردەنشـان دەستوور هەر هەفتێو جارێ

وەختی شاخەی سوبح ئەو گرۆی ڕەندان
کۆی کلاف نەدۆش موشکین کەمەندان
مەخێزان بەعەزم بارگەی عەودالان
مەدان جە نەووە تەرتیبی خالان
چون ئاهووی ختوتەن ڕەوێڵەی تەتار
پۆل پۆل نازداران مەبینان قەتار
بەڕەفت و هەموار بەڕێزە ڕێزان
مەشان بەو کۆوە بەمراد وازان
وەختێو پاوەنیان وە بالای کەمەر
نەخاکی پاشان گولان مەنیان سەر
ئەشەد بۆی توفەیل سەر نەراشانەن
چنوور ئامێتەی خاک پاشانەن
یاڵلا قاپی خەیر تۆ کەری گوشاد
یاوان بەمەقسوود بدەیشان مراد
یا هەفت عەودالان کۆی بەرز و بولەند
دیدەی بەد پێشان نەیاو نۆ گەزەند
عەودالانی بەرز، بەرز بۆ پایەشان
دایم بەی دەستوور خاتر شادکەران
بەڵکم وەختی سەیر ئێمەیچ یاد کەران
(سەیدی) تاسەی سەخت دووری یارشەن
نە ئارام نە سەبر نەقەرار شەن
یا عەودالْ (سەیدی) هاوار وەتۆ شەن
دیدەش بەدیدار یارەکەی ڕەوشەن

واتاکەی:

وەکو کێوی عەودالان، وەکو کێوی عەودالان
لە کوێ کێوی دڵگیری وەک عەودالان هەیە

کابەی ڕازونیازی جوانانە
لێی دەپاڕێنەوە نیازیان بێنێتەدی
کێوی بەرز و بڵندی وەک کێوی قاف
لە بولەندی بولەندە، لە لووسی لووسە
سەری کشاوە تا ئەو جێ ئاسمان
لە زوهرە و موشتەری نزیک بۆتەوە
جێی شەوی بێدارانە، ئەوانەی لە سەحەردا موناجات دەکەن
تەکیەی پیاوچاکانە کە حەوت عەودالانن
ئەو حەوت عەودالانە قوتبی ڕووی زەمینن
وەکو ئەسحابولکەهف هەمیشە لە ئەشکەوت دەژین
جێگەیان لەو کێوە بڵندە گرتووە
هەموو ڕۆژێ تەنیا یا مەنهوو دەڵێنەوە
(مەنهوو لە «من هو»ەی عەرەبییەوە، زیکری خودا)
تا دونیا لە سەرپشتی ماسی قەراری گرت بێ
خودای پایەبڵند یاریدەدەرە
لە بناری ئەو کێوە ژنانی جوانی وەک پەری
ئەو شۆخانە بەڕازاوەیی کۆبوونەتەوە
بۆ ئەوەی دڵیان نەئێشێ و لە غەم نەنیشن
هەفتەی جارێک سەرم لێ دەدەن
کاتی بەیانی زوو ئەو تاقمە جوانانە
کەمەندی سەرشانیان ڕادەخەن
بۆ خۆشی دێن بۆ بارەگای عەودالان
بەملوانکەی ملیانەوە
وەکو مامزی ناوچەی خوتەنی وڵاتی تەتار
پۆل پۆل نازداران بەرەو عەودالان دەڕۆن
بەڕەوتی جوان وردە وردە

سەردەکەونە کێو بۆ موناجات (دوعاکردن)
کاتێک پێیان دەنێنە قەد کێو
لەژێر پێیان گوڵ و گوڵاڵە سەریان شۆڕ دەکەن
ئەشەدی بۆن خۆش لە ڕێگا هەمیشە لەگەڵیانە
(ئەشەد گیایێکی بۆن خۆشە)
چنوور لەگەڵ خاکی ژێر پێیان تێکەڵ بووە
خودایە قاپیی خێر بکەرەوە
با هەموویان بەهیوا و ئامانجیان بگەن
ئەی حەوتی عەودالان لەم کێوە بەرز و بڵندە
لێتان دەپاڕێمەوە چاوی بەد زیان بەجوانان نەگەیەنێ
ئەی عەودالانی بەرز، با پایەتان هەر بەرز بێ
یارمەتی ئەوانە بدەن، مافیان بپارێزن
هەمیشە بەم جۆرە غەم لاببەن
لە سەیران و خۆشیدا یادی ئێمەش بکەنەوە
(سەیدی) دووری یار کارێکی سەختی لێ کردووی
لە سەری داوی، نە ئارام نە سەبر نە قەرار
یا عەودال (سەیدی) هاوار بۆ تۆ دەبا
چاوی بەبینینی یار ڕۆشن ببێ

شاخی عەودالان شاخێکی بەرز و سەرکەشە، لە هەورامانی تەختەوە نزیکە، مەڵبەندی ئەفسانەی خەیاڵبزوێنە، دەڵێن ئەشکەوتێکی لێیە گۆڕی حەوت عەودالی سۆفیزمی ڕاستی و گرفتاری کردگاری گرتۆتەخۆ، ئیتر بووە بەمەزارگەی خاوەن مرازان. ئەو جوانانەی دڵیان لێ دەدا بۆ سۆزی دڵداری ڕوو دەکەنە ئەشکەوتی ئارامگەی ئەو پیاوچاکانە، بەڵکو نیازیان قوبووڵ ببێ.

سەیدی دەڵێ: شاخی عەودالان پیرۆزە، بەرزە لوتکەی گەیشتۆتە ئاسمان و لە ئەستێرەکانی زوهرە و موشتەری نزیک بۆتەوە. ئەو حەوت عەودالەکەی ناو ئەشکەوت بەشەو نانوون، بەیانیان موناجات لەگەڵ خودا دەکەن. حەوت عەودالەکە وەکو هاوڕێیانی ئەشکەوتن (أصحاب الکهف). تا گێتی لەسەر پشتی ماسی

بمێنێ ئەوان یاریدەی خەڵکی دەدەن. لە بناری شاخ کچی پەری چەهرە خۆیان دەڕازێننەوە، هەفتەی جارێک ئەم جوانانە دێن بۆ سەردانی عەودالان بەخۆیان و ملوانکەی مێخەکبەندیانەوە. ئەو جوانانە ڕێز دەبەستن وەکو مامزی خوتەن پۆل پۆل ڕوو دەکەنە عەودالان. کە ئەو جوانانە بەشاخ هەڵدەگەڕێن گوڵ و گوڵاڵە سەریان دادەنوێنن بۆ ئەوەی پێیان لێ بنێن، ئەمە بۆ ڕێزلێنانە. لەم ئەرزە ڕەنگینەدا ئەو نازدارانە گیای ئەشەد و گوڵی چنوور فەرشی ژێر پێیانە.

شاعیر لە خودا دەپاڕێتەوە ئاوات و خواستیان بهێنێتەدی. لە حەوت عەودال داوا دەکا ئەو جوانانە لە چاوی پیس بپارێزێ، بەڵکو کە چاویان بەو دیمەنە دڵڕفێنانە دەکەوێ بیر لە شاعیریش بکەنەوە، لەدواییدا شاعیر دەڵێ: سەیدی بێ ئارام و بێ سەبر و بێ قەرارە، چونکە دوورە لە یاری.

١١

هەندێ کۆلکە سۆفی لای شێخ عوسمانی تەوێڵە (سیراجەدین) باس لە سەیدی دەکەن و دەڵێن تەنیا خەریکی مێبازییە و شیعر بۆ ژنان دەڵێ، لەبەر ئەوە بۆ موریدی تەریقەت دەست نادا. سەیدی ئەم شیعرە بۆ شێخ دادەنێ وەک وەرامێک بۆ ئەو سۆفییە هیچ نەزانانە:

یا شێخ سەنعانم، یا شێخ سەنعانم
عاشق پەی تەرسا، من چون سەنعانم
بێ پاک جە تانەی مەناو مەنغانم
چون یەعقووب داغدار پەی مای کەنعانم
وامیق پەی عوزار زوڵف عەنبەرینم
فەرهاد جە حەسرەت خالی شیرینم
جە بەهرام بەدتەر من نمەد پۆشم
گوڵ ئەندام سەندەن فام چەنی هۆشم
مەجنوونی لەیلم بیابان گێڵم
عالەم مەزانان، پەی لەیلی وێڵم
زەدەی گوڵ جەمین وەنەوشە خاڵم
ها جەلاش هۆشم فیکرم خەیاڵم

من چون ســالیکان ڕای عــەشــقم دایم
یا شـێخ لا قــەیدم جــە لۆمــەی لایم
نـەواچان پـەی دەرد هـەر مـن مــوبتــەلام
ســەد کـەس ها چون من بـە ئایەی کـەلام
هەزار کەس وەی تەور شێوەش ئی بازین
نیم بەحــەقــیــقــەت نیم بـە مــەجــازین
تـا مــــەجــاز نـەبۆ حـــەقـــیق نمـەبۆ
حـەقــیق بێ مــەجـاز تەحـقـیق نمە بۆ
ئەر حـەقـیـقـیـیـەن ئـەر مـەجـازییـەن
دڵی مـن بـە ئـەو بـەخـــوا ڕازییــــەن
گشت جە مـن فێشـتـەر خـالـشـان فـەنان
داخم هـەر ئیــدەن، هـەر پەی مـن مــەنان
گـرد جـە هام دەردی، مـن حـاشـاکـەران
شــا خــەڵقــان بـەیان تەمــاشــاکـەران
ئەر عاشق نـەبان یەکسـەر مـەڵلا و شـێخ
فــتــوا بۆ (ســەیدی) ســەربڕان بەتێخ

واتاکەی:

یا شێخ من سەنعانم، یا شێخ من سەنعانم
عاشقی تەرسا من وەک سەنعانم
بێ باکم لە تانە و لۆمەی خەڵکی
وەکو یەعقووب داغدارم لە گۆشەی کەنعان
وەکو وامیق عەوداڵی زوڵفی عەنبەرینم
وەکو فەرهاد بۆ خاڵی شیرین دەناڵم
لە بارام بەدتر لباد دەپۆشم
گوڵەنام فام و هۆشی بردووم
شێتی لەیلام، وێڵی بیابانم

هەموو کەس دەزانێ من بەدوای لەیلا وێڵم
ئەو یارەی ڕوومەت گوڵە و وەنەوشە خاڵە
هۆش و فیکر و خەیاڵمی بردووە
من وەک دەروێشان هەمیشە لە ڕێگەی عەشقدام
یا شێخ دەربەستی لۆمەی ئەو کەسەی لۆمەم دەکا نیم
دەڵێن گۆیا تەنیا من تووشی ئەو دەردە بووم
بەقورئان سەدان کەسی وەک من تووش بوون
هەزار کەس بەم شێوەیە خەریکی ئەم گەمەیەن
نیوەیان حەقیقییە و نیوەیان مەجازییە
تا مەجاز لەناوەوە نەبێ حەقیقی پەیدا نابێ
حەقیقی بێ مەجازی دروست نابێ
هەرچی حەقیقییە و هەرچی مەجازییە
بەخودا دڵی من هەر بەو ڕازییە
هەموویان لە من زیاتر حاڵیان پەرێشانە
داخم هەر ئەوەیە تەنیا لۆمەی من دەکەن
هەموویان حاشا لە هاودەردی من دەکەن
سا خەڵقینە وەرن تەماشاکەن
هەموو مەلا و شێخەکان ئەگەر عاشق نەبن
با بڕیار دەرکەن سەری (سەیدی) بەچەقۆ ببڕن

ئەم شیعرە وەرامدانەوەی ئەو سۆفییە مێشک وشک و دەروون وێرانانەیە کە لە دڵداری ناگەن. سەیدی ئامۆژگاری دەکا و هەندێ ڕووداوی مێژوو لەبارەی عەشقەوە ورد دەکاتەوە، بەشێخ دەڵێ: شێخی سەنعان عاشقی کچە گاوور بوو، لە ئایین وەرگەڕا و بوو بەمەسیحی، منیش لەبەرئەوەی خاوەن دڵم وەکو سەنعانم لێهاتووە، باکم لە قسەی خەڵکی نییە. یەعقووب بۆ یوسفی کوڕی غەمبار بوو، منیش وەک ئەوم لێهاتووە، وەکو فەرهادم بۆ شیرین، وەکو مەجنوونم بۆ لەیلا، هەر من عاشق نیم، خەڵکی دیکە زۆرن، ئەوانە دوو بەشن بەشێکیان عەشقی حەقیقییە، واتە خودایی، ئەویتریان مەجازییە، واتە زەمینی. لە سەرەتادا عەشقی

مەجازی دەبێ، لەدوای ئەو عەشقی حەقیقی. ئەوەی منیش هەر کامەیان بێ پێی ڕازیم، خاوەنی ئەو عەشقە یاری منە، شاعیر سەری سوڕدەمێنێ لەوەی بۆ تەنیا سەرزەنشت و لۆمەی ئەو دەکەن لە عەشقدا، ئەگەر پێویستبێ مەلا و شێخ نەبن بەعاشق، من بەوە ڕازیم بڕیاری سەربڕینم بۆ دەربچێ.

١٢

دیوانی سەیدی موناجاتێک دەوردەکاتەوە ئەگەر لە گێتیی شیعری ئایینیدا بەدوای شاکارەکان بگەڕێین ئەم قەسیدە درێژە ٤٣ دێڕە شیعرییەی شاعیر لەناو ئەو کۆمەڵە شاکارانە دەدۆزێتەوە.

سەیدی قەسیدەکەی بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

یا حەیی بێچوون یاحەیی بێچوون
یاحەیی بێ میسل، بێ هەمتای بێچوون
یا فەرمان فەرمای ئەمری (کاف و نوون)
کەریمی کارساز بە (کون فەیەکوون)

واتاکەی:

یا زیندووی بێچوون، یا زیندووی بێچوون
یا زیندووی بێ وێنە، بێ هاوتای بێچوون
ئەی فەرمان بەدەست، فەرمانی (کاف و نوون)
ئەی کەریمی کارساز بە (کون فەیەکوون)

لەدوای دەربڕین و پیشاندانی هەندێ لە سیفەتەکانی خوا ئەوانەی لەسەر زاری ئاییندار و سۆفییانی تەریقەتن لەکاتی موناجاتدا دێتە سەر ئەو کەسانەی تەنیا یادی خوا دەکەنەوە:

یادی تۆن ڕەفیق شەو زیندەداران
تۆنی یارشان شەو بەرۆ ماران
کانی سەخاو جوود کەرمدار تۆنی
ڕەززاق پەی مەخلووق هەر ڕۆ هەرتۆنی
تۆ جە خوانی جوود ڕۆزیت دان قەرار
ئینس و جین و تەیر مەل و موول و مار

واتاکەی:

ئەو خەڵکانەی شەو نەنووستوون و یادی تۆ دەکەن
تۆ یاری ئەوانی شەویان دەکەن بەڕۆژ
سەرچاوەی سەخاوەت و چاوتێری و کەرەم هەر تۆی
ڕزقدەری خەڵک لە هەموو ڕۆژێکدا هەر تۆی
تۆ لەسەر خوانی بەخشش بڕیاری ڕۆژیت داوە
بۆ ئادەمزاد و جنۆکە و باڵندە و مێرووله و مار

ئینجا شاعیر باس لە بێ دەسەڵاتی ئادەمزاد و گەورەیی خودا دەکا، لێی دەپاڕێتەوە و داوای لێبووردنی لێ دەکا، گوناهکار لەدوای تۆبە بەهیچ جۆرێ دەسەڵاتی نییە، بەڵام خودای گەورە دەتوانێ لێی خۆشبێ:

خەشمت عەزیمەن، کەرەم بێ سامان
کەس تەوانای قەهر تۆش نیەن ئامان
ئێمە گرد بەندێ، خەتاکارێنمێ
جە خەتاباری، گران بارێنمێ
ئومێدمان بەعەفو، بێ سامانی تۆن
وەرنە کەردەی نێک، جەلای ئێمەی کۆن

واتاکەی:

ڕقت زۆر گەورەیە، کەرەمت بێ سنوورە
کەس توانای قەهری تۆی نییە، تۆش ئامانت نییە
ئێمە هەموو گوناهکارین
لە گوناهدا بارمان گەلێ قورسە
هیوامان بەلێبوردنی بێ سنووری تۆیە
ئەگینا کاری چاکە لەلای ئێمە نییە

لەپاش ئەوەی کۆتایی بەپاڕانەوەی لە گوناه خۆشبوون بۆ هەموو کەسێک دێنێ. لەدوا دێڕەکانی بەم قەسیدەیە لە خوا دەپاڕێتەوە لە گوناهی خۆی خۆش بێ:

خوسووس پەرێ من، گوناهکار تەرم
جە مایەی عیسیان سەنگین بار تەرم

نامەی ئەعمالم جە عیسیان سیان
داغمەی بەدبەختیم بەدڵ دانیان
یا غامیزولزەنب، سرپۆشی سەتتار
بۆیەر جە جورمی (سەیدی) خەتاکار

واتاکەی:

بەتایبەتی بۆ من گوناهم زۆرە
باری گوناهم یەکجار قورسە
نامەی کردەوەکانم لە گوناهکاریدا ڕەشە
مۆری بەدبەختیم بەدڵمدا ناوە
ئەی ئەو کەسەی لە گوناە خۆش دەبی و دایدەپۆشی
لە گوناهی (سەیدی) خەتابار خۆش بە

بەم دێڕە شیعرانە سەیدی کۆتایی بەقەسیدە درێژەکەی دێنێ. ئەم شیعرە ئایینییەی شاعیر دەلاقەیێکی پڕ کردۆتەوە لە باڵەخانەی دیوانی شیعری سەیدی هەورامی.

***

سەیدی هەورامی یەکێکە لە شاعیرە شێواز ناسکەکانی کورد، دروستبوونی بەرهەمی شیعری بەزمانێکی پاراو بووە بەنموونەی ئەو شیعرە میللییانەی هەستونەستی ناوەوەی دڵداری لە دەروونی خەڵکیدا دەبزوێن. لە ڕووی هونەرییەوە شاعیر دەوری دیاری هەیە لە دەوڵەمەندکردنی سامانی نەتەوەیی. هەردوو شێوازی خۆماڵی (سیلاب) و عەرووزی لە کێشی شیعریدا بەکارهێناوە، لە هەردوو باردا قافیەی مەسنەوی (جووت قافیە) و یەکێتیی قافیەی بەکارهێناوە.

لە هەموو مەبەسە کلاسیکییەکان شیعری داناوە، لە هەموویان زیاتر وەسف و دڵدارییە، شیعری ئایینی کەمە. لە ڕەوانبێژیدا دەوری هەیە، بەڵام زیاتر بایەخی بەمولەممەع و تێکهەڵکێش داوە.



سەید براکە

بەشی هەژدەمین

سەید براکە

١٨٧٣-١٧٩٥

دیدە دیدەی لەیل، نە ناسۆ وە وێش
کۆر بۆ نابینا، بەدتەر بە یۆ پێش

ژیانی سەید براکە

حەیدەر کوڕی مەنسوور لە ساڵی ١٧٩٥ لە گوندی «تووت شامی»ی ناوچەی «دۆڵی داڵان»ی هەرێمی کرماشان لە دایکبووە. نازناوی یا ناوی تایبەتی لە کۆمەڵەی یاران و ڕێکخراوی ئایینی یارسان (ئەهلی هەق) سەید براکە بووە، لە کتێبی پیرۆزی یارسان سەرەنجام و دەسنووسی کاکەیی و یاداشت و دەسنووسی کاکە ڕەزا زانیاری لە بابەت سەید براکە و ڕێکخراوی یارانی هەیە، بەپێی ئەو سەرچاوانە بنەماڵەی خامۆشیی سەید بوون و لە تووت شامی نزیک گەهوارە دەژیان، سەید براکە یەکێکە لە ئەندامانی ئەم خێزانە پیرۆزەی ئایینی یارسان.

سەید براکە بەهۆی ئەوەی لە بنەماڵەیێکی یارسان پەروەردە بووە زانست و زانیاری و تیۆرییەکانی ئایینی لە ڕێبەر و گەورە پیاو و خوێندەوارانی ئەو سەردەمەی دەوروبەری ژیانی خۆی وەرگرتووە، لەپاشانا وەک ڕێبەرێک چۆتە ناو نهێنییەکانی ئایینەکە و ڕێکخراوێک بەناوی یارانی سەید براکە دروست بووە و خۆی سەرۆکایەتی کردووە.

ڕێکخراوی ئایینی یارسانی سەید براکە بە «دەورەی خامۆشی» ناو دەبرێ و بەرهەمی شیعریشی «کەلامی سەید براکە»ی پێ دەوترێ. یارانی سەید براکە یا ڕێکخراوی بریتی بوون لە ٣٦ کەس، بەناوی یارانی سەید براکە ناسرابوون، هەموویان شاعیر بوون، کەم و زۆر بەرهەمی شیعری ئایینییان هەبوو، کۆمەڵە

شیعرەکانیان بەناوی خۆیانەوە تۆمار کراوون. بەناوبانگترین دەرویشانی ئەم ڕێکخراوە: دەرویش نەورۆزی سۆرانی (سۆران ناوی گوندێکە لە ناوچەی سنجاوی کرماشان)، شا تەیموور قولّیی بانی یارانی، زولفەقاری گۆران بوون. بەم جۆرە سەید براکە خۆی و هەموو شاعیرانی ئەم ڕێکخراوە لە کتێبێکدا کۆکراوەتەوە بەناوی «دەورەی حەیدەری»یەوە، دیارە ناوونیشانی ئەم دەورەیە لە ناوی تایبەتیی سەید براکە خۆی وەرگیراوە. بێ گومان ئەم دەورەیە لە مێژووی ئایینی یارساندا قۆناغێکە لەو دەورانەی ئەم شاعیرەمان یەکێک بووە لە چوار فریشتەکانی ئەو کەسەی کە گیانی کردگار چووبووە ناو لەشیەوە بەپێی تیۆری دۆنان دۆن (التناسخ والتقمص).

سەرچاوەکانی ئایینی یارسان ئەوە دەگێڕنەوە سەید براکە لە ساڵی ١٨٧٣دا کوژراوە و لە مەڵبەندی لەدایکبوونی نێژراوە، ئارامگەی مەزاری هەموو یارسانانە. مەسەلەی کوشتنی ئەم شاعیرە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا کارێکی ئاسایی بووە لەلای هەردوو دەسەلآتی کە کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردبوو، لە سنووری ڕۆژهەلآت دەسەلآتی قاجاری عەجەم و، لە ڕۆژئاوا دەسەلآتی عوسمانیی تورک. ناوچەکانی بنەماڵەی خامۆشی ئەو کاتە سەر بەدەوڵەتی قاجاری بوون، ئەمانە و عوسمانییەکانیش ئایینی یارسانیان بە«لە دین دەرچوو» لە قەڵەم دەدا، هەردوو دەوڵەتی سوننە و شیعە یارسانیان (ئەهلی هەق، کاکەیی) بەڕافزی و عەلی ئیلاهی ناو دەبرد، ئەم ناوە تاوانێکی گەورە بوو، چونکە ڕاستەوخۆ دەسەلآت بەخەڵکی دەوت: ئەمانە عەلی دەپەرستن. ئایا ئەمە بۆ موسوڵمانێکی سوننی یا شیعی بەس نەبوو ئەو کەسە بکوژێ! لەبەر ئەوە کارێکی ئاسایی بوو یەکێکی وەکو سەید براکە بە کوشتن کۆتایی بە ژیانی بهێنرێ.

ڤلادیمیر مینۆرسکی ئەوە دەگێڕێتەوە یەکێک لە نەوەکانی سەید براکە بەناوی (سەید ڕۆستەم کوڕی سەید ئەیاسی کوڕی سەید براکە) تا ساڵی ١٩٢٠ لە ژیاندا بووە، هەروەها دەڵێ هەردوو شاعیری گۆرانزەمین دەرویش نەورۆز و شا تەیموور قولّیی بانی یارانی لەژێر سایەی سەید براکە و لەناو ڕێکخراوی ئەو ژیاون و شیعریان بۆ وتووە.

شیعری سەید براکە

شیعری سەید براکە وەکو هەموو شیعری ئایینی یارسان سرووودی پێ دەڵێن، ئەو سروودانەی لە پاش شاعیر بەجێ ماون «کەلامی سەید براکە»یان پێ دەووترێ. شاعیر یەکێک بووە لە گەورە گەورەکانی ئایینی یارسان، لەدوای خۆیدا کردەوە و وتەکانی بوون بەبەڵگەی گرنگ لە ئەدەبیاتی ئایینی یارساندا.

شیعری ئەم شاعیرە ئەوەی لەبەر دەستدایە بریتییە لە پارچە لیریکی کورت (سروود). هەر پارچەیێکی لە پێنج دێڕە شیعرەوە تا هەشت دێڕە شیعر پێکهاتووە، هەموو شیعرەکان لەسەر کێشی میللی خۆماڵی سیلاب هۆنراونەتەوە قافیەیان جووت قافیەیە (مەسنەوی، موزدەویج)ە.

لەڕووی ناوەرۆکەوە شێوەی سۆفیزمیان پێوە دیارە، سروودەکانی سەید براکە وەکو سروودی ئایینی یارسانانی سەدەکانی ناوەڕاست نییە، ئەو شیعرانەی خەریکی ڕوونکردنەوەی مێژووی ئایینی یارسان بوون، وێنە و مانای شیعرەکانیان لە پاڕانەوە و موناجات و دوعا و دیاریکردنی خوو و ڕەوشت و ناوهێنانی کەسانی پیرۆزی ئایینەکە بوو، کەچی شیعری سەید براکە وەکو شیعرێکی شموولیی گێتیی سۆفیزم دەکەوێتە بەرچاو، لەوێدا تارمایی ئایینێکی دیاریکراو نابینرێ، بەڵکو شیعرەکە وەک ڕەنگدانەوەیێکی هەموو ئایینەکانی ناو کۆمەڵی ئادەمزاد خوایی و بت پەرستی خۆی دەنوێنێ. بێ گومان زۆر کەمیش هەست بەوە دەکرێ لەملا و لەولا زاراوەیێکی تایبەتی ئایینی یارسانی بەکارهێنا بێ، وەکو «چل تەن» و «سێ شاعیرەکە»ی لەمەڕ خۆی.

ئەو شیعرانەی لەو ماوەیەدا بڵاو دەکرێنەوە بەڕووکەش جۆرە سروودێکن لە گێتیی سۆفیزمدا لە لاهووت و سۆفیزمی هەموو ئایینەکان دوورکەوتوونەتەوە، بەڵام بەناوەرۆک لە هەموویانەوە نزیکن، بەتایبەتی لە ئایینی یارسان.

نموونەی سروودی سەید براکە

١

کردگاری زێڕناس

لە سروودێکی موناجات ئاسایی سەید براکە دەڵێ:

سـفـیـد سـیـفـەتان، سـفـیـد سـیـفـەتان
جـەم سـیـفـدەوان، سـفـیـد سـیـفـەتان
کـالای کـارخـانەی سـاحـێب مـۆبـەتان
سـەرمـەشق نـە دوکان تاتـین هـیمـمـەتان
مـــەعلووم بـۆ نەلای توغـــرای قـــەڵەم زەڕ
زێـڵ زیـن زولاڵ جـــــەلادان وەفـــــەڕ
بـەڵـێ وە شــــەرتـێ چـون مــــایـەداران
هـەر شــەرت و ئیـقـرار وێنەی توجـاران
ڕۆژ وەڕۆژ فێـشـتـەر مـەشـقش تەمـام بۆ
دوور نـە بـەین و بەس بـۆرەجـــە مـــام بۆ
وە ســـەور ئومـــوور، وە ســـەقـــام ســـەخت
مـایەت نـە دوکـان سـەڕراف بکـەر نەخت
وەی تـەورە مــــەبۆ نـە ســــەر و یـەردەن
بـاقـی وات واتـای مــــەنەی بـێ شـــەردەن

واتاکەی:

ئەی پاک سیفەتان، ئەی پاک سیفەتان
لای کەسانی پاک، ئەی پاک سیفەتان
پێویستە بەرهەمی کارخانەی موبەتانی دانا بکڕی
سەردەقی لە دوکانی خاوەن توانایانی نهێنی بشکێنی
قەڵەمی زێڕین لەناو توڕڕە (توغرا) ئاشکرایە
فیکر و هۆشی زولاڵی پڕ لە سوود و فەڕڕی تێدایە

بەڵێ بە مەرجێک وەک مایەداران (سەرمایەداران) لەسەری دەڕۆن
بەو مەرج و بەڵێنەی کە بازرگانان دەیدەن
ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر مەشق ڕوو دەکاتە تەواوبوون
کەچی هێشتا دوورە لە ئەنجام و گەیشتن بەئامانج
بەئارامی و هێمنی بەڕێگەی سەختدا بڕۆ
سەرمایەت لە دوکانی زێڕناس (صراف) ورد بکەرەوە
بەم جۆرە نەبێ ژیان ناچێتە سەر
ئەوەی لەسەر ئەم ڕێیە نییە، ڕێی ڕاستی نەگرتووە

لەم لیریکەدا سەید براکە گیانی کردگاری بردۆتە ناو لەشی زێڕناس یا جەوهەرناس و کردوویەتی بەبەڵگە و توانای کردگار، ئەوە لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینی یارسان دەگونجێ. شاعیر قسە لەگەڵ یاران دەکا، ئەوانەی پێڕەوی ئەم ئایینە دەکەن بە سیفەت پاک ناویان دەبا، هەموو تاکێکی ئەو ئایینە پێویستە ئامۆژگاری مووبەدە دانا و پیرۆزەکان وەربگرن، دەبێ ئەو نهێنییانەی بەقەڵەمی زێڕین لە تووڕەکاندا (توغراکاندا) شارراونەتەوە ئاشکرا بکرێن، ڕێی گەیشتن بەحەقیقەت (توانەوە لەناو کردگاردا) کارێکی سەختە، کاتی زۆری دەوێ، هێمنی و لەسەرخۆیی گەرەکە. بەلای شاعیرەوە ڕێی ڕاست بیروباوەڕی «دۆنادۆن»ە ئەوەی ئەم ڕێگەیە نەگرێ بەهەڵەدا دەچێ.

لەم بۆچوونانەی سەید براکە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ بنیادی ئایینی یارسان لەسەر بنچینەیێکی سۆفیزمی کۆزمۆسی دامەزراوە و باوەڕی بەیەکێتیی بوون (وحده الوجود) هەیە.

٢

بنیامینی سەهاکی کردگار

لە لیریکێکیدا سەید براکە لە ڕەمزێکی کردگار دەگەڕێ لە بنیامیندا دەیدۆزێتەوە:

عەجەو بەزمێ دیم، عەجەو بەزمێ دیم
نەی وەقت شەفەق عەجەو بەزمێ دیم

وه مـەیل چەند کەس مەگێڵیام مـەشیم
تـا یـاوام وه پـای درەخـت عـــــــــەزیم
یـــاوام وه بـازارِ بـــەنـــد ڕاسـت بـــەن
دیام دیم یـارم نـەڕووم حــــــــــازرەن
مـــەبۆ وه ڕاوه وێنـەی ســـەوڵ ســـاف
وەرگـێڵـیـا جـە نیم بێ لاف و خـیـلاف
ڕوو کـەرد وه مۆبەت وه شـیـرین گوفتار
گـا مـــەیل وه کـەمـین گـا ڕاز بەدکـار
خـــولاســــە تـا دەرب ورازان کـــەردن
هـەردوو دەس پەیوەس پێـچـان نـەگـەردن
دەهەن نـەگـەڵووی من مـات و مـەدهۆش
تفـڵـێ نەوسـاعـەت مـەوانش خـامـۆش
ئیـســا هـەم وه مــەیل بنیــامین جــەم
نەو مـــەیل و مـۆبـەت مـەیلش نەبۆ کـەم

واتاکەی:

بەزمێکی سەیرم دی، بەزمێکی سەیرم دی
لە کاتی بەرەبەیاندا بەزمێکی سەیرم دی
بە ئارەزووی بینینی چەند کەس لە هاتوچۆدا بووم
تا گەیشتمە بن دارێکی زۆر گەورە
لەوێوە ڕووم کردە بازارِ و گەیشتمە ڕاستی
یارم ڕوو بە ڕووم بووەوە و چاوم پێی کەوت
وەک سەوڵی ساف بەڕێوە دەڕۆیشت
بێ لاف و گەزاف ڕێگەی دەبڕی
مووبەدی دانا بەقسەی شیرین ڕووی تی کردم
هەندێ مەیل و نزیک بوونەوە، هەندێ ڕازونیاز
بەکورتی بەڕێگەوە ئامۆژگاری بڵاو دەکردەوە

بەهەردوو دەست، دەستی لە ملم کرد
تەڕایی ناو گەرووم مات و مەدهۆش بوو
نەوزاد لەو کاتەدا ژیانی لەناو نە دەچوو
ئێستاش مەیل و خۆشەویستی بنیامینی جەم
مەیلی مووبەدی دانا وەکو خۆیەتی، کەم نەبۆتەوە

لەم لیریکەدا سەید براکە لە گیانی کردگار دەگەڕێ. لە بەرەبەیانێکدا بەڕاستی یا بەخەون دەست دەکا بەگەڕان، لە جێیێک تا دەگاتە لای درەختێکی گەورە، ئینجا بۆ بازاڕ، لەوێ یاری دەدۆزێتەوە. یار مووبەدی دانایە، گیانی کردگارە، بەخۆشی پێشوازی لە شاعیر دەکا، دەستی لە ملی دەکا، قسەی خۆشی لەگەڵدا دەکا. دیاربوو مووبەدی دانا (کردگار) مەیلی خۆشەویستی بەرامبەر بەشاعیر مابوو و کەمی نەکردبوو، لەم شیعرەیدا گیانی کردگار لە بنیامین دەدۆزێتەوە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە دەورەی یەکەمی دۆنادۆنی یارسان لەپاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام دەورەی (عەلیی کوڕی ئەبوو تالیب)ی خەلیفەی چوارەمی ڕاشیدین بوو، لەدوای ئەم دەورەیەوە و تا ئێستا دۆنا دۆن لە ناو کەسانی کورد ڕووی داوە. دەورەی یەکەمی قۆناغی کوردی گیان لە لەشی شا خۆشین بوو، لەم شیعرەی سەید براکە ناوی بنیامین هاتووە، ئەمە یەکێکە لە چوار مەلایەکەتەکەی کە گیانی کردگار لەناو لەشی سوڵتان سەهاکی سەرکردەی دەورەی دووەم و دروشمی کردگار بووە. مەلایەکەتەکانی سوڵتان سەهاک ئەمانەن: بنیامین، داوود، پیر مووسا، مستەفا، (دایراک)یش ئەو کیژەیە بەبێ پیاو منداڵی دەبێ.

٣

دەنگی یار (کردگار)

لەم لیریکەدا سەید براکە ڕوو دەکاتە یارانی و ڕووداوێکی نهێنی بۆیان دەگێڕێتەوە، دەنگی کردگار لەسەر کێو بیستراوە:

یاران نەخامۆش، یاران نەخامۆش
شەوێ نەشەوان نەخاو خامۆش
وێنەی سیاوەحش سیای سەواد پۆش
دیم سەدای قووتووی یارم هانەگۆش

وه جـەخت مـەشـاخـا نەوبەند سـەرکـۆ
قـــەواقـــووی یاران ئـاخـــر بـێ وەرۆ
نەو سـەدا و دەنگە چەند کەس خـرۆشـا
بێـدار بیم نەخـاو دەروونم جـۆشـا
ئیـسـا هام نە فکر ئەو سـەدا و خـرۆش
وه مــەیل بنیـــام هەم بەیۆوه گـــۆش

واتاکەی:

یاران خامۆشم، یاران خامۆشم
شەوێ لە شەوان لە خەو خامۆش بووم
وەک سیاوەحشی ڕەشی ڕەشپۆش
دەنگ و سەدای یارم بەرگوێم کەوت
لەسەر کێوێک دەیشاخاند و دەینالآند
هاوار و ناڵەی یاران ئاشکرا و دیار بوو
لەو دەنگە دەنگە چەند کەس خرۆشا
لەم هاوارەدا لە خەو هەڵسام و وریا بوومەوه
ئێستا تەنیا بیر لەو دەنگ و خرۆشانە دەکەمەوه
ئەوەی ئارەزووی دەکەم لەوێ دەیبیستم

لەم لیریکەدا سەید براکە هونەروەرانە لە ڕووی داهێنانی ئەدەبییەوه ئاماژە بۆ دوو هەڵوێست دەکا لە گێتیی سۆفیزم بەگشتی و ئایینی یارسان بەتایبەتی جێگەی ڕێزگرتن و بایەخ پێدانن، یەکێکیان کەسایەتی سیاووش (سیاوەحش)ە، ئەمەیان بووه بەرەمزی خۆڕاگرتن و کۆڵنەدان لە ئەفسانەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست و فەرماندەی جەنگە ئەفسانەییەکانی ئێران و تۆران بووه؛ ئەوی دیکەیان مووسا پێغەمبەرە، لەلای یارسانی ئێستا و لە مێژووی کۆنی ئایینەکە یەکێک بووه لەو پێغەمبەرانەی بەپێی تیۆریی دۆنادۆن گیانی کردگار چۆتە لەشیەوه.

لەم لیریکەدا شاعیر لە دەنگ و سەدای یار (مووسا پێغەمبەر) لە خەو ڕادەچەنێ لەو دەمەی لەسەر کێوی سینا (حۆریب) گفتوگۆ لەگەڵ کردگاردا دەکا، وەک سیاووشی پاڵەوان خۆی دەگەیەنێتە شاخ. یاران دەکەونە حاڵی خرۆشان و

جەزبەی خوایی، وەکو بڵێی دەبن بەبینەری ئەو شانۆگەرییەی لەسەر شاخی سینا دەنوێنرا. شاعیر تەنیا بیر لە گفتوگۆکە دەکاتەوە، چونکە ڕەنگدانەوەی ئارەزوو و ویستی ناو دەروونی بووە.

٤

گەیشتنی بەکردگار

لەم لیریکەدا سەید براکە بەپێچەوانەی دڵداریی حەقیقی و مەجازی؛ کە دڵدار نابێ بگاتە دلبەر، ئەو بە یاری شاد دەبێ:

عـەرەب دوجـەیلم، عـەرەب دوجـەیلم
عـەرەب وە عـەرەب، قـەیس دوجـەیلم
ئـەتـۆ لـەیـلـەنـی مـن لـەیـل لـەیـلـم
ئەسـرین دیدەچون سـەیلات کـەیلم
بیـم وەسـەر قـەتـار شـاهـی
وە یـەردم نـەبـان پـێـڵ کـە چ راهـی
دۆسـان مـزگـانی ها یاوام وە لەیل
وە بۆی عـەتر لەیل دەماغ کەردم کەیل
دیدە دیدەی لـەیـل نـەناسـۆ وە وێش
کـۆربـۆ نـابینـا، بەدتـەر بـەیـۆ پێش

واتاکەی:

عەرەب من دوجەیلم، عەرەب من دوجەیلم
عەرەب لەگەڵ عەرەب، من قەیسی دوجەیلم
ئەتۆ لەیلای، من لەیلای لەیلام
فرمێسک لەناو چاوم وەک لافاو دێتە خوارێ
بووم بەسەرۆکی کاروان، کاروانی شاهی
بەسەر پردێکی سەر لاڕێییێکی خوار تێپەڕیم
دۆستان مزگێنییان دامێ کە گەیشتمە لەیلا
دەماغم پڕ کرد لە بۆنی عەتری لەیلا
چاوێک ئەگەر چاوی بە لەیلا نەکەوێ

کوێر بێ، نابینا بێ، بەرپێی خۆی نەبینی

لەم لیریکەدا سەید براکە لەیلا دەکا بەقاوغی گیانی کردگار، هەناسەیێکی دڵداری حەقیقی دەدا بە ئەڤینییەکەی نێوان لەیلا و مەجنوون، لە ناوەرۆکی تراجیدیای ڕۆمانتیکییانە دەری دێنێ، چونکە بەسەرهاتەکە بەکارەسات کۆتایی دێ و هەردووکیان دەبێ نەگەنە مراد و لەناو بچن، کەچی لێرەدا شاعیر هەوڵ دەدا گیانی خۆی لەگەڵ گیانی کردگار ئەوەی لەناو لەشی لەیلا پارێزراوە بگەنە یەک و لەناو یەکتریدا بتوێنەوە و «یەکێتیی بوون» دروست ببێ.

لەم شیعرەدا ئاوڕدانەوەی هونەری جوان دەکەوێتە بەرچاو، شاعیر ناوی وەکو عەرەب و دوجەیل دەبا، عەرەب مەقامێکی تایبەتی لای یارسانان هەیە، چونکە دەورەی پاش ئیسلام بەپێی تیۆرییەکانی دۆنادۆن «دەورەی عەلی» پێ دەوترێ، ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە یارسانەکان بایەخێکی ئەوتۆ بەلایەنی قەومی نادەن، بەڵام ئەوە هەیە مــێـــژووی ئایینی یارســـانی تازە و نوێکردنەوەی تیۆرییەکانیان لە دەورەی عەلییەوە دەست پێ دەکا، ئەوەی پێوەندیی بەعەرەبەوە هەبێ وەک نەتەوە تەنیا لەم دەورەیەدا بووە، لەپاش ئەو و تا ئەمڕۆش ڕێبەر و مورشیدانی یارسان هەموویان کورد بوون، ناوهێنانی دوجەیل کە ناوی بیابانانی باشووری عێراقە لەبەر ئەوە بووە چونکە شانۆی بەسەرهات و ڕووداوەکانی دڵداریی لەیلا و مەجنوون بووە. سەید براکە خۆی کردووە بەقەیس تەنیا جارێک ناوی هێناوە. لەیلا ڕەمزی کردگارە لە شیعرەکەدا شەش جار ناوی بردووە، شاعیر بەکۆمەڵێک وێنەی شیعری جوانی ناو ئەم لیریکە بەگیانی کردگار شاد دەبێ کە لەناو پەیکەری لەیلا بەدی کردووە.

٥

لەیلا کردگارە

ئەم لیریکەی سەید براکە وەکو ئەوەی پێشوو قارەمانەکەی لەیلای مەجنوونە:

دڵە ئەو کۆی نەشت، دڵە ئەو کۆش نەشت
وە یادت مــەیۆ وێڵ بێت نەکــۆ ینەشت
ئەسرین نەدیدەت چون سێڵاو مەدەشت
سووەیل بێ ئاما وەی تەورە تۆ ڕەسست

هـەی دڵ نـەپایەی لـەیلا بنیــــە ســـــەر
پـەنـابـەر وە زات پـادشــــــــــای داوەر
جـــام جـــەم بنیـــام، بنیـــام جـــام جـــەم
دۆســتـــان مـزگـانی شـاباز بی مـــەحکەم

واتاکەی:

ئەی ئەو دڵەی لە کێوی نەجدە، ئەی ئەو دڵەی لە کێوی نەجدە
لە بیرتە وێڵ و سەرگەردان بووی لە کێوی نەجد
فرمێسک لە چاوتدا وەک لافاو دەهاتە خوارێ
ئەمە ئەو لافاوە بوو بەم جۆرە تۆی بەرز کردەوە
ئەی دڵ بۆ پایە و پلەی لەیلا سەردانوێنە
پەنا بۆ پاشای دادپەروەر ببە
جامی جەم ڕەمزی بەزەیی خواییە
ئەی دۆستان شابازی گەورە (خوا) مەستی ئەو جامە بوو

لە لیریکی پێشوودا سەید براکە پەیکەری لەیلای کردبوو بەمەڵبەندی گیانی کردگار، بۆ ئەوەی لەگەڵ گیانی خۆی «یەکێتیی بوون» دروست بکا، واتە گەیشتن بەدلبەر. لەم لیریکەدا خۆی کردووە بەمەجنوون بەبێ ئەوەی ناوی ببا، هەرچی ناوی لەیلایە ئەویش یەک جار هاتووە. ئەم جارە شاعیر ناوچەی نەجدی بیابانی جزیرەی عەرەبی هەڵبژاردووە و کردوویەتی بەشانۆی بەسەرهاتی مەجنوون. گیانی شاعیر لەناو پەیکەری مەجنوون بووە، وێڵ و سەرگەردان لە سارای نەجد سووڕاوەتەوە، هەمیشە فرمێسک لەناو چاوی قەتیس ماوە، بەشوێن لەیلا گەڕاوە چونکە ڕەمزی کردگاری دادپەروەر بووە، گیانی خۆی و لەیلا و کردگار سێ کوچکەی یەکێتیی بوونە، هەموویان مەستی جامی خودایی بوون. سەید براکە لەم لیریکەدا لەیلای وەک ڕەمزێکی دیکەی دۆنادۆنی یارسانان هەڵبژاردووە.

٦

پیر مووسا کردگارە

لەم لیریکەدا سەید براکە یادی سێ یارەکەی خۆی و پیر مووسا و هەندێ کەسانی دیکە دەکاتەوە:

جەو یار پەی خەوەر، جەو یار پەی خەوەر
سێ دۆست ئینتیزار جەو یار پەی خەوەر
هەر سێ سەر توفەیل گوڵبانگ سەحەر
موحتاج پەرێ شەوق شوعلەی شوعلەدەر
وە مەزموون سەبت تەعلیقەی سەر مۆر
زاڵ چەنی ڕۆستەم ڕەخش مەساف جۆر
ئامان ئەو مەیدان سەرای داڵەهۆ
تەمام ئاراستن خواجای یەمەن کۆ
چون ڕۆستەم چەنی ئەو خاقان چین
ستێزا و یاوا وە فەڕ ئی زەمین
یەقین دۆستانیش مەیاوان وە فەڕ
خیلاف نەدارۆ حەرف قەڵەم زەڕ
دەور مەدان نەدەور چون حوسین نام
تەحقیق نەمەیدان نەداران ئارام
نوشتەی مووسا خیلاف نەدارۆ
دۆست ڕاست پاکساز باوەڕ بدا ڕۆ

واتاکەی:

له یارەوە هەواڵ گەیشت، لە یارەوە هەواڵ گەیشت
سێ دۆست چاوەنۆڕ بوون، لە یارەوە هەواڵ گەیشت
هەر سێ کەسەکە لە تاریک و لێڵی بەیانیدا
پێویستیان بەشەوق و تیشکی شوعلەدەر بوو
لە ناوەرۆکی تۆماری وتەی سەر مۆر
زاڵ وەکو ڕۆستەم سواری ڕەخش بوو
مەنزڵیان سەرای کێوی داڵەهۆ بوو
خواجای کێوی یەمەن هەمووی ڕازاندەوە
وەک ڕۆستەم بەگژ خاقانی چیندا چوو
جەنگی کرد و سەرکەوت، پیرۆزی هێنایە زەوی

بێ گومان دۆستانیش چاکەیان پێگەیشت
هیچ هەڵەیێک لە نووسینی قەڵەمی زێڕیندا نییە
ئەو دەورەی بەناوی حوسێنەوەیە
بەڕاستی لە مەیداندا بێ ئارامن
لە نوشتەی (قسە و شیعری) پیر مووسا هیچ هەڵەیێک نییە
باوەڕتان بەدۆستی پاک و ڕاستگۆ هەبێ

لەم شیعرەی سەید براکەدا دەورکردنەوەیێکی سامانی سۆفیزم و هەندێ لایەنی بناغەی ئایینی یارسان و گێڕانەوەی ئەفسانەیی بەدی دەکرێ. باس لە هەر سێ شاعیرە دیارەکانی دەورەی خۆی دەکا: دەروێش نەورۆزی سۆرانی، شا تەیموور قوڵیی بانی یارانی، زولفەقاری گۆران. ئاماژە بۆ ئازایی و خۆگری زاڵ و ڕۆستەم دەکا، بەتایبەتی لە جەنگەکانی لە دژی خاقانی چین. لە ڕێبەر و گەورەپیاوانی ئایینی یارسان ناوی حوسێنی شەهیدی کەربەلا و خواجای کێوی یەمەن دێنی، ئەمانە کەسانێکی ڕەمزن لە ئایینی یارساندا. شاعیر یارانی دەبا بۆ لوتکەی شاخی داڵەهۆ، چونکە لە جێگە پیرۆزەکانی ئەو ئایینەن. لەوێ لەگەڵ کردگار موناجات دەکەن.

سەید براکە لەم پارچە شیعرەدا دیوانی شیعری ئایینی کە خۆیان دەفتەری پێ دەڵێن و بەتۆماری ئەزەلی (لەوحی مەحفووز) ناوی دەبەن، هونەروەرانە ئەو دیوانە یا دەفتەرە بە ڕستەی «ناوەرۆکی تۆماری وشەی سەربەمۆر» دەخاتە بەر چاو، هەر بۆ ئەو دیوانە شیعرییانە دەڵێ «هیچ هەڵەیێک لە نووسینی قەڵەمی زێڕیندا نییە». ئەم ڕستەیەی دوایی بۆ ناساندنی شیعری پیر مووسا بەکاردێنێ.

پیر مووسا میانەیی (١٢٨٢-١٣٧٠م) یەکێکە لە ٧٢ یارانی سوڵتان سەهاک، هەندێکیان شاعیر بوون، یەکێک لەوان پیر مووسا میانەیی بوو.

٧

کردگار زێڕناسە

سەید براکە ئەم لیریکەی بۆ هەندێ لە دەستوورە گشتییەکانی ڕێگەی هەق هۆنیوەتەوە:

دەروێش دەروێشـان، دەروێش دەروێشـان
دەروێش مـــەولا، ئـاغـــەی دەروێشـــــان
وە ڕەمــز و ڕەوشـت ڕیازەت کـێـــشـــان
وە جـــەم و چـل تەن یـار نـەدڵێـــشـــــان
هـەر کـــــــەسـێ کــــــە ڕا وەیـار بـزانـۆ
سـەڕرافـەن سـەڕراف کـە پێش مـەوانۆ
مـــە بـۆ کـــە ســــەڕراف دانە شـناس بـۆ
خــەور نـە ئەسـرار خــاس و ناخــاس بۆ
نـەک چـون لێـــــڵاوان وێـڵ نـە هـەردە بـۆ
وێڵ و ســـەرگــەردان ڕاگــوم کـــەردە بۆ

واتاکەی:

ئەی دەروێشی دەروێشان، ئەی دەروێشی دەروێشان
ئەی دەروێشی مەولا، ئەی ئاغای دەروێشان
بەڕەمز و ڕەوشت گۆشەگیرن لە وڵاتی سۆفیزم
چل کەسی جەمخانە یار لە دڵ ناهێننە دەرەوە
هەر کەسێک ڕێ (ڕێی ڕاست) بەیار بزانێ
سەڕرافە، زێڕناس بەرامبەر بە زێڕناسە
دەبێ زێڕناسی جەوهەری شت بناسێ
ئاگاداری نهێنیی چاک و خراپ بێ
نابێ وەک ئاواران وێڵی چۆڵ و هەرد بێ
وێڵ و سەرگەردان، ڕێی ون کردبێ

لەم شیعرەدا سەید براکە ئایین و سۆفیزم تێکەڵ بەیەکتری دەکا، سۆفیزم بەگشتی لە ڕەوشتی نهێنی پێکهاتووە، ئایینی یارسانیش لە ئایینە نهێنییە داخراوەکانە، بەم پێیە هەموو دەستوورەکانی لەسەر بنچینەی نهێنی دامەزراون. هەموو قسە و بۆچوون و کردەوەیێکیان بەڕەمز دەخەنە ڕوو، بەلایانەوە هەموو تاکێکی کۆمەڵ لەگەڵ گیانی کردگار بەشێکە لە «بوون، گەردوون»، هەموو کەسێک

ئەوە نـازانێ و هەسـتی پێ ناکـا، یاران لـە جـەمـخـانـە کـۆ دەبنـەوە، هـەوڵ دەدەن کـردگـار بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵی تێکەڵ ببن. چل کەسـەکە وەک ژمـارەیێکی زۆر ڕەمزی کۆمەڵە، ئەمانە دەبنە نوێنەری هەموو کۆمەڵ بۆ پیشاندانی ڕێگەی ڕاست.

***

سـەید براکە «حـەیدەری کوڕی مـەنسـووڕ» نموونەیێکی تایبـەتییە وەک شـاعیر لەناو ڕێبەرانی ئایینی یارسان. تاقیکردنەوە شیعرییەکانی ئەو؛ ئەدەبی ئایینی و سـۆفـیزمی یارسـانان دەوڵەمـەن دەکـەن. شـاعیـر بەزمـانێکی تێکەڵاو و وشـە و تەعبیری ئاسـان و سفت وێنە شـیعرییـەکانی دروست دەکا، کەچی بیروباوەڕی بەزۆری نهێنی و داخراوە، چونکە ئەمە لە سروشتی سۆفیزم و ئایینەکەی ئەوانە. شـیعری سـەید براکە لە پـەروەردەییـیەوە (دیداکتـیکی، تەعلیـمی) دوورە، لەسـەر ڕێوشـوێنی شـاعیـرانی یارسـانی سـەدەکـانی ناوەڕاست نەڕۆیشـتـووە. لەناو بەرهـەمی ئەواندا شیعری پەروەردەیی و ئامۆژگاری جێگەی دیاری بووە.

سەید براکە یەکێکە لە نوێکەرەوەکانی ئەدەبی ئایینی یارسان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم و ناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا.

کۆماسی

بەشی نۆزدەمین

کۆماسی

١٨٧٨-١٧٩٨

نە جـــواو دا پێم نە زەڕڕە دەنگ کـــەرد
یەک جـار بلێـسـەم جـە گـەردوون وەیەرد
دیســـان هـەم جـــەنوو واتم: ئەی دڵســۆز
حـەکـیـمی دەرمـان دەردی مـەجنوون دۆز

ژیانی کۆماسی

زانیـاری لە بابەت ژیانی کـۆمـاسـییـەوە یەکـجـار کـەمـە، ئەوەی لە نـاوەوەیە ئەوە دەگەیەنی ناوی ئەحـمـەد بەگ بووە، لە سـاڵی ١٧٩٨ لە گوندی بەردەسـپی ناوچەی مـەریوان لەدایکبووە. بنـەمـاڵەی شـاعـیر لە عـەشـرەتی کـۆمـاسـیـیـە، خـەڵکی ئەم عـەشـرەتـە لە ناوچەی کـورەوەز دەژین، لە دەوروبەری بیـست ئاوایی پێکهـاتووە و ژمـارەی دانیشـتوانیـان نزیکەی ٢٥٠٠ کەسـە. وەک ناوچەیێکی جوگرافی سـەر بە وڵاتی سنە بووە، لەسـەر ڕێگەی نێوان سـنە و مـەریوان لەلای دەسـتـە چەپی ئاوی هـەورامانی تەخت.

زانیـاریی پێویست لەبارەی بنەمـاڵەی شـاعیـرەوە لەناوەوە نییـە، لەگەڵ ئەوەشـدا لە لەقەبی «بەگ» ڕەنگە ئەو ڕاستییە دەربکەوێ کـە کۆماسی لە خێزانێکی لە ڕوو بووبێ و گوزەرانی ژیانی باش بووبێ. شـاعیـر لەناو خـەڵکیدا بەئەحـمـەد بەگی کـۆمـاسـی و خاڵۆی کۆماسی ناسراوە. مەولەوی چەند جار ناوی بەخاڵۆی کۆماسی بردووە.

ئەوەی جێی گومان نییـە کـۆمـاسـی ئاگاداری خـوێندەواری سـەردەمی خـۆیەتی، هـەندێکی لەو خـوێندەوارییـە وەرگـرتووە، ئەمـە لە حـوجـرەی مـزگـەوت بـووبێ یا مـیرزای خـوێندەوار لـە مـاڵەوە فـێـری خوێندن و نووسـینی کـردبێ. لە نێـوەندی

ئەدەبی کوردی ئەوە باوە شاعیر خوێندەواری زۆر نەبووە، ئەگەر ئەم دیاردەیە لەگەڵ پلەی شیعریدا بەراوورد بکەین، دوو مەسەلەکە، خوێندەواری شاعیر و پلەی ئیستێتیکی، بەپێچەوانەی یەکتری دەکەونەوە، کەسێکی کەم زانست و زانیاری بەرامبەر بەشیعرێکی بەرز لە ڕووی هونەرییەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا کێشەیێک نییە حسێبی بۆ بکرێ، واتە کارێکی ئاساییە کەم خوێندەوارێک شیعری چاک و جوان بهۆنێتەوە. دەڵێن هۆمیرۆسی خاوەنی ئەلیادە و ئۆدیسا ڕۆشنبیر و خوێندەوار نەبووە.

کۆماسی گەشتی سنەی بووە، دوور نییە لە سەردەمی لاویدا بۆ خوێندن چووبێتە ئەوێ و ماوەیێک تێیدا ژیانی بردبێتە سەر، خۆرسکی ئیلهامی شیعری لە بەرهەمی ئەدەبی کۆماسی ئاشکرا و دیارە، شیعری بۆ خۆی وتووە، ڕەسەنایەتی داهێنانی هونەری لە زاتەوە (ذاتەوە) هەڵدەقوڵی و لە پاشانا دەبێتە سامان بۆ کۆمەڵ، ئەم بیروڕایە بۆ بەرهەمی شیعری شاعیر پڕ بەپێستی خۆیەتی.

ئەحمەد بەگی کۆماسی لە شیعریدا ناوی خۆی «ئەحمەد»ی کردووە بەنازناو و بەکاری هێناوە، شاعیر لە ساڵی ١٨٧٨ لە مەڵبەندی خۆی کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

لیریکی کۆماسی

تا ئێستا بەرهەمی شیعری کۆماسی لە دیوانێکدا چاپ نەکراوە. دەڵێن دەوروبەری سێ هەزار دێڕە شیعری هەیە، کەچی ئەوەی لەبەر دەستدایە و لە کۆوار و ڕۆژنامە و هەندێ کتێب بڵاوکراونەتەوە زۆر کەمن.

لە بابەت کێش و قافیەوە هەموو ئەو شیعرانەی لە ناوەوەن لەسەر کێشی میللی خۆماڵی سیلابی دە کەرتی ڕێکخراون، وەستانیان لە ناوەڕاستدایە، قافیەیان جووت قافیەیە (مەسنەوی) زمانی شیعری ساکارە، مانای وشە دیار و لە سەرەوەیە، وێنە شیعرییەکان ئاشکران. لە ڕووی ژمارەی دێڕی لیریکەکانەوە زۆربەیان لیریکی کورتن وەکو هەموو لیریکی دیکەی شاعیرانی تر.

وا دەگێڕنەوە کۆماسی خوێندنی حوجرەی تەواو نەکردووە، ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی شیعری لە پلەیێکی بەرزدا نەبێ، چونکە شاعیری دیکەشمان هەیە خوێندنی زانستییەکانی ئایینی و زمانی عەرەبییان لە حوجرەی مزگەوت تەواو

کردووە وەنەبێ ئەو زانست و زانیارییانەی وەریان گرتووە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بووبێ بەوەی بیانکا بەشاعیری چاک لە زمانی کوردیدا. ڕاستە ڕۆشنبیر و خوێندەواری بەرز لە داهێنانی شیعریدا بەگشتی سەرکەوتووتر دەبێ لە ڕۆشنبیری کەم خوێندەوار، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچۆنێ بێ ئەو شاعیرە کوردەی مەلا بووە و خوێندنی تەواو کردووە زانیاری دیکەی لە دەرەوەی حوجەرە وەرگرتوو، ئەم زانیارییە لەوانە بووە لە دانانی شیعر بەزمانی کوردی سەرکەوتووتر بێ، کۆماسی یەکێک بووە لەو شاعیرانەی لە دەرەوەی چوارچێوەی حوجرە زانیارییان وەرگرتووە، ئەگەر نا شاعیرێک بەنەخوێندەوار بژمێرری چۆن مەولەوی ئەو هەموو بایەخە بەخۆی و بەشیعری دەدا تا پلەیێک بەخاڵۆی کۆماسی ناوی ببا. هەر بەزمانی مەولەویشەوە «خاڵۆی کۆماسی» بۆ ئەحمەد بەگ مایەرە و، لە دواڕۆژدا بەم ناوە ناو بانگی دەرکرد. مەولەوی لە شیعریدا تەنیا ناوی نەهێناوە بەڵکو پێنج شەش نامەی شیعری بۆ نووسیوە و هەندێ لە وێنە شیعرییە داهێنراوەکانی وەرگرتووە و تێکهەڵکێشی شیعری خۆی کردووە.

بەگشتی شیعری کۆماسی لە ڕووی ناوەرۆکەوە لە مەبەسی وەسف و دڵداری لای نەداوە بۆ مەبەسە کلاسیکییەکانی دیکە و، هەروەها هەردوو مەبەسی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. لە شیعری کۆماسی ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانی بۆ یەکێک دانابێ ناوی شیرین بووە، لە هەندێ شیعریدا ناوی شیرین دێنێ، لە شیعری دیکەیدا نازناوی «لەیلا»ی بۆ داناوە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە «لەیلا»ی مەجنوون، خۆشی بەرامبەر بەقەیس دەبێ.

هەتا سەر یار بوو

لە پارچە لیرێکێکیدا کۆماسی دەڵێ:

تا وەسەر یار بوو، تا وەسەر یار بوو
یار هەر ئەو خاسەن تا وەسەر یار بوو
مەیلش وە وێنەی سەیل وەهار بوو
دووری یار پەریش چون ژار مار بوو
چون کوورەی ئاهر بجۆشۆ وە تاو
وە بێ یار نەشۆ شەو نەدیدەش خاو

ئاھ ســەرد کـێشـۆ شـەوان جـەجـێـدا
بێـــزار بۆ جـــەو جـــا یار نەبۆ تێـــدا

واتاکەی:

هەتا سەر یار بوو، هەتا سەر یار بوو
ئەو یارە چاکە هەتا سەر هەر یار بوو
مەیلی وەکو لافاوی بەهار وابوو
دووری یار لەلای وەک ژەهری مار بوو
وەک کوورەی ئاگر بەجۆش و تاو بوو
بەبێ یار بەشەو خەو ناچێتە چاویەوە
ئاهی سارد هەڵدەکێشێ شەوان لەو جێیەدا
لەو جێیە بێزار دەبێ کە یاری لێ نەبێ

لەم لیریکە کورتەدا کۆماسی ئارەزووی ئەوەیە خۆشەویست هەمیشە لەگەڵی بێ و قـەت لێی دوورنەکـەوێتـەوە. دێڕی سـەرەتای شـیـعـرەکە ئەوە دەگـەیەنێ کـە یار لەگەڵیەتی و پێوەندی پێیەوە تا دواییە، کەچی مەسەلەی دووری یار لەبیر ناکا، ئەگـەر ئـەم دوورییـە لەناوەوە بێ وەک ژەهـری مـار و کـوورەی ئاگـرە لەنـاو دڵـیـدا. وتەی جوانی شاعیر لە کۆتایی شیعرەکەیە کە دەڵێ ئەو جێیەی شەو لێی دەخەوێ ئەگەر یاری لێ نەبێ لەو جێیە بێزار دەبێ.

دەرمانی دەردی شاعیر لای یارە

لە لیـریکێکیـدا کـۆمـاسی وەسـفی هەندێ لە ئەندامـە بینراو و هەست پێ کراوەکـانی یار دەکـا، بەگەورە و بەتوانا دەیخـاتە ڕوو، بۆ ئەوەی داوای دەرمـانی دەردی لێ بکا:

ئـازیـز نـەخـــــاوم، ئـازیـز نـەخـــــاوم
بـەخـــتـم بێـــدار بی ئـامـــای نـەخـــاوم
دیـای وە ســــــینـەی پڕ نـەزووخـــــاوم
وە دڵـەی ســـووچیـــای وێنـەی کـــەواوم
وێنـەی ئـەفــلاتـوون نـەزمـت گــرت زانـای
ئـازارش چـێــــشــــــەن دەوا نمـانـای

واتت هـەر کـــــەسـێ دەردش ئـی دەردەن
مـــە بـۆ بەی تـەورە عــیــلاجش کــەردەن
دوو عـــــــونـنـاب لـەبـان دوو بـادام چـەم
دوو ســــێب گـــۆنا قـــەترەی ئـاوی دەم
جــە پـیـاڵەی غــەبـغــەب ســافش بکەران
جـــە ســایـەی گــەردەن پەی پـەی بوەران
جـــەو دمـــانـە بـاغ پادشــــای حـــەییـــان
پـەی ســــــاکنـی دڵ بـۆ کـــــــەرە بـەیـان
ئـیـــــســـــــە! ئـازیـزم شـــــۆخ نـازاران
من گـێـڵـیـام جــەلای گـردین عــەتاران
هـیـچ کـــام جـــــەی دەوا نمـەگنۆ بـەدەس
ئـیـــخـــتـــیـــار بـەتۆن بـە فـــەریادم ڕەس
هـەنی چێش وا چۆن نـەزان حــــاڵ دەرد
من نـەراگــەی تـۆ چەندی جــەفــام بەرد

واتاکەی:

ئازیز لە خەوما، ئازیز لە خەوما
بەختم بێدار بوو، هاتیتە خەوما
هاتیە لا سینەی پڕ لە زووخاوم
بۆ لای دڵە سووتاوەکەی وەک کەبابم
وەکو ئەفلاتوون نەبزی دەستمت گرت و زانیت
ئازاری چییە و دەرمانی کامەیە
وتت هەر کەسێ دەردی وەک ئەم دەردە بێ
پێویستە بەم جۆرە چارەی بکرێ
دوو لێوی عوننابی، دوو چاوی بادامی
دوو سێوی گۆنا، تنۆکی ئاوی ناو دەم
لە پیاڵەی غەبغەب ساف بکرێ

له سایەی گەردەن یەک لەدوای یەک بێتە خوارێ
لەو دەمەدا لە باغی پادشای زیندوان (خودا)
ئەوەی لە دڵتدایە بیهێنە دەرەوە
ئێستاش ئازیزم، شۆخی نازداران
من گەڕام لەلای هەموو عەتاران(دەرمان فرۆشان)
هیچ یەکێک لەم دەرمانانە نەکەوتە دەستم
ئیتر ئیختبار لە دەست تۆیە بگەرە فریام
ئەوانەی حاڵی دەردی من نازانن چی دەڵێن
من لە ڕێی تۆدا چەند جەفام کێشا

شاعیر بەخەون یەکتری بینین لەگەڵ یار دروست دەکا. لە خەونیدا هاتۆتە لای. ئەم هاتنە وەک پزیشکێکە بچێتە لای نەخۆشێک. سنگی پڕ لە زووخاو و دڵەسووتاوەکەی فەحس دەکا، حەکیمێکە وەکو ئەفلاتوون نەبزی دەستی دەگرێ و نەخۆشییەکەی دەدۆزێتەوە و دەزانێ ئازاری چییە و دەرمانی کامەیە.

لەدوای ئەمە دێتە سەر ئەوەی بە جوانی دوو لێو و چاو و گۆنا وغەبغەب و گەردن هەڵبلێ. لە پاشانا شاعیر دەڵێ لە هەموو جێیێک گەڕا، شوێن نەما نەیپشکنێنێتەوە بۆ دەرمان، کەچی نەیدۆزییەوە، تەنیا یەک پزیشکی و حەکیم هەیە ئەویش یارە، دەتوانێ دەرمانی دەردی دیاری بکا. وەک تیۆرییێک لە هەموو حاڵەتێکدا دەرمانی دەردی عاشق لای مەعشووقەیە.

زولف و شەوبۆ

کۆماسی ئەم لیریکەی تەرخانکردووە بۆ وەسفی زولفی خۆشەویست، گوڵی شەوبۆی هەڵبژاردووە بۆ بەراووردکردن، بۆیە دە جار شەوبۆ و شەش جار زولفی لەم شیعرەدا بەکارهێناوە:

چراغم شـــــەوبۆ، چراغم شــــــەوبۆ
شـــەوێ جـــە شـــەوان چراغم شـــەوبۆ
هەراس بیم جە داخ شـەوبۆی زوڵف تۆ
ناعـیـلاج چنیم دەســەی شـەوبۆی کـۆ

تاکـــه بـۆی زوڵفت کـــەمـێ بـەیۆ لێش
بەڵکەم زامـــانم کــەمـــتــر کــەرۆ ئێش
چەند وە دڵ نیـــام ئەو بـۆیی شــــەوبـۆ
بـۆ مــــــەدا ئەمما نـەک چـون زوڵف تـۆ
فیدای ئەو دەس بام تۆش ئیجاد کەردەن
زوڵفـــانـت گـــرەو نەشــــەوبـۆ بـەردەن
ئـەر شـــەوبۆی زوڵفت بدەم وە شــــەوبـۆ
دەیری بوون نە جــــەمـع دەیریان کـــۆ
(ئەحمەد) تا زیندەن هەر سەرگەردانەن
پـەی شـــــەوبـۆی زوڵفت وێڵ هـەردانـەن

واتاکەی:

ڕووناکی چاوم شەوبۆیە، ڕووناکی چاوم شەوبۆیە
شەوێک لە شەوان، ڕووناکی چاوم شەوبۆیە
هەراسان بووم لە داخی شەوبۆی زوڵفی تۆ
ناچار چووم دەستەی شەوبۆی شاخم چنی
تاکو کەمێک بۆنی زوڵفی تۆی لێوە بێ
بۆ ئەوەی برینەکانم کەمتر بە ئێش بێ
ماوەیێک بە دڵ بۆنی ئەو شەوبۆیەم کرد
کەچی بۆنی وەک بۆنی زوڵفی تۆ نەبوو
قوربانی ئەو کەسە بم تۆی دروست کردووە
زوڵفت گرەوی لە شەوبۆ بردۆتەوە
ئەگەر شەوبۆی زوڵفت بدەم بەشەوبۆ
شێت و شەیدا بم لەناو شەیدایانی شاخ
(ئەحمەد) تا زیندووە هەر سەرگەردانە
لەپێناوی شەوبۆی زوڵفت وێڵی هەردانە

لەم لیریکەدا مەبەسی شاعیر ئەوەیە تەنیا وەسفی زوڵفی یار بکا، گوڵی

شـەوبۆی کـردووە بەسـەرچاوە بۆ وێنە شـیـعـرییـە داهێنراوەکـانی. سـەرکـەوتنی شاعیر لەو وێنە دروست کراوانەدا دەکەوێتە بەرچاو کە لە هەردوو شتدا (زوڵف و شـەوبۆ) شکڵی لـە یەکـچـوو دەدۆزێتـەوە وەک ڕەنگ و بۆن و ئـەدگـار کـە لە هەردووکیاندا لە یەکتری دەکەن.

لەو مـەشـقـە شـیـعـرییـەدا وەکو شـاعـیـر دەیخـاتە ڕوو بەڕاسـتـی دەبێ زوڵف ببێ بەمەبەس و بنچینە، بنەوشە لەو بکا، نەک پێچەوانە، ئەمە دیاردەیێکە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەبینرێ ئەوەی لە سروشت وەردەگیرێ و ئەندامی دلبەری پێ بەراورد دەکرێ، بێ گـومـان پێویسـتـە ئەندامی وەسـفکراو لە سروشت جـوانتـر بخاتە بەر چاو.

شیرین و زەینەب

شـاعـیـر ئـەم لیـریکەی بۆ وەسـفـی جـوانی یار و توانا و قـودرەتی داناوە، لە جوانیدا بێ هاوتایە، لە تواناد‌ا دەیگەیەنێتە پلەی عیسای مەسیح. لە سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێ:

شـیـرین زوحـاکـەن، شـیـرین زوحـاکـەن
مـارانت چون مـار دۆش زوحـاکـەن
سـەوادی و دەیجـوور چوست و چالاکـەن
(لاتخف) نەخـەوف مـەحشـەر و چالاکەن
جـەمـینش چون جـام جـەمـشـید داران
جـەم جیـهـان پەرێش ئوفـتـادەی سـاران

واتاکەی:

شیرین زوحاکە، شیرین زوحاکە
مارانت وەکو ماری سەر شانی زوحاکن
ڕەشایەتی و دەیجوور چوست و چالاکن
لە ترس مەترسە مەحشەر بێ باکە
نێوچەوانی وەک جامی جەمشید وایە
جەمشید گەڕیدەی گێتی و ئوفتادەی بیابانانە

لەدوای ئەوە دەکەوێتە وەسفی یار، دەمی غونچەیی، قاووغێکی سووری وەک هەنارە، پڕە لە مرواری واتە ددانەکانی، هەناسەی بۆنی هەناسەی عیسایە، کەرامەتی عیسا ئەوە بوو مردووی زیندوو دەکردەوە، ئەم یارەی کۆماسی مردووی ڕزیوی سەد ساڵە زیندوو دەکاتەوە. لێوەکانی دەرمانی دەردەداران و مەرهەمی برینی بریندارانی عەشقە:

فەم غونچەی نازک رەوزەی ریزوانی
کەیلەن جە لوولووی مەعدەن رومانی
نەفەس بۆی نەسیم عیسای رۆحانی
ئیحیا کەردەی جیسم سەد ساڵە فانی
شەفەتەین شیفای دەرد بیماران
مەرهەم نمای زام خاتر زگاران

واتاکەی:

دەم غونچەی ناسک و ڕەوزەی ڕیزوانییە
پڕە لە مرواری لەناو قاووغی هەناری
هەناسەی بۆنی شنەبای ڕۆحانیەتی عیسایە
لەشی سەد ساڵەی ڕزیو زیندوو دەکاتەوە
دوو لێوی شیفای دەردی دەردەدارانە
مەرهەمی برینی دڵشکاوانە

بەم جۆرە کۆماسی لەسەر وەسفەکانی دەڕوا و بەم دێڕانە کۆتایی بەلیریکەکەی دێنێ:

باڵ وە باهووبەند سەدر و جید و مەم
چون چ چراغان شەوق دادەن بەهەم
ناف توحفەی دەست حوکەمای نەدیم
ماددەی مەعجوومات ئەرەستۆی قەدیم
وەلحاسیڵ نە فەرق تا کەعبی ریجلەین
عەیب تێدا نەدیم بەگەردەنم دەین

غـەرەز کـەس نەدیم وەی شـێـوە و تەرتیب
مـەر زەینـەب نەسـای رەخش ئـەو ڕەنگ زیب
پاشـا بەحـاجـەت شـای بوراق سـوار
شـیـرین مـەحـفـووز کـەی نەدیدەی بەدکـار
(ئەحـمـەد) تـا زینده هـەر دوعـا گـۆتەن
مـەدهۆش شـەمـیم عـەتر لیـمـۆتەن

واتاکەی:

شان و باهوو و مل و سنگ و مەمک
وەکو جلچرا شەوق دەدەن بەیەکتری
ناوکی یار توحفەی دەستی حەکیمی هاودەمە
دەسکەوتی بیری ئەرستۆی دێرینە
بەگشتی لەتەوقی سەریەوە تا بنی هەردوو پێی
عەیبم تێدا نەدی ئۆباڵت بەملم
بەڕاستی کەسم نەدیوە بەو شێوەیە دروست بووبێ
مەگەر زەینەب لە سایەی ڕەخشی ئەو ڕەنگ جوانە
ئەی شا بۆ خاتری شای بوراق سوار
شیرین بپارێزی لە چاوی بەدکار
(ئەحمەد) تا زیندووە هەر دوعات بۆ دەکا
مەدهۆشی بۆنی خۆشی لێمۆکانتە

کۆماسی لەم بەشەی شیعرەکەیدا لەسەر وەسف بەردەوام دەبێ، باس لە شان و باڵ و مل و سنگ و مەمک دەکا، دێتە خوارەوە تا دەگاتە ناوکی، ئەمەیان ئەوەندە پڕ لە نهێنی و ئەفسانەیە، کردەوەی ئەرستۆیە بەتیۆریکانی ئەو نەبێ تەلیسمی ناشکێ. شاعیر سەری سوڕ دەمێنێ لەوەی کەسی نەدیوە لە بێخەوشیدا بگاتە ئەو دلبەرە خۆشەویستە مەگەر «زەینەب» نەبێ. ناوهێنانی زەینەب کارێکی چاوەنۆڕ نەکراوە، ئێمە بیرمان بۆ هیچ شتێک ناچێ جگە لەوەی ئەم «زەینەب»ەش یەکێکە لە یارەکانی شاعیر و بەهۆی ئەم شیعرەوە دەبێتە یەکێک لە بووکە زۆرەکانی شیعری کوردی. خۆ لە شیعرەکەدا لەگەڵ ئەوەی

کۆماسی ئەم ناوە تازەیەمان بۆ ئاشکرا دەکا قارەمانی بنچینەیی شیعرەکە تەنیا شیرینە.

تۆبە و پەشیمان بوونەوە

لە سەردەمی پیری و لە دوارۆژانی ژیانی کۆماسی تۆبە دەکا و پەشیمان دەبێتەوە لە هەندێ لایەنی ئەو دڵدارییەی لە ژیانیدا کردوویەتی، لەم لایەنەوە دەڵێ:

فەلەک بەردەنم، فەلەک بەردەنم
راسەن سوجدەی دەیر تەرسا بەردەنم
مەی نەپای میحراب مەسجید وەردەنم
تەحدید مەزهەب عیسا کەردەنم
گرتەنم نەدۆش خەرقەی روهبانان
کێشانم جا ڕووی فەرش بتخانان
فتوای بەرهەمەن گرتەنم نەگۆش
دینم دان وە مەی جە لای مەی فرۆش
ئانە گشت جە وەخت نادانیم بیەن
فەسڵ و سەرمەستی و جوانیم بیەن
ئیسە ها جە گشت پەشیمانیم یەرد
وادەی پیریمەن جوانیم و یەرد
وادەی پیریمەن یاوانم نۆبە
نۆبەی تۆ بەمەن کەرەمدار تۆبە
ئومێدم ئیدەن وەنەم نەگیری
بویەردی نەجورم وادەی کەم ویری

واتاکەی:

فەلەک کردوومە، فەلەک کردوومە
ڕاستە نوێژم لە دێری تەرسا کردووە
شەرابم لەناو میحرابی مزگەوت خواردۆتەوە
بەڕاستی چوومەتە سەر ئایینی عیسا

جلوبەرگی روهبانانم لەبەر کردووە
فەرشی بوتخانانم گەسک داوە
فەتوا و دەستووری بەرهەمەنم کردۆتە گوێ
ئایینم بە شەراب فرۆشت لەلای مەیفرۆش
ئەمانە گشتیان لە سەردەمی نەزانینم بوو
کاتی سەرمەستی و شۆخیم بوو
ئێستا لە گشت ئەمانە پەشیمانم
سەردەمی پیریمە و ڕۆژگاری جوانیم ڕۆیشت
سەردەمی پیریمە، کاتی ئەوە هاتووە
تۆبە لە کەرەمدار داوا بکەم
هیوام وایە لێم نەگرێ
لە هەموو گوناهەکانم خۆش بێ

لەم شیعرەدا کۆماسی بەخەیاڵ لە مێشکیدا هەندێ کردەوە دروست دەکا، هەوڵ دەدا ئەو کردەوانەی لێی ڕووی داوە بەخەڵکی بگەیەنێ. وێنە شیعرییەکانی پێوەندییان بەسۆفیزمی کوزمۆسییەوە هەیە، زیاتریش ژیانی سۆفیزمی شێخی سەنعان. کۆماسی ئەوە دەخاتە بەرچاو نوێژی لە کەنیسەی گاوران کردووە، خاچی لە مل کردووە و جلوبەرگی روهبانی پۆشیوە و گەسکی لە دێری دیانان داوە لەسەر ئایینی بەرهەمەنی خودایانی هیندۆسەکان بووە. لەم کردەوانە پەشیمان دەبێتەوە.

هیچ زانیارییەک لەناوەوە نییە کۆماسی ئاگاداری سۆفیزم بووبێ وەک ئیدیۆلۆجییەت ، هەروەها لەو شیعرانەی ئێستا لەبەردەستدان شایەدی ئەوە نادەن بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرەمان پێوەندی بەسۆفیزمەوە هەبێ. مەسەلە ئەوەیە بەخەیاڵی شاعیری سۆفیزمی داوەتە پاڵ خۆی و وەکو هەموو شاعیرێکی داهێنەر ئەم پارچە شیعرە جوانەی هۆنیوەتەوە.

گلکۆی تازە لەیل

لەم ماوەیەدا پەنجاودوو دێرە شیعری ئەم لیریکە بڵاو دەکرێتەوە، ئەمە تەواوی تێکستی بەرهەمەکەی کۆماسییە کە ئێستا گەیشتۆتە دەستمان و هەموو

هەڵسوکەوت و بینای ناوەوەی شیعرەکە ئەوە دەگەیەنی هەر ئەوەندە بێ.

ناوبانگی ئەم شیعرە هەموو کوردستانی باشوور و هەرێمەکانی گۆراننشینی گرتۆتەوە، لەناو دەسنووسی جیاوازدا دەکەوێتە بەر چاو، لە زاری خەڵکێکی زۆرتر بەگوێ دەبیسترێ، تا وای لێ هاتووە شیعرەکە بخرێتە پاڵ شاعیری دیکەی کورد و لەناو دیوانەکانیاندا تۆمار بکرێ. زۆربەی سەرچاوەکانی لایەنی ئەوەن بەرهەمەکە لە شیعری کۆماسییە. بێ گومان فراوانی ناوبانگی لیریکەکە لە کوردستاندا بۆتە هۆی ئەوەی دەنگوباسی شیعرەکە بگاتە ئەوروپا. لە سەرەتای سەدەی بیستەم کوردناسی ڕووس ڤلادیمیر مینۆرسکی تەواوی تێکستی ئەم شیعرەی دەستکەوت لەپاشانا لەگەڵ لێکۆڵینەوەیێک بڵاوی کردەوە. بیروڕای زانای ڕووسی لە بابەت شیعرەکەوە ئەوەیە گۆیا شاعیر لە خوێندەواریدا پلەی بەرز نەبووە، کەچی ئەم شیعرە جوانەی بۆ هاتووە، لەلایەن مانا و بۆچوونی شیعرەکەوە مینۆرسکی دەڵێ، هەستی ساکارە، بەڵام بەهێزە، خەیاڵی ناوەوەی بەڕاستگۆیی دەردەبڕێ بەبێ ئەوەی ناوەرۆکی لاهووتی یا ئەفسانەیی تێدا بێ. هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سامانی ئایینی ئیسلامی کۆمەڵی ئیسلام کاری لێ کردووە و بەسەرهاتی لەیلا و مەجنوون وەک ڕەمزێک هاتۆتە ناو شیعرەکەیەوە.

ئەوەی لە بابەت ژیانی دڵداری کۆماسییەوە دەگێڕنەوە ئەوەیە حەزی لە کچێک کردووە ناوی «شیرین» بووە. لە دواییدا خواستوویەتی و ماوەیێک لەگەڵ یەکتریدا ژیاون. خێزانی خۆشەویستی شاعیر پێش وادە جوانەمەرگبووە، ئەمە بۆتە مایەی غەم و پەژارە بۆ کۆماسی.

لە لیریکەکەی شاعیر ئەوە دەردەکەوێ لاواندنەوەیێک بێ لەسەر گۆڕی خۆشەویست کردبێتی. سەرەتا بەم شیعرانە دەست پێ دەکا:

گڵکۆی تازەی لەیل، گڵکۆی تازەی لەیل
ئاوریشم وەسەر گڵکۆی تازەی لەیل
نەپایەی مەزار ئەو لەیل پڕ مەیل
جەدیدەم واران ئەسرینان چون سەیل
شەم وە سەرینەش وە دڵەی پڕ جۆش
سنگە مەزارەش گرتم وە باوەش

واتاکەی:

گۆڕی تازەی لەیل، گۆڕی تازەی لەیل
ئەمڕۆ چوومە سەر گۆڕی تازەی لەیل
لەسەر مەزاری ئەو لەیلەی زۆر خۆشەویست
فرمێسک لە چاوم وەک لافاو هاتە خوارەوە
چوومە سەر سەرینی بەدڵێکی پڕ لە جۆشەوە
هەموو گۆڕەکەم گرتە باوەشمەوە

لەم دێڕانەدا شاعیر دڵتەنگی و گڕژی ناو دەروونی دەردەبڕێ، یادی ڕۆژانی دڵداری دەکاتەوە، گۆڕی لە خاکوخۆڵ دروست بوو دەگرێتە باوەش، چونکە بۆنی لەیلی لێ دێ. بەم ڕەنگە لەسەر شیعرەکەی دەڕوا:

واتم ئەی دڵسۆز قەیسی لونگ وەکۆل
موبارەکت بۆ یانەی بیدی چۆڵ
سەر هوردار نەخاک سەوڵی خەرامان
من مەجنوونی تۆم وەی تەور پێم ئامان
کۆچی بێ وادەت کاری پێم کەردەن
بێزارم جە گیان ڕازیم وە مەردەن
گرەی ناری عشق دووری بالای تۆ
کاری پێم کەردەن نەونەمامی تۆ
وەختەن چون قەقنەس تەن بو وە زوخاڵ
شاد بو بەگەردم زەلان یا شەماڵ
یاخو بەوێنەی قەیسی لونگ وە کۆڵ
تەن بووە خۆراک وەحشیانی چۆڵ
سەوگەن بەو خالان فەیروزەی خۆش ڕەنگ
بەو دەستەی زولفان پەشێویای پای سەنگ
جەوساوە گەردش چەرخی پڕ ستەم
من و تو وە جەور جیا کرد جە هەم

تـو بردەن وە خـــاک ســـیـــای تـەنگی تـار
مـن مـــام پەی ئـازار جـــەفـــای رووزگـــار
هـەر ڕۆ چون مـەجنوون خـاتر جـە غـەم کـەیل
هــەر لەیل لـەیلمـــــەن نەهـەردەی دوجـــەیل
غــــەمــــان پـەژاران رەفـــیــــقی ڕامــــەن
چە نێـو جــەفـا و جــەور دایم ســەودامــەن
ســوپای غـــەم بـەی تـەور هـجــووم ئـاوەردەن
قــــافـلـەی فــــامـــــــەم بـەتـاراج بـوردەن
زامـــتــــان ســـــەخت ئـەی دڵـەی پڕ ئـێش
چون جـای مـاران گـاز زووخـاو مـەیو لێش
شـــەو کـــەیلەن زووخـــاو وەلای جــێــمــەدا
کـــافــــر بـەزەییش مـــەیۆ پـێـــمـــــــەدا
یـانـەم وێـرانـەن دەردم دێـویـیـــــــــــان
چون ئـاهووی تەنیـا سـەر لێم شـێـوییـان
شــــەوان زاری و شـین، ڕووان ڕۆ ڕۆمـــــەن
یەکـجــار وەســواســەی تەنیـایی تۆمــەن

واتاکەی:

وتم ئەی قەیسی دڵسۆزی کەوڵ لە کۆڵ
ماڵی ئەم بیابانە چۆڵەت لێ پیرۆز بێ
سەرت دەربێنە لە خاک ئەی دارگوڵی نازدار
من مەجنوونی تۆم بزانە چیم بەسەر هاتووە
کۆچی بێ وەعدەت کاری لێم کردووە
لە گیان بێزارم، ڕازیم بەمردن
گڕە ئاگری عەشق لە دووری باڵای تۆ
نەونەمانی تۆ کارێکی گەورەی لێم کردووە
وەختە وەک قەقنەس لەشم ببێ بەزوخاڵ

بای ڕۆژهەڵات و باکوور بە گەردم (تۆزم) شاد دەبێ
وەکو قەیس کەوڵ بەکۆڵمەوەیە
لەشم بوو بەخۆراکی وەحشیانی چۆڵ
سوێند بەو خاڵە پیرۆزەییە ڕەنگینانەت دەخۆم
بەو دەستە زوڵفانەی لەسەر بەردی ژێر سەرت بڵاوبوونەتەوە
لەوساوە گەردوون و چەرخی پڕ ستەم
من و تۆی بەزوڵم لە یەکتری جیا کردەوە
تۆی بردە ناو خاکی ڕەش و تەنگ و تاریک
من بۆ ئێش و ئازار و جەفای ڕۆژگار مامەوە
هەموو ڕۆژێ وەکو مەجنوون دڵم پڕ لە غەمە
هەر لەیلە لەیلمە لە هەردەی دوجەیل
غەم و پەژارە ڕەفیقی ڕێگەی منن
لەگەڵ جەفا و جەور هەمیشە لە ماملەدام
لەشکری غەم بەم جۆرە هێرشی کرد
قافڵەی فامی بەتاڵان برد
برینت سەختە ئەی دڵەی پڕ ئێش
وەک جێی مارانگەست زووخاوی لێ دێتەخوارێ
شەو جێگەم پڕ لە زووخاو دەبێ
کافر بەزەیی پێم دێتەوە
ماڵم وێرانە دەردم دێوییانەیە
وەک مامزی تەنیا سەرم لێ شێواوە
شەوان گریان و شینمە، بەڕۆژ ڕۆڕۆمە
یەکجار وەسواسەی تەنیایی تۆم

شاعیر لە گێتیی ناخۆشیدا دەژی، ڕووناکی لێ بووە بەتاریکی، چونکە لەیلای لەناو تاریکستانی گۆڕ سەری ناوەتەوە، چۆڵ و بیابان بووە بەزێد و مەنزڵی، داوا لە خۆشەویست دەکا سەری لە گۆڕدا دەربێنێ و چاوی بە عاشق بکەوێ بۆ ئەوەی

بزانێ چی بەسەر هاتووە. بەڵام وەرام نییە! شاعیر سوێند بە خاڵە پیرۆزەی و زوڵفی دەخوا ئەوانەی لەسەر بەردی ژێر سەری بڵاوبوونەتەوە.

کۆماسی دەڵێ لەو ساوە نازدار لێی ون بووە وەکو مەجنوون وێڵی دەشت و بیابانە. شاعیری ئێمەش وەکو قەیس لە دەشتی دوجەیل دەسووڕێتەوە، ئەو دوجەیلەی بووە بەشانۆی دڵدارانی گێتیی خۆشەویستی . کۆماسی لە هەموو شتێک زیاتر غەم و پەژارەی لەبەر ئەوەیە لەیلای شەو بەتەنیایە.

شاعیر لە لیریکەکەی بەردەوامە و دەکەوێتە پرسیار لە پاڵکەوتووی ناو گۆڕ:

حاڵی تۆ چیشەن شای وەفاداران
کێن هامڕازت سوبح و ئێواران
نەوسەرای تاریک پڕ خەوف و خەتەر
مەدارات چۆنەن لەیلی ناز پەروەر
چ تەور مووریای چۆنن قەرارت؟
کێن هاورەفیقی لەیل و نەهارت
نەو ساردی هەوای سەردی سیاسەنگ
چ تەورەن خاڵان فەیرووزی وەش ڕەنگ
جە باتی باهووی قەیسی غەمگینت
کام سەنگی سیاه هان جە بالینت

واتاکەی:

حاڵی تۆ چۆنە ئەی شای وەفاداران
کێ هاودەمتە بەیانی و ئێواران
لەو جێیە تاریک و پڕ ترس و خەتەرە
حاڵت چۆنە ئەی لەیلی نازدار
چۆن ڕادەبوێری، وەزعت چۆنە
کێن هاودەم و ڕەفیقی شەو و ڕۆژت
لە ساردی هەوای بەردە ڕەشەکەت
خاڵە پیرۆزەییە ڕەنگینەکانت چۆنن؟

لەباتی قۆڵی قەیسی غەمگینت
کامە بەردی ڕەش بووە بەسەرینت

لەم چەند دێڕەدا شاعیر کۆمەڵێک پرسیار لە دلبەر دەکا، وەرامی پرسیارەکان لەناو خۆیاندا دەدۆزێتەوە، وەکو ئەوەی دەڵێ: کێ هاودەمتە لەو جێیە تاریک و تەنگەبەرە، چۆن ڕادەبوێری، لەباتی قۆڵی قەیس کامە بەرد بووە بەسەرینت!

لەدوای ئەم پرسیارانە کۆماسی لەسەر لاواندنەکەی دەڕوا:

داخم ئەو داخەن لەیلی خاتر تەنگ
ئەو دەستەی زولفان پەشێویای پای سەنگ
وە چنگی چل چنگ تۆ تاتات مەکەرد
ئێستا پەشێوان چون ڕەیحانەی هەرد
ئەو دیدەی مەخموور ئاهوو بێزی تۆ
ئەو قەیسی قەتران شەر ئەنگێزی تۆ
ئێستا نەگەردش چەرخی نیلی ڕەنگ
بێ ڕەونەق بیەن چون نەقشی ڕووی سەنگ
سایەی چیش سۆمای دیدەم تار نەبوو
زندەگی جەلام ژاری مار نەبوو
تۆ خەریکی قەبر سیای سەردەنی
تەمام حەسرەتان وە دڵ بەردەنی
من تەنیا چون قەیس لیوەی غەم خەلات
زندە مەگیلوم نەڕووی سەربسات
وەلحاسیڵ هەرچەند شین و زاریم کەرد
نەپای قەبری لەیل بێ قەراریم کەرد

واتاکەی:

داخم ئەو داخەیە لەیلێ دڵتەنگە
دەستەی زوڵفی شێواوە لەسەر بەردی سەرینی
بەچنگی چل شانە زوڵفت شانە دەکرد

ئێستا شێواوە وەک ڕەیحانەی هەرد
ئەو چاوە مامزییە خەواڵووانەی تۆ
لەگەڵ قەیسی قەتران دەکەونە جەنگەوە
ئێستا بەهۆی چەرخی گەردوونی خماوی
بێ ڕەونەق بووی وەک نەقشی سەر بەرد
لەبەرچی سۆمای چاوم تاریک نەبێ
ژیانم لەلات وەک ژاری مار نەبێ
تۆ خەریکی قەبری ڕەشی ساردی
هەموو حەسرەتەکانت لەگەڵ دڵی خۆتا برد
من تەنیا وەک قەیسی لێو بەبار
بەزیندوویی لەسەر ڕووی زەوی وێڵ و سەرگەردانم
لە ئەنجامدا گەلێک شین و گریانم کرد
لە تەک گۆڕی لەیلا بێ قەراریم نواند

لەو دێڕە شیعرانەدا وەسفی بسکی لوولی شانەکراوی خۆشەویست دەکا، چۆن لەسەر ئەو بەردەی ژێر سەری شێوا و پەرشوبڵاوە، ئەو چاوە مامزییە خەواڵووەی لەگەڵ قەیسی ڕەش پۆش هەمیشە لە جەنگدا بوون، ئێستا بێ ڕەونەق ماونەتەوە. شاعیر پرسیار دەکا، بۆ بەجێی هێشت؟ بۆ هەموو ئامانجەکانی بردە ناو گۆڕەوە؟ بەم شێوەیە کۆماسی لە شیعرە لیریکە لاواندنەوەکەی بەردەوامە و دەڵێ:

نەجـــواو دا پێم نەزەڕڕە دەنگ کــــەرد
یەک جـار بلێـسـەم جـە گـەردوون وەیەرد
دیســـان هەم جـــەنوو واتم: ئەی دڵســۆز
حـەکـیمی دەرمـان دەردی مـەجنوون دۆز
یانـی چیش مــەیلم جــە لات کـەم بیــەن
مــەر عــەهدی وەرین جــە یادت شـبــەن
مـن وەی دڵـەی خــــار بـێ قـــــەرارەوە
وەی جــامــەی ســیــای یەخــە پارەوە

هـام نـه ســـــەرینـت زار زار مــــەناڵۆ
خـــاکی یانـەی نـویّت وه چـەم مـــەمـــاڵۆ
تـو هیـچ نیت وه قـــەید بێ قـــەراری مـن
جـــە ئاڵوودەی ســـەخت شـین و زاری من
نمەدەی جـوا و خـاڵ نـوختـــەی بێ گـەرد
مـــەعلوومــەن جـەلات مـەیلم بیــەن ســەرد

واتاکەی:

نەوەرامی دامەوە و نەدەنگی لێوە هات
بەتەواوی بڵێسەی عەشقم لە گەردوون تێپەڕی کرد
دیسانەوە لە نوێوە وتم: ئەی دڵسۆز
ئەی حەکیمی دەرماندەری مەجنوون
مانای چییە مەیلت بۆ من لەلات کەم بووە
مەگەر پەیمانی دێرینت لە بیر چۆتەوە
من بەو دڵە دڕکاوییە بێ ئۆقرە و قەرارەوە
بەم کراسە ڕەشە یاخە دڕاوەوە
وا لەسەر سەرینت دەگریم و دەناڵێنم
خاکی ماڵە تازەکەت بەچاو دەماڵم
تۆ بێ باکی لە بێ قەراری من
لە حاڵی سەخت و شین و گریانی من
وەرام نادەیەوە، ئەی خاوەن خاڵی نوختەی بێ گەرد
وا دیارە مەیلت بەرامبەر بەمن سارد بۆتەوە

شـاعیـر دڵتـەنگە لەوەی خـۆشـەویست وەرامی ناداتەوە، بۆیە نـاچار دەبێ زیاتر لێی بپـاڕێتـەوە، چونکە دەرمـانی دەردی تەنیـا لای ئەو چنگ دەکەوێ . گلەیی لێ دەکا! بۆ مـەیلی جارانی نەماوە و پەیمانەکانی لـەبیر خـۆی بردۆتەوە. لـەم ماوەیەدا کــۆمــاســی وێنەی شـــیــعــری جــوان دروست دەکــا کــە دەڵێ: من بـە دڵی دڕک ئاژەنکراومــەوە، بەبـەرگی ڕەشی مــاتـەم و یاخــەی دڕاومــەوە، لەســەر ســەرینت

دەنالێنم، خاکی ناو ماڵە تازەکەت (گۆڕت) بەچاو دەماڵم، بۆچ وەرامم نادەیەوە!

ئەم جارەیان خۆشەویست لەناو گۆڕەوە دێتە دەنگ و وەرام دەداتەوە:

دیم ســـــەدایی نـەرم جـــە تۆی خـــاکـــەوە
جـــەو یانـەی تـازەی حـــەســـــرەتناکـــەوە
ئـامــــا وە گـــــوشم چـون هـەردە جـــاران
واتـش: ئەی مـــەجنـوون وێڵـی کـۆســـاران
ســەوگـەند بەواحـیـد فـەردی بێ هـەمـتـا
بێ وادە کـــەردەن مـن جـــە تۆ جـــیـــا
ڕای جـــــواو نـیـــــەن دڵ بێ قـــــەرارەن
فـرە ســەنگ و خـاک وە جـەســتـەم بارەن
جـە تەئسیری خـاک، هەوای سـەردی سـەنگ
ڕێی جـــواو نیـــەن چەنیت کـــەرۆ دەنگ
خـانەی خـاک وەی تەور مـەحبووسم کـەردەن
نـــازارانـــی ویم جـــــــــــە یـادم بـــەردەن
بەڵێ، هـەر چەن شین زاری مـــــەکـــــەری
هـەر چـەن ســـەر وەســـەنگ ســیــامـــەدەری
فـــــایـدەش نیـــــەن ســــوود نـەدارۆ پێت
بشــــۆ! زاری کـــــەر پەرپۆ بـەخـــتـی وێت
پەی چیش؟ ئەی دونـیـا خـــەیلی بێ وەفـان
جـــە نـەخـــوەی وەفـــاش دایم هـــەر جـــەفـــان
کـەس جـە قـەیدی دام مـەکـرەش نەڕسـتـەن
یەک یـەک وە زنجـیــر عــەیارش بەســـتـــەن

واتاکەی:

گوێم لە دەنگێکی نەرم بوو لەژێر خاکەوە دەهات
لە خانووە تازەی پڕ لە حەسرەتەوە
دەنگ کەوتە بەرگوێم وەکو جارانی پێشوو

وتی: ئەی مەجنوونی وێڵی ناو شاخەکان
سوێند دەخۆم بەتاکی فەردی بێ هاوتا (خودا)
وەختی خۆی نەبوو منی لە تۆ جیاکردەوە
ڕێی وەرامدانەوە نییە، دڵ بێ قەرارە
بەرد و خۆڵێکی زۆر لەسەر لەشم بارکراوە
لەبەر کاری خاک و هەوای ساردی بەرد
ڕێگەی وەرامدانەوە نییە هەرچەند دەنگیشم لێوە بێ
ماڵی ناو خاک (گۆڕ) بەجۆرێ بەندی کردووم
نازدارەکانی خۆمی لەیاد بردوومەتەوە
ڕاستە، هەرچەندە شین و گریان بکەی
هەرچەندە بەردی ڕەش بماڵی بەسەرتا
کەڵکی نییە، سوودت ناداتێ
برۆ بۆ بەختی خۆت بگری
لەبەرچی ئەو دونیایە زۆر بێ وەفایە
لەباتی وەفا هەمیشە هەر جەفایە
کەس لە بەند و مەکر و داوی ڕزگاری نەبووە
یەکە یەکە هەمووی بەزنجیری فێڵ و عەیاری بەستۆتەوە

لە دوای پاڕانەوەیێکی بەکوڵی شاعیر، دلبەری ڕاکشاوی ناو گۆڕ دێتە قسە و وەرام دەداتەوە، بەشێوەیێک قسە دەکا بەدڵی شاعیر بێ، دەڵێ: «هێشتا زوو بوو بۆ جیابوونەوەمان، ئەوەی هەستی پێ دەکەم ناتوانم بیخەمە سەر زارم و دەری ببڕم، چونکە باری لەشم قورسە، گۆڕی تەنگ و تاریک هەموو شتێکی لە بیر بردوومەتەوە تەنانەت نازدارەکانیش، گەردوون بێ وەفایە هەموو کار و کردەوەیێکی مەکر و فێڵ و عەیارییە».

کۆماسی شیعرە ماتەمی و لاواندنەوە بەرزەکەی بەم دێڕانە کۆتایی پێ دێنێ:

جە ئەووەل دونیا تا وەڕووی مەحشەر
هیچ کەس جە دامەش بەرنەشی وەبەر

هەر کەس دڵشاد بۆ وەی دونیای بێ بۆ
ئاخر سەرەنجام ڕەنجەڕۆ مەبۆ
هەرچەند پەرپۆ من تۆ ئەلوەداتەن
ئاخر سەرەنجام ئەی جاگە جاتەن

واتاکەی:

لە سەرەتای دونیاوە تا ڕۆژی حەشر
هیچ کەسێک لەداوی (گەردوون) ڕزگاری نەبووە
هەر کەسێک دڵی شاد بێ بەم دونیای بێ تام و بۆیە
لە ئەنجامدا ڕەنجەڕۆ دەبێ
هەرچەندە گریان و ئەلوەداعی بۆ بکەی
لە ئەنجامدا ئەم جێگەیە دەبێتە جێی تۆ

کۆماسی ژیرانە کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ، وەکو دانایێک دەکەوێتە بەرچاو، ئامۆژگارییەکانی دیارە بۆ خۆشەویستی خەو لێ کەوتووی ناو گۆڕەکەیە، کەچی هەر کەسێکی ئەم ئامۆژگارییانە ببیستی وناگزوورییێک لە ژیانی و شۆرشێک لە مێشکیدا هەبێ گوێی بۆ شل دەکا و باوەڕی پێ دێنێ. بەلای شاعیرەوە ئەنجامی هەموو کەسێک ئەو گۆڕەیە کە دەبێتە ماڵی دوایی و هەمیشەیی، ئەگەر ئەو ئەنجامە بۆ خەڵکی دڵگرانی بێ، بۆ شاعیر دڵ خۆشکەرەوەیە، چونکە دەچێتە لای لەیلای خۆشەویستی لەم گێتییەی تا سەر لەگەڵی نەبوو، لەو گێتییە جاویدانییە پێکەوە دەبن.

***

ئەحمەد بەگی کۆماسی لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا بەخاڵۆی کۆماسی ناوبانگی دەرکردووە. ئەم ناوە شەرەفێکی گەورە و جێی شانازییە بۆ شاعیر، چونکە لەلایەن مەولەوییەوە وەک نیشان و میدالێک بەسنگ و یەخە و شانی ئەحمەد بەگی کۆماسییەوە کراوە. کۆمەڵە شیعری شاعیر بەڵگەی سەرکەوتوویی خاوەنەکەیەتی و لەلای هەموو کوردێک پەسەند کراوە. ئینجا ئەو سەرکەوتنە لەلایەن شاعیرێکی وەکو مەولەوییەوە شایەدی بۆ بدرێ، بێ گومان پێویستە حسێبی تایبەتی بۆ بکرێ.

کۆمـاسـی بەشـیـعری «گـڵـکۆی تازەی لەیل» نـاسـراوە، دەنگوبـاسـی گـەیشـتـۆتە ئەورووپا. شـارەزایێکی وەکو مـینۆرسکی لەسـەری نووسـیوە، بە بەرهـەمـێکی بەرزی ژماردووە لەناو شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، لەگەڵ هەندێ شیعری دڵداری و لاواندنەوە بەراووردی کردووە.

مەلای جەباری

بەشی بیستەمین

مەلای جەباری

١٨٠٦-١٨٧٦

جـــەرەس وە ئاهنگ خـــۆش قـــانوونەوە
دەنگ و ســـەدای ســـاز ئەرغـــەنوونـەوە
قـومری وە قـووقـووی نەغـمـەی هویشـەوە
مـل وە تـەوق زەڕ وەفــــا ڕیـشـــــەوە

ژیانی شاعیر

لەدوای داگیرکردنی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە ئەنجامی جەنگی چاڵدیران (١٥١٤) پێوەندییێکی تازەی ئابووری کۆمەڵایەتی لە ولاتی کوردەواریدا پەیدا بوو، بەناوی ئایین و نەوەی پێغەمبەرەوە سوڵتانی عوسمانی سەید عەبدولجەبار ناوێکی خەڵکی شاری حەمای ولاتی شام خەلات دەکا، هەندێ پارچە زەوی پێشکێش دەکا لەو ناوچەیەی کە لەدواییدا دەبێ بەئاقاری جەبارییان لە ڕۆژهەلاتی کەرکووکدا، هەمەوەند دەکەوێتە لای باکووری و شێخان لەلای باشووریەتی، قەرە حەسەنیش دەکەوێتە لای ڕۆژئاوای. ناوچەی جەباری لە ٢٨ ئاوایی پێکهاتووە، دیالێکتی قسەکردنی ئێستایان کرمانجی خوارووە.

سەید عەبدولجەبار لەدوای ئەوەی نەوەی لێ دەکەوێتەوە بەتایبەتی شێخ شەرەفەدینی کوڕی خۆی دەگەڕێتەوە ولاتی شام، لەپاشانا ئەم کوڕەی دەبێتە باپیرە گەورەی بنەماڵە یا تیرەی جەباری. لەدواییدا ئەم کۆمەڵە خەڵکە لە بنەماڵەوە دەبێتە تیرە یا عەشرەت، واتە سەیدەکان وەک بنەماڵە سەرۆکایەتی دەکەن و خەڵکەکەی دیکەش لەگەڵیاندا عەشرەتی جەباری دروست دەکەن.

شاعیری ئەم ماوەیەمان فەتاح کوڕی سەید مستەفا کوڕی سەید ئیسماعیل

کوڕی سەید جانی لە نەوەی شێخ شەرەفەدینی کوڕی سەید عەبدولجەباری گەورەیە. فەتاح لە ساڵی ١٨٠٦ لە گوندی بانگۆل لەدایکبووە، بەمنداڵیی سەرەتای خوێندنی لەلای مەلا ڕۆستەمی مەلای گوندەکەیان بووە. وا دەردەکەوێ لە مەڵبەندی خۆیدا تەنیا قورئانی خەتم کردبێ و، گوندەکەیان حوجرەی مەدرەسەی خوێندنی زانستییەکانی ئیسلام و زمانی عەرەبی تێدا نەبووبێ. لەبەر ئەوە دەوری فەقێیەتی لە مزگەوتی نائیب ئۆغلی لە کەرکووک خوێندوویەتی، لەپاشانا بۆ خوێندن چۆتە سلێمانی و لە دواییدا گەڕاوەتەوە کەرکووک، ئینجا ڕووی کردۆتە هەولێر و ڕواندز و شنۆ و، بۆ دواجار نیشتەجێی مەڵبەندی خۆی کەرکووک بووە.

لە ساڵی ١٨٣١دا باوکی مەلای جەباری کۆچی دوایی کردووە، ناچار بووە واز لە خوێندن بێنێ، یا هیچ نەبێ پەلە بکا لە تەواوکردنی خوێندنی مەلایەتی، چونکە گومان لەوەدا نییە کە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، ئیتر ناچار بووە خەریکی کشتوکاڵ و بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵی بێ.

پێوەندی دەرەبەگایەتی لە کۆمەڵی کوردەواری عوسمانیدا هەندێ تەنگوچەڵەمەی بۆ پەیدا کردووە، لەبەر ئەوە ناچار بووە دووجار سەر لە ئەستەموڵ بدا. جاری یەکەمیان لە ساڵی ١٨٤٢ دەچێتە ئەستەموڵ بۆ سەندنەوەی هەندێ لەو موڵکانەی بنەماڵە و تیرەکانی هاوسێیان داگیریان کردبوو. وەک دەردەکەوێ مەلای جەباری لەو گەشتەیدا سەرکەوتوو بووە. جارێکی دیکەش لە ساڵی ١٨٤٦ دیسانەوە ڕوو دەکاتەوە ئەستەموڵ، ئەمجارەیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو دوژمنایەتییەی کە لەنێوان جەباری و هەمەوەنداندا لە ناوەوە بوو، لەم گەشتەیدا تا پلەیێک سەردەکەوێ، چونکە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی نێوانی لەگەڵ هەمەوەنداندا خۆش نەبوو، ئەمانە بزێو بوون و زیانیان بەدەسەڵاتی عوسمانی دەگەیاند و هەموو شتێک لە ناوچەی ئەواندا بەدڵی دەسەڵات نەدەکەوتەوە.

لەبەرئەوەی مەلای جەباری لە بنەماڵەیێکی سەید و دەوڵەمەند بوو پێوەندی لەگەڵ کاربەدەست و دەوڵەمەند و شێخە گەورەکانی ئەو سەردەمە هەبوو، وەک (مەحموود پاشای جاف و شێخ عەبدولڕەحمانی خالیسی) و هی دیکە. دەڵێن ئاشنایەتی لەگەڵ مەولەویدا بووە، ئەمەیان ڕەنگە بەناوی خوێندەواری و شاعیرییەتییەوە بووبێ، ئەگەر نا لە ماڵەوە کاروباری بنەماڵە و تیرەی جەباری

بەدەست (سەید قادری کاکی)یەوە بووە، هەندێ جار ناکۆکی دەکەوتە نێوانیانەوە و مەلا ناچار دەبوو بۆ ماوەیێک زویر ببێ و لە مەڵبەندی خۆی بار بکا، هۆی ئەم ناخۆشییەی نێوان ئەم دوو برایە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندیی نادۆستانەی نێوان مەلای جەباری و براژنی، واتە خێزانی سەید قادری کاکی گەورەی کە ناوی. هاجەر خان بووە، گەیشتۆتە ڕادەیێک بەشیعر ئەو ژنە هەجوو بکا، جگە لەوە ئەو ناخۆشییەی کە لەنێوان جەباری و هەمەوەندەکان بووە کاکی بەخەتابار حسێب کردووە.

مەلای جەباری لە ساڵی ١٨٧٦ لە ئاوایی تاوێربەرز کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەیان هێناوەتەوە بانگۆل و لەوێ نێژراوە.

شیعری مەلای جەباری

مەلای جەباری وشەی «مەلا»ی کردووە بەنازناو بۆ شیعرەکانی، لە زۆربەیاندا بەکاری هێناوە. ئەگەر بە وردی بنوارینە شیعری مەلای جەباری لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە لە چوارچێوە و قاڵبی شیعری کوردی شاعیرانی گۆرانزەمین ناچێتە دەرەوە. لە ڕووی ڕوخسارەوە کێشی خۆماڵی دە سیلابییە، زۆربەی شیعرەکان وەستانیان لە ناوەڕاستدایە، دیارە قافیەش هەر ئەو مەسنەوی یا جووت قافیەیە کە ئەم جۆرە شیعرە لەسەری دەڕۆن. زمانی تێکەڵاوە، هەر چەندە لە بنجدا دیالێکتی گۆرانییە بەڵام بە ڕوونی کاری کرمانجیی باشووری بەسەرەوە دەبینرێ، وشە و ڕستەکانی سادە و ئاسانن و لە شیعری میللیی سەرزاری نەنووسراوەوە نزیکن.

لە بابەت ناوەرۆکەوە زۆربەی شیعری ئەم شاعیرەمان لە دڵداری واتە وەسفی خۆشەویست و وەسفی سروشت دەردەکەوێ، هەرچەندە لە هەندێ پارچە شیعریدا دەکرێ مەبەسێکی دیاریکراو بەدی بکرێ، بەڵام بەتایبەتی لە مەبەسی دڵداری و وەسفی سروشتدا زۆر جار ئەم دوو مەبەسە تێکەڵ بەیەکتری دەبن.

شیعری مەلای جەباری ئەوەی لەبەر دەستماندایە زۆر کەمە، لەبەر ئەوە هەموو مەبەسە کلاسیکییەکانی شیعری کوردی تێیدا نادۆزرێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکە تاکە شیعری داشۆرین و گاڵتەوگەپ و بۆ پێکەنین بەرچاو دەکەون. بەلای ئێمەوە ئەم جۆرە شیعرانەی لە هەموو ڕوویێکی هونەرییەوە لە پلەی شیعرە

دڵداری و وەسفەکانی سروشت نین، کەچی ڕەنگە بەپێی ئەو قسەیەی «دەبێ شاعیر لە هەموو بابەتێک بڵێ...» ئێمە ئەو جۆرە شیعرانە لە مەلای جەباری و شاعیرانی دیکە قوبووڵ بکەین.

گەشتی دیوانی شیعری مەلای جەباری

نەوبەهار

کارێکی ئاساییە کەژی بەهار سەرنجی هەموو شاعیرێک ڕابکێشێ لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتی کەرکووکدا. لەو شیعرەیدا مەلای جەباری دیمەنە ڕەنگاوڕەنگەکانی بەهار دەجووڵێنێ کە دەڵێ:

میرزام! یە وەعدەی نەو وەهارانەن
سەرەتای تەلیت خاتر دارانەن
فەسڵ وەسڵ دۆست سەیر هەردانەن
لەرەی لەرزانەی زەنەخ دارانەن
زەمزەمەی بولبول، دەبدەبەی گوڵەن
نەزارەی هەزار دەروون پڕ چڵەن
نەپرشەی شەونم نەڕووی پەردەوە
نێرگس مەست چەم وە لاو کەردەوە
نەقارەی مینقار تەیران سوب خیز
بیزەنان نەغمەی نەکیسای پەرویز
چریکەی چەکاوس چون حونجەرەی عوود
مەر دەنگ چل چەنگ پەنجەی بارەبوود
هوو هووی بایەقوش شەو وە هەردەوە
زام دەردینان تازە کەردەوە
دەنگی قیڕەی قاز سوب نەسەحرای سووس
مەر مۆزیقەی مەشق شەهنشای عورووس
تیپ تیپ قوڵنگان قەتارەی قازان
میرزام تاوەڕووژ ئاوات مەوازان

جـــەرەس وە ئاهـەنگ خـــۆش قـــانوونـەوە
دەنگ و ســـــەدای ســـــاز ئەرغـــــەنوونـەوە
قـومــری وە قـووقـووی نـەغـمـەی هـویشـەوە
مـل وە تـەوق زەڕ وەفــــــــاریـشــــــــەوە
قــووقــووشــەن وە فــەرق شــاخ ســەروەوە
مــەر حــاجـی وەرای (ســەفـا و مــەروە)وە
قـــەواقــووی قـــەتار قــوڵـەنگ تیـــژ پـەڕ
کـەردەن هۆش و گـۆش کـە ڕوبیـان کـەڕ
فـەرش فـەرەح بەخش سـەوزەی قـەدەم خـێر
فـەرشـەنەن وە مـوڵک سـەحـرای گەرمـەسێر
دەی سـاجـەی دەمـدا هـەر کـەس دلیش بوو
چون بـولبـول هەوای سـەودای گـوڵیش بوو
یـاخـــود چون فـــەرهـاد دڵ ئاهـەرین بوو
مـــەزەی مـــەزاقـش نام شـــیـــرین بـوو
یـاخـــود جــە دەروون مـــایە مـــەیلش بـوو
چـون مـــەجنوون هەوای خـــاڵ لەیلش بـوو
مـــەبو ئەزم ســـەیر ســـەوزە و ســـاراکـــۆ
دامـــــــانـەش نـەهـوون دەروون داراکــــۆ
نـەو فـــــەیز فـــــوتـووح نـەو وەهـارەوە
نـەو بـەیـزای ئـەنـوار کــــــۆی دڵـدارەوە
ســەیر ســەحــرا و دەست ســەیر دیارانەن
نـالەی مـــورغ زار مــێــرغـــوزارانـەن
دوست لـە بـەهـانـەی دڵـســـتـــانـی بـوو
لا قـــــەید نـەجـــــەواب (لـن تـرانـی) بـوو
شـەو سـەرگـەردانـان سـەر ئـازاد کـەرۆ
ســـــەبان وە (وادی ایمن) شـــار کـــەرۆ

مـەر (مـەلا)یش نیـشـوو شـەو نەدەیجـوورا
نـەتیـــــرەی تـاریک ســـپــــای بـێ نـوورا
ئـەر ســــــتــــــارەم بـێ نـەوا و بـەرگ بـوو
وەدین دڵدار هـویت شــــــاد مــــــەرگ بـوو

واتاکەی:

گەورەم! ئەمە سەردەمی بەهاری تازەیە
سەرەتای گەیشتن بەنیاز و ئامانجە
کەژی شادبوونی دۆستان و سەیرانی هەردانە
لەرینەوەی ملوانکەی گەردەن زەردانە
دەنگ و ئاوازی بولبولە، وشەی گوڵە
موناجاتی هەزار دڵی پڕ لە شادییە
لە بریسکەی شەونم لە ڕووی پەردەوە
نێرگس مەست بووە لە گوێی ئاودا
لە ئاوازی دەنووکی باڵندەی بەرەبەیانان
ئاوازی بێ وێنەی نەکیسای گۆرانیبێژی خوسرەو
چریکەی کە لە گەرووی عوود دێتە دەرەوە
ئەو ئاوازەی لە ئامێری چل چەنگی باربود دەپژێ
قاژەی کوندەبوو شەو لە هەرداندا
ئێشی برینان تازە دەکاتەوە
دەنگی قیژەی قازی بەیانیان لە سارای سووس
وەک مۆسیقای مەشقی قەیسەری عرووس
تیپ تیپی قوڵەنگان و قەتارەی قازان
گەورەم! تا ڕۆژ ئاوات بڵاو دەکەنەوە
ئاواز و ئاهەنگی خۆشی ئامێری قانوون
دەنگ و سەدا و ئاوازی ئەرغەنوون
قومری بەقوو قووی خۆیەوە

تەوقی چێژ و وەفا لە ملی ئالاوە
دەنگ و سەدایان لە لوتکەی شاخەکانەوە
وەک دەنگی حاجییانە لە هاتوچۆی (سەفا و مەڕوا)
دەنگی تیپی قوڵەنگە تیژ پەڕەکان
عەرەشوقورش کەڕ دەکەن
چیمەنی شادی بەخش و سەوزەی قەدەم خێر
خۆشی دەدەنە دەشت و سارای گەرمیان
لەو سەردەمەدا هەر کەس خاوەن دڵ بێ (دڵدار)
وەک بولبول سەوداو گیرۆدەی گوڵ بووە
یا وەکو فەرهاد دڵی ئاگرین دەبێ
مەزەی سەر لێوی ناوی شیرین دەبێ
یا لەناخی دڵیدا مەیلی بۆی هەیە
وەک مەجنوون هەوای خەیاڵی لەیلای هەیە
سەیرانی سەوزایی و دەشت و کێوی ڕەنگین لە ناوەوەیە
داوێنی لە خوێن و دەروونی لەسەر شاخ
لەو جیلوە ڕەنگینەی نەوبەهارەوە
لەو ڕووناکییە سپیانەی کێوی دڵدارییەوە
سەیری سارا و دەشتی وڵاتان بکەن
ئاوازی باڵندان لە مێرغوزاران
دۆست لە گۆشەی دڵستان (شاری دڵداری) بوو
بێ گومان لە وەرامی دەنگی (لن ترانی) بوو
بەشەو سەرگەردانان ئازادن
بەشەوان بە(وادی ایمن) شاد دەبن
هەرچی (مەلا)یشە شەو لە تاریکیدا دەژی
لە مەڵبەندی ڕەشی تاریکی بێ ڕووناکی
ئەگەر ئەستێرەم بێ نەواو بەدبەخت بێ
بەمەرگ بەئایینی دڵداری شاد دەبێ

لەم شیعرەدا مەلای جەباری بایەخی بەهەموو لایەنێکی سروشت داوە لە ڕووەک و گیاوگوڵ وەکو هەموو جۆرە شیعری لەم بابەتەی وەسفی بەهار، بەڵام لەم ماوەیەدا بەتەواوی باڵندە دەخاتە ڕوو، نەوەکو تەنیا وەک دیاردەیێکی مەتریالی جوانی سروشت، بەڵکو وەک دەنگ و ئاواز و مۆسیقا، هەوڵێکی زۆر دەدا باس لە ئاوازەکانی ئەم باڵندە جۆراوجۆرانە بکا، هەروەها بەراووردیان بکا لەگەڵ ئاوازە جیاوازەکانی ئامێری مۆسیقا، واتە مۆسیقای سروشت و ئەو مۆسیقایەی باڵندەی سروشت بەدەنگە خۆشەکانیانەوە دروستی دەکەن.

شاعیر لەم هەنگەمەی سەیرانی ئاواز و مۆسیقایە یادی مێژوو دەکاتەوە، ئەو دەنگ خۆشانەی وەکو نەکیسا و باربورد بوون بەڕەمزی دەنگخۆشی لە مێژووی دێرینی ئەرکیۆلۆجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دیسانەوە شاعیر ئەوەی لەبیر نەچووە ئەو دەنگ و سەدایەی لە غەیبەوە هاتووە بە «لن ترانی» و «وادی ایمن» خۆی دەرکردووە، بەلوتکەی داهێنانی ئاوازی نەمری مۆسیقای هەمیشەیی دابنێ.

شانامەی بەختە

شێخ عەبدوڵڵا بادەوایی مەلای جەباری بانگ دەکا بۆ ئاهەنگی ژنهێنانی شێخ سەتاری کوڕی، لەو کاتەدا مەلا شتێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نابێ شایانی ئەوە بێ بە دیاری بۆ ئەو زەماوەندەی ببا، ئیتر ناچار دەبێ بیر لەو بەرانە سوورە بکاتەوە کە بە تایبەتی لە ماڵەوە دایانبەستبوو بۆ ئەوەی بەدیاری پێشکێشی ماڵی زاوای بکا.

لەم شیعرەدا مەلای جەباری هەستونەستی منداڵەکانی دەردەبڕێ چۆن ئەم بەرانەیان لە دەست چوو:

ئیمساڵ بەختەیەکمان گرد بووە دان
سەری ببڕین بۆ مناڵەکان
وە سمکۆڵ چون ئەسپ زەوی ئەدڕی
دەنگ کا و جۆی لە ماڵم بڕی
دیم پەیا بوو یەک کوڵە بۆری
دیزەی ناپەسەن دەموچاو نەشۆری

واتش شـــێخ ئەولاّ وەهـاش فـــەرمـــایـی
تەشـــریف بـاوەڕی بێ وە ســـەر شـــایی
خـــۆ منیش وەقـــورِ گـــیـــراوی مـــاڵم
دەســم کـــــــــــەوتـووی وە دەس زاڵـم
هەر چەنی گـەڕام بۆ ســوورانـەی شـێخ
ناعـــیـــلاج بەخـــتـــەم کـــردەوە لە مـــێخ
کـــورِ وە بـاوکـــەڕۆ کچ وە ئـای ئـایی
کـەفـتـەن وە شـــوێنم تا قـــەرقـەچایی
یەکـێکیـان وتی بۆ نـاپرسی ئەحـواڵمـان
لەی زاری و شـــیـــوەن لـەی ناڵەناڵمـــان
وتم ڕۆڵە گـــیـــان ئەحـــواڵتـــان چـیـــیـــە؟
ئەم زیرە زیرەتـان لـەبەر چـیـــــــیــــــە؟
وتیـــان: باوە هـەناســـەمـــان ســـەرد بێ
ڕۆن و گـۆشـتـمـان یە بەخـتـە زەرد بێ
ئـەو قـــــەرە گـــریان لـە زووان بـوون لاڵ
من بەختـەم هـاوورد ئەوان چوون بۆ مـاڵ
مـن بـەخـــتـــــەم هێنا هـەتاکـــــو بـاوە
ئـەوە ڕەنجـم دا لـــەگـــــــــەڵ منـالا
هەرچـەندە ئێـمـە ڕەنجـمـان لەگـەڵ برد
ئەومـــانیش بەگـون ســەتارا خــەرج کـرد
ئینە شـــانـامـــەی بـەخـــتـــەی مـــرواری
یـاران بـوانـاشـی پـەی یـادگـــــــــاری

واتاکەی:

ئەمساڵ بەرانێکمان بەخێو کردبوو
بۆ منداڵەکان سەری ببڕین
بە سمکۆڵی وەکو ئەسپ زەوی دەدڕی

کا و جۆی لە ماڵمدا نەهێشت
یەکێکم لێ پەیدا بوو لۆزەندەرێک بوو
وەک دیزەی ناپەسەند و چاونەشۆراو
وتی: شێخ ئەولا فەرموویەتی
تەشریف بفەرمووێ و بێتە سەر شایی
خۆ منیش ماڵم بە قوڕ بگیرێ
گیرۆدەی دەستی زۆردار بووم
زۆر گەڕام بۆ ئاهەنگی شێخ دیارییێک بدۆزمەوە
ناچاربووم بەرانم لە گوریسی کردەوە
کوڕ باوکەڕۆی بوو، کچ واوەیلای بوو
بەدوام کەوتن تا قەرقەچایی
یەکێکیان وتی بۆ لە ئەحواڵمان ناپرسی
لەم زاری و شیوەن و ناڵەناڵەمان
وتم ڕۆڵە گیان ئەحواڵتان چییە؟
ئەم زیڕەزیڕەتان لەبەر چییە؟
وتیان: باوەگیان هەناسەمان ساردە
ڕۆن و گۆشتمان هەر ئەم بەرانە زەردەیە
ئەوەندە گریان لە یەزمان لاڵ بوون
من بەرانم هێنا ئەوان چوونە ماڵ
من بەرانم هێنا هەتاکو باوە
ڕەنجێکی زۆرم لەگەڵ مندالآن دا
هەرچەندە ئێمە ڕەنجمان لەگەڵ دا
بەلآم بۆ گونی شێخ سەتار کردمان بەدیاری
ئەمەیە شانامەی بەرانی مرواری
یاران بەیادگار بیگێڕنەوە

سمێڵەکەی کاکەی کاکەیی

دەڵێن کابرایێکی کاکەیی لای شێخ عەبدولڕەحمان خالیسی تاڵەبانی دەبێ لە ماڵ یا لە تەکیە، بۆ گاڵتە و ڕابواردن شێخ بە سەرتاشەکەی دەڵێ سمێڵی کابرای کاکەیی ببڕێ، ئیتر بەزۆر سمێڵی کاکەیی دەقاچن. مەلای جەباری ئاگاداری ئەم شانۆگەرییە دەبێ، ئیتر بەزمانی کابرای کاکەیییەوە ئەم شیعرە دەڵێ:

ئیلتیجا بردم وە تەکیەداری
لە خالیق نەترس لە حەق بیزاری
هەر وام پەروا کرد چوومە تاسەوە
دیم دەستی ئاما و وەمەقاسەوە
کەلیمەی تەوحید وە زۆر پێم واچان
وە زۆر سمێڵمیان تەمام وەرقاچان
ئەگەر بوینی زەرەی ئێشەکەم
گردەوە بکەم چنگە پووشەکەم
لەی شەرمناکی لە خەجەلاتا
هەرگیز نەنی وەم کەس لەم وڵاتە
شەرت بوو من لە داخ ئەی سمێڵەوە
سەربنێم وە زێر ڕای سەر خێڵەوە

واتاکەی:

ڕۆژێک رووم کردە تەکیە
لە خودا ناترسن و لە هەق بێزارن
هەروا بیرم دەکردەوە و چووبوومە ژێریەوە
دیم دەستێکم بۆ هات بەمەقەسەوە
بەزۆر کەلیمەی تەوحیدیان بەسەرم سەپاند
بەزۆر تەواوی سمێڵمیان بڕی
ئەگەر ئەنجامی ئەم کارە ببینی
پێویستە کۆمەڵە مووەکانم کۆبکەمەوە

له شەرمان و له خەجاڵەتیدا
هەرگیز کەس نەبینم لەم وڵاتەدا
پەیمان بێ من له داخی ئەم سمێڵەمەوە
سەربنێمە وڵاتی سەرخێڵەوە

ئەم شیعرە هەرچەندە لایەنی جوانی و کۆمیدی پێوە دیارە، بەڵام له ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەم کردەوەیە ڕاست نییە، چونکە چوونە مەیدانێکە بەرامبەر بەنەریتێکی ئایینی کە کەس مافی ئەوەی نییە بەربەرەکانی بکا. ئەم ڕووداوە ئەنجامی دژایەتی ئیدیۆلۆجییە لە نێوان تەریقەتێکی دەروێشی (قادری) و ئایینێکی یارسان (ئەهلی هەق)، جگە لەوە دیارە مەسەلەی ئابووری و زەوی و ئاقار و دێرا و مەسەلەیێکی گرنگ بووە لەنێوان دەرەبەگەکانی هەموو عەشرەت و تیرە و بنەماڵەکان نەک تەنیا لەنێوان تاڵەبانی و کاکەییاندا. هەر چۆنێ بێ ئەم کردارانە هەر چەندە ناهەمواریش بن لە دواییدا دەبنە سەرچاوەی داهێنانی ئەدەبی بەرز لە هەموو کۆمەڵێکدا.

***

مەلای جەباری کەسایەتییێکی شیعریی گرنگ بوو لە گۆرانزەمینی کوردستان لە ناوچەکانی گەرمیانی کەرکووک دەورێکی باڵای بووە بەدرێژایی ڕۆژگار لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کوردی، مەلای جەباری شیعری کەم بووە، بەڵام ناوەرۆکی دەوڵەمەند بووە، ئەگەرچی زۆربەی شیعری بابەتی دڵداری و وەسفی سروشتە، بەڵام لە مەبەسەکانی دیکەش شیعری وتووە.

مەولەوی

بەشی بیست و یەکەمین

مەولەوی

١٨٠٦-١٨٨٢

ژیان و شیعری مەولەوی

خـامـەی سـەراوێز نە چای سـیـایی
مـەڕێزۆ ئەسـرین شـەكـوای جـیـایی
نامـەی سـەد شكەنج وەهەم پێچ وەردەن
چون من سـەرتاپاش شكستـەی دەردەن

ژیانی مەولەوی

عـەبدولڕەحـیـمـی كوڕی مـەلا سـەعیـدی تاوەگـۆزی لە سـاڵی ١٨٠٦ لە گـوندی سـەرشـاتەی نـاوچەی تاوەگـۆز لە باشـووری زێـی سـیـروان لەدایكبـووە. ئەو كـاتە بابانی سلێمانی فـەرمـانڕەوا بوون و كوردسـتانی باشـوور بەشـێك بوو لە دەوڵەتی عـوسـمـانی. مـەلا سـەعیـدی تاوەگـۆزی لە نەوەی مەلا یـووسـفی جـانی كـوڕی سـەید مەلا ئەبووبەكری چوڕی بوو. هێشتا منداڵ بووە ماڵەوەیان گواستوویانەتە گوندی بێژاوەی نزیک هەڵەبجە.

سـەرەتای خـوێندنی شـاعیـر لای باوكی بووە. وەک لە مێژووی ژیانی دەردەكەوێ لە منداڵیـیـەوە لە هیـچ شـوێنێک بـۆ مـاوەیـێكی زۆر ئـۆقـرەی نـەگـرتـووە. لەدوای خـوێندن لای بـاوكی بۆ مـاوەیێكی كـەم چـووە بۆ پاوە (هـەورامـانی لـهـۆن) ئـینجـا ڕووی كـردۆتە چوڕ لـە مـەریـوان، لەوێوە بۆ سـنە لە مـزگـەوتی وەزیر دامـەزراوە، ئەوجا ماوەیێک بۆ خـوێندن لە بانە بووە، لە پاشانا لە سلێمانی گیرساوەتەوە و لە مـزگـەوتی گـەورە نیشـتـەجـێ بووە و لای شـێـخ مارفـی نۆدێ خـوێندوویەتی. لەدوای ئەمـە ڕووی كـردۆتە هەڵەبجـە و لـەپاش مـاوەیێک لە قـەڵای جـوانڕۆ ژیاوە. لێـرەدا

جارێکی دیکە ڕوو دەکاتەوە سنە و لە مزگەوتی دارولئیحسان دەژی لەدوای ماوەیێک ڕوو دەکاتەوە سلێمانی.

لەدوا سەفەری شاعیر بۆ سنە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٣٩ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕەزا قوڵی خانی کوڕی خوسرەوخانی والی و، لەپاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی ئیلهام لە خەیاڵیدا دەکەوێتە جووڵە، هەستکردن بەگێتیی گیانی سۆفیزم دەکەوێتە بزووتنەوە و لەو ڕۆژگارەدا کەسایەتی شیعری مەولەوی دروست دەبێ و لە دواڕۆژدا بەرهەمی شیعری دادەهێنێ.

مەولەوی وەکو هەموو مرۆڤێک دەکەوێتە سەر هەوەسی تەریقەتی سۆفیزم. تەریقەتی نەقشبەندی، بەتایبەتی پێوەندی لەگەڵ دیالێکتی گۆران دەبوو ببێ بەو فەلسەفەیەی تێنوویەتی شاعیری دەشکاند لە گێتیی گیاندا، بۆ ئەم مەبەسە ڕوو دەکاتە تەوێڵە و بەشێخ وەسمان شاد دەبێ، لەدواییدا دەبێتە شێخ و مورشیدی گەورەی.

مەولەوی لەدوای تەواوکردنی خوێندن لە گوندی چوڕستانە مەلایەتی دەکا، لە سەردەمی مەلایەتیشیدا بۆ ماوەیێکی زۆر لە جێییێک نامێنێتەوە، جێگۆڕکێی زۆر دەبێ، لە چوڕستانەوە دەچێ بۆ گوندی بێژاوە، لەوێ زۆر نامێنێتەوە و دەچێتە گوندی بیاوێڵە و ئەمە مەنزڵی پێش دوایی ژیانی دەبێ. لێرەوە بۆ دواجار ڕوو دەکاتە گوندی سەر شاتەی مەڵبەندی لەدایکبوونی تا دوایی ژیانی لەوێ دەمێنێتەوە.

نازناوی شیعری عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی «مەولەوی»یە، لەو ماوەیەی مەولەوی لە سنە بووە و لە مزگەوتی دارولئیحسان ژیاوە، والی ئەردەڵان ڕەزا قوڵی خانی کوڕی خوسرەو خانی والی بە ڕەسمی لەقەبی مەولەوی داوەتێ. ئەم نازناوە لە بنجدا نازناوی جەلالەدینی ڕۆمییە، بێ گومان جێی شانازی و سەربڵندی و گەورەیی بووە بۆ عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی لەلایەن والیی ئەردەڵانەوە ئەو لەقەبە گەورەیەی پێ ببەخشرێ، جگە لەوە ئەو حوجرەیەی مزگەوتی دارولئیحسان کە مەولەوی تێیدا ژیاوە و ژمارە (١٩)یە لەناو حوجرەی مەلایان تا ئێستا خەڵکی بە«حوجرەی مەولەوی» ناوی دەبەن.

ئەم شاعیرەمان نازناوی مەولەوی لە شیعریدا بەکار نەهێناوە، نازناوێکی

دیکەی هەیە «مــەعــدووم» یا «مــەعــدوومی»، ئەمــەیانی لە هەندێ شــیــعــریدا بەکـارهێناوە، ئەمـەش نەک وەکو شـاعیـرانی ڕینیـسانسی شـیـعری کلاسـیکی کوردستانی باشوور کە نازناویان لەدوادێڕی غەزەل یا قەسیدە بەکارهێناوە (نالی و سالم و کوردی) بەڵکو مـەولەوی نازناوی لە سـەرەتای شیعر یا لەناو شیعرەکە بەکاری هێناوە نەک لەدوادێڕدا.

لە دەوری لاویەتی مـەولەوی، لە گوندی چوڕستـانە هەندێ بنەمـاڵەی بەرەچەڵەک ئەفغـانی دەژیان، ئەمانە سۆفیی تەریقـەتی نەقشبـەندی بوون. مەولەوی ئاشنایەتی لەگـەڵیـاندا پەیدا دەکـا، ئەو برادەرایەتیـیـە دەبێتـە هۆی ئەوەی شـاعـیر حـەز لە کـچێکیـان بکـا و بیکا بەهاوسـەری خـۆی. ئەو کـچـە ناوی عـەنبـەر خـاتوون بوو. بەشێکی زۆر لە شیـعرە دڵدارییەکانی مـەولەوی ڕەنگدانەوەی ئەو دڵدارییـە گەرمـە بوون.

لە سەردەمی فـەقێیەتیدا مـەولەوی لە گوندی خانەگای ناوچـەی هـەورامان حەزی لە ڕابیعەی کچی مـامۆستای خۆی سەید عومـەری خانەگا کردووە، بەڵام بۆی ڕێک نەکەوتووە بیـهێنێ، بێگومـان ئەم دڵدارییە کاری لێ کردووە و بووە بەسـەرچاوەی ئیلهـام بۆ هۆنینەوەی هەندێ لە شیـعرەکـانی. جگە لە گیـانی عـەنبـەر خـاتوون و ڕابیـعـە لـەوانەیە گیـانی ژنی دیکەش هەسـتی ناسکی مـەولەوییـان جـووڵاندبێ و شــیــعــری بۆ وتـبن، بەڵام هـەرگـیــز لە عــەنبــەر خــاتوون بـەولاوە ئەوانی دیکە نادۆزرێنەوە.

مـەولەوی لەگـەڵ ئەوەی سـۆفی بووە، بەڵام لە ژیانی کـۆمـەڵایەتیـدا گۆشـەگیـر نەبووە، بەڵکو بـەپێچەوانـەوە پێوەندیی کۆمـەڵایەتی زۆر فراوان بووە، برادەرایەتی لەگـەڵ زۆربەی خـەڵکە جـیـاوازەکـانی ناو کـۆمـەڵدا بووە، بەتایبـەتی شـاعـیـر و ڕۆشنبیـر و ئاغا و شـێخـی تەریقـەتی نەقشـبـەندی (سـەراجـەدین و بەهائەدین و زیائەدین)، هـەروەها (شـێخ مـحـەمـەد جـەسیمی سنە و مـحەمـەد پاشا و مـەحمـوود پاشـای جاف). شیعری پێشکێش بەبرادەرانی کردووە هی وەکو (شـێخ موئمـینی سـازانی و شـێخ حـەسـەنی سـازانی و شـێخ یووسـفی نوسـمـەیی و شـێخ عـەزیزی جانەوەری و ئەحمەد بەگی کۆماسی و شێخ عەبدوڵڵای داخی) و هـی دیکە.

لە ژیانی کـۆمـەڵایەتیدا مـەولەوی دڵکراوە بوو، دەم بەخـەندە و قسـەخۆش بوو،

بەڵام لەدوا ساڵانی ژیانی هەستونەستی ناو دەروونی گۆڕا بوو، هەست بەوە دەکرا تووشی ڕەشبینی بووە، ئەم دیاردە سایکۆلۆجییە لە ئەنجامی هەندێ ڕووداوی ناخۆش بوو لە ڕێڕەوی ژیانیدا تووشیان هات بوو.

سروشتی کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی و بەشێک لە نەریتە دەرەبەگییە دواکەوتووەکان هۆیێکی گرنگ بوون لە هەندێ ماوەی مێژوودا دووبەرەکی بکەوێتە ناو کۆمەڵ و ئاژاوە دروست ببێ لە ئەنجامی شەڕوشۆڕی عەشرەتیی کە هەموو توانا و هێزێکی لە نەریتی بێ هۆشی و دواکەوتوویی و بیری نامرۆڤایەتی وەردەگرت. بەم جۆرە کارێکی ئاسایی بوو گوندی سەرشاتەی مەڵبەندی دوا ساڵانی ژیانی شاعیر بکەوێتە بەر تاڵان، لەو کردەوە چەتەگەرییەدا تەنیا نامەخانەی شاعیر تاڵان نەکرا وەکو کەلوپەلی دیکەی ناو ماڵ، بەڵکو بەر گڵپەی ئاگر کەوت و سووتا. ئەمە ڕووداوێکی جەرگبڕ بوو لە ژیانی مەولەویدا.

هەرچی مردنی عەنبەر خاتوونی خێزانی بوو کارەساتێک بوو بۆ شاعیر لە شیعریدا دەردەکەوێ عەنبەر خاتوونی زۆر خۆشویستووە، کۆمەڵێک شیعری ئیلهامی لەو خۆشەویستییە وەرگرتووە. ئەمە و وەکو ئاشکرایە مەولەوی ژنێکی دیکەشی هێناوە، بەڵام لە شیعری دڵداریدا زیاتر ئیلهامی لە عەنبەر خاتوون وەرگرتووە.

لوتکەی ئەو کارەساتەی ژیانی مەولەوی لێڵ کردووە، چەند ساڵێک پێش کۆچی دوایی هەردوو چاوی کوێر بووە. لێرەدا پرسیارێک لەم لایەنەوە قوت دەبێتەوە: یەکێک بەزکماک یا لە منداڵیدا تووشی ئەم نەخۆشییە ببێ لەوانەیە بڵێمەتێکی لێ بکەوێتەوە، بەڵام لە تەمەنی پیری یا لە سەردەمی دوا ساڵانی ژیانیدا کوێر بێ، ئەم چارەنووسە بەچی دەگەیەنێ؟ بەهەموو لێکدانەوەیێک ڕاستییەکە ئەوەیە دوا ساڵانی ژیانی شاعیر قورسترین ماوەیێک بووە لە تەمەنی سێ چارەکە سەدەی چەرخی نۆزدەم، ئەو ژیانە پڕ لە مەینەتییە لە ساڵی ١٨٨٢ کۆتایی پێ دێ، مەولەوی لە گوندی سەرشاتە کۆچی دوایی دەکا و هەر لەوێش دەنێژرێ.

دیوانی شیعری مەولەوی

مەولەوی یەکێکە لەو شاعیرە بەختەوەرانەی لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا بایەخێکی زۆری پێ دراوە لەلایەن ڕاگەیاندنەوە بۆ ناوبانگ و، لە ڕووی

زانستییەوە بۆ هەڵسەنگاندن قسەی زۆری لەسەر کراوە و دیوانی بڵاوکراوەتەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمی شیعری کراوە.

پیرەمێرد یەکەمین کەس بووە هەوڵی داوە بەشێک لە دیوانی شاعیر بەناوی «دیوانی مەولەوی و ڕۆحی مەولەوی» لە دوو بەرگدا لە سلێمانی (بەرگی یەکەم لە ساڵی ١٩٣٥، بەرگی دووەم لە ساڵی ١٩٤٠) بەچاپ بگەیەنێ. ئەوەی پیرەمێردی هان داوە گرفتار و هۆگری مەولەوی بێ وەکو خۆی دەڵێ، دەنگی خۆشی عەزیز ناوێک بووە: شیعری مەولەوی بەدەنگی خۆشی عەزیز ئامینە لەناو ئێمەدا برەوی پەیدا کرد، عەزیز گۆیندەیێکی عەزیز بوو، لە مەجلیسدا هیجرانی و لە چیادا قەتار هەر لەو دەهات.

پیرەمێرد لە دیوانی مەولەویدا لە لاپەڕەی جووت شیعری مەولەوی بەدیالێکتی گۆرانی (هەورامی) و لە لاپەڕەی تاک شیعرەکەی بەدیالێکتی کرمانجیی باشوور (سلێمانی) لە وەرگێڕانی خۆی بڵاوکردۆتەوە. بێ گومان ئەمە کارێکی باشە لەلایەن پیرەمێردەوە گەیەنراوەتە ئەنجام، بەڕاستی وەرگێڕانەکەی ئەو گەلێ شت لە شیعرەکاندا ڕوون دەکاتەوە، کەچی لەڕووی هونەری و چێژی شیعرایەتییەوە ئەسڵەکەی مەولەوی تەنیا خۆی نموونەی بەرزی ئەو داهێنانەیە کە مەولەوی مەبەسیەتی و وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد جێی ئەسڵەکە ناگرێتەوە.

جگە لە پیرەمێرد چەند کەسێکی دیکەش بەشیکردنەوە و لێکۆڵینەوە دیوانی مەولەوییان بڵاوکردۆتەوە.

١- دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی مەلا عەبدولکەریمی موددەریس، لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦١ چاپ کراوە.

٢- دیوانی مەولەوی سەید عەبدولڕەحیمی مەعدوومی، لەلایەن محەمەد ئەمینی ئەردەڵانییەوە لە هەورامییەوە گۆڕاوە بۆ زاراوەی سۆرانی، لە بەغدا لە ساڵی ١٩٩١ چاپ کراوە.

لێرەدا هەرچەندە بڵاوکەرەوەی دیوان وەستایەتی نواندووە لە وەرگێڕانی شیعری مەولەوی لە (هەورامی)یەوە بۆ (سۆرانی)، بەڵام دیسانەوە بەرهەمەکە بە زمانی بنچینەیی خۆی وەک بەرهەمێکی شیعری داهێنراو دەکەوێتە بەرچاو. وەرگێڕانەکە نرخی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی هەیە.

٣- ڕیسالەی عیشق لە مەولەوی ناسیدا، بریتییە لە لێکۆڵینەوەیێک لە بابەت شاعیرەوە لەگەڵ لێکدانەوەی گوڵچنێک لە شیعرەکانی، لەلایەن سۆران سنەیی ئامادە کراوە و لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری ورمێ ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی بڵاوی کردۆتەوە.

دیوانی شیعری مەولەوی مەبەسی سەرەکی مێژووی ئەدەبی کوردییە، بەڵام وەک زانایێکی ئایینی ئیسلام بەرهەمی زانستیشی هەیە لە بابەت ئیسلامەوە بەشیعری کوردی ئەم کتێبانەی داناوە، ئەم بەرهەمە زانستییانە دەچنە ناو شیعری فێرکردن یا پەروەردەییەوە (دیداکتیکی).

بەرهەمە شیعرییە زانستییەکانی مەولەوی بەسێ زمان نووسراونەتەوە، کوردی و فارسی و عەرەبی، ئەوەی پێوەندی بەئێمەوە هەبێ بەرهەمە کوردییەکەیەتی.

ئەو کارە زانستییەی مەولەوی بەشیعری کوردی دانراوە، بەناوی «عەقیدە» و «العقيدة المرضية» و «زوبدەی عەقیدە» ناوبانگی دەرکردووە، بۆ یەکەمین جار لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٣٣دا لەلایەن محیەدین سەبری کانی مشکانی بڵاوکراوەتەوە. بۆ جاری دووەم بەناوی «زوبدەی عەقیدە» لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٠دا لەلایەن حەمە ساڵح حاجی مەلا محەمەدی گەڵاڵە چاپکراوەتەوە. ئەم چاپە بریتییە لە کتێبی دەسنووسێک بەخەتێکی خۆش شیعرەکان تۆمار کراون، لە لاپەڕە تاکی کتێبەکە بەئۆفسیت تێکستی دەسنووسەکە بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە جووتیدا شیعرەکان بەئیملای تازەی کوردی نووسراونەتەوە.

شاعیر عەقیدەکەی بەم شیعرانە دەست پێ دەکا:

زوبدەی عەقیدە و خولاسەی کەلام
هەر لە تۆ و بۆ تۆی حەمد و سەنای تام
هەر خۆتی بۆ خۆت بورهان دیتر بەس
بەشی خۆی تێکەڵ ناوێ بکا کەس
چاک واتە خەیاڵ بێ تەقریب نەکەین
مەعلوومە تۆ تۆ و ئێمەیچ خۆ ئێمەین

بەم شیعرانەش کۆتایی پێ دێنێ:

جـــێی نیـــیـــە جـــیلوەی زاتی بەتاقی
مـــــەر دڵی مـــــوئـمین فـــانی یو باقی
عاریف هەر خۆیە و مەعرووف خۆیە و بەس
مـــەعـــریفـــەتی حـــەق بۆ کـــەس نادا دەس
نیـــزاع بڕیاوە دەگـــەڵ خـــاس و عـــام
(صـح الـعــــقـــــیـــــدە وتم الـكـلام)

لە خوێندنەوەی ئەم دێڕانە ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێ زمانی شیعری مەولەوی زمانێکی تێکەڵاوە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی گۆڤەرەکانی (دیالێکتە بچووکەکانی) هەورامی و ئەردەڵانی و سلێمـانی و هەردوو دیالێکتی گـۆرانی و کـرمـانجـیی باشوور دروست بووە. ئەم دیاردەیە زیاتر لە عەقیدەکەی مەولەوی دەبینرێ نەک لە دیوانی شیعری.

ڕوخساری شیعری مەولەوی

شیعری مەولەوی لە بابەت ڕوخسارەوە سەر بەقوتابخانەی شیعری کلاسیکی و شیعری میللی سەر زاری دیالێکتی گۆرانییە. ئەو جۆرە شیعرە لەسەر کێشی خۆمـاڵی برگە (کـەرت، هیجا، سیلاب، پەنجـە) دەهۆنرێتـەوە. لە بابەت ژمـارەی برگـەوە کـێشی حـەوت و هـەشت و دە و زیاتریش بەرچاو دەکـەوێ، مـەولەوی لە نموونە زۆرەکانی ئەو چەشنە شیعرە تەنیا یەکێکیان بەکاردێنێ کە دە برگەییە، هەموو شیعرەکانی لەسەر ئەو کێشە ڕێکخراون، واتە دە کەرتی.

ئەم بابەتە کێشە دوو جۆری هەیە، یەکەمیان لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی شیعردا وەستان دەکەوێتە بەرگوێ (ب ـــب ب/ ـ ب ـــ ب) ئەوی دیکەیان وەستانی تێدا نییە. هەموو شیـعری مـەولەوی لەم ڕووەوە لە بابەتی یەکەمن، بەدەگمـەن نیـوە دێڕێکی وا دەبینرێ وەستانی لە ناوەڕاستدا نەبێ.

هەرچی قافیەشە لە شیعری مەولەوی و شیعری دیالێکتی گۆرانی (کلاسیکی نووسـراو و ئەوەی مـیللی نەنووسـراو) لەســەر بنجی جـووت قـافـیـە (مـوزدەویج، مـەسنەوی) دەهۆنرێتـەوە (ا ا، ب ب، جـ جـ، د د. هتـد)، وەک دیارە شـیـعـری مـەولەوی لە ڕووی کێش و قافیەوە زۆر سادەیە، هەموو شیعرەکانی کێشیان دە

بڕگەیی و وەستان لە ناوەڕاست و قافیەیان جووت قافیەیە. ئەم تەسکوترووسکییە و نەبوونی هیچ جۆرە ڕەنگاوڕەنگییێک بۆتە هۆی ئەوەی شاعیر بەتەواوی نەتوانێ هونەر بنوێنێ و یاریی ڕەوانبێژی لە مەیدانی کێش و قافیەی شیعریدا بکا.

بەهۆی ئەوەی یەکێتیی قافیە لە شیعری مەولەویدا نییە، هەندێ جار شیعرەکانی بەپێی دەنگی تیپی یەکەمی پارچە شیعرەکە دیوانی شیعری شاعیر ڕێک دەخرێ، واتە هەموو پارچە شیعرەکان کۆ دەکرێنەوە، بەپێی یەکەمین تیپی یەکەم وشەی شیعرەکە دابەش دەکرێن، بەم جۆرە لە دیوانەکەدا لەپێشانا دەنگی «ئە»، ئینجا «ب» لەپاشانا دەنگەکانی دیکە بەپێ لیستی ئەلفوبێی زمان بڵاودەکرێنەوە. هەرچی بەرهەمەکەشە لە ڕووی زاراوەییەوە ڕاستتر ئەوەیە «پارچە»ی پێ بوترێ، یا ناوێکی تری بۆ دابنرێ. هەندێ جاریش زاراوەکانی شیعری عەرووزی کوردستانی باشوور «غەزەل» و «قەسیدە»یان بۆ بەکاردێنن، ئەگەر پارچە شیعرەکە کورت بێ «غەزەل»ی پێ دەڵێن، ئەگەر درێژیش بێ «قەسیدە»یە. بەهەموو جۆرێک ئەگەر زاراوەی «لیریک» بۆ شیعری مەولەوی و هەموو بەرهەمێکی لەم جۆرە شیعرانەی دیالێکتی گۆرانی بەکاربهێنرێ باشترە.

لە بابەت ژمارەی دێڕی شیعرەوە مەولەوی پابەندی هیچ جۆرە یاسا و دەستوورێک نییە. لەناو شیعریدا لە دێڕە شیعرێکەوە (دوو نیوە دێڕ) تا زیاتر لە سی دێڕە شیعر دەبینرێ. ئەگەر ئەم دیاردەیە لەگەڵ شیعری کوردستانی باشوور بەراوورد بکرێ دوو بابەتیان دەتوانرێ ناویان بۆ دابنرێ، یەکەمیان یەک دێڕییەکە تاک (فەرد)ی پێ بوترێ، وەک:

تا وە زوڵف و ڕووی تۆ تەماشامەن
ئەدای نمای فەرز سوبح و عیشامەن

هەروەها دوو دێڕییەکە دوو بەیتی پێ بوترێ، وەک:

باڵای ئاڵای شەنگ سەد باڵا پێوەن
دوو کانچەی شادی دەردنیان شێوەن
دڵ مەدۆ وە دەم نێش و ئێشەوە
بێ وە قەزای سەخت دیدەی وێشەوە

ئەمەیان لە ڕووی قافیەوە ناکرێ چوارینی (روباعی) پێ بوترێ چونکە لە

شیعری کلاسیکی عەرووزی کوردستانی باشوور قافیە (ا ا ب ا)یە، یا (ا ا ا ا)یە، کەچی ئەوەی مەولەوی (ا ا ب ب حـ حـ)ە، لەبەر ئەوە تەنیا لە ڕووی ژمارەی نیوە دێڕی شیعرەوە دەتوانرێ چوارینی پێ بوترێ، بۆیە ڕاستتر ئەوەیە وەک زاراوەیێک بە «دوو بەیت» ناوی ببرێ. هەموو شیعری مەولەوی لە سەرانسەری دیوانیدا لەدوای «تاک» و «دوو بەیت» لە سێ دێڕەوە دەست پێ دەکەن تا دەوروبەری سی دێڕە شیعر.

ناوەرۆکی شیعری مەولەوی

مەولەوی لە گێتیی هەورامان و گەرمیان و هەموو گۆراننشینی کوردستان یەکێکە لە شاعیرە داهێنەرە گەورە و ناودارەکان. لەپێش خۆی شاعیری بەرزی وەکو (مەلا مستەفای بێسارانی و خانای قوبادی) هەڵکەوتوون، یەکێکی وەکو مەولەوی تەنیا لە هەناسەی شیعرایەتییەوە لە بێسارانی نزیک نەبوو، بەڵکو مەولەوی لە سەدەی نۆزدەمدا بێسارانی دەور دەکاتەوە، بەواتایێکی تر بێسارانی و مەولەوی هەردووکیان سەر بڵندن بەوەی لە پلەی شاعیریەتیدا لە ترازووی جوانکاریدا هاوسەنگن.

مەولەوی لە چوارچێوەی ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە لە شیعری لیریکی کوردیدا، شێوازی ڕۆمانتیکی لە شیعریدا دەجووڵێتەوە. دیارە ڕۆمانتیکی وەکو شێواز نەک قوتابخانە، چونکە شێوازی ڕۆمانتیکی لە سەرەتای ژیانی ئادەمزادەوە دروست بووە، لەپێشانا بووە، ئێستاش هەیە و لە دوارۆژیشدا دەمێنێ هەتا ئادەمزاد لەسەر ڕووی زەوی مابێ. لەپاشانا بۆچوونێکی دیکە هەیە دەڵێ، شیعر بێ ڕۆمانتیزم نابێ، بەپێی ئەم تیۆرییە جەوهەری ڕۆمانتیزم لەلای مەولەوی زۆرە. هەرچی ڕۆمانتیکیشە وەک قوتابخانە، ئەمەیان دیارە لەناو مێژووی ئەدەبی هەموو نەتەوەیێک ڕوو دەدا. لە ئەدەبی کوردیدا پێش ئەوەی زاراوەی ڕۆمانتیزم بەکاربهێنرێ زاراوەی «شیعری نوێ» بۆ شۆرشە شیعرییەکەی دوای جەنگی یەکەمی گێتی لە سلێمانی بەکار دەهێنرا.

ئەوەی زیاتر خەڵکی خستۆتە هەڵەوە لە بابەت مەولەوییەوە ئەوەیە بەرهەمی ئەم شاعیرە و هەموو ئەوانەی بەدیالێکتی گۆرانی نووسیویانە لەگەڵ ئەدەبی کرمانجی

باشــوور (سلێـمـانی)ی قـوتابخـانەی نالی بەراوورد كـراوە، بۆیە بە شــۆرش یا تازەكردنەوە یا قوتابخانەی نوێ ژمێرراوە. بێ گومان ئەم بۆچوونە ڕاست نییە و بەراووردەكـەش لە جـێی خـۆیدا نـیـیـە. چونكە دیالێكتی گـۆرانی و دیالێكتی كرمانجی (باكوور و باشوور) هەریەكەیان هەندێ مـەرجی تایبەتی تاقیكردنەوەی ناوچەیی خۆیانیـان هـەیە، لەبەر ئەوە مـێـژوونووسی ئەدەب پێویستـە ئاگـاداری جەوهەرە لەیەكچووەكان و لەیەكنەچووەكان بێ، بۆ ئەوەی نەكەوێتە هەڵەوە.

مـەبەس و ناوەرۆكی شـیـعـری مـەولەوی لە چوارچێـوەی نەخـشـەی شـیـعـری كـلاسـیكی كـوردی ناچێتـە دەرەوە، لێرەدا هـەوڵ دەدەین زانیـاری پێـویست لەم بابەتەوە بەرەو ڕووی خوێنەر و خوێنەواری كورد بكەینەوە.

١- شیعری ئایینی

لە مـەیدانی لێكۆڵینەوەی شـیـعری كـلاسـیكی عـەروزیدا زاراوەی مـونـاجـات یا ئیـلاهییات بۆ سـتـایشی خـودا و، نەعت بۆ سـتـایشی پێغەمبـەر بەكار دەهێنرێن. شیعری ئایینی وەك زاراوەیێك هەموو ئەو مەبەسانە دەگرێتەوە كە ئێستا باسیان لێوە دەكەین لەگەڵ هەموو ناوەرۆكێكی دیكەی پێوەندیی بەئایینەوە هەبێ.

مەولەوی خـۆی بەئایینی ئیسلامەوە خـەریك كردووە، باسی خودا و پێغەمـبەر و گەورە پیاوانی ئایینی كردووە. موناجات و پاڕانـەوەی لەگەڵ خـودادا هـەیە. باسی لە ڕۆژی قیامـەت و ئەو گێتیـیە جاویدانییـەی كـردووە، لەم گێتیـیەشـدا باس لە شــەوی بەرات (١٥ی شـەعبـان) و شـەوانی جـەژنی ڕەمـەزان و جـەژنی قـوربانی كردووە.

لەبـەرهـەمی ئەدەبی مــەولەوی دا هـەست بەوە دەكـرێ سـنوورێكی دیاری كـراو لەنێوان شیعری ئایینی و شیعری سۆفیزمی دا نەبێ، كەچی لەگەڵ ئەوەش دا ئەم جۆرە شـیعرە جێی تایبـەتی خۆی هەیە لە لیستی مەبەسـەكانی شـیعری مەولەوی دا.

٢- شیعری سۆفیزم (عیرفانی)

شیعری داهێنراوی سۆفیزم (سـۆفیزمی كۆزمۆسی یا یەكێتیی بوون) لە دیوانی مـەولەویدا كـەم بەرچاو دەكەوێ و دەتوانرێ لە خـانەی شـیعری عیرفـانی حسـێب نەكرێ، لەگەڵ ئەمـەشدا ئەوە هـەیە شـیعری وەسـفی سۆفیزمی دەبینرێ، ئەمـەیان

جیاوازە لەگەڵ ئەو شیعرەی لە ئەنجامی تێکەڵبوونی ئیدیۆلۆجییەتی قووڵی سۆفیزمی بە ڕۆمانتیزم و سیمبۆلیزم دروست دەبێ. لەو جۆرە شیعرەدا زاراوەکانی سۆفیزم بەکاردێنێ، باس لە مێژووی سۆفیزم و خوو و ڕەوشت و پلەکانی تەریقەت دەکا، واتە شاعیر ئەندامی ڕێکخراوێکە (سۆفیی تەریقەتێکە) نەقشبەندی پێ دەڵێن، لە قەوارە و ناوەرۆکی فەلسەفەی ئەم تەریقەتە ناچێتە دەرەوە، هەروەها پارێزەری خوو و ڕەوشت و ئادابی ئەو تەریقەتەیە، مورشیدەکانی نەقشبەندی بەلای ئەوەوە ڕەمزی ڕاستەقینەی ئەو سۆفیزمەن کە شاعیر باوەڕی پێیەتی. لەبەر ئەوە وەک مێژوونووسێکی تەریقەتی نەقشبەندی دەکەوێتە ڕوو. باس لە زیکر و تەهلیلەی سۆفییان دەکا. دەف و نەی لەلای مەولەوی مۆسیقای ئاسمانییە، مەی و سەرخۆشی ناسینی کردگارە، کۆڕی زیکر نزیکبوونەوەیە لە خودا، ئینجا هیجران و فیراق و عیشقی حەقیقی و مەجازی ئەمانە هەموویان مەولەوی وەک شاعیرێکی سۆفیزم دەخەنە ڕوو، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە لە ژیاندا ئەندامی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، ئادابی ئەم تەریقەتە لە شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە، لە وەسفی گێتی سۆفیزم سەرکەوتوو بووە، بەڵام داهێنانی شیعری عیرفانی کۆزمۆسی زۆر کەمە.

٣- دڵداری و سروشت

بەگشتی لای مەولەوی دڵداری و جوانی ژن یەکتری تەواو دەکەن و سروشت هەوێنی شیعری دڵداری و جوانییە، لەگەڵ ئەوەشدا لیریکی وا لای مەولەوی دەکەوێتە بەرچاو لایەنە دڵدارییەکەی دەشکێتەوە سەر لایەنی سروشت و، پێچەوانەش هەر ڕاستە و کارێکی ئاساییە، ئەگەر پارچە شیعرێکی شاعیر تەنیا لە سروشت بدوێ، لەم جۆرە وەسفانەدا زیاتر هەموو کەژەکانی ساڵ کەوتوونەتە بەر بینین و لێ وردبوونەوەی شاعیر، لەم لایەنەوە وەسفی زستان لای مەولەوی کەمترە لە وەسفی کەژەکانی دیکە.

٤- پێداهەڵدان و شانازی:

پێداهەڵدان (مەدح) و شانازی (فەخر) لەو مەبەسانەن لە شیعری کلاسیکیدا تێکهەڵکێش دەکرێن، بەدەگمەن شیعرێک دەست دەکەوێ تەنیا پێداهەڵدان یا شانازی کردن بێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە دیوانی مەولەوی هەندێ جار ئەم دوو

مەبەسە لە یەکتری جیا دەبنەوە. بەهەموو جۆرێک مەولەوی لەم بابەتە شیعرەی گەلێ زۆرە. ئەوانەی بوونەتە قارەمانی ئەم مەبەسەی شیعری مەولەوی خەڵکێکی بەژمارە گەلەکن، لە ڕیزی پێشەوەی ئەمانە شێخ و مورشیدانی تەریقەتی نەقشبەندی تەوێڵە و بیارەی ناوچەکانی هەورامانن، وەکو: بەهائەدین و سەراجەدین و زیائەدین، وێنەی ئەم زاتانە لە شیعری وەسفی سۆفیزمی مەولەوی دەبینرێ. جگە لەمانە شاعیر کەمتەرخەمی نەکردووە لەناوهێنانی و پێدا هەڵگوتنی کەسانی جۆراوجۆری کۆمەڵ لە شاعیران و شێخانی تەریقەت و پیاوانی ئایینی و سەرۆک عەشرەت و کاربەدەستان، وەکو مەلا مستەفای بێسارانی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، ئەحمەد برێسی، شێخ عەزیزی جانەوەری، شێخ یووسفی نوسمەیی، مەلا چراغ، مەلا خەیالی پاوەیی، شێخ موئمینی سازانی، شێخ حەسەنی سازانی، شێخ حوسێنی هەزار کانیانی، مەلا نیزام، بولبولی شاعیر، مەحموود پاشای جاف و گەلێکی دیکە.

٥- ماتەمنامە و لاواندنەوە:

ئەم مەبەسە لاسایییە کلاسیکییە لە شیعری مەولەویدا زۆرە. هەندێ شاعیرانی خاوەن ئەم جۆرە شیعرە سۆزی مرۆڤایەتی لەناو بەرهەمە شیعرییەکانیاندا دەجووڵێتەوە. ئەگەر لە شیعری مەولەوی وردبینەوە تووشی خەڵکی جیاواز دەبین، کە شاعیر فرمێسکی بۆیان ڕشتووە و شین و شەپۆڕی بۆیان کردووە. لە سەرووی ئەمانە هەموویانەوە عەنبەر خاتوونی خێزانی بووە، تەنیا شیعرێکی بۆ نەوتووە، بەڵکو کۆمەڵێک شیعری بۆ هۆنیوەتەوە. ئەوانەی گیانیان بەسۆزی ناو فرمێسکی وشەی شیعری مەولەوی شادبووە زۆرن، لێرەدا دەکرێ ناوی هەندێکیان بخرێتە ڕوو: عەبدولڕەحمان حاجی مەحموود پیاوماقووڵی مەحموود پاشای جاف، شێخ عەبدولسەمەدی خانەگا، پەریزاد خانی خێزانی یەکێ لە بەگزادەکانی جاف، ئەحمەد بەگی برای محەمەد پاشای جاف، شێخ عەبدولڕەحمان خالیسی تاڵەبانی، منداڵێک ناوی محەمەد بووە، شێخ عەلیی تەوێڵەیی خەلیفەی شێخ عوسمانی سەراجەدین، قادر بەگی کەیخوسرەو بەگی جاف، ئامینە خانی کچی قادر بەگی کەیخوسرەو بەگی جاف و هی دیکە.

٦- ژیانی کۆمەڵایەتی:

مەولەوی لە هەندێ بەرهەمی شیعریدا ئاوڕی لە ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری داوەتەوە، لەو شیعرانەدا زیاتر بۆچوونەکانی لەمەڕ دیاردەی کۆمەڵایەتییەوە لەناو مەبەسەکانی دیکەی شیعریدا تواونەتەوە، شیعرێکی وا لە دیوانی مەولەویدا بەرچاو ناکەوێ تەنیا بۆ دیاردەیێک یا ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی تەرخان کرابێ. لە ژیانی کۆچەری بەتایبەتی لەناو عەشرەتی جاف شارەزا بووە، ئاماژەی بۆ کۆچی کوێستان و هاوینەهەواریانی (زۆزانیانی) کردووە، وتووێژی لەگەڵ کاروانچییان بووە. هەروەها تێبینییەکانی تەنیا لەبارەی ژیانی عەشرەتی و کۆچەری نەبووە، بەڵکو ژیانی گوند و شاریش لە بەرهەمیدا دەکەوێتە بەرچاو.

٧- خەفەت و گلەیی و سکاڵا:

سەردەمی ناخۆشی و شپرزەیی و مەینەتی لە ژیانی مەولەویدا کەم نەبووە، بەتایبەتی لەدوا سالانی ژیانیدا. هۆی هەرە گرنگ بۆ ئەو کارەساتانەی بەسەری داهاتبوون مەرگی عەنبەر خاتوون و سووتانی نامەخانە و بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی بوون، کوێربوونی شاعیر لەسەرووی هەموو ئەم ڕووداوە ناخۆشانەوە بوو. ئەمە و بەسالاچوون دەوری هەبوو، وەکو دەڵێن پیری و سەد عەیبی، جگە لە تێکچوونی شیرازەی پێوەندی کۆمەڵایەتی لەناو خەڵکیدا و پەرەسەندنی دیاردەی هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری، ئەمانە هەموویان تاڕادەیێک ڕەنگیان لە کۆمەڵێک شیعری مەولەوی داوەتەوە.

بەشی بیست و دووەمین

گەشتێک لە گوڵزاری دیوانی مەولەوی

بەهەشتی شیعری مەولەوی شاگوڵی زۆرە، دۆزینەوەی هەمـوو ڕەنگ و بۆن و بەرامەی شیعرە جوانەکان کات و ساتێکی زۆری گەرەکە. ئێمە لێرەدا تەنیا ئەوەمان بۆ دەکرێ لە هەر مەبەس و بابەت و هونەرێکی شیعری چەند نموونەیێک هەڵبـژێرین وەک بەڵگەیێک بۆ دیارکردنی مەقامی مەولەوی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

بۆ لێکدانەوەی شیعری مەولەوی یا ڕاستتر وەرگێڕانی بۆ ئەو دیالێکتەی ئەم کتێبەی پێ نووسراوەتەوە پەنامان بۆ دوو ڕۆشنبیری کورد بردووە، یەکێکیان پیرەمێردە لە ساڵی ١٩٣٥ دیوانی مەولەوی بڵاوکردۆتەوە، ئەویتریان محەمەد ئەمین ئەردەڵانییە لە ساڵی ١٩٩١ دیوانی شاعیری بڵاوکردۆتەوە، ئەم دوو کەسە شیعری مەولەوییان لە دیالێکتی گۆرانییەوە (هەورامی) بە شیعر وەرگێڕاوتە سەر دیالێکتی کرمانجیی باشوور (سلێمانی). ئەو نموونانەی لەم بەشەی ئەم کتێبەدا هاتوون لەپێشانا تێکستی ئەسڵی شیعری مەولەوی تۆمارکراوە، لە پاشانا ماناکەیمان نووسیوە، لێرەدا وەرگێڕانی هەردوو وەرگێڕمان ڕەچاو کردووە، ئینجا لەم دوو وەرگێڕانە کامەیان بەرچاوتر بێ و جوانتر و دڵگیرتر خۆی بنوێنێ ئەومان تۆمار کردووە. لە کۆتایی شیعرەکە ناوی ئەو کەسەمان نووسیوە کە وەرگێڕانەکەی لێ وەرگیراوە، «پیرەمێرد» یا «ئەردەڵانی».

لەم ماوەیەدا پێویستە ئەوە بوترێ مەبەس لەم کارە تەنیا ئەوەیە مانای شیعری مەولەوی بخرێتە ڕوو ئەگینە ئەوەی مەولەوی وتوویەتی ئەویان نموونەی بەرهەمی مەولەوییە و وەرگێڕانی دوو کەسەکەی دیکە بۆ ڕوونکردنەوەیە، لە ڕووی هونەریشەوە تێکستی وەرگێڕانەکە ناگاتە تێکستی ئەسڵی مەولەوی و هەر ئەوەی خۆشی وتوویەتی نموونەی ڕاستەقینەی شیعری مەولەوییە.

١

بیروباوەڕی ئایینی لەلای مەولەوی ڕەنگدانەوەی شەریعەتی ئیسلامە، هەوڵی داوە تیۆرییەکانی لەگەڵ هەموو ئەو بیروباوەڕانەی لەگەڵ کردگاریێکن یا یەک کردگار دەپەرستن بگونجێنێ، لە بەرهەمی شاعیردا ئاماژەکردن بۆ ئەم لایەنە گیانییەی ئادەمزاد زۆرە و هەندێ جار لەگەڵ سۆفیزم تێکەڵی دەکا.

مەولەوی دەڵێ:

بەزم هام فەردان یار مۆبەت کێش
یەک ئیمشەو دەفێ، دەروێش! های دەروێش!
باوەڕ نەکووڕەی وەلوەلەی دەفدا
ڕووی پەند و تەوبیخ وە هەر تەرەف دا
ڕووی پەند ئەو یاران دڵ وە جەهر و جەخت
ڕووی تەوبیخ ئەو لای مەعدوومی بەدبەخت
واچە هەی دڵەی ئەبلەی بێ خەبەر!
هورێز ساتێ تەرک خاو شیرین کەر
(شەوەن، خالوەتەن، ماڵ بێ ئەغیارەن
ئالەم گرد و تەن، دۆس خەبەردارەن)
نەوا میهمان بۆ تۆ نەوینی کەس
خەفەت بۆ پەرێت تا ئاخر نەفەس
دیدەت تۆز غەیر نیشتەنش وەنە
جە جۆی سەوزەی دڵ ئاویش دەر پەنە
وەر تۆ بینابیت پەردەش ها نەسەر
ئەوتۆ مەوینۆ جە تۆ زەریف تەر
ئەمجار یاد کەر عومر عەبەس و یەردەت
باوەڕ وە خاتر ناپاکی کەردەت
سەر ئەفگەندە بەر چون شەرمەساران
چەمەی چەم هۆکەر چون سەیل واران

بەل شـــــۆرۆ بەو ئاو كـــــەرەم فـــــراوان
بـابـەت وە بـابـەت ســـــيــــــاهـەی تـاوان

واتاكەی:

بەزمی یارانە یاری مۆبەت کێش
ئەمشەو یەک دەفێ، دەروێش هەر دەروێش
گەرم کە بەزمێ لە کەللەی دەفدا
ڕووی پەند و تانەت بەهەر تەرەفدا
ڕووی پەند لە کۆڕی دڵان ئاوەدان
ڕووی تەوبیخیش بۆ مەعدومی نادان
بڵێ هەی دڵەی گێلی بێ خەبەر
هەستە خەوی خۆش زوو دەرکە لەسەر
(شەوە، خەڵوەتە، ماڵ بێ ئەغیارە
دنیا نوستووە، دۆس خەبەردارە)
نەکا میوان بێ تۆ نەبینی کەس
ببێ بەغەمت تا ئاخر نەفەس
دیدەت تۆزی غەیر کەوتە سەری تۆ
بەئاوی جۆگەی سۆزی دڵ بیشۆ
گەر تۆ بیناییت پەردەی وا لەسەر
ئەو لە تۆ باشتر دەتبینێ یەکسەر
یاد کە جا عومری پێشووی بێ حاسڵ
ناپاکیی کردەت بهێنە بە دڵ
سەردانەوێنە وەک شەرمەزاران
چاوەی چاو هەڵکە وەک سەیلی باران
بەڵکو پێی بشوا کەرەم فراوان
بابەت بە بابەت لیستەی پڕ تاوان

«ئەردەڵانی»

لەم شـیعرەدا مـەولەوی یادی کردگار دەکاتەوە، کەسێکە باوەڕی بەئایین هەیە، کردگـاری ئەو وەک مـوسلمـانێک خـودای تـاک و تەنیـایە، بەڵام هـەوای شـیعـرەکە ئادەمـزادێک دەخـاتە ڕوو خـاوەنی بیـروباوەڕ و ئـایین و عـەقیـدەیێکە هەمـوو ئەو کـەسـانە دەگـرێتـەوە کـە باوەڕیان بەکـردگـارێک هەیە، جـا ئەو کـردگـارە بەهەر شـێوەیێک خـۆی دەجلوێنێ بەلای شـاعـیـرەوە هەر یەکێکە. واتە ئادەمـزاد هەیە، کـردگاریش هـەیە و بیـروباوەڕێک ڕێبـەری ئادەمزاد دەکـا و لەو کـردگـارە نزیکی دەکاتەوە.

مەولەوی لەم شیعرەدا باس لە تەنیایی دەکا، لە بێ ئاگایی دەدەوێ، ئەگەر ئەمە بیگوێزێتەوە گێتیی نوستن و یادی عەقیدەی لە بیر بباتەوە، شیعرەکە وا دەکەوێتە بەرچاو وەکو بڵێی دەیەوێ لەگەڵ خۆیدا قسـە بکا، یا ئامـۆژگاری کـەسی دووەم بکا، بێ گـومـان ئـەویش هـەر خـۆیـەتی، کەچی لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەم پارچە لیـریکە وەکو مـوناجـاتێک دەکـەوێتـە ڕوو هـەندێ جـەوهـەری ناوەرۆکی شـیعری ئـایینی و سۆفیزمی کەوتۆتە ناو.

بۆچوونی مـەولەوی لە بابەت کردگـارەوە لە چوارچێوەی ئایینی ئیسلام ناچێتە دەرەوە، بەڵام هەندێ جـار لەگـەڵ هەڵوێسـتی ئایینی تریش دەگـونجێ، وەکـو لە بەڵگەی داهـاتوودا لـەو مـونـاجـاتە دەردەکـەوێ کـە بۆ بابـا یادگـاری یارسـانانی (ئەهلی هەق)ی وتووە.

مەولەوی دێڕە شیعرێکی بێسارانی تێکهەڵکێشی ئەم شیعرەی خۆی کردووە. ئەمـە بەڵگەی ژیری و لە شـیعـر گەیشـتنی مـەولەوییـە، گەورەیی و خـەیاڵ فـراوانی بێسارانییە.

٢

سـەر شـار سـەهبـای بەزم مـوناجـات
مـەلجـەی ئیلتـیـجـای ئەرباب حـاجـات
جـای ڕجـای جـەرگـەی پادشـا و دەروێش
بارەگـا و پەنا پـەی بێگـانە و خـوێش
ئاهـووی خـوتـەنیـی فـەیز ئیـلاهی
نافـەی ناف ڕاهی جـە مـەه تا مـاهی

شکۆفەی وەش بۆی ڕەیحانەی ڕەسوول
نەو باوەی نەمام تەبیبەی بەتوول
وە ڕەوزەتانا هەر نوور واران بۆ
تا دەفع زوڵمەت دیدەی یاران بۆ
هەوای سایەتان هەر مەمدوود مانۆ
سەبوون بوردەی جورم نەک زەرەر سانۆ
ناپوختەکاری و شەرمەساریی من
خەجڵەتم غەفڵەت گوناهکاریی من
کەفتەن وە هەمدا پەند زۆر ئاوەردەن
ڕووی ڕجام وە پای بارەگات کەردەن
تۆ چون جە ئەولاد ئەمجاد مەولای
پەی ڕجا وەجا، پەی هیمەت ئەولای
زاری و زگاری زویری کەردم
وە بارگەی پاکت پەنا ئاوەردم
ئامام سەر نیام وەو بارەگاوە
غەریو، موو سفید وە ڕووی سیاوە
تەن مەعسیەت بار، دەروون پڕ جەدەرد
دیدە تەر، لەب خوشک، دڵ گەرم، نەفەس سەرد
های چەند پلەی سەخت خانە ڕێمەدا
جە ڕووی ئیلتیفات بدیە پێمەدا
بەڵکم جە ڕووی ئەو ئیلتیفاتەوە
مەولام حازر بۆ وە نەجاتەوە
دەس شای مەردان مەدەد کارم بۆ
پلە ئەو پلە ئەو دەس وارم بۆ
مەعسیەت نیەن چون هیچ سەدمەتێ
خەیلی مەلوولم، یا پیر هیمەتێ

هیـــمـــمـــەتت باعـــیس ڕســـتگاری بۆ
یــار بــۆ، دیــار بــۆ، یــادگـــــــــــــاری بــۆ

واتاکەی:

سەر ڕێژی بادەی بەزمی موناجات
پەنای ئیلتیجای ئەربابی حاجات
جێی پاڕانەوەی پادشا و دەروێش
بارەگات پەنا بۆ بێگانە و خوێش
ئاسکی وەتەنی فەیزی ئیلاهی
بۆنی میسک ئەدا لە مانگ تا ماسی
تلی بۆن خۆشی ڕەیحانەی ڕەسوول
نۆبەرەی نەمام پاکیزەی بەتوول
نووری مەرقەدتان بدرەوشێتەوە
چاوی یارانی پێ ڕوون بێتەوە
هەوای سایەتان هەر پایەدار بێ
تاسبوون پەردەی گوناه ڕزگار بێ
ناپوختەکاری و گوناهباری من
شەرمەندەی غەفڵەت گرانباری من
سەر یەک کەوتووە بەدکاریم وەک کۆ
ڕووی هیوام کردە بارەگاکەی تۆ
چونکە تۆ نەوەی شەفاعەتکاری
بۆ ڕجای بەجا دەستەڵاتداری
زار و زەبوونم بەگریە و زاری
هاتمە دەربارت بەهیواداری
سەرم ناوەتە سەر خاکی سەرپێت
غەریب، موو سپی، ڕووسیا سەرشێت
بەدەن گوناهبار دەروون پڕ لە دەرد

چاو تەڕ و لێو وشک، دڵ گەرم و ئاھ سەرد
ئای زۆر پلەی سەخت ڕێگای لێ بەستم
تۆ فریام کەوە دەست بدە دەستم
بەڵکم بەھێزی دەستگیری ئێوە
باری گرانم بۆ بچێ بەڕێوە
دەستی شای مەردان مەدەد کارم بێ
لەم پلە پلە ئەو دەس بارم بێ
وەک گوناھ نییە ھیچ موسیبەتێ
پیر و داماووم یا پیر ھیممەتێ
ھیممەتت مایەی ڕستگاری بێ
یار بێ، دیار بێ (یادگاری) بێ

«پیرەمێرد»

ئەم برە شـیـعـرە مـونـاجـاتێکە مـەولەوی بۆ بابا یـادگـاری وتووە، بابـا یادگـار گەورەیێکی گیانیی ئـایینی یارسانە (ئەھلی ھەقە) لە کردگارەوە نزیکە، یا خـۆی کردگارە. کوردی سەر بە ئایینی یارسان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گیروگرفتیان لەگەڵ کوردی مـوسـوڵمـان نـەبووە. گیـانی نەتەوەیی (کـوردایەتـی) ڕێگەی نەداوە ناخـۆشی لەنێوانیـاندا ھەبێ. ھەردوو لایان بزووتنەوەی ئەدەبییـان بووە، شـیعـری بەرزیان ھێناوەتە ناو مێژووی ئەدەبی کوردییـەوە، بەڵام پێوەندی بەھیـچ شـێوەیێک لەنێوانیاندا نەبووە. ئەگەر ھەندێ جار لە ڕووی دەمـارگیـری ئیسـلامییـەوە ھـێرش برابێـتـە سـەر یارسـانـان ئەمـە نەبوو بـەنەریت. لێـرەدا مـەولەوی نەک تەنیـا ئەم ھەڵوێسـتـەی ھەڵوەشـاندۆتـەوە، بەڵکو بەپێـچـەوانەی ئەو جووڵاوەتەوە. بێ گـومـان مـەولەوی لەبەر ڕۆشنایی بیری سۆفـیـزم تەمـاشای ئایینـی یارسانی کـردووە، وەک فـەلسـەفـەیێکی سـۆفـیـزم لـە قـەڵەمی داوە و بـابا یادگـاری کـردووە بەدیـاردەیێکی ئایینی کۆزمـۆسی، بەپێی تیـۆرییـەکانی ئەم فـەلسـەفەیە دەتوانرێ پاڕانەوەیێک لە پـەنای گـــەورەیێکی ئایینـی (ھـەر ئایینـێک بێ) و لـە ڕێگەی ئەوەوە بـەرەو ڕووی کردگار بکرێتەوە.

لەم شـیعـرەدا مـەولەوی یەکێکی وەک بابا یادگاری گەورەی یارسـانانی کـردووە

بەرەمزی نزیکبوونەوە لە کردگار، بەناوی بیروبۆچوونی سۆفیزم. هەر چۆنێ بێ مەولەوی وەک مەلایێکی موسوڵمانی سوننی هەڵوێستی بەرامبەر بەئاییینی یارسان هەبووە، دیارە هەموو کەسێکی دەرەوەی ئاییینی یارسان لەگەڵ ئەو بیروڕایە نەبوون.

٣

نەهات و نەهات دڵ ماتەن ئیمشەو
ئەڵبەت شنۆی شەو بەراتەن ئیمشەو
سیاهەی دەفتەر میرزای ئەزەلەن
زیادی و نوقسان ڕزق و ئەجەلەن
ئەوها وە بەرات بێ ئەندازەوە
ئێد وە تەعلیقەی عومر تازەوە
کەسێ قووتش نوقڵ ڕاز یاوەرەن
یەکێ زیندەگیش وەسڵ دلبەرەن
هانای هام دەردان چێش مەکەردێ پێم
من دیام نەڕووی تەقسیم نامەی وێم
ژار دووریی دۆس ئازیزەن نۆشم
نمەیۆ ڕازان شیرین نەگۆشم
یانێ جە شوومیی بەخت سیای من
ئیمشەو لەرزان تووڵ تووڵ تالآی من
وەڵگ زیندەگیم ها وە هەواوە
دیما دیم شەن وەبای فەناوە
ئەلوەدای تەئریخ کامەرانیمەن
نیشانەی ئاخر زیندەگانیمەن
یاران و یەردن نۆ بەمەن های دەی
ئیسە وەکارەن ساقی نەشئەی مەی
سادەی تای دوگمەی یەخەی دڵ پەسەند
ئازادکەر چون دڵ بێ دەردان جە بەند

پەشـــێـــوکـــەر لانـەی دڵان جـــە ســـەردا
گـــۆشـــــەی عـــــەرەقـــچین باوەر وەبـەردا
مـــایل بۆ کـــەمـێ ئـەو ئەو گــۆشـــەی چەم
گۆشـەی چەم ئەو جام، جام ئەو ئـەهل غـەم
دەورت گــــــەرد جـــــــەور دەوران دا وەباد
ناز وا چـۆ بنـۆش، غــەمــزەکـــەت نـۆش باد
تـا فـــوارەی وشک لـوولەی پێـشـــەی ڕێش
هەر یەک پرشـەی زووخ هـورشـانۆ پەی وێش
وەشـنۆی نـەشــئـــەی مـــەســـتـیم وا نـۆوە
یەک ئەمــجـار جـە دەس هـەسـتـیم سـانۆوە

واتاکەی:

نەهات بە نەهات دڵ ماتە ئەمشەو
شنەی شەوەکەی بەراتە ئەمشەو
ئوممولکیتابی (ام الکتاب) میرزای ئەزەلە
بۆ کەم و زۆری ڕزق و ئەجەلە
ئەو بەبەراتی بێ ئەندازەوە
ئەم بەفرمانی عومری تازەوە
ئەو نوقڵی ڕازی دلبەر ئەمژێ
ئەم تامی لێوی جانان ئەچێژێ
هانا هەمدەردان های چی ئەڵێن بۆم
من کەوتوومە شوێن قیسمەت نامەی خۆم
ژاری دووری گیان ئازیز ئەنۆشم
ڕازی شیرینی نایەتە گۆشم
یەعنی لە شوومی بەختی سیای من
ئەمشەو لە ڕێوە تووڵ تاڵعای من
ئەلای زیندەگیم وا بەهەواوە

ئەم دیو ئەو دیویە بەبای فەناوە
ئەلوەداع تەئریخ کامەرانیمە
نەشئەی دیوایی زیندەگانیمە
یاران تێپەڕین نۆبەمە های دەی
ئێستا کەڵک ئەگرێ ساقی نەشئەی مەی
سادەی تای دوگمەی سوخمەی دڵ پەسەند
ئازاد کە وەک دڵ بێداران لە بەند
پەشێوکە لانەی دڵان لە سەردا
گۆشەی عەرەقچین بێنە بەبەردا
مایل بێ کەمی ئاوا و گۆشەی چەم
گۆشەی چاو بۆ جام، جام بۆ ئەهلی غەم
دەورەت بەبادا ئاشووبی دەوران
ناز بڵێ: (چێریۆ...) غەمزەت نۆشی گیان
تا فەوارەی وشک لوولەی ئێسکی ڕێش
هەر یەکە پرشەی ڕووح بداتە پێش
بەنەشئەی مەستی بمخوێنێتەوە
لە قەیدی هەستی بمسێنێتەوە

«پیرەمێرد»

شەوی بەرات (بەرات لە بەرەکەتەوەیە)، لە بنجدا دیاردەیێکی ئایینییەو دەکەوێتە شەوی ١٥ی مانگی شەعبانی هیجری، لە ئێوارەی ئەو شەوە قورئان دەخوێندرێ و یادی پێغەمبەران و پیاوچاکانی ئیسلام دەکرێتەوە و نوقڵ و شیرینی دابەش دەکرێ و خەڵکی لەسەر ئەو باوەڕەن هەر هیوا و ئامانجێکی مەبەسیان بێ بە موناجات و پاڕانەوە لەگەڵ خودا و پێغەمبەر بۆیان دەگەیەنرێتە ئەنجام.

لەپاشانا ئەم دیاردە ئایینییە بوو بەدیاردەیێکی کۆمەڵایەتی، لە داهێنانی ئەدەبیدا ئەو شەوە بوو بەڕەمزی گەیشتن بەئامانج، نەک تەنیا بەهەشت و حۆر و غیلمان، بەڵکو ئارەزووەکانی سەر زەمینی بەتایبەتی دڵداری. ئیتر لەم ڕووەوە

مەولەوی مـاوەی بۆ خـەیاڵی خـۆی خۆش کـردووە بۆ قـسـەکردن لە بابـەت هـیـوا و ئامانجی کەسانێکی زۆر لە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا.

دڵداری و سروشت

مـەولەوی وەسـتـای وەسـفی سـروشـتـە لە هـەمـوو کـەژەکـانیـدا، بەتایبـەتی بەهـار، هـەمـوو جـوانیـیـەکـانـی خـۆی لە شـیـعـریـدا دەدۆزێتـەوە. سـروشـتـی هـەورامـان سەرچاوەیێکی گرنگی ئەم بابەتە شیعرەیەتی. هەرچەندە ئەویش وەک شاعیرانی دیکەی قوتابخانەی خۆی شیعری وەسفی تەبیـعەت و دڵداری تێکهەڵکێش دەکا و لە یەکتری جیا ناکرێنەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە لیریکەکانی تەنیا وەک وەسفێکی دیمەنی بەهار دەکەونە بەرچاو.

١

نـازک تـەدارەک فـــــــــەسـڵ وەهـارەن
زەریف ئارایش هـەردە و کـــۆســــارەن
گـوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکـەت پۆشـان
وەفراوان چون سـەیل دیدەی من جـۆشان
مــــدیان گـــوڵاڵان نـەپای دەربـەندان
ئەو یەکـــتـــەر وێنەی ئارەزوو مـــەندان
چ خـــاس خـــاس شـنیــۆ نـەئێــوارانـدا
سـەوزە وە ڕووی خاک جـەرگەی یاران دا
بوین ڕەعـشــەی وەجـد دڵەی پاکـشــان
عــەیان نەشنیـای ســەوزەی خــاکـشــان
هـۆ ڕێزە ســـوبحـــەن دڵ تـازە خـــاوەن
شنۆی پای کـاوەن گـۆشــەی ســەراوەن
جـەی گۆشـە خاسـتـەر نییـەن مـەسکەنێ
سـاقی گـیـان ئامـان خـومـار ئەشـکەنێ
ســـەوزەی خـــاک پاک یاران هام فـــەرد
فـرەمـــان وە فـەرش بەزم وێمـــان کـەرد

کەی سـەوزەی ئێمـەیچ نەکـام هـەردێ بۆ
وە فـەرش مـەجلیس کـام هام فـەردێ بۆ

واتاکەی:

نازک تەدارەک فەسڵی بەهارە
زەریف ئارایش هەردە و کۆسارە
گوڵ وەک ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشە
بەفراو وەک لافاو دیدەم بەجۆشە
سەیرکەن گوڵاڵان لە پای دەربەندان
پێکەوەن وێنەی ئارەزوومەندان
چەند جوان ئەشنی لە ئێوارانـدا
سەوزە بەڕووی خاک گەلی یاراندا
بڕوانە ڕەعشەی دەروونی پاکیان
دیارە لە جیلوەی سەوزایی خاکیان
هەڵسە بەیانە دڵ تازە خاوە
شنۆی بەر کاوە گۆشەی سڕاوە
لەم گۆشە خۆشتر نییە مەسکەنێ
دەخیل هەی ساقی خومار شکەنێ
سەوزەی خاکی پاک یارانی هام فەرد
چەند جارمان فەرش بەزمی خۆمان کرد
کەی سەوزەی ئێمەش لە کان هەردێ بێ
فەرشی مەجلیسی کام هام فەردێ بێ

«پیرەمێرد»

لەم شیعرەدا مەولەوی بەرامبەر بەدیمەنێک لە دیمەنە بەهارییەکانی هەورامان وەستاوە، شاخ خۆی ڕازاندۆتەوە، پەڕەی گوڵ جوانی و نازکی لە ڕوومەتی دلبەر وەرگـرتووە. لەم لا جـۆگـەلەی بەفـراو، لەولا گـوڵاڵە لە بناری شـاخ و لە پای دەربەندان چاوی کردۆتەوە، شنەبای شەماڵی ئێواران ختووکە دێنێتە فەرشی سەوزی زەمینی بەهار و ژیانی جاویدانی دەبەخشێتە سروشت.

٢

وەهارەن تەشـریف خـال خاسـان پەی هەرد
کـەم کـەم جـوانیش ئاوەرد پیـریش بەرد
جـەم جـەم سـۆسـەنان جـە تاق تەوق وەردان
سـەردان نەهەردان پـەرێ هـام فـەردان
وە ڕووی زاخـانـدا چـنـوور لـوول وەردەن
پەی پـای گـیـان تۆڕدام ئامـادە کـەردەن
بـەڕەزا بـەو چـین تـوغـرای تـاتـاوە
شـەمـاڵ مـشـانـۆش، یانـی: وەی لاوە
نێـرگس وە مـەس مـەس مـدیۆکێن ئەو کەس
گـۆشـەی چاک دڵ وەرنـەدۆ جـە دەس
وەنەوشـە سـەجـدەی خـالان فـەرز کـەردەن
جـە بـۆنە مـەدام کـەچ کـەردەن گـەردەن
مـەعـدوومـی غـەفـڵـەت تا چەند و پـەی چی
گـۆش دەر وە نالـەی سـەحـەری نەی چی

واتاکەی:

بەهار خال خاسان وان بەهەردەوە
کەم کەم جوانی هات پیری بردەوە
تیپی سۆسنان گەلی گەلاڵان
کەوتوونە کێوان لەبەر نەوخاڵان
لە زاخیراندا چنوور لوولی خوارد
بۆ پێی گیانی عیشق توورداوی بنارد
بەڕەزا بەو چین توورەی تاتاوە
شەماڵ ئەیکێشێ بەم لاو بەولاوە
نێرگس بەمست مست ئەڵێ کوا ئەو کەس
گۆشەی چاکی دڵ بەرنەدا لە دەس

وەنەوشە سەجدەی خالی لا فەرزە
بۆیە گەردەنی کەچە بەو تەرزە
مەعدوومی تاکەی وشک و بێ زەوقی
گوێ بگرە لە نەی سەحەری و شەوقی

«پیرەمێرد»

لە شیعری پێشوودا مەولەوی وێنەی دیاردە گشتییەکانی سروشتی هەورامانی کێشاوە، لەوێدا باس لە سەوزایی و چیا و دۆڵ و جۆگەلەی بەفراو و شنەی شەماڵ دەکا، تەنیا ناوی گوڵێکی هێناوە (گوڵاڵە). لەم شیعرەی دا دەرگا بۆ پیشاندانی بەشێ لە گوڵەکانی بەهار دەکاتەوە، سۆسن و چنوور و نێرگس و وەنەوشە. بێ گومان مەبەسی شاعیر لە ناوهێنان و وێنەگرتنی دیمەنی بەهار ئاماژەکردن بووە بە ڕەمزێکی هەرە جوانی دیمەنی بەهار کە گوڵە ڕەنگین و جۆراوجۆرەکانە، لە گوڵیشدا وەکو لە ناوەرۆکی شیعرەکە دەردەکەوێ بەراووردی لەگەڵ هەندێ لە ئەدگارە جوانەکانی دلبەر کردووە وەکو نێرگس بۆ چاوی دلبەر و وەنەوشە بۆ خاڵی سەر گۆنای. بەگشتی لە بەرهەمی شیعری کلاسیکی کوردی جوانی دلبەر لە سروشت جیا نابێتەوە.

٣

وەهارەن سوبدەم سەوزەی دیاران
نم کەوت نەدیدەش چون شەو بێداران
پەی دڵەی مانیای دەروون مەلالان
سایە بەستە وە خەیمەی گوڵاڵان
بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماغ دڵ
هانۆ وە نەسیم جێب جەمین گوڵ
چون دێوانەی شۆر ئازیز نە سەردا
شەتا و سەر هۆر گرت وە دەشت و دەردا
توولانی چون هیجر خاتر پڕ دەردان
ڕەوان وێنەی وەسڵ گەردن بێ گەردان

های جە شنۆی وەش ڕۆح ئەفزای کاوان
ئای جە شاخەی تاف ساف سەراوان
نەک چون تاف چەم پڕ ئەسرین چەرخ
بارەکەڵڵاچەرخ هەی ئافەرین چەرخ
چەنی جە هەستی وێت تەواساییت
چەنی جۆش عەشق مەجنوون ئاساییت
بدیە چۆن هۆردان وە نام و نەنگدا
بێ پەروا مدۆ وێش وەرووی سەنگدا
های ساقی هەڵای سەرمایەی خامی
نمەدۆم وە دەس ڕای نێکنامی
باوەڕ و وەجۆش سادەی هەی پەی کەی
تاف قەڵوەزەی ساف شیشەی مەی
مەوجش بنچینەم بدۆ وە هەمدا
هەستیم دۆ وە بەرد هەرد عەدەمدا

واتاکەی:

بەهارە و بەیان سەوزەی دیاران
نم کەوتە چاوی وەک شەوبێداران
بۆ دڵەی پڕ شۆر دەروون مەلالان
سێبەری بەستووە خەیمەی گوڵاڵان
بۆی یەخەی بەیان بۆ دەماغی دڵ
ئەڵێی نەسیمە جێبی جەبین گوڵ
وەک دێوانە شۆر دلبەر لەسەردا
شەتاوسەری نا بەدەشت و دەردا
درێژ وەک هیجری دڵ پڕ لە دەردان
ڕەوان وەک وەسلی گەردن بێ گەردان
های شنۆی خۆشی ڕووح ئەفزای کاوان

ئای شاخەی تافی سافی سەر ئاوان
نەک تافی چاوی پڕ فرمێسکی چەرخ
بارەکەڵڵا چەرخ هەی ئافرین چەرخ
لەگەڵ هەستی خۆت بۆ خۆت ئاسایی
لەگەڵ شۆری عەشق مەجنوون ئاسایی
سەیرکە تووڕی دا پەردی نام و نەنگ
بێ پەروا سەی خۆی ئەدا لە سەنگ
فیدات بام ساقی سەرمایەی خامی
نادەمە دەس فیکر ڕێی نەنگ و نامی
بیهێنە گەردش سادەی هەی بۆ کەی
تافی ئەلبەزەی سافی شووشەی مەی
قوڵپەی بنچینەم بدا بەهەمدا
بمدا بە بەردی هەردی عەدەمدا

«پیرەمێرد»

مەولەوی لە بەهارا سەیرانی سەرچاوەی زەڵمی کردووە، سەرچاوەی زەڵم یەکێکە لەو مەڵبەندە پیرۆزانەی بوونەتە جێی ژوانی دڵداری خاک و ئاو، خاکی کەسک و سوور، بەهاری تەڕ بەهەموو هێمنییە لێهاتووەکەی لەگەڵ ئاوی زوڵاڵ بەهەموو جوانییە بێ وێنەکەی لە زۆر جێگە بەنهێنی ڕازونیازی دڵدارییان کردووە، یەکێ لەو شوێنانە سەرچاوەی زەڵم بووە.

مەولەوی لەو سەیرانەدا چی دیوە! لە بەهار بەولاوە چاوی بەهیچ شتێکی دیکە نەکەوتووە. بێ گومان بەهار بێدارە و خەو ناچێتە چاویەوە، وەک دەروێش وێڵ و سەرگەردانە، لە کردگار دەگەڕێ، بەهەموو لایێکدا دەسووڕێتەوە، واتە لە هەموو جێیێک هەیە.

شاعیر ڕوو دەکاتە ئاوی زەڵم: هوشیاری دەکاتەوە، چۆن مەجنوون ئاسایی وێڵی دڵدارییە، هەموو بزووتنەوە و خوڕەی لەپێناوی دۆزینەوەی دلبەرە (لەیلا) کە وێنەی لە کردگار وەرگرتووە.

٤

چون چهرەی خـەیاڵ ڕوخـسـارەکـەی وێش
نـەتۆی پـەردەی دڵ مـــەعـــدوومی دڵ ڕێش
نمـانا جـــەمـین شـــای ســـۆســـەن خـــاڵان
کـەم کـەم نەگـۆشـــەی لای سـیـا مـــاڵان
زەمـین منـەتـبـــار پـامـــەنـیـــا و مـــەویـەرد
جـار جـــار وە ڕووی ناز باوەشـین مـــەکـەرد
باوەشـین مـەکـەرد ئەو سـەفـحـەی بێ گـەرد
نازکـیش جــە باد ئیـحـتـیـات مـەکـەرد
نـەتـۆی تـاریکی تـای شـــــەدەی بێ گـــــەرد
لەتـافـەت چـون ئاو حـــەیات مـەوج مـــەوەرد
غـــــــەریب بـیـم چەنـیـم کـــــــەرەم نمـانا
وە ســــەوقـــات پـەرێـم خـــەدەنـگێ شـــانا
ئەر سـەد چـون یاران گیـان تەسلیم کەردەم
خـــاس بی پەی یادگـــار خـــەدەنگێ بەردەم

واتاکەی:

وەک ڕووی خەیاڵی ڕوخسارەکەی خۆی
لە دڵەی مەعدوومی دڵ پڕ ئێش و ئۆی
ڕووی خۆی پیشان دا شای سۆسەن خاڵان
کەم کەم لە گۆشەی لای سیا ماڵان
ورد ورد ئەڕۆیی زەویی منەتبار
ئەیکرد باوەشێن لە ڕووی ناز جارجار
ئەیکرد باوەشێن سەفحەی بێ گەردی
پارێزی ئەکرد لە بای بە وردی
لە توێی تاریکی شەدەی بێ خەوشا
وەک ئاوی حەیات جوانیی ئەدرەوشا

لەبەر غەریبیم کەرەمی باری
هاوێشتی تیرێ بۆ من بەدیاری
هەر چەند وەک یاران گیانی خۆم پێدا
باش بوو بەدیاری تیرێکی لێدا

«ئەردەلانی»

ڕەشماڵی جافانی کۆچەر وەک باڵەخانەی نیشتەجییانی شار وایە، چونکە ماڵی خۆیانە و تێیدا دەژین. ئەمانە لە جێی خۆیانن، ئەوەی ئەوان بەکۆڵیانەوەیە، هەر جێیێکی خۆش بێ ڕەشماڵی لێ هەڵدەدەن. ئەو نازەنینە یەکێکە لە سیاچەمانی هەورامان لەناو ڕەشماڵێکدا ژیاوە، لەو کاتەی مەولەوی چاوی پێی کەوتووە لە پەنا دەرگای ڕەشماڵ تەماشای سروشتی ڕەنگاوڕەنگی کردووە. نازەنین مەولەوی دیوە یا نا! ئەمەیان گرنگ نییە، کەچی مەولەوی ئەوی دیوە و بووە بەسەرچاوەی ئیلهام و ئەم شیعرەی دروست کردووە.

دەموچاوی دلبەریان بەمانگ چواندووە، ئەم وێنەیە ڕەسەن نییە لەناو ئەم شیعرەدا. لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی نەتەوەکانی دراوسێدا وێنەی جوانی لەم جۆرە دەبینرێ، داهێنانی مەولەوی لەم شیعرەیدا وێنەی زۆرە. یەکێ لەو وێنانە ئەوەیە شاعیر بووکی خەیاڵی خۆی دەدۆزێتەوە، واتە ڕوخساری ئەو کچەی لە پەنای ڕەشماڵدا دەرکەوتووە هەر ئەو وێنەیەیە لە دڵ و دەروونی شاعیردا دروست بووە و بووکی خەیاڵی پێ دەڵێن.

وێنەیێکی دیکەی ئەو نازەنینە، ڕەوتی نەرمونۆڵی زەوی منەتبار کردووە، بەنازەوە باوەشێنی تاریکی کردووە، بۆ ئەوەی ڕووناکی پەیدا ببێ و نازەنین ببینرێ، ئەم دیمەنەی بەراوورد کردووە لەگەڵ ئاوی ژیان، چونکە ئەو ئاوە لە تاریکستاندایە، واتە دلبەر ڕووناکییە وەک ئاوی ژیان لە تاریکاییدا دەژی.

ئەم شیعرەی مەولەوی لە گێتیی داهێنانی شیعریدا دەچێتە ناو ئەو بەرهەمانەی وێنەی هونەرێکی هەمیشە زیندوویان دروست کردووە لە ڕووی ئیستیتێکی و ڕەوانبێژییەوە.

خۆشەویستی و مرۆڤایەتی

مەولەوی سۆفی تەریقەتی دەروێشی بوو، بەحسێب دەبوو گۆشەگیر و دوور بێ لە کۆمەڵ و لە جموجۆڵی کۆمەڵایەتی نزیک نەکەوێتەوە، کەچی کەسانێک بووە دۆست و برادەری زۆر بووە، لە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵ هاوڕێی نزیکی بووە. ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییە لە بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگی داوەتەوە، زۆربەی نامە بۆ هاوڕێیانی بەشیعر بووە، جگە لەوەی کۆمەڵێک شیعری هەیە سۆزی دەروونی ناوەوەی دەردەبڕێ بەرامبەر بەو کەسانە. لە خۆشەویستی خۆی دەدوێ بەرامبەر ژیان، بەشان و باهوویان هەڵدەڵێ و شانازییان پێوە دەکا.

١

لەو سەردەمەی مەحموود پاشای جاف لە ساڵی ١٨٧٤ لە بەغدا دەژی مەولەوی بەم پارچە لیریکە یادی دەکاتەوە:

جە دووریت دەروون مەوج دەریای هوون
مەدۆ وەچەمدا، بەڵام چێش کەروون
پایتەخت مەحمـوود دارولسەلامەن
منیچ کەمی فام ئەیاز جە لامەن
ئەیازت فاماش تەفائول کەردەن
سلامەتیی تۆش وەیاد ئاوەردەن
وە خار و خاشاک موژەی چەسپیدە
سەد بەستەن نەدەور سەرچەمەی دیدە
وەرنە دیجلەی غەم توغیان کەردە بێ
تا ئێستا چەند جار بەغداش بەردە بێ

واتاکەی:

لە دووریت جۆشی سەرچاوەی چاوان
کەوتە سەربەستی جۆگە و سەرچاوان
پایتەختی مەحمود دارولسەلامە
منیش کەمی فام ئەیاز لەلامە

ئەیاز تێگەیی هەڵسا دەستوبرد
سەلامەتی تۆی تیا تێبینی کرد
بەدرِکوداڵی برژانگی نووساو
بەرهەڵستی کرد سەیلی چاوە چاو
ئەگینە دیجلەی چاو ئەرخەوان سوور
بەغدای ئەکردە دەشتی شارەزوور

«پیرەمێرد»

لەم شیعرەدا جگە لە سۆزی دەروونی بەرامبەر بەمەحموود پاشا، مەولەوی یادی ڕووداوێکی مێژوو دەکاتەوە، ئەو ڕووداوە بەراوورد دەکا لەگەڵ پێوەندی نێوان خۆی و مەحموود پاشا و، دەڵێ دارولسەلام (بەغدا) پایتەختی مەحموود پاشای جافە، چونکە نیشتەجێی ئەوێیە، کە ناوی ئەیازی (هەیاسی خاسی) یار و یاوەر و وەزیری سوڵتان مەحموودی غەزنەوی دەبا، ئەو کاتە ئاشکرا دەبێ مەولەوی دەیەوێ مەحموود پاشا بێنێتە پلەوپایەی سوڵتان مەحموود، ئەودەمە بێ گومان خۆی دەبێتە ئەیازی پاشای جاف.

دووری پاشا لە مەولەوی لافاوی خوێناوی لە چاویدا هەڵدەقوڵێنێ، بۆی هەیە بەغدا نوقوم بکا بە دیجلەی فرمێسکی ئەو چاوە. بێ گومان بەغدا بێ دیجلە نابێ.

٢

مەولەوی شیعرێکی بۆ کچێک نووسیوە بەدڵی بووە، بەکوڵ چاوەڕێ بووە بێتە لای، بەڵام هەر نەهاتووە تا سۆمای چاوی داهاتووە. ئەو پەریزادە کێ بوو! هەندێ دەڵێن ناویشی پەریزاد خان بووە لە نەوەکانی بەگزادانی جاف، خەڵکی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەن ناوی ئامینە خان بووە خێزانی بارام بەگی جاف، هی دیکە دەڵێن ناوی ئامینە خان بووە لە بەگزادانی جاف و خوشکی شیری مەولەوی بووە. ئامینە خان هەواڵی بۆ مەولەوی ناردووە حەز بەدیدەنی دەکا و دەچێتە لای، کەچی لەدواییدا پەشیمان بۆتەوە و بۆی نووسیوە چاوەنۆر نەبێ.

ئەو کچە کێ دەبێ ببێ گرنگ ئەوەیە بووە بەسەرچاوەی ئیلهامی ئەم شیعرە

ڕەندەی مەولەوی. بەهۆی ئەو بڕە شیعرەی مەولەوییەوە دەکرێ «ئامینە» ببێ بە بووکێکی تری خەیاڵی شیعری کلاسیکی کوردی:

دەرد وە بان دەرد زامـان کـاری
گرد جە لام جەم بی یە تەشریف ماری
ئای یە چێشت کەرد تەشریفت ناوەرد
دەردت داوە دەرد مەینەت ماتەم کەرد
ئیسەیچە دیدەم چەم ها وە ڕاوە
هەلای سەر وەشم بەو تەمنناوە
ئەمرت موتاعەن (أَطَعْنا) وەندم
دوعای چەمە زەخم جە پیران سەندم
تەعویز بەند ڕیشەی دڵەی سەد پارەم
بەرگش پەرەی جەرگ وە دەرد ئاوارەم
حافز بۆ وە عەشق مەستان یاهوو
بپێچەش نەدەور باهووی بێ ئاهوو
ئینە عادەتێن وە زاهیر ئامان
وەرنە هەی سەرخێڵ نازک ئەندامان
تۆ ئیند نازکیت جە حەد و پەردەن
بینایی خەیاڵ ڕاگەش گوم کەردەن
سەفات خەجاڵەت دان وە جام جەم
دیدەی بەد مەر عەکس وێش بدیۆ وە چەم
دیدەی بەد دەردش نادیاری بۆ
جەکۆ موینۆت تا لێت کاری بۆ

واتاکەی:

دەردی دوای دەردی، دەردی نهێنی
گشتی کۆ بوو لام تۆ تەشریف دێنی
چیت کرد ئەمە تۆ؟ ئای بۆ نەهاتی

دەردت دا بە دەرد غەم بە مەینەتی
ئێستاش دیدەکەم چاو بەڕاتەوە
هێشتا سەرخۆشم بەو ئاواتەوە
ئەمرت لەسەر (أَطَعْنا) خوێندم
نزای چاوەزار لە پیران سەندم
قەیتانی ڕیشەی دڵەی سەد پارەم
بەرگی پەڕەی جەرگ بەدەرد ئاوارەم
مەحرووس بە عشقی مەستانی یاهوو
بیدە لە دەوری قۆڵی بێ ئاهوو
ئەمە خوویێکە باوە لە لامان
ئەینا سەرخێڵی ناسک ئەندامان
تۆ هند ناسکیت لە حەد دەرچووە
بینایی خەیاڵ ڕێی لێ گوم بووە
بەجوانیت سەفای جامی جەم شکا
مەگەر دیدەی بەد خۆی تیا بەدی کا
دیدەی بەد دەردی نادیاری بێ
لە کوێ ئەتبینێ تا لێت کاری بێ

«ئەردەڵانی»

مەولەوی لەم شیعرەدا هەستی ناوەوەی دەروونی دەپژێنێ بەرامبەر ئەو ئامینەیە. چاوەڕوانی دەردێکی گرانە، بەتایبەتی ئەگەر نەگاتە ئەنجام و دلبەر لە دڵدار نزیک نەبێتەوە. ئەم هۆگرییەی شاعیر و ئەم ئارەزووە بەکوڵ و پڕ لە سۆزەی بۆ بینینی ئامینە ئەگەر لەوەوە هاتبێ وەک خوشکێکی شیری تەماشای کردبێ، حەزی مەولەوی دەچێتە ناو گێتیی بێ پایانی سۆفیزم، چونکە ئامینە مەحرەم بووە بۆ شاعیر، ئەگەر ئەم خوشکایەتییەش ڕاست نەبێ بۆی هەیە وەکو هەموو عاشقێک دڵی بچێتە جوانێکی وەک ئەو ئامینە نازدارە.

٣

مـەولـەوی پێـوەنـدی بەشـاعـیـر و خـوێندەوارانی سـەردەمی خـۆی بـووە، لەناو ئەمـانەدا دۆسـتـایەتـی بەهێـز بووە لەگـەڵ ئەحـمـەد بەگی کـۆمـاسـی، لە دیوانیـدا کـۆمـەڵێک لیـریک بەر چاو دەکـەون، هەندێکیـان بەیادی کـۆمـاسـی هـۆنراوەتەوە، برێکیـشـیـان وەک نامـەی شـیـعـری بەرەو ڕووی کـراونـەتەوە. لە یەکێ لـەم نامـە شیعرییانەدا مەولەوی بەکۆماسی دەڵێ:

جـە گـیـان سـێـر وەردەی جـە تەن هـەراسـان
خـاڵۆی خـەمـیـای غـەم خـاڵ خـاڵ خـاسـان
نـامـــەم چون یـاوا مـــولاحـــەزەت کـــەرد
بشـۆ وە پا بۆس عـەرز کـەر جـە ڕووی دەرد
واچە هەی سـەد جـار (مـەعدوومی) توفـەیل
پەرسـا بێت جە ڕووی گەرمی کوورەی مـەیل
کـــۆ جـــە دووریی مـن چ تـەورەن حـــاڵش
کێ بـەر مـــەکـــەڕۆ خـــەم نـەخـــەیاڵش
هام فـــەرد نـاڵەی دڵ ســـەیرانگە ســـتـــەم
هام دەرد دەروون خـەم بەرکـەر کـۆی خـەم
هـەر ســـات وە نـەوعێ دەردش خـــەتەر بـۆ
حـــاڵش چ تـەورەن خـــاکش وەســـەر بـۆ
تۆ خـــاســـەن نـەو توول ســـەر و ســـەراوان
خـــەم مـــدەی وە بـاد شـنـۆی ســـەر کـــاوان
گـــا چون بـۆی نـەســـیم وە دووی شـــەتاودا
گـــا چـون گـــوڵ نـەپای چـۆڕەی وەفـــراودا
ســـەیر لەرزەی بەزم ســـەوزەی ســـەر بەرزان
ســـەفـــای گـــولاڵان ســـەد تەرزان لـەرزان
ســـوب نـە ســـەر مـــلان ســـەیادان هام دەم
شـــریـخـــەی مـــاردم کـــلافـــەی کـــەڵ ڕەم

نـەک چون ئـەو پـابـەند قـــەڵای شـــار دەرد
جـەی وەهـار چون وەڵگ پـایـزان ڕەنگ زەرد
ئاخ نـە جـەهد و جـەخت داخ زامـەت سـەخت
بـەرگ مـــاتـەم ڕەخت نـاڕەســـایـی بـەخت
کـزەی خـەم چون مـوو خـەم یەنەش وەردەن
دووریت خـــۆ یەکـــجـــار تەمـــامش کـــەردەن
وخت جـــۆش دەرد کـــزەی ناڵـەی ســـەرد
گـــوم بـۆ نەگـــێـــجـــاو کـــەردەلوول دەرد
ئەو خـــەندەی بـێ وەخت مـــەیۆش وە دام دا
مـــەگـــێـــڵـــۆ مـــاچۆ نـەو گـێچ و تـەمـــدا
ئەر هـەر ئەو بـەخـــتـــەن هـەر ئـەو تاڵـەمـــەن
دیـدەم دیـدەنـیـت ئـەڵـڵا و ئـاڵـەمـــــــــەن

واتاکەی:

لە گیان تێر خواردوو لە لەش هەراسان
خاڵۆی کۆماوەی خاڵی خاڵ خاسان
ئەم کاغەزەم نارد لەگەڵ خوێندتەوە
بچۆ پێی ماچ کە بەحەسرەتەوە
بڵێ ئای (مەعدووم) کەس لێی نەپرسیو
تۆ لێت پرسی بوو وەک خێر بە هەتیو
چۆنە لە دووریم، چۆن ڕادەبوێری؟
کێ دیاری خەم؟ بۆ ئەو ئەنێری
هام فەرد ناڵەی دڵ سەیرانگە ستەم
هام دەرد دووی دەروون خەم ڕەوێن کۆی خەم
ساتێ بەڕەنگی دەردی خەتەر بێ
هەڵکردی چۆنە خاکی بەسەر بێ
تۆ جا کە وەک توول سەروی سەراوان

خەم ئەدەی بەبای شنۆی سەرکاوان
گاهـ وەک بۆی نەسیم بەڕووی شەتاودا
گاهـ وەک گوڵ لەژێر هاژەی بەفراودا
سەیری لەرزەی بەزم سەوزەی سەربەرزان
سەفای گولالان سەد تەرزان هەرزان
بەیانیان لەگەڵ ڕاوکەر لەسەر کەل
شریخەی تفەنگ کلافەی کەل گەل
نەک وەک ئەو پێبەند قەلای شاری دەرد
لە بەهاردا وەک گەلای پایز زەرد
ئاخ لە دەست داغی کوێرەوەری سەخت
جلوبەرگی ماتەم ناهەمواری بەخت
کزەی خەم وەک موو بەپێچ و بەختم
هێجگاری دووریت خستوومیە ئەلەم
کاتی جۆشی دەرد کزە و ناڵەی سەرد
کەم بوو لە گێژاو گەردەلوولی دەرد
ئەو زەهر خەندەی دێ بەسەر دەمدا
ئەگەڕێ و ئەڵێ لە گێژی تەمدا
ئەگەر هەر ئەو بەخت هەر ئەو تالعە
دیدەم دیدەنیت بەخوا راجیعە

«پیرەمێرد»

لەم شیعرە و لە هەموو شیعرەکانی دیکەی مەولەوی کە بۆ مەبەسی موناجات لەگەڵ کۆماسی داینداوون بە «خاڵۆ» ناوی دەبا. ئەم دیاردەیە بووە بەباو لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور و سلێمانی هەرکەسێک ناوی شاعیر بکەوێتە سەر زاری بە «خاڵۆی کۆماسی» ناوی دێنێ.

لەم شیعرەدا مەولەوی لەو هەموو غەم و پەژارەیە دەدوێ کە هەردووکیان هاوبەشن تیایدا، ئاوڕدانەوەی جوانی هونەری دەکەوێتە بەرچاو کە دەڵێ:

سـەرەڕای ئەم هەمـوو مـەینەتیـیـەی هەردووکـمـان هاوبەشـین و لە نـاویدا دەژین، دووری ئێش و ئازاری زیاتر کردووە.

لە ئاوڕدانەوە جـوانەکـانی دیکەی ئەوەیە، کـەس هـەواڵی شـاعـیـری نەپرسـیـوە، ئەگـەر کۆمـاسـی یا هـەر کـەسـانێکی دیکە لێی بپرسن وەک ئەوە وایە چاکـەیێکیـان لەگەڵ هەتیو کردبێ.

مـەولەوی لێـرە و لـە کـارەکـانی دیکەیدا نـاتوانێ لە سـروشت دوور بکەوێتـەوە، یەکێ لە لایـەنە سـەرکـەوتووەکـانی لە شیـعـردا ئەوەیە هـەندێ جار ئەو مـەبەسـەی گەرەکیەتی بیکا بەشیعـر هیچ پێوەندییێکی بە سـروشتەوە نییە، بەڵام ئەو بەڵگەی بەراوورد لەنێوانیاندا دەدۆزێتەوە، ئەمە دەبێتە مایەی داهێنان لە بەرهـەمەکەیدا.

فرمێسک و زام

مـەولـەوی بۆ خـۆشـەویست و هـاوڕێ و دۆسـتـانی کـە کـۆچی دواییـیـان کـردووە فـرمێسکی گـەرمـی ڕشـتـووە. بایەخێکی زۆری بـەم لایەنەی هـەسـتی دەروونی داوە، لەوە پێشیش ئـەو نزیکانەی بە وەسف و پێداهەڵگوتن بەسـەر کردۆتەوە و لە کـاتی ناخۆشیدا لە بیری نەکردوون.

لە دیوانـی مـەولەویدا مـاتـەمنامـەی شـیـعـری زۆرە بۆ گـەلێ کـەس، لـە هـەمـوو توێژەکانی کۆمـەڵ، لە سـەرووی ئەمـانە هەمـوویانەوە کۆمـەڵێک لیریکی هەیە وەک ماتەمنامەیێکی شیعری بۆ مردنی عەنبەر خاتوونی ژنی نووسیوە.

١

عەنبەر خـاتوون لەپێشـەوەی هەموو ئەو کەسانەوەیە کە مەولەوی فرمێسکی بۆ ڕشتوون، بۆ عەنبەر خاتوون دەڵێ:

شوورای عاشوورا دیسان بەزمش بەست
مـوحـەڕەم ئامـا مـەحـرەم شـی نەدەست
ئەو خــەریک نەچۆڵ شــار عــەدەمــدا
مـن نە کــەربەلای ســارای مــاتەمــدا
ئەو یەزید مــەرگ وە ئەســیــر بـەردە
من زادەی زیاد خــەم یە قــیــر کــەردە

بازارەن وادەی مـــامـــەڵەن ســـاقی
هـەی بگـره فـــــاتی وەی بـدەر باقـی
ڕۆ حــوســـەین ئاســا فــەردا کــەڕۆ بۆ
داخــۆ ســەرجــەکـۆ لاشــەم جــە کـۆ بۆ

واتاکەی:

هەرای عاشوورا دیسان بەزمی بەست
موحەڕەم هات و مەحرەم چوو لە دەست
ئەو سەرگەرمی چۆڵ شامی عەدەمدا
من لە کەربەلای دەشتی ماتەمدا
ئەو یەزیدی مەرگ بردی بەئەسیر
زادەی زیادی خەم منی خستە قیر
بازاڕە وادەی سەودایە ساقی
هەی! بگرە فانی، وەی! بێنە باقی
ئای حوسەین ئاسا سبەی لە نوێ بێ
ئاخۆ! سەر لە کوێ؟ لاشەم لە کوێ بێ؟
«ئەردەڵانی»

لە سەرانسەری دیوانی مەولەوی ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ، عەنبەر خاتوونی خێزانی خۆشویستووە، لە ژیان و مردنیدا کۆمەڵێک شیعری بۆ جوانی ئەو و هەستونەستی خۆی بەرامبەر بەو دەربڕیوە. لیریکە دڵدارییەکانی بۆ ئەو ژنە ڕاستگۆ بووە، لە لاواندنەوە و شیعری ماتەمنامە خەیاڵی فراوان و بینینی ورد بووە، لەم شیعرەدا مردنی خێزانی بەمردنی حوسێنی شەهیدی کەربەلا چواندووە، شین و شەپۆڕ تا ئێستاش لە واوەیلای (وا حوسێن و شاحوسێن) کۆتایی نەهاتووە لە دواڕۆژیشدا دەمێنێ.

٢

کەنیشکێکی جاف ناوی ئامینە یا پەریزاد بووە کاری کردۆتە سەر هەستی ناوەوەی شاعیر، هێشتا ساغ نەبۆتەوە کامەیان ڕاستی مەسەلەکەیە، یا لەوانەیە

دوو کەس بن ئامینە و پەریزاد و، پێوەندی لەگەڵ هەردووکیانا بووبێ. هەر چۆنێ بێ ئەو دلبەرە کە لە ژیاندا بووە مەولەوی بایەخی زۆری پێ داوە، شیعری مەدح و ستایشی بۆ داناوە، نامەی شیعری بۆ نووسیوە، کە مردووە فرمێسکی بۆ ڕشتووە، لە شیعرێکیدا دەڵێ:

پەشێوی وە نەزم لوولووی ئەسریندا
پەروین دائیرەی خورشید تەزییندا
جای ناخوون وە خوون ئەو گۆنای بێ گەرد
ئیشارەت وە مانگ مەینەت دڵ کەرد
شیرینی قامەت قیامەت نەوەرد
سەڵای فەرز بەرگ ئازیەتی ئاوەرد
هەنی فتوای شەرع بادە نۆشان بۆ
حەڵاڵیی کاڵای ماتەم پۆشان بۆ
وەشەن ئەو باڵا چون بەو کاڵاوە
بازش ئەو کاڵا هەر بەو باڵاوە
حەیات جە زوڵمات جیا نمە بۆ
کاوە وە بێ بەرگ سیا نمە بۆ

واتاکەی:

ڕشتەی لۆلۆی ئەشک ئاڵۆزانەوە
پەروین گۆی ڕۆژی ڕووی ڕازانەوە
خوێنی جێ نینۆک لە ڕووی وەکو گوڵ
نیشانەی مانگی غەم و دەردی دڵ
حەشر ئەنگێزی جوانیی قامەتی
فەرزی کرد سەڵای بەرگی ئازیەتی
سا فتوای شەرعی بادە نۆشانە
حەڵاڵیی کاڵای ماتەم پۆشانە
شەنگە ئەو باڵا ئا بەو کاڵاوە
وازبێنە تۆ لەو کاڵا و باڵاوە

حەیات لە زوڵمەت جیا قەد نابێ

کەعبەش بێ بەرگی سیا قەد نابێ

«ئەردەڵانی»

لەم پارچە شیعرەدا مەولەوی هەندێ وێنەی جوانی شیعری خستۆتە ڕوو. شاعیر لە شین دایە بۆ نازەنینێک، هەوێنی ئەم کارەی لە هەستی ناسکەوە دەپژێ کە فرمێسکە. فرمێسک مروارییە بەتایبەتی لەو دەمەی بەڕووی نازدارانەوە دێتە خوارێ کە بۆ دلبەری کۆچ کردوو دەلاوێننەوە، هەموو دیاردەیێک لە سروشتدا ڕەش هەڵگەڕاوە، لە ماتەم دایە، تەنانەت ئاوی ژیانیش کە لە ئەشکەوتێکی تاریکستاندا هەڵدەقوڵێ، بەردە ڕەشی دیواری کەعبەش لەولاوە بوەستێ، بەم بۆنەیەوە بەرگی ڕەشی پۆشیوە.

٣

خاڵۆی کۆماسی، شاعیری ناودار تەنیا لە ژیانا جێی بایەخی مەولەوی نەبووە، لە مردنیشدا فرمێسکی گەرمی بۆ ڕشتووە، لە یەکێ لە شیعرەکانیدا لەم بابەتەوە دەڵێ:

ها! یاران بەرشین جە زێد وەزامن

گرد تەفرە قەبین چون خەیال من

گەرد کۆچشان ئانا دیارەن

دەک لێلاویت بۆ چۆنت قەرارەن

سەنگی بار هۆش پێشبار فامت

دەوار شادی چیخ ئارامت

لوان چەنی کۆچ خاڵۆکەی هام فەرد

ئیسە بار وستەن نەهەوارگەی هەرد

تۆ چێش مەکەردی؟ کەم هۆش و کەم فام

پەرێ عەیب و عار مەندەنی جە لام

سا چەنی ئەرواح یاوە وە یاران

با تەن بۆ وە سەنگ مەندەی هەواران

واتاکەی:

یاران ها! دەرچوون لە زێد بەزامن
بڵاوبوونەوە وەک خەیاڵی من
ئەوەتا گەردی کۆچیان دیارە
کوێراییت دایێ چۆنت بڕیارە؟
باری قورسی هۆش پێشباری فامت
دەواری شادی، چیخی ئارامت
چوون لە تەک کۆچی خاڵۆی هاوفەردا
ئێستا ئارامن لە هۆبەی هەردا
تۆ خەریکی چیت؟ کەم هۆش و کەم فام
بۆ نەنگ و تەشەر مایتەوە لەلام
سا لە تەک گیانا بگەیە یاران
با تەن بەردێ بێ ماوەی هەواران

«ئەردەڵانی»

لەم شـیـعـرە مـاتەمـیـیـەدا مـەولەوی وردەکـاری داهێـنانی هونەری دەنوێنێ، فـرمـێـسـک بۆ کـۆمـاسی و هـەمـوو یارانی دەڕێژێ و، دەڵێ ئەوان هەمـوویان ماڵاواییان لە گێتی کرد، لە ژێر زەوی (گۆڕستان) بڵاوبوونەوە، وەکو خەیاڵی بێ سەروشوێن و بڵاوبووی خۆی. هەروەها بەڵگە بەکاروان و کاروانچییان دێنێتەوە، دەڵێ ئەوان باری سووک لە ڕیزەکانی پێشەوەی کاروان بار دەکەن، بەڵام باری قـورس لە دواوە دەبێ. ئیـتـر شـاعـیـر بەخـۆی دەڵێ باری قـورست کـە هۆش و هەستـتـە، وە باری سـووکت کـە ئەقڵ و بیـرتە، لەگەڵ کـاروانی کـۆچی خـاڵۆی کۆماسی بارکردووە.

مرۆڤ و کردەوە

لە شـیـعـری مـەولەویدا جگە لە وێنەی ئامـانجی تاک (من) و جـووت (من و تۆ)، ڕەنگدانەوەی کۆمـەڵیش (هەموو) دەکەوێتـە بەرچاو، وەکو وێنەگرتنی بەشێک لە دیاردەی کـۆمـەڵایەتی و پێـوەندیی ئادەمـزاد بـەیەکـتـریەوە، هەندێ کـردەوەی لە ئەنجامی هاوکاری و بیری گشتی دەکەوێتە ناوەوە.

١

مەولەوی شیعرێکی بۆ وەسفی کۆچی جافان داناوە لە کوێستانی داڵەهۆی ناوچەی پاوەوە بۆ دەشتی زەهاو، تێیدا دەڵێ:

شەماڵ دارانەن، شەماڵ دارانەن
زەردیی ڕەنگ نە ڕووی وەڵگ دارانەن
تەمەن گەردەلوول، بادەن بارانەن
بێزیای بارگەی سەر کۆسارانەن
هەوای سیاماڵ وێنەی جارانەن
پەی سەمت زەهاو زەردە و یارانەن
هەو هەوو بەو بەو تەڵمیت بارانەن
گەرمیی بەزم نەزم سەر هەوارانەن
نەزارەی ڕای ڕاز شەکەر وارانەن
فەسل سەیر سەید میر شکارانەن
چ خێرەن نامەرد مەر جە خاوەنی
بێ خوف جە لوای ڕای زەهاوەنی
شۆ وەلای ئەو شۆخ جەمین پەڕەی گوڵ
دەوای دەرد سەخت پەی دەرمان دڵ
مدیۆ وە فیرقەی زەلیلان خێڵ
دیار نییەن مەعدووم لۆنگ خەم وە پێڵ
مەپرسۆ حاڵم ئیدش دەر جواو
واچە ئەو فەقیر سفتەی دڵ کەواو
ئانا دەور مدۆ وە شاهۆ کۆوە
وە سزای دووریی دیدار تۆوە
هەریەک چەنییەک وادەشان کەردەن
وادەشان ڕاستەن تا وە ڕۆی مەردەن
ئەو تا سایەی بەرد ئەو تا بۆ وەگەرد
ئەو تەم و ئەو خەم ئەو سەردی ئەو دەرد

خـــولاســـەی کـــەلام نـوور دیـدەی دڵ
شـیـفـای ئێش و نێش زامـان پـێ حـاسـڵ
ســەوزەی حـەیـاتم ڕسـتــەی وەفــای تۆن
ئەو وەفـــات نەبـۆ زیـنـدەگـیم جـــە کــۆن

واتاکەی:

شەماڵ دارانە، شەماڵ دارانە
ڕەنگی زەرد لەسەر پەلکی دارانە
تەمە و گەردەلوول، بایە و بارانە
تۆفی هەوارگەی سەر کۆسارانە
هەوای سیا ماڵ وێنەی جارانە
بۆ شاری زەهاو پەڵەی بارانە
هەو هەو بەو بەوی بارگە سوارانە
گەرمی بەزمی نەزم سەر هەوارانە
تامی شەکەر ڕاز شەکەر بارانە
فەسلی سەیری سەید میر شکارانە
چ خێرتە نامەرد مەگەر تۆ نوستووی
بۆ چ کۆچی ڕێگای زەهاو نەبیستووی!
بچۆرە خزمەت شۆخی جەمین گوڵ
دەوای دەردانە و دەرمانە بۆ دڵ
ئەڵێی بەفیرقەی زەلیلی خێلان
دیار نییە (مەعدووم) لونگی خەم بەشان
کە ئەو وا پرسی تۆ وەرە جواب
بڵێ ئەو لێوەی دڵ بە خەم کەباب
گەرد و خولیەتی بەشاهۆ کۆوە
بەسزای دووری دیداری تۆوە
پەیمانیان لەگەڵ یەکتر بەستووە

لەناو خۆیاندا بەشیان کردووە
ئەو تا ژێر ئەلحەد، ئەتابێ بە گەرد
ئەو تەم و ئەو غەم ئەو سەرما و ئەو دەرد
خولاسەی کەلام نووری دیدە و دڵ
شیفای ئێش و نێش زامان بێ حاسل
سەوزەی حەیاتم بەوەفات ڕوا
کە وەفات نەبێ زیندەگیم کوا؟

«پیرەمێرد»

لەم بڕە شیعرەدا مەولەوی باس لە هەندێ نەریتی کۆچی عەشرەتی جاف دەکا، لە ناوچەیێکی دیاریکراوی گەرمیان و کوێستانیان دەدوێ. شانۆی ئەم جموجۆڵییە ناوچەی زەهاو و شاخی شاهۆیە، ئەو کۆچەرانە بەسەر گوندی زەردە و یاوان تێدەپەڕن، قۆناغەکانی کۆچی عەشرەت ماوە دەرەخسێنن بۆ ڕاوی کارمامز و ژیانی خەڵکی لەناو بەهاری ڕووتدا چێژێکی تایبەتی دەدا بەمرۆڤ.

مەولەوی بەبێ وردەکاری ئیستێتیکی و داهێنانی وێنەی هونەری ناژی، خۆی وا پیشان دەدا هەموو ژیانی غەم و پەژارەیە، شاخی شاهۆش لەبەر بڵندی بێ تەمومژ نابێ، لەبەر ئەوە لە یەکترییەوە نزیکن، پەیمانیان لەگەڵ یەکتریدا بەستووە، هەردووکیان وا دەمێننەوە تا دوایی ژیانیان، مەولەوی بەمردن کۆتایی بەئازاری دێ، شاخی شاهۆ لە ڕۆژی قیامەت دەبێ بەتۆز و گەرد و دوایی بەژیانی دێ.

٢

شاعیر لە لیریکێکی دیکەیدا لە بەخت دەدوێ وەک پیشاندەرێکی چارەنووسی ئادەمزاد و دەوری ئەو کەسە پیشان دەدا لە چاکە و خراپە، بەختیاری و بەدبەختی مرۆڤ لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

سەد پەرێم دایم خەم بەستەن کەڵەک
ئاخ هەر یەکجار داخ تۆ سەوزەن فەڵەک
مەپێکی ناکا جە نیمە ڕا دا
نیگای ئارەزوو وە تەمەنا دا

کام سەر شام تەمای تاج (کەی)ت کرد
سوبح دەم وە تاج سەر نەییت نەکرد
کێ بی کێ مەجلیس شادی بناوە
پۆس کەللەش وە دەف تۆ دەنگ نەداوە
(مەعدووم) ئەر زەرەی شێوەی فاماتەن
بەفام قەرینەی لوات ئاماتەن
ئەی ڕاڕای خەتەر ڕاو یارانەن
سفیدیش غوبار کەللەی یارانەن
بورکەش چای دیدە پڕ هووناو دڵ
میل باڵای بێ گیان وا مەندەی خجل
ها سەف پێکان پۆس کەللەهام دەمان
کەللە بڕ پەی پۆس کەللەمان تەمان
هۆر دەر چەنی سۆز دەروون پڕ نێش
فەریاد ئەو ساقی و ئەو نە یچی و دەروێش
سەدای دەف و نەی بەیۆ نەگۆشت
نەشئەی مەی بەخشۆ حەیات وە هۆشت
بویەر جە سای تەرز دەف و نەیەوە
وە زات مەستیی نەشئەی مەیەوە
تا کەی کە نۆ دەست چەرخ چەپ ئەندێش
پۆس کەللەت پەی پۆس کەللەی وێش

واتاکەی:

هەر چەند خەم دایم لێی بەستووک کەلەک
ئاخ تەنها داخی تۆ سەوزە فەلەک
ئەدەی بەیەکدا لە نیوە ڕا دا
نیگای ئارەزوو بەتەمەنادا
کام سەر؟ نەتخستە سەودای تاجی کەی
دوایی نەتکردە تاجی نێزەی نەی

کێ بۆ کێ بەزمی شادی نایەوە
پۆست کەللەی بەدەف دەنگی دایەوە
(مەعدووم) ئەگەر تۆ ئەهلی داناییت
نزیکە بەفام کۆچی دواییت
ئەم ڕێیە ڕێی ترس ڕێبوارانە
سپیەتی تۆزی کەللەی یارانە
حەوزی چاڵی چاو پڕ خوێناوی دڵ
میل بالآی بێ گیان نەگەیوە مەنزڵ
ڕێزی بەستووە پێستی کەللەی سەر
سەر بڕ بۆ پێستی کەللەی تر حازر
بەرزکە لەگەڵ سۆز دەروونی پڕ ئێش
هاوار بۆ ساقی و نەیژەن و دەروێش
دەنگی دەف و نەی زیاترکا جۆشت
نەشئەی مەی حەیات بدا بەهۆشت
ڕابوێرە بەهۆی دەف و نەیەوە
بەزۆر و زاتی نەشئەی مەیەوە
تاکەی؟ دەستی چەرخ بەئێش و بەوەی
بگروو پێستی کەللەت بۆ کەللەی

«پیرەمێرد»

شاعیر لەم شیعرەدا لەگەڵ گەردوون دەدوێ، ئەوە دەخاتە ڕوو یەکسانی لە کردەوەکانیدا نییە، هەموو کاروباری تەنگوچەڵەمە و پێچەوانەیە. ئێوارە تانجی کەیخوسرەو دەخاتە سەری پیاو، بەیانی سەری دەبڕێ و پێستەی کەللەی دەکا بەدەف بۆ بەزموڕەزمی سەرخۆشان. ئاوڕدانەوەیێکی ئیستێتیکی جوانە کە مەولەوی بەخۆی دەڵێ ئەگەر تێگەیشتنت هەبێ پێویستە ئەوە بزانی ژیان بەڵگەی مردنە.

لە کۆتایی شیعرەکەیدا لەسەر دەستووری شیعری کلاسیکی کە شاعیر خەریکی مەسەلە و لێکدانەوەیێکی قووڵی بیری دەبێ و ناتوانێ بگاتە ئەنجام، پەنا

بۆ مەی و مەیخانە و ساز و سەمتوور و مۆسیقا دەبا. خەیاڵی شیعری ئەوە دەردەبڕێ کە بێ هۆشی بەهۆشی دەبەزێنێ بۆ مەبەسی وێنەی شیعری داهێنراو.

ئێش و ئازار

ئێش و ئازار و ناخۆشی لە ژیانی مەولەویدا کەم نەبووە، بەتایبەتی کوێر بوون و سووتانی بەرهەمی شیعری خۆی و نامەخانەکەی، تا سەری ناوەتەوە لەناو خەیاڵیدا بزر نەبووە.

١

کوێر بوون بۆ هەموو ئادەمزادێک دژوارترین کارەساتی ژیانیەتی، لە سەرووی ئەوەوە کارەساتی دیکە نییە، بەتایبەتی بۆ یەکێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیری وەک مەولەوی ماوەی حەسانەوەی خوێندنەوە یا نووسین دەبێ، ئەگەر چاوی نەبێ ئەم حەسانەوەیە لە ژیانیدا نامێنێ. مەولەوی بەهۆی کوێربوونیەوە دەڵێ:

بینای دیدەم تۆ وە سەلامەت
دیدەنیی دیدار کەوت ئەو قیامەت
ئەر بینش نیەن هەی ئاوات وازم
باز هەر تەسکینەن گۆش وە ئاوازم
وە دڵدا تەفسیل زەلیلی و یەرد
چێش جە ئەووەڵدا ئاخرش ئاوەرد
باز بێ تاقەتیم نەڕووی پەردەوە
دەرگای گوزەرگای چەند فەرد کەردەوە
هۆریزا و پێچ وەرد دووی کوورەی دەروون
ئاو ئاوەرد بەڵ هوون نەدیدەی گەردوون
ڕێزا جە سەردا بڵێسەم کەم بی
ئەسباب تەحریر ئەی چەند فەرد جەم بی
باز چێش بۆ یاران دەروون پڕ داخەن
ئەغیاران دەماغ دڵ وە پەرداخەن
سەرد بییەن گەرمیی شەوق هام فەردان

گەرمەن سەردیی زەوق جەرگەی هاودەردان
ڕێزان سەوزەی گوڵ مەعاریف وەگل
چۆڵ بییەن چەمەن جە سۆزەی بولبول
نیگای ئیلتیفات گۆشەی چەم کەمەن
ڕووی دەشت سەفای ئەهل دڵ تەمەن
حەڵقەی خەفیەی زیکر ناڵەی هەزار ڕەنگ
چون حەڵقەی دەرگای وێرانان دڵتەنگ
مشیۆ جە گرد لا زاری و شیوەن بۆ
جە کام لا؟ لای دۆ، کام دۆس؟ وێنەی تۆ
کەی؟ ئیسە، پەی کێ؟ پەی دیدەی (مەعدووم)
چێش بییەن؟ بییەن جە دیدە مەحرووم
یانێ های ڕاسەن؟ یا قسەی ناسەن؟
دیارەن کردەی چەپ گەرد هەر پاسەن

واتاکەی:

بینایی دیدەم تۆ بەسەلامەت
بینینی دیدار کەوتە قیامەت
گەربینین نەما هەی ئاواتخوازم
واش هەر تەسکینە، گوێ بەئاوازم
شەرحی کەساسی ڕابورد بەدڵدا
دوایی پێ هێنا هەر لە هەوڵەدا
هەمدیس زویریم لە توێی پەردەوە
بۆ چەند هەڵبەستێ ڕێگای کردەوە
هەڵچوون بەلوولی، دوکەڵی دەروون
ئاو نارشتی خوێن لە چاوی گەردوون
ڕێژای بەسەریا بڵێسەم کەم بوو
هۆی نووسینی ئەم چەن بەیتە جەم بوو
دیسان چی ڕوویدا؟ یاران پڕ لە داخ

دەماغی دڵی ئەغیاران پەرداخ
ها سارده گەرمیی شەوقی هاوفەردان
هەم گەرمە ساردیی زەوقی هاودەردان
سەوزەی مەعاریف گوڵی هەڵوەری
لە سۆزی بولبول چیمەن بێ بەری
گۆشەی چاو نیگای ئاوری کەمە
ڕووی دەشتی سەفای ئەهلی دڵ تەمە
حەڵقەی کۆی زیکری ناڵەی هەزار ڕەنگ
چون حەڵقەی دەرگای وێرانە دڵتەنگ
لە هەر لا بەرزە، زاری و شین و ڕۆ
لە کام لا؟ لای دۆس، کام دۆس؟ وێنەی تۆ
کەی؟ ئێستا، بۆ کێ؟ بۆ دیدەی (مەعدووم)
چی بووە؟ بووە لە دیدەی مەحرووم
واتە واتەیە؟ یا ڕای بەدخوایە
گەردوون کردەوەی دیارە هەر وایە

«ئەردەڵانی»

مەولەوی لەدوای کوێربوونی لەم پارچە شیعرەدا بۆ شپرزەیی و پەژمردەیی خۆی دەلاوێنێتەوە. لەوانەیە ئەم لیریکە نامەیێکی شیعری بێ بۆ دۆستێکی خۆی نووسیبێ. لە شیعرەکەدا قسە لەگەڵ ئەو کەسەدا دەکا و پێی دەڵێ: لەم گێتییەدا لە مەولا چاوم پێت ناکەوێ، دەبێ چاوەنۆڕی ئەوە بم لە گێتییەکەی دیکەدا چاوم پێت بکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیوای ماوە و ڕەشبینی بەتەواوی ئامانجی کوێر نەکردۆتەوە، دەڵێ: گوێم بووە بەچاو، چونکە ئەگەر بەچاو نەتبینم، بەگوێ هەستت پێ دەکەم کە قسەکانت دەبیستم.

کارەسات کە بەرۆکی کەسێک دەگرێ دەبێتە مایەی ناخۆشی بۆ یاران و مایەی خۆشی بۆ دوژمنان. کارەسات تەرازوویێکە چاکە و خراپە لەناو کۆمەڵدا دەکێشێ و قورساییان دیاری دەکا. کێ دەڵێ، دلبەر خۆی پیشانی دڵدار نادا! لە کاتێکدا مەولەوی چاوی نەبێ و شت نەبینێ، دەبێ بیر لەو تیۆرییە بکرێتەوە، ئەگەر شت

نەبینم بوونی نییە! بێ گومان ئەمە ڕاست نییە. مەولەوی داوا دەکا لە هەموولایێک کۆڕی شین و شەپۆڕ و واوەیلا لەناوەوە بێ بۆ چاوی لەدەستچووی کە یەکێکە لە کردەوە ناهەموارەکانی گەردوون.

٢

لە لیریکێکیدا مەولەوی هەستی ناوەوەی دەردەبڕێ لە بابەت ئەو ماڵسووتانەی کە مێشکی شاعیری وێران کرد نەک لەبەرئەوەی کەلوپەلی ماڵی سووتاوە و لەناوچووە، بەڵکو مەسەلە سووتانی دیوانی شیعر و کتێبی دیکەیەتی:

خامەی سەراوێز نەچای سیایی
مەڕێزۆ ئەسرین شەکوای جیایی
نامەی سەد شکەنج وە هەم پێچ وەردەن
چون من سەرتاپاش شکستەی دەردەن
دەوات دووی سیاش جە دەم مەخێزۆ
نامە سیاخاک وەسەر مەڕێزۆ
دەوات دووی دەروون گێچدان وە هەمدا
لیقەوێش کێشان وە لیتەی خەمدا
خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە
زار زار مەناڵۆ وە دەم دەردەوە
مەوات هەی ئاوات واستەکەی جەستەم
هەی مۆمیایی پیشەی شکستەم
کام زام بی جەتۆ من نەویم نەسیب
جەفا هەر وە من وەفایەی ڕەقیب
زامان تاونان هوو ناوان جۆجۆ
دەرد وە بان دەرد یەجە دووریی تۆ
بڕیان تای ڕوباب قافیە خوانیم
نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم
دەمەی هەناسەی گەرم تارەکەم
نەکوورەی دەروون پڕ جەخارەکەم

ئـایـردان حـــــوجـــــرەی دڵـەی پڕ دەردم
سـۆچـنـان کـتـاو مــەجـمـووعــەی فـەردم

واتاکەی:

قەڵەم سەرەوژێر کەوتە چاڵی ڕەش
فرمێسکی دادێ دووری بوو بەبەش
کاغەز وەک فەنەر تێک پێچرایەوە
وەک من سەرتاپای تێکشکایەوە
دەویت دوکەڵی ڕەش هەڵدەڕێژێ
نامە ریگ بەسەر خۆیا ئەبێژێ
دەویت دوکەڵی ڕەشی لە دڵدا
لیقە خۆی کێشا بەکووپەی لیلدا
قەڵەم شەقی برد دەمی کردەوە
جیرە جیری دێ بەدەم دەردەوە
ئەیگوت هەی ئاوات خواستووی هەناوم
هەی موومیایی ئێسکی شکاوم
کام برین بوو تۆ پێت نەگەیاندم
بەئاگری دووری هەڵت قرچاندم
برین هاتنە ژان خوێنیان ناوەستێ
ئەم ئێشە ڕێگای ژیان ئەبەستێ
تەلی روبابی قافیەم پچڕا
عیبارەت زانیم لە هۆش وەرگەڕا
کوورەی هەناسەی گەرمی ئاگرەکەم
تاوی شەرارەی دنیا داگرەکەم
ئاگری بەردایە حوجرەی دەروونم
مەجمووعەی شیعرم سووتا زەبوونم

«پیرەمێرد»

ئەم لیریکە لە نامەیێکی شیعری دەکا، مەولەوی بۆ دۆستێکی نووسیوە و هەواڵی ئاگر تێبەربوونی ماڵی پێ گەیاندووە. سووتانی ماڵی مەولەوی سەرچاوەیێکی گرنگ بوو بۆ کردنەوەی دەرگای داهێنانی هونەری.

شاعیر دەڵێ، شووشەی مەرەکەب دوکەڵی لێ هەڵدەستێ، کاغەز خۆڵی ڕەشی بەسەر خۆیدا کردووە، واتە مەرەکەب دەسووتێ، بۆیە دوکەڵی لێ هەڵدەستێ، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی وشک بێتەوە، هەروەها کە کاغەز خۆڵی ڕەشی بەسەردا کرابێ مانای ئەوەیە جێی سپی تێدا نەماوە و لە سەری نانووسرێ، ئەمە بەڵگەی کۆتایی نووسینە یا شیعرە، هەرچی قەڵەمیشە شەقی بردووە و لە نووسین کەوتووە. جگە لەمە ژێی تارەکەشی پساوە و ئاوازی لێ هەڵناستێ، لەلای مەولەوی نە شیعر ماوە و نە ئاواز و مۆسیقا. سووتانی شیعرەکانی بۆتە هۆی ئەوەی هەستیشی بسووتێ و لەناو بچێ، ئەو شیعرانەی لەناو هەست و دەروونیدا دەژین و هێشتا لەدایک نەبوون، ئەوانیش سووتاون، شیعر لای شاعیر نەماوە.

***

مەولەوی ئاگاداری تاقیکردنەوەی هەزار ساڵەی شیعری کوردی بوو لە ناوچەی هەورامان و هەموو ناوچەکانی گۆراننشین لە کوردستاندا. لە سەرەتای شیعری ئایینی یارسان (ئەهلی هەق) و شیعری ئاسایی ئایینی ئیسلام (سوننی و شیعی)، ئەوجا شیعری کلاسیکیی هونەری لەگەڵ هەمووشیانا ئەدەبێکی بەرزی نەنووسراوی سەرزار، دەتوانرێ بوترێ مەولەوی ئەم هەموو سامانەی دەورکردۆتەوە و لە داهێنانی شیعریدا گەیشتۆتە لوتکە. لە سەردەمی ژیانی ئەو بزووتنەوە یا ڕینیسانسی ئەدەبی لە باشووری کوردستاندا لەسەر دەستی نالی لە ناوچەی سلێمانی دەستی پێ کرد، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەدەبی ناوچەکانی گۆراننشین بەرەو خوار بێتەوە، ئەگەرچی تا ئێستاش هەر ماوە، بەڵام ئەدەبی کوردستانی باشوور جێی ئەوی گرتۆتەوە. بەم جۆرە مەولەوی لوتکەی شیعر و دوا شاعیری گەورە بوو و لەدوای ئەو تا ئێستاش شاعیرێکی دیکە لە پلەی مەولەوی بەدیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردی هەڵنەکەوت.

بەشی بیست و سێیەمین

کوردستانی باکوور

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا

نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم خاکی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە ملکەچی ئەو دابەشکردنە بوو کە لە ئەنجامی جەنگی چاڵدیران (١٥١٤) لەنێوان سوڵتانی عوسمانی و شای عەجەم جێبەجێ کرا، ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕاکێشێ ئەوەیە زۆربەی هەرە زۆری خاکی کوردستانی باکوور لەژێر فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی عوسمانی بوو، ڕژێمی دەرەبەگی لەناو دەوڵەتی عوسمانی و سیاسەتی دەرەوەی لەگەڵ هاوسێکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی ڕووس و عەجەم سەرێشەیێکی زۆریان بۆ کورد دروست کردبوو، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ئەم ئاقارانەی دەوڵەتی عوسمانی، کورد بوون. لە جەنگەکانی عوسمانی لەگەڵ هاوسێکانی، کورد زیانی گەورەی لێ دەکەوت، گەلێ جاریش مەسەلەی ئاین و ئایینزا دەوریان لە دیاریکردنی هەڵوێستی کورد هەبوو لەناو ئەو جەنگانەدا، وەکو مەسەلەی سوننە و شیعە لەگەڵ ئێران، ئیسلام و مەسیحی لەگەڵ ڕووسیا.

بەڕێوەبردن لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە لە ناوچە کوردییەکاندا شێوەیێکی وای وەرگرتبوو دەتوانین بڵێین فەرمانی دەوڵەت شتێک بوو، تیۆری یا بڕیار یا قانوون لە پراکتیکدا شتێکی دیکە بوو. بۆ بەڵگە لە ساڵی ١٨٠٠دا والی بەغدا قوباد بەگی کرد بە بەڕێوەبەری ئامێدی، ئەمە بەدڵی مراد خان نەبوو، ئەمەیان بەزۆر خۆی کرد بە بەڕێوەبەری ئاکرێ، لەم کاتەدا عادل خان مانی گرت و بەزۆر خۆی کرد بەبەڕێوەبەری ئامێدی. ئەمە وێنەیێک بوو لە ئاژاوەی دەسەڵاتی عوسمانی، لەبەر ئەوە بۆی نەدەکرا هێزێکی نێوەندی هەبێ بتوانێ فەرمانڕەوایی ناوچە کوردییەکانیان پێ بسپێرێ، هەموو ئومێدێکی بە دەرەبەگی کورد خۆی هەبوو، ئەمانەش کامەیان بەهێز بوایە ئەویان سەر دەکەوت، بەڵام تەنگوچەڵەمەی لەگەڵ

دەسەڵاتی دەوڵەت وەکو خۆی دەمایەوە، هەموو تەباییێک کاتیی بوو، زۆرجاریش دەوڵەت سوودی لە پێوەندیی دەرەبەگایەتی ناو ماڵی کورد وەردەگرت بەوەی شەروشۆڕی نێوانیان میللەتیان بێ هێز دەکرد و گەلێ جار خەڵکی ناچار دەبوون و داوایان لە دەسەڵاتی عوسمانی دەکرد هێمنی و ناکۆکی ناو کۆمەڵیان بۆ جێبەجێ بکا.

دەوڵەت بەپێی بەرژەوەندی خۆی هەڵوێستی لەگەڵ لایەنی بەهێز دەبوو لە جەنگی بنەماڵە و عەشرەتەکاندا، بەمەرجێ ئەگەر هەموویان بەئایین موسڵمان بوونایە، ئەگەر نا دەسەڵاتی عوسمانی خۆی عەشرەتە موسوڵمانە کوردەکانی هان دەدا لە دژی ئێزدی و یارسانان (ئەهلی هەق، کاکەیی، شەبەک، زازا (عەلەوی) وهی دیکەی کورد). بەم ناوەوە لە ساڵی ١٨٣٤ جەنگی نێوان مزووری و داسنییان زیانێکی زۆری بە هەردوولا داوە، هەر لەو سەردەمەدا هێرشی محەمەد پاشای کۆرەی ڕواندوز بۆ سەر بادینان و ئازاردانی ئێزدییان لە مێژووی کوردی ئەم ناوچەیە لاپەڕەیێکی ڕوون و ئاشکرایە.

بەم جۆرە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم کە بە ماوەی ژیانی میرنشینەکانی کورد دەژمێررێ، هەر ئەو ماوەیە ڕژانی ئەستێرەی بەختی گەلێ لەو میرنشینانە بوو، نەک تەنیا لە کوردستانی باکووردا، بەڵکو لە کوردستانی باشووریشدا. ئەوە ئاشکرایە چۆن میرنشینی بابان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا لەلایەن تورکە عوسمانییەکانەوە داگیر کرا، هەروەها لە ساڵی ١٨٤٨دا میرنشینی ئامێدی کۆتایی هات و بوو بەقەزا و لەگەڵ هەکاری و ئاکرێ درانە ویلایەتی مووسڵ لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە.

ڕووداوی گەورەی سیاسی لەم ماوەیەدا لە کوردستانی باکوور ئەوە بوو بەدرخان پاشا ملی بۆ دەسەڵاتی عوسمانی شۆڕ نەکرد، دەسەڵاتی دەوڵەت سوپایێکی گەورەی بەفەرماندەیی محەمەد حافز پاشا هەنارده سەر بەدرخان پاشا، لەدوای شەڕوشۆڕێکی گەورە و کوشتار و ماڵوێرانییێکی زۆر و، لە ئەنجامی ئەوەی عیزەدین شێر بۆتانی لایەنی دەسەڵاتی گرت لە دژی بزووتنەوەی بەدرخان پاشا ناچار خۆی بەدەستەوەدا و لەو جەنگەدا کورد ژێر کەوت و بەدرخان پاشا بەدەستبەسەری نێررایە ئەستەمووڵ و لەوێوە بۆ شاری مەدینە لە

حیجاز و، هەر لەو شارەشدا کۆچی دوایی کرد. بەم جۆرە ئەم میرنشینەش لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم ١٨٤٨دا کۆتایی هات.

ئێزدی وەک توێژێکی گرنگی کۆمەڵی کوردەواری لەو ماوەیەی ئێمە باسی لێوە دەکەین لە کوردستانی باکووردا لە هەموو توێژەکانی دیکەی نەتەوەی کورد زیاتر کارەساتی بەسەردا هاتووە، لە ئەنجامی دژایەتیکردنی دەسەڵاتی عوسمانی بەرامبەر هەموو ئایینێکی دەرەوەی موسوڵمان، لەناو ئەمانەشدا هەڵوێستی بەرامبەر بەئێزدی و یارسان (کاکەیی) لە هەموویان تیژتر بوو. ڕاستە بەربەرەکانی ئایینی جوولەکە و مەسیحی دەکرد، تا دەگەیشتە ئەو پلەیەی حسێب بۆ شیعەش بکا، بەڵام بەربەرەکانی ئێزدی و کاکەیی لە سەرووی هەموویانەوە بوو تا گەیشتبووە پلەیێک محەمەد پاشای ئینجە بەیرەقداری والی مووسڵ لە ژەنگار (سنجار) هەرچی ئێزدی بوایە دەبوو سەری ببڕێ.

لەگەڵ ئەم هەموو گیروگرفتە سیاسی و نەتەوەییانە و پێوەندی خراپی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانی، کۆمەڵی کوردەواری لە ژیانی ئاسایی دوور نەبوو لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خوێندەواری و هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانەوە.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا حوجرەی مزگەوت یەکەمین دەسگای خوێندن بوو، ڕاستە بۆ زانستییە ئایینییەکانی ئیسلام و زمانی عەرەبی دامەزرابوو، بەڵام بەگشتی خوێندەواری پێ دەگەیاند. ئەو خوێندەوارە هەندێ جار زانینی تەنیا بۆ لایەنی ئایینییەکە بەکار نەدەهێنا، بەڵکو ئاوڕی لە زمانی خۆی دەدایەوە و هەوڵی دەدا ئەوەی لە مێشک و دڵ و دەروونیدایە بەزمانی کوردی دەرببڕێ، لەبەر ئەوە لە هەموو کوردستاندا حوجرەی مزگەوت وەک دەسگایێکی خوێندنی قەومی دەکەوتە بەرچاو، چونکە شاعیرەکانمان لەم دەسگایانە زانستی و زانیارییان وەرگرتووە.

ئەمە و ئەو سامانە بەنرخەی شاعیرانی ڕینیسانسی ئەدەبی کوردستانی باکووری سەدەی شازدەم هێنابوویانە ناوەوە سەرچاوەیێکی گرنگ بوون بۆ خوێندەوارانی سەدەی نۆزدەم و دواتریش.

لە کوردستانی باکوور وەکو کوردستانی باشوور هەر لەو سەدەیەدا بوو تەریقەتەکانی دەروێشی پەیدابوون، ئەمانە ڕەنگدانەوەی بزووتنەوەکانی دەروێشی

ناوچەی سلێمانی بوون، لەمانە تەریقەتی نەقشبەندی لە بامەڕنی و تەریقەتی قادری لە بریفکان، بەشێوەیێکی گشتیی ئەم تەریقەتانە پشتگیری دەرەبەگایەتی فەرمانڕەوایی ئۆتۆکراتی عوسمانییان دەکرد، بەڵام لە هەندێ کاتدا بەرژەوەندی ئەم تەریقەتانەی کوردەواری لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانی ڕێک نەدەکەوت، لەو کاتەدا ئەدگارێکی قەومی وەردەگرت و دەبوو بەدژایەتی لەنێوان دەسەڵاتی ئۆتۆکراتی و مافی نەتەوایەتی، ئەمانە لە گەلێ لە هەڵسانەکانی نەتەوەی کورد دەردەکەون وەک شۆرشی شەمدینان و زازا و هی دیکە.

ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم کۆمەڵێک ناوی پرشنگدارمان بۆ دەور دەکاتەوە لە شاعیرانی کوردستانی باکوور، بەڵام شیعری ئەمانە بەقەوارە و هەندێ جاریش بەناوەرۆک نەگەیشتۆتە ئەو پلەیەی بەشی تایبەتییان بۆ تەرخان بکرێ، لەمانە ناوی وەکو بەکر بەگی ئەرزی و مەلا مەنسووری گیرگاشی و شێخ نوورەدینی بریفکانی و میهرەبان خاتوون و کەسانی دیکە دەکەونە بەرچاو.

وەداعی

بەشی بیست و چوارەمین

وەداعی

١٧٩٠-١٨٥٠(؟)

د ملکێ دل ل سەر تەختێ خوە ڕوونە
ب شەئن و شەوکەتێ شاهانەئێ عیشق
دەما پەیدا ببی وەعدە ل من بت
دوو سەجدان ئەز ببەم شوکرانەئێ عیشق

ژیانی وەداعی

ئەگەر هەندێک لەو بڕە شیعرەی وەداعی شایانی ئەوە نەبوایە بچێتە ناو لاپەڕەکانی ئەم کتێبەوە؛ بێ گومان ئەم بەشەمان بۆی تەرخان نەدەکرد، چونکە ناوی شاعیر و بابوباپیرانی و جێی لەدایکبوون و مەڵبەندی ژیانی لە هیچ سەرچاوەیێکی تۆمارکراو یا گێڕانەوەی سەر زار دەست نەکەوتووە، ئەوەندە هەیە لە ناوەڕۆکی شیعریدا هەندێ لایەنی ژیانی بۆمان ئاشکرا دەبێ.

سەرچاوەی گرنگی ئەم بەشەی مێژووی ئەدەبی کوردی «دیوانی وەداعی» بوو. تا ماوەیێکی کەم لەمەوبەر لە ناوی شاعیر بەولاوە زانیاریی دیکە لەناوەوەدا نەبوو، تا لەم چەندانەدا «دیوانی وەداعی» لە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی سەعید دێرەشی لە بەرلین لەساڵی ٢٠٠٢دا بڵاوکرایەوە. ئەم دۆزینەوەیە کارێکی بەکەڵک بوو بۆ پیشاندانی ڕووی ڕاست و جوانی ئەدەبی کوردی.

وەداعی نازناوی ئەم شاعیرەمانە، لە هەندێ لە بەرهەمەکانیدا بەکاری هێناوە. لە ساڵی ١٧٩٠ لە مکس (موکس)ی ناوچەی هەکاری ژیاوە. خوێندنی لەسەر دەستووری ئەو سەردەمە لە حوجرەی مزگەوت بووە، دەبێ هەموو قۆناغەکانی خوێندنی زانستییە ئیسلامییەکان و زمانی عەرەبی تەواو کردبێ. هیچ بەڵگەیێک

بەدەستەوە نییە مەلایەتیی کردبێ، بەڵام لە میرێکی کورد نزیک بووە، ناوی شێخی بەگ بووە و شیعری بۆ وتووە، لەدوای کوژرانی ئەو لە جێگری نزیک بۆتەوە، ناوی مەحموود خان بووە، دوور نییە لە دیوەخانی ئەو ناودارە کوردانە میرزا بووبێ و کاروباری خوێندەواری و نامە نووسینی بۆیان بردبێتە سەر.

لە ساڵی ١٨٢١ وەداعی کوڕێکی بووە ناوی ناوە مەحموود، لە پاشانا «بەیت»ە شیعرییەکەی لە بابەت شێخی بەگ هۆنیوەتەوە و لە ساڵی ١٨٣٩ شیعری بۆ مەحموود خان وتووە. لەدوا ساڵانی ژیانی تۆبەی کردووە بووە بەسۆفیی تەریقەتی نەقشبەندی. لە شیعریدا ستایش و پێداهەڵدانی زۆری هەیە بۆ تەهای مورشیدی تەریقەتەکە. بێ گومان ئەم زاتە سەید (تەهای نەهری شەمدینی)یە باوکی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٣١–١٩٠٠) فەرماندەی هەڵسانی کوردی شەمدینان و هەکاری لە ساڵی ١٨٨٠دا.

دوا هەواڵی ژیانی وەداعی ئەوەیە شیعرێکی لە ساڵی ١٨٤٠م نووسیوە بەقسەی خۆی تەمەنی پەنجا ساڵ بووە، هیچ شتێک لە بارەی ژیانییەوە نازانرێ، لەوانەیە تا دەوروبەری ساڵی ١٨٥٠ (؟) ژیابێ.

شیعری وەداعی

شیعری وەداعی لە ڕووی ڕوخسارەوە

وەداعی لە ژیانی خوێندەواریدا هەوڵی داوە شاعیریەتی خۆی لەپێشانا بەشیعری فارسی بخاتە ڕوو ئینجا شیعری کوردی، لەبەر ئەوە شیعرە فارسییەکانی بەقەوارە دوو ئەوەندەی شیعرە کوردییەکانیەتی. بێ گومان ئەو شیعرە فارسییانە لە ڕووی نرخی جوانکارییەوە لە پلەی شیعرە کوردییەکانی نزمترن و هیچ جۆرە پێوەندییێکیان بەمەبەسی ئێمەوە نییە، تەنیا ئەوە نەبێ لایەنێکی کەمی ژیانی شاعیر و بۆچوونی لە هەندێ مەسەلەی کۆمەڵایەتی ڕوون دەکەنەوە.

شیعری وەداعی لە ڕووی بابەت و کێشی شیعرییەوە بەدوو شێوە خۆیان دەنوێنن. یەکەمیان شیعری عەرووزی، دووەمیان بەیتی خۆماڵی، لەو کاتەی شیعرە خۆماڵییەکان لەسەرکێشی سیلاب ڕێکخراون بەکێشی عەرووزیش دەکێشرێن، واتە هەموو شیعرەکانی لە ڕووی کێشەوە عەرووزین.

١- شیعری عەرووزی

شیعری وەداعی لەسەر ئەو کێشە عەرووزییانە ڕێکخراون کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکاردەهێنرێن. بەشی هەرە زۆری بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرە لەسەر کێشی هەزەج و ڕەمەل ڕێکخراون. پێنج شەش پارچە لە بەحری ڕەجەزی هەیە، لە بەحری موتەقاریب و موزاریع لە هەریەکەیان تاکە شیعرێکی هەیە. ئەم بابەتە شیعرەی وەداعی دەکرێ بەدوو بەشەوە:

(أ) غەزەل، دەتوانرێ «لیریک»ی پێ بوترێ. پارچە شیعرێکی کورتە لەسەر کێشی بەحرەکانی عەرووز دەهۆنرێتەوە یەکێتیی قافیەی تێدایە.

(ب) پێنجین، یا حەوتین، جۆرە شیعرێکە لەسەر بنچینەی بەند (کووپلە) دادەنرێ، هەر بەندی پێنج نیوە دێڕ شیعرە، کێشی عەرووزییە، قافیەی بەم جۆرەیە (ا ا ا ا ب). لەناو دیوانی شاعیردا پێنجینێک هەیە لە حەوت نیوە دێڕ شیعر پێکهاتووە، لەسەرکێشی عەرووز و لە ڕووی قافیەوە بەم جۆرەیە (ا ا ا ا ا)، بەڵام لەدوای پێنج دێڕەکە دوو نیوە دێڕی دیکەی لەگەڵە لەسەرکێشی عەرووز و قافیەی (ب ب)یە، لەبەر ئەوە حەوتینیشی پێ دەوترێ، ئەم دوو دێڕە لە هەموو بەندەکاندا دووبارە دەبێتەوە.

بەندی سەرەتای پێنجینەکە یا حەوتینەکە ئەمەیە:

گوھ بدێرن هوون ل من خەڵقی جوات و سوحبەتێ
قەنج ژ ڤی چەرخی بترسن ژێ بکەن پڕ فیکرەتێ
ڕاست نابت ڕۆژەکێ بۆ کەس ب مەیل و موحبەتێ
حیلەکارە ئەو ددت خەلقی ژ ژەهرێ شەربەتێ
ئەحمەق و جاهیل ئەوە ئێ پێ بغاری دل دەتێ
بێ ڕەواجە ڤی زەمانی مەعریفەت
بێ گومان بێ قەدرە ئێدی عیلم و خەت

بەندی دوایی ئەمەیە:

ئەو چ دەورانە چ تەبدیلە گەلۆ دیسا مەدی
قەت نەما شۆلەک ل ئسلووبا بەرێ ڤی سەرحەدی

ڕاست نابت چەرخ کەچ ڕووخاین و خوار و بەدی
کەس وەفاو و ئیعتیبار ئەسلا ژ ڤی دەوری نەدی
سەرهەلینان ناکەسان ئێ جنس پاک من بەرزەدی
بێ ڕەواجە ڤی زەمانی مەعریفەت
بێگومان بێ قەدرە ئێدی عیلم و خەت

٢- بەیت (پۆیێم):

بەشێکی زۆر لە بەرهەمی شیعری وەداعی لەم بابەتەیە، ئەمانە لەبەرئەوەی ناوەرۆکی چیرۆکی و بەسەرهات و بزووتنەوەیان تێدایە درێژترن لە شیعرە عەرووزییەکانی.

ئەم جۆرە بەیتانەی شاعیر لەو بابەتەن لە شیعری کوردیدا بەهەردوو کێشی میلليی خۆماڵی (سیلاب) و عەرووزی دەکێشرێن. بەیتەکان لەسەر بنچینەی بەند دادەمەزرێن، هەر بەندی چوار نیوە دێڕ شیعری کورتە. زۆربەی بەیتەکان لە ڕووی قافیەوە هەر بەندی (ا ا ا ب)یە، قافیەی (ا ا ب ا)یش هەیە، هەروەها لە بەیتێکدا قافیەی (ا ب ا حـ) بەرچاو دەکەوێ.

شیعری وەداعی لە ڕووی ناوەرۆکەوە

وەداعی شاعیرێکی ئاساییە (تەقلیدییە) لە قوتابخانەی شیعری کلاسیکی لە کوردستانی باکوور لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا. وەک قوتابییێکی زیرەک و هەڵکەوتووی قوتابخانەی عەلیی هەریری و مەلای جزیری و فەقێ تەیران خۆی دەنوێنێ. شیعرەکانی بەردەوامی ئەو قوتابخانەیەن. لەگەڵ ئەوەی داهێنانێکی ئەوتۆی نەخستۆتە ناوەوە بگاتە پلەی شاعیرییەتی ئەوان، بەڵام لاپەڕەیێکی پرشنگداری خستۆتە ناو دیوانی شیعری کوردییەوە.

وشە لای شاعیر لە جێی خۆی بەکارهاتووە، مانا ئاشکرایە و لەناو تیپەکاندا دەبینرێ، کێشی ڕەوانە هیچ جۆرە لەنگییێکی تێدا نییە، قافیەی سفت و بێ کەموکوڕییە، وێنەی شیعری ئاساییە بەمانا لای شاعیرانی دیکەش دەبینرێ، بەڵام بەتەعبیر نوێیە و داهێنانی تێدایە.

شیعری وەداعی بەهەردوو بابەتیەوە، لیریکی خۆماڵی و غەزەلی عەرووزی لە

چوارچێوەی مەبەس و هونەرە کلاسیکییەکانی ئەدەبی کوردی نەچۆتە دەرەوە. ئەم بابەتە شیعرانەی وەکو لای خوارەوە دەکەونە بەرچاو.

١- موناجات (ئیلاهییات):

وەداعی چەند پارچە شیعرێکی لەم بابەتە هەیە، بەناوەرۆک بریتییە لە پاڕانەوە لە خودا بۆ ئەوەی لە گوناهی خۆش بێ، لە یەکێکی دیکەیدا بەسەر کردگاردا هەڵدەڵێ بەهۆی ئەوەی ساڵی ١٨٢٣ لە مەڵبەندی ئەوان وشکە ساڵ بووە، لە دواییدا بارانێکی زۆر باریوە. لەم بابەتە شیعرانەدا وەکو لە شیعری شاعیرانی دیکەش باوە زاراوەی ئایینی و ناوی کەسانی پیرۆزی ئایین دەهێنرێ. وەداعی ناوی ئادەم و یوسف و ئەیووبی هێناوە، هەروەها ناوی ئیبلیس و بەهەشت و دۆزەخ دەبا. لە خودا دەپاڕێتەوە لە پەشێواوی و شپرزەیی ڕزگاری بکا.

٢- نەعت (مەدحی پێغەمبەر)

لە ڕووی ناوەرۆکەوە ئەم جۆرە مەبەسە جیاوازییێکی ئەوتۆی لەگەڵ موناجاتدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێ لەم جۆرە شیعرەدا ئەو کردەوە و ڕەوشتانە دەخرێنە ڕوو کە پێوەندییان بەپێغەمبەرەوە هەیە. لە نەعتەکانی شاعیردا ئەوە دەردەکەوێ ئاگاداری زانستییە بنچینەییەکانی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی بووە.

٣- دڵداری

لای ئەم شاعیرە وەکو هەموو شاعیرانی دیکەمان شیعری دڵداریی زۆرە و لە بەرچاوە، شاعیر لە جوانی دەگەڕێ و لە کچێکدا دەیدۆزێتەوە، هەندێ جار ئەو کچە ناوی سەلوایە، باس لە خووڕەوشتی دەکا؛ یا ناوی پەریزادە، ئەگەر ئەوی هەبێ پێویستی بە لوقمان نییە، کچەکە یاری نازدارە و پزیشکی پزیشکانە و هەموو دەردێکی تیمار دەکا.

٤- وەسف

شاعیر بایەخێکی زۆری بەم بابەتە شیعرە داوە، ناوەرۆکی هەمەجۆر و ڕەنگاوڕەنگە، وێنەی هونەری جوان لەناو شیعریدا بەدی دەکرێ، بەهاری سەیران و خۆشی، کۆڕی یاران و هەنگامی گوشادی، بلبل و بەهار و مێرگ و مێرغوزار. بەیانییێک شاعیر لە پەنجەرەوە چاوی بەیار دەکەوێ، باس لە لەنجەولاری دەکا،

ئاهی بۆ هەڵدەکێشێ، بەڵێن دەدا کە هەر ئەوی دەوێ. بەزۆری جوانی دلبەر لە ئەندامی لەش و لاری دا دەبینێ، پەنا دەباتە بەر سروشت بۆ ئەوەی وێنەیێک بدۆزێتەوە بەئەندامانی یاری بچوێنێ یا بەپێچەوانە ئەو ئەندامانە لەگەڵ وێنەکەدا بەراوورد بکا.

٥- پێداهەڵدان (مەدح)

شیعری لەم بابەتەی شاعیر بۆ ئەو میرە کوردانە هۆنراونەتەوە کە لێیانەوە نزیک بووە، هەروەها شیعری بۆ شێخ تەهای نەهری مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی داناوە. ناوەرۆکی ئەم جۆرە شیعرە لە هەندێ لە مەبەسەکانی دیکەی شاعیریش دەبینرێ.

٦- داد و فیغانی دەروونی

ئەم بابەتە شیعرەی وەداعی لە نالەباری و ناگزووری ژیانی تایبەتیی خۆی دەدوێ، هەندێکیان وەک کێشەیێکی کۆمەلایەتی، بەلام شیعرییانە دەیانخاتە ڕوو، باس لە ستەمی ڕۆژگار دەکا، لە زوڵمی زۆردار و نەبوونی یەکسانی دەدوێ. بەزۆری وێنەی ئاوارەیی و بێ کەسی و بەدبەختی لەلای دەبینرێ. بێ وەفایی یار و چاوی بەدی ڕەقیب دڵ و جەرگیان هەلا هەلا کردووە، مەگەر سەرخۆشی و مەی و مەیخانە ئەم مەینەتییانەی لەبیر بباتەوە. وەداعی هێرش دەباتە سەر گەردوون و فەلەک، بەبێ شەرم و حەیا ناویان دەبا، پیری و بێ توانایی دەورێکی دیاری هەیە لەم جۆرە شیعرانەدا. زۆربەی ئەم بەرهەمە شیعرییانە لە سەردەمی بەساڵاچوونی داینراون، بەتایبەتی لەدوای تۆبەکردن و چوونە ناو ڕێکخراوی تەریقەتی نەقشبەندییەوە.

هەڵبژاردەی شیعری وەداعی

نەعتی پێغەمبەر

لەو شیعرانەی دەچنە ناو مەبەسی موناجاتی خودا و نەعتی پێغەمبەر لە بەرهەمی وەداعیدا وشەی زۆری عەرەبی تیایاندا بەکارهێنراوە، ئاماژە بۆ هەندێ لە ئایەتەکانی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر کراوە، شاعیر بەزمانێک قسە دەکا زیاتر ئەو کەسانە تێی دەگەن کە خوێندەوارییان وەکو ئەوەی شاعیرە، لە دیوانی

شاعیردا بۆ ئەم مەبەسە هەردوو بابەتە شیعری کێشی خۆماڵی و عەرووزی دەبینرێ.

لە بەندی یەکەمی پێنجینێکیدا دەڵێ:

یا حەبیبەڵڵا ڕەسوولێ خالقێ فەرد و ئەحەد
تو شەفیعێ عاسیانی پێش قەییوومێ سەمەد
موزنیب و عاسی ئەزم جورمێد من زێدە ژ حەد
شەرمەسار و ڕوو سیاهم پێش تە حەتتا ئەبەد
تو ژ فەزلا خوە مەکە مەحرووم گونەهکارانێ بەد

لە بەندی دواییدا دەڵێ:

یا ئیلاهی پڕ گونەهکارم مبانێ موئمینان
دێ چ بت ئەنجامێ کارێ من فەقیرێ ناتەوان
وەی ژ هەولا ئاگری وەڵڵاهـ دلەرزم بێ گومان
تۆیەکە جارەک (وەداعی) پێش ڕەببێ موستەعان
فەخر عالەم دا د حەشرێدا ژ بو من بت مەدەد

ناوەرۆکی ئەم جۆرە شیعرە ئەوە دەخوازێ شاعیر بەچاوێکی بەرز تەماشای پێغەمبەر بکا، چونکە نزیکترین کەسە لە خودا، بۆی هەیە هەموو تکایێکی لەلایەن خوداوە جێبەجێ بکرێ. خۆی بەختەتابار و گوناهکار دادەنێ و داوا دەکا تۆبەی قوبووڵ بکرێ.

چاوی خەواڵووی دلبەر

لە غەزەلێکیدا وەداعی باس لە ڕەفتار و کردەوەی یار دەکا و پەیمانی دەداتێ کە دڵدارێکی ڕاستی ئەو خۆشەویستەیە:

نازکا من مەستە ئیرۆ قەسدی خەمماری دکەت
یووسفێ حوسنا غەریبە گەرم بازاڕی دکەت
تۆتیا تبعەت شەکر ئیرۆ ل خەرگاهێ مەدی
دێ فیداکەم جان و دل چاغێ ڕەفتاری دکەت

ئاورن یارەب نزانم یانە تیــــر و خـــــەنجــــەرن
هەر پەیاپەی تێنە من مـەقـتـوول مـووکـاری دکـەت
مــوحـبــەتا ڤێ نازەنینێ سـۆتمە سـەر تا قــەدەم
هێـژ وەکی باران خـەدەنگان وێ ل دل جـاری دکـەت
عــاشـقێ ســادق ئەزم ئیـرۆ د بەندا مــوحـبــەتێ
لێ ژ بـو من هـەر دەمــا دەم قــەهـر و ئازاری دکــەت
ڤێ ب ئەبرووویان دوو تیـر ئیــرۆ ل مـێــلاکـا م دان
عـیـشق یا ڕەب ئاگـرە پڕ سـۆزە دشـواری دکـەت
داروییێ دەردێ (وەداعی) تو ژ وان لەعــلان ببــەخش
مـاد کـونجێ فـرقـەتێـدا وی ژ مـێـژ زاری دکـەت

ئەم غەزەلە وێنەیێکی دیکەی شیعری ئاساییە، چەند مەبەسێک کۆدەکاتەوە، وەکو دڵداری و وەسـفی مەتریالیی هەست پێکراوی چاوی مەست و تیری ئابرۆ. هەروەها وەسـفی ڕەوشت وەک ڕەوت و لەنجەی پڕ لە نازی. لێرەدا شـاعیـر وێنە داهێنراوەکانی شاعیرانی پێش خۆی ورد دەکاتەوە لە ڕووی ماناوە، بەڵام لەبارەی ڕوخسـارەوە دووبارە بەشێوازێکی دیکە دایدەڕێژێتەوە، بۆییە جوان و سـووک و ڕەوان دەکەوێتە بەرگوێ.

عیشق

لە غـەزەلێکیـدا وەداعی هەوڵ دەدا لە دڵداریی بکۆڵێـتـەوە، لەبەر ئەوە وشــەی «عیشق» دەکا بەپاش قافیە بۆ شیعرەکەی:

بیـحــەمـدیللا دەرێ مــەیخـانەئێ عـیـشق
ڤــەبوو دیســا ل من دێوانـەئێ عـــیـــشـق
وەرە ئەی عـیـشق هیـمـمـەت کـە دگـەل من
ژ بۆ من قـیـسـسـەکە ئەفسـانەئێ عـیـشق
د ملکێ دل ل ســـەر تەخـــتێ خـــوە ڕوونە
ب شــەئن و شــەوکـەتێ شـاهانەئێ عـیـشق
دەمــــــا پـەیدا ببـی وەعـــــــدە ل مـن بت
دوو سـەجدان ئەز ببەم شـوکرانەئێ عیشق

ب دیدارا ته دێ ڕەوشـــەن بت ئەو مـــولک
عــیــمـــارەت کــە دلێ وێرانـەئێ عــیـــشق
دڤـێ ڕێـدا گـــــــەلـەک چـوون و نـەهـاتـن
نەشێ کـەس تەی بکەت مـەیدانەئێ عیـشق
مــەگــەر هیــمــمــەت بکەت پیــرێ تەریقــەت
بـبن ئـەم ئاشنـا فــــەرزانـەئێ عـــیـــــشق
تـوو مـــــــورغـی چینـەئێ ئـەمما (وەداعـی)
وەلـێ نە مـــورغی لائیـق دانـەئێ عـــیـــشق

شـاعیـر داوا لە عیشق دەکا بەسەرهات و ئەفسانـەی خۆی بگێڕێتەوە. دل دەکا بەمـەملـەکـەتی دڵداری و شـایەدی ڕووداو، بەوە زۆر گـوشـاد دەبێ ئەگـەر جـارێک ئاوڕی لێ بداتەوە و ڕووی تێ بکا، واتە بچێتـە ناو دڵی شاعیرەوە، ئەو دڵە وێرانەیە عیشـقی تێدا نییە، ڕێی گـەیشتن بەو عیشـقـە گەلێک سەختـە، زۆر کەس هـەوڵیـان داوە بیبرن، بەڵام نەیانتوانیوە. شاعیر پەنا بۆ پیری تەریقەت و سۆفیزم دەبا بەڵکو بەو عیشقە شادی بکا. لەدواییدا بەخـۆی دەڵێ باڵندەییکە چینە دەکا، وەک باڵندان شـایانی ئەوە نییە دانی عیـشقی لەبەردەم دابنرێ. وەکو لـەم غەزەلەدا دەردەکەوێ شاعیر هـەوڵ دەدا ئەو دڵدارییەی لە گێتیی مـەجازی بهێنێتە دەرێ و بیـخاتە قاڵبی سـۆفیـزمەوە. ئـەوەی لایەنێکی جوانکاری لـەم شیـعرەدا دەخـاتە ڕوو ئەوەیە شـاعیر خۆی بە باڵندە دەچوێنێ، بەڵام بۆی هـەڵنەکەوتووە دەنووک لە دانەی عیشق بدا.

بسک و خاڵ

وەداعی لیریکێکی هۆنیوەتەوە بۆ وەسفی هەندێ ئەدگاری یار، ئەو یارە ئۆقرەی نییـە، دەمێک لێیـەوە نزیکە، دەمێکیش لێیـەوە دوورە، لە هـەردوو باردا شـاعیـرانە هـەستی دەردەبڕێ و وێنەی دیمەنەکان دەکێشێ:

ئـیـــرۆ ژ نوو گـــرتـی ســـەمـــا
بـسـکـان ل دۆرا جــــەبـهـــــەتێ
نیشـان و خـال لێک بوون جـەما
ڤـێکرا دکـەن خـۆش سـوحبـەتێ

***

زولفـەین ل سـەر خـالـێ ڕەشین
تـاتـا ب دێمــــیـــــدا مــــەشـین
خـۆش بـوونه شــوبهێ بـاوەشـین
کــــەفـــتـــینـه ڕەقس و داوەتـێ

***

ڕەقـسـین ل سـەر دێمـا گـولین
بـسـکێ ســــیـــــاه سلسـلین
وەک من گـەلەک مـەجـرووح دلین
دائیم د کــونجێ فــیــرقـــەتێ

***

ئەو فـیـرقـەت و هـەجـوا حـەبیب
دیســــا ژ بۆ مـن بـوو نەســـیـب
ئـەز ژار و بـێ یـار و غــــــەریب
دائیم دکــێــشـم حـــەســـرەتـێ

***

سـەد حـەسرەت و سـەد ئاه و زار
یـار چوویه زۆزانێـــــد ســــار
ئـەز مـــام دگــــەرمێ بـەندەوار
گــاڤـــەک تـەبیـــتـــا مـن نەتـێ

***

ســـەبر و تەبیــتـــا من نـەمــان
ژبەر فـیـرقــەتا ســەلوا چەمـان
کـوشـتـم ب سـەد دەرد و غـەمـان
هشـــتـم ل گـۆشـا مـیـحنەتێ

***

هەرچی دکەت هیجران دکەت
پڕ عاشقان بێ جان دکەت
دەردان گەلەک دەرمان دکەت
خالا ل دۆرا جەبهەتێ

***

خالا ژ ڕەنگێ عەنبەرێ
بەژنا ب میسلێ عەرعەرێ
جارەک دنێڤا پەنجەرێ
فکریمە بەژن و قامەتێ

***

ئەو قامەتا بەژنا لەتیف
لبسێ دبەر کیمخە و قەدیف
گەردەن وەکی شووشا خەفیف
سوبحان ژ شاهێ قودرەتێ

***

سوبحان ژ شاهێ قادری
حوسنا بەدیع ڤی خەلق کری
لەو دل دەمەک ناسەبری
دائیم دسۆژت ب ئولفەتێ

***

ئەو نەینکا حوسنا جەلا
زولفەک خوە ڤی تێرا نوما
لەو دل ژ من ئیرۆ ڕەوا
کەتمە د بارێ غوربەتێ

***

ڤێ غــوربەتێ ئەز کــرمـــە ژار
لێ فــیــرقــەتێ ئەز کــرمــە نار
عـــــومــــــرەک (وەداعی) ڕابوار
ئەندووە و غــەم بەحس ژێ نـەتێ

کـە لە خوێندنـەوەی ئەم شیعرە دەبینەوە بیر و خـەیاڵمـان بۆ ئەو بابەتە شـیعرە دەڕوا کـە لەســەر بنچـینـەی دوو بەیت دامــەزراوە. قـافـیـەی نـیوە دێڕی چوارەمی هـەموو بەندەکـانی «ـەتێ»یە، ئەم بابەتە لە شیعری کلاسیکی و خۆماڵی سـەرزاری (فۆلکلۆری) لە کوردستانی باکووردا گـەلێکە، لەناو شاعیرانی ئەوانیشدا بەزۆری لای فەقێ تەیران بەرچاو دەکەوێ.

لە بنجدا وەداعی بەرنامـەی ئەم شیعرەی بۆ ئەوە داناوە باس لە بسک و زوڵفی سـەلوا بکا چۆن لـە دەوروبەری خـەت و خـاڵی ڕوومـەت و گـەردنی سـەمـا دەکـەن. سـەلوا یەکێکە لەو بووکە شیعرییانەی کە لە ئەدەبی کلاسیکیدا دەوری گرنگیان هـەیە، وەک یار و دلبـەر و خـۆشـەویست و مـەعـشـووقـە دەبنە قـارەمـانی دڵداری. شـاعیر هـەوڵی نەداوە یـەکێتیی ڕووداو دروست بکا. دەمێک لەناو پەنجـەرە چاوی بە یار دەکـەوێ و دڵی شاد دەبێ و دەکەوێتە هـەنگامێکی خۆشی و شادی، کـەچی بەپێـچـەوانەی ئەمــەوە دەمێکی دیکە یار لێی دوور دەکـەوێتـەوە، لێرەدا وێنـەیێکی جوان دروست دەکا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دوورییە؛ کە دەڵێ یار لە زۆزانانە واتە لە هـاوینەهـەوار و جێـی فێنک دەژی، کـەچی شـاعـیـر لە شـاردا گـەرمـا بردوویەتی. ئەم جـۆرە بازدانە لـە مـەبەسـتێکەوە بۆ مـەبەسـتێکی دیکەی پێـچـەوانە کـارێکی ئاساییە لە دروستکردنی شیعردا ئەگەر شاعیر بتوانێ بە سەریدا زاڵ بێ.

مەدحی میر:

وەداعی ئەم غەزەلەی لە مەدحی یەکێ لەو میرانە وتووە، کە لە سـایەیان ژیاوە و سکرتێری و میرزایی بۆیان کردووە:

من ژ حــەق داخــوازە دائیم دێ ژ حــەق دەســتــوور بی
هـەر بکام و شـــادمـــان و خـــوررەم و مـــەســـروور بی
قـــەت د دنیــــایێ نـەبینی غـــەم ژ دەورانا فـــەلەک
کــەوکـــەبێ بەخــتێ هومـــایوونی تـە هەرپڕ نوور بی

غونچەیا بەختێ تە خەندان بی ب عەیش و نۆش و ناز

ڕووز و شەب ئەز ئافەتێ چەشمێ حەسوودان دووربی

هەر د نێڤا سەرفرازان بەختیار و کامیاب

خەتتێ ئیقبال و کەرەم بەر ڕوویێ تو مەستوور بی

ئەی جەوان بەخت و فەلەک یار و کەرەمکارێ جیهان

من ژ حەق هیڤی هەیە مولکێ تە دێ مەغموور بی

هەر کەسێ ڤێ دەولەتێ هەردێ نەخوازت تا قیام

ڕووسیاه و شەرمەسار و خەستەوو ڕەنجوور بی

نەزم و ئەشعارێ (وەداعی) گەر ببت مەقبوول میر

دێ د ئیقلیمێ جیهان شیعرێ مە دێ مەشهوور بی

ئەم شیعرە نموونەیێکی ڕوونی مەدحی ئاساییە، وەداعی لەو شێوازە گشتییەی لەم جۆرە شیعرەدا بەکار دەهێنرێ لە شیعری کلاسیکیدا نەچۆتە دەرەوە، پێویستە بۆ ئەو میرەی خۆی لە خودا داوا بکا هەمیشە شاد و گوشاد بێ، لە ئەندێشە بەدووربێ، هەموو ژیانی بەختیاری بێ، ئارەزوو دەکا فەرمانڕەوایی هەتا هەتایە بمێنێ. شاعیر داوا لە خەڵکی دیکەش دەکا وەکو خۆی بنوارنە میری گەورە، ئەگەر وا نەکەن ڕووڕەش و شەرمەزار دەبن. باوەڕی بەمیر دەگاتە پلەیێک؛ دەڵێ ئەگەر شیعری وەداعی شیرین و جوان بێ لای میر لە هەموو گێتیدا بەناوبانگ دەبێ، واتە میر هەستێکی ئەوەندە بەرزی شیعرایەتی هەیە، ئەو شیعرەی لای ئەو جوان بێ لەلای خەڵکی دیکەش جوان دەبێ.

گازاندەی شاعیر:

لەم شیعرەدا وەداعی یادی ڕۆژانی لاویەتی خۆی دەکاتەوە، گازاندە لە گەردوون دەکا، چونکە ئەم پیرییەی بۆ هێناوە لەگەڵ ئێش و ئازارێکی زۆر:

ئەی درێغا نەوجەوانی چوو تەلەف

(جـائَني الشَّيْبُ وقعتُ في الضَّعَف)

سۆتمە نارێ فیراقێ دێ چ بت

گەر ژ وان لەعلان تو دەرمان کەی بە خەف

مـن ژ دلبـــەر قـــەت نـەدی ڕۆژەک وەفـــا
هـەر خـــەدەنگ و ئـاوران کـــرمـــە هـەدەف
مــا تـەنێ ئەز مــەست و شـــەیدامــە جنوون
ســـــــەد وەکـی مـن ڤـێ دنالـن هــەر تـەرەف
من د هـیـــجـــر و دووریـێ بۆرانـدی عــومـــر
لێ ڕەقـــیـــبـــان شـــادمـــان گـــرتینە ســـەف
ڤێ ژ مــێــژ ڤــە عـــاشـــقـــان بـۆ یەک نیگاه
د ئنتـــیـــزارن نـەقـــدێ جـــانـێ وان د کـــەف
عـــاشـــقـــان زانینە عـــیلمێ مـــەعنەوی
کـــان چیـیــە ئاواز و ســـاز و چەنگ و دەف
جـامێ عـیشـقێ دەرخـورێ هەر کـەس نەن
ئەی (وەداعـی)دا نـەدی ژێ لاق و کـــــــــەف

لەم بڕە شـیـعـرەدا وەداعی هەوڵ دەدا سـەردەمی پیـری بەخـۆی و هەمـوو باری قورس و گرانیەوە بکا بەبەڵگە بۆ سـەرانسـەری ژیانی، واتە هەمووی نالەباری و پڕ لە مـەینەتی بووە. لـە ژیانیـدا وەفـای لە دلبـەر نەدیـوە، هەمـوو تـەمـەنی بـەئاوارەیی بردۆتە سـەر، هەرگـیـز خـۆشی بەخـۆیەوە نەدیوە، هەمـیـشـە غـەمگین بووە کـەچی ڕەقـیـب دڵخـۆش بـووە. بەڵام ئەوە هـەیە وەکـو عـــاشــقـێـک جـەوهەری نـهـێـنـیی مـەعنەوییـاتـی زانیـوە، ئاگـاداری هەناسـەی ناوەوەی سـۆفـیـزم بووە لـەبەر ئەوە لە زمانی ساز و ئاواز (مۆسیقا) گەیشتووە، بەلای شاعیرەوە هەموو کەسێک نازانێ جامی مەی بنۆشێ.

شـاعـیـر لەم غـەزەلەدا نیـوە دێڕێکی بەعـەرەبی وتووە، هـەرچۆنـێ بێ بەیەک نیوە دێڕ شـیـعـر لیـریکەکە نابێـتـە مولـەممەع. دەتوانرێ ئەم نیـوە دێڕە بەتێکهـەڵکێش بژمێررێ، شاعیر نیوە دێڕێکی لە ڕستەیێکدا بەعەرەبی داناوە و خستوویەتییە ناو شیعرە کوردییەکەوە.

بەیتی شێخی بەگ:

ئەم بەیتـەی وەداعی دەتوانرێ بەپۆیێمێک (قـەسیـدەیێکی درێژ) بژمێررێ لە ٣٨

دوو بەیت پێکهـاتووە، واتە ١٥٢ نیـوە دێڕ شـیـعـر. وەکـو لـە دوو بەیتی دواییـدا بەحسێبی ئەبجەد هاتووە بەیتەکەی لە ساڵی ١٨٢١دا داناوە.

وا دەردەکەوێ وەداعێ بـەشـێک لە ڕۆژگـارانی ژیانی لە سـایەی مـیرێکی کورد بردبێتـە سـەر، ناوی شـێـخی بەگ بووە، ئەم ناوداره یەکـێک بووە لە مـیـرەکـانی «مکس»ی نـاوچەی هەکـاری. شـیـعـرەکـە بەسـەرهـاتی هـەڵسـانێکی چەکـداری و قارەمانیەتی ئەو میره دەگێڕێتەوە. نیوە دێڕی چوارەمی هەموو دوو بەیتێک ئەمەیە «کانێ جیهانگێرێ جیهان».

سـەرچـاوەی ئەم بەرهـەمــەی شـاعـیـر گـێـڕانەوەی ئەدەبی مـیللیی سـەر زارە (فـۆلکلۆر)، ڕووداوەکـە ئەگـەر بووبـێ لە ئەدەبی کـلاسـیکیی نووسـراو و ئەدەبی مـیللیی سـەرزار ڕەنگی داوەتەوە و بـەرهـەمـی ئەدەبی هەردوولایان کـاریان لە یەکتری کردووە. بەهـەمـوو جۆرێک خـەیاڵی شـاعـیر کاریگەر بـووە بۆ دانانی ئەم شیعرە، چونکە بەسـەرهـاتی شێخی بەگ لە سەردەمی ژیانی شاعیر لەناو خەڵکی کورد و لە نـاوچەکەدا لەسـەر زاری خەڵکی بووە، ئەلێکسـاندر ژابا تێکستێکی ئەم بەسـەرهـاتەی بەپەخـشـان تۆمـار کردووە و لە کتێبـە بەناوبانگەکەی «جامـیـعی یێ ڕیسـالەیـان» بەزمـانی کوردی و فرەنسی لـە سـاڵی ١٨٦٠ لە سـانت پیـتـرسـبـورگ بڵاوی کردۆتەوە. بەراووردێک لەنێوان تێکستی پەخشانی میللی بەسـەرهـاتەکە و بەیتەکەی وەداعی ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە ئەم دوو بەرهـەمـە بەگشتی لە یەکتری دەکەن، سەرچاوەی هەردوولایان یەکێکە، بەڵام ئەوەی باوەڕ ناکرێ ئەم هـەڵسـانـە ئەوەندە گەورە بووبێ کـەچی نەچووبێتە ناو مێژووی میللەتەوە. مێژووی نەتـەوەی کـورد ئەو هـەڵسـانـەمـان بۆ دەور نـاکـاتەوە. هـەرچۆنێ بێ ئێـمـە وەک بەرهـەمـێکی ئـەدەبی داهێنراو مـامـەڵە لەگـەڵ ئەم شـیـعـرە دەکـەین، نەوەکـو وەک ڕووداوێکی مێژوویی.

سەرەتا شاعیر بەم جۆرە دەست بەشیعرەکەی دەکا:

ئیـرۆ ژ دەسـتـێ فـەلەکێ
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان
بگرین ژ بۆ شـێـخی بەگێ
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

مـيـرێ ب ئيـحــســان و كـەرەم
كـان سـاحـيـبێ جـوود و نيـعـەم
وەســــــــفێ دڤـی هـەردێ بـدەم
كـانـێ جـيـانگيـرێ جـيــهـان

لێرەدا شاعیر پێداهەڵدان و ستایشی شێخی بەگ دەكا وەك كەسێكی چاوتێر و دەست بڵاو و مرۆڤێكی دڵسۆز بەرامبەر بەدەوروبەری:

چاغێ دناڤ كـۆمێ دكـەت
هەيبەت ب سەر ڕۆمێ دكەت
مـا ئەڤ فـەلـەك دۆمێ دكـەت
كانێ جيهانگيرێ جيـهان

***

ڕۆمێ دەمـا عـەسكەر دكـر
بێ حـەدد و بێ دەفـتـەر دكر
مـيـر لەشكرێ وان كـەر دكـر
كانی جيهانگيرێ جيـهان

***

ميرێ ب ئيـحسـان و خـەلات
ژ ڕۆمێ ڤــەگــرتن پڕ وەلات
عەسكەر ژ بۆهتـان بۆ دەهات
كانی جيهانگيرێ جيـهان

***

كـانێ گـەلۆ مـيـرێ ب ناڤ
عـەسكەر ل ڕۆمی كـر بەلاڤ
دوژمـن بەزانـدن ڤی تەڤــاڤ
كانێ جيهانگيرێ جيـهان

***

ئەڤ حاکمێ پڕ ناڤ و دەنگ
ژ ڕۆمێ ڤەگرت تۆپ و تفەنگ
دوژمن لبەر مابوونە تەنگ
کانێ جیهانگیرێ جیهان

***

میر پڕ هەبوو قەدر و ڕەواج
پێچان ئەڤی ڕۆم و حەلاج
ژ بەحران دهات ژێڕا خەراج
کانێ جیهانگیرێ جیهان

لە خوێندنەوەی ئەم برە شیعرە ئەوە دەردەکەوێ شاعیر لە هەموو دێڕە شیعرێکدا ناوی «ڕۆم» دەبا، مەبەسی دەسەڵاتی تورکی عوسمانییە، ئەو دەوڵەتەی دوژمنایەتی میللەتی کوردی دەکرد و خەڵکی کوردی دەچەوساندەوە. شاعیر ئەوە دەردەبڕی کورد و عوسمانی لە جەنگدان، سەرکردەی کورد شێخی بەگە، لە هەموو هێرشێکدا کورد سەردەکەوێ، ئازایەتی شێخی بەگ دەوری گرنگی هەیە لەو سەرکەوتنەدا. میر جێگەی ڕێزلێنان بوو، زەبر بەدەست بوو، لەودیو زەریایانەوە خەراجی بۆ دەهات.

وەداعی لەم دێڕانەیدا هەندێ پێوەندی کۆمەڵایەتی ڕوون دەکاتەوە:

خەسمێ شکاک و وانیان
کان دوژمنێ ئەرتووشیان
کۆچەر ل بەر میر لەرزیان
کانێ جیهانگیرێ جیهان

***

حازر د ئیمدادا د میر
هیزان و شێروان و جزیر
حەتتا خۆشم ناکەم ژبیر
کانێ جیانگیرێ جیهان

***

ڕۆمـی دقــــــەلـسن بـێ زراڤ
دلـەرزیــن وەکــی تــوورا دنــاڤ
ســـەرحــەد هـەمـی هاتن ســلاڤ
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان
***
ســەرحــەد ســەلامکارێ تەبوون
دوژمــن بــریـنــدارێ تــە بــوون
ژار و فـــەقـــیـــر بـارێ تە بـوون
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان
***
وەک مـیـر نەبوون عـالی هیـمـەم
دکـرمـانجـیێ حـەتتـا عـەجـەم
کان لەشکر و جـەیش و حـەشـەم
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان
***
بـــەردا وەزیـــر و بـــەگـــلـــەران
شــەبخــوون ددانە عـــەسکەران
نـایێنە شـــەرح و دەفــتــەران
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

لەم پارچە شیعرەدا وەداعی گیروگرفتی ناوەوەی کۆمەڵی کوردەواری دەخاتە ڕوو کە ڕەنگدانەوەیێکی نالەباری ڕەوشت و نەریتی عەشرەتی و بنەماڵەیی بووە و لەو ســەردەمــانەوە و تا ئێســتــا بوونەتە تـەگــەرە لە ڕێی وەدەســتــهێنانی هیـوا و ئامـانجی کـورد لـە یەکگرتن و دروسـتکردنی دەسـەڵاتی تایبـەتی خـۆی ئەوەی تا ئێستاش نەگەیشتۆتە ئەنجام.

شاعیر ئەوە دەردەبڕێ عەشرەتی شکاک و خەڵکی وان و ئەرتووشی و عەشرەتە کۆچەرەکان دوژمنی شێخی بەگ بوون و وایان پیشان دەدا نرخی لەلایان نییە، کەچی لە ڕاستیدا هەموویان لێی دەترسان و سەریان بۆ شۆڕ کردبوو. پێچەوانەی

ئەمــەش لـە ناوەوە بوو، هـەندێ لایەنـی دیکەی کـوردەواری دۆسـتـی مـیـر بوون و یارمەتییان دەدا، وەکو عـەشرەتەکانی هـیزان و شێروان و نـاوچەی جزیری بۆتان، لێرەدا شاعیر خۆشی دەخاتە پاڵ ئەوانەوە وەکو دۆستێکی میر.

جـارێکی دیکەش وەداعی دەست دەکـاتەوە بەپێـداهەڵدانی شـێـخی بەگ و دەڵێ لەو کـاتەی دەوروبەر سـلاوی لـێ دەکەن و ڕێزی لێ دەنێن تورکی عـوسـمـانـی لێی دەترسن.

شاعیر لەسەر ستایشەکانی دەڕوا و دەڵێ:

کــان حــاکــمێ عــالـی جــەناب
وەســـفێ دڤـی نابن حـیـســاب
لێ فـــەلەکێ زوو کــر شــتــاب
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

مـا مـیـر تنێ ئیـحـسـان دکـر
فــەرمــاندەهـی ل بەحــران دکـر
ڤی ســەرەوەری ل وەسـتـان دکـر
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

مـا مـیـر تنێ وەسـتـان ڤـەگـرت
ل بەر کـۆچەران زۆزان ڤـەگـرت
حـەتتـا جـهێ بۆهتـان ڤـەگـرت
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

دوژمن ل بەر مـیـر بوون زەبوون
وەسـتـان و شـاخ وەرگـرت بوون
فـــریاد ژ چەرخـــا واژ گـــوون
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

هـەرچی دمــامـــیــر با ســوار
دوژمـن دبوونـە تـار و مــــــــار
وەرگــرت بوو حــەتتــا خـومــار
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

مـا کـەس هەبوو ڤـێـرا مـەجـال
دائیم هـزار مـــیـــر بوون ل بـال
تـەقـــدیر حـــەقـــە نابت بەتال
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

لەو شیعرانەدا وەداعی باس لە میر و فەرمانڕەوا گەورە و مەقام بڵندەکان دەکا ئەوانەی لەژێر سایەی شـێخی بەگ دەژیان، مولّکی میر دەکشا تا دەگەیشتە زەریایان (ڕەنگە مــەبەسی گـولی وان بێ) و زۆزانی کـۆچەران و ناوچەی بۆتان، ئەمانە هەموویان سـەر بەشـێخی بەگ بوون، دوژمن لەپێش میر سـەرشـۆڕ بوو، هەمووڵاییێکی داگیر کردبوو، هەمیشە هەزاران میر لەدوایەوە بوون.

ئەم سـەرکـەوتن و خـۆشی و بەخـتیـاریـیـەی دەسـەڵات تا سـەر نەبوو، پیلان و بەرنامەدانان دەستی پێ کرد بۆ لە ناوبردنی میر:

چبکە ژ ڤـێ چـەرخـــا فـــەلەک
مـــوهلـەت نەدا چاڤـێـــد بەلەک
ڤـێ نـازەنین کـــوشـتن گـــەلەک
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

جـــــارەک ل تـەقــــدیرێ بنـێ
چەرخی گـــەراندە کــوشـــتنـێ
نـاڤ و کــــەرەم هشـــتـــە دنـێ
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

عەسکەر هەگرت و چوویە شاخ
پێکڤـــــە هنارن چوویـە تاخ
ئــەڤ چــەرخ پــڕ ئــازارە ئــاخ
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

ژۆریان شـــهـــاند و مـــیـــر برن
سـەد سـوند و عـەهد ژێرا کـرن
مـــەکـــرێ ژنـان هـەر حـــازرن
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

مـــیـــر خـــوەندن و برنـە حـــەرەم
ژێرا کـــرن ســـوند و قـــەســـەم
ڤـــێکرا کـــرن لوتف و کـــەرەم
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

چبکەم ژ تـەقـــدیرا جـــەببـــار
دەسـتوور نەدان میر بێتـە خوار
وان هشتـە ژۆر ئـەڤ شـەهسوار
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

وەداعی گازاندە لە گەردوون دەکا ماوەی نەدا ئەم سۆز و بەختیارییە تا سەر بێ. مەسەلە گەیشتە ئەوەی پیلان دابنێن بۆ کوشتنی میر، لێرە بەڵگەی مەکری ژن و مێبازییان بەکارهێنا بۆ ئەوەی لەناوی ببەن. میریان هەڵخەڵەتاند بەوەی بردیانە «حەرەم» ئەو دیوەی ژنی لێ دەژی لە هەموو ماڵێکدا. لەپێشانا هەڵسوکەوتیان لەگەڵیدا باش بوو، سوێندیان خوارد خراپەی لەگەڵدا نەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک بەندکراوێک لە حەرەمدا مایەوە و ڕێگەیان نەدەدا لێی بچێتە دەرەوە.

لە دوای ئەمە شاعیر دەکەوێتە گێڕانەوەی چۆنیەتی کوشتنی میر:

مـــیـــرێ کـــو پڕ قـــەدر و ویقـــار
ئەڤ حـــوقـــقـــەبازا حـــیلەکـــار
شێخ شـاند و خەنجەر ژێ ڤە شار
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

حـــەتتـــا کـــو مـــیـــر ڕازا بخـــەف
نەســـڕانیـــیـــان گـــرت چار تەرەف
سـەد حـەیف کو میـر کرنە تەلەف
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

زیندی چ کـر چەرخـا جـیـهـان
ئـەڤ حـاکـمێ پڕ هەست و دان
کـوشتن ب دەست نەسـڕانیـیـان
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

بـابێ فـــەقـــیـــر و ڕێوییـــان
دەریێ مـــــراد و هێـــوییـــان
سـەد حـەیف مـیـرێ مکسـیـیـان
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

مـــەدحێ د مـــیـــر من کـــر تەمـــام
دائیم ژ حـــــەق لێ بن ســـــەلام
هەر شـابت ئـەڤ جـەننەت مـەقـام
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

هـەرچی دبێـــــــژم هـەر وە بـوو
مـــەدحێ د مـــیــر هێــژ زێدە بوو
ڤـەت کـەس ل ڤـان وەسـفـان نەبوو
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

لەو دێڕە شـیـعرانەدا وەداعی لـەوە دەدوێ ئەو فێـڵـبـازانە خـەنجـەریـان لە مـیـر شاردەوە. لەدوای ئەوەی میر خەوی لێ کەوت گاووران (نەسرانییان) دەوریان دا و میریان لەناوبرد، شاعیر داد و بێدادیەتی لەوەی میر بەدەستی گاووران کوژراوە، ئەو کەسـەی باوکی هەژاران بوو، میری مکسییان بـوو، وەداعی دەڵێ: بەسـەرهـاتی مـیـرم تەواوکـرد، خـودا ئـاگـاداری بێ، بەهەشت جێگەی بـێ، ئەوەی وتوومـە هـەروا بووە.

وەداعی ئەم بەیتە جوانەی بەم دێڕانە کۆتایی پێ دێنێ:
یا ڕەب بـە حـــەقــقـێ قـــودرەتێ
مـــیـــر چوویە مـــالا زوڵمـــەتێ
شـاکـەی ب لوتف و ڕەحـمــەتێ
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

یـا ڕەب ژ تـە دەســـتـــوور بـتن
ڤـــــەبرا ڤـی هـەر پـڕ نـوور بـتن
مـــەحــرەم ســـەرابێ خـــووربتن
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

ڤەت مسلێ خان مەحموود یەکێ
نـیـــن د دەورا فــــــــەلـەکـێ
خـۆش بت ل جـھ شـێخـی بەگێ
کـانێ جـیـهـانگیـرێ جـیـهـان

***

هــەرچــی بــڤــێ ڤــی هــەر وەبــی
چــەنــدی دنــێ بــێ هــەر هــەبــی
تــالــع ل وی فـــــەرخـــــونــدە بـی
کــانێ جــیــهــانــگیــرێ جــیــهــان

***

من دل ژ بـۆ مــیــر ســۆهـتــیــیــە
دێ بەحس بکەن ژێ عــامــیــیــە
بێـــژن (وەداعـی) گـــۆتـیـــیـــە
کــانێ جــیــهــانــگیــرێ جــیــهــان

***

یـا قـنـج ئـەوە ئــەم ڤـێ بـکـەیـن
نـــاڤـــی ل تـــاریـــخـــێ بـــدەیـــن
بـۆ غـــــــەین و ڕێ و لام و زەین
کــانێ جــیــهــانــگیــرێ جــیــهــان

ئەم دێڕە شیـعرانەی دوایی بەیتـەکە موناجـات و پاڕانەوەیێکن، لە کـاتێکدا لە دەمی وەداعی دێنە دەرەوە کـە کرنووش بۆ خـودا دەبا و دەسـتـە و دوعـا داوای لێ دەکا لە گوناهی میر خـۆش ببێ و بەهەشتی بەرینی پێ ڕەوا ببینێ. لەو دەمـەی ئەم شــیــعــرە وەک مــاتـەمنامــەیێک دەکــەونە ڕوو بـۆ کــوشــتنی شــێــخـی بەگ، پیرۆزباییێکیشن بۆ مەحموود بەگ گۆیا لەدوای کوشتنی شێخی بەگ ئەم لەجێی ئەو دانیشتووە و بووە بەمیری ناوچەی مکس.

وەداعی بە تۆمـارکردنی سـاڵی کوشـتنی شـێـخی بەگ کۆتایی بەشیـعـرەکەی هێناوە. ناوی تیپەکانی «غ، ر، ل، ز»ی نووسـیوە، نرخی ئەمانە بـەحسێبی ئەبجەد دەکاتە (١٢٣٧هـ) واتە (١٨٢١م).

***

وەداعی شـاعـیـرێکی بەتوانا و ڕەســەنـی نیـوەی یەکـەمی ســەدەی نۆزدەمـە لە کوردسـتـانی باکـوور، ئەدگاری قـوتابخانەی هـەریـری و جزیری و فـەقـێ تەیرانی پاراسـتـووە و ڕەنگدانەوەی ڕۆژگـاری ژیانی خـوێندەواری و ڕۆشنبـیـری نەتەوەی

کورد بووە لەو سەردەمانەدا، زمانی شیعری ڕەوانە، بەسەر کێش و قافیەدا زاڵە، هەستونەستی ناوەوەی بەرامبەر بەدڵداری ئەگەرچی زۆر گەرم نییە، بەڵام لە وەسفی سروشت و دلبەر سەرکەوتووە. وێنە و مانای شیعرەکانی لەناو تیپەکانیدا لە سەرەوەیە و دیارە، وردبوونەوە و بیرکردنەوەی قووڵی گەرەک نییە، هەندێ لە شیعرەکانی وەک شیعری پەروەردەیی (تەعلیمی، دیداکتیکی) دەکەونە بەر چاو.

لیستی ناوی کەسان

ئـ

ئادەم (پێغەمبەر) ١٣٤، ٤٩٧
ئاغە تەها (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٥
ئاقای قەنبەر (عەلی) ٣٠٠
ئەبولخەیر محەمەد (سۆفیی ناودار) ٣٦
ئەحمەد ئاغا (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٩، ٢٠٠
ئەحمەد بەگ (برای محەمەد پاشای جاف) ٤٤٤
ئەحمەد برێسی ٤٤٤
ئەحمەد پاشای بابان ١٩، ٢٠، ٢٢، ٢٣، ٦٥، ٦٦، ٦٩، ٧٠، ٧٤، ١٢٤–١٢٩، ١٤٢، ١٨٨، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢٠٨
ئەحمەد خان (کوڕی غولام ڕەزای ئەرکەوازی) ٢٦٣، ٢٦٤، ٢٩٥، ٢٩٧، ٣٠٥
ئەدمۆندس/ سیسیل ٧١
ئەرستۆ ٧٤، ٤٠٢
ئەرکەوازی (غولام ڕەزا خان ئەرکەوازی ئیلامی) ٢٦١–٢٧٠، ٢٧٣–٢٧٨، ٢٨١، ٢٨٣، ٢٨٧، ٢٩٠، ٢٩١، ٢٩٣، ٢٩٥، ٢٩٧، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٠٥، ٣٠٦
ئەسعەد (گۆرانیبێژ) ٢٤٤
ئەسکەندەری مەکدۆنی ١٢٩، ٢٢٦، ٣٢٤
ئاغە زەننوون (گۆرانیبێژ) ٢٤٤
ئەفلاتوون ٢٧٥، ٣٩٦، ٣٩٨
ئەلەکە (گۆرانیبێژ) ٢٤٤
ئامینە (کچی قادر بەگی جاف) ٤٤٤
ئەمانوڵڵا خان (والیی ئەردەلان) ١٦
ئەمین (پیاوی میری سووررداش) ١٩٩
ئەمین فەیزی ٦٧، ١٤٢، ١٥٨
ئەولاسووتەڵ (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ٣٩٦
ئەولای قالە (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٤، ١٩٥
ئەیاز (هەیاسی خاسی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی) ٢٤٢، ٢٤٤
ئەیووب (پێغەمبەر) ٢٦٩، ٤٩٧
ئۆسکار مان ٧٢
ئیبراهیم پاشای بابان ٢٠
ئیبراهیم خەلیل (پێغەمبەر) ٢٦٩
ئیدریس (پێغەمبەر) ٢٦٩
ئیسحاق (پێغەمبەر) ٢٦٩
ئیسماعیل (پێغەمبەر) ٢٦٩
ئیسماعیل پاشا (میر میرانی عوسمانی) ٢٣

ب

بابا جان (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٥

بابا یادگار ٤٤٩، ٤٥٢
باربورد (مۆسیقار و گۆرانیبێژ) ٢٤٤، ٤٢٦
باقر (ئیمامی شیعە) ٢٧٣
بالەنی (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٦
بەدران ئەحمەد حەبیب ١٤
بەدرخان پاشا ٤٨٨
بەکر بەگ بابان ١٩
بەکر بەگی ئەرزی ٤٩٠
بولبول (شاعیر) ٤٤٤
بێسارانی ٤٤١، ٤٤٤، ٤٤٩

پ
پەریزاد (خێزانی یەکێ لە بەگزادانی جاف) ٤٤٤
پوورە ماتان (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٩، ٢٠٠
پیتری گەورە (قەیسەری رووسیا) ١٩٣
پیرەمێرد ٢٤، ٦٨، ٦٩، ١٥٩، ٤٣٧، ٤٤٦، ٤٥٢، ٤٥٥، ٤٥٧، ٤٥٩، ٤٦١، ٤٦٥، ٤٧٠، ٤٧٦، ٤٨٠، ٤٨٥
پیر مووسا میانەیی ٣٨١، ٣٨٥، ٣٨٧
پیر نالی مۆردینی ٦٢

ت
تاهیر بەهجەت مەریوانی ٦٧
تەیموور (شای مەغریب) ٣١٤، ٣٧٦، ٣٨٧
تۆفیق وەهبی ٢٥١
تۆما بوا ٧١

ج
جەبار (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٥
جەلادەت بەدرخان (هەرەکۆل ئازیزان) ٦٩
جەلالەدینی رۆمی (مەولانا) ٢٤٢، ٢٤٣، ٤٣٤
جەمالی مەلا ئەحمەد ٧٢
جەمال محەمەد محەمەدئەمین ٧٢
جەمشیدی جەم ١٢٩، ٢٢٦
جۆیس بلوو ٧١

ح
حاجی ئەحان (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٤، ١٩٥
حاجی غەنی (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٤، ١٩٥
حاجی قادر (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٤، ١٩٥
حاجی قادری کۆیی ٥٥، ٦٧
حاجی میرزا (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٤، ١٩٥
حافزی شیرازی ٢٤١
حامید (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٦
حەسەن بەگ کوڕی میرزا بەگ ٢٦١، ٢٦٢
حەسەن کوڕی ئەسەد خان ٢٦٣
حەسەنی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبوتالیب ٢٧٣
حەمدی (ئەحمەد حەمدی ساحێبقڕان) ٨٣، ١٥٥

حەمە ئاغای دەربەندفەقرە ٢٥٣
حەمە ساڵح حاجی مەلا محەمەدی گەلاڵە ٤٣٨

خ
خاله هۆمەر (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٤
خالەی هەورامی (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٩، ٢٠٠
خانای قوبادی ٢٦٥، ٤٤١
خانه پاشای بابان ١٩
خالید پاشای بابان ١٩
خانی (ئەحمەدی خانی) ١٣، ٧٥
خودزکۆ (ئەلێکساندر) ٦٥، ٧٠
خواجای کێوی یەمەن ٣٨٦، ٣٨٧
خوسرەوی پەروێز ١٠٩، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٤٤، ٣١٤، ٣١٥
خوسرەو خان (والیی ئەردەلان) ١٣٥، ٤٣٤
خوسرەوی دهلەوی (ئەمیر) ٢٤٢

د
دارا (داریۆش) ٣٢٤
داوود (پێغەمبەر) ٢٦٩، ٢٧٢، ٢٧٣، ٢٨٢
دەروێش نەورۆزی سۆرانی ٣٧٦، ٣٨٧
دەروێش ئاغا (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٤، ١٩٥
دلاوەر پاشا (موتەسەریفی کەرکووک) ١٨

ڕ
ڕابیعە(کچی سەید عومەری خانەگا) ٤٣٥
ڕەئووف عوسمان ٧٠
ڕەزا قولی خان (کوڕی خوسرەو خانی والی) ٤٣٣
ڕەسوول (گۆرانیبێژ) ٢٤٤
ڕەسوول پاشا (میری ڕواندز) ١٦
ڕەفیق حیلمی ٥٧، ١٥٩
ڕیچ (کلۆدیۆس) ٢١، ٢٥، ٢٦، ٣٠، ٣١

ز
زاهیر سارایی ٢٦١
زولفەقاری گۆران ٣٧٦، ٣٨٧

ژ
ژابا (ئەلێکساندر) ٥٠٧

س
سالم (عەبدولڕەحمان بەگ) ١٢، ٥٥، ٥٦، ٥٨، ٦٥، ٦٧، ٦٩، ٩٣، ١٢٠، ١٢٤، ١٥٥–٢١٢، ٢١٥، ٢٢٠، ٢٤٥، ٢٥٠، ٢٥٣، ٤٣٥
ساڵح (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٤
ساڵح (گۆرانیبێژ) ٢٤٤
سامیری ٢٤٢
سەتیح (کاهینی پێش ئیسلام) ٢٤٢
سەحبان (کوڕی زەفەری ئەلوائیلی) ٢٤٢
سەعید دێرەشی ٤٩٣
سەید بابا عەلیی هەمەدانی ٣٧
سەید براکە ٣٧٥–٣٧٩، ٣٨١–٣٨٥، ٣٨٧–٣٨٩
سەید تەهای نەهری شەمدینی ٤٩٤

سەید حەسەن ٦٤، ١٢٣
سەید ڕۆستەم کوڕی سەید ئەیاس ٣٧٦
سەید عیسای بەرزنجی ٣٧
سەید ساڵحی نیعمەتوڵلاهی ماهیدەشتی ٢٦٤، ٢٦٦
سەلیم ئاغا ٢١
سەلیم پاشای بابان ١٩
سەید محەمەدی مفتی ٣٧
سەیدی هەورامی ٣٢٩، ٣٣١، ٣٣٣، ٣٣٥، ٣٣٩، ٣٧٢
سلێمان (پێغەمبەر) ١٩٤
سلێمان بەبە (کوڕی فەقێ ئەحمەد) ١٨
سلێمان پاشای بابان ٢٠، ٢٢، ٢٣، ٦٩، ٧٤، ١٢٤، ١٢٥–١٢٩
سلێمان خانی ئەردەلانی ١٨
سوڵتان خەلیل ٣٩
سوڵتان سەهاک ٦٢، ٣٨١، ٣٨٧
سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی ٣٧
سوڵتان مەحموودی غەزنەوی ٢٤٢، ٢٤٤، ٢٦٦
سۆران سنەیی ٤٣٨
سۆن (ئیلیا) ٧٠

ش
شاخۆشێن (بابا خۆشین) ٣٨١
شا تەیموور قولی بانی یارانی ٣٧٦، ٣٨٧
شا عەبدوڵلای دهلەوی ٣٩
شەرەفخانی بدلیسی ١٨، ٢٥١
شەفیع کوڕی عەباسی دەلۆیی ٣٠٩
شەمسی تەبریزی ٢٤٢، ٢٤٣
شێخ ئەحمەدی ئەربیلی ٤٠
شێخ بەهائەدینی نەقشبەندی ٣٨، ٤١، ٤٣٥، ٤٤٤
شێخ تەهای نەهری ٤٩٨
شێخ حوسێنی هەزار کانیانی ٤٤٤
شێخ خالیدی شارەزووری نەقشبەندی ٣٨، ٣٩، ٥٢
شێخ ڕەزای تاڵەبانی ٢٣
شێخ سەتاری باداوەیی ٤٢٦
شێخ سەعیدی حەفید ٣٨
شێخ شەرەفەدینی جەباری ٤١٩، ٤٢٠
شێخ عەبدوڵلای باداوەیی ٣٢٦
شێخ عەبدولڕەحمان خالیسی ٤٢٠، ٤٢٩، ٤٤٤
شێخ عەبدوڵلای داخی ٤٣٥
شێخ عەبدولسەمەدی خانەگا ٤٤٤
شێخ عەبدولقادری گەیلانی ٣٥، ٣٧، ٤٣
شێخ عەزیزی جانەوەری ٤٣٥، ٤٤٤
شێخ عەلیی تەوێڵەیی ٤٤٤
شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ٤٩٤
شێخ عوسمانی تەوێڵە ٤١، ٣٣٠، ٣٦٧
شێخ عومەری تەوێڵە ٤١
شێخ مارفی نۆدێ ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٤٠، ٤٢، ٤٨، ٥٢، ٤٣٣
شێخ حەسەنی سازانی ٤٣٥، ٤٤٤
شێخ محەمەدی بەهائەدین (دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندی) ٣٨
شێخ محەمەدی تەوێڵە ٤١

شێخ محەمەد جەسیمی سنە ٤٣٥
شێخ محەمەدی خاڵ ٧٢
شێخ محەمەد قەسیمی سنە ٤٠
شێخ مەحموود (مەلیک) ٢٤، ٤٢
شێخ موئمینی سازانی ٤٣٥، ٤٤٤
شێخ نوورەدینی بریفکانی ٤٩٠
شێخ یووسفی نوسمەیی ٤٣٥، ٤٤٤
شێخی بەگ ٤٩٤، ٥٠٦–٥١٦

ع
عادل خان (بەڕێوەبەری ئامێدی) ٤٧٨
عەبدولڕەحمان پاشای بابان ٢٠، ٤٠، ٤٨، ٢٠٢
عەبدوڵڵا حەسەن ٢٥٥، ٢٥٦
عەبدوڵڵا پاشای بابان ٢١، ٢٣، ٦٥، ٢٠٣
عەبدولخالیق مەعرووف ٧٠، ٧٣
عەبدولڕەحمان حاجی مەحموود (پیاو ماقووڵی مەحموود پاشای جاف)٤٤٤
عەبدولکەریم سلێمانی (شالووم، شاڵۆن) ٦٧
عەزیز (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٤
عەزیز ئامینە (گۆرانیبێژ) ٤٣٧
عەزیز بەگی بابان ٢٠٠–٢٠٤، ٢٠٦، ٢٠٧
عەزیز چووچانی (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ٢٠٠
عەزیزی میسر (پووتیفار) ١٣٤، ٢٠٢، ٣٠٥
عەلائەدین سەجادی ٦٩، ١٥٩
عەلیی بەرداشانی ٤٨، ٢٥٤
عەلیی کوڕی ئەبووتالیب ١٧٤، ٣٨١
عەلیی موقبیل سەنەندەجی ٦٧
عەلیی هەریری ٤٩٦
عەنبەر خاتوون (خێزانی مەولەوی) ٤٣٥، ٤٣٦، ٤٤٤، ٤٤٥، ٤٧١، ٤٧٢
عوسمان هەورامی ٣٣٣
عومەر ئاغا ٣١
عومەر خەیام ٢٥٥
عومەری کوڕی خەتاب ١٧٤
عیزەدین شێر بۆتانی ٤٨٨
عیسای مەسیح (پێغەمبەر) ٤٩، ١٦٨، ٢٢٠، ٢٦٩، ٢٧٠، ٢٧٢، ٢٧٣، ٣٢٢، ٤٠٠، ٤٠١، ٤٠٣

ف
فاتیح عەبدولکەریم ٧٣
فاتیمە (کچی پێغەمبەر) ٢٧٣
فەرهاد میرزا ١٦
فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ١٨
فەقێ تەیران ٥٢، ٣١٤، ٤٩٦، ٥٠٤، ٥١٦
فرایزەر (بیلی) ٢١، ٢٢، ٢٥

ق
قادر بەگی کەیخوسرەو بەگی جاف ٤٤٤
قادری دەلاک (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٦
قالەی شەریف (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ٢٠٠
قەرە (گۆرانیبێژ) ٢٤٤
قەرەنی جەمیل (هونەروەر) ١٤

قوباد بەگ (بەڕێوەبەری ئامێدی) ٤٨٧
قۆچ پاشا ٣١٨

ک

کاکەحمەدی شێخ ٣٧، ٤٢
کاکە حوسێنی خانەقا ٧٣
کاکەسوور ١٢٣
کەریم ئاغا نەنێ (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٥
کەریم شارەزا ٧٠
کوردی (مستەفا بەگ) ٣٠، ٥٥، ٦٩، ٩٣، ١٥٥، ١٥٦، ١٦٢، ١٦٦، ١٧٤، ٢٠٦، ٢١٥، ٢١٨، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٢٢، ٢٢٩، ٢٣١، ٢٣٥، ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٣٩، ٢٤١–٢٥٠، ٣٦١، ٣٦٢
کۆماسی (ئەحمەد بەگ) ٢٥٣، ٣٩٣–٣٩٨، ٤٠١–٤٠٥، ٤٠٩–٤١٦، ٤٣٥، ٤٤٤، ٤٦٨، ٤٧٠، ٤٧١، ٤٧٤، ٤٧٥

گ

گۆران (عەبدوڵڵا) ٦٩

ل

لوقمان (حەکیم) ٢٢٥، ٢٤١، ٤٩٧
لۆنگریک ٢٣

م

مارف خەزنەدار ١٤، ٦٨، ٦٩
مانی (هونەروەری شێوەکار) ١٠٩، ١١٠
محەمەد حافز پاشا (عوسمانی) ٤٨٨
محەمەد پاشای ئینجە بەیرەقدار ٤٨٩
محەمەد پاشای جاف ٤٤٤
محەمەد پاشای ڕواندز (پاشای گەورە، پاشای کۆرە) ٢٢، ٤٨٨
محەمەد ئەمینی ئەردەلانی ٤٣٧
محەمەد ئەمین کاردۆخی ٤٣٠
محەمەد عەلی پاشا (میسر) ٢٢
محەمەد کوڕی عوسمانی قۆنەوی ڕۆمی حەنەفی ٦٢
محەمەد بابا ساماسی ٣٨
محەمەدی مەلا کەریم ٦٦
محەمەد محەمەد ساڵح (دوکتۆر) ٦٧
محەمەد ئەمین زەکی ١٨، ٢١، ٦٩، ٧٢
محەمەد حوسێنی قەرەداغی ٧٢
محەمەد بەهائەدینی بوخاری نەقشبەندی ٣٨
محەمەد ڕەزا ٢٦٢
محەمەد سادق سەید عەلی هەورامی ٣٣١
محەمەد سلێمان سەید مەحموود ٣٢٩
مەحموود ئاغا (دانیشتووی سلێمانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٥
مەحموود پاشای بابان ٢٢، ٢٥، ٢٧
مەحموود بەگی ساحێبقڕان ٢٠٣، ٢١٥
مەحموود پاشای جاف ٤٢٠، ٤٣٥، ٤٤٤، ٤٦٤، ٤٦٥
مەحموود خان (جێگری شێخی بەگ) ١٩٤
مەحوی ٢٥٣
مەسعوود محەمەد ٧٠، ٧٣
مەستوورە (ماه شەرەف خانمی

ئــەردەلانـــی) ٧٨، ١١٥، ١٣٤–١٣٧، ١٤٠، ١٤١، ١٤٢، ١٥١
مەلا محەمەدی ئیبنولحاج ٣٧، ٤٨
مەلا محەمەد ئەفەندی ٦٢
مەلا پەرێشان ٢٥٢
مەلا جەلالی خورماڵی ٣٣٠
مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی ٧٤
مەلا چراغ ٤٤٤
مەلا خەیالی پاوەیی ٤٤٤
مەلا ڕۆستەم (مەلای گوند) ٤٢٠
مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی ٣٧، ٤٨، ٥٣
مەلا عەبدوڵڵای ڕەش ٦٤
مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ٤٣٧
مەلا مەنسووری گیرگاشی ٤٩٠
مەلا نیزام ٤٤٤
مەلا وەلەد خان ٢٥٣
مــەلا یوونس (دانیـشـتـووی سلێـمـانی سەدەی نۆزدەم) ١٩٦
مــەلای جــەباری ٤١٩، ٤٢٢، ٤٢٦، ٤٢٩، ٤٣٠
مەلای جزیری ١٢، ٧٥، ٨٣، ٤٩٦
مــەولـەوی (عــەبدولڕەحــیم، مــەعـدووم، مــەعــدوومـی) ١٣، ٧٥، ١٥٣، ٣٩٣، ٣٩٥، ٤١٥، ٤٢٠، ٤٣٣–٤٤٧، ٤٤٩، ٤٥٢، ٤٥٣، ٤٥٦، ٤٥٧، ٤٥٩، ٤٦١، ٤٦٣–٤٦٨، ٤٧٠–٤٧٦، ٤٧٨، ٤٨٠–٤٨٦
مەنسووری هەلاج ٢٣٢، ٢٤١، ٢٤٢
محیەدین (گۆرانیبێژ) ٢٤٤
محیەدین سەبری کانی مشکانی ٤٣٨
مراد خان (بەڕێوەبەری ئاکرێ) ٤٨٧
مریەم (دایکی عیسا) ١٣٤، ١٦٨
مستەفا کوڕی ئەحمەد ٣٢
مستەفای قوتبی شام ٥٢
مستەفا (گۆرانیبێژ) ٢٤٤
مـسـتـۆ (دانیـشـتـووی سلێـمـانی سـەدەی نۆزدەم) ١٩٥
مستۆ ئیبراهیمی ئاورەحمان (گۆرانیبێژ) ٢٤٤
مـووسـا (پێـغـەمـبـەر) ١٤٤، ١٦٨، ٢٠٧، ٢٤١، ٢٦٤، ٢٦٩، ٢٧٠، ٢٧٢، ٢٧٣، ٣٨١، ٣٨٢
مووسای جەعفەر ٢٧٣
میرزا ڕەحموڵڵا ٣٩
مـیـرزا شـەفـیـعی جامـەڕێزی ٢٥٣، ٣٠٩، ٣٢٥
میرزا شەفیعی کولیایی ئەردەلانی ٢٦٥
میرزا شەفیعی مامێزکی ٣١٠
مـینۆرسکی (ڤـلادیمیـر) ٧١، ٧٢، ٣٧٦، ٤٠٥، ٤١٦
میهرەبان خاتوون ٤١٩
میەسم کوڕی ئەحمەد قوڵی ٢٦١، ٢٦٢

ن
نادر شا ١٩
ناسرەدین شای قاجار ١٦
ناله (شاعیر) ٦٢
نالی (خدری ئالی بەگی شارەزووری) ١٢، ١٣، ٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٣، ٥٥، ٥٦، ٥٨،

٦١–١١٣، ١١٥–١٥٢، ١٥٧، ١٥٨،
١٦٢–١٦٦، ٢٠٦، ٢٠٨–٢١٢، ٢٢٤،
٢٤٥–٢٤٧، ٢٥٠، ٢٥٢، ٢٥٣، ٢٥٤،
٢٥٦، ٤٣٥، ٤٤٢، ٤٨٦
نالی قۆنەوی ٦٢
نامیق پاشا (والی بەغدا) ٢٣
نەجمەدین مەلا ٧٣، ١٩٥
نەجیب پاشا (والی بەغدا) ٢٣
نەقی (ئیمامی شیعە) ٢٧١
نەکیسا، نیگیسا (مۆسیقار و گۆرانیبێژ)
٢٢٤، ٤٢٢، ٤٢٤، ٤٢٦
نووح (پێغەمبەر) ٥٠
نوورەدینی جامی ٢٤١
نیزامی گەنجەوی ٢٤١
نیکیتین (ڤاسیلی، باسیلی) ٧١

ھ
ھاجەر (براژنی مەلای جەباری) ٤٢١
ھاروونی ڕەشید ٢٤٣
ھەریری (عەلیی ھەریری) ١٣، ٤٩٦، ٥١٦
ھۆمیرۆس ٣٩٤
ھیجری دەدە ٦٩
ھێمن (شاعیر) ٧٣

و
وەداعی (شاعیر) ٤٩٣–٥٠١، ٥٠٤–٥٠٧،
٥٠٩–٥١٣، ٥١٥، ٥١٦
وەستا حوسێن کل (دانیشتووی سلێمانی
سەدەی نۆزدەم) ١٩٦
وەیسی قەرەنی ٣٢٤، ٣٥٤

ی
یەعقووب (پێغەمبەر) ٨٧، ١٣٣، ١٣٤،
٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٧، ٢٦٨، ٢٦٩، ٣٦٨،
٣٦٩
یووسف (پێغەمبەر) ٨٧، ١٣٣، ١٣٤،
٢٦٩، ٣٠٤
یوونس (گۆرانیبێژ) ١٩٦
یوونس بەگ ٢٧

لیستی ناوی جوگرافی

ئـ

ئاکرێ ٤٨٧، ٤٨٨

ئامێدی ٤٨٧، ٤٧٨

ئەرتووش ٥١٠

ئـەردەلان ١٢، ١٦–١٩، ٢٢، ٣٩، ٤٧، ٥٢، ٥٤، ١٣٤، ١٣٥، ١٥٠، ٢٣٦، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٥٣، ٢٦٥، ٤٣٤، ٤٣٧، ٤٣٩، ٤٤٦، ٥٣٣

ئەرمەنستان ٣١٥

ئەزمڕ ٤٧

ئەسـتـەمـوولّ ٢٣، ٢٩، ٣٧، ٦٢، ٦٤–٦٧، ٨٣، ٨٦، ٨٧، ١٥٨، ٢٠٣، ٢٠٨، ٤٢٠، ٤٨٨

ئەفغانستان ٦٢

ئەلبورز (شاخ) ١٥٥، ٢٠٤

ئەڵمانیا ٧٢، ١٦١

ئەمەریکا ٢٢، ٦٧

ئـەوروپـا ٢٢، ٤٣، ٥٥، ٦٣، ٦٦، ٦٩، ٧٠، ٧١، ١٥٨، ١٦١، ٢٠٣، ٤٠٥، ٤١٦

ئیلام (پشتکۆ) ٢٦١، ٢٦٣، ٢٦٥، ٢٨٣

ئێـــران ١٥–١٩، ٢٣–٢٥، ٣٥، ٤٢، ٤٣، ٦١، ٦٢، ١٠٩، ١٢٩، ١٥٥، ١٦٥، ١٧٦، ٢١٥، ٢١٧، ٢٤٣، ٢٥٧، ٢٨٤، ٣٢٤، ٣٨٢، ٤٨٧

ب

بابولشێخ (گەڕەک) ٣٦

بادینان ١٣، ٤٨٨

بازیان (دەربەند) ٢٦، ٢٠٢، ٢٠٣

بـەغـــدا ١٩، ٢٣، ٢٨، ٢٩، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٤٠، ٤١، ٤٣، ٦٢، ٦٧، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ١٥٩، ٢٠٣، ٢٤٣، ٤٣٧، ٤٦٤، ٤٦٥، ٤٨٧

بامەڕنی ٤٩٠

بانە ٤٣٣

بانگول (گوند) ٤٢٠، ٤٢١

بانی مەقان (ئاوایی) ٢٠٣

بان وێزە (ئاوایی) ٢٦١

باوەدین (ئاوایی) ٣٩

باوەیال (بابا عەبدالّ، شاخ) ٢٨٣

بەرزنجە ١٧

بەردەسپی (ئاواییە لە ناوچەی مەریوان) ٣٩٣

بەرلین ٤٩٣

بەریتانیا ٢٤، ٤٢، ٢٦٢

بەکراوە ١٩

بەکرەجۆ ١٩، ١٢١

بەلەوان ٢٦٢

بریفکان ٤٩٠

بێژاوە (گوند) ٤٣٣، ٤٣٤

بێستوون ٤٣٥، ٤٨٧، ٢٨٩، ٢٩١
بۆتان ١٣، ١٩٨، ٤٨٨، ٥١١، ٥١٢
بوخارا ٣٨، ٣٩
بیاوێله (گوند) ٤٣٤
بیاره ٤١، ٢٦٥، ٣٣٠، ٤٤٤

پ
پاوه ٢٦٥، ٣٢٩، ٤٣٣، ٤٤٤، ٤٧٦
پایگەلان ٣٠٤
پاریس ٦٥، ٦٦
پشدەر ١٧، ١٨
پیرەمەگروون ١٨
پیرمەسوور ٢٠١، ٢١١
پێنجوین ١٧

ت
تاران ١٥٦، ١٦٦، ١٧٦، ٢٦١
تاسلووجه ٢٦
تانجەرۆ ٢٦، ٦٣، ١٢٣
تاوەگۆز (گوند) ٤٣٣، ٤٣٤
تاوێربەرز (ئاوایی) ٤٢١
تەتار ٣٦٤، ٣٦٥
تەوێڵه ٢٨، ٤١، ٢٦٥، ٤٣٤
تفلیس ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥
تورکیا ١٥
تورکستان (بنوارە توووران...)
تووزخورماتوو ١٧
توورسینا (حۆریب) ١٤٤، ٣٨٢، ٣٨٣
تووت شامی (گوند) ٣٧٥
توووران (تۆران، تورکستان) ٤٢، ٢٠١

ج
جەباری (ناوچه) ٤١٩
جزیری بۆتان ١٣، ٥١١
جزیرەی عەرەب ٣٨٥

چ
چەمچەماڵ ١٧
چوارباغ ٢٧، ١٩٦
چوارتا ١٧
چوڕستانه (ئاوایی) ٤٣٤، ٤٣٥
چین ١٠٦، ٣٠٤، ٣٠٥

ح
حیجاز ٢٤٢، ٢٤٥، ٢٩٠
حیلله (شار) ١٥٦، ١٧٨، ١٧٩
حەمرین ١٧
حەما (شاره له سووریا) ٤١٩
حەویجه ١٧

خ
خانەگا ٣٢٩، ٣٣١، ٤٣٥، ٤٤٤
خاکوخۆڵ ١٢١، ١٥١، ١٥٢، ٢٤٨، ٤٠٦
خەتا ١٠٦، ١٣٦
خەیبەر ٢٧٤، ٢٧٥، ٢٧٩
خوتەن ٣٦٤، ٣٦٥، ٣٦٦
خوجەند ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٤٨
خورماڵ ١٩٥، ٣٣٠
خوڕەم ئاباد ٢٩٩
خۆزستان ٢٦٤

د
داغستان ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥
داڵەهۆ (شاخ) ٣٨٦، ٣٨٧، ٤٧٦
دەربەندیخان ٢٥٦
دەریای عوممان (بحر عُمان) ٩٨، ٣٢١، ٣٢٢
دەشتی فەقێیان ١٢٣
دەڵێن (ئاوایی) ١٩٥
دوجەیل ٣٨٣، ٣٨٤، ٤٠٧، ٤٠٨، ٤٠٩
دۆڵی داڵان (ناوچەی کرماشان) ٣٧٥
دیالە (سیروان) ١٩، ٢٦
دێوانە (ئاوایی) ٨٧
دیزەکەمەر (ئاوایی) ٣٠٢
دیجلە ١٧٣، ٢٣٩، ٤٦٤، ٤٦٥
دیمەشق (بنوارە شام)

ڕ
ڕەی (ناوچە) ١٥٦، ١٧٦، ١٨٨
ڕووسیا ١٣، ١٥، ٦٩، ٧١، ١٩٣، ٤٥١، ٤٨٧، ٥٠٥
ڕواندز ١٦، ٢٠، ٤٧، ٤٢٠

ز
زەڵم (سەرچاوە) ٤٦١
زەهاو ٤٧٦، ٤٧٧، ٤٧٨
زێی بچووک (زاب) ١٩، ٦١
زوارتون (گوندێکە لە نزیک بوخارا) ٣٩

ژ
ژەنگار (سنجار) ٤٨٩
ژیوار ٣٣٠

س
ساماس (گوندێکە نزیک شاری بوخارا) ٣٨
سانت پیترسبورگ (لینینگراد) ٥٠٧
سەرچاوە (ئاوایی) ٨٧
سەرچنار ١٩، ٢٦، ٢٧، ١٤١، ١٥٠، ٢١٠
سەرچەفتە ٢٦١
سەردەشت ١٩
سەرشاتە (گوند) ٤٣٣، ٤٣٦
سەرشەقام ١٢٢
سەرویشە ٢٩٩
سەراوناز ٢٩٨، ٢٩٩
سەقز ١٧، ٢٨
سەگرمە ٨٧
سەمەرقەند ٣٩
سەیوان (گرد) ١٢٢، ١٥٧، ٢١٠، ٢١٧
سنە ١٦، ١٧، ٢٨، ٣٩، ٤٠، ٤٧، ٧١، ٩٠، ١١١، ١١٢، ١٣١، ٢١٧، ٢٢٣، ٢٣٦، ٣٩٣، ٣٩٤، ٤٣٣، ٤٣٤، ٤٣٥، ٤٣٨
سنجاو (ناوچە) ٣٧٦
سوورداش ٣٠٠
سووریا ١٣، ١٥، ٦٥
سلێمانی ١٢، ١٣، ١٦-٣١، ٣٥، ٣٧-٤٢، ٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٥، ٥٦، ٦٤-٦٩، ٧١-٧٣، ٨٧، ٨٨، ١٠٨، ١١٩-١٢٣، ١٢٥، ١٢٩، ١٣٥، ١٤٣، ١٥٠، ١٥١، ١٥٢، ١٥٥، ١٥٦، ١٥٧، ١٦١، ١٧٨، ١٨٧، ١٨٩-١٩٦، ٢٠٠-٢٠٣، ٢٠٨-

٢١٣، ٢١٥–٢١٧، ٢٢٣، ٢٢٥، ٢٣٦،
٢٤٥، ٢٥٢–٢٥٧، ٣١٠، ٣٤٠، ٤٢٠،
٤٣٣، ٤٣٤، ٤٣٧–٤٣٩، ٤٤١، ٤٤٢،
٤٤٦، ٤٧٠، ٤٨٦، ٤٩٠
سۆران (ناوچە) ١٢، ١٦، ١٧، ٢٢، ٤٧،
٥٢، ٥٤، ١٥٠، ٢٥١، ٣٨٧، ٤٣٧،
٤٣٨
سۆران (ناوی گوندێکە لە ناوچەی سنجاوی کرماشان) ٣٧٦
سینا (حۆریب = شاخ) ١٤٤، ٣٨٢، ٣٨٣

ش

شارباژێڕ ١٧، ٣٧
شارەزوور ١٢، ٣٨، ٣٩، ٥٢، ٦١، ٦٢،
٦٣، ٦٥، ٦٦، ٦٨، ٧٤، ١١٨، ١٢٠،
١٢٢، ١٢٥، ١٤٢، ١٥١، ١٥٢، ١٦٣،
١٩٢، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٥، ٢٠٢، ٢١٢،
٢٥٢، ٢٥٧، ٣٠٤، ٤٦٥، ٤٧٠
شام (دیمەشق) ٢٩، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢،
٤٩، ٥٢، ٦٥، ٦٦، ٧٠، ٨٧، ١١٩،
١٢٢، ١٨٣، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١٢، ٢٨٠،
٤١٩
شاهۆ (شاخ) ٤٧٧، ٤٧٨
شەمدینان ٤٩٠، ٤٩٤
شنۆ ٤٢٠
شیراز ٣١
شیوەسوور ١٢٣
شیوی ئاودار ١٢٢، ٢١١
شێخان (لە ناوچەی کەرکووک) ٦٢، ٤١٩

ع

عەودالآن ٣٦٣، ٣٦٥، ٣٦٦، ٣٦٧
عیراق ١٢، ١٣، ١٥، ١٧، ٢٤، ٦٧، ٢١٩،
٢٥٧، ٢٦١، ٢٦٤، ٢٨٤

ف

فرەنسا ٤٣، ٦٥

ق

قاف (کێو) ٢٠٧، ٣٦٥
قاهیره ٤٣٨
قەرەحەسەن (ئاوایی) ٤١٩
قەرەداغ ٣٩، ٦٤، ٨٧، ١٥١، ١٥٢
قەزوین (زەریا) ٣٥، ٤٣
قەشان (ئاوایی) ١٩٥، ١٩٦
قەفقاس ١٣، ١٥، ٣١٥
قەلاچۆلان ١٩، ٢٠، ٣٧، ٢٥٩، ٢٥٦
قەڵای جوانرۆ ٤٣٣
قەندیل (شاخ) ١٣٨، ١٧٥
قودس (ئوورشەلیم) ٦٦

ک

کانی با ١٢٢
کانی ئاسکان ١٢٢
کەربەلا ١٧٩، ١٩٩، ٢٦٢، ٢٦٤، ٢٧٣،
٣٨٧، ٤٧١، ٤٧٢
کەرکووک ١٦، ١٧، ١٨، ٢١، ٢٦، ٢٧، ٢٨،
٤٧، ٦٩، ٢٠٣، ٢٥٢، ٢٥٦، ٣٠٩،
٣١٠، ٣٢٥، ٤١٩، ٤٢٠، ٤٢٢، ٤٣٠
کەلار ٢٥٦

کرپچنه (ئاوایی) ٢٠٣
کرماشان ١٦، ٢٥٢، ٢٦٤، ٣٧٥، ٣٧٦
کرمان ٦١
کرند ٢٦٣
کفری ١٧، ٢٥٦
کوردستان ١٢–١٧، ٢٣، ٢٥، ٢٧–٣٠، ٣٥–٤٤، ٤٧، ٥٢، ٥٥–٥٨، ٦٣، ٦٤، ٦٧، ٦٨، ٧١، ٧٢، ٧٥، ٨٣، ٨٥، ٨٨، ٩٧، ١٠٧، ١٢٠، ١٢٥، ١٣٥، ١٥٠، ١٥١، ١٥٢، ١٥٥، ١٥٦، ١٥٧–١٥٩، ١٦١، ١٦٢، ١٦٥، ١٦٦، ١٧٥–١٩٠، ٢١٢، ٢١٥، ٢١٧، ٢٢٢، ٢٥٢، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٦١، ٢٦٤، ٢٦٥، ٢٨١، ٣٠٦، ٣٠٩، ٣١٣، ٣١٤، ٣١٥، ٣٤٧، ٣٥٩، ٣٧٦، ٤٠٥، ٤١٩، ٤٣٠، ٤٣٣، ٤٣٥، ٤٤٠، ٤٤١، ٤٨٦، ٤٨٧–٤٩٠، ٥٠٤، ٥١٦
کورەوەز (ناوچەیێکە لە ئەردەلان) ٣٩٣
کۆشکی هیندوان (گوندێکە نزیک شاری بوخارا) ٣٨
کۆیە ٢١، ٥٢، ٣١٨

گ
گەنجە ٣١٣–٣١٥
گەهوارە (ئاوایی) ٣٧٥
گەیلان ٣٥، ٤٣
گردی گولان (ناوی کۆنی گردی مامەیارەیە) ١٩٩، ٢٠٠
گورجستان ٣١٥
گۆیژە ٤٧

ل
لاجان (ناوچە) ١٧٥
لەندەن ١٦١
لکهنۆ ٦٢
لوڕستان ٢٦٤، ٢٩٩، ٣٠٦

م
ماچین ٣٠٤، ٣٠٥
ماربورگ ١٦١
مالیاوا ١١٥
مالوان (ئاوایی) ١٩٥
مانێشت ٣٠٢
ماوەت ١٩٦
مەریوان (قەڵا) ٢٤
مەخمەل کۆ ٢٦٤
مەدینەی مونەوەرە ١١٧–١١٩، ٤٨٨
مەریوان (شار) ٣٩٣، ٤٣٣
مەسقەت (لە جزیرەی عەرەب) ١٧٥
مەشهەد ١٥٦
مەککە ٥٠، ١١٧–١١٩
مەهاباد (سابلاغ) ١٦، ٣٠، ٤٧، ٦٨
مڵکەندی ٢٠
مکس (مۆکس) ٤٩٣، ٥٠٧، ٥١٥، ٥١٦
موان (ڕووبار) ١٩٦
موکریان ١٢، ١٦، ١٧، ٤٧، ٥٢، ٧١، ١٥٠، ٢٥٠
موناستیر ٦٢
مووسڵ ٢٤، ٢٧، ٢٨، ٣٩، ٦٥، ٦٦، ٤٨٨، ٤٨٩

مۆردین ٦٢
مۆسکۆ ٧١
میسر ٢٠٢، ٢٢٨
میزۆپۆتامیا (عیراق) ٢١

ن
نایف (گوندێکە لە ناوچە گەیلانی ئێران) ٣٥
نەجەف ٢٦٢، ٢٦٤، ٢٧٧، ٢٧٨، ٢٩٢، ٢٩٣
نەجد (بیابانی جزیرەی عەرەب) ٣٨٥
نەوسوود ٢٦٥
نۆدێ (گوند) ٣٧

ھ
ھانی سەونز ٢٦٢، ٢٩٩
ھەریر ١٣، ١٦، ٢٢
ھەزارمێرد ٣٧، ٣٨
ھەڵەبجە ١٧، ١٩، ٤٣٣
ھەکاری ١٣، ٤٨٨، ٤٩٣، ٤٩٤، ٥٠٧
ھەورامان ١٦، ٢٧، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٥٧، ٢٦٥، ٣١٠، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٤٠، ٣٥٢، ٣٦٦، ٣٩٣، ٤٣٣، ٤٣٥، ٤٤١، ٤٦٤، ٤٥٦، ٤٥٧، ٤٥٩، ٤٦٥، ٤٧٠، ٤٨٦
ھەولێر ١٤، ١٦، ١٧، ٢١، ٤٧، ٦٨، ١٥٩، ٤٢٠
ھۆڵەندە ٤٣
ھیندستان ٣٩، ٤٢، ٦٢، ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٤٨

و
وان ٥١٠، ٥١٢
ورمێ ٤٣٨

ی
یافتە ٢٦٤، ٢٩٨، ٢٩٩
یەمەن ٦٦، ٣٨٦، ٣٨٧

بیبلیۆگرافیا

لەم بیبلیۆگرافیایەدا بەپێی توانا هەوڵدراوە ئەو سەرچاوانەی لە بەرگەکانی پێشوودا ئاماژەیان بۆ کراوە لێرەدا ناویان دووبارە نەکرێتەوە.

بەزمانی کوردی

– ابن الحاج، مەهدی نامە، لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردنی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەغدا، ١٩٧٥.

– أحمد سالاو، سالم لە تای تەرازووی وێژەدا، سلێمانی، ١٩٦٨.

– ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٠؛ چاپی دووەم سلێمانی، ٢٠٠١.

– پیرەمێرد، دوازدە سوارەی مەریوان، سلێمانی، ١٩٣٥.

– دیوانی مەلای جەباری، کۆکردنەوە و لێکوڵینەوە و لەسەر نووسینی عەبدولجەبار محەمەد جەباری، کەرکووک، ١٩٦٨.

– دیوانی سالم، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٣٣.

– دیوانی صەیدی، کۆکردنەوە و شیکردنەوەی محەمەد ئەمین کاردۆخی، سلێمانی، ١٩٧١.

– دیوانی «صەیدی»ی هەورامی، کۆکردنەوە و گۆڕینی عثمان هەورامی، سلێمانی، ١٩٧٠.

– دیوانی کوردی، بەغدا، ١٩٣١.

– دیوانی مەولەوی و ڕوحی مەولەوی، بڵاوکراوەی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم سلێمانی، ١٩٣٥، بەرگی دووەم، سلێمانی، ١٩٤٠.

– دیوانی مەولەوی وەرگێڕانەکەی پیرەمێرد، بڵاوکراوەی نامەخانەی پیرەمێردی کاکەی فەللاح، بەغدا، ١٩٦٨.

– دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مدرس، بەغدا، ١٩٦١.

- دیوانی مەولەوی، ساغکردنەوەی سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)، چاپخانەی حیدری، تاران، ۱۹۹۰.
- دیوانی مەولەوی، لەلایەن محەمەد ئەمینی ئەردەڵانییەوە لە هەورامییەوە گۆڕاوە بۆ زاراوەی سۆرانی، بەغدا، ۱۹۹۱.
- دیوانا وەداعی، بەرهەڤکرن و ڤەژاندنا سەعید دێرەشی، بەرلین، ۲۰۰۲.
- ڕەفیق حیلمی، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگ ۱، بەغدا، ۱۹٤۱، بەرگ ۲، بەغدا، ۱۹٥٦.
- رسالەی عشق لە مەولەوی ناسیدا، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و نووسینی سۆران سنەیی، ورمێ، ۱۹۹۱.
- زوبدەی عەقیدەی مەولەوی، ئامادەکردن و هێنانەوە سەر ڕێنووسی نوێ، حەمە ساڵح حاجی مەلا محەمەد گەلاڵە، سلێمانی، ۲۰۰۰.
- علاءالدین سجادی، دوو چامەکەی نالی و سالم، بەغدا، ۱۹۷۳.
- غەفوور ڕەشید، هەندێ لە وتارەکانی لە کۆواری «شەفەق»، ۱۹٦۲؛ لە کۆواری «ڕۆژی نوێ»، سلێمانی، ۱۹٦۱.
- کەریم شارەزا، کۆیە و شاعیرانی، بەغدا، ۱۹٦۱.
- محمد أمین زکی، تاریخ سلێمانی و ولاتی لە دەوری زۆر قەدیمەوە تا أولی احتلال ۱۹۱۸م، بغداد، ۱۹۳۹، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، مەلا جەمیلی مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی، بەغدا، ۱۹٥۱.
- محمدی مەلا کەریم، مەولەوی ژیان و بەرهەمی، هەولێر، ۲۰۰۱.
- میهرەجانی مەولەوی، کتێبی ژمارە (۱)ی کۆواری «ڕۆشنبیری نوێ»، بەغدا، ۱۹۸۹.
- هەڵبژاردەیێک لە عەقیدەی مەرضیەی مەولەوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی بابە علی شێخ عمر قەرەداغی، بەغدا، ۱۹۸٥.
- أ.ب. هەوری، شای شاعیرانی لاهووت و زانایی و خۆشەویستی کورد لە چەرخی نۆزدەمدا، سلێمانی ۱۹۷۳.

بەزمانی عەرەبی:

- جمال نبز، الامیر الکردی میر محمد الرواندوزی، أربیل ۱۹۹٤.
- محمد القزلجی، التعریف بمساجد السلیمانیه ومدارسها الدینیه، مطبعه النجاح، بغداد، ۱۹۳۸.

بەزمانی فارسی

- شاعر قلەهای مە آلود، تصحیح، ترجمە و شرح أشعار غلام رضا ارکوازی شاعر شهیر ایلامی، بە انضمام: در آمدی برکرد وسیر تاریخی وفرهنگی أو و تاریخ استان ایلام ازنگاهی دیگر، تحقیق و تصحیح، ترجمە و شرح: ظاهر سارایی، تهران، ١٣٧٩ (٢٠٠٠م).
- هجری ددە، تحفەء سلیمانی، مطبعەء سریان، بغداد، ١٩٣٥.
- محمد مکری، گورانی یا ترانەهای کردی، طهران، ١٩٥١.

زۆربەی سەرچاوە ئەوروپاییەکان لە بەرگەکانی پێشوودا ناویان هاتووە، وا بەباش زانرا لەدواییدا هەموویان بەسەر یەکەوە تۆمار بکرێن.

تاريخ الادب الكردي

النصف الأول من القرن التاسع عشر

١٨٠١-١٨٥٠

يتناول هذا الجزء من الكتاب النهضة الأدبية الكبرى التي ظهرت في النصف الأول من القرن التاسع عشر في أصقاع السليمانية في ظل الأمارة البابانية الكردية. وكان رائدها الاول الشاعر المؤسس نالي. ولقد أسهم هو ورفيقاه سالم وكردي في بناء تلك الحركة الأدبية الكردية المتينة التي أنتشرت في جميع أصقاع كردستان الجنوبية فيما بعد، وتطور الأدب الكردي كذلك من حيث ظهور الألوان الأدبية الجديدة والمضامين الاجتماعية الحديثة. وكذلك يتطرق هذا الجزء الى جانب من الأدب الكردي في المناطق التي تسود فيها اللهجة الگورانية ويتناول حياة طائفة من الشعراء المتازين وعلى رأسهم مولوي، ويستمر كذلك في البحث عن الأدب الكردي في المناطق الشمالية من كردستان.

الجزء الثالث

الدكتور معروف خزنەدار

أربيل ٢٠١٠

The History
of Kurdish Literature

The first half of 19th. Century
1801 - 1850

Vol. III

By
Prof. Dr. Marouf Khaznadar

Arbil 2010